MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION


دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای
موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

ویڵ دیورانت

# سەربردەی فەلسەفە

ویڵ دیورانت

# سەربردەی فەلسەفە

## (بەرگی یەکەم)

تاریق کارێزی

لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **سەربردەی فەلسەفە**
- **نووسینی:** ویلّ دیورانت
- **وەرگێڕانی:** تاریق کارێزی
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** مراد بەهرامیان
- **پیتچنین:** نەرمین ئیبراهیم
- **ژمارەی سپاردن:** 1358
- **نرخ:** ٤٠٠٠
- **چاپی یەکەم :** ٢٠٠٧
- **تیراژ:** ١٥٠٠
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٢٦٥)**



**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com




# ناوەڕۆك

**بەشی یەکەم: ئەفلاتوون - ئەرستۆ**


١- ئەفلاتوون .......... ٣

٢- سوکرات .......... ٦

٣- ئامادەکردنی ئەفلاتوون .......... ١٤

٤- گرفتی ئاکار .......... ١٨

٥- گرفتی رامیاری .......... ٢١

٦- گرفتی دەروونی .......... ٢٥

٧- چارەسەری گرفتی دەروونی .......... ٢٧

٨- چارەسەری گرفتی رامیاری .......... 36

٩- چارەسەر بۆ پرسی ئاکار .......... 43

١٠- رەخنەیەك .......... 46


**بەشی دووەم: ئەرستۆو زانستی گریك**


١- هەڵکەوتی مێژوویی .......... ٥٧

٢- بەرهەمەکانی ئەرستۆ .......... ٦١

٣- بنەچەی لۆژیك .......... ٦٥

٤- پێکهاتەی زانست .......... ٦٧


**بەشی سێیەم: فرانسیس بیکۆن**


١- لە ئەرستۆوە تا سەردەمی رێنیسانسی زانست .......... ١٠١

٢- ژیانی سیاسیانەی فرانسیس بیکۆن .......... ١٠٩

٣- وتارەکان .......... ١١٤

٤- بینای تازەو مەزن .......... ١٢٢

٥- رەخنە .......... ١٤٢

٦- کۆتایی .......... ١٤٧

**بەشی چوارەم: سپیـــــنۆزا**

١- ژیننامەی ........................................................ ١٥١
٢- نامەکەی دەربارەی ئایین و دەوڵەت ................................ ١٦٤
٣- چاك کردنی عەقڵ ................................................ ١٦٧
٤- ئاکار ............................................................... ١٧٠

**بەشی پێنجەم: ڤۆلتێر و سەردەمی رۆشنگەریی فەرەنسا**

١- پاریس ............................................................. ١٩٧
٢- نامە دەربارەی ئینگلیز ............................................. ٢٠٤
٣- رۆمانەکان ........................................................ ٢٠٦
٤- پوتسدام و فریدریك ............................................... ٢١٢
٥- وتاری ئاکار ........................................................ ٢١٧
٦- فێرنی — کەندید ................................................... ٢٢٠
٧- ئەنسکلۆپیدیا و فەرهەنگی فەلسەفە ................................ ٢٢٧
٨- شوورەیی لەناو بەرن ................................................ ٢٣٢
٩- ڤۆلتێر و رۆسۆ ...................................................... ٢٤٠
١٠- دوایی .............................................................. ٢٤٦

# بەشی یەکەم
# ئەفلاتوون - ئەرستۆ

### ١- ئەفلاتوون:

گەر بڕوانیتە نەخشەی ئەوروپا، دەبینی وڵاتی یۆنان وەك دەستێك وایە کە پەنجە خوار و خێچەکانی بۆ نێو دەریای سپیی ناوەڕاست درێژ بوونەتەوە، کە دورگەی مەزنی کریت کەوتووەتە باشوورییەوە، ئەم پەنجە نوشتاوانەی ئەم وڵاتە لە دووەمین هەزارەی بەر لە حەزرەتی مەسیحدا، سەرەتای ژیار و شارستانیەتیان کۆنترۆڵ کرد. لە دەریای ئیجەوە بەرەو ڕۆژهەڵات ئاسیای بچووکە، کە ئێستا هێمنی و دامرکانەوە باڵی بەسەردا کێشاوە، کەچی لە ڕۆژگاری رابردووی بەر لە ئەفلاتوون، بەپیشەسازی و بازرگانی و هزر دەشەکایەوە. لە یۆنانیشەوە بەرەو ڕۆژئاوای، ئیتالیایە، وەك تاوەرێکی لار بەدیار دەریاوە ڕەق راماوە، هەروەها سقلیە و ئیسپانیا، کە هەر یەکەیان لەو ڕۆژگارەدا توانیی بەشێکی وڵاتی یۆنان کۆلۆنیاڵ بکات، لە کۆتاییشدا ستوونەکانی هرقل دێن (ئەمڕۆ پێیان دەڵێین جەبەل تاریق)، ئەو دەروازە تاریك و خامۆشەی زۆر لە دەریاوان و کەشتیوانانی ئەو زەمانە نەوێران بیبڕن. لە باکووریشدا وڵاتێك بوو، کە ئەو زەمان نیمچە کێوی و ناشارستان بوو، دواتر ناونرا مەکدۆنیا. جارێکی دی تەماشای نەخشەکە بکەوە، کەنارێکی بێ شومار بەرز و نزم دەبینی، خاکی هەڵەتاوی، لە هەموو شوێنێکدا دەریا و کەنداوان دەبینی، کە خاکەکە دەگۆڕێ و دەبێتە چیاو بانوو. ئەو لەمپەرە سروشتییانەی زەوی و دەریاکانی وڵاتی یۆنانی دابڕ دابڕ کرد و کردییە چەندین بەشی لە یەکتر دابڕاو، بەوەی گەشت و هاتوچۆ لەو ڕۆژگارەدا زەحمەتتر بوو، هەروەها گەلێ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان مەترسیدارتر بوو. بۆیە هەر دۆڵێکی وڵاتی یۆنان بەرەو خود کەفایی ئابووری گەشەی کردو، حکوومەتی سەربەخۆ و ڕژێم و شێواز و ئایین و شارستانێتی تایبەت بەخۆی هەبوو. لە هەر نموونەیەکیشدا شارێك یا دوو شار دروست دەبوو، کە بە لاپاڵی چیاو پێدەشت دەورە دەدران، شاری هەرێمەکانی یۆنان بەم تەرزە دروست دەبوون لە نموونەی ئەسپارتەو ئەسینا و هی دیکە. بۆ دوا جار سەیری نەخشەکە بکەرەوە و سەرنجی شوێنی ئەسینا بدە، دوورترین شارێکی ڕۆژهەڵات بوو لە نێو شارەکانی یۆناندا، شوێنەکەی چاك بوو، ئەو دەروازەیەشی بوو کە یۆنانییەکان لێیەوە دەردەچوون بەرەو شارە پڕ کارەکانی ئاسیای بچووك، کە هەر لەرێی ئەوەوە، ئەو شارە گەورانە شارستانیەت و تێروپڕیی خۆیان بۆ وڵاتی تازە هەستاوی یۆنان دەنارد. ئەسینا بەندەرێکی گەورەی هەبوو، گەلێ پاپۆڕ و گەمی لە ترسی شەپۆلە تووڕەکانی دەریا دەیانکردە لانە. گەلە پاپۆڕێکی گەورەشی هەبوو. لە نێوان ساڵانی ٤٩٠-٤٧٠ی بەر لە زایین، ئەسیناو سپارتە ململانێ و خۆمانە خۆمانەی نێوان خۆیان لە



بیرکرد، هێزو سوپاکانیان یەك خست بۆ شەڕی دژ بە فارس بە سەرکردایەتیی داریۆش، کە دەیویست یۆنان بکاتە کۆلۆنی ئیمپراتۆریەتێکی ئاسیا. لەم بەرخودان و کێشەیەی نێوان ئەوروپای لاو و، ڕۆژهەڵاتی بەساڵاچوودا، سپارتە سوپای ئامادە کرد و ئەسیناش گەلە کەشتیی جەنگ، کە شەڕ تەواو بوو، سپارتە سوپاکانی ئیزن داو، لە ئاکامی ئەو کردە سەربازییانە و ئیزن دانی سوپاکان، تووشی گرفتی ئابووری هات، کەچی ئەسینا گەلە کەشتییە جەنگییەکەی کردە گەلە کەشتییەکی بازرگانی و بووە یەکێ لە شارە بازرگانییە مەزنەکانی دنیای دێرین، سپارتە بەرەو گۆشەگیرییەکی کشتوکاڵ گەڕایەوە، لە کاتێکدا ئەسینا بووە بازاڕێکی گەورە و بەندەر و شوێنی گردبوونەوەی گەلێ خەڵك، لە ڕەگەز و دابونەریت و بیروباوەڕی هەمەجۆرەوە. ناکۆکی و پەیوەندی و ململانێکانیان، شی کردنەوە و هزر و بەراوردکاریی بۆ ئەسینا هێنا، لەم جۆرە مەڵبەندانەی کە تێکەڵییەکی زۆر و فراوانی تێدا دروست دەبێت، دابونەریتەکانی کەوتنە یەکتر بەزێنی و بیرو باوەڕەکانیشی بە شانی یەکدیدا چوون. کاتێك هەزار باوەڕمان دەخرێتە بەردەم، لە ئاست هەموویاندا دەکەوینە گومانەوە، یا بە دەستەواژەیەکی ڕوونتر، زۆر بوونی ڕێباز و بیروباوەڕ، لەگەڵ بەیەك ناکۆك بوونیان، گومان لە هەموویاندا دروست دەبێت. بۆی هەیە بازرگانەکان یەکەمین کەسانێك بووبن گومان و دوودڵییەکەیان دەرخست، لە گەشتەکانیاندا گەلێکیان دیت و بە لاشیانەوە ئەستەم بوو بڕوا بەو هەمووە بکەن، هەروەها ئەو ئارەزووە گشتییەی بازرگانان بۆ دابەش کردنی خەڵك بەسەر دوو چینی گەمژان یا تەڵەکەبازان، وای لێ کردن هەموو باوەڕ و ڕێبازێك بخەنە بەر پرسیار. جا پێ بەپێ ئەم بازرگانانە پەرەیان بە زانست دا، بە زیاتر ئاڵۆزبوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، بیرکاری پەرەی سەند، بە زۆر بوونی مەترسییەکانی کەشتیوانی، ئەستێرەناسی پەرەی سەند، زێدەبوونی سامان و دەست بەتاڵی و ئیسراحەت و ئاسایش و هی دیکەش، پێداویستەکانی لێکۆڵینەوە و ڕامان و هزریان خستە بەر دەست. ئێستا خەڵك هەر داوای ڕێنوێنی و ڕێ نیشاندانی نێو دەریاکان ناکەن لە ئەستێرە و هەسارەکان، بەڵکو داوای وەڵامی نهێنییەکانی گەردوونیشیان لێ دەکردن. هەروەك ئەرستۆ دەڵێ یەکەمین فەیلەسووفانی گریك (یۆنان) ئەستێرەناس بوون، شانازیشیان دەکرد بەوەی ئەنجامیان داوە و پێی گەیشتوون، پاش جەنگی فارسەکان بەرەو دوورترین سنوورەکان پێشڕەوییان کرد، هەموو جۆرەکانی زانینیان بۆ وڵاتەکەی خۆیان هێناو لە مەزنترین لێکۆڵینەوەکاندا پشکنینیان کرد. ئازایی و بوێرییەکەیان گەیشتە ئەو ڕادەیەی هەوڵی ڕاڤەکردنی ئەو ڕووداوانەیان دەدا، کە لە سەردەمانی ڕابردوو دەدرانە پاڵ موعجیزە و هێزە

میتافیزیکییەکان، سیحر و بیری پڕوپووچ و سرووتی ئایینی ڕێیان بۆ زانست چۆڵ کرد و فەلسەفە دەستی پێ کرد. لە سەرەتادا ئەو فەلسەفەیە فەلسەفەیەکی سروشتیی ماتریالی بوو، سەرنجی دایە دنیای ماددی و لە دوایین بنەچەی شتانی پرسییەوە. جا سەرەنجامی خۆبەخۆی ئەم جۆرە بیر و تێڕوانینانە هەر ماتریالیستەکەی دیموکریتس دەبێت (٤٦٠-٣٦٠ ی بەر لە زایین) (لە راستیدا بێ لە ئەتۆم و بۆشایی هیچ شتێکی دیکە نییە)، ئەمە یەکێك بوو لە ڕەوتە سەرەکییەکانی هزر و تێڕامانی یۆنان، لە رۆژگاری ئەفلاتووندا ماوەیەك کەوتە بن بەڕە، بەڵام لە ئەبیکۆر (٣٤٢-٢٧٠ی بەر لە زایین)دا سەری هەڵداو دەرکەوتەوە و بووە لێشاوێکی بە تەوژمی زمان ڕەوانی لە لای لیوکریتس (٩٨-٥٥ی بەر لە زایین)، بەڵام پەرەسەندنی مەزن و فراوانی فەلسەفەی یۆنان بە جۆرێك لە گەلاڵە بوونی لە سۆفیستییەکاندا بەدی هات، مامۆستا گەڕۆك و گەڕیدەکانی دانایی، کە بایەخدانی خۆیان بە ئاراستەی تەبیعەت و بیرۆکەکانی خۆیاندا برد، لە بری ئەوەی بە ئاراستەی دنیای شتاندا بیبەن. هەر هەموویان زیت و زرنگ بوون، وەك نموونە بە تایبەتی ناوی هەندێکیان دەهێنین (گۆرگیاس و هیبیاس)، گەلێکیشیان لە ئاستێکی گەورەی قووڵی و ئیدراکدا بوون وەك (پرۆتاگۆراس و پرۆدیکۆس)، لە فەلسەفەی ئەقڵی و ڕێچکەبەندی ئێستاماندا بە دەگمەن گرفت یا چارەسەرێك دەدۆزیتەوە، کە ئەوان بەدوایدا نەچووبن یا لێیان نەکۆڵیبێتەوە. پرسیاریان لە بارەی هەر هەموو شتێکەوە کرد، بێ سڵەمینەوە بەرامبەر بە قەدەغەو پاوانەکانی ئایین و سیاسەت وەستان، هەموو باوەڕو ڕێبازو سیستەمێکیان ملکەچی عەقڵ (ئاوەز) کرد. لە رامیاریدا دابەشی سەر دوو قوتابخانە بوون، یەکێکیان هەروەکو رۆسۆ گوتی، سروشت چاکە و ژیار خراپە و لە سروشتدا بە تێکڕا خەڵك یەکسانن، ئەو سیستەمە دەسکردە چینایەتییانە یەکسانیی نێوانیانی لە بەین بردووەو بەسەر چینەکاندا پەرتیان کردوون، یاساش لە لایەن پیاوانی بە دەسەڵاتەوە داڕێژراوە، بۆ ئەوەی پیاوانی بێ هێزی بێ کۆت و بەند بکەن و حوکمڕانییان بکەن. قوتابخانەکەی تریش هەروەك نیچە وای بۆ چوو، سروشت چاکە و خراپەشە، هەر لە خۆڕا خەڵکیش یەکسان نین، ئاکاریش داهێنراوی بێ دەسەڵاتانە بۆ بەستنەوە و داگیرکردنی بەهێزەکان، هێزیش باڵاترین جوامێرییە و باڵاترین ئارەزووە کە مرۆڤ خولیایەتی، دەوڵەتی ئەرستۆکراتی چاکترین و پتەوترین دەوڵەتە، لە هەموو جۆرە حکوومەتەکان پتر هاوگونجاوە لەنێو خۆیدا. بێگومان ئەم هێرش کردنە بۆ سەر دیموکراتیەت، ڕەنگدانەوەی پەیدابوونی کەمینەیەکی دەست ڕۆیشتووە لە ئەسینا، کە ناوی لە خۆی نا پارتی ئۆلیگارکی (پارتی خەڵکی تایبەت یا کەمینە)، وا پەسنی دیموکراتیەتی کرد کە بێ هێز و کەم توانا و درۆزنو دروست کراوە. دیموکراتیەتێك بە واتا



ناسراوەکەی نەبوو تا هێرشی بکرێتە سەر و وەلا بندرێ، چونکە ژمارەی کۆیلە لە ئەسینا (٥٠) هەزار بوو لە تێکڕای (٤٠٠) هەزار کەسی دانیشتووی شارەکە، لە هەر جۆرە مافێکی سیاسی بێبەش بوون، لەنێو ئازادەکانیشدا کە ژمارەیان (٣٥٠) هەزار کەس بوو، ژمارەیەکی کەمیان توانییان نوێنەری خۆیان لە کۆمەڵەی گشتیدا هەبێت، کە لێکۆڵینەوە و بڕیاردانی سیاسەتی دەوڵەتی لە دەستدا بوو. وێڕای ئەوە ئەو دیموکراتیەتەی کە ئەوان هەیان بوو، دیموکراتیەتێکی تەواو و دروست و بێ هاوتا بوو. ئەکسلیزیا یا کۆمەڵەی گشتی سەرچاوەی باڵای دەسەڵات بوو، دەزگای باڵای رەسمیی دەوڵەتیش بوو، دیکاستیریا یا دادگای باڵا پێکهاتەکەی پتر لە هەزار ئەندام بوو (بۆ ئەوەی بەرتیل ئەستەم و گەلێ گران بێت)، بەپێی پیتەکانی ئەلف و بێ ئەندامانی لە تۆماری تێکڕای هاووڵاتیان گوڵبژێر دەکران. رژێمێکی دیموکراتیتر نابینین لەو رژێمەی کە ئەسینا زانیویەتی، هەروەك نەیارانی ئەو رژێمەش دەڵێن: لەو بێتامتر و پووچتریش نییە.

لە کاتی شەڕە دوور و درێژەکانی بلۆبۆنیزی لە ساڵانی نێوان (٤٣٠-٤٠٠ی بەر لە زایین) کە سپارتە شەڕی ئەسینای دەکرد و، لە دواییدا شکستی بە گەلە کەشتییە دەریاییەکەی ئەسینا هێنا، پارتی ئۆلیگارکی بەسەرکردایەتیی کریتیاس پشتگیریی لە لادانی رژێمی دیموکراتی و وازهێنان لە دیموکراتیەت کرد، لەسەر بنەمای بێ دەسەڵاتی و شکست خواردنی لە شەڕدا، بە نهێنییش ستایشی حکوومەتە ئەرستۆکراتییەکەی سپارتەی کرد (حکوومەتی ئەشراف و ماقووڵان)، زۆر لە سەرکردەکانی پارتی ئۆلیگارکی بۆ تاراوگەکان دوور خرانەوە. بەڵام کاتێك ئەسینا بە یەکجاری خۆی بەدەستەوە دا، یەکێ لەو مەرجانەی ئاشتی کە سپارتە بەسەر ئەسینا دایسەپاند، گەڕانەوەی ئەو سەرکردە ئورستوکراتیانە بوو لە تاراوگەکانیان. ئەوانیش هەر لەگەڵ گەڕانەوەیاندا، بە سەرکردایەتیی کریتیاس شۆڕشی دەوڵەمەندانیان دژ بەپارتی دیموکرات بەرپا کرد، کە لە کاتی کارەساتەکانی جەنگدا حوکمڕانیی ئەسینای دەکرد، بەڵام شۆڕشەکە سەری نەگرت، کریتیاسیش لە مەیدانی جەنگدا کوژرا، ئێستاش کریتیاس قوتابیی سوکرات و مامی ئەفلاتوون بوو.

## ٢- سوکرات:

گەر بۆمان بلوێ لە ڕێی بینینی ئەو پەیکەرە نیوەییەوە بڕیار بدەین، کە لە نێو پاشماوەی پەیکەرە کۆنەکاندا بۆمان ماوەتەوە، ئەوە سوکرات کەسێکی ناشیرین بووە، سەرێکی رووتاوە، دەموچاوێکی گەورەو خڕ و جووتە چاوێکی زیت و بە قووڵدا چوو، هەروەها لووتێکی پان و

گەورە و زل، سەری پتر لە سەری کۆلکێشێك دەچوو، نەك سەری ناودارترین فەیلەسووف. بەڵام گەر بۆ دووەم جار سەرنج بدەین، لە نێو ئەو بەردە رووتەی پەیکەرەکەی لێ دروست کراوە، برێ جوانیی مرۆڤانە و ساکاری و خۆش مەشرەفی دەبینین، کە وایان لەم هزرەوەرو فەیلەسووفە نیشتمانییە کردە، ببێتە مامۆستایەکی خۆشەویست لەلای چاکترین لاوانی ئەسینادا. ئێمە زۆر کەمی لە بارەوە دەزانین، وێڕای ئەوە ئێمە زۆر چاك دەیناسین، گەلێ پتر لە ئەفلاتوونی ئورستوکرات و ئەرستۆی زانا.

پاش هەزار و سێ سەد ساڵ دەتوانین سەرو سیمای زبری بەدی بکەین، کە هەمیشە هەمان جلی شڕی پۆشیوە، زۆر لە سەرخۆ لە شوێنە فەڕاح و کراوەکاندا، پیاسە دەکات، بێباك لە پڕوپووچییەکانی سیاسەت، دامەنی نێچیر و ئەو کەسانە دەگرێت کە گفتوگۆی لەگەڵ دەکەن، لاوان و خوێندەواران لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە، بەرەو یەکێ لە داڵانە تاریکەکانی پەرستگا پەلکێشیان دەکات، داوایان لێ دەکات قسەکانیان دیاری و پێناسە بکەن.

ئەو لاوانەش بە کۆمەڵی گەورە گەورە، لە دەوری گرد دەبوونەوە، ئەم رەوشە یارمەتیی ئەویشی دا فەلسەفەیەکی ئەورووپی دابهێنێ. لە نێو ئەو لاوانەدا پیاوی دارای وەك ئەفلاتوون و ئەلسبیادس هەبوو، چێژیان لە شی کردنەوە و هێرش و تانەکانی وەردەگرت کە دەرهەق بە سیستەمە دیموکراتییەکەی ئەسینا بوون، لە نێو ئەو لاوانەدا هەندێ سۆسیالیست خوازی وەك ئەنتیسیناس هەبوون کە ئالوودەی گوێ نەدانی سوکرات بوون بە هەژارییەکەی، هەروەها یەك یا دوو لە هەڵلا خوازانی وەك ئەریستیپۆسیش ئامادە بوون، کە ئەڵهای دنیایەك بوو بێ ئاغاو کۆیلە بێت، بەوەی دانیشتووانی ئەم دنیایە گشتیان ئازادو دوور لە راڕایی بن بە چەشنی سوکرات. هەموو ئەو گیروگرفتانەی ئەمڕۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەهەژێنێ، بابەتی گفتوگۆیەکیش بۆ لاوان دەخەنەڕوو، کە کۆتایی نایەت، بە هەمان شێوە ئەو کۆمەڵە بچووکەی ئاخێوەر و هزرەوەرانەی یۆنانیشی ورووژاند، لەگەڵ مامۆستاکەیاندا هەستیان بەوە کرد، کە ژیان بێ ئاخاوتن و لێکۆڵینەوە، شایستەی ئەوە نییە مرۆڤ تێیدا بژیت. ئەو کۆڕ و دانیشتنانە هەموو رەوتە هزریو کۆمەڵایەتییەکانی لەخۆ گرت بوو، لەوانەشە هەر ئەو کۆبوونەوانە بنەمای ئەو رەوتە هزری و کۆمەڵایەتییانە بووبن.

زۆر زەحمەتە کەسێك بزانێ سوکرات چۆن ژیاوە، ئەو بە درێژایی ژیانی کاری نەکردووە، بایەخیشی بە سبەی نەداوە، ئەوکاتە نانی دەخوارد کە قوتابییەکانی داوایان لێ دەکرد بە هاتنی بۆ سەر سفرەکانیان شەرافەتمەندیان بکات، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە حەزیان بە



هاونشینی و یاوەریی ئەو کردووە. بەڵام لەماڵدا چاك پێشوازیی لێ نەکراوە و دیمانە بەخێریان لێ نەکردووە، چونکە هاوسەر و منداڵەکانی فەرامۆش کردووە، لە روانگەی ژنەکەیەوە تەوەزلێك بوو کە بۆ هیچ شتێك دەستی نەدەدا، لە نان زیاتری بۆ خێزانەکەی پەیدا نەکردووە. هاوسەرەکەشی هەروەك خۆی، زۆر حەزی لە قسە و گفتوگۆ بوو، وا دیارە گفتوگۆ و دیالۆگیان لەگەڵ یەکدا کردووە و ئەفلاتوون نەیتوانیوە تۆماری بکات، وێڕای ئەوە ئەویش هەر خۆشی ویستووە، زاتی ئەوەشی نەکرد سەرە مەرگی ببینێ کاتێك پیاڵە ژەهرەکەی خواردەوە، لەگەڵ ئەوەی تەمەنی لە حەفتا تێپەڕی کرد بوو، هۆی چییە قوتابییەکانی بەم جۆرە رێزیان لێ دەگرت؟ بۆی هەیە لەبەر ئەوە بێت کە لە یەك کاتدا پیاوێکی مەرد و فەیلەسووفیش بوو، جارێکیان ژیانی خۆی خستە مەترسییەوە و لە گەرمەی جەنگدا ژیانی ئەلسیبیادسی رزگارکرد، وەك جوامێرێك بێ زێدەڕۆیی و سڵەمینەوە بە رادەی پێویست دەیتوانی بخواتەوە، بەڵام سێ و دوو لەوەدا نییە کە لەبەر هاوسەنگ بوونی لە دانابیدا خۆشیان ویست، چونکە ئەو خۆی بە دانا دانەناوە، بەڵام مەبەستی بووە بە بایەخ و دڵگەرمییەوە لێکۆڵینەوەی تێدا کردووە، لە بواری داناییدا ئارەزوومەند بوو نەك پیشەکار. گوتراوە کە دەنگی یەزدانی رایگەیاندووە: سوکرات داناترین کەسێکی خەڵکی یۆنانە، ئەویش ئەم قسەیەی وا راڤەکرد کە پەسند کردنێکی نەزانیزم (اللاادریە)یە، کە خاڵی دەسپێکی فەلسەفەکەیەتی. (من تەنیا یەك شت دەزانم، ئەویش ئەوەیە کە هیچ نازانم)، ئەو کاتەی مرۆڤ فێرە گومان کردن دەبێت، فەلسەفە دەست پێ دەکات، بە تایبەتیش گومان کردن لەو بیروباوەڕەی خۆشی دەوێت و لەو ئایدیا و بیرو شتە سەلماوانەی یا ئەو راستییە بڕیار لێدراوانەی بە پیرۆزیان دەزانێت و باوەڕی پێ هێناون، ئاخۆ کێ دەزانێ ئەم بیروباوەڕانەی لە لای ئێمە شیرینن چۆن چۆنی لە لامان بوونە هەقیقەتی یەقینی؟ بۆ ناکرێ زادەی لە دایك بوونێکی بە دزییەوەی ئارەزووە پەنهانەکان بن، تێیدا ئارەزوو پۆشاکی دانایی پۆشیوە، سیاسەتێکی دروست لە ئارادا نییە، تا ئەقڵ (ئاوەز) روو لە تاقیکردنەوەی خۆی نەکات، سوکرات گوتوویەتی: خۆت بناسە.

هەڵبەت پێش ئەویش فەیلەسووف پەیدا ببوون، فەیلەسووفی بەهێزی وەك تالیس و هیرکلیتس و، فەیلەسووفی زرنگی وەك پارمنیدس و زینون و، عەیاری وەك فیتاگۆرس و ئەمبادکلیس، بەڵام بە پلەی یەکەم فەیلەسووفی سروشتناس بوون. لە جۆری شتە دەرەکییەکانیان کۆڵییەوە، هەروەها بنەماو یاساکانی جیهانی مادده، سوکرات دەربارەی ئەم فەلسەفە سروشتناسییە گوتوویەتی کە فەلسەفەیەکی باشە، بەڵام فەلسەفەیەکی دی هەیە و

شایستە بەوەیە فەیلەسووفان لێی بکۆڵنەوە پتر لە گشت ئەو دار و بەردەی سروشتی پڕکردووە، تەنانەت لە هەموو ئەستێرەو هەسارەکانیش گرنگترە، ئەویش ئەقڵی مرۆڤە. ئادەمیزاد چییە و لە دوارۆژدا دەبێتە چی؟

بەم جۆرە بەرەو ناخی رۆحی مرۆڤانە هەنگاوی نا، گریمانەکانی بەسەر دەکردەوەو یەقینەکانی دەخستە بەر پرسیار، گەر خەڵکیش دەربارەی دادی باو و ناسراو قسەیان بکردایە، بە هێمنی لێی دەپرسین، ئەو دادە چییە؟ مەبەستیشتان لەم پەیڤە رووتە چییە، کە بەو ئاسانییە گرفتەکانی مەرگ و ژیانی پێ چارەسەر دەکەن؟ هەروەها مەبەستتان لە پەیڤەکانی شەرەف و جوامێری و ئاکار و نیشتمانپەروەری چییە؟ مەبەستیش لە خودی خۆت چییە؟ سوکرات حەزی دەکرد ئەم جۆرە پرسیارانەی پەیوەستن بە ئاکارو خود، بخاتە بەر پرسیار و لێکۆڵینەوە. هەندێ کەس لە هەمبەر شێوەی پرسیار و لێکۆڵینەوەکانی سوکرات ئەرکیان دەکێشا، کە پێویستیان بە ناساندن و دیاری کردنێکی راست و مکوم و بیرێکی روون هەبوو، هەروەها شی کردنەوەیەکی راستەقینە. ئەوان هێندە نەیاری ئەو شێوەیەی ئەو بوون، پێشیان گوت کە پتر پرسیار دەکات لەوەی کە وەڵام دەداتەوە، ئەقڵی مرۆڤیش پتر دەشێوێنێ، جیا لە دۆخی بەر دەست پێ کردنی دیالۆگ و گفتوگۆ و ئاخاوتنەکە، لەگەڵ ئەوەشدا دوو وەڵامی جێگیری پێشکەش بە فەلسەفە کرد سەبارەت بە دوو پرسیاری پەیوەست بە دوو گرفت، کە لە هەموو گرفتەکانمان ئاڵۆزترن، پرسیارەکان بریتین لە، چییە واتای جوامێری؟ چاکترین دەوڵەتیش کامەیە؟

لە راستیشدا بابەتی گرنگتر و بایەخدارتر لە لای لاوانی نەوەی ئەوسای ئەسینا بەدی ناکەین هێندەی ئەم دوو بابەتە جێی بایەخ و باس بن. سۆفیستییەکان باوەڕی ئەو لاوانەیان بە خوداوەندەکانیان نەهێشت، ئەو یاسا رەوشتییەشیان تێکشکاند کە لە پشتی ئەو ترسەیاندا بوو لە سزای ئەو خوداوەندانە، گەر هات و شتێکی دوور لە رەزامەندیی ئەوان ئەنجام بدەن. ئێستا روون بووەوە کە هیچ لەمپەرێك لە بەردەمی مرۆڤدا نییە کە بە ئارەزووی خۆی بێت و بڕوات و، ئەوەی هەوەسی بێنێ بیکات، مادام ئەو شتە لە سنووری یاسادا دەکات.

تاکپەرستی رەوشت و ئاکاری ئەسینای کزکرد و سەرەنجام شارەکەی کردە نێچیرێکی بەردەم سپارتییە چوست و چالاکەکان. سەبارەت بە دەوڵەتیش، چ شتێك لەو دیموکراتیەتە زیاتر مایەی پێکەنینە، کە جەماوەرێکی پابەند بەسۆز سەرکردایەتی و پێشڕەوایەتیی دەکات. ئەو حکوومەتەی لەسەر گەنگەشەی میللی دادەمەزرێت و، ئەو هەڵبژاردنە گەرم و سەرشێتانەیە،



بۆ لادانی سەرکردەکان و لە سێدارەدانیان، ئەو هەڵبژاردنەی -کە هەڵبژاردنی تێدا نییە- خەڵکی سادەی کێشاوەرز و بازرگان کە بە نۆرە و بەپێی ئەلف و بێ دوا بەدوای یەك دەبنە ئەندامی دادگای باڵای وڵات، بە کامە رێگا دەکرێ بەهای نوێی رەوشت بۆ ئەسینا گەڵاڵە بکرێت و چۆن دەکرێ دەوڵەت رزگار بکرێ؟

وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە وایان لە ئەسینا کرد حوکمی مەرگ بەسەر سوکراتدا بدات، تاوانی بەدڕەوشتییان دایە پاڵ، هاووڵاتییە بە تەمەن گەورەکانی ئەسینا ئامادە بوون شەرافەتمەندی بکەن گەر ئەو ئایینە کۆنەکەی قبووڵ بکردایەتەوە کە فرەبوونی خوداوەند دەسەلمێنێ، یا ئەو لاوانەی لە پڕوپووچ و ئەفسانە کۆنەکان رزگاریان ببوو، بانگهێشت بکردایەتەوە بۆ پەرستگە و باخچە پیرۆزەکان و دووبارە داوای لێ بکردنایە قوربانی پێشکەشی بە خوداوەندانی باوکیان بکەنەوە. بەڵام ئەو باوەڕی وا بوو ئەم جۆرە شتە سیاسەتێکی خۆکوژییە و مایەی هیوا نییە و هەنگاویشە بەرەو دوا. ئەو ئیمان و باوەڕی تایبەت بە خۆی هەبوو، باوەڕی بە یەك خودا هەبوو، میانڕەوانە باوەڕی وا بوو مردن بە تەواوی لە ناوی نابات، درکی بەوە کرد کە شەریعەتێکی نەمری رەوشتی هەیە و ناکرێ بە ئایینێکی سست، وەك ئەو ئایینەی ئەوسا ئەسینا باوەڕی پێ هێنا بوو، بەدی بێت. گەر مرۆڤ بتوانێ سیستەمێکی ئاکار (رەوشت) دابمەزرێنێ، سەربەخۆ و دوور لە بنەماکانی ئایین، وێکڕا بەسەر قەشە و بێ دین پیادە بکرێت، ئەوسا ئایین دێت و دەچێت بێ ئەوەی ئەو تەلاربەندی رەوشتە تێك بدات، کە کەسان دەکاتە هاووڵاتیی بێوەی لە نێو کۆمەڵ. گەر پەیڤی چاکە بۆ نموونە واتای ئاقڵ بگەیەنێ جوامێری واتای دانایی، گەر لە تواناادا بێت خەڵك فێر بکرێت بەرژەوەندییە دروستەکانیان ببینن و، لە دووررا دوورە ئاکامی کارەکانیان ببینن، رەخنە بگرن و ئارەزووەکانیان بە گونجاوی لە پێکهاتەیەکی ئامانجداردا رێك بخەن، ئەم شتە بۆی هەیە بەها رەوشتییەکان بخاتە بەردەم پیاوی خوێندەوارو سۆفستی، کە بۆ نەخوێندەواری نەفام دەبێ یاساو دەسەلاتی دەرەکی لەگەڕدا بێت. بۆی هەیە لە گشت گوناهەکاندا هەڵە یا لاگیری لە دید و بۆچوون و بێهێزی یا گەمژەیی یا ناپیاوی هەبێت؟ بۆی هەیە لە لای پیاوی ئاقڵ و زیرەکیش هەمان مەیلی توندو تیژی و پاڵنەر هەبن بە شێوەیەکی چاکتر لەوەی لە لای نەزان هەیە و، ئاقڵ بۆی هەیە زۆر لە نەزان قووڵتر لاسایی درندە بکاتەوە. لە کۆمەڵگایەکدا کە عەقڵی تێدا حوکمڕانە، ئەو کۆمەڵگایەی دەسەلاتێکی فراوان دەداتە تاکە کەس، پتر لەوەی لە ئازادییەکی سنووردارادا لێی سەندراونەتەوە، سوود و چاکیی هەر کەسێك لە هەڵسوکەوت و مەیلەکەی دایە بۆ کۆمەڵ. جا بۆ پاراستنی

ئاشتی و سیستەم و نیازپاکی پێویست وایە چاوێکی کراوەمان هەبێت. بەڵام گەر هاتوو هەر خودی حکوومەتەکە حکوومەتێکی ناشی و نارێك بوو، حوکمڕانی بێ یارمەتیدان دەکات، فەرمان دەدات و پێشڕەوایەتی ناکات، چۆن دەتوانی لە جۆرە دەوڵەتێکی وادا تاکە کەس وا لێ بکەیت پابەندی یاساکان بێت و هەوڵەکانی خۆشی لە بازنەی چاکەی گشتیدا بهێڵێتەوە؟ جا سەیر نییە ئەلقیبیادس دژ بە دەوڵەتێك بوەستێتەوە کە متمانەی بە تواناو لێهاتوویی و بەهرە نییە، ڕێز لە ژمارە زیاتر دەگرێت تا زانین، سەیریش نییە هەڵلاو گەڕەلاوژە بکەوێتە ولاتێکەوە کە نەزانی تەشەنەی تێدا کردووە، بەوەی جەماوەر بە پەلە و بە نەزانی بڕیار دەدات، ئایا نەزانی نییە کە ژمارە جێی دانایی بگرێتەوە؟ بە پێچەوانەوە، ئایا خەڵکیمان نایەتە بەرچاو کە کۆمەڵ کۆمەڵ دەبن پتر گەندە و توندوتیژ و دڵڕەق دەبن لەوەی بە جیاو تاك تاك بن؟

ئایا مایەی شەرمەزاری نییە دواندەران (خەتیبان) حوکمڕانیی گەل بکەن، کە وەختی خۆیان چەشنی قاپ و قاچاخی مس بە خوتبەی درێژ بەسەر دەبەن و هەر کە لێیان دراو تەقەیان هات، زرنگە و تەقەیان درێژە دەکێشێ تا دەستمان دەیانگاتێ و لە زرنگەیان دەخەین؟

سێ و دوو لەوەدا نییە بەڕێوەبردنی دەوڵەت کارێکە پێویستی بە هزری مەزنترین و چاکترین عەقڵەکان هەیە، چونکە چۆن دەکرێ کۆمەڵگایەك ڕزگار بکرێت یا بەهێز بکرێت، گەر بێت و ئاقڵترین و داناترین پیاوانی کاروباری هەڵنەسووڕێنێ؟

کاردانەوەی پارتی دیموکراتی میللی لە ئەسینا بێنە بەر زەینت بەرامبەر بەم ئینجیلە ئورستوکراتییەی سوکرات بانگێشتی بۆ دەکرد، لە کاتێکدا پێداویستی جەنگ ئەوەی دەخواست هەموو ڕەخنە و تانەیەکی دژ بە سیاسەتی حکوومەت قرقەپی لێ بکرێت، کەچی ڕۆشنبیر و دەوڵەمەندان پلانی بەرپا کردنی شۆڕشیان دادەڕشت. هەروەها هەستی ئەناتیسی سەرکردەی دیموکرات بێنە بەر زەینت، کاتێك دەبینێ کوڕەکەی دەبێتە قوتابییەکی سوکرات و لە پەرستنی خوداوەندەکانی باوکی لا دەدات و ڕووبەڕوو گاڵتەی پێ دەکات. ئایا (ئەرستۆفان) بە وردی پێشبینیی ئەم ئاکامەی نەکرد، سەبارەت بە گۆڕانی چاکەکانی پێشان بە زیرەکی و ژیری.

پاش ئەوە شۆڕش هەڵگیرسا، پیاوان تا دوا تنۆکی مەرگ شەڕیان بۆ کردو شەڕیشیان لە دژیدا کرد، هەر کە دیموکراتیەت سەرکەوت، چارەنووسی سوکرات دیاری کرا و زۆر روون بووەوە، سەرکردەی ئەقڵیی پارتی راپەڕیو بوو، هەرچەندە خۆی بێوەی بوو، بەڵام چاوگی فەلسەفەی بێزەوەرکەری ئورستوکراتیەت و تێکدەری لاوان بوو، کە گفتوگۆ مەستی کرد بوون، سەرکردەکانی دیموکراتیەت ئەنایتس و میلیتس پێیان وابوو، چاکتر وایە سوکرات بمرێ.



هەموو جیهان پاشماوەی چیرۆکەکە دەزانێ، چونکە ئەفلاتوون بە پەخشانێکی لە شیعر نایابتر تۆماری کردووە، بۆ ئێمەش وا چاکە ئەو (پاکانە) یا داکۆکی کردنە سادەیە بخوێنینەوە، کە یەکەمین شەهیدی فەلسەفە تێیدا مافەکانی مرۆڤی راگەیاند، هەروەها ئازادیی بیروڕا وەك پێداویستێك، ئەوەشی رەت کردەوە کە داوای بەخشین لەو جەماوەرە بکات کە هەردەم بە کەمی زانی بوون. ئەو جەماوەرە دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو بیبەخشێت، بەڵام زۆر بە فیزەوە داوای بەخشینی ڕەت کردەوە. دادوەران ویستیان ئازادی بکەن کەچی جەماوەری تووڕە دەنگ و داواکارییان بۆ لە سێدارەدانی ئەو بوو، هەر ئەو نەبوو نکوولیی لە بوونی خوداوەندەکان کرد؟ وەی لە حاڵی چونکە خەڵکی فێری پتر لەوەی لە تواناندایە کرد، بەم جۆرە حوکمی ژەهر خواردنەوەیان بەسەردا دا. برادەران بۆ بەندیخانە چوونە لای و ڕێی هەڵاتنێکی ئاسانیان لەبەر نا، بەرتیلیان دایە ئەو کارمەندانەی کەتبوونە نێوان ئەو و راکردن و ئازادی، بەڵام رازی نەبوو، تەمەنی گەیشتبووە حەفتا (٣٩٩ی بەر لە زایین)... بۆی هەیە گەیشتبێتە ئەو باوەڕەی کە کاتی ئەوە هاتووە ژیان بەجێ بهێڵێ، لەوانەشە هەرگیز رێك نەکەوێ بەم جۆرە مردنە بمرێ کە ببێتە پاڵپشتی بیروباوەڕەکەی. بە برادەرانی گوت: ئێوە شاد بن و بڵێن تەنیا لەشی بە خاك دەسپێرین، کاتێك ئەو قسانەی کرد، ئەفلاتوون لە چەند برگەیەکدا کە بە مەزنترین برگەکانی ئەدەب لە جیهان دادەندرێن گوتوویەتی:

سوکرات هەستایە سەر پێ و لەگەڵ کریتودا چووە ژووری گەرماو، کریتو داوای لێ کردین چاوەڕوان بین، بە دەم قسە و بیرکردنەوەوە کەوتینە چاوەڕوانی.. بۆ خەمی گەورەمان. ئەو چەشنی باوکێك بوو بۆ ئێمە کە پاش ماوەیەکی دی لە دەستمان دەچێت و ڕۆژانی داهاتووی ژیانمان بە هەتیوی بەسەر دەبەین... کات بەرەو خۆراوا دەچوو، کاتێکی زۆر تێپەڕی و ئێمە هەر لە ژووریدا بووین، کاتێ گەڕایەوە لامان دووبارە لەگەڵمان دانیشتەوە... بەڵام زۆرمان قسە نەکرد و بەندکار خۆی بە ژووردا کرد و... لە تەك سوکراتدا وەستا و گوتی: لەگەڵ تۆمە سوکرات ئەی جوامێرترینو چاکترین و ڕێکوپێکترین کەسێك کە هاتبێتە ئێرە، جارێکی دی هەستی پیاوانی دی تۆمەتبارو خەتابار ناکەم، کە کاتێك ژەهرەکەیان دەدەمێ و داوایان لێ دەکەم بۆ بەجێ گەیاندنی فەرمانی حکوومەت بیخۆنەوە، ئەوان هەڵدەچن و تووڕە دەبن و جنێو دەدەن، من لەوە دڵنیام لێم تووڕە نابیت، چونکە هەروەك دەزانی من تاوانبار نیم و تاوانیش دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانی دی، بەم جۆرە خاترخوازیت لێ دەکەم و تکات لێ دەکەم هێندەی کە پێویستە بەرگە بگریت، تۆ فەرمانبەرداریتیی منت لێ عەیانە. پاش ئەوە بە چاوی فرمێسکاوییەوە چووە دەرێ.

سوکرات لێی روانی و گوتی (رێزم بۆ سلاوی خۆش هەیە و ئەوەی داوات کرد جێبەجێی دەکەم).
پاش ئەوە رووی کردە ئێمە و گوتی: چ پیاوێکی رووخۆش و دڵگیرە، لەو کاتەی هاتوومەتە ئەم بەندیخانەیە، هەمیشە بۆ بینینم دێتە ئێرە... ئێستاش دەبینن چۆن خەمێکی گەورەم بۆ دەخوات، بەڵام هەر دەبێ ئەوەی دەیڵێ ئێمە جێبەجێی بکەین، کریتو پێیان بڵێ ژەهرەکە بێنن گەر ئامادەیان کردووە، یان با خزمەتکارەکە خەریکی ئامادە کردنی بێت. دواتر کریتو گوتی: خۆر هێشتا بەسەر بانووە بەرزەکانەوەیە، زۆر کەسیش لە کاتێکی درەنگدا ژەهرەکەیان خوارد، پاش ئەوەی حوکمی لە سێدارەدانیان پێ راگەیاندرا، کەوتنە خواردن و خواردنەوەو بەربوونە رازی کردنی حەزو ئارەزووەکانیان، بۆیە تۆش پەلە مەکەو هێشتا کات ماوە.

سوکراتیش گوتی: بەڵێ کریتو ئەوانەی کە باسیان دەکەی لەوەی کردیان هەقیان بوو، چونکە باوەڕیان وابوو لە دواکەوتنی ژەهر خواردنەوەکە سوودمەندن، بەڵام لە پەلە کردن و دوانەکەوتندا من راستیم پێکاوە، باوەڕیشم وایە دواکەوتنم لە خواردنەوەی ژەهرەکە هیچ سوودێکم پێ ناگەیەنێ، چونکە وەك ئەوەیە ژیانێکی کۆتایی هاتووم هێشت بێتەوە، بەم حاڵەش هەر هێندەم پێدەکرێ بە خۆم پێبکەنم، بۆیە ئەوەی دەیڵێم جێبەجێی بکەو قسەم رەت مەکەوە. کاتێ کریتو ئەمەی بیست، دەستێکی بۆ خزمەتکارەکە هەڵتەکاند و ئەویش بۆ ماوەیەك بزر بوو، پاشان لەگەڵ بەندکارەکەدا هاتەوە کە پەرداخە ژەهرەکەشی پێ بوو. سوکرات گوتی (تۆ ئەی هاوڕێی بەندکارو شارەزا لەم جۆرە کاروبارە، پێم ناڵێی چی بکەم و چۆن چۆنی دەست بە خواردنەوەی ژەهرەکە بکەم؟). پیاوەکە وەڵامی دایەوە: پێویستە بە پێ ئەم سەرو ئەو سەر بکەیت تا هەست بە قورس بوونی پێیەکانت دەکەیت، ئەوجا پاڵ دەکەویت و ژەهر لە لەشتا بڵاو دەبێتەوە. هاوکات پەرداخەکەی دایە سوکرات کە بە ئاسانی و جوانترین شێوە وەریگرت، هەروەها بێ ترس و سڵەمینەوە و بێ ئەوەی رەنگ و رووی بگۆڕێ، وەك هەمیشە پڕ بە چاوانی تەماشای پیاوەکەی دەکرد و گوتی (پێت چۆنە گەر بە دەم ئەم پەرداخەوە لە یەکێك لە خوداوەندەکان نزیك ببینەوە؟ ئەم کارە بکەم یا نەکەم؟) پیاوەکە وەڵامی دایەوە (ئێمە هەر ئەوەندە ئامادە دەکەین کە پێمان وایە بەسە)، سوکراتیش گوتی (تێدەگەم وێڕای ئەوە هەر دەبێ نوێژ بۆ خوداوەندان بکەم تاکو گەشتەکەی لەم دنیام بۆ ئەو دنیا ئاسان بکەن، بۆیە ناکرێ نوێژەکەم پێ ببەخشیت)، ئنجا بە خۆشی و هێمنییەکی تەواوەوە پەرداخی خستە سەر لێوانی.

زۆربەمان تا ئەو کاتە هەستی خۆمان خەفە کرد بوو، بەڵام کاتێك بینیمان وا دەخواتەوە و بینیمان لە خواردنەوەکەش بووەوە، لەوە دەرچوو کە هەست و خۆگرتنمان بەرگە بگرێت، فرمێسك



دوور لە دەسەڵات هاتە خوارێ، دەموچاوی خۆم داپۆشی و بۆ حاڵی خۆم کەوتمە گریان، هەر کە بیرم لە کارەساتی کۆستی ئەم برادەرەم کردەوە. لە گریانیشدا یەکەم کەس نەبووم، چونکە کریتو کە توانای راگیرکردنی هەستی لەدەست دا و فرمێسکی دابارانـد و هەستا و دوور کەوتەوە، منیش کەوتمە شوێنی. لەو ئانەدا ئەپۆلۆدورۆس کە بە درێژایی ئەو کاتە نقومی گریان ببوو، فیزاحێکی بەرزی لێ هەستاو رووکارێکی ترسنۆکانەی بە هەموومان بەخشی. سوکرات بێ ئەوەی شێلو بێت گوتی (ئەم فیزاح و قیژەیە چییە؟ من بۆیە ژنانم لێرە دوور خستەوە تا بەم شێوەیە هەست بە سەرکۆنە کردن نەکەم، بیستوومە کە دەبێ واز لە پیاو بهێنن تا بە ئارامی بمرێت، ئارام بن و سەبر بگرن). کە ئەمەمان بیست شەرممان لە خۆ کرد و فرمێسکەکانم راگرت، سوکرات بەردەوام ئەم سەر و ئەو سەری دەکرد و هەروەك بەندکارەکە گوتی تا لاقەکانی بڕستیان نەماو لە توانایاندا نەما راگیری بکەن، بۆیە لەسەر پشت پاڵکەوت. ئەو پیاوەی ژەهرەکەی دایێ تەماشای لاق و پێی دەکرد، پاش کەمێك بە توندی پاڵی بە بن پێیەکانییەوە ناو لێی پرسی ئاخۆ هەستی پێ دەکات، سوکرات بە نا وەڵامی دایەوە، ئینجا دەستی لە قاچەکانی داو پێ بەپێ دەستی لە بەرەو ژوورتری لەشی دەدا و پێی گوتین، کە سارد و سڕ بووەتەوە، سوکرات هەستی بەمە کرد و گوتی (کۆتایی بەوە دەبێ کە ژەهرەکە دەگاتە دڵ)، ساردی گەیشتە رانەکانی و سەری خۆی هەڵدایەوە (چونکە خۆی داپۆشی بوو) لە دوایین پەیڤەکانیدا گوتی (کریتو من کەڵەشێرێکی ئەسکیپیوسم لەسەرە، تکات لێ دەکەم دانەوەی ئەم قەرزەت لەبیر نەچێت)، کریتوش گوتی (قەرزەکە دەدەمەوە، هیچ شتێکی دی نییە)، وەڵامی ئەم پرسیارەی نەبیست، پاش دەقیقەیەك یا دوو هەستمان بە جوولەیەك کرد و خزمەتکارەکە هەستا داپۆشی و کریتوش هەردوو چاو و دەمی قەپات کرد.

بەم جۆرە بوو کۆتایی برادەرەکەمان، کە بە هەق ناوم لێناوە داناترین و دادپەروەرترین و چاکترین گشت ئەو مرۆڤانەی لە ژیانمدا ناسیومن.

### ٣- ئامادەکردنی ئەفلاتوون:

تێکەڵ بوونی ئەفلاتوون لەگەڵ سوکراتدا خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە ژیانی ئەودا، ئەفلاتوون لە کەشێکی خۆش و ئیسراحەت و بۆی هەیە لە کەشێکی پڕ سەروەتدا گەورە بوویێت. لاوێکی جوان و غورد بوو، لەبەر چوارشانەیی هەروەك دەڵێن؛ ناونراوە ئەفلاتوون، سەربازێکی دیار و چەلەنگ بوو، لە یارییەکاندا دوو جار خەڵاتی بەدەست هێناوە. وا باو نەبووە لە تەمەنێکی وا

هەرزەییدا فەیلەسوفان پەیدا بن، بەڵام رۆحی زرنگی ئەفلاتوون، خۆشییەکی نوێی لە گەمە لۆژیکی و دیالێکتییەکەی سوکراتدا بەدی کرد، هەروەها خۆشیی لە دیتنی سوکرات دەهات کاتێك بە پرسیارە تیژەکانی بیروباوەڕ و سەلماندنەکانی بە درۆ دەهێنایەوە و گریمانەکانی دەسمی. ئەفلاتوون چووە نێو ئەو وەرزشەوە کە لە زۆرانبازی سەختتر بوو، بە چاودێری و رێنمایی سوکرات لە تەنیا گفتوگۆوە بەرەو شی کردنەوەی ورد و دانوستاندنی بەرهەمدار دەچوو، خولیای دانایی و سوکراتی مامۆستای چووە کەللەیەوە، خووی بەم قسەیەوە گرتبوو کە دەیگوت سوپاسی خودا دەکەم کە منی کردە یۆنانی نەك درندە، ئازادی کردم نەك کۆیلە، پیاو بووم نەك ژن، بەڵام لە سەرووی هەمووشیانەوە کە لە سەردەمی سوکراتدا لەدایك بووم.

لە کاتی مردنی سوکراتدا، ئەو لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا بوو، ئەم چارەنووسە خەماوییە کاری کردە سەر تەواوی هزری قوتابییەکەو، لێواولێوی کرد لە بەکەم زانینی دیموکراتیەت و رق هەڵگرتن لە جەماوەر و دەستەکان، پەروەردەی ئورستوکراتیانەی ئەمەی تێدا رواند و، بەرەو بڕیارێکی برد، کە بە پێویستی دەزانی دیموکراتیەت نەهێڵێ و بیگۆڕێ بە حوکمی عەقڵ و چاکترینی پیاوان. هەموو ژیان و تەمەنی لە گەڕان بە دوای هۆیەکدا بەسەر برد، کە ڕێی دۆزینەوەی ئاقڵترین و چاکترین پیاوی پێ پیشان دەدات، هەروەها قایل کردن و بەتوانا کردنیان بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری حوکمڕانی.

لە هەمان کاتدا ئەو هەوڵانەی بۆ رزگارکردنی ژیانی سوکرات دەیدان، لە لایەن سەرکردە دیموکراتەکانەوە گومانی بۆ دروست دەبوو، هاوڕێیانی هانیان دا ئەسینا بەجێ بهێڵێ، چونکە مانەوەی لەوێدا مەترسیدار بوو، وەك شوێنێکی سەلامەت نەما بۆ ئەو. ئەمە دەرفەتێکی گونجاو بوو بۆ ئەو کە بواری دیتنی جیهانی دەدات، بەم جۆرە لە ساڵی **٣٩٩**ی پێش زایینەدا کۆچی کرد. لە راستیدا ئێمە ناتوانین بڵێین لە گەشتەکەیدا بە ناو بۆ کوێ چووە، دەربارەی هەریەك لە گەشتەکانی، زانایان بۆچوونی جیاجیان هەیە، وا پێدەچێ یەکەم جار چووبێتە میسر، زۆریش بەوە نیگەران بوو، کاتێك لە چینی کاهینانی حوکمڕانی ئەوسای ئەوێی بیست، کە یۆنان دەوڵەتێکی هیچە و دابونەریتی چەسپاو و شارستانیەتی ریشەداریان نییە، لەو سەردەمەدا فەیلەسووفانی نیل بایەخی زۆر و دروستیان بە یۆنان نەدەدا، بەڵام هیچ شتێك لە هێدمە و هەژانی هەستەکان پتر مرۆڤ فێر ناکات. بیرەوەرییەکانی ئەو دەستە رۆشنبیرو بەرچاو روونەی حوکمڕانی گەلێکی مات و بە کشتوکاڵ خەریکەوە بووی دەکرد، بە زیندوویی لە بیرکردنەوەی ئەفلاتووندا مایەوە، رۆڵێشی بینی لە نووسینەکەیدا دەربارەی دەوڵەتی چاك و نموونەیی. پاشان بە دەریادا بەرەو سقلیە و



ئیتالیا چوو، لەوێشدا بۆ ماوەیەك چووە ئەو قوتابخانە یا ئەو رێبازەی فیتاگۆرس دایمەزراند بوو. جارێکی دی ئەقڵی کەوتە بەر کاریگەریی یادی گرووپێکی بچووکی پیاوان کە روویان کردبووە زانست و حوکمڕانی، ژیانێکی ساکار دەژیان هەرچەندە دەسەڵاتی حوکمیشیان لە دەستدا بوو. دوازدە ساڵ لە گەشتدا بووە، لە هەموو چاوگ و کانییەکی دانایی هەڵمژیوەو، لە هەموو رووگە و مەزارێکیشدا دانیشتووە، چێژی لە هەموو یاساو شەریعەتێك وەردەگرت.

هەندێ گوتوویانە چووەتە فەلەستین و ماوەیەك تێکەڵ بە هەویری پێغەمبەران بووە، کە زۆربەیان لە سۆسیالیستەکان بوون، هەروەها رێی کەنارەکانی گانجی گرتەبەر و لە هیندۆسەکانەوە فێرە رامان و بیرکردنەوە بوو. بەڵام ئێمە نازانین.

ساڵی **٣٨٧**ی بەر لە زایین گەڕایەوە ئەسینا، ئێستا پیاوێکی تەمەن چل ساڵانە، بە تێکەڵ بوونی لەگەڵ گەلانی جیاجیا و هەڵمژینی شیلەی دانایی لە وڵاتانی جۆربەجۆر، لە رووی پیاوەتیو تێگەیشتنەوە پێگەیشت، کەمێ سەرگەرمیی لاوێتیی لە دەست دابوو، بەڵام چەندین بیر و دیدەنیی بەدەست هێنا بوو، کە هەموو هەڵەشە و پەرگیرییەکی بە تەنیا نیوەی راستەقینە دادەنا. زانین و هونەری بەدەست هێنا، بۆ یەکەمین جار فەیلەسووف و شاعیر پێکڕا لە کەسی ئەفلاتوون و رۆحیدا دەژیان، شێوازێکی گوزارە کردنی بۆ خۆی داهێنا، کە راستی و جوانی جێی خۆیان تێدا دەبینییەوە و سەکۆیەکیش بوو بۆ ئاراستە کردنی دیالۆگ. نە پێش ئەو و نە پاش ئەو، هەرگیز فەلسەفە - هەروەك بۆی دەچین - پۆشاکێکی وا جوان و ورشەداری لە چەشنی شێوازەکەی ئەفلاتوون نەپۆشیوە، وێڕای وەرگێڕانیش، دەبینین ئەم شێوازە هەر دەدرەوشێتەوە و پرشنگ دەدات و دەبریقێتەوە و هەڵدەقوڵێ و هەڵدەبەزێتەوە. شیلی کە یەکێکە لەوانەی بە ئەفلاتوون سەرسامە و خۆشی دەوێ گوتوویەتی، یەکگرتنی دەگمەنی نێوان دەستەواژە و لۆژیك نمایش دەکات، بە گەرمیی شیعر و لە رەونەق و سامی سەردەمەکەیدا تواوەتەوە و بە رێکی و گونجاویی زەمانەکەی ئەو، دەیکاتە جۆگە ئاوێکی بە خوڕ و قەڵبەزەی ئاواز و رستەی مۆسیقایی، کە بێ وەستان هێزی قەناعەت پێکردنیان تەکان دەدات، بۆیە کارێکی بێ هوودە نەبوو کە فەیلەسووفە بچووکەکە، سەرەتای ژیانی وەك نووسەرێکی شانۆ دەست پێ کرد.

بە زەحمەت تێگەیشتن لە ئەفلاتوون لەو تێکەڵەیەی فەلسەفە و شیعر و زانست و هونەردایە کە مرۆڤ مەست دەکەن، لەوەی ناتوانین ئەوە دیاری بکەین ئاخۆ نووسەر لە جۆر و شێوە دیالۆگێك دەدوێ و ئایا روون و رەوان دەدوێ یا بە مەجاز و، ئایا گاڵتە دەکات یا بە راستیەتی؟ خولیا بوونی بە گاڵتە و سوعبەت و ئەفسانە و پڕوپووچەکان هەندێ جار سەرسوڕماومان دەکات.

دەتوانین بڵێین کە بێ بەکارهێنانی پەند و حەکایەت نەیدەتوانی وانە بڵێتەوە (ئایا هەر دەبێ وەکو پیاوێکی پیر و بە تەمەن قسەتان لەگەڵدا بکەم بە پەند و حەکایەت، یان وەك پیاوانێکی لە تەمەنی لاویدا بۆتان بئاخڤم).

ئەم دیالۆگانەی بە ئێمە گەیشتوون، ئەفلاتوون بۆ خوێندنەوەی گشتی لەو رۆژگارەدا نووسیونی، لە سایەی شێوازی ئاخاوتنەکەی و ململانێی توندی لە هەق و ناهەقی خۆی و پەرەسەندنی پێ بەپێی و هەمیشە دووبارە کردنەوەی هەموو مشتومڕێکی گرنگ، لەو باوەڕەداین بە تەواوی بۆ ئەوە داندراون کە لەگەڵ تێگەیشتنی مرۆڤێکدا بگونجێن، کە لەو بۆنە و کاتانەی ئیسراحەتیان تێدایە، چێژ لە فەلسەفە وەردەگرێت، بۆیە وا پێویست دەکات لە ئامادەباشیدا بین بۆ پێشوازی کردنی مەجاز و جەفەنگی نێو دیالۆگەکان و گەلێ شتی تێکەڵ و نادیار، کە بێ لە قوتابیی زانست و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی سەردەمی ئەفلاتوون، کەسی دی تێیان ناگات، هەروەها گەلێ شتی وا کە ئەمڕۆ بە نەگونجا یا خەیاڵی دێتە بەرچاو، بەڵام دەکرێ چەشنی خوانێکی پڕ لە بیروڕا تام و چێژی لێ وەربگیرێ، لە دانانیدا رەچاوی ئەوە کراوە، کە ئەو ئەقڵانەی لە تام و چێژی فەلسەفە رانەهاتوون بتوانن هەرسی بکەن.

لێ بگەڕێن دان بەوەدا بنێین کە ئەفلاتوون گەلێ لەو سیفەتانەی تێدایە کە هەر خۆی دەیان داتە بەر تانە و رەخنە. ئەو هێرش دەکاتە سەر شاعیران و شێوازە وەهمی و پڕوپووچەکانیان و رەخنەیان لێ دەگرێت، بەڵام ئەو خۆی شاعیرە و ناوێکی دی دەخاتە سەر لیستی شاعیران و سەدان ئەفسانە و پڕوپووچیش دادەهێنێ، هەر لە کتێبی (کۆمار)ەکەیدا لە لاپەڕە (٣٦٤)دا هاتووە، کە گلەیی لە دەست کاهین و پیاوانی ئایینی دەکات (هەمیشە ترسی دۆزەخ لەبەر خەڵك دەنێن و رێی نەجات و بەخشین لە هەڵە و تاوانەکان دەخەنە ڕوو)، وێڕای ئەوە خۆی کاهین و دواندەر و ئاکارناسێکی ئایدیال بوو. هەروەك شکسپیر دان بەوەدا دەنێت کە بەراورد کردن جۆرێکە لە هێنان و بردن، کەچی ئەو لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دی و لەوەوە بۆ یەکی دیکە ئەم سەر و ئەو سەر دەکات. تانە لە سۆفیستییەکان دەدات و بە ململانێی بازرگانی کردن بە ئاخاوتنو دەستەواژەکان تۆمەتباریان دەکات، کەچی هەر خۆی لە لێك هەڵوەشاندنی لۆژیك ناسڵەمێتەوەو بە دەردی (گشت لە بەش گرنگترە)ی دەبات و بێگومان بەش لە گشت کەمترە! بەڵێ... بۆیە حوکمڕان بوونی فەیلەسووف لە دەوڵەتدا روون دەبێتەوە.

بەڵام ئەم شتە خراپترین شتێکە کە بشێ لە هەمبەر ئەفلاتووندا بیڵێین، پاش ئەوە دەڵێین دیالۆگەکانی ئەفلاتوون وەك یەکێ لە گەنجینە بەنرخەکانی جیهان دادەندرێن، شارەکەشیان کتێبی



کۆمارە، کە خۆی لە خۆیدا کتێبێکی تەواو و بێ کەموکوڕییە، لەم کتێبەدا لاهووتناسی و مەجازی ئەفلاتوونی بەدی دەکەین، هەروەها فەلسەفە ئاکارناسییە ئەدەبی و دەروونییەکەی و سیاسەت و هونەرە فێرکارییەکەی و تیۆرییەکەشی دەربارەی هونەر. هەر لە نێو کتێبی کۆماردا ئەو گرفتانەش دەبینی کە ئەمڕۆ بەرەو رووی جیهان دەبنەوە، هەر لە کۆمۆنیزمەوە تا دەگاتە سۆسیالیزم و بنەمای یەکسان بوونی ژن و پیاو لە مافەکانداو سنووردانان بۆ لەدایك بوون و، زانستی چاك کردنی نەوە و ئەو گرفتانەی (نیچە)ی فەیلەسووفی ئەڵمان دەربارەی ئاکارناسی و حکوومەتی ئورستوکراتی ورووژاندبوونی. هەروەها ئەو گرفتانەی (رۆسۆ)ی فەیلەسووفی فەرەنسا لێکۆڵینەوەی لە بارەوە کردوون سەبارەت بە گەڕانەوەمان لە ژیاندا بەرەو سروشت و ئازادیی فێربوون. لەوێدا فەلسەفەی برگسون و فرۆید دەبینین، هەموو شتێك لەم کتێبەدا هەیە، داوەتی خانەخوێیەکی چاك و سەخییە بۆ دەستە و هەڵبژاردەی خەڵك سازی کردووە. ئەمرسون گوتوویەتی: ئەفلاتوون هەر خۆی فەلسەفەیە و فەلسەفەش ئەفلاتوونە، بە پەیڤەکانی عومەری کوڕی خەتاب دەربارەی قورئانی پیرۆز ئەمرسون پەسنی کتێبی کۆمار دەکات، کاتێك گوتوویەتی: کتێبخانەکان بسووتێنن چونکە بەهاکەیان لە نێو ئەم کتێبەدایە.
ئێستاش لێ بگەڕێن با لە کۆماری ئەفلاتوون وردبینەوە.

## ٤- گرفتی ئاکار:

ئەم ئاخاوتنە لە ماڵی سیفالۆسدا بووە، کە ئورستوکراتییەکی دەست رۆیشتوو بووە، ئەو دەستەیەی ئامادەی ئەو دانیشتن و ئاخاوتنە بوون بریتی بوون لە هەردوو براکەی ئەفلاتوون جلاکۆن و ئەدمانتۆس و تراسیماخۆس کە سۆفیستییەکی دڕو سەرنج راکێش بوو، هەروەها سوکرات کە لەم دیالۆگەدا بە زمانی ئەفلاتوون قسە دەکات و پرسیار لە سیفالۆس دەکات: مەزنترین چاکە و فەرێك کە لەم سامان و داراییە بەدەستت هێناوە چییە؟
سیفالۆس وەڵام دەداتەوە کە سامان نیعمەتێکە بۆ ئەو، چونکە دەسەڵاتی ئەوەی پێ داوە کە سەخی و دەست کراوە و دادپەروەر بێت. سوکرات بە شێوازە فێڵاوییەکەی لێی دەپرسێ، کە مەبەستی چییە لە دادپەروەری؟ لێرەوە کسۆکی شەڕی فەلسەفە بەرەڵڵا دەکات، چونکە هیچ شتێك هێندەی پێناسە کردن زەحمەت نییە، هیچ شتێکیش هێندەی هەوڵدان بۆ پێناسە کردنی شتەکان و دیاری کردنی مەبەستی پەیوەست بەوان، سەخت نییە بۆ تاقیکردنەوەی زەین روونی. لەمەدا سوکرات شێوازێکی ئاسان بەدی دەکات بۆ تەفر و توونا کردنی یەك بەیەکی ئەو

پرسیارانەی پێشکەشی دەکرێن. شێوازی سوکرات لە رەت کردنەوەی گشت ئەو پێناسانەی دەخرانە بەردەمی، تراسیماخۆسی ورووژاند کە لە نێو ئامادەبوواندا لە هەموان بێ سەبرتر بوو، بۆیە بەخۆیدا تەقییەوەو هاواری کرد:

ئەم بێمانابیە چییە سوکرات؟ ئێوەش چیتانە وا یەك بەیەك و بەم شێوازە فێلاوییە لە بەردەمی بە چۆکدا دێن؟ چونکە گەر دەتەوێ بزانی دادپەروەری چییە، وا پێویست دەکا وەڵام بدەیتەوە نەك پرسیار بکەی، هەروەها شانازییش بەوەوە نەکەی کە قسەی خەڵکانی دی رەت دەکەیتەوە... چونکە زۆریی خەڵك توانای پرسیار کردنیان هەیە و بڕستی وەڵام دانەوەیان نییە.

سوکرات لەم سنگ دەرپەڕاندنە نەسڵەمییەوە و لێشی نەترسا، لە جیاتی وەڵام درێژەی بە پرسیار کردن دا. پاش ماوەیەك لە هێنان و بردن، تراسیماخۆس دنە دەدات و بەرەو پەیوەست بوونی بە پێناسەیەك هانی دەدا. ئەو سۆفیستییە بە تووڕەییەوە گوتی: کەواتە گوێ بگرن، من رایدەگەیەنم، کە هێز خودی راستییەو بەرژەوەندیی ئەوەی بەهێزترە کرۆکی دادپەروەرییە... حکوومەتە جۆربەجۆرەکانیش یاساکان دادەڕێژن، جا ئەو حکوومەتانە دیموکراتی بن یا ئۆرستوکراتی یا ئۆتۆکراتی. هەموو ئەو حکوومەتانە بەپێی بەرژەوەندییەکانیان یاسا دادەڕێژن، ئەو یاسایانەی کە هەر حکوومەت خۆی دایان دەڕێژێ لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیدا بەکاریشیان دەهێنێ، هەر ئەو حکوومەتانە، بۆ نموونە ئەوەی پێی دەڵێین دادپەروەری، دەیخەنە بەردەم گەلەکانیان و سزای هەر تاکە کەسێکیش دەدەن کە سنووری ئەو دادپەروەرییە ببڕێ یا پەرژینی ببەزێنێ.. من لە ئاستێکی فراواندا باسی دادپەروەری دەکەم، ئەو واتایەی من مەبەستمە زۆر بە روونی لەو حکوومەتە ئۆتۆکراتییەدا بەدەر دەکەوێت، کە بەهێز و فێڵ و فەرەج یەك پارچە موڵکی خەڵکی زەوت دەکات نەك پێ بەپێ. ئا لەم کاتەدا کە پیاو دەست بەسەر سەروەت و سامانی هاووڵاتیاندا دەگرێت و دەیانکاتە بەندە، لە بری ئەوەی پێی بڵێین دز و قۆڵبڕ ناوی دەنێین بەختەوەر و هەموانیش پیرۆزبایی لێ دەکەن، لە ترسی زەبر و زەنگی، کەس ناوێرێ سەبارەت بەو زوڵمانەی لێ کردوون لۆمە و سەرزەنشتی بکات..

ئەوەیە ئەو پەیماننامەیەی ئەمڕۆ کەم و زۆر دەدرێتە پاڵ نیچەی فەیلەسووفی ئەڵمان، کاتێك دەڵێ: بە راستی زۆر گاڵتەم بەو بێ هێزانە دێت کە خۆیان بە پیاوچاك دەزانن، چونکە چرنووکێکیان نییە کە راستی کەنەوە. شتیرنەر بە کورتی گوزارەی لەم بیرۆکەیە کرد کاتێك گوتی: چنگێ هێز لە یەك فەردە راستی چاکترە. بۆی هەیە هەر ئەم بنەمایە ئەفلاتوون لە دیالۆگێکی دیکەدا بە چاکترین شێوە لە مێژووی فەلسەفەدا دایڕشتبێت، لە (گۆرگیاس)دا



کالیکسی سۆفیستی ئاکار رەت دەکاتەوە و بە کەمی دەزانێت، بەوەی شتێکە بێهێزەکان دایان هێناوە بۆ بەستنەوەی هێز و توانای بەهێزەکان، بەپێی بەرژەوەندییەکانیان ستایش و سەرزەنشت دەبەخشنەوە، دەشڵێن نائەمانەتی نەنگە و خیانەت حەیاچوونە و هێز زوڵمە، مەبەستیان لە نائەمانەتی ئارەزووی زیاتر بەدەست هێنانە لە دراوسێکانیان، چونکە هەست بە بێهێزی و ناتوانایی خۆیان دەکەن و خۆشحاڵ دەبن بەوەی بانگێشتی یەکسانی بکەن و بەدەستیشی بێنن.

بەڵام گەر پیاوێکی بەهێز پەیدا بوو کە هێزی تەواوی هەبێت (لێرەدا ئەو سۆپەرمانەی نیچە بانگێشتی بۆ کردووە، دێتە ئاراوە)و بتوانێ ئەو کۆت و بەندانەی ئاکار هەڵتەکێنێ و تێکیان بشکێنێ و لێیان دەرباز بێت، ئەو هەموو یاساو سیحر و دەستوور و شەریعەت و ئەفسوون و شتە پڕوپووچەکان، کە لەگەڵ سروشتی ژیان و گەردوون ناکۆکن، دەخاتە ژێر پێ و قەلاچۆیان دەکات. ئەو کەسەی بە ڕاستی ژیانی دەوێ، دەبێ تا ئەوپەڕەکەی جڵەو بۆ ئارەزووەکان شل بکات، بەڵام کاتێك ئەو ئارەزووانە دەگەنە ئەوپەڕێ حەزەکان، دەبێ ئەویش بەو رادەیە ئازایی و زیرەکیی هەبێت کە رێنمایی و تێریان بکات، دووپاتیشی دەکەمەوە کە ئەمە جوامێری و دادی سروشتیانەیە، بەڵام زۆر لە خەڵکی ئەمەیان پێ ناکرێت، بۆیە سەرزەنشتی ئەو جۆرە کەسە بەهێزانە دەکەن، ئەمەش بۆ بێهێزیی خۆیان دەگەڕێتەوە کە دەیانەوێ بیشارنەوە و پەردەپۆشی بکەن. هەر بۆیە بە زێدەڕۆیی دەڵێن کەمی و بێقیمەتی. ئەوان خووی جوامێرانە دەپەرستن و ستایشی داد دەکەن، چونکە ترسنۆك و بێهێزن.

ئەم جۆرە دادە لایەق بە پیاوی مەرد نییە بەڵکو هی پیاوی کوڵەبنە، ئەمە رەوشتی بەندەکانە نەك رەوشتی پاڵەوانان، بە ڕاستی چاکیی پیاو لە ئازایەتی و زیرەکایەتییەکەی دایە.

بۆی هەیە ئەم بیرەوشتییە ئاکامی پەرەسەندنی ئیستیعمار بێت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەسینا و زۆر بە توندی هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە لە خۆی بێهێزتر بوون. بارکلیز گوتوویەتی: ئیمپراتۆریەتەکەتان بە زەبری هێزەکەتان لەسەر پێ راوەستاوە نەك لەبەر چاکیی رەعیەتەکەتان.

توسیدیدسی مێژوونووس کە لێدوانەکەی بارکلیزی گێڕاوەتەوە دەڵێ، نێردراوانی ئەسینا خەڵکی دورگەی میلوسیان ناچار کرد کە لە شەڕی دژ بە سپارتە بێنە پاڵ ئەسینایییەکان و پێیان گوتن: ئێوەش هەروەك ئێمە دەزانن، هەق تەنیا پرسێکە لە نێوان چەند وڵاتێکدا کە لە هێزدا

یەکسانن، بەهێزیش ئەوەی پێی دەکرێت دەیکات و بێهێزیش بەدەست بێهێزییەکەیەوە دەتلێتەوە، ئا لێرەدا گەوهەری گرفتی ئاکارو کرۆکی تێزی هەڵسوکەوتی ئەدەبکارانە و رەوشتکارانەمان دێتە ئاراوە، کە ئاخۆ داد چییە؟ ئایا خوداپەرستییە یان هێزە؟ ئایا چاکتر وایە چاك و باش بیت، یان چاکتر وایە ئازاد و بەهێز بێت؟

ئاخۆ سوکرات، کە لێرەدا ئەفلاتوون بە زمانی ئەو دەدوێت، چۆن دەتوانێ بەرەو رووی ئەو گرفتە بێتەوە کە لە ئاکامی ئەو تێزەی داد و ئاکارەوە سەر هەڵدەدات. سەرەتا بە هیچ شێوەیەك خۆی لە قەرەی نەدا، ئاماژەی بەوە دا کە داد بریتییە لەو پەیوەندییەی نێوان کەسەکان و پشت بە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەبەستێت، ئەمەش لە ئاکامدا دەکرێ لە بەشێکی پێکهاتەی کۆمەڵدا باشتر لێی بکۆڵدرێتەوە لەوەی وەك سیفەتێك لە هەڵسوکەوتی تاکە کەسدا لێی بکۆڵدرێتەوە. دەشڵێ ئێمە گەر بتوانین باسی دەوڵەتێکی دادپەروەر بکەین کە دادی تێدا بەرقەرارە، ئەوسا لە هەڵوێستێکی چاکتردا دەبین بۆ وەسف کردنی تاکە کەسی دادیار. بۆ ئەم لادانە ئەفلاتوون بەم قسەیە داوای بەخشین دەکات: بۆ تاقیکردنەوەی چاوی مرۆڤ داوای لێ دەکەین پیتی گەورە بخوێنێتەوە، پاشان داوای لێ دەکەین پیتی بچووك بخوێنێتەوە، هەروەها دەڵێ: ئاسانترە کە لە ئاستێکی بەربڵاودا داد شی بکەینەوە واتە لە دەوڵەتدا وەك کۆمەڵێك، نەك لە هەڵسوکەوتی تاکە کەس و لە ئاستێکی بەرتەسکدا، بەڵام نابێ تەفرەش بخۆین.

لەبەر ئەوەی ئەفلاتوون دوو کتێب بەیەك دەگەیەنێت و دیالۆگ و گفتوگۆش وەك بەهانە و هۆیەکی پەیوەندی کردن بەکار دەهێنێ، چونکە ئەو نایەوێ بە تەنیا باسی رەوشتی تاکە کەس بکات، بەڵکو باسی گرفتەکانی سەر لەنوێ دروست کردنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسییش دەکات. ئەو دەوڵەتێکی نموونەیی لە بن چنگ دایە، سووریشە لەسەر پێشکەش کردن و بەرهەم هێنانی، لەبەر بەهای کتێبەکەی، بۆ ئێمە ئاسانە کە لەو لێك دوورکەوتنەوەیەی ببوورین.

## ٥- گرفتی رامیاری:

ئەفلاتوون دەڵێ دەکرا داد شتێکی ساکار بایە ، گەر بهاتایە خەڵکی ساکار بوونایە. لەم حاڵەتەشدا فەرتەنەی کۆمۆنیزمیش دادەمرکایەوە، جا بەم جۆرە باسی ئەو حکوومەتە دەکات کە مەبەستی بوو بیخاتەڕوو و دەڵێ:



یەکەم جار لێ بگەڕێن با لە جۆری ژیانی خەڵك لەو دەوڵەتەدا رامێنین... ئەوان گەنم و مەی، جلوبەرگ و پێڵاو بەرهەم دەهێنن، ماڵ و خانووش بۆ خۆیان دروست دەکەن، کاتێك ماڵ و حاڵیان دەبێت هاوینان بەپێی پەتی و هەروەز کار دەکەن، زستانیش پۆشتە و پێڵاو لە پێ، بە گەنم و جۆ دەژین، گەنم دەکەنە نان و هەویر دەشێلن، نان و کولێرە دروست دەکەن و لەسەر سفرەی حەسیری لە قامیش و گەڵای پاکی دار دروست کراوی دادەنێن، لەسەر جێ و بالینگانی لە پەڕو گەڵای رەیحان دروست کراو پاڵ دەدەنەوە، بە خۆیان و منداڵەکانیان دەخۆن و خەنی دەبن، ئەو مەیەش نۆش دەکەن کە بە دەستی خۆیان دروستی دەکەن، چەپکە گوڵ بە سەریانەوەیە، دەستیشیان لە سوپاس و ستایش کردنی خودا ناوەستێت، لە نێو کۆمەڵێکی جواندا دەژین، ئاگاداری ئەوەشن کە خێزان و خانەوادەکانیان لەوەی لەبەر دەستدایە تێنەپەڕێنن، چونکە توێشووی جەنگ و هەژارییان لەبیرە.... هەڵبەت بەهارات و خوێ و زەیتوون و پەنیر، پیاز و کەلەرم و سەوزە و پووش لە وڵاتانی دیکەوە هاوردە دەکەن کە بشێن بۆ لێنان و کوڵان. ئێمەش حەلوای هەنجیرو هەرمێ..، فاسۆلیاو دەنکە لاس و گوێزیان پێشکەش دەکەین، کە لەسەر ئاگر دەیبرژێنن و بە رادەی پێویست دەخۆنەوە. بەم جۆرە ژەمانە پێشبینی دەکەن کە لە ئاشتیدا بژین و بە پیرییەکی چاك بگەن و، هەمان شێوە ژیانیش پاش خۆیان پێشکەش بە منداڵەکانیان بکەن.

لێرەدا سەرنجی ئامار بدە بۆ دیاری کردنی ژمارەی دانیشتووان و ژیانێ کە پشت بە رووەك ببەستێت و پاشان گەڕانەوە بۆ سروشت، بۆ سادەیی ئەو ژیانە سەرەتاییەی ئەفسانەی عیبری وێنای کردووە. هەر هەمووشیان لەوەی دیۆجین گوتوویەتی نزیك دەبێتەوە، کە باوەڕی وابوو کە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ پێکەوە ژیان لەگەڵ ئاژەڵی سەلامەت و کەوی. بەم جۆرە ئێمە دەمانەوێ ئەفلاتوون لەم رووەوە لە تەك سانت سیمۆن و فۆریێ و، ولیەم مۆریس و تۆلیستۆی دابنێین، بەڵام لەوان بە گومانترە لە نیازپاکیی مرۆڤ، بە هێمنی بەدەم ئەم پرسیارەوە گوزەر دەکات و دەپرسێ: ئەو بەهەشتە ساکارەی وەسفی دەکەیت، بۆچی لە ژیانی مرۆڤدا بەدی نەهاتووە؟ هەروەها بۆچی ئەم ژیانە نموونەییە لە ژیانی مرۆڤ و لە نەخشەی جیهاندا دەرنەکەوتووە؟

ئەو بەرسڤ دەداتەوە کە هۆیەکە چاوبرسیەتی و زێدە مەسرەفیی مرۆڤە. خەڵکی بە ژیانی سادە قەناعەتیان نایەت و، هەر بە تەبیعەت حەز بە هەبوونی و چاو تێبڕین و ململانێ و ئیرەیی دەکەن، هەر زوو لەوەی کە هەیانە بێزار دەبن، ئارەزووی وەگیرهێنانی ئەو شتانە دەکەن

که نییانه و حەز بە شتی نێو دەستی کەسانی دی دەکەن. ئاکامی ئەوەش بەوە دەشکێتەوە کە کۆمەڵێك دەست درێژی دەکەنە سەر موڵك و سامانی کۆمەڵێکی دی، کۆمەڵە جیاجیاکان لەسەر خاك و زەوی و زار دەکەونە ململانێ و لە ئاکامدا بە هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوانیان کۆتایی دێت. بازرگانی و دارایی پەرە دەستێنێ و چین و توێژی نوێ دێنێتە ئاراوە، هەر شارێکیش لە راستیدا دەبێتە دوو شار، یەکیان شاری هەژاران، ئەوی دیکەشیان شاری دەوڵەمەندانە. هەر یەکەیان لە جەنگ و ململانێ دەبێت لەگەڵ ئەوی دیکەیان، لە هەر بەشێکیشدا کۆمەڵێ بەشی بچووکتر دەبینین، جا هەڵەیەکی گەورە دەکەین گەر هەر هەموو ئەم شتانە بە یەك وڵات بزانین. لە رەوشێکی وادا چینێ بازرگانی بورژوا پەیدا دەبێت کە کەسانی هەوڵ دەدەن بە زەبری سامان پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنن، سامانێکی زۆر بۆ ژنەکانیان خەرج دەکەن. ئەم گۆڕانەی لە دابەش بوونی ساماندا روو دەدات و گۆڕانی سیاسیی بەدوادا دێت، کاتێکیش سامانی بازرگانەکان لە سامانی خاوەن زەوییەکان زیاتر دەبێت، رژێمی ئەرستۆکرات جێ بۆ رژێمی ئۆلیگارکی چۆڵ دەکات، کە حکوومەتی دەوڵەمەندەکانە و بازرگانی دەوڵەمەند و خودان بانك حوکمڕانیی دەوڵەت دەکەن. جا لەم کاتەدا سیاسەت، کە گوزارشت کردنە لە پلانی پارتی سیاسی و تەماحی ئەو پارتە بۆ دەسکەوتەکانی حوکم و پلەو پایە، جێی ئیدارەو هەڵسووڕاندنی دەوڵەت دەگرێتەوە، کە مەبەستی ئەو ئیدارەیە رێکخستنی هێزە کۆمەڵایەتییەکانە و سیاسەتیش لەگەڵ پەرەسەندن و گەشە کردندا دەگونجێنێ.

هەموو جۆرەکانی حکوومەت بە هۆی زێدەڕۆیی و تێپەڕاندنی بنەما بنچینەییەکانی خۆی بەرەو دارِمان و رووخان دەچێت. حکوومەتی ئۆرستوکراتی بە هۆی دیاری کردن و بەرتەنگ کردنی بازنەی دەسەڵات خۆی وێران دەکات. حکوومەتی سەرمایەدارانیش بە هۆی پەلە پڕووزێ کردن لە کۆکردنەوەی سەروەت و دارایی خۆی وێران دەکات، ئاکام لە هەردوو حاڵەتیشدا شۆڕش بەرپا دەبێت. کاتێك شۆڕش بەرپا دەبێت، وا دێتە پێش چاو کە لەبەر وردە هەوەسبازی بەرپا بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی بە هۆ و بۆنەی وردەوە بەرپا دەبێت، کە لە راستیدا لە ئاکامی هەڵەی گەورەو زەق و ترسناکی کەڵەکە بوو بەرپا دەبێت. کاتێك لەش بە هۆی کەمتەرخەمییەکی زۆری نەخۆشییەوە بێهێز دەبێت، هەر سووکە پەتایەکی بگاتێ تووشی نەخۆشییەکی ترسناکی دەکات. پاش ئەوە دیموکراتیەت دێت و هەژاران نەیار و بەرامبەرەکانیان دەبەزێنن و بەشە ئازادی و دەسەڵاتێکی یەکسان دەخرێتە بەردەمی گەل، کەچی دیموکراتیەتیش لە بەین دەچێ، کاتێك زێدەڕۆیی تێدا دەکرێت. بنەما سەرەکییەکەی



دیموکراتیەت ئەوەیە، کە هەموو خەڵك لە بەدەست هێنانی پلە و پایە و بڕیاردانی سیاسەتی گشتیدا یەکسان بن. لە یەکەم سەرنجدا ئەو شتە زۆر نایاب دێتە بەرچاو، بەڵام بە شووم و کارەسات دەگۆڕێ، چونکە گەل بە رادەی پێویست پەروەردەو ئاشنا نەکراوە بۆ هەڵبژاردنی چاکترین دەسەڵاتدار و چاکترین پلان، گەل تێگەیشتنی تەواوی نییە، ئەو رستە و دەستەواژانەش دەڵێتەوە کە سەرکردەکانی پێی دەڵێن. بۆ قبووڵ کردن یا رەت کردنەوەی بۆچوونێك، وا پێویست دەکات لە نێو کۆڕێکی جەماوەریدا ستایشی بکەیت یا گاڵتەی پێ بکەیت (ئەمەش بێگومان ئاماژە کردنێکی روونە بۆ ئەریستۆفان کە چیرۆکە کۆمیدییەکانی هەر جۆرە بیرێکی تازەیان دەدایە بەر هێرش). حکوومەتی جەماوەر یا هەڵلا دەریایەکی شێتەو ئەستەمە کەشتیی دەوڵەت بتوانێ خۆی تێ بهاوێت و گوزەری پێدا بکات، هەر رەشەبایەکی لێدوان و جادووگەری کە لە زاری دواندەرانەوە دەربچێت، شەپۆلی تووڕە دەبزوێنێ و کەشتییەکە رادەگرێت. ئەم جۆرە دیموکراتییەتە ئاکامی بە دیکتاتۆریەت و حکوومەتی رەها دەگات. جەماوەر ستایش و پیاهەڵدانی پێ خۆشە، زۆریش برسییەو شێت و شەیدای هەنگوینە، لە دیماهیشدا گەورەترین زمان لووس و بێ فەڕ، روو دەکاتە سەر حوکم و خۆی بە (پارێزەری گەل) دادەنێت و دەست بەسەر دەسەڵاتی باڵاو رەهای وڵاتدا دەگرێت.

ئەفلاتوون هەرچەندە پتر بیری لەوە دەکردەوە، پتر سەرسام و نیگەران دەبوو لە ئاست جڵەو شل کردن بۆ گەرەلاوژە و رێ دان بەوەی ئەو خەڵکە ساویلکە و هەوەسبازە فەرمانبەرانی حکوومەت و سەرکردە سیاسییەکان هەڵبژێرن. ئەوە سەرباری ئەوەی کە ئەو هەڵبژاردنە بدرێتە دەست خەڵکی گومان لێکراو، کە پیاو و دەسکردی سەرمایەدار و دەوڵەمەندانن، کە لە پشت پەردەی شانۆی سیاسیی دیموکراتیەتدا گەمە بە پەتی ئۆلیگارکی (حکوومەتی سەرمایەداران) دەکەن. ئەفلاتوون گازاندەی ئەوە دەکات کە ئێمە لە شتە هەرە سادەکاندا، بۆ نموونە وەك دروست کردنی کەوش و پێڵاو پەنا بۆ وەستا دەبەین تا بۆمانی دروست بکات، کەچی لە سیاسەتدا ئێمە وا دادەنێین کە هەر کەسێکی بتوانێ دەنگ بەدەست بهێنێ، دەتوانێ کاروباری شارێك یا وڵاتێك بەڕێوە ببات، کە نەخۆش دەکەوین هانا بۆ نوژدارێکی پسپۆڕ دەبەین، کە پاش خوێندن و ئامادەکارییەکی تایبەت و توانایەکی تەکنیکی ئەوجا بڕوانامەو پلەکەی بەدەست هێناوە، لە حاڵەتێکی وادا ناچین هانا بۆ جوانترین نوژدار ببەین، هەروەها کارمان بە زمان رەوانترین و قسەزانترین نوژدارەوە نییە. جا کاتێك دەوڵەت نەخۆش دەکەوێت، ئایا وا پێویست نییە کە بە دوای خزمەت و چاوساخیی چاکترین و داناترین و ئاقڵترین پیاوی ئەو دەوڵەتە بگەڕێین؟ هەروەها

ڕێوشوێن و هۆکارێك بەدەست بهێنین بۆ ڕێگرتن لەوەی کەسانی فێڵباز و ناتوانا پلە و پایە گشتییەکان بەدەست بهێنن و، چاکترین مرۆڤەکانیش ئامادە بکەین و هەڵیان بژێرین بۆ ئەوەی حوکم لە بەرژەوەندیی گشتیدا بکەن. ئایا ئەمە گرفتە سیاسییەکەی فەلسەفە نییە؟

## ٦- گرفتی دەروونی:

هەڵبەت سروشت و پێکهاتەی مرۆڤ لە پشت ئەو گرفتە سیاسییانەوەیە کە لە بەدبەختیی ئێمە بۆ ئەوەی لە سیاسەت بگەین دەبێ لە دەروونناسیش بگەین. حکوومەتەکان بە ئەندازەی جیاوازیی ڕەوشتی پیاوان، جیاواز دەبن... هەر دەوڵەتێك لە گردبوونەوەی تەبیعەتی خەڵکەکەی نێوی را پێك دێت، هەر دەوڵەتێك لە هاووڵاتیانییەوە قەبارە وەردەگرێت، ئەو وێنەیەکی دەقاودەقی ئەوانەیە کە تێیدا دەژین، ئاوێنەیەکە شێوەی هاووڵاتیانی دەخاتەڕوو. بۆیە نابێ لە مەزەندەی ئەوەدا بین کە چاکترین دەوڵەت بەرهەم دێنین تا چاکترین هاووڵاتیمان نەبێت. هەموو گۆڕانێك بێهوودە دەبێت گەر بێتوو ئەوان نەگۆڕێن. ئای کە سەیر و خۆش باوەڕن خەڵك، هەمیشە بە چاکسازی و گۆڕانکاری و ئاڵۆز کردنی گرفتەکانیان و تێکچوونی شیرازەی شتەکانەوە خەریکن، تەفرەیان بەوە خواردووە گوایە بە دەرمانێکی دەگمەن دەتوانن دەردەکەیان تیمار بکەن، کە هەر هەندێکی نێوخۆیان ئاماژە بە بەکار هێنانی دەرمانەکە دەکەن. جا بەم جۆرە هەرگیز کاروبار چاك نابێت بەڵکو لە بەدەوە بەرەو بەدتر هەنگاو دەنێت. هەوڵ دەدەن دەست بەسەر یاساکاندا بگرن، بەوە خەڵەتاون گوایە بە هۆی چاکسازییەوە دەتوانن سنوورێك بۆ چەوتی و چەوێڵەکانی خەڵك دابنێن، کە لە ڕاستیدا سەری ئەژدیهایەکی ئەفسانەیی پەل دەدەن، هەرچەندی سەرێکی پەل دەدەن سەرێکی دی دەردەکات.

دەبا بۆ ماوەیەکی کورت لە تەبیعەتی مرۆڤانە ورد بینەوە کە بابەتی لێکۆڵینەوەیە بۆ فەلسەفەی سیاسی.

ئەفلاتوون دەڵێ ئاکاری مرۆڤ لە سێ کانییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئارەزوو، سۆز، زانین (ئاوەز). ئارەزوو، هەوەس و پاڵنەر، هەرسێکیان یەك شتن. سۆزو ڕۆح و پلەخوازی و ئازاییش یەك شتن. زانین و هزرو زیرەکی و عەقڵیش یەك شتن. ئارەزوو لە نێو گەدەدا جێگیرە، کۆگایەکە و چالاکیی لێ هەڵدەقوڵێ، نەمازە لە ڕووی سێکسەوە، سۆزیش لە نێو دڵ و لەگەڵ ترپەی دڵ و سووڕانەوەی خوێندایە، کە ئەزموون و ئارەزووەکان لەوێدا دەزرینگێنەوە. سەریش جێ و شوێنی زانینە، هەر ئەویش چاو و دیدەی ئارەزووەکانە، دەشکرێ ببێتە ڕابەری گیان و ڕێ



پیشاندەری ڕۆح. هەر هەموو ئەم پەسن و هێزانە لە هەموو مرۆڤێکدا هەن، بەڵام بە پلەی جۆراوجۆر. هەندێ مرۆڤ تەنیا وێنەیەکی بەرجەستەی ئارەزووەکانن، ڕۆحێکی شەکەت و حەز بە دەسکەوتیان هەیە، لە ململانێ و کێشەی دەسکەوتی ماددیدا نقوم بوون، گڕی ئارەزووی کەیف و سەفاو زێدە مەسرەفی و ڕەنگ و ڕووی ڕازاوە بەربووەتە گیانیان، بە بەراورد لەگەڵ ئامانجە هەمیشەییەکان، دەسکەوت و قازانجەکانیان بە کەم دەزانن، ئەم جۆرە مرۆڤانەن کە برەو پەیدا دەکەن و دەست بەسەر پیشەسازیدا دەگرن. بەڵام کەسانی دی هەن کە لە هەست و ئازاییدا لێواولێون، گوێ نادەنە ئەوەی جەنگی کێ دەکەن، تەنیا مەبەستیان گەیشتنە بە سەرکەوتن و لە پێناو سەرکەوتندا، ئەوان حەز لە گێچەڵ دەکەن نەك دەسکەوت، شانازی بە بەدەست هێنانی دەسەڵاتەوە دەکەن نەك بەدەست هێنانی موڵك و سامان، خۆشی و شادییان لە مەیدانی شەڕدایە نەك لە بازاڕ، ئەمانەن ئەو مرۆڤانەی سوپاکان و گەلە کەشتیی جەنگی لە جیهاندا دروست دەکەن. لە کۆتاییشدا هەندێ مرۆڤ هەن کە شاد بوونی خۆیان لە بیرکردنەوە و ڕامان و تێگەیشتندا دەبینن، نە متووی سامان و نە متووی سەرکەوتنن، بەڵکو متووی زانینن، پشت لە بازاڕ و قازانج و مەیدانی شەڕ دەکەن بۆ ئەوەی بە هێمنی و ڕەوانییەوە ڕوو بکەنە دنیای هزر و ڕامان، ویست و ئیرادەشیان ڕووناکییە نەك ئاگر، ئا ئەمانەن پیاوانی زرنگ، لە کەنارێکدا دەوەستن و جیهان نازانێ چۆن سوودیان لێ وەربگرێت، هەروەها نرخ و بەهاشیان نازاندرێ.

ئێستاش هەروەك کردەوە کاراکانی تاکە کەس دەری دەخەن، کە ئارەزووەکان... هەرچەندە سۆز لە ئامێزیان دەگرێت و زانین و ئاوەزیش ڕێیان پیشان دەدەن. بە هەمان شێوە لە دەوڵەتێکی نموونەییدا، هێزی پیشەسازی بەرهەم دروست دەکات بەڵام حوکمڕانی ناکات، زانین و زانست و فەلسەفەش ئەرکی حوکمڕانێتیی وڵات لە ئەستۆ دەگرێت. گەل بەبێ چرای زانین، جەماوەرێکی بێ ڕێسا و پەرتەوازە. هەر چەشنی ئارەزووەکان کە بێ ڕێسا بن یا مێگەلە مەڕێ بێ شوان. گەل پێویستی بە چرای فەلسەفە هەیە، هەروەك ئارەزووەکان پێویستیان بە تیشکی زانین هەیە، هەر کاتێك بازرگان کە خۆشەویستیی سامان دڵی داگیر کردووە، ببێتە دەسەڵاتدار، ئەوە وڵات وێران دەبێت، یان سەرکردەی سەربازی سوپاکەی بەکار بهێنێ بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی تۆتالیتار و دیکتاتۆر و چاکترین شوێنیش بۆ پیاوانی بەرهەم بواری ئابوورییە. جەنگاوەر و سەربازیش لە مەیدانی شەڕدا دەردەکەوێ و ناوی دەدرەوشێتەوە، هەردووکیان بۆ پلەی سیاسی یا فەرمانی گشتی دەست نادەن، کاروباری دەوڵەت لەسەر دەستی

ئەوان بەرەو نابووتی دەچێت، چونکە هەڵسووڕاندنی دەوڵەت زانست و هونەرە، کەسی ئەم بوارە دەبێ تەمەنی خۆی بۆ ئەم زانست و هونەرە تەرخان بکات و ماوەیەکی دوور و درێژ مەشقی ئەم زانست و هونەرە بکات. تەنیا پاشایەکی فەیلەسووف دەگونجێ بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری گەل. فەرتەنە و گەندەڵی و نەخۆشی بەرۆکی شار و توخمی مرۆڤایەتی بەرنادات، تا فەیلەسووف نەبێتە پاشاو پاشاکان نەبنە فەیلەسووف، هەروەها تا هێزی مانایی و سەرکردایەتیی سیاسی لە یەك کەسدا یەك نەگرن. ئەمەیە کلیلی پێکهاتەی هزری ئەفلاتوون.

### ٧- چارەسەری گرفتی دەروونی:

کەواتە چ بکرێ باشە؟

دەبێ هەموو دانیشتووانی شار، ئەوانەی تەمەنیان لە ژوور دە ساڵییە، بەرەو گوندەکان دەربکەن، ئینجا منداڵەکانیان بخەینە ژێر چاودێرییەوە، لەوە دوا، ئەوان دابونەریتی باوکانیان دەپارێزین. چونکە بە منداڵانێکی کە گەورەکان شێواندوویانن، بۆمان ناکرێ شارێکی نموونەیی دابمەزرێنین. دەبێ لە نوێوە بناغە دابڕێژین. بۆی هەیە هەندێك دەسەڵاتداری رووناکبیر لە دەست پێ کردنی ئەم سەرەتایەدا یارمەتیمان بدەن، بەوەی لایەکی وڵاتەکەیان بداتێ، یاخود خاکی ژێر دەستی خۆیان بۆ تەرخان بکات (ئەم شتە هاتە دی، هەروەك دواتر دەیبینین). بە هەرحاڵ هەر لە سەرەتاوە دەبێ بوارێکی یەکسانیی فێربوون بۆ گشت منداڵەکان دەستەبەر بکەین. کەس نازانێ پرشنگی بلیمەتی لە کوێوە شەوق دەداتەوە. پێویستە لە هەموو شوێن و لە هەموو جۆر و توخمێکدا بە دوای ئەو پرشنگی بلیمەتییەدا بگەڕێین. یەکەمین قۆناغی کاریشمان ئەوەیە فێرکردن لە سەرانسەری وڵاتدا پەرە پێ بدەین.

یەکەمین دە ساڵی فێرکردن دەبێ بە پلەی یەکەم بۆ پێگەیاندنی لەش و لاری منداڵەکان بێت. لە هەموو قوتابخانەیەکدا یاریگا و گۆڕەپانێکی وەرزش دروست بکرێت، هەموو بەرنامەی خوێندن بریتی دەبێت لە گەمە و وەرزشی لەش. لە دە ساڵی یەکەمدا تەندروستیی منداڵان پتەو دەکەین، هیچ پێویست بە چارەسەر ناکات. ژیانی بە ئیسراحەت و مەسرەف و لە سایەی تەمبەڵی و تەوەزەلیدا، مرۆڤ پێویستی بە دەرمان و چارەسەر دەبێت، چونکە لەو کاتانەدا سك دەئاوسێ و با دەکات، سەرما و هەڵامەتیش تووشی مرۆڤ دێت. سیستەمی ئێستای چارەسەر کردنمان ئازاربڕە و تا ئەوپەڕەکەی نەخۆشیمان لێ دوور دەخاتەوە، بەڵام شیفای نەخۆشی نادات، ئەمەش ئاکامی ژیانی دەوڵەمەندی و تەمبەڵییە. دارتاش کاتێك نەخۆش دەکەوێت داوا لە



نوژدار دەکات دەرمانێکی بەکاری بە پەلە بداتێ، بۆ رشانەوە یا سك چوون یا پاقژکەرەوەیەکی بداتێ یا داخی بکات یا نەشتەرگەریی بۆ بکات. بەڵام گەر کەسێك پێی بڵێ کە دەبێ سیستەمێکی درێژخایەنی خۆپاراستن پەیڕەو بکات، یاخود سەری ببەستێ و بپێچێ، یا شتی دیکەی لەم بابەتە. ئەو یەکسەر بەرسڤ دەداتەوە کە کاتی بە دەستەوە نییە بۆ نەخۆشییەکی ئاوها درێژخایەن، چونکە کارەکەی ئەو بوارەی نادات و رۆژ بەرۆژ بژێوی ژیانی پەیدا دەکات. هەروەها چێژێك لەو جۆرە ژیانەی نابینێت کە بە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەیەوە بەسەری ببات و دەبێتە مایەی فەرامۆش کردنی کارەکەی. بۆیە ئەو واز لەو جۆرە نوژدارانە دەهێنێت و پشتیان تێ دەکات و بە شێوەیەکی ئاسایی دەست بە خواردن دەکاتەوە. بەم جۆرە یا چاك دەبێتەوە و دەژی و درێژە بە کارەکەی دەدات، یاخود تەندروستیی خراپتر دەبێت و دەمرێ و پاك دەبێتەوە. ئێمە ناتوانین گەل یا کۆمەڵگایەك لە نەخۆش و بێهێزو خۆنەخۆشکەر پێك بهێنین.

جا خۆ هەر وەرزش و مەشقی لەشیش بەس نییە، چونکە وا لە مرۆڤ دەکات گەلێ زبر بێت. جا چۆن دەکرێ تەبیعەتێکی نەرم و نیان و ئازایەتییەکی زۆر لە یەك کاتدا بەدی بهێنین؟ وەك پێ دەچێ ئەم دوو پەسنە، واتە ئازایەتی و نەرم و نیانی دوو تەبیعەتی پێك ناتەبان. هەڵبەت ئێمە خوازیاری گەلێك نین کە لە قورسایی هەڵگرو پاڵەوان و وەرزشوانانی خودان میدالیا پێك هاتبێت، رەنگە مۆسیقا ئەم گرفتەمان بۆ چارەسەر بکات، چونکە رۆح لە مۆسیقاوە فێرە ریتم و گونجان و بەرابەری و دادپەروەری دەبێت. کەسێکیش کە بە شێوەیەکی هاوسەنگ و یەکسان پێگەیەندرا بێت، ناکرێ زاڵم دەربچێت. وا نییە گلاوکۆن؟ جا نهێنی لەوەدا چییە کە بەم شێوەیە مەشقی مۆسیقا بەکارە؟ نهێنییەکە لەوەدایە کە ریتم و هاوگونجاویی مۆسیقا رێی خۆیان بەرەو حەشارگەکانی رۆح دەدۆزنەوە، جوانی و سەنگ و رێکیو پوختی لە ئامێزی بزووتنیان دەگرن و رۆح ناسك و زراڤ و ئێسك سووك دەکەن. مۆسیقا ئاکار جوان دەکات و لە بڕیاردانی پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیشدا بەشدار دەبێت. داموون پێی راگەیاندم و بە تەواویش باوەڕم بە قسەکەی هەیە، کە هەر کاتێ فۆرم و شێوازەکانی مۆسیقا بگۆڕێن، یاسا بنەڕەتییەکانی دەوڵەتیشی لەگەڵدا دەگۆڕێت.

دانیال ئۆکنیل دەڵێ (لێم گەڕێ با گۆرانییەکانی گەل بنووسمەوە و گوێم لەو کەسە نییە کە یاساکانی بۆ دادەنێت).

مۆسیقا بەنرخ و بەهادارە نەك لەبەر ئەوەی ناسکی بە هەست و ئاکار دەبەخشێت، بەڵکو لەش ساغی دەپارێزێت و تەندروستی دەگێڕێتەوە. هەندێ نەخۆشی هەن تەنیا لە ڕێی عەقڵەوە (ڕۆح) چارەسەر دەکرێن، بەم جۆرە قەشەکە توانیی ئەو ژنانە چارەسەر بکات کە تووشی هیستریا هاتبوون، لە ڕێی ئامێرێکی مۆسیقاوە کە دەیبزواندن و بەرەو سەما کردنی دەبردن، سەما کردنێکی وا کە لە هیلاکیدا بەردەبوونەوە، ئینجا بەرەو خەوتن دەچوون، کاتێکیش بەخەبەر دەهاتن چاك دەبوونەوە و تەندروستییان باش دەبوو، هەروەها لە نەخۆشییەکانیان ڕزگاریان دەبوو. مۆسیقا پەی بە چاوگەکانی نەستی مرۆڤ و عەقڵی دەبات و هێوریان دەکاتەوە، کە ڕیشاڵەکانی بلیمەتی لەو گۆشانەی ئاکار و هەستی مرۆڤدا بنجیان داکوتاوە. پیاو لە کاتی بێداریدا ناگاتە ڕاستی و پەی بە بینینی بێ پەردەی خودی بەر ئیلهام نابات، تەنیا لەو کاتانەدا نەبێت کە هێزی بیرکردنەوە لە کۆت و بەندی خەو و نەخۆشی و شێتی دایە، بۆیە بلیمەت برای شێتە. لێرەدا ئەفلاتوون بە شی کردنەوەیەکی بەرزی دەروونیدا تێپەڕ دەبێتو دەڵێ: دەروونی سیاسیمان پڕ لە کەموکوڕی و جێی سەرسوڕمانە، چونکە بە وردی لە مەیل و ئارەزووەکانی مرۆڤمان نەکۆڵیوەتەوە، بۆی هەیە خەون کلیل و چارەسەری ئەو مەیل و ئارەزووە پیس و تەفرەدەرانەمان بداتە دەست. وا باوە هەندێ لە مەیل و ئارەزووی دیاری کراو قەدەغەن. واش دیارە ئەو مەیل و ئارەزووانە لە هەموو مرۆڤێکدا هەن، بەڵام لە لای هەندێ خەڵك بە هۆی عەقڵ و یاسا، ئەو مەیل و ئارەزووانە دەستەمۆ کراون، بەوەی ئارەزووی چاکتر برەویان پەیدا کردووەو زاڵ بوون بە سەریاندا، کە یا ئەوەتا بە تەواوی خەفە کراون، یاخود لە تەوژم و ژمارەیان کەم کراوەتەوە. لە کاتێکدا ئەم مەیل و ئارەزووانە لە لای هەندێ کەس زۆرو فراوان و بەهێزن. لێرەدا بە تایبەتی مەبەستم ئەو ئارەزووانەیە کاتێك رادەبن و بەخەبەر دێن، هێزی هۆش و دەسەڵاتی ئاکار سڕەو لە خەودایە. ئەو دڕندە شەڕانی و بە زەبرەی لە نێو تەبیعەتمان دایە، کە شەیدای گۆشت و خواردنەوەیە، ڕاست دەبێتەوە و بە رووتی و ترسەوە ماخۆلان دەیگرێ، لەم تەبیعەتە تاوان و خراپەیەك نامێنێ نەیکات، هەرچەندە ناسروشتی و مایەی شەرمەزارییش بن، وەك داوێن پیسی و پڕدانە مەحرەم یا کوشتنی دایك و باوك. بەڵام گەر هاتوو مرۆڤ ساغلەم و میانڕەو بوو، ئاقڵانە و ئارام بەرەو خەوتن چوو، کە مەیل و ئارەزووەکانی میانڕەوانە و بێ زێدەڕۆیی و بە پێی پێویست تێرکرد کە بواری خەوتنی بدات، ئەو مرۆڤە کەمتر تووشی خەونی نادروست و خەیاڵەکانی دەبێت. ئەو دڕندە هارەی لە کاتی



نووستنماندا بەخەبەر دێت و ڕاست دەبێتەوەو لە دەروونی هەر هەموومان دایە، بە چاکترینی ئەو کەسانەش کە لە نێومان دان.

تەرازووی مۆسیقا بەخشش و ناسکی و تەندروستی بە ڕۆح و لەش دەبەخشێت، وێڕای ئەوە مۆسیقای زیاد لە پێویست بە چەشنی وەرزشی زیاد لە پێویست مایەی مەترسییە، هەروەك چۆن بە تەنیا پشت بەستن بە وەرزش مرۆڤ بەرەو دڕندەیی دەبات، بە تەنیا پشت بەستن بە مۆسیقاش زیاد لە پێویست مرۆڤ نەرم و نیان و بێ هێز دەکات. کەواتە هەر دەبێ وەرزش و مۆسیقا تێکەڵ بە یەکدی بکرێن، پاش تەمەنی شازدەساڵی دەبێ واز لە مەشقی مۆسیقا بهێندرێ، بەڵام سروود و ئایین و وەرزشی گشتی و هەڵپەڕکێی دەستەجەمعی بە درێژایی ژیان بەردەوام دەبن. مۆسیقاش بە تەنیا مۆسیقایەکی رووت نییە، بەڵکو بۆ پێشکەش کردنی فۆرمی جوان و شێوەی سەرنج ڕاکێش بەکار بێت، وەك ڕێ خۆش کردنێك بۆ هەندێ زانست کە برێ جار ئارەزووی قوتابیان نابزوێنن، وەك دیرۆك و زانست و بیرکاری، هیچ ئاستەنگێکمان لە بەردەمدا نییە کە ڕێ لە ئاسان کردن و خۆش کردنی ئەم زانستە زەحمەتانە بگرێت، بەوەی لە فۆرمی شیعردا پێشکەشیان بکەین و بە گۆرانی جوانیان بکەین. تەنانەت ئەوکاتیش نابێ ئەو زانستانە بەسەر ئەو کەسانەدا بسەپێنین کە ئەو زانستانەیان قبووڵ نییە و پێیان هەرس ناکرێت. بۆ ئەوەی ئازادیی ڕۆح بڵاوبێتەوە، پێویستە توخمەکانی فێرکردن لە تەمەنی منداڵیدا پێشکەش بە عەقڵ بکەین، بەڵام دوور لە زۆرو تۆبزی، چونکە مرۆڤ ئازادە، دەبێ لە بەدەست هێنانی زانینیشدا هەر ئازاد بێت، ئەو زانینەی بە زۆر دەسەپێندرێ لە نێو عەقڵدا خۆی ناگرێت. کەواتە زۆر و سەپاندن بەکار مەهێنن، با خوێندن لە قۆناغی سەرەتاییدا جۆرێك کەیف و سەفای لەگەڵدا بێت. ئەم شتە چاکتر دەسەڵاتی ئەوەتان دەداتێ کە پەی بە مەیل و ئارەزووی منداڵ ببەن.

جا گەشە کردنی عەقڵ لە جۆرە ئازادییەکی واداو بەهێز کردنی لەشیش بە وەرزش و هەوای سازگار و لە نێو هەموو جۆرە باخچە و شوێنێکی بەلاوەوە، دەوڵەتە نموونەییەکەمان بناغەیەکی فراوان و پتەوی دەروونی و جەستەیی بۆ دەستەبەر دەبێت، بە ڕادەیەك بۆ بەرەو روو بوونەوەی هەر توانست و پەرەسەندنێك ئامادە دەبێت. هەروەها دەبێ بناغەیەکی ئاکاریش ڕێك بخرێت، کە کەسانی نێو کۆمەڵ لە یەکێتیی یەکبوونێکدا گرد و کۆ بکرێنەوە. فێرە هاوکاری و یەکگرتن بکرێن، ئەمەشیان بۆ ڕوون بکرێتەوە، چەشنی خشتی دیوار بە یەکدییەوە گرێ دراون، هەروەها سەبارەت بە ئەرك و خێر و فەڕ و پەیوەستییەکان قەرزاری یەکدین.جا

ئێستا کە زانیمان خەڵك بە تەبیعەت مەیلی پەیدا کردنی سامان و ئیرەیی و تێرکردنی ئارەزووەکان و کێشە و ململانێ و ناوبانگیان هەیە، چۆن دەتوانین بیانهێنینە سەر ئەو باوەڕەی ئاکارێکی ڕێك و شایستە بنوێنن؟

ئایا بە زەبری لیسی پۆلیس دەگەینە ئەو ئامانجە؟ بە ڕاستی ئەمە شێوازێکە زبرو دڕندانە و ورووژێنەرە و زۆری تێدەچێت، جا شێوایێکی چاکتر هەیە، کە کۆمەڵگا ئایین و بڕوای هەبێت.

ئەفلاتوون لەو باوەڕەدایە گەر گەل باوەڕی بە خودا نەبێت بۆی نالوێ ببێتە گەلێکی بەهێز. خودایەکی تاك و تەنیا و خاوەن دەسەڵاتێکی رەهای گەردوونی، کە دەتوانێ ئەو وڵاتەی خواپەرستی بە سەریاندا زاڵ بووە، سەر لەنوێ ترسیان تێدا ببزوێنێت و وایان لێ بکات لە تەماح و چاو تێبڕیندا بە ئەندازە و میانڕەو بن و هەندێکیش جڵەوی ئارەزووەکانیان بگرن. کارەکە چاکتر دەبێت گەر هاتوو سەرباری باوەڕ هێنانمان بە خودا، باوەڕ بە ژیانێکی هەمیشەییش بکەین لەو دنیا. چونکە باوەڕهێنان بەو دنیا لە ڕووبەڕوو بوونەوەی مەرگدا چاو نەترسمان دەکات و لە مەرگی خۆشەویستانیشدا سەبووریمان دەداتەوە. هەڵبەت بە ئیمانەوە لە شەڕدا پشت ئەستوورتر دەبین بە پێچەوانەی ئەوەی کە سەلماندنی بوونی خودا یا ڕۆژی دواییمان لە لا ئەستەم بێت. بۆی هەیە پاش هەموو شتێ خودا ئەو نموونەیە بێت کە خۆشەویستی و هیوای ئێمە بەرجەستەی کردبێت. ڕۆح هەر چەشنی ئاوازی تارو تەمبوورە و لەگەڵ دەنگ و سەدای ئامێرەکەدا دێتەگۆ. وێڕای ئەمە ئەو ئیمان و بڕوایە زەرەرمان پێ ناگەیەنێت، بۆی هەیە سوودێکی زۆری هەبێت بۆ خۆمان و منداڵەکانیشمان، چونکە گەر هاتوو هەموو شتێکمان بۆ ئەقڵی سادەی ئەوان ڕاڤە و شی کردەوە، لە تەمەنی بیست ساڵییاندا بەرەو ڕووی کاتێکی سەخت دەبینەوە، کە خۆیان لە ئاست یەکەمین ئەزموونی ئەو یەکسانییەی خوێندندا دەبیننەوە. ئا لەم کاتەدا پرۆسەیەکی دژواری هەڵوارین لە نێوانیاندا دەست پێ دەکات کە بەزەیی و خاترانەی تێدا نییە. یاخود دەکرێ ناوی بنێین پاك کردنەوەو لە بێژنگ دانی مەزن کە دەخرێنە بەر ئەزموونەوە. ئەو ئەزموونە شتێکی سادەی وەك ئەزموونی قوتابخانەکان نییە، بەڵکو ئەزموونێکی تیۆری و کرداری دەبێت. لاوان ڕووبەڕووی ئەشك و ماندوو بوون و ئازار و ململانێ دەبنەوە، بەوەی بوار دەڕەخسێ و فرسەت دێتە پێش بۆ ئەوەی بەهرەدار و خاوەن تواناکان بەهرە و تواناکانیان دەربخەن. هەروەها ڕۆشنایی دەخاتە سەر تەمبەڵ و تەوەزەل و بێهێزەکان و بڕیاریان دەرهەق دەدات. ئەوانەی لەم ئەزموونەدا دەکەون و سەرناکەون، بەرەو کەرتەکانی ئابووریی وڵات ڕەوانە دەکرێن و دەبنە سەرمایەکار و نووسەر لە نێو



فەرمانگەکانداو دەبنە کرێکار لە کارگەو کێڵگەکاندا. ئەزموونەکە دادپەروەرانە و دوور لە خاترگیری دەبێت، بە خۆمانە خۆمانە و قۆزتنەوەی فرسەت چارەنووسی کەسان دیاری ناکرێت، کە ئایا بکرێنە کشتیار یا فەیلەسووف، چونکە لەم هەڵبژاردنەدا ئەوە ڕەچاو دەکرێت کە لە دیموکراتیەت دیموکراتیتر بێت.

ئەوانەی لەم یەکەم ئەزموونەدا سەردەکەون، دە ساڵی دیکە دەچنە بەر فێربوون و مەشقی لەش و ئەقڵ و ئاکار. دوای ئەوەی دەچنە نێو ئەزموونێکی دیکەی لەوی یەکەم گەلێ زەحمەتتر، ئەوانەی لەم ئەزموونی دووەمەدا دەکەون، دەبنە یاریدەدەر و یاریدەدەری جێبەجێکار یا ئەفسەری سوپا لە نێو دەوڵەتدا. لەم پاکسازی و هەڵوارینی پەیوەست بەم ئەزموونەدا پێویستمان بە بەکارهێنانی گشت هۆو دەستەندووەکانی ڕازی کردن دەبێت، بۆ ئەوەی کەوتووانی ئەم ئەزموونە ڕازی بکەین بە ئاشتی و خۆشنوودییەوە چارەنووسی خۆیان لە لا پەسند بێت، چونکە چ شتێك هەیە ڕێ لەو زۆرینەیە بگرێت، کە لە دووەمین ئەزموونیدا کەوتووە، گەر دەست بداتە چەك و دەوڵەتی نموونەیی تەفر و توونا بکەن و بیکەنە کاولگەی پاش ئاوەدانی؟ هەروەها چ شتێك هەیە ڕێیان لێ بگرێت کە دنیایەك دروست بکەنەوە و، دووبارە تەنیا هێز و ژمارە تێیدا حوکمڕان بێت؟ کە بەیت و باڵۆرەی دیموکراتییە پووچ و ساختە و بێ ناوەڕۆکەکە خۆی دووبارە دەکاتەوە. لەم حاڵەتەدا ئایین و بڕوا تەنیا چارەسەر دەبێت، وا بەو تۆلاز و لاوە تازە پێگەیشتووانە ڕادەیەگەنین کە ئەو بابەت و بەشانەی تێیدا کەوتوون قیسمەتو ویستی خوداییە، هەر ئەویش پێی ڕەوا دیتوون و کارێکی بڕاوەیە و پاشگەز بوونەوەی تێدا نییە، ئینجا باسی جۆرەکانی کانزایان بۆ دەکەین. هاووڵاتیان ئێوە هەموو برای یەکن، وێڕای ئەوە خودا چون یەك دروستی نەکردوون. هەندێك توانای سەرکردەییان هەیە و خودا لە زێڕ دروستی کردوون، ئەمانە تاجی جاویدانی لەسەر دەنێن. هەندێکیش لە زیو دروستی کردوون بۆ ئەوەی کاری یاریدەدەری ڕاپەڕێنن، ئەوانی دیکەشی لە مس و ئاسن دروست کردووە، کە جووتیار و کشتیار و کرێکارن. لەبەر ئەوەی هەمووتان لە خانەوادە ڕەسەنەکەن، دایبابی زێڕین بۆی هەیە منداڵێکی زێڕینیان ببێت، دایبابی زیوینیش بۆی هەیە هەندێ جار منداڵێکی زێڕییان ببێت. خودا دەفەرموێ.. گەر هاتوو ڕۆڵەی دایبابی زێڕین یا دایبابی زیوین لە تێکەڵەی ئاسن و مس بوو، جا لەو کاتەدا سروشت وا دەخوازێت پلەگۆڕی بکرێت، دەسەڵاتداری زێڕینیش نابێ بە چاوی بەزەییەوە بڕوانێتە کوڕەکەی بەوە پلەکەی دابەزیوە و بووەتە جووتیار یا پیشەکار، هەروەك چۆن کەسانێك لە چینی کرێکار و ڕەنجدەرانەوە

بۆ چینی دەسەڵاتدار و یارمەتیدەران هەڵدەکشێن. چونکە خودا دەفەرموێ: کاتێك پیاوانی لە مس و ئاسن دروست کراو ئەرکی پاراستن و پاسەوانیەتیی دەوڵەت لە ئەستۆ دەگرن، ئەوە چارەنووسی ئەو دەوڵەتە خاپوور بوونە.

بەجۆرە ئەفسانەیەکی شاهانەی وا دەکرێ بتوانین ڕەزامەندیی وەچەیەك بەدەست بهێنین بۆ پاڵپشتی کردن لە پلانەکەمان، بەڵام ئاخۆ ئێستا چارەنووسی ئەو بەختەوەرانە چی دەبێت کە لە گشت قۆناغە دوا بەدوای یەکەکانی ئەم ئەزموونە دەرچوون؟

ئێستا فەلسەفەیان فێر دەکەین، ئەوان گەیشتوونەتە تەمەنی سیساڵی. دانایییەك لەوەدا نییە کە لە تەمەنێکی زوودا ڕێی ئەوەیان پێ بدەین تامی شیرین فەلسەفە بکەن. پیاوانی تازە هەڵچوو کاتێ تامی فەلسەفە دەگاتە دەم و زاریان، هەر بۆ ڕابواردن قسە و گفتوگۆ دەکەن، بە زۆرییش لە گۆشەی لاری بوون و بەرپەرچ دانەوەدان... هەروەك توولە خۆشییان بەوە دێت کە ئەوەی لێیان نزیك بێتەوە پەلاماری دەدەن و قەپی لێ دەگرن و ڕایدەکێشن. ئەم فەلسەفە خۆش‌و شیرینە دوو شت دەگەیەنێت، یەکەم بە ڕوون و ڕەوانی بیر بکەینەوە کە میتافیزیکە یا (گەڕان بە دوای دوایین ڕاستەقینەی بنچینەییدا)، دووەم بە دانایییەوە حوکمڕانی بکەین کە ئەمیش کرۆکی سیاسەتە. بۆیە پێویستە هەڵبژاردەی لاوەکانمان فێربن بە ڕوونی بیر بکەنەوە. لە پێناو ئەو مەبەستەشدا دەبێ بنەماکانی ئایدیا (نموونە) بخوێنن، بەڵام خەیاڵ و هەستی شاعیرانەی ئەفلاتوون بنەماکانی ئایدیای کردووەتە بابەتێکی نادیاری بە ئارایشت و زەخرەفە، قوتابیی تازە سەرسام دەکات و دەیشڵەژێنێ و ورەی دەڕووخێنێ. لەوانەیە ئەزموونێکی زەحمەتیش بێت بۆ گشت ئەوانەی لە سەرجەم ئەزموونە زەحمەتەکانی ڕابردوودا سەرکەوتن. لەوانەیە نموونە لە شتێك (نموونەیەکی گشتی) بێت بۆ چین و جۆری ئەو شتە (نموونەی کاوە یا دلێر یا هێمن ئەوەیە مرۆڤن).. یا بۆی هەیە نموونەی شتێك ببێتە یاسایەك یا چەند یاسایەك کە شتەکان بەپێی ئەو (یا ئەوان) کار دەکەن و هەڵدەسووڕێن. لەوانەشە دوا ئامانج و نموونەش بێت کە شت و جۆر ئاراستەی ئەو لە پەرەسەندندا بن، خۆ دەکرێ هەر هەموو ئەم شتانە، بیرۆکە، وێنەی زەینی، هەروەها یاسا یا نموونەی باڵا بن لە پشت ڕووەکەشی دیاردە و دەرکەوتەکانی بەرهەستماندا، ڕێساو یاساگەلی گشتی هەیە، هەروەها گەلێ ئاراستە و ڕەوتی پەرەسەندنیش هەیە کە هەستەکانمان درکیان پێ ناکات، بەڵام دەکرێ ئەقڵ و هزر بێنە ئیدراك کردن. ئەم بیرۆکە و یاساو وێنە ئەقڵییانە گەلێ نەمر و هەمیشەیین، بۆیە ئەوان لەو شتە تایبەتانەی هەستەکانمان درکیان پێ دەکات ڕاستەقینەترن، ئەو شتە نەمرانەش هەر



بەهەشتەکان وێناو گەڵاڵەیان دەکەن. مرۆڤ لە کاوە و دلێر و هێمن پتر دەژی و نەمرترە. ئەم بازنەیە بە جووڵەی قەڵەمەکەم دروست دەبێت، کەچی کاتێك بە لاستیك ڕەشی دەکەمەوە بازنەکە نامێنێ، بەڵام وێنە و بیرۆکەی بازنەی ڕاستەقینە بۆ هەتاهەتایە هەر دەمێنێ، ئەم دارە دەڕوێ و دەشکەوێ، بەڵام ئەو یاسایەی بڕیار دەدات کەی و، چۆن و، بۆ... تەنەکان دەکەون؟ سەرەتایەکی نییە، ئەو یاسایە هەبووە و هەیەو هەر دەبێت. وەك سپینۆزای فەیلەسووف دەڵێ دنیایەك شت هەیە و هەستەکان درکیان پێ دەکەن، دنیایەکیش یاسا هەیە بە هزر پێی دەگەین و دێتە بەر ئاکام (ئیستینتاج). ئێمەش یاسای ڕاکێشانی زەوی نابینین بەڵام لێرە و لە هەموو شوێنێکدا هەیە، هەروەها بەر لە پەیدابوونی شتان و دوای نەمانی ئەوانیش ئەم یاسایە هەر هەبووە و هەر دەمێنێ. پردێکمان لەبەر چاوە، دیدە سەد ملیۆن تەن تێکەڵەی چیمەنتۆ و لم و ئاسن دەبینێ و درکی پێ دەکات، بەڵام ئەندازیارێك بە دیدەی ئەقڵ بوێری و ڕێکخستنی وردکارانەی گشت ئەو ماددانە بەدی دەکات سەبارەت بە یاساکانی میکانیك و ئەندازە و بیرکاری، ئەو یاسایانەی پێکەوەنان و دروست کردنی گشت پردە پتەوەکانی لەسەر ڕۆدەنرێت. جا گەر پەرژینی حورمەت و سنووری ئەم یاسایانە ببەزێندرێ، ئەوە پردەکە دەڕمێ و دەڕووخێتە نێو ئاوی ئەو ڕووبارەی پردەکەی لەسەر ڕۆنراوە. یاساکان لە پلە و پایەی یەزداندان کە بە هەردوو دەستی پردەکەی گرتووە. ئەرستۆ ئاماژەی بەم شتە کردووە کاتێك گوتوویەتی: مەبەستی ئەفلاتوون لە نموونە هەمان مەبەستی فیتاگۆرسە لە هەمبەر ژمارە، کە دەڵێ ئەم جیهانە جیهانی ژمارەیە (هەروەك پێدەچێ مەبەستی ئەوە بێت کە جیهان بە یاساکانی بیرکاری بەڕێوە دەچێت)، پلوتارك پێمان ڕادەگەیەنێت کە خودا بە بڕوای ئەفلاتوون چەشنی ئەندازیارێکی نەمرە، هەروەك سپینۆزا هەمان بیرۆکەی گەڵاڵە کردووە، کاتێك دەڵێ: خودا و یاساکانی کار و بنیاتنان یەك ڕاستی و یەك شتن. بیرکاری لە لای ئەفلاتوون و برتراند فەیلەسووفی بەریتانی چون یەکە و بە بەراییەکی پێویست و پەیوەستی فەلسەفەی دەزانن، هەروەها بە باڵاترین شێوەی فەلسەفەشی دەزانن. لەسەر دەرگای ئەکادیمیاکەیدا ئەفلاتوون ئەم ڕستەیە نووسی بوو (لێ نەگەڕێن کەسێکی بیرکاری نەناس بچێتە ژوورەوە).

بەدەر لەو بیرۆکە و سیستەم و یاساو وێنە گشتیانە، دنیامان هەر بەچاوی منداڵێك دێتە بەر زەین کە تازەو بۆ یەکەمین جارە چاو هەڵدێنێ، یەك پارچە هەست و بەرهەستی بێ ڕەنگ و بێ واتا، چونکە تەن و شتەکان پاش ئەوەی ڕێك و پوخت پۆلێن دەکرێن، ئەوجا بەرگی واتا

دەپۆشن، هەروەها پاش ئەوەی ئەو یاسایانەش دادەندرێن، کە بە ئامانج و مەبەستەکانیانەوە نەخشی کارایان هەیە لە دیاری کردنی واتای شتاندا. جیهان دوور لەم یاساو رێسایانە هەر چەشنی دەستەیەك پارچە کاغەزی ناونیشانی کتێبان وایە، کە بەر لە رێکخستن و پۆلێن کردنیان، کەوتوون و لەو ناوە پەرش و بڵاو بوونەتەوە. دنیا چەشنی سێبەری نێو ئەشکەوتی لێ دێت، بە بەراورد لەگەڵ راستییەکانی بەر تیشکی هەتاو، کە سێبەر و سایە چەشنی تارمایی ئاراستەی نێو ئەشکەوتەکە دەکەن. گەوهەری هەر پەروەردە کردنێك بریتییە لە گەڕان بەدوای ئەو بیرۆکە و یاسایانە، پێویستە ئێمە پەیوەندی و واتاو رێچکەبەندی و یاساکانی ئەو شتانە بدۆزینەوە، چونکە وێنەی گشتی و بیرۆکە و یاساو جۆرەکانی پەرەسەندن لە پەنای ئەو شتانەدا خۆیان مەڵاس داوە، هەروەها ئەو کار و ئامانجەی کاری بۆ دەکات یا پەردەپۆشی دەکا، ئەزموونی هەستەکانمان دەبێ لە بۆتەی یاساو مەبەستێکدا رێك و پوختە بکەین، ئەم شتەش پێوەری جیاوازیی نێوان دەبەنگێك و هۆشی قەیسەرە.

زۆر چاکە، پاش پێنج ساڵ مەشق لەسەر بیرۆکەی نموونە ئاڵۆز و نادیارەکان، هونەری وێناکردن و مەزەندە کردنی فۆرمی گرنگ و توانای نموونەیی لە نێو شلەژان و سەرکێشییەکانی هەستدا بزاندرێ، پاش پێنج ساڵ لە پیادەکردنی ئەم بیرۆکەیە لە ئاکاری مرۆڤ و بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا. ئەوە پاش ئەو ئامادە کردنە دوور و درێژەی هەر لە تەمەنی منداڵی و لاوییەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن لە سی و پێنج ساڵیدا، ئایا ئەو پیاوانەی ئێستا بەرگی کەماڵیان پۆشیوە، شایستەی ئەوەن گرنگترین فەرمان و ئەرکەکانی حکوومەت بەڕێوە ببەن لە کاتێکدا ئەوان لە دوا قۆناغدا گەیشتوونەتە پلەی ئەو فەیلەسووفەی ئامادەیە حوکمڕانی بکات و توخمی مرۆڤیش ئازاد بکات.

مخابن کە تا ئێستا بە تەواوی پێنەگەیشتوون، هێشتا کەموکوڕی لە فێرکردنیاندا هەیە. پاش ئەو هەموو مەشق و فێرکردن و هەڵوارینە و دوور و درێژەی لە ئاستیدا تیۆری کرا، ژیان وا پێویست دەکات شتی دیکە بخرێتە سەر بەرنامە تیۆرییەکەیان، یا بە قسەیەکی روونتر، لێ بگەڕێین خاوەن دکتۆراکانی فەلسەفە لە لووتکەی فەلسەفەوە دابەزنە نێو ئەشکەوتی دنیای خەڵك و شتان، چونکە بنەمای روون و گشتی... خۆبەخۆ هیچ نرخێکی نییە گەر لەنێو دنیای سەرتاسەر و یەك پارچەدا تاقی نەکرێتەوە، یا لێ بگەڕێین قوتابیانمان دوور لە رەحم و بەزەیی هەڵکێشان بچنە نێو ئەو جیهانەوە، با لەگەڵ سەرمایەگوزار و کارگوزارانی مێشك وشك و خۆپەرستدا بکەونە ململانێ، هەروەها لەگەڵ بۆرە پیاوی لە ئاسن و مس ململانێ بکەن. لەم



بازاڕی ململانێیەدا راستەوخۆ لە کتێبی ژیانەوە شت فێر دەبن، پەنجەکانیان ئازار دەدەن و لە هەمبەر راستییە تاڵەکانی ژیان ریشی فەلسەفەی خۆیان دەخورێنن. بە ئارەقەی نێوچەوان نان و کەرە پەیدا دەکەن. ئەم ئەزموونە هەرە سەختە، ماوەی پازدە ساڵ و دوور لە بەزەیی، درێژە دەکێشێ، لە بن باری ئەو پاڵەپەستۆ سەختەدا، هەندێ بەرهەمی تەواو و بەدەست هاتوومان هەرەس دێنن، دوایین شەپۆلی لە بێژنگ دان و هەڵوارین نقومیان دەکات. ئەوانەی لەم ئەزموونەشدا سەردەکەون و تەمەنیان دەگاتە پەنجا، کە پاش ئەوەی باری سەختی ژیان، فیز و خۆ بەزل زانینیان لە لا ناهێڵێ، دەبنە مرۆڤی داناو پشت بەخۆ بەستوو، ئێستا هەموو ئەو پەندانەیان بەدەست هێناوە کە ئەزموون و دابونەریت و رۆشنبیری و شارستانیەت بۆیان دەڕەخسێنێ، ئەمانە خۆبەخۆ دەبنە دەسەڵاتدارانی دەوڵەت.

## ٨- چارەسەری گرفتی سیاسی:

دیموکراتیەت خۆبەخۆ و بێ ریا، واتە دەنگدان و هەڵبژاردن، هەروەها واتە دەستەبەر بوونی یەکسانییەکی بێ کەموکوڕی بۆ هەمووان، لەزگین یا چالاك بە نۆرەو دوابەدوای یەك ببنە کاربەدەست، بەڵکو هەموو کەسێك، بە یەکسانی بواری ئەوەی هەبێت، بۆ لە ئەستۆ گرتنی فەرمانە قورسەکانی حکوومەت، خۆی پێبگەیەنێت. هەڵبەت ئەوانەی شایستەیی خۆیان و پتەویی کانزاکەی خۆیان دەسەلمێنن و لە گشت ئەزموونەکاندا میداڵی جەلەنگی بەدەست دەهێنن، مافی خۆیانە حوکمڕانیی وڵات بکەن. بەوەی بە دەنگدان و هەڵبژاردن کارمەندە گەورەکانی دەوڵەت دەست نیشان ناکرێن، هەروەها بەپێی پارتە سیاسییەکانیش ئەو کارمەندانە دەست نیشان ناکرێن، چونکە ئەو پارتانە بە پەنهانی گەمە و نمایشەکانی دیموکراتیەت بەڕێوە دەبەن. بەڵکو دەست نیشان کردنی ئەوان بەپێی تواناکانیان دەبێت، کە لە دیموکراتیەتێکی بنەڕەتیدا سەلماندوویانە کە یەکسانییەك بۆ تێکڕای کەسانی نەژادێك دەستەبەر کراوە. هەروەها رێ بە هیچ کەسێك نەدرێ پلە و پایەی بگرێتە دەست، بەر لەوەی مەشقی تایبەتی نەکرد بێت و خۆی بۆ ئامادە نەکرد بێت، ناشبێ پلەی گەورە بدرێتە کەسێك تاکو ئەو کەسە لە پلەی بچووکتر سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابێ.

ئایا ئەمە ئورستوکراتیەتە؟ ئەرێ، پێویست ناکات لە گوتنی بسلەمینەوە، مادام ئەو راستییەی ئاماژەی بۆ دەکات باش و پەسندە. دەمانەوێ داناترین پیاو ببێتە دەسەڵاتدارمان، کە پڕ بە پێستی پەیڤی ئورستوکراتین. ئایا کوشتە و پەرۆشی ئەوە نین کە چاکترین پیاو ببنە

دەسەڵاتدارمان؟ بەڵام وا راهاتووین مەزەندە ببەین کە حوکمی ئورستوکراتی حوکمی پشتاوپشتە، یا بە وردی لە شتەکە بڕوانین کە ئورستوکراتیەتەکەی ئەفلاتوون لەم جۆرە نییە و پشتاوپشت ناکات. ئورستوکراتیەتێك وا چاکە پیاو پێی بڵێ ئورستوکراتیەتێکی دیموکراتی، چونکە گەل لە بری ئەوەی کوێرانە یەکێ لەو ناشیانە هەڵبژێرێت کە پارتە سیاسییەکان بە دامەزراندن و پاڵاوتن رەپێشیان دەخات، هەر تاکە کەسێکی گەل لە ئورستوکراتیەتێکدا دەکرێ خۆی بپاڵێوێ و دەرفەتێکی یەکسانی فێربوونیش بەدەست دەهێنێت، فێربوونێك کە تێیدا بەدەست هێنانی پلە و پایە بە شێوەی هەڵبژاردنی خۆڕسك و ئاساییانە دەبێت. لەم ئورستوکراتییە دیموکراتییەی ئەفلاتووندا نە سیستەمی چینایەتی هەیە و نە پایە و دەسکەوتیش بە میرات، هەروەها هیچ بەربەست و لەمپەرکیش لە بەردەم بەهرەی قوتابییانی هەژار و کەم دەرامەتدا نییە. کوڕی دەسەڵاتدار هاوشانی کوڕی قاپشۆر دەست بە خوێندن دەکات. گەر هاتوو کوڕی دەسەڵاتدار دەبەنگ بوو، ئەوە لە یەکەمین ئەزمووندا دەکەوێت و گەر کوڕی قاپشۆریش توانای خۆی بەرجەستە کرد، ئەوە دەرگای بە رووودا واڵا دەکرێت بۆ ئەوەی ببێتە دەسەڵاتدار. فەرمان و پلەو پایە لە پێشوازیی بەهرەکان دایە لە هەر شوێنێکدا بن... یا لە هەر کوێ لە دایك بووبن. ئا ئەمەیە دیموکراتیەتی فێربوون و قوتابخانەکان، کە سەد جار لە دیموکراتیەتی سندووقەکانی دەنگدان پیرۆزتر و بەکارترە.

بەم جۆرە پاسەوانانی دەوڵەت و دەسەڵاتدارانی لە گشت کارێ دوور دەکەونەوە و خۆیان بە تەواوی بۆ پاراستنی ئازادیی دەوڵەت تەرخان دەکەن... خۆیان بەو کارەوە پەیوەست دەکەن، هەرگیز خۆیان بە هیچ کارێکەوە سەرقاڵ ناکەن، کە لەگەڵ ئەم ئامانج و مەبەستەدا یەك نەگرێتەوە. دەستەی راپەڕاندن و یاسادانان و دادوەری لەوان پێك دێت، لە گۆڕینی بارودۆخدا یاساکانیش نابنە کۆت و بەندێك بۆ ئەوان، بە زیرەکی و داناییەکی نەرم و نیانەوە، حوکم هەڵدەسووڕێنن، کە یاساو دەستوورو رابردوو قۆڵبەستیان ناکات.

بەڵام ئاخۆ دەسەڵاتدارێکی تەمەن پەنجا ساڵ ئەقڵێکی کراوە و رەفتارێکی نەرم و نیانی دەبێت؟ ئایا جێی مەترسی نییە کە رۆتین و کاری دووبارەوە بوو کار لە هزری کراوەی بکات و بەرەو وشك بوونەوەی ببات؟ ئادیمانتوس (کە لە گفتوگۆیەکی نێو ماڵی ئەفلاتووندا کەوتە گومانەوە) رەخنەی گرت و گوتی: ئەم فەیلەسووفانە یا گێلن یا فێڵباز، کە حوکمێکی کەچ یا خۆپەرستانەی وڵات دەکەن، یا لە یەك کاتدا حوکمێکی کەچ و خۆپەرستانەی وڵات دەکەن! ئەوانەی ژیانی خۆیان بە فەلسەفە بەخشیوە، کە نەك هەر ژیانی لاوێتی بەڵکو ساڵانی گەورە



بوون و پێگەیشتنیشیان هەر بۆ خوێندن تەرخان کردووە، ئەمان لە ژیانێکی زۆر سەیرو سەمەرەدا گەورە دەبن، بە هۆی دابڕانیان لە خەڵك و خەریك بوونیان بە خوێندنەوە، لە ئاکامدا کۆمەڵ بە دەگمەن سوودیان لێ دەبینێ.

بۆی هەیە ئەم پەسنە شایستەی هەندێ فەیلەسووفی نوێ بێت. بەڵام ئەفلاتوون وای بەرسڤ دایەوە، بەوەی لە هەمبەر ئەم گرفتەدا ئامادەکاریی هەیە، کە لە دیماهیدا ئەوان نەك هەر دەبنە مەردمی هزر و بیر، بەڵکو دەبنە مەردمی کار و بەرهەمیش... مەردمگەلێکن بۆ ئامانجی بەرز و ئاکاری جوامێرانە ئامادە کراون، ئەزموونی دوور و درێژیان بینیوە. فەلسەفە لە لای ئەفلاتوون زانست و هونەری کاریگەر و داناییەکی ئاوێتە بە کاروباری ژیانە، نەك میتافیزیکێکی بەند و داخراوی دوور لە کار و کردار.

سەبارەت بە ئیفلیجی و ناتوانایی یا فێڵ و سەختەکاری، بۆ ئەوەی دەسەڵاتدار و پاسەوانی دەوڵەت لەم دەردانە بپارێزین، سیستەمێکی سۆسیالیان بۆ دادەمەزرێنین، کە بەدەر لەوەی زۆر پێویستە بۆ ژیانیان، موڵك و سامانیان نابێت، هەروەها کۆشك و تەلاری شوورەبەندیان نابێت کە لە کەسانی دی قەدەغە بێت. هێندەی پێویستی ساڵانەی ئەوان خۆراکیان پێ دەدرێت نەك زیاتر، چەشنی سەربازانی لەشکرێك کە دلێر و پڕ مەشقن و بە ئەندازەی پێویست خۆراك و خەرجی وەردەگرن، بە هاوبەشی ژەمە نانەکانیان دەخۆن، هەر چەشنی سەربازانیش ژیانێکی هاوبەش بەسەر دەبەن. پێیان رادەگەیەنین کە لە خوداوە زێڕ و زیویان پێ دەگات. پیرۆزترین کانزا هەر لە خۆیان دایە و پێویستیان بەو کانزایەی زەوی نییە کە خەڵك بە ناوی زێڕەوە ئاڵوێری پێ دەکات، هەروەها نابێ ئەو شتە پیرۆز و خوداییە بەو تێکەڵەیەی زەوی پیس بکەن، چونکە ئەم زێڕە بووەتە سەرچاوەی گەلێ کاری ناپیرۆز. کەچی ئەو زێڕەی لە ناخیان دایە و خودا بۆی هەڵبژاردوون، نە پیس دەبێت و نە گەرد دەگرێت. ئەوان بەدەر لە هەموو خەڵکی نابێ سەودا بە زێڕ و زیوەوە بکەن و نابێ دەستیشی لێ بدەن، هەروەها نابێ بیکەنە خشڵ یا لەبەری بکەن و بە خۆوەی بکەن، هەروەها بۆیان نییە لە قاپ و قاچاغی زێڕ و زیودا خواردن و خواردنەوە بخۆن. رزگار بوونی خۆیان و دەوڵەتیش لەمە دایە. بەڵام گەر سامان و موڵك و ماڵیان هەبوو، ئەوکات دەبنە جووتیار و ماڵدار و بە هەڵسووڕاندنی موڵك و سامانەوە خەریك دەبن نەك پاراستن و هەڵسووڕاندنی کاروباری دەوڵەت. جا لە بری ئەوەی یار و یاوەری هاووڵاتیان بن... دەبنە دوژمن و ملهوڕ، قین لە دڵ و مایەی قینی خەڵك، خەریکی پیلانگێڕی

دەبن و پیلانگێڕییان لێ دەکرێت، لە ژیاندا تووشی ترس و تۆقاندن دەبن، دوژمنانیان لە ناوخۆدا پتر دەبێت تا لە دەرەوە، خۆیان و وڵاتیش هەرچی زووتر بەرەو وێرانی دەبەن.

ئەم جۆرە سیستەمانە ڕێ لە دەسەڵاتدار و پارێزەرانی دەوڵەت دەگرن کە پلە و پایە بۆ بەدەست هێنانی سامان و دەسکەوتی ماددی بەکار بهێنن. هەروەها گەر پلە و پایەی خۆیان پێش خست و بەرژەوەندیی چینەکەی خۆیان بەسەر بەرژەوەندیی گەلدا سەپاند. (هەروەك لەم ڕۆژگارەدا حیزبە سیاسییەکان دەیکەن) تووشی مەترسی دێن. ئەم سیستەمە بە جوامێری و بە شێوەیەکی مام ناوەندی لە نەداری دەیان پارێزێت، کە ساڵانە تەنیا پێداویست و شتی پێویست بۆ ژیان و گوزەرانیان پێ دەدرێت، بەم جۆرە لە نەداری و هەژاری و خەمەکانی بژێویی ژیان بە دووریان دەخەینەوە. هاوکات ئەم سیستەمە پەردەیەك دەخاتە نێوان ئەوان و تەماحی سامان و دارایی و چاوبرسێتی و قرچۆکی و پیسکەیی و نەفس نزمی. هەمیشە تەنیا ئەوەی بۆ ژیان و پێداویستی ئەوان زەروورە، دەخرێتە بەر دەستیان هەروەك کاهینانی دێر هەموو پێکەوە نان دەخۆن، وەك سەربازان پێکەوە و لەگەڵ یەکدا بە سادەیی دەنوون، هەروەك فیتاگۆرسیش دەڵێ: برادەران دەبێ لە هەموو شتێکدا هاوبەش بن. بەم جۆرە دەسەڵاتەکەیان پاکژ دەکەینەوە و ژەهریشی لێ دوور دەخەینەوە، ئەوکات تەنیا پاداشتی ئەوان شەرافەتمەندی و خزمەت کردنی گەلە. وەك پیاوانێك هەر لە سەرەتاوە بەو مەبەستە پێگەیەندراون، کە بەو ئەرك و فەرمانانە ڕازی بن، کە دەسکەوتێکی دیاری کراوی دارایی بە دواوەیە. بە هۆی ئامادە کردن و مەشقی چوست و دوور و درێژەوە، لە کۆتاییدا فێر دەبن کە ڕێز لە بەهاو ناوبانگی دەسەڵاتدارێکی ئیداری بگرن و، بە لایانەوە گرنگتر بێت لە مووچە و دەسکەوتی پیاوانی سیاسەت کە شەیدای پلەو پایە و کورسین و، قازانج و دەسکەوتی گەورەی لێ دەکەن. جا بە دەرکەوتنی ئەم فەیلەسووفانە کە ئەفلاتوون بۆ پاراستن و حوکمڕانیی دەوڵەت ئامادەی کردوون، کێشە و ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکان کۆتایی پێ دێت، کە لەم ڕۆژگارەدا گەلێ دەوڵەت بە دەستییەوە دەناڵێنن.

بەڵام ئاخۆ هەڵوێستی ژنانی ئەم فەیلەسووفانە لە ئاست ئەم جۆرە ژیانەدا چۆن دەبێت؟ ئایا چاوپۆشی لە ناز و نیعمەتی ژیان و ئارایشت و جوانکاری و خۆشییەکانی دەکەن؟ ئەم دەسەڵاتدار و وڵاتپارێزانە ژنیان نابێت، کۆمۆنیزمییەکەی ئەوان بێ ژن و بێ ناز و نیعمەتە دەروونیان نەك هەر لە پێداویستی کەس ئازاد دەبێت، بەڵکو لە پێکەوەنانی خێزانیش ئازاد دەبێت. ژیانی ئەوان دوورە لە خەم و ئەشکی پارە پەیدا کردن کە پیاوی خێزاندار تەنگەتاو



دەکات، ژیانی ئەوان بۆ ژنەکانیان نییە بەڵکو بۆ سەراپای گەلە. تەنانەت منداڵەکانیشیان بە تەواوی بۆ خۆیان نابێت، بەوەی هەر لەگەڵ لەدایك بوونیان لەبەر دایکیان هەڵدەگیرێن و دوور لە خانەوادەکانیان بە شێوەیەکی تایبەت پەروەردە دەکرێن، بەم جۆرە باوکایەتییان لە بەین دەبرێت. هەموو دایکانی دەسەڵاتداران بایەخ بە منداڵانی پاسەوان و دەسەڵاتداران دەدەن. لەو سنوورەدا وردە وردە برایەتیی نێوان بەرەی مرۆڤایەتی لە قسەی رووتەوە دەبێتە ڕاستەقینە، هەر کوڕێك دەبێتە برای کوڕەکانی دی، هەر کچێکیش دەبێتە خوشکی کچانی دی، هەر ژنێکیش دەبێتە دایك بۆ هەمووان.

جا ئاخۆ ئەو ژنانە لە کوێوە دێن؟ بێگومان هەندێکیان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە لە هەردوو چینی سەربازان یا چینی کرێکارانەوە دەخوازرێن، کەچی هەندێکیشان بە ماف و کۆششی خۆیان دەچنە نێو چینی دەسەڵاتدارانەوە. ئەفلاتوون ڕێ لە ئافرەتان ناگرێت کە گەورەترین پلەو پایەی دەوڵەت بەدەست بهێنن، گەر هاتوو لە گشت ئەزموون و پێداویستە زەحمەتەکاندا سەرکەوتن، کە بۆ گەیشتن بە چینی دەسەڵاتداران پێویستن، هەروەها جیاوازییەك لە نێوان ئافرەت و پیاودا نابینێ و مافێکی یەکسانی خوێندن بە هەردووکیان دەدات. هەمان ئەو فرسەتانەی بە کوڕان دەدرێت بۆ کچانیش فەراهەم دەکرێت. کچ هەمان فرسەتەکانی کوڕی دەدرێتێ بۆ گەیشتن بە بەرزترین پلەکانی دەوڵەت. کاتێك گلاوکون لەوەدا بەرهەڵست بوو، کە گەر بێت و ئافرەت پاش ئەوەی گشت ئەزموون و تاقیکردنەوەکان دەبڕێت، پلە و پایەیەك وەربگرێت، ئەم شتە لەگەڵ بنەمای کار دابەش کردندا ناتەبا دەبێت، بەوەی ئافرەت خۆی بۆ ماڵو پیاویش خۆی بۆ کار تەرخان بکات. لە لایەن ئەفلاتوونەوە وەڵامێکی توند درایەوە، بەوەی دابەش کردنی کار دەبێ لەسەر بنەمای تواناو کارامەیی بێت، نەك بەپێی توخم و ڕەگەز. گەر ئافرەت توانای خۆی لە هەڵسووڕاندنی کاروباری سیاسیدا سەلماند، لێی بگەڕێن با حوکم بکات. خۆ گەر پیاویش سەلماندی کە لە قاپ شۆریدا، بە توانایە، لێی بگەڕێن ئەو کارە بکات کە خوداوەند پێی ڕەوا دیتوە.

سۆسیالیزمی لە ژناندا ئەوە نییە ژنهێنان و جووتبوون کوێرانە بێت. بۆ هێنانە دیی نەوەیەکی جوان و چاك، هەموو جۆرەکانی پەیوەندیی سێکسی دەخرێنە بن چاودێرییەکی وردەوە. ئا لێرەدا بۆ یەکەمین جار پەروەردە کردنی ئاژەڵان خرایە بەر گفتوگۆ، هەڵبەت بۆ چاك کردنی توخمی ئاژەڵو بەدەست هێنانی ئەو خەسڵەتانەی کە پێویستن، جۆرە توخمێك هەڵدەبژێرین و لە زاوزێ کردنی ئەواندا کامەی چاکە پەروەردەی دەکەین، جا بۆچی ئاکامی ئەم جۆرە زاوزێ کردنە بەسەر

مرۆڤیشدا پیادە نەکەین؟ چونکە بە تەنیا چاك فێرکردنی منداڵ بەس نییە، بەڵکو دەبێ بەر لە هاتنی بۆ دنیا... پەروەردە کردنی دەست پێ بکات و لە دایبابێکی بەهێز و چاك و تەندروست لەدایك ببێت. ژن و پیاوێك کە تەندروستییان باش نەبوو نابێ زاوزێ بکەن. هەموو بووك و زاوایەك دەبێ بەڵگەنامەی چاك تەندروستیی خۆیان بە دەستەوە بێت. پیاوان پاش تەمەنی سی ساڵی و بەر لە تەمەنی چل و پێنج ساڵی[*]، دەبێ لە زاوزێ کردندا بەشدار بن، ئەم شتە بۆ ژنان لە بیست ساڵی بەرەو ژوور تا تەمەنی (٣٥) ساڵی و ئەوانەی هێشتا ژنیان نەهێناوە، دەبێ بەپێی داهاتیان بڕە پارەیەك وەك باجی بەختەوەری بدەن. هەر ساوایەکی بێ مۆڵەتی زاوزێ، کەم ئەندامە یا شێواوە، دوای تەماشا کردن لەناو دەبردرێت. پاش و پێش ئەو تەمەنەی بۆ زاوزێ کردن دیاری کراوە، رێ بە کاری سێکس دەدرێت و ئازادیش دەبێت، بە مەرجێ منداڵەکە لەبار ببرێت. ئێمە ئەو مۆڵەتە هاوبەندی کۆمەڵێك فەرمان و رێنمایی توند دەدەینە ژنان و پیاوان، کە هەموو هەوڵو هێزێکیان بەگەڕ خەن و لە حاڵەتێکی وادا هیچ کۆرپەڵەیەك تیشکی هەتاو نەبینێ. لەوەش بگەن کە ئەم جۆرە زاوزێیە لامان پەسند نییە و بەم جۆرەش کاروبارەکانیان رێك بخەن. ژن و ژنخوازی لە نێو خزماندا پەسند نییە، چونکە وەچە بێهێز دەکات. با بە زۆری و چەندی دەکرێ، چاکترین پیاو و چاکترین ژن بۆ یەکدی بن، پیاوانی بێهێز و ژنانی بێهێزیش بۆ یەکدی بن. با ژنانیش بە پەروەردە کردنی یەك جۆرە توخمەوە خەریك بن دوور لە توخمەکانی دی، چونکە ئەمە تاکە رێگایەکە بۆ ئەوەی کۆمەڵ لە چاکترین هەلومەرجدا راگرین... هەروەها رێ بە ئازاترین و چاکترین لاوانمان بدرێت، کە سەرەڕای خەڵات و بەرات و نازناوی شەرەفمەندانە، تێکەڵ بە زۆرترین ژمارەی ژنان بن. چونکە جۆرە باوکانێکی وا دەبێ زۆرترین ژمارەی رۆڵەیان لێ پەیدا بێت.

هەروەها کۆمەڵگای توخم چاکی خۆمان نەك هەر دژ بە نەخۆشی و گەندەڵیی ناوخۆ دەبێ بیپارێزین، بەڵکو دژ بە دوژمنانی دەرەکیش دەبێ بیپارێزین، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا بتوانێ شەڕێکی سەرکەوتوو بکات. کۆمەڵگای نموونەیی ئێمە هەر دەبێ ئاشتیخواز بێت، چونکە ژمارەی دانیشتووانی بەپێی داهات و خێروبێری وڵات دیاری دەکات. بەڵام دەوڵەتانی دراوسێمان کە وەك ئێمە سیستەمی خۆیان رێك نەخستووە، چاو دەبڕنە ئەو هاتە رێکوپێکەی دەوڵەتە نموونەییەکەی ئێمە، ئەو هات و خۆشگوزەرانییە هانیان دەدات هێرشمان بکەنە سەرو تالانمان بکەن. لەبەر ئەوە

---

[*] لە دەقە فارسییەکەدا هاتووە کە (بەر لە تەمەنی (٥٥) ساڵی) هەروەها باسی بڕگەی ژنان لە فارسییەکەدا هەیەو لە عەرەبییەکەدا نییە. (کارێزی).



هەرچەندە مایەی داخە بۆ ئێمە، کە جۆرە کردەیەکی بەپێی پێویست دەکەین بۆ بەرەڤانی کردن لە دەوڵەتەکەمان، دەبێ ژمارەیەکی گونجاو سەربازی مەشق کردووی چاکیش لە چینی ناوەڕاستی کۆمەڵ رەوانەی ژیانی سەربازی بکەین، هەروەك پاسەوان و دەسەڵاتدارانمان ژیانێکی سادە و زبر بەسەر ببەن، کە پشت بە داهاتێکی کەم دەبەستن -هەروەکو باسمان کرد - کە گەل بۆیان دەستەبەر دەکات. هاوکات تا دەکرێ دەبێ هەموو توانا و پەرۆشییەکان بەگەڕ خەین بۆ دوور کەوتنەوە لە شەڕ. یەکەمین هۆکارێکی کە دەبێ لێی دوور بکەوینەوە، زیاد کردنی ژمارەی دانیشتوانە. دووەمیان بازرگانیی دەرەکی و ئەو ململانێیەی وەك ئاکامێکی حەتمی لێی دەکەوێتەوە، چونکە ململانێی بازرگانی لە راستیدا جۆرێکە لە جۆرەکانی شەڕ، لە دۆخێکی وادا ئاشتی تەنیا دەبێتە ناوێك و بەس. بۆیە چاکتر وایە دەوڵەتە نموونەییەکەمان لە وشکایی نەك لەسەر کەناردا دابمەزرێنین، بۆ ئەوەی دوورە پەرێز بێت و دەروازەکانیشی بەرەو رووی هەر جۆرە گەشە کردنێکی بازرگانیی دەرەکیدا، دابخات، چونکە دەریا وڵات پڕ دەکات لە بازرگان و ریباکارو شەیدایانی پارە کۆکردنەوە و کەلوپەل و سەوداکاری. لە هۆش و بیری پیاواندا زۆر خواستن و تەماحکاریی دارایی و نادڵسۆزی دەبووژێنێتەوە، چ لە ئاستی پەیوەندیی ناوخۆییدا یا لە ئاستی پەیوەندیی دەرەکیدا. هەروەها بازرگانیی دەرەکی پێویستی بە پێکەوەنانی کەشتیگەلێکی گەورەی جەنگی دەبێت بۆ بەرەڤانی لێ کردن و پاراستنی، دەریاوانیی جەنگییش بە ئەندازەی هێزی زەمینی زیانبەخشە. لە هەردوو حاڵەتیشدا کەسانێکی کەم لە تاوانی جەنگ بەرپرسیارن، لە کاتێکدا زۆربەی گەل ئاشتیخوازە. دزێوترین و ناشیرینترین جەنگێ، کە زۆر بەرپا دەبێت، جەنگی ناوخۆیە کە گریکەکان شەڕی خۆبەخۆ دەکەن. یا لە نێو خۆیاندا یەکێتیی گشتیی نەتەوە هیلینییەکان دابمەزرێنن، هەروەها یەك بگرن نەوەکو رۆژێ لە رۆژان بکەونە ژێر دەستی گەلانی دی. بەم جۆرە چینێکی بچووکی پاشاو دەسەڵاتداران لەسەر ترۆپکی تەلاری سیاسیماندا دادەنیشن، چینێکی گەورەی سەربازان و (هاوکارانیان) ئەو تەلارە دەپارێزن و، لەسەر بناغەی بەرینی گەل، کە چینی بازرگان و کرێکاران و جووتیارانە، رادەوەستێ، ئەم چینەی دوایی گەل مافی موڵکایەتیی تاکە کەسیی هەیە، یان بە رستەیەکی روونتر، مافی هەبوونی سامانی تایبەت و ژنی تایبەت و خانەوادە و خێزانی تایبەتیان هەیە. بەڵام دەسەڵاتداران بازرگانی و پیشەسازی رێك دەخەن بۆ ئەوەی رێ لە زێدەڕۆیی لە هەژاری و هەبوونیدا بگرن. هەر کەسێکیش پتر لە چوار هێندەی ئاستی مام ناوەندیی هاووڵاتیانی هەبێت، دەبێ ئەو زیادەیە بۆ دەوڵەت بەجێ بهێڵێت، لەوانەیە هەوڵی ئەوە بدەین رێ لە ریباو ریباکاری بگرین و رێژەی قازانجیش دیاری بکەین. ئەو کۆمۆنیستییەی دەسەڵاتداران بۆ چینی پەیوەست بە

ئابووری و گەل دەست نادات، چونکە سیفەتە باوەکانی ئەم چینە ئەوەیە کە مەیلێکی بەهێزیان بۆ کاسبی و قازانج و شت کڕین و بەربەرەکانێ هەیە، بۆی هەیە کەسانێك هەبن لە نێو ئەو چینە ئابوورییەدا خاوەن دەروونێکی ئازاد و جوامێرانە بن لە ئاست ململانێی سەر سامان و دارایی، بەڵام زۆربەی ئەندامانی ئەم چینە ئارەزووی هەبوون و دەسکەوتیان هەیە و ئارەزوویەکی ئەوتۆیان نییە بۆ گەیشتن بە خواناسی و چاکە و شەرافەتمەندی، بەڵکو تا ئەو پەڕەکەی شەیدای هەبوون و کاسبی و کڕینن. ئەوانەی بە کۆ کردنەوەی سامان و گەیشتن بە داراییەوە خەریکن، بۆ حوکمڕانێتیی دەوڵەت دەست نادەن. هەموو پلانەکەمان بەو هیوایەوە بەندە، کە ئەگەر دەسەڵاتداران بە چاکی دەسەڵاتیان بەڕێوە برد و هەروەکو گوتیشمان بە سادەیی ژیانیان بەسەر برد، ئەوکات پیاوانی ئابووری هەر لە خۆڕا وازیان لێ دەهێنن بۆ ئەوەی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵات هەر لە دەستی ئەواندا بێت، ئەویش گەر ڕێیان بەوان دا سامان و هەبوونی بۆ خۆیان قۆرخ بکەن. کۆمەڵگای چاك و نموونەیی بە کورتی ئەوەیە، کە هەر چین و یەکەیەکی ئەو کارە بکات کە لەگەڵ سروشت و ئامادەیی و توانستەکانیدا دەگونجێ.

هیچ چینێك تێکەڵ بە کاروباری چینێکی دی نابێت، یان تاکە کەسێك بە کاروباری کەسانی دی، بەڵکو هەمووان هاوکاریی یەکدی دەکەن بۆ بەرهەم و بڕشتێکی کاریگەر و گونجاوی گشتی، بێگومان جۆرە دەوڵەتێکی وا دەبێتە دەوڵەتێکی پڕ داد.

## ٩- چارەسەر بۆ پرسی ئاکار:

ئێستا چەوتیی سیاسیمان نەماوە. نووکە ئامادەین وەڵامی پرسیاری دەسپێك بدەینەوە، ئەو پرسیارەی دەڵێ: داد چییە؟ لەم جیهانەدا سێ شت هەن شایستەی بایەخ پێدانن، دادو جوانی و ڕاستی، بۆی هەیە ئەستەم بێت بتوانین پێناسەی هەر یەك لەوان بکەین، چوار سەد ساڵ دوای ئەفلاتوون، دەسەڵاتدارێکی ڕۆمانی لە فەلەستیندا پرسیاری کرد: ئەرێ ڕاستی چییە؟ تا ئێستاش فەیلەسووفەکان وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەداوەتەوە. هەروەها پێناسەی جوانییشیان پێ نەگوتووین. کەچی ئەفلاتوون سەرکێشیی کردو پێناسەیەکی بۆ داد دانا، کە داد ئەوەیە؛ مرۆڤ هێندەی هەبێت کە هەقی خۆی بێت، کارێکیشی لە دەستدا بێت کە شایستە بە خۆی بێت..

ئەم پێناسەیە بە ڕاستی مرۆڤ بێ ئومێد دەکات، چونکە پاش ئەو چاوەڕوانییە دوور و درێژە، مەزەندەی پەیامێکی بێگەرد و دوور لە هەڵەمان لێ دەکرد. ئاخۆ لەم پێناسەیەدا دەبێ مەبەستی چی بێت؟ ئەو زۆر سادە و ساکار مەبەستی ئەوەیە، هەر مرۆڤە و هێندەی ئەو



بەرهەمەی پێشکەشی دەکات، دەسکەوتی هەبێت، ئەو کارەش بکات کە لەگەڵ توانا و ئەدگاریدا دەگونجێت. دادپەروەر کەسێکە لە شوێنی دروست و لەباری خۆیدا دانداروە. هەرچی لە تواناشیدایە دەیکات و هێندەی دەسکەوتی خۆی بەرهەم پێشکەش دەکات. بەم جۆرە ئەو کۆمەڵگایەی لە پیاوانی دادپەروەر پێك هاتووە، کۆمەڵگایەکی گەلێ کارا و گونجاو دەبێت. هەر توخمێکی لە شوێنی شیاوی خۆیدا دەبێت، چەشنی ئامێری مۆسیقای نێو ئۆرکیسترایەك، کاری شیاوی خۆی دەکات، داد لە نێو کۆمەڵگادا هەر ڕێك وەك پارسەنگی پەیوەندیی نێوان هەسارەکان وایە، کە جووڵەیەکی ڕێك و سیستماتیکیان هەیە. یاخود هەروەك فیتاگۆرس دەڵێ: جووڵەی مۆسیقاییان هەیە. جا کۆمەڵگایەکی بەم جۆرە ڕێکوپێك هەردەم شایستەی مانەوەیە. هەر کاتێك خەڵك لە شوێنی شیاوی خۆیان نەمان و، کاتێك کارگوزار (سەرمایەگوزار) بەهای پیاوی دەوڵەت بە کەم بزانێت و، کاتێك سەرباز شوێنی فەیلەسووف زەوت دەکات، هەماهەنگیی نێوان بەشەکانی تێك دەچێت و جومگەکان لەبار یەك دەردێن و، کۆمەڵگا گەندەڵ دەبێت و لێك هەڵدەوەشێتەوە. بەم پێیە داد هەماهەنگییەکی کارایە. داد لە لای تاکە کەسیش ڕێکی و هەماهەنگییەکی کارایە. کارا بوونی توخمە هاوئاهەنگەکانی مرۆڤ لەوەدایە هەر توخمەو لە شوێنی خۆیدا بێت، هەر توخمە بە ریزبەند ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە ئاکاردا. هەر تاکە کەسێك ئارەزووەکانی یان لە شێوەی سیستەمێك دایە یان تێکەڵ و پێکەڵن، هەروەها سۆز و هزر و بۆچوونەکانیشی. لێیان گەڕێ بە هەماهەنگی و گونجاوی کار بکەن، بەم جۆرە تاکە کەس شادو سەرکەوتوو دەبێت. دەشکرێ وا بکەین شوێن و کاری دیاری کراوی خۆیان جێ بهێڵن، کە سۆز دەبێتە سەرکارو، گەرمی و ڕۆشنایی بە کار دەبەخشێت (هەر چون کەسێکی دەمارگیر). یان لێ بگەڕێین هزر ڕێ پیشاندەری کار بێت و گەرمی و ڕۆشنایی پێ ببەخشێت (هەر چون کەسێکی هۆشمەند). لێرەدا لەبەریەك هەڵوەشانەوەی کەسایەتییە و لە نوشوست هێنان نزیك دەبێتەوە. داد جوانی و بەسیستەم بوونی بەشەکانی ڕۆحە، داد بۆ ڕۆح چەشنی تەندروستییە بۆ لەش. هەموو خراپییەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرن، کە مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا نەگونجێ، یان مرۆڤ لەگەڵ خەڵکدا نەگونجێ، یان مرۆڤ لەگەڵ دەروونی خۆیدا نەگونجێ.

ئا بەم شێوەیە ئەفلاتوون بەرپرسڤی تراسیماخۆسی سۆفیستی و کالیکس و گشت مریدانی نیچە دەداتەوە، بەرسڤێکی هەمیشەیی کە دەڵێ: داد هەر تەنیا هێز نییە، بەڵکو گونجانی هێز و ئارەزووەکانە. داد مافی کەسانی هەرە بەهێز نییە، بەڵکو بە کارایی گونجانی هەمووانە. بە ڕاستی کەسێکی کە لە شوێنی شیاودا بە تواناو بەهرەکانی خۆی دەردەچێت، بۆ ماوەیەك هەندێ سوود و

دەسکەوت بەدەست دێنێ، بەلاّم تۆلّەی خوداوەندانە بە دواوەی دەبێت و پەیدۆزی دەکات، هەروەك ئەنێکساگۆراس گوتوویەتی: فۆریس (خوداوەندی تۆلّە لە لای گریك) دەکەوێتە شوێن هەر هەسارەیەکی لە سوورگەی خۆی لا بدات.گۆپالّی سامناکی سروشت ئەو ئامێرە مۆسیقییە یاخییە دەگەڕێنێتەوە شوێن و پایەی ریتمی خۆی. بۆی هەیە ئامێر بەتالیۆنێکی کۆرسیکایی وەك (ناپلیۆن) هەولّی ئەوە بدات ملهوڕانە حوکمی ئەوروپا بکات، هەر چەشنی شانشینێکی دەسەلاّت رەهای دێرین، نەك چەشنی دەولّەتێکی کە لە شەو و رۆژێکدا دروست بوو بێت. بەلاّم سەرەنجام لەسەر تاشە بەردێکی نێو دەریا بەند دەکرێت، هەر ئەو تاشە بەردەش گەواهیی ئەوەی لەسەر دەدات، کە کۆیلەی دەستی سروشتی شتەکانە و پەتی ستەمیش هەر دەپچڕێ.

شتێکی تازە لەم رایەدا نییە. لە راستیشدا ئێمە کارێکی چاك دەکەین، کە گومان لە هەر بنەمایەکی فەلسەفی دەکەین، لەبەر ئەوەی لافی تازەیی لێ دەدات. راستی (وەك هەر خانمێك) هەمیشە پۆشاکی خۆی دەگۆڕێت، بەلاّم لەو دیوی هەر پۆشاکێکی نوێ، راستی هەروەك خۆی دەمێنێتەوە. لە ئاکاردا نابێ چاوەڕوانی کاری تازەی ترسێنەر بین. وێڕای هەمەجۆر سەرکێشیی سۆفستییەکان و کەسانی دیکە لە مریدانی نیچە، سەرجەم راو بۆچوونەکانی ئاکار بە دەوری بەرژەوەندیی گشتیدا دەسووڕێنەوە. دەسپێکی ئاکارناسی لەگەلّ هاوکاری و هەرەوەز و سیستەم و رێکوپێکی دایە. ژیانی نێو کۆمەلّیش ئەوە دەخوازێت، تاکە کەس دەستبەرداری هەندێ لە سەربەستیی خۆی بێت لە پێناو سیستەمی گشتیدا، لە دیماهیدا چاك بوونی کۆمەلّ دەبێتە گەوهەری ئاکار. سروشت دەیەوێ کارەکە بەم جۆرە بێت، بڕیاری سروشتیش یەکجارەکی و یەکلاکەرەوەیە. ژیان و مانەوەی هەر کۆمەلّگایەك لەکاتی کێشە و ململانێ لەگەلّ هەر کۆمەلّگایەکی دیدا، بەندە بە هێز و یەکبوونی، هەروەها بەندە بە ئاستی ئەو هاریکارییە کە لە نێوان ئەندامانیدا هەیە، لە پێناو ئامانج و خواستی هاوبەشیان. هەر هەماهەنگییەك لە ئارادا بێت چاکترە لەوەی هەر کەسەو لە خۆیەوە ئەو کارانە بکات کە زۆر چاك دەیانزانێت. ئەمە بە ئامانجی سیستەم و رێکخستن، کە هەر کۆمەلّگایەك نیازی ژیانی هەبێت، دەبێ هەولّی بۆ بدات. مەسیح گوتوویەتی: رەوشت نواندن رووخۆشییە هەمبەر بە هەژاران. بە قسەی نیچەش ئازایی و توانای بەهێزانە، ئەفلاتوونیش پێی وایە هاوگونجانێکی کارایە لە نێو هەمووەندا. بۆ پێکەوەنانی تەلارێکی بێ کەموکوڕی ئاکار، بۆی هەیە پێویستمان بە کۆ کردنەوەی هەر سێ بنەماکە بێت. وەلێ بۆ دەست نیشان کردنی یەکێك لەم سێ گوتەیە وەك بنچینە و بەردی بناغە، ئایا دەتوانین هیچ گومانێك بنوێنین؟



## ١٠- رەخنەیەك:

نووکە دەربارەی ئەم دەولّەتە نموونەییە دەبێ چی بلّێین؟ ئایا دەکرێ بێتە دی؟ خۆ گەر نایەتە دی، ئایا هیچ لایەنێکی کردارەکیانەی تێدا نییە کە بۆ رۆژگاری ئەمڕۆمان بشێ سوودی لێ وەربگرین؟ ئایا ئەم دەولّەتە نموونەییە تا ئێستا لە شوێنێك لە شوێنەکاندا بەدی هاتووە؟

بێگومان دوایین وەلاّمی ئەم پرسیارانە لە قازانجی ئەفلاتووندا دەبێت بە درێژایی ماوەی نزیك بە هەزار سالّ، جۆرە رژێمێکی پاسەوانان و دەسەلاّتداران حوکمی ئەوروپایان کردووە، هەر چەشنی ئەو رژێمە بوو کە فەیلەسووفەکەی ئێمە داینا بوو، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وا باو بوو، دانیشتوانیان لە ولاّتانی مەسیحیدا دابەشی سەر چینێکی کرێکاران و، چینێکی سەربازان و چینێکی دیکەی پیاوانی ئایین دەکرد. دوایین چین هەرچەندە بە ژمارە کەم بوو، بەلاّم هۆیەکانی فێرکردنی گرتە دەست، بە شێوەیەکی رەهاش حوکمی بەهێزترین کیشوەری جیهانیان دەکرد. ئەم چینە دەسەلاّتدارە پلە و پایەکانی دەولّەتی گرتە دەست، ئەویش نەك بە هەلّبژاردن و دەنگدان، بەلّکو بەپشت بەستن بە بەهرەکانیان لە بواری لێکۆلّینەوەی ئایینی و ئیداریدا، هەروەها ئالوودە بوونیان بە ژیانی هزر و رامان و ساکاری، (دەکرێ ئەوەشی بخەینە سەر) بە دەست رۆیشتوویی خزمانیان لە نێو دەولّەت و کلّێسەشدا. لە نیوەی دووەمی ماوەی دەسەلاّتی ئەم چینەدا، هەروەك ئەفلاتوون دەیویست، خۆی لە ئەرك و بەرپرسیایەتیی مالّبات رزگار کرد. لە هەندێ حالّەتیشدا، هەروەك ئەفلاتوون بۆ دەسەلاّتدار و پاسەوانان بە ڕەوای زانی بوو، ئەوان لە زاوزێ و پەیوەندیی سێکسیدا ئازاد نەبوون، رەبەنی و تاك و تەنیا بوون، بەشێك بوو لە پێکهاتەی دەروونیی دەسەلاّتی پیاوانی ئایین. بەم جۆرە لە خۆپەرستی و خۆویستیی بەرتەنگی خانەوادەیی رزگاریان بوو، ئەوە سەرباری زالّ بوونی ئاشکرا و روونیان بەسەر خواستەکانی لەشدا، ئەمە وای کرد تاوانبار و خەتاکاران پتر سلّیان لێ بکەنەوە، بە ڕادەیەك ئامادە بن لە بەردەمی ئەواندا دان بە تاوان و خەتاکانیاندا بنێن.

سیاسەتی کاتولیکی گەلێ شتی لە (درۆ شاهانەکەی ئەفلاتوون) وەرگرتووە، یان کەوتووەتە بەر کاریگەریی ئەو، بیرۆکەی دۆزەخ و ئەعراف و بەهەشت، بەو جۆرو شێوەییەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ناسرا بوو، لە دوایین بەشی کتێبەکەی ئەفلاتوون (کۆمار) وەرگیراوە. هەروەها جیهانناسی (زانستی سیستەمی گەردوون) کە بە ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە سەر رێبازی ریالیزم (ئەو رێبازەی پێی وایە هەموو بیرۆکەیەکی گشتی راستییەکی بابەتیانە و بەرچاوی هەیە)، ئەو

زانستە (جیهانناسی) ڕاڤە کردنێکی بنەمای نموونەی ئەفلاتوونی بوو. تەنانەت بەرنامەکانی فێرکردنیش (بیرکاری و ئەندازە و ئەستێرەناسی و مۆسیقا) شێوازی دیکەی ئەو بەرنامەی خوێندنە بوو، کە ئەفلاتوون بڕیاری دا بوو. بەم بنەمایە پیاوانی ئاینی بە ئاسانی و بەبێ ئەوەی هێز بەکار بهێنن، توانییان حوکمی ئەوروپا بکەن. گەلانی ئەوروپا بە ڕەزامەندییەوە ئەو دەسەڵاتەیان پەسند کرد، تەنات بە درێژایی نزیکەی هەزار ساڵ کۆمەکی گەورەی داراییشیان پێشکەش بە دەسەڵاتدارانیان دەکرد، گەلانی ئەوروپا داوایان نەدەکرد بەشداری لە دەسەڵاتدا بکەن. بازرگان و سەرباز و میرانی دەرەبەگ هەمبەری ڕۆما بە چۆکدا هاتن، ئەو ڕۆمایەی مەزنترین دامودەزگای دامەزراند، کە تا ئێستا دنیا بە خۆوەی نەبینیوە. یەسووعیانی کە حوکمی (پەراگوای)یان کرد، کە پاسەوان و دەسەڵاتداری نیمچە ئەفلاتوونی بوون. ئەوان گرووپێکی لێزانو کارامە بوون لە نێو دانیشتووانی ناشارستاندا. هەروەها ئەو پارتە کۆمۆنیستەی لە ساڵی ١٩١٧وە حوکمی رووسیای کرد، بە ڕادەیەکی سەرسوڕهێنەر دەسەڵاتەکەی ڕێك وەك ئەوە بوو کە لە کۆماری ئەفلاتووندا دیاری کراوە. ئا لەو کاتەدا کە پارتی کۆمۆنیست دەسەڵاتی ڕووسیای گرتە دەست، ئەندامانی کەمینەیەکی بچووك بوون، بیرو باوەڕێکی ئایینی (کۆمۆنیست) کۆی دەکردنەوە، زۆر سەرگەرمانە خۆیان بۆ ئاینی تەرخان کرد، ژیانێکی هاکەزایی دەژیان، هەرچەندە حوکمی نیوەی ئەوروپایان لە دەستدا بوو.

ئەم نموونانە ئاماژە بەوە دەکەن کە پلانەکانی ئەفلاتوون پلانێکی کرداریانە بوون، گەر هەندێ پەیوەستەگەری و هەمواری تێدا بکرێت. لە ڕاستیشدا ئەفلاتوون بیرۆکەکانی بە ڕادەیەکی زۆر لەو ڕژێمانەوە هەڵهێنجاوە کە لە گەشتەکانیدا بەرچاوی کەوتوون. لە گەشتێکیدا بۆ میسر کەوتە بەر کاریگەریی حکوومەتی پیاوانی ئایینی ئەو وڵاتەوە. گەلێکی مەزن و شارستانیەتێکی مەزنی بەرچاو کەوت، کە چینێکی بچووکی پیاوانی ئاینی حوکمی دەکەن، بە بەراورد لەگەڵ حوکمی ملهوڕانە و ململانێ و بێهێزی و ناتوانایی ئەو دەسەڵاتەی ئەوسا حوکمی ئەسینای دەکرد. ئەفلاتوون هەستی بەوە کرد، کە حکوومەتی میسر نوێنەرایەتیی دەوڵەتێك دەکات زۆر لە دەسەڵاتی ئەسینا باڵاتر و پێشکەوتووترە، ماوەیەکیش لە ئیتالیا لەگەڵ گرووپی فیتاگۆریاندا مایەوە. ئەمانە گرووپێکی ڕووەکی و کۆمۆنیست بوون، لە ماوەی چەندین وەچەی دوابەدوای یەکدا، کوێخای ئەو کۆلۆنیالە گریکییە بوون کە تێیدا دەژیان. لە سپارتەشدا چینێکی بچووکی دەسەڵاتدارانی دیت، ژیانێکی هاوبەشی سادە و زبریان لەگەڵ ئەو گەلەدا بەسەر دەبرد، کە لە بن دەسەڵاتیاندا بوو. خواردن و خواردنەوەیان پێکڤە بوو، ژن و ژنخوازیشیان لە پێناو چاکترکردنی



وەچە بوو، ئازاو دلێرانیش لە فرە ژنیدا خاترجەم دەکران. گومانی تێدا نییە بانگێشتەکانی یورپیپیدسی بیستووە، کە داوای کردووە ژنان هاوبەش بن، بەندە و کۆیلەکان ئازاد بکرێن و لە ڕێی پێکەوەنانی کۆمەڵەی هیلینیدا، ئاشتی لە جیهانی گریکدا بەرقەرار بێت. هەروەها بێگومان ئەفلاتوون هەندێ لە سەگیزم (سەگ - یزم)انی ناسیوە، کە پەرەیان بە بزووتنەوەیەکی بەهێزی کۆمۆنیزم داوە لە نێو ئەوانەی ئێستا بە (چەپی سوکراتی) ناسراون. بە کورتی، ئەفلاتوون هەر دەبێ هەستی بەوە کردبێت، کە لە نمایش کردنی پلانەکەیدا ئەوەی تێنەپەڕاندووە کە پلانێکی پەیوەست بەو ڕاستییانەی پێشکەش کردووە، کە لە گەشت و گەڕانەکانیدا بەرچاوی کەوتوون.

وێڕای ئەوە، هەر لە ڕۆژگاری ئەرستۆوە تا دەگاتە ئەمڕۆ، ڕەخنەگران کەلێن و بۆشایی زۆریان لە کۆماری ئەفلاتووندا بەدی کردووە، کە مایە گومان و بەرهەڵستی بن. لە بارەی ئەو شتانەی ئەفلاتوون خستنییەڕوو، ئەرستۆ بە کورتی دەڵێ: چەندین وەچەیە گەلان ئەم شتانەیان زانیوە، دەشڵێ: بە ڕاستی کارێکی جوانە تۆ پلانی دروست کردنی کۆمەڵگایەك دابڕێژی، تێیدا پیاوان هاوبەندی برایەتی بن، بەڵام فراوان کردنی ئەم کۆمەڵگایە بە چەشنێك هەموو نێرینەی ئەم سەردەمەش بگرێتەوە، دەبێتە مایەی سارد بوونەی هەوڵ و هیمەت و گەرم و گوڕی و ئارەزووەکان. بە هەمان چەشن بە سۆسیال بوونی موڵك و زەوی، دەبێتە مایەی ئەوەی کە هەستی بەرپرسایەتی سست بکات. کاتێك هەمووان دەبنە خودانی هەموو شتەکان، بایەخدانیان بەو شتانە کەم دەبێتەوە. ئەرستۆی گەورە پارێزگار درێژەی دەداتێ و دەڵێ: کۆمۆنیزم خەڵك ناچار دەکات بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ یەکدیدا بکەن، بە شێوەیەك کە لە تواناو تاقەت دەردەچێت. هیچ بوارێك بۆ تاکایەتی یان ئازادیی نێو ماڵ و دابڕان و تەنیایی ناهێڵێتەوە، پێشی وایە هەندێ لە پەسنە چاکەکانی وەك سەبر و هاریکاری هەر لە تواناو بڕستی کەسانێکی کەمی خەڵك دایە، ئەمانە ژیانیان بە پیرۆزی دەورە دراوە. بێ لەوە ئێمە نابێ ئاستێکی ئەوتۆی چاکەو چاکایەتی بخەینەڕوو، کە لە سەرووی توانای کەسێکی ئاساییدا بێت. بەڵکو ئەو ژیانەی زۆربەی ئەندامانی گەل دەتوانن تێیدا پشکدار بن بە پەسند بزانین، هەروەها ئەو جۆرە حکوومەتەی بە گشتی دەوڵەتان دەتوانن پێی بگەن، بە چاك بزانین، دەکرێ روون و ڕەوانتر بڵێین؛ ئەو ڕژێمەی ئەفلاتوون گەلێ نموونەییەو لە سەرووی توانای خەڵك دایە. هەروەها ئەو حکوومەتە نموونەییەی لە کتێبی (کۆمار)دا باسی دەکات، حکوومەتێکی ناکرداری و فرە نموونەییە.

بەم جۆرە ڕەخنەی ئەرستۆی مەزنترین و (بە ئیرەییترین) شاگردی ئەفلاتوون، تێکەڵ بە ڕەوتی ڕەخنەی ڕەخنەگرانی دواتری ئەفلاتوون دەبێت.

دەشگێڕنەوە کە ئەفلاتوون لە بایەخی دابونەریتە ڕەسەنەکانی کەم کردەوە سەبارەت بە سیستەمی یەك هاوسەری (چ نێر و چ مێ) و لایەنی ئاکاری پەیوەندار بەم سیستەمە. هەروەها لە بایەخ و پەرۆشیی پیاوان بۆ هەبوونی ژنی تایبەت بە خۆیانی کەم کردەوە، گریمانەی ئەوەی کردووە، پیاو ئەوەندەی بەسە کە بەشێکی لە ژندا هەبێت. هەروەها سۆزی دایکایەتیی لە لای ژنان کەم کردووەتەوە، گریمانەی ئەوەشی کردووە، دایکان بەوە ڕازی دەبن، منداڵەکانیان لێ بستێنن و بەبێ ئەوەی دایك و باوکیان بناسنەوە، پەروەردە بکرێن. سەرباری هەموو شتەکان ئەوەی لە بیر چووە، کە سیستەمی خێزان ڕەت دەکاتەوە، واتە گەورەترین چاوگی پەروەردەی ئاکار لەبەین دەبات. هەروەها چاوگی بنچینەیی ئەو دابە کۆمۆنی و هەرەوەزییانەش تێك دەشکێنێ، کە دەیویست لە دەوڵەتەکەیدا ببێتە ڕێسایەکی دەروونی. بەم کارەشی ئەو لقە دارەی بڕییەوە کە خۆی لەسەری دانیشت بوو.

زۆر بە ئاسانی دەتوانین وەڵامی هەموو ئەو ڕەخنانە بدەینەوە کە ئاراستەی ئەفلاتوون کراون، بەوەی لە جێ و شوێنی خۆیاندا نین، کە هەر دەڵێن هەوڵی کەسێکە بۆ تەفروتوونا کردنی خێوێکی وەهمی یان ئافەریدەیەکی خەیاڵی. چونکە ئەفلاتوون ڕاشکاوانە زۆرینەی گەل سەر لە پلانە کۆمۆنیزمەکەی دەردەکات، زۆر بە ڕوونی درك بەوە دەکات، کە تەنیا بەشێکی کەمی پیاوان دەتوانن قوربانی بە کاروباری ماددی و بەرژەوەندیی تایبەت بدەن. هەر ئەم کەمینەیەشە ئەفلاتوون پێشنیار دەکات کە حکوومەت دابمەزرێنن. برایەتیی تایبەت تەنیا تایبەت دەبێت بەم چینە، هەر پیاوە و ئەوی دی بە برا دەزانێت، هەموو کچێکیش بە خوشك، زێڕ و کەلوپەلیش تەنیا لەم چینە قەدەغە دەبێت. مەبەست چینی دەسەڵاتدار و پاسەوانانی دەوڵەتە. واتە چینی دەست ڕۆیشتوو. هەرچی زۆرینەی گەلە، هەموو بەرنامە و سیستەم و مافێکی، وەك موڵك و سامان و بەزم و ڕەزمی، پارێزراو دەبێت، هەروەها مافی ململانێ و هەر ئازادییەکی تایبەت و بەپێی ویستی خۆی دەبێت. ژنانیان تایبەت دەبن بە خۆیان و کەس لەگەڵیاندا نابێتە هاوبەش، هەروەها گشت ئەو ئاکارە جوانانەشیان پێ ڕەوا دەبینرێ، کە خێزان و سیستەمی تاك هاوسەریی لەسەر بەندە، پیاوان ژنەکانیان و دایکان منداڵەکانیان هەر لە لای خۆیان دەبێت، هەرچی دەسەڵاتدارانە، پێویستیان بە مەیلێکی کۆمۆنیزمانە نییە، هێندەی کە پێویستیان بە واتای شەرافەتمەندی و خۆشویستی و پەیوەست بوون پێیەوە هەیە. ئەو پەیوەندییەی لە نێوانیان دایە و کۆیان دەکاتەوە شانازییە نەك میهرەبانی. هەرچی سۆزی دایکایەتییە، ئەوە بەر لە هاتنە دنیای منداڵەکە، ئەو گوڕوتینەی نییە، تا منداڵەکە گەشە دەکات. دایك منداڵی تازە لە دایك



بوو، پتر لە ناڕەحەتی نەك بە خۆشییەوە ماچ دەکات. خۆشویستنی منداڵ لەگەڵ کاتدا نەشونما و گەشە دەکات، چونکە موعجیزەیەکی کتوپڕ نییە. لەگەڵ گەشە کردنی منداڵەکەدا، ئەو خۆشەویستییەش گەشە دەکات، ئەویش لە سایەی ئەرك و بایەخدانی دایك بە پەروەردە کردنی منداڵەکە.

بەرهەڵستییەکانی دیکەی دژ بە ئەفلاتوون پتر ئابوورین نەك دەروونی. بەرهەڵستییەکان ئاماژە دەکەن کە ئەفلاتوون لە کۆمارەکەیدا هەمبەر بە دابەش کردنی هەر شارێك بۆ دوو شار – هەروەکو گوتمان – شاری هەژاران و شاری دەوڵەمەندان، ناڕەزایی دەربڕی، کەچی پاشتر دەبینین شارێکمان بۆ پێشنیار دەکات کە دابەش دەبێتە سەر سێ شار. وەڵامی ئەم بەرهەڵستییەش ئەوەیە کە لە حاڵەتی یەکەمدا دابەش بوونی شار لە ئاکامی ململانێی ئابووریی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندانە. کەچی ئەفلاتوون لە دەوڵەتەکەیدا دەسەڵاتدار و یاریدەدەرانی لە کێبڕکێی سەر زێڕ و کەلوپەل و سامان، دەرکردووە. ئا لێرەدا ڕەخنەیەك بەرەو ڕووی ئەفلاتوون دەبێتەوە، ڕژێمەکەی، ئەو دەسەڵاتدارانە بەبێ بەرپرسایەتی دەکاتە خاوەن دەسەڵات، ئەمەش وایان لێ دەکات کە حکوومەتەکەیان بەرەو دیکتاتۆریەت بەرێ. بە دەستەواژەیەکی ڕوونتر، ئەو دەسەڵاتدارانەی ئەفلاتوون لە سەرووی یاساوەی داناون، پەرلەمانێکی نوێنەری گەل نەبێت چەشنی چاوێکی پاسەوان و چاودێر بەسەر کارو کردەوەکانیان و ڕێ لە زێدەڕۆییەکانیان بگرێت، وەك سەنگی مەحەك لەنگەری حوکمیان ڕاگرێت، بۆی هەیە ئەو دەسەڵاتەی لە بن دەستیان دایە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بەکاری بهێنن، بەم جۆرە لە ماوەی حوکمەکەیاندا ملهوڕی باڵادەست دەبێت و شتەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەقۆزنەوە. هەڵبەت کارێکی وا نایەتە دی، چونکە دەسەڵاتی ئەوان لە بواری سیاسی و ڕێنمایی دایە نەك ئابووری و سامان. واتە بە واتایەکی ڕوونتر ئەوەی لە دەستیان دایە دەسەڵاتی سیاسی و ڕێنمایی کردنە نەك دارایی و ئابووری، بەم شێوەیە چینی خاوەن ئابووری لە کرێکار و کشتیار و بازرگان و کەسانی دی، گەر هاتوو لە هەڵسوکەوتی ئەو دەستەڵاتدارانە ڕازی نەبوو، دەتوانێ ئازووقە و خۆراکیان لێ بڕێت، بەم جۆرە ڕێ لەوە دەگرێت کە دەسەڵاتداران سەرچیخ بڕۆن و دەسەڵاتی بەردەستی خۆیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بهێنن.

جا گەر دەسەڵاتی دەسەڵاتداران هەر سیاسییە و ئابووری نییە، چۆن دەتوانن ئەو دەسەڵاتە بپارێزن؟ ئەوە نییە کارڵ مارکس و هارینگتون و کەسانی دیکەش پێشانیان دا، کە دەسەڵاتی سیاسی ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی ئابوورییە، هەر کاتێکیش دەسەڵاتە ئابوورییەکە چووە دەستی

ئەو چینانەی لە رووی سیاسییەوە ژێردەستن، ئەوە بێگومان دەسەڵاتی سیاسی تووشی هەژان و مۆلەقی دێت، هەروەك ئەوەی لە چینی ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا بینیمان.

ئەم رەخنەیە یەکجار کاریگەرە، بۆی هەیە رەخنەیەکی کوشندەش بێت. دەکرێ وەڵامەکەی ئەوە بێت کە کڵێسەی رۆمای کاتۆلیك، کە تەنانەت پاشاکانیش هەمبەر بە دەسەڵاتەکەی بە چۆکدا دەهاتن، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە بیروباوەڕ دەسەڵاتیان بەڕێوە دەبرد پتر لەوەی بە دارایی، بەڵام بۆی هەیە ئەو ماوە دوور و درێژەی دەسەڵاتی کڵێسە لە پای رەوشی کۆمەڵگای کشتوکاڵی ئەوروپاوە بوو بێت، گەلانی پەیوەست بە کشتوکاڵ بە هۆی پشت بەستنیان بە ئاڵوگۆڕی دیاردەکانی سروشتەوە، باوەڕ بەو هێزانە دەکەن کە دەسەڵاتی رەهایان هەیە، چونکە ناتوانن سروشت کۆنترۆڵ بکەن، ئەمەش ترسیان لە لا دروست دەکات و ئەویش بەرەو پەرستنیان دەبات. کاتێك پیشەسازی و بازرگانی پەرەیان سەند، جۆرە هزر و مرۆڤێکی نوێ پەیدا بوون، کە پتر ریالیست و دنیایی بوون. لەگەڵ دەسپێکی ئەو ململانێیەی نێوان کڵێسە و ئەو راستییە نوێباوەی ئابووریدا، دەسەڵاتی کڵێسە داڕووخا. دەسەڵاتی سیاسی دەبێ هەمیشە خۆی لەگەڵ تەرازووی ناجێگیری هێزە ئابوورییەکاندا بگونجێنێ. دەسەڵاتدارانی ئەفلاتوون کە لە رووی ئابوورییەوە پشت بە چینی دارا دەبەستن، وایان لێ دەکات ببنە سیاسەتمەداری دەسەڵاتدار و ملکەچی چینی ئابووریدار. تەنانەت قۆرخ کردنی دەسەڵاتی سەربازییش لە لایەن ئەوانەوە، نابێتە مایەی ئەو ئەنجامەی هیچ چارەیەکی نەبێت. هەروەك چۆن هێزە سەربازییەکانی رووسیای شۆڕشگێڕ نەیانتوانی رێ لە جووتیارانی رووس بگرن، کە پترو پتر زەوی و زار بکەنە موڵکی خۆیان، چونکە خۆراك لە بن دەستی ئەواندا بوو، بەم جۆرە چارەنووسی گەلیشیان لە دەستدا بوو. لێرەدا تەنیا ئەوە بۆ ئەفلاتوون دەمێنێتەوە کە بڵێین، هەرچەندە بەرنامەکانی سیاسەت لە لایەن ئەو کەسانەوە بڕیار دەدرێت، کە ئابووریی وڵاتیان لە دەست دایە، وێڕای ئەوە چاکتر وایە بەڕێوەبردنی ئەو سیاسەتە بدرێتە دەستی فەرمانبەرانێك کە بە تایبەت بۆ ئەم جۆرە مەبەستە ئامادە کراون، لە جیاتی ئەوەی کەسانێك لە ناوەندەکانی بازرگانی و پیشەسازییەوە، بەبێ ئەوەی مەشق و ئامادە کرا بن، بە ساتمە و قەڵەمباز پلە و پایەی سیاسی بگرنە دەست.

وەك پێدەچێ ئەفلاتوون لایەنێکی فەرامۆش کردووە کە واتای گۆڕان و رەڤینە، ئەوەی گەلێ پەرۆشی ئەوەیە وێنەی ئەم جیهانە نەسرەوت و هەردەم لە گۆڕانەدا بخاتە چوارچێوەیەکی چەسپاوی هەمیشەییەوە، ئەو وەك هەر فەیلەسووفێکی بە سام و شەوکەت، زۆر حەزی لە سیستەم و رێکوپێکی دەکرد، شڵەژانە دیموکراتییەکەی ئەسینا تۆقاندنی و وای لێ کرد لە فەرامۆش کردنی



بەهای تاکە کەس، سەرچیخ بڕوات، وەك چۆن مێژوناسێك چین چین دنیای مێژوو دابەش دەکات، ئەویش بەو چەشنە خەڵکی چین چین دابەش کرد، بۆ بەدەست هێنانی ئەو مەبەستە سڵی لەوە نەکردووەتە پەنا بباتە بەر دووعاو نزای ئایینی. دەوڵەتەکەی دەوڵەتێکی وەستاو و چەق بەستووە، دەکرێ زۆر بە ئاسانی ببێتە کۆمەڵگایەکی دێرین کە داوێنگیری شتی کۆن بێت، هەروەها پیری وشك هەڵاتووی دژ بە هەر داهێنان و گۆڕانێك، تێیدا دەبنە حوکمڕان. دەوڵەتەکەی ئەو زانستێکی بەدەر لە هونەرە، تێیدا رێزێکی زۆر لە سیستەم دەگیرێ کە بە لای ئەقڵی زانستییەوە بەهادارە و ئازادییش کە رۆحی هونەرە فەرامۆش دەکرێت، جوانی دەپەرسترێ، کەچی هونەرمەندانی داهێنەر و تەنیا ئەفرێنەر و گەلاڵەکەرانی جوانی، فەرامۆش دەکرێن. ئەو دەوڵەتە سپارتە و پروسیایە نەك دەوڵەتێکی نموونەیی.

ئێستا پاش ئەوەی ئەو رەخنە پێویست و ئاشکرایەمان گرت. لەسەرمانە لە ئاست بەهێزی و قووڵیی هزر و بیرکردنەوەی ئەفلاتوون لایەنگری و نەوازش بنوێنین. هەر دەبێ لەسەر هەق بێت، ئەرێ وا نییە؟ جیهان پێویستی بەوەیە چاکترین و داناترین مرۆڤ حوکمی تێدا بکات، پێویستە لەسەرمان بیرۆکەکانی ئەو لەگەڵ ئەم سەردەمەی تێیدا دەژیین بگونجێنین. ئەمڕۆ دەبێ وا لە دیموکراتیەت بڕوانین کە پرسێکی باو و ئاساییە، ئێمە ناتوانین بەپێی بۆچوونی ئەفلاتوون رێ لە مافی دەنگدان بگرین یان سنوورداری بکەین، بەڵام دەتوانین لەمپەر بخەینە رێی بەدەست هێنانی پلەو پایە. بەم شێوەیە دەتوانین تێکەڵەیەکی دیموکراتیەت و ئەرستۆکراتیەت دەستەبەر بکەین، وەك پێدەچێت، شتێکی هەر لەو جۆرە لە زەینی ئەفلاتووندا هەبووە. دەبێ بێ مشتومڕ ئەو قسەیەشی قبووڵ بکەین، کە پێویستە مەشق بە پیاوانی سیاسەت بکەین، رێك وەك چۆن مەشق بە پیاوانی نوژداری دەکەین، لە رێی دامەزراندنی بەشی زانستەکانی سیاسەت و کاروباری ئیدارەی دەوڵەت لە زانکۆکانماندا. کاتێك ئەو بەشانە دەکەونە کار، مەرجێك دەخەینە بەردەمی پاڵێوراوان بۆ پایەی سیاسی کە دەبێ دەرچووی ئەو قوتابخانە سیاسییانە بن، دەتوانین مەرجی ئەوەش دابنێین، مەشق بنەمایە بۆ سپاردنی پلەو پایە بە هەر کەسێك، بەم جۆرە لە سیستەمی ئاڵۆزی دامەزراندنی سیاسی رزگارمان دەبێت، کە مایەی گەندەڵ بوونی رژێمە دیموکراتییەکەمانە. داوا لە دەنگدەران دەکەین دەنگ بدەنە هەر مرۆڤێك مەشق و شایستەیی گەیاندبێتییە ئاستی خۆ پاڵاوتن، بەم شێوازە هەڵبژاردنی دیموکراتیانە فراوانتر دەبێت لەوەی ئێستا هەیە. ئەم کارەش لەوە زیاتری ناوێ کە هەموارێکی دەستوور بکرێت، بۆ پیادە کردنی ئەم پلانە، کە تەرخان کردنی پایە تەنیا بۆ دەرچووانی بەشەکانی ئیدارە و کارگێڕی بێت. هەروەها بە

یەکسانی بواری فێرکردن بۆ هەموو نێر و مێیەك بڕەخسێندرێ، بە چاوپۆشین لە داهات و دارایی ماڵباتەکانیان، بە یەکسانی ڕێی مەشقی زانکۆیی و بەرەو پێش چوونی سیاسییان بۆ بڕەخسێ. کارێکی ئاسانیشە دەسەڵاتی شارەوانی و دەڤەر و هەرێمەکان کۆمەکی خوێندن پێشکەش بە گشت دەرچووانی قوتابخانەکانی زمان و دواناوەندی و کۆلیجەکان بکەن، کە ئاستێکی بەرچاوی توانایان تێدا بەدی دەکرێت و لەبەر کەم دەرامەتیی کەسوکاریان ناتوانن درێژە بە خوێندنیان بدەن. بەم جۆرە ئێمە دەتوانین بڵێین دیموکراتیەتێکمان هەیە شایستەی ناوەکەیەتی.
لە کۆتاییدا وا چاکە ئەوەش بڵێین، ئەفلاتوون دەزانێ کە دەوڵەتە نموونەییەکەی ئەو هێشتا نەهاتووەتە بواری کردارەوە. دان بەوەشدا دەنێت کە باسی دەوڵەتێکی نموونەیی کردووە و زەحمەتە بەدی بێت. لە بارەی ئەم شتەوە دێتە گۆ، کە سوودێك هەیە لەوەی نەخشی ئەم وێنانە لە نێو زەینماندا دەکێشین، بایەخی ئادەمیزادیش لەوە دایە کە بتوانێ دنیایەکی چاکتر بێنێتە بەر زەینی خۆی، هەر نەبێ لایەنێکی ئەو دەوڵەتە نموونەییە بەدی بهێنێت. ئادەمیزاد ئاژەڵێکی خەیاڵ پەروەرە، ئێمە تەماشای پاش و پێشی خۆمان دەکەین و حەزیش بەو شتە دەکەین کە لە دەستماندا نییە، هەڵبەت ئەمە کارێکی بێ هوودە نییە، گەلێ خەون کەوتنە سەر پێ و بە ڕێدا ڕۆیشتن، یان باڵیان لێ ڕسکاو فڕین، هەر لە چەشنی خەونەکەی ئیکارۆس دەربارەی فڕینی خەڵك، تەنانەت هەر کێشانی وێنەیەك بۆی هەیە سوودی لێ وەربگرین، بەوەی بیکەینە ئامانج و نموونەی حکوومەت و ڕەفتارمان. گەر ژمارەیەکی زۆری ئێمە توانیی وێنەکە بەدی بکات و کەوتنە شوێن بریقە و پرتەوەکەی، ئەوسا دەوڵەتە نموونەییەکە لە نەخشەی جیهاندا دەردەکەوێت. هاوکات نموونەیەکی ئەو شارەشمان لە ئاسمان داناوە، بۆ هەر کەسێك مەبەستی بێت بیگاتێ، یان بەپێی ئەو، دەسەڵات دابمەزرێنێ. بەڵام جۆرە شارێکی وا چ لە ڕاستیدا هەبێت، یان لە داهاتوودا لەسەر زەوی بەدی بێت، ئەوە هەر بەپێی یاساکانی ئەو شارە کار دەکات، نەك شارێکی دی. چونکە مرۆڤی چاك لە نێو شارێکی پڕ کەموکوڕیشدا هەر پەیڕەوی یاسا تەواو و بێ کەموکوڕییەکان دەکات.

وێڕای ئەوە بەڕێز ئەفلاتوون هەر کە دەرفەتی جێبەجێ کردنی پلانەکەی هاتە پێش، کەسێکی زۆر بوێر بوو تا ڕادەی ئەوەی گیانی لە پێناویدا بەخت بکات. ساڵی **٣٨٧**ی بەر لە زایین ئەفلاتوون لە لایەن دیۆنیسیۆسەوە بانگێشت کرا، کە دەسەڵاتداری سەرکەسەی پایتەختە بەهێز و گەشەدارەکەی ئەو کاتی سقلیە بوو، بۆ ئەوەی ئەفلاتوون دەوڵەتەکەی ئەو بکاتە دەوڵەتێکی نموونەیی. ئەفلاتوون لەو باوەڕەدا بوو، کە وریا کردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی تەنیا کەسێك زۆر ئاسانترە



لەوەی هەموو خەڵك وریاو ڕۆشنبیر بکەیت، باوەکو ئەو کەسە پاشاش بێت، بۆیە بەدەم بانگێشتەکەوە چوو. بەڵام کاتێك دیۆنیسیۆس لەوە حاڵی بوو کە پلانەکە وا دەخوازێت ببێتە فەیلەسووف یان دەبێ واز لە پاشایەتی بهێنێت، کێشەیەکی سەخت کەوتە نێوانیانەوە. بەسەرهاتەکەش وا دەڵێ کە دوای ئەو کێشەیە ئەفلاتوون لە بازاڕی بەندەکاندا فرۆشرا، کە دۆستی دێرینی ئەسینای و قوتابیی خۆی ئەنیسیرس پاش ئەوەی ئەفلاتوونی کڕی و لە کۆیلایەتیی ڕزگار کرد، بەوەش ڕازی نەبوو شاگردە ئەسیناییەکانی ئەفلاتوون پارەی ئازاد کردنەکەی ئەفلاتوونی بدەنێ، ئەوەی خستە بەردەمیان کە با هەر ئەوان شەرافەتمەندیی یارمەتی دانی فەلسەفەیان پێ نەبڕێ. لەوانەیە ئەم ئەزموونە تاڵە پتر ئەفلاتوونی بێ ئومێد کرد بێت و پاڵی پێوە ناوە هەڵوێستێکی پارێزگارانە بنوێنێ، هەروەك لە کتێبی یاساکاندا، کە دوایین کتێبیەتی دەردەکەوێت.

وێڕای هەموو ئەو شتانە، دوایین ساڵەکانی تەمەنی ئەفلاتوون ساڵانێکی پڕ لە شادی بوون، قوتابیانی لە هەموو جێ و شوێنێکدا بڵاوبوونەوە، سەرکەوتنی ئەوان لە ژیاندا شەرافەتمەندیی بەو دەبەخشی لە هەر شوێن و جێگایەکدا. لە نێو ئاکادیمیاکەیدا بە ئارامی ژیا، گرووپ گرووپ بەسەر قوتابییەکانیدا دەسووڕایەوە، پرس و بابەتی پێشکەش دەکردن بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەن. ئەفلاتوون توانیی، چەشنی سۆلۆن خۆی فێر بکات و بە چەشنی سوکرات خەڵك فێر بکات و ڕێنمایی لاوان بکات و ئەوانیش هۆگری بن. قوتابییەکانی زۆریان خۆشدەویست هەروەك چۆن ئەو خۆشی دەویستن، ئەو برادەری ئەوان بوو، لە هەمان کاتدا فەیلەسووف و ڕابەریشیان بوو.

یەك لە قوتابیانی بۆ ئاهەنگی مارەبڕین داوەتی کرد، ئەفلاتوون بە تەمەنی هەشتا ساڵییەوە ئامادەی ئاهەنگەکە بوو، هەروەها لە شادیی ئامادەبووانیدا بەشدار بوو. دوای بەسەرچوونی کاتەکانی شادی و خۆشی، فەیلەسووفی پیرو مەزن لە گۆشەیەکی هێمندا لەسەر کورسییەك دانیشت بۆ ئەوەی سەرخەوێك بشکێنێ. بەیانی پاش کۆتایی هاتنی ئاهەنگەکە هاتن بەخەبەری بهێنن، کەچی تەماشا دەکەن لە سەرخەوێکەوە بەرەو خەوێکی هەتاهەتایی چووە، لە بەڕێ کردنی بەرەو دوایین ئارامگە، هەموو ئەسینا کەوتە شوێنی.

# بەشی دووەم

# ئەرستۆو زانستی گریك

## ١- هەڵكەوتی مێژوویی:

ساڵی ٣٨٤ی بەر لە زایین ئەرستۆ لە شاری ئەستاگیرا لەدایك بووە، ئەو شارە كەوتووەتە ولاّتی مەكدۆنیا لە دووریی دوو سەد میل لە باكووری ئەسینا. باوكی دۆست و نوژداری ئەمۆنتاسی شای مەكدۆنیا و باپیری ئەسكەندەری مەزن بوو. گوایە ئەرستۆ بۆ خۆشی بووە ئەندام لە كۆمەڵەی پزیشكیی برایانی ئەسكیپیادسدا. ئەرستۆ لە سایەی پزیشكیدا پەروەردە بوو، هەروەك زۆر لە فەیلەسووفانی پاشتر لە سایەی پاكی و ئایین پەروەریدا پەروەردە بوون. هەموو دەرفەت و پاڵپشتییەكی بۆ رەخسا بۆ ئەوەی لە سایەی كەشێكی زانستیدا گەشە بە ئەقڵی زانستیانەی خۆی بدات. هەر لە سەرەتاشەوە وا ئامادە كرا بوو كە ببێتە دامەزرێنەری زانست.

دەربارەی ژیانی لاوێتیی ئەو هەندێ سەربردە هەیە. یەكێ لەو سەربردانە وا دەگێڕنەوە، كە هەرچی سامانێكی بە میرات بۆی مابووەوە تەرتە و وەرتەی كرد، بە رادەیەك بۆ ئەوەی لە برسا نەمرێ ناچار بوو ببێتە سەرباز. پاشان دەگەڕێتەوە ئەستاگیرا بۆ ئەوەی خەریكی پزیشكی بێت، ئینجا لە تەمەنی سی ساڵیدا بۆ خوێندنی فەلسەفە لەسەر دەستی ئەفلاتوون، دەچێتە ئەسینا.

سەربردەیەكی دی وا دەگێڕێتەوە، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا دەچێتە ئەسینا، هەر لەو كاتەشەوە لە لای بەرێز ئەفلاتوونی مەزن دەبێتە قوتابی. ئەم سەبردەیە ئاماژە بە ژیانی سەركێش و سەرشێتانەی ئەرستۆ دەكات. هەردوو سەربردەكە لەوەدا كۆكن، كە لە دووماهیدا ئەرستۆ لە نێو باخچە ئارامەكانی ئەكادیمیادا گیرسایەوە.

هەشت ساڵ یان بیست ساڵ لە لای ئەفلاتوون خوێندوویەتی، لە راستیشدا تێڕامانە ئەفلاتوونییە سەراپاگیر و لەجێیەكانی ئەرستۆ، نیشانەی ئەوەن بیست ساڵ لە لای ئەفلاتوون خوێندوویەتی. تەنانەت بۆچوونە ناكۆكەكانیشی هەمبەر بە ئەفلاتوون ئاماژە بە ماوە درێژەكە دەكەن. مرۆڤ حەز دەكات ئەو ساڵانە بە ساڵانی هەرە شادی ئەرستۆ بزانێ. قوتابییەكی زرنگی ژێر سایەی رێنمایی مامۆستایەكی بێ هاوتا، چەشنی عاشقانی یۆنانی لە نێو باخچەكانی فەلسەفەدا پیاسەی دەكرد. هەردووكیان بلیمەت بوون، لەیەك گەیشتنیش لە نێوان خەڵكی بلیمەتدا كارێكی زەحمەتە، هەروەك چۆن ئاگر و باروود لەیەك دەگەن. نزیكەی پەنجا ساڵ زەمان لە نێوان ئەفلاتوون و ئەرستۆی قوتابیدا هەیە، بۆیە پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییەی ئەو ساڵانە لە نێوانی هەردوو لا دروستی كرد بوو، كارێكی زەحمەت بوو، بە هەمان شێوە شاردنەوەی ئەو هاودژییەی لە نێوان رۆحی هەردووكیاندا هەبوو، زەحمەت بوو.



ئەفلاتوون دركی بە گەورەیی ئەو قوتابییە تازەو نامۆیە كرد كە لە باكوورەوە هاتبوو، لە ولاّتێكەوە هاتبوو كە تا ئەو كاتەش ئەسینا هەر بە ولاّتی كێوییانی دادەنا. جارێكیان وا پەسنی كرد كە بەرجەستەی زیرەكایەتییە لە نێو ئەكادیمیادا. بە دەست بلاّوی ئەرستۆ پارەی بۆ كڕین و كۆكردنەوەی كتێب خەرج دەكرد، بێ لە یوریپید كەس نەبوو لە كۆكردنەوەی كتێبدا شان لە شانی بدات. ئەرستۆ كتێبخانەیەكی گەورەی پێكەوە ناو بناغەی پۆلێن كردن و خشتەبەند كردنی كتێبی دانا، ئەمەش لایەنێكی كار كردنیەتی لە بواری زانستدا، تا وای لێهات ئەفلاتوون ماڵی ئەرستۆی بە ماڵی خوێنەر ناوزەد كرد. پێدەچێ مەبەستی ئەوەی بووبێت گەرمترین سلاّوی خۆی پێشكەش بە ئەرستۆ بكات، بەلاّم واش دەردەكەوێت لە دوایین رۆژانی ژیانی ئەفلاتووندا كێشەیەكی راستەقینە كەوتە نێوانیانەوە. لە خۆشەویستیی فەلسەفەو بەدەست هێنانیدا ئەو گەنجە دڵ پڕ لە خواستەی ئێمە دژ بە باوكی رۆحیی خۆی گرێیەكی كەوتە دڵ. كەوتە باسی ئەوەی كە بە مردنی ئەفلاتوون دانایی نامرێت، لە كاتێكدا دانای پیر قوتابییەكەی بە جوانوویەك دەچوواند كە پاش ئەوەی بڕستی لە دایكە مایینەكەی بڕی و وشكی هەڵهێنا، دەیداتە بەر لووشكە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ناكۆكی كەوتووەتە نێوانیان چونكە دووكەڵ بێ ئاگر پەیدا نابێت.

تا ئێستاش لایەنەكانی دیكەی ئەم ماوەیەی ژیانی نێو ئەسینای ئەرستۆ نەچەسپاون و جێی ئەگەرن. هەندێ لە نووسەرانی كتێبە ناودارەكانی ژیاننامە و مێژوو پێمان رادەگەیەنن، كە ئەرستۆ لە كێبڕكێدا لەگەڵ سوكرات، قوتابخانەیەكی بۆ گوتنەوەی هونەری وتارخوێنی دامەزراند، هیرمیاسی دەوڵەمەندیش یەكێك بوو لە قوتابیانی، كە پاش ماوەیەكی كەم بوو بە دەسەلاّتداری شاری ئەتارنیس. ئەرستۆی مامۆستای بۆ دەرباری خۆی بانگهێشت كرد و لە ساڵی ٣٤٤ی بەر لە زایین، هەمبەر بە چاكەی مامۆستاكەی خوشكێكی خۆی (دەشڵێن كچە خوشكێكی) لێ مارە كردووە. مرۆڤ گومان دەكات كە ئەمە یاداشتێكی یۆنانی بێت، بەلاّم هەر زوو مێژوونووسان پێداگیری دەكەن و دەڵێن؛ وێڕای بلیمەتییەكەی خۆی، ئەرستۆ؛ بە شادی ژیانی لەگەڵ هاوسەرەكەیدا بردووەتە سەر، بە خۆشی و خۆشەویستییەوە ناوی دەبرد. تەنیا ساڵێ پاشتر، شا فیلیپ شای مەكدۆنیا ئەرستۆی بانگێشت كرد بۆ دەرباری خۆی لە شاری پێلاو ئەركی پێگەیاندنی ئەسكەندەری پێ سپارد. ئەم بانگێشت كردنە نیشانەیە بۆ بلاّوبوونەوەی ناوبانگی فەیلەسووفەكەمان، بەوەی مەزنترین پاشای ئەو سەردەمە رووی لە مەزنترین مامۆستا ناوەو، ئەرستۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی ببێتە مامۆستای ئەسكەندەر، كە دواتر ئەسكەندەر دەبێتە

سەرکردەی پاشەڕۆژی هەموو جیهان.

فیلیپ نیەتی ئەوەی هێنا رۆڵەکەی لە هەموو جۆرەکانی خوێندن خاترجەم بکات، چونکە گەلێ پلانی فراوانی بۆ کێشا بوو، ئەو هێرشەی لە ساڵی ٣٥٦ی بەر لە زاییندا کردییە سەر تراکیاو لە ئەنجامدا دەستی بەسەردا گرت، ئەوەی بۆ رەخساند دەست بەسەر کانە زێڕەکاندا بگرێت، هەر یەکسەر دە قاتی ئەو زیوەی لە لۆریۆمەوە بۆ ئەسینا دەهات، ئەو زێڕی گرانبەهای دەست دەکەوت. جووتیارانی وڵاتەکەش خەڵکی زبر و شەڕکەر بوون، هێشتا ناز و گەندەڵییەکانی شار تێکی نەدا بوون، بەم جۆرە پێداویستییەکی ئەوتۆی کەوتە دەست، کە بتوانێت سەد شارە دەوڵەتی بچووك بخاتە ژێر رکێفی خۆی و لە ڕووی سیاسییەوە یۆنانێکی یەکگرتوو دابمەزرێنێ. هەمبەر بە تاکایەتی کە سەرچاوەی هونەر و ئەقڵە لە یۆناندا، فیلیپ هیچ سۆزێکی نەبوو. ئەو تاکایەتییە هاوکات شیرازەی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی لە باریەك هەڵوەشاند. فیلیپ نە ژیار و رۆشنبیریی گەش و نە هونەری بێ هاوتای لەو پایتەختە بچووکانەدا نەدیت، بەڵکو بازرگانییەکی گەندەڵ و سیاسەتێکی بێ سەرو بەری دیت. خاوەن بانك و بازرگانی تەماحکار و چاوچنۆك کە داهاتە گرنگەکانی گەلیان دەخوارد و، سیاسەتمەدارانی بێ دەسەڵات و دواندەری دەم شڕ، کە گەلیان چەواشە کرد و بەرەو پیلان و شەڕ و کارەساتیان برد، فیلیپ ئەمانە و گەلێ شتی دیکەی لەو شارانەدا دیت، وەك گەلێ چین پارچە پارچەو دابەش بوونە سەر گرووپ‌و دەستەی جۆراوجۆر و گەلێ چینیش لە شێوەی هۆز و خێڵدا گردبوونەتەوە. بۆیە گوتی؛ ئەمە گەل نییە بەڵکو تێکەڵەیەکی کەسانە، لە خەڵکی بلیمەت و کۆیلە، بڕیاری دا ئەو بێ سەرو بەرییە رێك بخات و یۆنان بەهێز و یەکگرتوو بکات و بیکاتە ناوەند و بنکەی سیاسی لە جیهاندا، لە تافی لاوێتیدا هونەری پلانەکانی جەنگ و سیستەمی مەدەنیی لە شار تیبە بە چاودێریی ئەبامنیۆداسی جوامێر، خوێند بوو، بە ئازایەتییەکی هاوشان بە خولیاکانی لە ساڵی ٣٣٨ی بەر لە زاییندا، ئەسینایییەکانی شکاند و لە دوماهیدا یۆنانی یەکگرتووی دامەزراند، هەرچەندە یەکگرتنێکی بە زنجیر بەندکراو بوو. پاش ئەم سەرکەتنە، پلانی ئەوەی داڕشت کە بە خۆی و کوڕەکەیەوە بتوانن سەرکردایەتیی جیهان بکەن و بیکەن بە یەك، بەڵام لە کارێکی تیرۆردا گیانی لەدەست دا.

لە کاتی هاتنی ئەرستۆدا، ئەسکەندەر لاوێکی تەمەن سێزدە ساڵانی کێوی بوو، مایل بە سۆز و فێدار، زۆر جاریش سەرخۆش بوو، کاتی بە ماڵی کردنی ئەسپی کێوی بەسەر دەبرد. هەوڵەکانی فەیلەسووف زۆر بە ئاکام نەبوون لە دامرکاندنەوەی ئاگری ئەو بورکانە هەڵایساوەدا.



ماوەیەك ئەسکەندەر هێندەی باوکی خۆی ئەرستۆی ئازیزی خۆشدەویست، دەیگوت هەرچەندە باوکی بۆ سەر دنیای هێناوە، بەڵام ئەرستۆ فێری هونەری ژیانی کرد. (پەندێکی باوی یۆنانی هەیە دەڵێ ژیان بەخششی سروشتە، بەڵام ژیانی جوان بەخششی دانایە). لە نامەیەکیدا بۆ ئەرستۆ ئەسکەندەر گوتویەتی؛ من لە زانینی هەرچی چاکترە زێدەڕۆییم کرد پتر لەوەی بزانم چۆن دەسەڵات و توانام بسەپێنم. ئەم ئاماژەیە لەوە تێپەڕ ناکات کە سڵاوێکی گەنجانە و شاهانەی ئەسکەندەر بێت بۆ ئەرستۆ. ئەو سەرگەرمی و پەرۆشییەی فەلسەفەی نوێ باو، خەسڵەتی توندوتیژی گڕگرتووی کوڕە پاشایەکی کێوی (دڕندە)ی لە پشت بوو. جڵەوەکانی عەقڵ نەیانتوانی رێ لە قوڵپی ئەو هەستە بە میرات ماوانە بگرن. پاش دوو ساڵ ئەسکەندەر پشتی لە فەلسەفە کرد و چووە سەر تەخت و جیهانی داگیر کرد.

مێژوو دەروازەی ئازادیمان بە روودا دەکاتەوە کە (هەرچەندە هەمبەر بەم بیرو بۆچوونە خۆشانە بە گومانین) وای بۆ بچین کە ئارەزووەکەی ئەسکەندەر لە یەکێتیدا هەندێ لە هێز و مەزنایەتییەکەی لە مامۆستاکەیەوە وەرگرتووە، کە مەزنترین هزرڤانێکی لێکدانکاری (تەرکیبی)یە لە مێژووی هزردا، واتە بینای هزر و فەلسەفەکەی لەسەر بنەمای لێکدان (پێچەوانەی هەڵوەشاندنەوە و هەڵوەشانکاری) دامەزراوە. تەشەنە کردنی پڕۆژە سیاسییەکە لە لایەن قوتابییەکەوەو، برەو سەندنی پڕۆژە فەلسەفییەکەش لە لایەن مامۆستاکەوە، نیشانەی دوو لایەنی جیاوازی یەك پڕۆژەی پڕ لە جوامێری و سەرگەرمییە، بەوەی دوو مەزنی مەکدۆنی دوو جیهانی بێ سیستەم و پڕ لە پەشێوییان کرد بە یەك.

کاتێ ئەسکەندەر رووی لە داگیرکردنی ئاسیا کرد، لە هەر شارێکی یۆنانیدا حکوومەتێکی سەر بەخۆی بەجێ هێشت، بەڵام گەلانی نێو ئەو شارانە دژی بوون. چونکە سەرباری رابردووی ئیمپراتۆریانەی ئەسینا، ئازادی لە نێو شارەکانی یۆناندا رەگی داکوتا بوو. بۆیە دەستگرتن بەسەر ئەم شارانەدا، باوەکو لە لایەن سەرکردەیەکی ناودار و بە رەونەقیشەوە بێت، کارێکی ئەستەم بوو. هەروەها زمان رەوانیی دیموستین وای لە ئەنجومەنی ئەسینا دەکرد، هەمیشە لە کەناری شۆڕشدا بێت دژ بەو پارتەی مەکدۆنیا کە دەسەڵاتی شاری لە دەستدا بوو. ساڵی ٣٣٤ی بەر لە زایین کاتێك ئەرستۆ لە گەشتێکی دیکەی وڵاتانەوە گەڕایەوە ئەسینا، کارێکی ئاسایی بوو کە چووە ریزی پارتی مەکدۆنییەکان، ئەوەشی نەدەشاردەوە کە بە دەسەڵاتی ئەسکەندەر رازییە، نەمازە شارەکانی یۆنانی لە یەکێتییەکدا کۆکردووەتەوە و پشتیوانیشی لێ دەکات. کاتێ بەو بەرهەمە دیار و یەك لە دوای یەکانەی ئەرستۆدا دەچینەوە، کە لە بواری لێکۆڵینەوەو

بەدواداچوونی زانستیدا لە دوایین دوازدە ساڵی تەمەنی خۆیدا دایناون، هەروەها ئەرکە پرش و بڵاوەکانی، لە ڕێکخستنی قوتابخانەکەی و ڕیزبەند کردنی گەنجینەکانی زانین، کە هەرگیز پێشتر، بە هزری یەك تاکە کەسدا نەچووە، بخەینە بەر سەرنج، بەم بۆنەیەوە دەبێ ئەوە بهێنینەوە یاد کە ئەم شتە ڕێیەکی ئارام و هێمن نەبووە لە گەڕان بە دوای ڕاستیدا. کەشی سیاسی بۆی هەیە لە هەر چرکەیەکدا بگۆڕێ و، ببێتە مایەی هەڵکردنی ڕەشەبایەك بەنێو ئەو ژیانە سیاسییە ئارامەدا. کاتێ ئەم هەڵوێستە دەخەینە بەر زەینمان، دەتوانین لە فەلسەفە سیاسییەکەی ئەرستۆ و کۆتاییە خەماوییەکەی بگەین.

## ٢- بەرهەمەکانی ئەرستۆ:

بە لای مامۆستای شای شاهانەوە زەحمەت نەبوو تەنانەت لە شارێکی نەیاری وەکو ئەسیناش شاگر پەیدا بکات. کاتێ تەمەنی گەییە پەنجا و سێ ساڵی، قوتابخانەکەی خۆی (لۆکیۆن)ی دامەزراند، قوتابییەکی زۆری لێ گردبووەوە، بۆیە وای پێویست کرد، بۆ پاراستنی ڕێکوپێکی، ڕێوشوێنێکی ئاڵۆز دابڕێژێت. قوتابییەکان هەر خۆیان سیستەمێکیان دامەزراند، هەر دە ڕۆژە و یەکێکیان هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی قوتابخانەکە بکات. دەبێ واش بیر نەکەینەوە کە ئەم قوتابخانەیە سیستەمێکی توندوتۆڵی هەبووە، ئەو وێنەیەی پێمان گەیشتووە قوتابیانێك پیشان دەدات بە هاوبەشی لەگەڵ مامۆستاکەیاندا نان دەخۆن، هەر بەدەم ڕۆیشتنی ئەم سەرو ئەو سەری گۆڕەپانێکی وەرزشەوە، شتی لێ فێر دەبوون، ئەو گۆڕەپانەی قوتابخانەکەی بە ناوەوە کرا.

قوتابخانەکەی ئەرستۆ هەر چون ئەو قوتابخانەیە نەبوو کە لە پاش ئەفلاتوون بەجێ مابوو، بەر لە هەموو شتێك ئەکادیمیەی ئەفلاتوون تایبەت بوو بە بیرکاری و سیاسەت و ڕامانی فەلسەفی. کەچی قوتابخانەکەی ئەرستۆ پتر بە لای گوتنەوەی زیندەوەرزانی و زانستەکانی سروشتدا چوو. گەر متمانە بە گوتنەکەی پلینی بکەین، ئەوە ئەسکەندەر فەرمانی بە ڕاوچی و باخچەوان و ماسیگرانی کردووە، کە هەر چ ڕووەك و گیاندارێکی ئەرستۆ بیەوێت، ئەوان بۆی پەیدا بکەن. چەند نووسەرێکی کۆنی دیکە دەگێڕنەوە؛ لە یەك کاتدا هەزار پیاوی لەبەر دەستدا بووە و بە ئاسیا و یۆناندا بڵاوبوونەتەوە، نموونە و تۆخمی هەموو جۆرە گیاندار و ڕووەکی هەر جێیەکی سەر زەوییان بۆ کۆ دەکردەوە. بەم هەموو سامانە توانیی یەکەمین باخچەی مەزنی ئاژەڵان لە جیهاندا دابمەزرێنێ. زەحمەت زێدەڕۆییمان پێ بکرێت لە کارێکی ئەم هەموو شتەی بەردەستی بۆ سەر زانست و فەلسەفەکەی.



بۆ دەستەبەر کردنی خەرجییەکانی ئەو هەموو کار و ئەرکە زۆرە، ئەرستۆ چۆن پارەی پەیدا کرد؟ هەر خۆشی لەو کاتەدا پیاوێکی خاوەن داهاتێکی زۆر بوو. ئەتیناوس (بە هەندێ زێدەڕۆییەوە) دەگێڕێتەوە: ئەسکەندەر (٨٠٠) پارچە دراوی داوەتە ئەرستۆ، کە بەرامبەر بە بەهای چوار ملیۆن دۆلاری ئێستای ئێمە دەبێت. هەندێکیش دەگێڕنەوە ئەسکەندەر داوای لە ئەرستۆ کردووە تیمێك بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکانی نیل بنێرێت و نهێنیی لافاوی ساڵانەی ئەم ڕووبارە بدۆزێتەوە. کارگەلێکی لەم جۆرەی ڕێکخستنی سەدو پەنجاو هەشت دەستووری سیاسی کە خرابوونە بەردەمی ئەرستۆ، ئاماژەیە بەوەی ژمارەیەکی زۆر لە یاریدەدەر و فەرمانبەری لەگەڵدا بووە. بە کورتی، لێرەداو لە مێژووی ئەوروپا یەکەمین نموونەی تەرخان کردنی بڕە پارەی زۆرمان دێتە بەرچاو کە خرابێتە خزمەتی زانستەوە. لە ڕاستیدا ئەمڕۆش ئەگەر حکوومەت دراوی زۆر بۆ لێکۆڵینەوە تەرخان بکات، دەسکەوتی گەورەمان دەبێت.

وێڕای ئەوە گەر ئەو ئامرازە سادانە فەرامۆش بکەین کە لەگەڵ پشتیوانی و ئاسانکارییەکەدا لەبەر دەستی ئەرستۆدا بوون، ناهەقییەکی گەورەی دەرهەق دەکەین، ئەو ناچار بوو کات بەبێ کاتژمێر دیاری بکات و بێ بارۆمەتریش چاودێریی کەش بکات... لە نێو گشت ئەو کەرەستە و ئامێرە هاوچەرخانەی پێوان کە لەبەر دەستی ئێمەدان، ئەو تەنیا ڕاستەو قیبلەنومانی لەبەر دەستدا بوو، لەگەڵ هەندێ ئامێری دیکەی پڕ لە کەموکورتی، چونکە شی کردنەوەی کیمیاوی و کێش و پێوانە ڕاستەکان و، پیادە کردنی هاوکێشە و ئاکامەکانی بیرکاری لە زانستەکانی سروشتدا هێشتا نەزاندرا بوون، هەروەها یاسای ڕاکێشان و دیاردەی کارەبایی و مەرجەکانی لێکدانی کیمیایی و پاڵەپەستۆی هەواو کار کردنی و پێکهاتەی تیشك و، گەرمی و سووتان و گەلێ شتی دی، بە کورتی، هەموو ئەو ڕاستییانەی تیۆرییەکانی زانستی نوێی سروشتی لەسەر دادەمەزرێن، هەر هەموویان یان بەشی هەرە زۆریان هێشتا نەدۆزرا بوونەوە.

بڕوانە ئێستا دۆزینەوەکان چۆن مێژوو دروست دەکەن. لەبەر ئەوەی ئەوکات تیلسکۆب نەبوو، بۆیە ئەو گەردوونناسییەی ئەرستۆ دایناوە تەنیا زنجیرەیەك چیرۆکی کۆمیدین، لەبەر ئەوەی میکرسکۆبیش نەبووە، بۆیە زیندەوەرزانی دوور لە ڕاستی وێڵ بوو. بە بەراورد لەگەڵ ئاستی ئەو دەسکەوتە گرنگ و بێ وێنانەی پێی گەیشتبوو، یۆنان لە ڕووی دۆزینەوەی پیشەسازی و تەکنیکییەوە زۆر لە پاش بوو. یۆنانەکان کاری دەستییان بە کەم دەزانی، ئەمەش وای کرد بێ لە کۆیلەکان هەموو کەسێکی لەوە دوورخستەوە، ڕاستەوخۆ پرۆسەکانی بەرهەم هێنان ببینن، یان ئامێرەکان بەکار بهێنن و دەستاودەستیان پێ بکەن، کە هەر ئەمەشە هاندەری ئاشکرا کردنی

کەموکورتییەکانیان. داهێنانی تەکنیکی تەنیا لەبەر دەستی ئەوانەدا بوو کە مەیلێکیان بۆی نەبوو، کە هیچ سوود و دەسکەوتێکی مادیشیان لێی وەچنگ نەدەکەوت. سستی داهێنان لەم رووەوە بۆی هەیە بۆ هەرزان بوونی کۆیلە بگەڕێتەوە. هێزی ماسوولکە زۆر لە ئامێر هەرزانتر بوو، بەم جۆرە لەو کاتەی بازرگانیی یۆنان دەریای سپیی ناوەڕاستی تەنییەوە، فەلسەفەی یۆنانیش عەقڵی گەلانی ئەو دەریایەی تەنییەوە، زانستی یۆنان وێڵ بوو، پیشەسازیی یۆنانیش هەر لە ئاستی ئەو پیشەسازییەی ئیجەدا مایەوە، کە بەر لە هەزاران ساڵ یۆنانەکان هاتن و داگیریان کرد. بێگومان هەر ئەمەش بووە هۆی دوورکەوتنەوەی ئەرستۆ لە ئەزموون و تاقیکردنەوە، تەنیا مەگەر لە هەندێ حاڵەتی کەم نەبێت، چونکە ئەو ئامێرانەی بۆ تاقیکردنەوە پێویست بوون، هێشتا دروست نەکرا بوون. ئەوپەڕی ئەوەی ئەو دەیکرد، پشت بەستن بوو بە تێبینی کردنێکی بەردەوامی گەردوون. وێڕای ئەوە، ئەو زانیارییە زۆرەی لەگەڵ هاوکارانیدا کۆی کردەوە، بووە بناغەی پێشکەوتنی زانست و دەقی مەعریفی لە ماوەی دوو هەزار ساڵدا.

ژمارەی ئەو کتێبانەی ئەرستۆ دایناون بە سەدانن، هەندێ نووسەری دێرین دەڵێن ژمارەیان گەییوەتە چوار سەد کتێب، هەندێکیش دەڵێن گەییوەتە هەزار، بەڵام تەنیا هەندێکیان ماون و سەرباری ئەوە پڕ بە کتێبخانەیەکن، جا بیر لە ئاست و مەزنایەتیی هەموویان بکەوە. کە یەکەم؛ کتێبی لۆژیکیان تێدایە، (گوتەکان)، (بابەتەکان)، (پێشەکی)، (شی کردنەوەکانی دواتر)، (لەجێو بەربار - الموضوع والمحمول)، (بەرپەرچی سۆفیستی)، دالآنیزمەکان (ڕەواقییەکان) بە ناوی هۆیەکانی بیرکردنەوەی دروست هەموو ئەم بەرهەمانەیان کۆکردەوە و نووسییاننەوە. دووەم، بەرهەمە زانستییەکان، (سروشتناسی)، (لە ئاسماندا)، (پەرەسەندن و هەڵوەشانەوە)، (زانستی دیاردەکانی کەش)، (مێژووی سروشتی)، (لە بارەی دەروونەوە)، (بەشەکانی ئاژەڵ). سێیەم، بەرهەمەکانی هونەری چەشەو ڕەوانبێژی (ڕەوانبێژی)، (زانستی عەرووز). چوارەم، بەرهەمە فەلسەفییەکان (ئاکار)، (رامیاری)، (میتافیزیك)، (خوداناسی).

لێرەدا زۆر بە روونی ئەنسکلۆپیدیای یۆنان دەبینین، هەر گرفتێکی ئەم دنیایە لێرەدا جێی بۆ کراوەتەوە، سەیر نییە کە پتر لە هەر فەیلەسووفێکی دی، هەڵە و ناماقووڵی لە ئەستۆدا دەبینین، ئەو تێکەڵە و پێکهاتەیەی زانست و زانین و داناییە، بەر لە سەردەمی سپنسەر، هەرگیز هیچ مرۆڤێك پێی نەگەیشتبوو. فەلسەفەی ئەرستۆ دنیای تەنییەوە و زۆر لە داگیر کردنی جیهان و سەرکەوتنە دڕندەییانەکەی ئەسکەندەر چاکتر بوو، جا گەر فەلسەفە هەوڵێك بێت بۆ یەکبوون، کەواتە ئەرستۆ شایستە بە ناوی مەزنی فەیلەسووفە، کە سەدەی بیستەم ئەم ناوەی لێناوە.



کارێکی ئاساییە لە نێو عەقڵی زانستیانەی ئەرستۆدا، ئەو شێوازە جوان و شیعر ئامێزە بەدی نەکەین کە شێوازی ئەفلاتوونە، نابێ چاوەڕوانی ئەو وێژە پرشنگدارە بین، کە جوان و پرشنگدارانە لە نووسراوە شانۆ ئامێزەکانی ئەفلاتووندا ڕێچکە دەبەستن. ئەرستۆ لە جیاتی ئەوەی وێژەیەکی مەزنمان بخاتە بەردەم، فەلسەفەی تێدا بەرجەستە بێت و لە نێو ئەفسانەو خەیاڵ و تارماییەکاندا نادیار بێتە بەر چاو، زانستێکی چڕو ڕووت و ڕێکوپێك دەخاتەڕوو. خۆ گەر بۆ خۆشی و کات بەسەربردن چووینە لای و کرێی چوونە ژوورەوەمان دا، هەمبەر بەوەی دەیبینین نارەزاییمان دەبێت و داوای پارەکەشمان دەکەینەوە. ئەو لە بری ئەوەی وەك ئەفلاتوون شێواز و دەستەواژەی وێژەیی بەکار بهێنێت، کەوتە داتاشینی زاراوەی زانستی و فەلسەفی، لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆشدا، زۆر زەحمەتە لە هەر زانستێك بدوێیت بێ ئەوەی دەستەواژە داتاشراوەکانی ئەو بەکار نەهێنێ. بۆی هەیە هەنگاونان لە دیالۆگی دڵخۆشکەرەوە کە شێوازی ئەفلاتوون بوو، بەرەو نووسینی ورد و زانستیانە، هەنگاوێکی پێویست بێت لە پێشکەوتنی فەلسەفە و زانست کە بڕبڕەی پشتی فەلسەفەیە. ئەرستۆش دیالۆگی ئەدەبیی نووسیوە و لە ڕۆژگاری خۆیدا چەشنی دیالۆگەکانی ئەفلاتوون ناوبانگیان دەرکرد، بەڵام بزر بوون و نەگەیشتنە دەستی ئێمە وەك چۆن کتێبە زانستییەکانی ئەفلاتوون ون بوون.

لەوانەشە زەمان چاکترین نووسینەکانی هەر یەك لەوانی بۆ پاراست بن.

له دوماهیدا، لەوانەیە ئەو نووسینانەی دراونەتە پاڵ ئەرستۆ هی ئەو نەبن، بۆی هەیە بەشی هەرە زۆریان بەرهەمی کۆکردنەوە و پۆلێن کردنی قوتابی و مریدان بێت، کە گەوهەری موحازەرە وشك و برینگەکانی ئەویان لە نێو یاداشتەکانیاندا تەڕ و ئاودار کردووە. وا دیارە ئەرستۆ لە ژیانیدا لە نووسینەکانی بواری لۆژیك و ڕەوانبێژی بترازێت، هیچ نووسینێکی هونەریی خۆی بڵاو نەکردووەتەوە، فۆرمی ئێستای دانراوەکانی لە بواری لۆژیکدا دواتر نووسراون، هەرچی نووسین و وتارەکانیەتی یان نامەکانی لە بواری میتافیزیك و سیاسەتدا، وا دێتە بەر چاو کە ئەو نامە پوختە کراوانەی بەجێی هێشتن، سەروەسیەتەکەی بەبێ گۆڕان و بژاردەکاری کۆی کردنەوە، تەنانەت یەکێتیی شێواز کە مۆرکی نووسینەکانی ئەرستۆیە و پشتگیرە بۆ ئەو رایەی کە دەڵێ قوتابخانەی ڕەواقی (دالآنیزم) بە هاوبەش نووسینەکانیان داڕشتووەتەوە. بە لای خوێنەرێکی پڕ کارەوە، باس کردنی ئەم وردەکاریانە هێندە گرنگ نین. لەوانەیە لە هەموو حاڵەتەکاندا بڕوای تەواومان بەوە بێت کە ئەرستۆ باوکی ڕۆحیی گشت ئەو کتێبانەیە کە ناوی ئەویان بە سەرەوەیە، دوور نییە برێ جار ئەو دەستەی ئەو کتێبانەی دانابێت دەستێکی دی بێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەر سەرو دڵی ئەرستۆیان لەخۆ گرتووە.

### ٣- بنەچەی لۆژیك:

یەکەمین تایبەتمەندییەکی مەزن کە ئەرستۆ لە کەسانی بەر لە خۆی جودا دەکاتەوە، ئەوەیە کە زادەی بیر و دەستی خۆیەتی، بەوەی زانستێکی نوێی داناوە و ئەویش زانستی لۆژیکە. رینان لەو باوەڕەدایە کە پێویستە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ عەقڵ لەسەر رێبازی وێژەییانەی یۆنان مەشق بدرێت. وای دەبینێت کە بێ ئەو مەشقە عەقڵ تۆکمە و تەواو نابێت. خودی عەقڵی یۆنانیش لە راستیدا بێ سەروبەرو بێ سیستەم بوو، تا ئەرستۆ هۆکارێکی خستەبەر دەست بۆ تاقیکردنەوە و راست کردنەوەی هزر. تەنانەت ئەفلاتوونیش رۆحێکی ئازاد و ناتۆکمە بوو، هەمیشە هەوری ئەفسانە دڕی پێ دەدا و شێوازی جوان و رەوانی ئەفسانە رووی راستییان دەشاردەوە. هەروەها خودی ئەرستۆش، هەروەك دەبینین، زۆر لەو رێسایانەی شکاند کە هەر خۆی دایناbوون، بەڵام لەو کاتانەدا هێشتا هەر لە بن کاریگەریی رابردوودا بوو، نەك داهاتوویەك کە بیری ئەو دروستی کرد. لەبەر یەك هەڵوەشانی رەوشی سیاسی و ئابووریی یۆنان بووە مایەی سست بوونی عەقڵ و ئاکاری گرنگ لە پاش ئەرستۆدا، بەڵام پاش هەزار ساڵ لە تاریکی و دواکەوتن، نەوەیەکی نوێ هات و بۆ دووەمین جار تین و توانای رامان و بیرکردنەوەیان لەخۆ رادیت. بیوتیوس (٤٧٠-٥٢٥ز) لۆژیکی ئەرستۆی وەرگێڕا، کە بووە نموونەی هزر لە سەدەکانی ناڤیندا، هەروەها بووە چاوگی فەلسەفە لە سەدە ناوەنجییەکاندا، کە هەرچەندە ئەو فەلسەفەیە، بە هۆی ئەو بیروباوەڕانەی دەورەیان دابوو، نەزۆك و وشك هەڵاتوو بوو، جا ئەو کتێبەی ئەرستۆ لە ڕووی بیرکردنەوە و ئاقڵمەندی و رامان و زیرەکییەوە توانیی مەشق بە هزر و عەقڵی تازە هەڵچووی ئەوروپا بکات و زاراوە تەکنیکییەکانی زانستی نوێشی دارشت و، رێساکانی پێشکەوتنی هزریشی چەسپاند، کە سەرەنجام گەشەی کرد و خودی ئەو سیستەمەی رووخاند کە مایەی هاتنە کایە و دروست بوونی بوو.

لۆژیك بە سادەیی واتە ئەو هونەر و شێوازەی لە راست کردنەوەی بیردا یارمەتیمان دەدات. لۆژیك شێواز و تەرازووی هەموو زانست و هونەرێکە، تەنانەت مۆسیقاش پەنای بۆ دەبات. زانستە چونکە هۆکارەکانی بیرکردنەوەی دروست بە ئەندازەیەکی زۆر دەکرێ پوختە بکرێ و بخرێتە فۆرمی رێساو یاساوە لە چەشنی ئەندازەو سروشتناسی و پاشان بە هەر عەقڵێکی ئاسایی بگوترێتەوە. هەروەها هونەریشە چونکە لە دوماهیدا بە مەشق وا لە هزری مرۆڤ دەکات، بەو رادەیە لێزان و وردو خاوەن دیسپلینێکی نائاگاو خێرا بێت، کەوا رێنمایی پەنجەکانی پیانۆژەنێك



دەکات و ئاراستەیان دەکات کە سووك و ئاسان بە رەوانی ئامێرەکە بژەنن. لە تێگەیشتنیدا هیچ شتێك هێندەی لۆژیك زەحمەت نییە، هیچ شتێکیش لەو گرنگتر نییە.

لە گفتوگۆکانی سوکراتدا، ئاماژە بەم زانستی تازە باوەی لۆژیك کراوە، کە هەمیشە پێداگیریی لەوە دەکرد کە پێناسەیەك بۆ شتەکان دابندرێ. هەروەها نامیلکە بچووکەکەی ئەرستۆ دەربارەی (پێناسەکان)، ئەوە روون دەکاتەوە، کە لۆژیکەکەی لەو چاوگەوە شتی هەڵهێنجاوە. ڤۆلتێر گوتوویەتی: گەر ئارەزووی ئەوە دەکەیت لەگەڵم بئاخڤی، ئەوەی دەیڵێی پێناسەی بکەو قسەکانیشت دیاری بکە. ئاخۆ چەند گفتوگۆی دوور و درێژ وێك دێتەوە و دەبێتە تەنیا بڕگەیەك، گەر هاتوو کەسانی کە لە گفتوگۆدان زاتی ئەوەیان کرد رستە و دەستەواژەکانیان دیاری بکەن. ئا ئەمەیە بەرایی و کۆتایی لۆژیك، دڵ و رۆحیشی هەر ئەوەیە، لە هەر قسە کردنێکی دوور لە سوعبەت، بۆ هەر دەستەواژەیەکی گرنگ سەختترین پێناسە و پشکنین بکەیت و سنووورداری بکەیت. بە ڕاستی شێوازێکی سەختە و، تاقیکردنەوەیەکە هیچ بەزەییەکی بە عەقڵ تێدا نییە. چۆن دەتوانین بابەتێك یان واتای زاراوەیەك دیاری بکەین؟ ئەرستۆ لە وەڵامدا دەڵێت: هەموو پێناسەیەکی چاك لە دوو بەش پێك دێت و لەسەر پێش رادەوەستێت. یەکەم ئەو بابەتەی لە پرسیارەکەدا هاتووە دەیخاتە نێو سنووری چین یان گرووپێکەوە، کە لە خەسڵەتە گشتییەکاندا هاوبەشن. بۆیە مرۆڤ بۆ یەکەم جارو بەر لە هەموو شتێك ئاژەڵە، دووەم ئاماژە بە هەر شتێکی ئەو بابەتە دەکات کە لە گشت ئەندامەکانی دیکەی چینەکەی جودا دەکاتەوە.بەم جۆرە و بەپێی ئەو شێوازەی ئەرستۆ، مرۆڤ ئاژەڵێکی خاوەن ئەقڵە. تەنیا شتێك کە مرۆڤ لە ئاژەڵانی دی جودا دەکاتەوە، ئەوەیە کە خاوەن هۆش و ئەقڵە (ئەمەیە بنەچەی ئەفسانە جوانەکە) کە ئەرستۆ بابەت نقومی نێو دەریای چینەکەی خۆی دەکات، پاشان هەڵیدەکێشێتەوە و تك تك واتای جۆرەکەی و نیشانەکانی جۆر و گرووپەکەی خۆی لێ دەچۆڕێتەوە، هاوکات تاکایەتی و جیاوازییەکانی روون و ئاشکراتر پرشنگ دەدەنەوە، ئەویش لە ئاکامی ئەوەی لەیەك نزیك بوونی ئەو بابەتە لەگەڵ بابەتەکانی دی، کە چون یەکەییەکی گەورەیان لە نێواندایە، وەك چۆن پەسنی لەیەك جوداشیان لە نێواندایە.

رێبازی پێوانەکاری گرنگترین شتێك بوو ئەرستۆ خستییە سەر خەرمانی فەلسەفە، پێوانەکاری رێنماییەکە لە سێ بەش پێکدێت، بەراییەکی مەزن، بەراییەکی بچووك و، ئەنجام. ئەنجامەکە لەو راستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە بەرایی مەزن و بەرایی بچووکدا سەلمێندراوە، بۆ نموونە مرۆڤ ئاژەڵێکی ئاقڵە، بەڵام ئەرستۆ مرۆڤە، کەواتە ئەرستۆ ئاژەڵێکی ئاقڵە،

خوێنەرێکی شارەزای بیرکاری بێت یەکسەر درك دەکات، کە پێوانەکاری هەروەك لەم هاوکێشەیە وایە، کە دەڵێ ئەو دوو شتەی یەکسانن بە یەك شت، هەردووکیان یەکسان بە یەکدین. گەر (ھ) هەر (ب) بێت و، (س)یش (ھ) بێت، ئەوکات (س) هەر (ب)یە، کە بەم شێوەیە دەگەینە ئەنجام هەروەك هاوکێشە بیرکارییەکە ساغی دەکاتەوە، ئەویش بە لادانی (ھ) وەك رەگەزی هاوبەش لە هەردوو بەرابیەکەدا. لە پێوانەکاریشدا بەم جۆرە دەگەینە ئەنجام، کە (مرۆڤ) وەك رەگەزی هاوبەش لە هەردوو بەرابیەکەدا لا بدەین و ئەوەی دەشمێنێ هەمبەر بە یەکی بکەین. هەروەك لۆژیکناسان هەر لە رۆژگاری پیرۆوە تا دەگاتە رۆژگاری ستیوارت مل ئاماژەیان پێ کردووە، زەحمەتێك لەوەدایە کە بەرابی مەزن لە پێوانەکاریدا ئەو خاڵەی دەیەوێ بیسەلمێنێ لە بنەڕەتدا بابەتێکی سەلمێندراوە، چونکە گەر سوکرات ئاقڵ نەبێت (کەسیش گومان لەوە ناکات سوکرات مرۆڤە)، ئەوکات ئەو بابەتەی دەڵێ مرۆڤ ئاژەڵێکی ئاقڵە، بە شێوەیەکی سەراپاگیر بابەتێکی راست و دروست نابێت. ئەرستۆ وەڵام دەداتەوە، بێگومان هەر کاتێك تاکە کەس ژمارەیەك لە خەسڵەت و پەسنەکانی جۆرەکەی خۆی (سوکرات مرۆڤ)ی هەبوو، ئەمە رێگەی گریمانەی پێشکدار بوونی ئەو تاکە کەسەیە لە خەسڵەت و پەسنە دیاری کراوەکانی جۆر، کە (ئەقڵداری)یە. هەروەك دەردەکەوێت، پێوانەکاری سیستەمێکی میکانیکی نییە بۆ ئاشکرا کردنی راستی، بە رادەی ئەوەی بیرۆکە یان دۆخێك روون دەکاتەوە.

## ٤- پێکهاتەی زانست:

### ١- زانستی یۆنانی بەر لە ئەرستۆ:

رینان دەڵێ، سوکرات فەلسەفەی بە جیهان بەخشی، ئەرستۆش زانستی پێ بەخشی، بەر لە سوکرات فەلسەفە هەبووە و بەر لە ئەرستۆش زانست هەبووە، فەلسەفە و زانست پاش سوکراتو ئەرستۆ زۆر پێشکەوتنیان بە خۆوە بینی، بەڵام گشت ئەم پێشکەوتنە لەسەر ئەو بناغانە بوون، کە ئەم دوو فەیلەسووفە دایان رشت بوون. پێش ئەرستۆ زانست کۆرپەلە بوو، لەگەڵ هاتنی ئەودا لەدایك بوو.

شارستانییەتەکانی پێشووی بەر لە یۆنان گەلێ هەوڵی زانستییان دابوو، هەوڵە زانستییەکانی ئەوان هاوبەند بووە بە لایەنی ئاییینەوە، هەروەك لە هزر و بیرۆکەی ئەواندا و لە میانی نووسینی هیرۆگلیفی و مێخیی ئەواندا دەردەکەوێت، کە تا ئێستاش گەلێ شتی پەنهانیان تێدایە. بە



زمانێکی روونتر: ئەو گەلانەی پێش یۆنان هەموو دیاردەیەکی نادیاری سروشتیان لە بۆتەی راڤەیەکی نائاسایی ئاییینیدا شی دەکردەوە، بەوەی لە هەموو شوێنێکدا خوداوەندان ئامادەن.

بۆمان روون بووەتەوە یۆنانیانی نیشتەجێی ئەیۆنیا یەکەمین کەسانێکن هەنگاوی ئەوەیان نا، کە لە بارەی ئاڵۆزییەکانی گەردوون و بویەرە بێ سەرو شوێنەکانی، راڤەی سروشتی بە دەستەوە بدەن. لە سروشتناسیدا بە دوای ئەو هۆکارە سروشتیانەدا دەگەڕان کە لە پشت رووداوە دیاری کراوەکاندان، لە نێو فەلسەفەشدا بە دوای تێزێکی سەراپاگیری سروشتیدا دەگەڕان.

تالیس (٦٤٠-٥٥٠پ.ز) داهێنەری فەلسەفەیە، کەسێکی ئەستێرەناس بوو، خەڵکی میلیتۆسی بەوە سەرسام کرد، کە پێی گوتن خۆر و هەسارەکان (کە وا پێویست دەکات چەشنی خوداوەند نەیان پەرستن) تۆپەڵە گڕو ئاگرن. قوتابییەکەی ئەو ئەنیکسیمەندر (٦١٠-٥٤٠ پ.ز) کە یەکەمین یۆنانییە نەخشەی جوگرافی و گەردوونیی داناوە، پێی وابوو جیهان لە قەبارەیەکی چون یەکەوە دەستی پێ کردووە، هەموو شتەکانیش لە یەك توخمی بنچینەییەوە هاتوونەتە ئاراوە، بە جودا بوونەوەی قەبارەی جۆراوجۆر، هەموو شتەکان لەوەوە دروست بوون. لە دروستبوون و لەناوچوونی ژمارەیەك جیهانی بێ شوماردا، مێژووی گەردوونی گاڤ ناگاڤێك بەردەوام خۆی دووبارە دەکاتەوە، بە هۆی هاوسەنگ بوونی پاڵنەرە ناوخۆییەکانەوە، زەوی خۆی لە ئاسماندا راگیر کردووە، هەموو هەسارەکانیشمان لە کاتێك لە کاتەکاندا شلە بوون و بە حوکمی خۆر دەبوونە هەڵم، ژیانیش یەکەمین فۆرمی خۆی لە دەریادا بەرجەستە کرد، پاش وشك بوونەوەی ئاو، ژیان کەوتە سەر وشکایی، هەندێ لەو ئاژەڵانەی کەنار توانای هەناسەدانی هەوایان تێدا پەرەی سەند، بوونە باپیرەو پێشینی گشت ئەو زیندەوارانەی لەسەر زەویدا زاوزێیان کرد.

ئەنیکسیمانس کە ئەویش خەڵکی مەلیتۆس بوو ساڵی (٤٥٠ پ.ز)دا باسی بنەچەی حاڵەتی شتان دەکات، کە بارستاییەکی رێك بووە، وردە وردە لە چڕبوونەوەدا بووەتە هەوا، پاشان بووەتە هەور، ئینجا ئاو، دواتر بووەتە خۆڵ و ئینجا شاخ. هەر سێ فۆرمی گازی و شلیو رەقیی ماددە، قۆناغی پەرەسەندووی چڕبوونەوەن، گەرمی و ساردیش تەنیا شێتەڵ بوون و چڕبوونەوە بوون، بوومەلەرزەش لە ئاکامی رەق بوونی گڵێکی لە بنەچەدا تواوەیە، ژیان و رۆحیش یەکن، هێزێکی ژیانبەخش و فراوانکەر لە هەموو شت و لە هەموو شوێنێکدا هەیە. وا دیارە ئەنکساگۆراس (٥٠٠-٤٢٨ پ.ز) مامۆستای پارکلیس راڤەیەکی دروستی دەربارەی رۆژگیران و مانگ گیرانەوە پێشکەش کردووە، شێوەکانی هەناسەدانی رووەك و ماسیشی دۆزیوەتەوە.

هیراكلیتس (٥٣٠-٤٧٠ پ.ز) وازی لە سامان و دەوڵەمەندی هێنا بۆ ئەوەی ژیانێكی هەژارانە بە خوێندنی لە سایەی پەرستگادا بەسەر ببات. زانستیشی لە گەردووناسییەوە بەرەو بایەخدان بە زەوی برد. ئەو دەڵێ: هەموو شتەكان دەڕۆن و هەڵدەقوڵێن و دەگۆڕێن، تەنانەت لە وەستاوترین شتدا هەڵقوڵێن و جوولەیەكی نادیار بەدی دەكەین، مێژووی بوونەوەر بە دەوری خولێكی دووبارەوە بوودا دەسووڕێتەوە، هەر یەكەیان لە ئاگرەوە دەست پێ دەكات و لەوێشدا كۆتایی دێت (ئا لێرەدایە یەكێ لە چاوگەكانی بنەمای دالآنیزم و كریستیان دەربارەی دۆزەخ و ڕۆژی زیندوو بوونەوە) كە دەڵێ: هەموو شتێك دێتە بوون و لەناویش دەچێت.. شەڕیش باوك و پاشای هەمووانە، هەر ئەو هەندێ كەسی كردووەتە خوداوەند و هەندێكی كردووەتە بەشەرو، هەندێ كۆیلەو هەندێ ئازاد، لە هەر شوێنێكیشدا تێكۆشان نەبێت لەناوچوون زاڵ دەبێت، هەر تێكەڵەیەكی راینەشلەقێنی تێك دەچێت و دادەڕزێ. لەم ڕەوتی گۆڕان و ململانێ و هەڵبژاردنەدا، تەنیا شتی نەگۆڕ هەیە، ئەویش یاسایە. ئەم ڕێسایە بەسەر هەمووماندا قەڵەمڕەوەو نە خوداوەند دایناوە و نە مرۆڤ. هەمیشە هەر هەبووە و هەر هەیەو هەر دەشمێنێ.

ئەمپادكلیس (٤٤٥ ب. ز لە سقلیە) تێزی پەیدا بوونی قۆناغێكی دی بەرەو پێش برد، بەوەی گوتی: ئەندامەكان بە هەڵبژاردن پەیدا دەبن نەك بە دانان، سروشت گەلێ ئەزموون و تاقیكردنەوەی بەسەر ئەندامەكاندا هێناوە، ئەندامی جۆراوجۆری جۆرەكان كۆ دەكرێتەوە. جا كاتێك ئەم تێكەڵەیەی ئەندامانی لەش دەتوانێ لە ئاستی پێداویستەكانی ژینگەدا بێت، ئەوە دەژی و دەمێنێتەوە. هەر كاتێكی ئەم پێكهاتەیەی ئەندامان لە بەرەو رووی ژینگەدا سەرنەكەوت، ئەوە دەپووكێتەوەو دەقرتێندرێت، لەگەڵ تێپەڕ بوونی كاتدا، ئەم پێكهاتەی ئەندامان سەركەوتووانە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا خۆی دەگونجێنێ. لە دوماهیدا دێینە سەر دوایین قۆناغ لە قۆناغەكانی زانستی بەر لە ئەرستۆ لە سەردەمی لیوسپۆس كە لە (٤٤٥ ب. ز) ناوبانگی دەركردووە و دیموكریتسی قوتابیی ئەو (٤٦٠-٣٦٠ ب. ز)، كە قۆناغێكی ماددیی ئەتۆمییە، لیوسپۆس گوتی: هەموو شتێك پێداویست دەبێتە پاڵنەری، دیموكریتسیش گوتی: هەموو شتێك راستەقینە پاڵنەریەتی.

ژمارەیەكی بێ شومار دنیا و جیهان هەن یان هەبوون یان دێ هێنە بوون، لە هەر چركەیەكیشدا هەسارەكان پێك دەكەون و لەناو دەچن و لەو بێ سەرو بەرییەشدا دنیای نوێ لە كۆی ئەتۆمە هاوشێوە و هاوقەبارەكان ئازادانە پەیدا دەبێت، لە داهێنانی ئەم دنیا و جیهانانەدا



هیچ پلان و نەخشەڕێژییەك نییە، بوونەوەر لە چەشنی ئامێر بە شێوەیەكی میكانیكی بەڕێوە دەچێت.

ئەمە سووكە پوختەیەكی زانستی یۆنان بوو بەر لە ئەرستۆ، دەكرێ چاوپۆشی لە بیرۆكەو دەستەواژە نابەجێكانی بكەین، نەمازە گەر ئەو كەرەستە و ئامێرە سادە و ساكارانە بێنینە بەر چاو كە ئەو زانایانەی سەردەمی دێرین لە كارو ئەزموونیدا بەكاریان هێناون. وەستان و بێ بەرەو بوونی پیشەسازیی یۆنان لە سایەی دێوزمەی سیستەمی كۆیلایەتی، ڕێی لەوە گرتووە ئەم سەرەتا گرنگە بە تەواوی پەرە بستێنێ. هەروەها زوو بەزوو ئاڵۆز بوونی ڕەوشی ژیانی سیاسی لە ئەسینا. سۆفیستییەكان و سوكرات و ئەفلاتوونی لە توێژینەوەی سروشت و زیندەوەران دووركستەوە و بەرەو تێزی رامیاری و ئاكارناسیی بردن.

یەكێ لە سەربڵندییەكانی ئەرستۆ گرێدانی ئەم دوو هێڵەیە لە هزری یۆنانیدا كە هێڵی سروشتناسی و هێڵی ئاكارناسییە، كە بۆ سەردەمێكی بەر لە ئەفلاتوونی مامۆستای دەگەڕێتەوە. دووبارە سەرەگوریسی پەرەسەندنی زانستی گرتە دەست كە لە ڕۆژگاری بەر لە سوكراتدا ڕێچكەی خۆی گرتبوو، بە وردەكارییەكی پوخت و سەرنج و تێبینیی زیاترەوە درێژەی بە كارەكانی خۆی دا، سەرجەم ئاكامە كەڵەكە بووەكانی لە بۆتەی زانستێكی ڕێك و پێكدا گردو كۆ كردەوە.

## ٢- ئاكار و ماهیەتی بەختەوەری:

كاتێك ئەرستۆ گەیشتە قۆناغی پێگەیشتن و ژمارەیەكی زۆری لاوان بۆ بەدەست هێنانی زانست و ڕێكوپێكی لە دەوری كۆبوونەوە، ئەقڵی ئەرستۆ بادانەوەیەكی زۆری بەسەردا هات و لە وردەكاریی زانستەوە بەرەو گرفتە فراوان و پتر نادیارەكانی ئاكار وەرچەرخا. زۆر بە روونی بۆی دەركەوت كە ئەو پرسیارە بنچینەییەی سەرووی هەموو ئەو پرسیارانەی پەیوەست بە دنیای سروشتە، ئەو پرسیارەیە دەربارەی ژیانێكی شكۆمەندە، ژیانی شكۆمەندانە چییە؟ باڵاترین چاكە لە ژیاندا چییە؟ چاكەخوازی چییە؟ چۆن دەتوانین بەختەوەر و شاد بین و بەدییان بهێنین؟

لە ئاكاردا ئەرستۆ كەسێكی سادەو ریالیست بوو، چونكە ئەو مەشقە زانستییەی كە هەیبوو، لەوەی دوورخستەوە كە بانگەشە بۆ بەهاگەلێكی سەرووی توانای مرۆڤەوە بكات، یان ئامۆژگاریی بۆش و بەتاڵ دەربارەی گەیشتن بە كەماڵ. (سانتیانا) دەڵێ: دەرك كردن بە ماهیەتی مرۆڤ لە لای ئەرستۆ بە تەواوی راستگۆیانە بوو. هەموو بەهایەكی بەرز بنەمایەكی سروشتیی

هەیە، هەر شتێکی سروشتیش پەرەسەندنێکی نموونەیی هەیە. ئەرستۆ بێ پێچ و پەنا دان بەوەدا دەنێت کە ئامانجی ژیان خۆ بەخۆ چاکە نییە، بەڵکو بەختەوەری ئامانجە، چونکە بەختەوەریمان هەر لە پێناوی خۆیدا دەوێت، نەك لە پێناو شتێکی دی، هەروەها شەرەفمەندی و، خۆشی و ئیدراك و... هەڵدەبژێرین، چونکە لەو باوەڕەداین لە ڕێی ئەوانەوە دەگەینە بەختەوەری، بە هۆی ئەوانەوە ئێمە بەختەوەر دەبین. ئەرستۆ دەزانێت ناونانی بەختەوەری بە چاکەی باڵا تەنیا ڕاستییەکی سەرەتاییە، ئەوەی گەرەکمانە، ڕاڤەیەکی روونتر دەربارەی چۆنیەتی بەختەوەری بەدەست بهێنین، هەروەها ڕێی بە ئەو گەیشتن بەدی بکەین. ئەو ئومێد دەکا بەم پرسیارە، کە ئاخۆ چ شتێکە وا لە مرۆڤ دەکات لە گیاندارانی دی جودا بێت؟ ڕێی بەختەوەری بدۆزێتەوەو بە ڕەچاو کردنی گریمانەی، بەختەوەریی مرۆڤ لەوەدایە کە کاری زۆرو تەواو بۆ خەسڵەتی تایبەت بە مرۆڤ بکرێت.

مرۆڤ بە بەهێزیی هزرەکەی لە زیندەوەرانی دی جودا دەبێتەوە، کە بەهۆی ئەوەوە زاڵ دەبێت و حوکمڕانیی گشت جۆرەکانی دیکەی ژیان دەکات؛ دەکرێ ئەو گریمانەیە ڕەچاو بکەین کە پەرەسەندنی ئەو توانا هزرییە، بەختەوەری بۆ مرۆڤ بەدی دێنێت.

ئەو کات ژیانی ئەقڵ دەبێتە مەرجی بەختەوەری لە پاڵ بەجێ گەیاندنی هەندێ لە پێداویستەکانی لەش، چاکەو پیاوچاکی و جوامێری بەندن بە ڕای روون و ئاشکراو، کۆنتڕۆڵ کردنی خودو هەماهەنگیی ئارەزووەکان و هونەری میانڕەوی، ئەم شتانە نە مولکی مرۆڤی سادەو، نە بەخششێکی بێ مەبەستن، بەڵکو ئاکامی ئەزموونی مرۆڤێکی یەکجار پەرەسەندوون. وێڕای ئەوە ڕێیەك هەیە بۆ گەیشتن بە بەختەوەری و، ڕابەرێك هەیە بۆ گەیشتن بە چاکەخوازی، کە لەوانەیە گەلێ ئەرك و دواکەوتنمان لە کۆڵ بکاتەوە، ئەویش ڕێی ناوەڕاستە، یان ناوەڕاستی زێڕین. بەوەی ئاکار بە شێوەی سێیینەیەك ڕێك دەخرێت، ئەم سەرو ئەو سەری توندڕەوی و خراپەیە، ناوەڕاستەکەشی چاکە یان چاکەخوازییە. ئا بەم جۆرە لە نێوان ترسنۆکی و هەڵەشەییدا چاکەی ئازایەتی هەی، لە نێوان قرچۆکی و دەستبڵاویدا چاکەیناندەری هەیە، لە نێوان تەمبەڵی و تەماحدا چاکەی چاو لە ژیانی هەیە، لە نێوان ملکەچی و بێ سەروبەریدا چاکەی میانڕەوی هەیە، لە نێوان پەنهانی و زۆربلێییدا چاکەی ئەمانەت هەیە، لە نێوان گرژو مۆنی و گاڵتەدا چاکەی لێو بە خەندەیی هەیەو، لە نێوان شەڕفرۆشی و مەراییدا چاکەی دۆستایەتی هەیە. ئەوکات جیاوازییەك لە نێوان ڕاست و دروستی دنیای ئاکارو ڕەفتارو ڕاستو دروستی بیرکاری و ئەندازەدا نامێنێ، کە واتای ڕاست و گونجاو دەگەیەنێ و چاکترین کاری باشترین ئاکام بە



دەستەوەدەر، بە هەرحاڵ ناوەندی زێڕین وەك ناوەندی بیرکاری نییە، واتە ناوەندێکی پتەو بۆ دوو هاودژی بە وردی دەست نیشان کراو. ئەو لەگەڵ هەلومەرجدا، لە کورت و درێژی دەدات و، تەنیا بۆ عەقڵی نەرم و شل و پێگەیشتوو خۆی دەنوێنێ. چاکەخوازی هونەرێکە بە مەشق و ڕاهاتن مرۆڤ بەدەستی دەهێنێ. لەبەر ئەوە نییە کە چاکەمان لە هەگبەدایە، کاری ڕاست و دروست دەکەین، بەڵکو پاراوی چاکەخوازیین بۆیە چاك و دروستمان ئەنجام داوە. ئەم چاکەگەلە بە کۆششی خودی مرۆڤ تێیدا بەدی دێت. ئێمە هەمیشە ئەوەین کە دەیکەین و لە دەستمان دێت. چاکە و باشەی مرۆڤ لەوەدایە بە درێژایی ژیان دەروونی لە ڕێی چاکەخوازیدا کار بکات.. هەروەك چۆن دیتنی پەڕەسێلکە یان ڕۆژێکی بێ باران ئەوە ناگەیەنێ کە لە وەرزی بەهارداین، بۆیە تەنیا ڕۆژێك یان ماوەیەکی کورت بەس نییە بۆ ئەوەی مرۆڤ چاك و بەختەوەر بێت.

گەنجایەتی سەردەمی توندڕەوییە، هەرکاتێ گەنج هەڵەیەك دەکات، ئەم هەڵەیە لە کەناری زێدەڕۆیی و توندڕەوییەوە سەرچاوە دەگرێت. گەورەترین ئاستەنگی لاوان ئەوەیە کە لە توندڕەوییەك دەرباز دەبن و دەکەونە توندڕەوییەکی پێچەوانەوە، چونکە هەر توندڕەوییەك بە ئاسانی بەرەو توندڕەوییەکی دی دەچێت، ئەویش چ بە زیاد ڕاست کردنەوەی یان بە هۆی دی. ئەوانەی لە کارێك لە کارەکاندا هەست بە توندڕەوی دەکەن، ناوەند بە چاکەخوازی ناو نابەن، بەڵکو توندڕەوییەکی هەمبەر بە خۆیان بە چاکەخوازی ناو دەبەن. بۆی هەیە هەندێ جار ئەمە کارێکی چاك بێت، چونکە لە کاروباری کەسێکی توندڕەودا کە هەست بە کەموکوڕییەکانمان دەکەین، دەبێ ئامانجمان ئەوی دی بێت، بەم جۆرە لەوانەیە بگەینە هەڵوێستی ناوەند، هەروەك چۆن خەڵکی بۆ ڕاست کردنەوەی نەمامێکی چەماوە ڕەفتار دەکەن. ئەو توندڕەوانەی هەست بە توندڕەویی خۆیان ناکەن، وا لە ناوەندی زێڕین دەڕوانن کە کەمییەکی گەورەیە، مرۆڤی میانڕەویش هەروەك تۆپێك دەکەوێتە بەر شاپ شاپێنی ئەوان. ترسنۆك ئازایەتی بە هەڵەشەیی و بێ سەروبەری دادەنێت، هەروەك کەسی هەڵەشە، ئازایەتی بە ترسنۆکی و بێ هێزی دادەنێت، شتەکانی دیکەش بەم جۆرە پێوانە بکە.

ئاشکرایە کە بنەمای ناوەندو میانڕەی، مۆرکێکی نیمچە باوی گشت میتۆدەکانی فەلسەفەی یۆنانە. ئەفلاتوون ئەم ناوەندەی لە زەیندا بوو، کاتێك چاکەخوازیی بەوە پێناسە کرد کە هاوگونجانە لە کاردا، هەروەها سوکراتیش لەو کاتەدا کە چاکەخوازیی بە زانین پێناسە کرد. ئەم دابی میانڕەوی و ناوەندە لە لایەن حەوت داناکەوە هێندرایە کایەوە، کاتێك ڕستەی (هیچ شتێك لە زێدەڕۆییدا نییە) یان، لەسەر پەرستگای ئەپۆلۆ لە دەلفیدا هەڵکەند، هەروەك نیچەی

فەیلەسووفی ئەڵمان دەڵێت، بۆی هەیە هەر هەموو ئەم شتانە لەو پێناوەدا بن کە یۆنانییەکان زەبرو زەنگ و پاڵنەرە وورووژێنەرەکانی ئاکاریان دامرکێننەوە. راستتر ئەوەیە هەستی یۆنانییەکانی نمایش دەکرد بەوەی سۆز خۆبەخۆ خراپە نییە، بەڵکو لادان و زێدەڕۆیی لە سۆزدا دەبێتە خراپەو، گونجان و میانڕەوییش چاکەیە.

ئەرستۆ لەو باوەڕەدایە کە ناوەندی زێڕین هەر هەمووی بەختەوەری نییە، بەڵکو بەشێکی ئەشیاو پێداویستەکانی دنیامانی پێ دەستەبەر دەبێت. هەژاری و دەستکورتی مرۆڤ وشک و رەزیل دەکات، سامان و داراییش مرۆڤ لە تەماح و پەیوەستی رزگار دەکات. برادەرایەتی چاکترین شتێکە کە یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە بەختەوەری، جا بە ڕاستی برادەرایەتی پتر بۆ مرۆڤی بەختەوەر پێویستە نەك مرۆڤی کلۆڵ، چونکە بە بەشداری کردنی کەسانی دی، شادی و بەختەوەری زیاتر دەبێت، هەروەها لە دادپەروەری گرنگترە، چونکە لەو کاتەی خەڵك دەبنە دۆست و برادەری یەکدی، هیچ پێویست بە دادپەروەری ناکات.

بەڵام کاتێ خەڵك هەق پەرست و دادپەروەر دەبن، برادەرایەتی هەروەك چاکە و بەرات دەبێت و بەهای خۆی لەدەست نادات، برادەران وەك یەك گیانی نێو جەستە وان، وێڕای ئەوە برادەرایەتی واتە کەمیی دۆست و برادەر نەك زۆریی، ئەو کەسەی برادەری زۆرە ئەوە هەر هیچ برادەرێکی نییە، گەر برادەرایەتییەکی دڵسۆزانە دەوێت، ئەستەمە برادەری زۆر کەس بیت. برادەرایەتیی راستەقینەش پێویستی بە بەردەوامی هەیە نەك گەرمی و لێك دابڕان، ئەمەش جێگیری دەگەیەنێ لە ئاکاردا. نەمانی برادەرایەتی بۆ گۆڕانی ئاکاری کەسەکان دەگەڕێتەوە، ئەوە جگە لەوەی برادەرایەتی یەکسانی دەخوازێت، چونکە بەرمنەتی بەرەو گۆڕان و ئاڵوگۆڕیی دەبات. دەشبینین ئەوانەی چاکەو پیاوەتییان هەیە، هەستی برادەرایەتییان بەتینە هەمبەر بەوانەی یارمەتییان دەدەن و پتر لەوەی ئەمانە بەرامبەر بەوان هەیانە. گەوهەری پرسەکەش ئەوەیە زۆربەی خەڵك بەوە رازی بکەی، کە هەندێ قەرزدەرو هەندێکیش قەرزدارن.. قەرزدارانیش ئاواتی ئەوە دەخوازن قەرزدەرانیان لە کۆڵ بێتەوە، هەرچی خاوەن قەرزیشە زۆر سوورە لەسەر پاراستنی قەرزدارانی. ئەرستۆ ئەم راڤە کردنە رەت دەکاتەوە، پێی وایە لوتفی چاکەکار دەبێ یەکسان بێت بەو خۆشەویستییەی هونەرمەند هەمبەر بە کارەکەی هەیەتی و، ئەو سۆزەی دایك بەرامبەر بە زارۆکەکەی هەیەتی، چونکە ئەوەی دەستمان دەیکات لە لامان خۆشەویستە.

هەرچەندە کاری چاکەو پەیوەندیی دەرەکی پێویستە بۆ بەختەوەری، بەڵام گەوهەرەکەی هەر لە ناخمان دایە، تێکەڵ بە زانینی فراوان و رۆحی بێگەرد دەبێت. خۆ ئەگەر شادی یان چێژ رێ و



بەردەباز نەبێت، ئەو بازنەیە دەبێتە رێ و بەردەباز، هەروەك چۆن سوکرات ئەو رایە بێ تامەی ئەبیکۆریزمی خستووەتە ڕوو، کە ئێمە دەخورێنین بۆ ئەوەی بڕووشێنین و دەڕووشێنین بۆ ئەوەی بخورێنین. هەروەها پلەو پایەی سیاسی رێیەك نییە بۆ شادی، چونکە ئەو کاتە بەپێی هەوەس و ئارەزووی گەل دەکەین، هیچ شتێکیش نییە هێندەی جەماوەر گۆڕان و هەڵگەڕانەوەی تێدا بێت. نەخێر بەختەوەری دەبێ لە چەشەی زەیندا بێت، ناشبێ متمانەی پێ بکەین تەنیا مەگەر لەو کاتەدا کە لە گەڕان بەدوای راستی یان لە کاتی گەیشتن بە راستیدا، بەرجەستە بوو، کاری هزر بێ لە خۆی مەبەستێکی دیکەی نییە، شادییەکی وا لە خۆیدا بەدی دەکات کە دەیبووژێنێتەوە بۆ پتر کارکردن. لەبەر ئەوەی خودکەفاییە و، تواناو سووربوونی لەسەر شادی، بە روونی دەچنە خانەی کاری هزرییەوە، بۆیە دەبێ بەختەوەری لە نێو ئەواندا مت بوو بێت.

بە ڕای ئەرستۆ مرۆڤی نموونەیی ئەو کەسەیە کە بەبێ پێویست خۆی ناخاتە بەر مەترسی، بەڵام ئامادەیە لە کاتی کێشە گەورەکاندا خۆشی بەخت بکات، چونکە درك بەوە دەکات ژیان لە هەندێ هەلومەرجدا هیچ بەهایەکی نامێنێ. ئەو کار دەکات بۆ یارمەتیدانی خەڵك، بەڵام پێی نەنگە خەڵك یارمەتیی بدەن، چونکە یارمەتیدان و باروبوو کردنی خەڵك نیشانەی سەرکەوتن و بەرزییە، بەڵام وەرگرتنی کۆمەك لەوان نیشانەی ملکەچی و نزمیی پلەو پایەیە، هەروەها بەشداری لە کۆڕ و نمایشە گشتییەکاندا ناکات، خۆشی لە شانازی بە خۆوە کردن و خۆ دەرخستن بەدوور دەگرێت. لە رق و ئارەزووەکانیدا، هەروەها لە قسەو کرداردا بێ پێچ و پەنایە، چونکە بە سووك دەڕوانێتە خەڵکی و زۆر کەم دەربەستی شتانە. نە بە خەڵکی سەرسام دەبێت و نە گوێ دەداتە ستایشەکانیان، چونکە لە روانگەی ئەوەوە هیچ شتێك مایەی سەرسامی و بە گەورە زانین نییە، لەگەڵ (عامێ ناچێتە شامێ) تەنیا مەگەر برادەر بێت، چونکە لەگەڵ خەڵك رۆیشتندا پیشەی کۆیلانەو، هەرگیز هەست بە رق و کینە ناکات، لە هەڵەش دەبوورێت و لە بیریشی دەکات و، زۆریش قسە ناکات... گوێیش ناداتە پێداهەڵدانی خەڵکی یان زەم کردنی کەسانی دی. بە خراپە لە بارەی کەسەوە نادوێت باوەکو دوژمنیشی بێت، ئازایەتییەکەی بە سەنگەو، دەنگیشی قوولەو، قسەی لەجێیە، ناکەوێتە داوی پەلە کردن، چونکە بایەخ بە شتگەلێکی کەم دەدات. هەروەها سوور نابێتەوەو دەماری تووڕەیی گرژ نابێت، چونکە دەربەست بە هیچ شتێك نییە، چونکە دەنگی بەرز و هەنگاوی گورج بە هۆی بایەخ و پەرۆشییەوە لە لای مرۆڤ پەیدا دەبن. بە شکۆو سەربەرزییەوە بەرگەی کارەساتەکانی ژیان دەگرێت، هێندەی لە توانایدا بێت و بەپێی بارودۆخ هەوڵی دەخاتە گەڕ، هەر چەشنی

سەرکردەیەکی کارامەی سەربازی، ریزەکانی سوپاکەی بە هەرچی نەخشەو پلانی شەڕ هەیە، ڕێك دەخات. هەر خۆی چاکترین برادەری خۆیەتی، شاگەشکەی تەنیایی دەبێت، لە کاتێکدا دەبینێ نەزانی بێ دەسەڵات و بێ تواناو دوور لە چاکە، دوژمنی خۆیەتی و زەندەقی لە تەنیایی دەچێت. لە ڕێگەی ئەرستۆوە، ئا ئەمەیە پیاوی نموونەیی.

## ٣- ڕامیاری:

### ١- کۆمۆنیزم و ڕێبازی پارێزگاران:

زۆر ئاساییە کە ئەم ئاکاری ئەرستۆکراتییە تایبەتمەندەی ئەرستۆ، فەلسەفەیەکی سیاسیی زۆر ئەرستۆکراتیانەی لێ بکەوێتەوە. شتێکی لە مەزەندە دوورە کە مامۆستای (ئەسکەندەر)ی ئیمپراتۆر یان مێردی شازادە، پەیوەندییەکی بەتینیان لەگەڵ عەوامی گەلدا هەبێت، یان تەنانەت لەگەڵ چینی بورژوای بازرگانەکان. سیاسەتمان لە گەنجینەکانمانەوە سەرچاوە دەگرێت، یان بە ڕستەیەکی ڕوونتر، بە گوێرەی سامان و دارایییەکەت، خولیاکانت دەزانم. سەرباری ئەوەی ئەرستۆ کەسێکی ئەمین و پارێزگار بوو، بە هۆی ئەو شڵەژان و کارەساتەی لە ئاکامی دیموکراتییەتەکەی ئەسینا کەوتەوە، وەك زانایەکی نموونەییش، زۆر ئالوودەی سیستەم و ئاشتیو ئاسایش بوو، هەستیشی بەوە کرد کە کاتەکە بۆ توندڕەوی و هەڵچوونی سیاسی ناگونجێ. ئەرستۆ دەڵێ: دابی گۆڕینی یاساکان بە فشەو سووکایەتییەوە دابێکی خراپە، جا لە کاتێکدا ئەو سوودەی لە گۆڕینی یاساکاندا بەدەست دێت، بچووکە، چاکتر وایە ڕووبەڕووی کەموکوڕییەکان ببینەوە، جا چ لە دادوەردا بن یان لە یاساکەداو بە لێبوردەیی فەلسەفی ڕاستیان بکەینەوە، دەسکەوتی هاووڵاتیش لە گۆڕینی یاسا کەمترە لەو زەرەرەی لە ئاکامی پابەند نەبوونی بە فەرمانەکان، لێی دەکەوێت. دەسەڵاتی یاسا لە دەستەبەر کردنی گوێڕایەڵیو مەیل و پاراستنی ئاسایش و ئارامیی سیاسی، بە ڕادەیەکی زۆر بەندە بە عورفەوە، هەروەها بە ئاسانی سووکایەتی کردن بە یاسا کۆنەکان و گۆڕینیان بە یاسای نوێ، دەبێتە مایەی بێ نموود بوونی قووڵایی گەوهەری یاسا. نابێ سووکایەتی بە ئەزموونی نەوەکانی ڕابردوو بکەین، گومانیش لەوەدا نییە (ئەم شتە) تازانە گەر چاك بوونایە، لە ساڵانی دوورو درێژی ڕابردوودا هەر بە پەنهانی و دوور لە دەستی خەڵك نەدەمانەوە.

مەبەستی ئەرستۆش (لەم شتانە) کۆمارە کۆمۆنیزمەکەی ئەفلاتوونە. ئەرستۆ لە گشتییەکان (الكليات)دا جەنگ دژ بە ریالیستییەکەی ئەفلاتوون دەکات و، لە حکوومەتەکەشیدا جەنگی دژ بە ئایدیالیستییەکەی دەکات. گەلێ پەڵەی ڕەشی لەو وێنەیەدا بەدی کرد کە بە پەڕمووچەی



مامۆستاکەی کێشرا بوو. بیرۆکەی ئەو سەربازگانەی پێ هەرس نەکرا، کە ئەفلاتوون بەسەر فەیلەسووفانیدا سەپاندوویەتی، هەروەها ئەو هەموو پەیوەندی و لێك سووانەش، بەوەی کە کەسێکی پارێزگارە، بایەخ و ڕێزێکی زۆری داوەتە پەسنەکانی تەنیایی و تاکایەتی و ئازادی و، لە سەرووی دەسەڵات و توانای کۆمەڵایەتییان دادەنێت. دەربەست بەوە نییە هەموو هاوتەمەنێکی بە خوشك و برا بزانێت، یان هەموو پیرێك بە دایك و باوك، خۆ گەر هەمووان برای تۆ بن، کەواتە تۆ هیچ رایەکت نییە. چاکتر نییە کە بە ڕاستی مام یان خاڵی هەندێ کەس بیت، نەك باوکێك بیت لەسەر شێوازی ئەفلاتوون؟ لە دەوڵەتێکیشدا کە ژنان منداڵانیان هاوبەش بێت، خۆشەویستی و ئەڤین شتێکی تواوە دەبێت.. شتێکی کە هی خۆت بێت، لە ناخەوە وات لێ دەکات خۆشت بووێت و بایەخی پێ بدەیت و هەستی خۆشەویستیی ڕاستەقینەت لە دەروونندا بە ئاگا دێنێت، جۆرە کارێکی وا لە کۆمارەکەی ئەفلاتووندا ئەستەمە. لەوانەیە ڕابردوویەکی دوورو تاریك کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیزمی تێدا بەدی هاتبێت، کە خێزان تاکە دەوڵەت بووەو، لەوەڕگەو جووتیاریش تاکە هۆکارێکی ژیان بوون. بەڵام لە دەوڵەتێکدا کە کۆمەڵگایەکی پتر دابەش کراوی هەیە، تێیدا کار دابەش دەبێتە سەر چەند جۆرە کارێکی نایەکسان لە ڕووی بایەخەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی فراوان بوونی جیاوازییەکان و نایەکسانی لە نێوان خەڵکدا، لێرەداو لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا کۆمۆنیزم هەرەس دەهێنێ، چونکە تەماح و پاڵنەرێك بۆ چینی باڵاو خاوەن توانا ناخاتەڕوو، کە ئەرك و ڕەنج بکێشێت، پاڵنەری دەسکەوت و دراو پێویستە بۆ ڕەنجێك کە لە کاری سەختدا دەدرێت، هەروەك چۆن پاڵنەری موڵکداری پێویستە بۆ پیشەسازی و جووتیاری و بایەخدان بە کار.

کاتێك هەموو کەس شتێکی دەبێت، کەس بایەخ بە هیچ شتێك نادات. بەشداربوونی بەشێکی زۆری خەڵك لە شتێکدا، بەرەو ئەوەیان دەبات کەم بایەخی پێ بدەن، هەموو مرۆڤێك یەکەم شت بیر لە بەرژەوەندیی خۆی و ئەوەی هەیەتی، دەکاتەوە. بە دەگمەن گەر بیر لە بەرژەوەندیی گشتی بکاتەوە. زۆریش زەحمەتە خەڵك لەگەڵ یەکدا لە سەربازگەی هاوبەشدا بژین، یاخود هاوبەش بن لە موڵکایەتیی شتەکاندا، نەمازە لە سۆسیال بوونی موڵك و ساماندا. بەشداربوونی برادەران لە گەشتێکدا (بێ ئەوەی شتێك لە بارەی ئەرك و زەحمەتییەکانی ژنهێنانی کۆمۆنیزمییەوە شتێك بڵێین) چاکتر نموونەی ئەم لایەنەیە، لەسەر بچووکترین و پووچترین شت لە ڕێدا ململانێ و شەڕو بەربەرەکانێ دەکەن.

دڵی خەڵکی بەرەو دەوڵەتی نموونەیی دەچێت و دەبێتە مایەی بایەخ و ئەندێشەو سەرنجی ئەوان، زۆر بە ئاسانیش تەفرەیان دەدات و دەیانخاتە سەر ئەو باوەڕەی، کە ئەم جۆرە دەوڵەتە شێوازێکی بێ وێنەیەو هەموو مرۆڤێك دەکاتە دۆستی ئەوانی دی، نەمازە لەو کاتەی گوێ لە پەیام هێنی دەوڵەتی نموونەیی دەگرن، کە هەمبەر بە خراپەو گەندەڵییەکانی جیهان نارەزایی دەردەبڕێت و... دەڵێ گوایە ئەم خراپەو گەندەڵییە بەرەنجامی موڵکداریەتیی تایبەتە. بەڵام ئەم خراپییانە لە ژێدەرێکی دیکەوە سەرچاوە دەگرن، کە بەدیی ئەدگاری مرۆڤ و ئارەزووی خراپەکارانەی ئەوە. زانستی سیاسەت مرۆڤ دروست ناکات، هەر دەبێ بەپێی سروشت و ئەدگاری خۆیان سەودایان لەگەڵدا بکات.

ئەدگاری مرۆڤ، مرۆڤێکی مام ناوەندی لە دڕندەوە نزیکە تا خوداوەند، زۆربەی خەڵکیش هەر لەخۆڕا تەمبەڵ و دەبەنگن، لە هەر رژێمێکدا، باوەکو هەر چۆنێکیش بێت، دەبینین بەرەو خوار دادەکشێن و نقومی بنەوە دەبن. کۆمەك و یارمەتییەکانی حکوومەتیش هەروەك ئاوێك وایە کە دەیکەیتە بەرمیلێکی کونەوەو هەر لەبەری دەڕوات. کەسانی لەم جۆرە دەبێ لە ڕووی سیاسییەوە حوکمڕانییان بکەیت و لە ڕووی پیشەسازییەوە رێیان پیشان بدەیت، ئەوە ئەگەر کرا بە رەزامەندیی خۆیان، گەر نەشکراو پێویستی کرد، بەبێ رەزامەندیی خۆیان. لەگەڵ یەکەمین چرکەی لە دایك بووندا مرۆڤ لە چارەی نووسراوە هەندێکی ببێتە دەسەڵاتدارو هەندێکی ببێتە بندەست. ئەوەی بە عەقڵ درك دەکات، سروشت وای پێگەیاندووە کە ببێتە گەورەو دەسەڵاتدار، ئەوەشی کە ناتوانێ کار بکات تەنیا بە لەش و ماسوولکە نەبێت، وای پێگەیاندووە کە ببێتە بەندە. بەندەو دەسەڵاتدار وەك لەش و عەقڵ وان، لەبەر ئەوەی پێویست وایە لەش بەرحوکمی عەقڵ بێت، بۆیە چاکتر وایە هەموو بێ دەسەڵاتەکان لە پلەو پایەی بندەستی دەسەڵاتداردا بن. بەندە ئامێرێکی زیندووە، ئامێریش بەندەیەکی بێ گیانە، پاش ئەوە ئەرستۆ بەو چەشنە دەنووسێت کە ئەو توانایەی شۆڕشی پیشەسازیی لێ عەیانە کە بۆ ئێمەی هێناوەتە کایەوە، گەر هەموو ئامێرێك خۆبەخۆ کاری خۆی بکات و، گەر شانە خۆبەخۆ کەوتە رستن و چنین، پەڕەمووچ بەبێ ئەوەی دەستێك بیجوولێنێ و رێنمایی بکات، کەوتە ژەنینی سەنتوور، ئەوکات سەرکاری کرێکاران پێویستی بە یاریدەدەر نابێت و دەسەڵاتداریش پێویستی بە بەندە نابێت.

ئەم فەلسەفەیە بەکەم زانینی پیشەی دەستی لە لای یۆنانییەکان روون دەکاتەوە. لە ئەسینادا پیشەی دەستی نەگەیشتە ئەو ئاڵۆزییەی ئەمڕۆ پێی گەیشتووە. ئەو زیرەکییە لەگەڵ بازرگانیدا پێویست بوو، گەلێ لەو زیرەکییە پتر بوو کە بۆ کاری دەستی پێویست بوو، ئەو کارانەی چینی



بەرەو خواری ناوەند دەیکردن، بۆیە کاری دەست تەنیا وەك کارێکی سادەی دەستی بوو، ئەرستۆش بە چاوێکی کەم لە پیشەی دەستیی رووانی، لە سەرێوە بۆ خوار تەماشای دەکرد، لە ترۆپکی فەلسەفەوە لێی دەڕوانی، ئەو کاری دەستی بە خەڵکی عەقڵ بچووك یان ئەوانەی عەقڵیان نییە، شایستە دیت. تەنیا لەگەڵ بەندەکاندا دەگونجێت.

ئەو لەو بڕوایەدایە ئاکامی کاری دەست سست بوون و تێداچوونی عەقڵە، نە کات و نە بوارێك بۆ زیرەکایەتیی سیاسی ناهێڵێتەوە، لە ئەنجامی ئەوە، کەسانێکی کە کاتی بەتاڵیان هەیە، پێویستە لە حکوومەتدا بەشدار بن.

چاکترین دەوڵەت لە سەریەتی تەکنیکاران وەك هاووڵاتیی خاوەن رەگەزنامە لە نێو خۆیدا قبووڵ نەکات. لە شاری (تیبە)دا یاسایەك هەبوو بە دەق رێی لەوە دەگرت، کەسێکی کە بەر لە دە ساڵ لە کارەکەی خانەنشین نەکرا بێت، پلەو پایەیەکی حکوومی بگرێتە دەست. تەنانەت ئەرستۆ بازرگان و خودانی بانکەکانیشی هەر بە چینی کۆیلە داناون، بە تاك شت فرۆشتنیش لە روانگەی ئەوەوە کارێکی ئاسایی نەبوو.. بەڵکو هۆیەکە خەڵکی دەسکەوت و قازانج لە پەنایەوە لە یەکدی بەدەست دەهێنن. لە روانگەی ئەوەوە ناشیرنترین شێوەی ئاڵوگۆڕ کردنی دارایی ریبایە، چونکە ریبا قازانج لە خودی پارەکە دەردەهێنێ و، بە شێوەیەکی سروشتی پارە بەکار ناهێنێ، چونکە مەبەست لە دراو ئەوەیە هۆیەك بێت بۆ ئاڵوگۆڕ کردن، نەك بۆ بەدی هێنانی قازانج، ئەو ریبایەی دراو لە دراو پەیدای دەکات، نائاساییترین هۆیەکی بەدەست هێنانی داراییە، نابێ لە پارەوە پارە پەیدا بێت.

بەم جۆرە لێکۆڵینەوە لە کاروباری دارایی شایستەی فەلسەفەیە، بەڵام خەریك بوون بە کاروباری دارایی یان پەیدا کردنی دراو شایستە بە مرۆڤی ئازاد نییە.

### ٢- ژن هێنان و فێرکردن:

ژن هەمبەر بە پیاو هەروەك بەندەیە هەمبەر بە گەورەکەی، هەروەك کاری دەستە بەرامبەر بە کاری عەقڵ و، وەك خەڵکی کێوییە بەرامبەر بە یۆنانی. ژن پیاوێکی ناتەواوە، بە وەستاوی لە پلەیەکی خوارەوەی پەرەسەندن بەجێ ماوە. نێرینە هەر لە خۆڕا باڵادەستە، ئافرەتیش لە خۆڕا لە خوار ئەوەوەیە، یەکەمیان سەردەستەو دووەمیان بندەستە، بە زەرووڕەت ئەم بنەمایە بەسەر هەموو بەرەی مرۆڤایەتیدا پیادە دەبێت. ژن لە ئیرادەدا بێ هێزە، بۆیە ناتوانێ لە پلەو داهێناندا

سەربەخۆ بێت. چاکترین شوێن بۆ ئەو ماڵ و حاڵێکی ئارامە، لە ماڵدا باڵادەست بێت و لە کاروباری دەرەوەیدا لە بن دەسەڵاتی پیاودا بێت.

نابێ ژن و پیاو یەکسان بن وەك ئەوەی لە کۆماری ئەفلاتوون دایە، هەر دەبێ جیاوازییەکانی نێوانیان زیاد بکرێت. هیچ شتێك هێندەی جیاوازی دڵگیر نییە، هەرگیز بەو جۆرەی سوکرات گریمانەی کردووە، ئازایەتیی ژن چون ئازایەتیی پیاو نییە، ئازایەتیی پیاو لە سەرکردایەتی کردن دایەو، ئازایەتیی ژن لە گوێڕایەڵی دایە.. یان هەروەك شاعیرێك دەڵێ بێ دەنگیی ئافرەت سەروەرییە بۆی.

وا دیارە ئەستۆ بە گومانە کە ئەم بەکۆیلە بوونەی ژن هەمبەر بە پیاو بەدی بێت، جا بۆ ئەوەی سوودێکی گەلێ پێویست بە نێرینە بگەیەنێت، ڕێنمایی دەکات تا تەمەنی سی و پێنج ساڵی ژن نەهێنێ، پاش ئەوە ئافرەتێکی تەمەن دەروبەری بیست ساڵان بهێنێ. جا ئەوەی وای لە ئەرستۆ کردووە ئەم بەرنامەیە لە ژن هێناندا بخاتەڕوو، ئەوەیە کە ئەم دوو کەسە لە یەك کاتدا توانای زاوزێ و هەست و سۆز لە دەست دەدەن. چونکە گەر پیاوەکە هێشتا توانای منداڵ بوونی هەبێت و کەچی ژنەکە توانای دووگیانیی لەدەست دابێت، یان بە پێچەوانە، ئەم شتە دەبێتە مایەی کێشەو ئاژاوە لە نێوانیان. جا کە بە گشتی سەردەمی زاوزێ بۆ پیاو بە حەفتا ساڵ و بۆ ژن بە پەنجا ساڵ دیاری کرا بێت، دەبێ کاتی پەیوەندی و بەیەك گەیشتنیان لەگەڵ ئەم دوو سەردەمەدا گونجاو بێت. بە لەش پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو لە تەمەنێکی زوودا سەبارەت بە پێکەوتنی منداڵ کارێکی خراپە. لە نێو ئاژەڵانیشدا بەچکەی ئاژەڵی لە تەمەن بچووکدا سست و بێ هێزو بە زۆری مێیینە دەبێت. تەندروستی لە خۆشەویستی گرنگترە، سەباری ئەوەی پەلە نەکردن و لەسەرخۆیی لە ژن هێناندا، دەبێتە مایەی ڕێکی و میانڕەوی، چونکە ئەو ئافرەتانەی لە تەمەنێکی زوودا شوو دەکەن، مەیلی ئارەزووبازی و سەرەڕۆیی و بێ بڕیاری دەکەن، پیاوانیش کاتێ لە تەمەنی گەشە کردندا ژن دەهێنن، گەشە کردنی ئاساییانەی لەشیان دەوەستێت. ئەم جۆرە شتانە نابێ بە گوێرەی مەیل و ئارەزووبازیی لاوان فەرامۆش بکرێ، بەڵکو دەبێ بە سەرپەرشتی و لە بن دەسەڵاتی حکوومەتدا بێت، بەوەی حکوومەت دەبێ ئاستی سەرو خواری ژیانی هاوسەری بۆ هەردوو ڕەگەز دیاری بکات، هەروەها دەبێ چاکترین وەرزی سك پڕی و، ڕێژەی زیاد بوونی دانیشتووانیش دیاری بکات. گەر هاتوو ڕێژەی زیاد بوونی دانیشتووان زۆر بەرز بوو، ڕێ بە لەباربردنی منداڵ دەدرێت لە بری زیندە بەچاڵ کردن، بەوەی کۆرپەڵە بەر لەوەی ژیانی بێتە بەر، لەبار ببرێت. لە هەر دەوڵەتێکدا ژمارەیەکی نموونەیی هەیە بۆ دانیشتووان، کە



بە گوێرەی شوێنی دەوڵەت و داهاتەکانی ژمارەکە دەگۆڕێت. ئەو دەوڵەتەی لە ژمارەیەکی کەمی دانیشتووان پێکهاتووە، کە خۆی پێ بەڕێوە ناچێت، گەر ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی هەبێت دەبێتە گەل نەك دەوڵەت و، بە زۆری ناتوانێ حکوومەتێکی دەستووری دابمەزرێنێت، هەروەها ناتوانێ یەکێتییەکی نەتەوایەتی یان سیاسی پێکەوە بنێت، هەر زیادەیەکی دانیشتووانیش لە دە هەزار تێپەڕێنێ، کارێکی نەویستراوە.

هەروەها دەبێ فێرکردنیش لە دەست دەوڵەتدا بێت، چاکترین شتێ کە دەستوور دەپارێزێ ئەوەیە فێرکردن لەگەڵ شێوەی دەوڵەتدا بگونجێت... کە دەبێ هاوولاتی لەگەڵ شێوەی ئەو حکوومەتەدا بگونجێنێ کە تێیدا دەژی، حکوومەت کە سەرپەرشتیی قوتابخانەکانی کردو دەستی بەسەردا گرتن، بۆی هەیە بتوانین خەڵکی لە پیشەسازی و بازرگانییەوە بەرەو کشتوکاڵ بەرین. دەشتوانین وێڕای مانەوەی موڵکایەتیی تایبەت، وەهایان رابهێنین کە موڵك و سامانیان واڵا بکەن و لەبەر دەستی هەمووان بێت. دەربارەی بەکار هێنانی سامان و کەلوپەل قسەیەکی نەستەق هەیە دەڵێ: پێویستە برادەران لە هەموو شتێکدا هاوبەش بن، بەڵام لە سەرووی هەموو شتێکەوە دەبێ هاوولاتیی تازە پێگەیشتوو رابهێنن بە قسەی یاسا بکەن، گەرنا دروست بوونی دەوڵەت دەبێتە کارێکی ئەستەم. گوتراوە کە ئەوەی هەرگیز شتێك فێر نەبووە چۆن پابەندی فەرمانەکان دەبێت. هەروەها دەستیش نادا ببێتە سەرکردەیەکی چاك...

هاوولاتیی چاك دەبێ توانای ئەوەی هەبێت لە یەك کاتدا پابەندی فەرمانەکان بێت و سەرکردایەتیش بکات. تەنیا سیستەمی خوێندنی حکوومەت دەتوانێ یەکێتیی کۆمەڵایەتی لە نێوان توخم و ڕەگەزە جیاجیاکاندا بێنێتە دی. دەوڵەت گردبوونەوەو فرەیی چەندین تیرەیە، کە دەبێ لە ڕێی فێرکردنەوە بکرێنە یەك. هەروەها دەبێ لاوان فێری ئەو خێرو بێرە بکرێن کە دەوڵەت بۆی بەدی هێناون و بە سەریدا باراندوون، هەروەها ئەمەش فێر بکرێن کە لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە ئاسایش بەرقەرار بووەو، ئازادییش بەروبوومی یاسایە. ئادەمیزاد گەر فێر بکرێت و مەشق و ئامادە کردن ببینێ، دەبێتە چاکترین زیندەوەر، بەڵام گەر چاوپۆشی لە کارو خەمساردی لە کاروباری کرا، دەبێتە بەدترین زیندەوەر. ستەم ئەو کاتە گەلێ مەترسیدار دەبێت کە چەکی لەگەڵدا دەبێت، ئادەمیزاد هەر لەگەڵ لەدایك بووندا چەکی زیرەکی و گەلێ بەهرەی داهێنەرانەی گرتووەتە دەست، کە لەوانەیە بۆ خراپترین ئامانج بە کاری بهێنێ. خۆ گەر لە چاکەخوازی بێ بەری بوو، ئەوکات گەلێ لە ئاژەڵ پیس و دڕندەتر دەبێت، تەماع و هەوەسبازی و چاوبرسێتی گیانی دەتەنێتەوە، کە تەنیا دیسپلین چاکەخوازیی پێ دەبەخشێت. خەڵکی بە هۆی

توانای ئاخافتنەوە پەرەیان سەندو بوونە کۆمەڵگا، لە ڕێی کۆمەڵگاشەوە بەرەو زیرەکی، لە ڕێی زیرەکیشەوە بەرەو سیستەم، لە ڕێی سیستەمەوە بەرەو ژیار. جا لە جۆرە دەوڵەتێکی وا ڕێکدا، تاکە کەس هەزاران ڕێ و دەرفەتی بەرەو پێش چوون لە بەردەمی خۆیدا دەبینێ، کە ژیانێکی وشك و تەنیا هەرگیز ڕێ و دەرفەتی وای بۆ نارەخسێنێ، چونکە تەنیا خوداوەند یان دڕندە دەتوانێت تەنیا بژیت.

لەبەر ئەم هۆیە شۆڕش هەمیشە بێ سەروبەری و هەڵەشەییە، لەوانەیە هەندێ سوود بەجێ بگەیەنێ، بەڵام بەرامبەر بە گەلێ خراپەی کە لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێ، سەختترین ئەو خراپانەش بڵاو بوونەوە بەرەڵڵاییە، لەوانەیە هەرەس هێنانی سیستەم و بنیادی کۆمەڵایەتیشی بەدواوە بێت، کە هەموو دەسکەوتێکی سیاسی پشتیان پێ دەبەستێت.

لەوانەیە گەل خۆشحاڵ بێت بە ئەنجامی ئەو شتە نوێ و ڕاستەوخۆیانەی شۆڕش دەیان هێنێتە ئاراوەو بۆی هەیە بتوانێ بیانژمێرێت، بەڵام ئەنجامە ناڕاستەوخۆکان ناژمێردرێن و زۆر جار دەبنە مایەی کارەسات. ئەوانەی تەنیا باس لە چەند شتێکی کەمی کاروبارەکان دەکەن، لە لایان ئاسان دەبێت بڕیاری خۆیان ئاشکرا بکەن دەربارەیان، هەروەك چۆن مرۆڤ لە کاری سادەدا سوور دەبێت لەسەر ڕای خۆی، لاوانیش بە ئاسانی تەفرە دەدرێن، چونکە بە ئاسانی هیوا لە دەروونیاندا چەکەرە دەکات. خەفە کردنی ئەو دابە کۆنانەی کە ماوەیەکی دوورو درێژە لە دەروونی خەڵکدا ڕیشەیان داکوتاوە، دەبێتە مایەی وەرگێڕانی ئەو حکوومەتانەی دابی نوێ دێننە ئاراوە، ئەویش بە هۆی ئەوەی دابە کۆنەکان لە نێو خەڵکدا ڕەسەنن و دەسبەرداریان نابن. گۆڕانی دابەکان هەرگیز وەك گۆڕینی یاساکان ئاسان نییە. ئەو دەستوورەی مان و بەردەوام بوون مسۆگەر دەکات ئەو دەستوورەیە کە هەموو چینەکانی گەل لێی ڕازین و بە ویستی خۆیان حەز بە پاراستنی دەکەن. بۆیە ئەو دەسەڵاتدارەی دەیەوێ لە شۆڕش بەدوور بێت، دەبێ لە وڵاتەکەیدا ڕێ لە زێدە هەژاری و زێدە دەوڵەمەندی بگرێت، (هەروەك بەریتانییەکان) هانی کۆلۆنیالی بدات لە دەرەوە، وەك ڕێگەچارەیەك بۆ چڕ بوونی مەترسیداری دانیشتووان لە وڵاتدا، هەروەها بە دین بێت و گەشە بە مەیلی ئایینی بدات لە وڵاتەکەیدا. هەروەها دەسەڵاتدار، نەمازە دەسەڵاتداری ڕەها یان ملهوڕ، دەبێ بایەخ بە پەیڕەو کردنی ڕێوڕەسمەکانی ئایین و خوداپەرستی بدات، چونکە خەڵکی گەر باوەڕ بە بەدینیی دەسەڵاتدارو ڕێزنانی لە خودا، بکەن، کەمتر لەوە دەترسن کە لەسەر دەستی ئەو تووشی جەور دەبن، هەروەها مەیل و کرداری پیلانگێڕییان دژ بەو کەم دەبێتەوە، چونکە لەو باوەڕەدا دەبن، خوداوەند لە تەکیدا جەنگ دەکات.



**٣- دیموکراتیەت و ئەرستۆکراتیەت:**

لە سایەی ئەو خۆ قایم کردنانەی لە بواری ئایین و، فێرکردن و، ڕێکخستن ژیانیماڵباتدا، هەر جۆرە حکوومەتێکی ئاسایی و باو لە گوینە چاك و مایەی ڕەزامەندی بێت و ئەو مەبەستەش بەدی بهێنێت کە لێی چاوەڕوانی دەکرێت. هەموو جۆرە حکوومەتێك تێکەڵەیەکی چاکەو خراپەی لە هەگبەدایە، لە ڕەوشی ئەو حکوومەتەدا تەنیا گونجانی لەگەڵ هەلومەرجی هەمەجۆردا، ڕەچاو دەکرێت. لە ڕووی تیۆرییەوە حکوومەتی نموونەیی ئەوەیە کە گشت دەسەڵاتە سیاسییەکان لە دەستی چاکترین مرۆڤدا بن، هۆمیرۆسیش ڕاست دەکات کە گوتوویەتی: فرە سەرۆکی کارێکی خراپە، چاکتر وایە یەك کەس بکەنە گەورەو خاوەن دەسەڵاتی خۆتان، سەبارەت بەم چاکترین دەسەڵاتدارەش، یاسا دەبێتە ئامرازێك نەك کۆت و بەند، چونکە یاسایەك نییە بەسەر پیاوانێکدا پەیڕەو بکرێت کە خودان توانایەکی باڵان، ئەوان خۆبەخۆ یاسان، مایەی گاڵتەجاڕییە گەر یەکێك لە ئێمە هەوڵ بدات یاسایەکیان بۆ دابنێت. هەمبەر بە یەکێ کە جۆرە هەوڵێکی وا بدات، هەروەك ئەوە دەبێت کە لە ئەفسانەی ئەنتیشیناسدا هاتووە، لە ئەنجوومەنی دڕەندەکاندا کاتێك کەروێشکەکان داوای یەکسانییان کرد بۆ هەمووان، شێرەکان پێیان گوتن: کوانێ چڕنووکتان؟

لە ڕووی پراکتیکەوە حکوومەتی پاشایەتی خراپترین جۆری حکوومەتە، بە هۆی ئەوەی چاکەخوازیی مەزن و هێزی مەزن تێیدا لە هاوبەندییەکی مکۆمدا نین، بۆیە ئۆرستۆکراتیەت سیستەمێکی پراکتیکیی حکوومەتە، کە حوکمی کەمینەی ڕۆشنبیران و خەڵکی خودان ئامادەکاری و توانایە. حکوومەت کارێکی زۆر ئاڵۆزەو نابێ بڕیاردانی مەسەلەو پرسەکان بە ژمارەو زۆرینە بسپێردرێ، لە کاتێکدا مەسەلەی کەم بایەختر بخرێتە بەر دەستی پیاوانی بە زانست و توانا. هەروەك چۆن پزیشکێکی هاوپسپۆر دەبێ حوکم بەسەر پزیشکێکدا بدات، بە هەمان شێوەو بە گشتی دەبێ کەسانی هاوچەشن و هاوشان حوکم بەسەر پیاواندا بدەن. جا ئایا ئێستا هەمان ئەم بنەمایە بەسەر هەڵبژاردنیشدا پیادە دەبێت؟ چونکە هەڵبژاردنی دروست تەنیا خەڵکی خودان زانین دەتوانن ئەنجامی بدەن، لە هەڵبژاردنی کاروباری ئەندازیار ڕاست دەکات، لە کاروباری فڕۆکەوانیدا فڕۆکەوان ڕاست دەکات، بۆیە نابێ هەڵبژاردنی دادوەران یان لێپرسینەوەیان بە ژمارەی زۆر (گەل) بسپێردرێ.

لایەنی زەحمەت لەم ئەرستۆکراتیەتە پشتاوپشتەدا ئەوەیە، کە پشت بە بناغەیەکی چەسپاوی ئابووری نابەستێت، چونکە خۆشویستنی سامان و دارایی وەك خەسڵەتێکی هەمیشەیی وا

دەکات، کە چ زوو یان درەنگ، پلەو پایەی سیاسی بۆ ئەو کەسە بێت کە پارەی زیاتر دەدات. مخابن چاکترین پلەو پایە دەکەوێتە بەر سەودای کڕین و فرۆشتنەوە... ئەو یاسایەش کە ڕێی بەم پەرژین بەزینە دەدات، وا دەکات سامان و دارایی لە توانا و شیان گرنگتر بێت، بەم جۆرە پوول پەرستی و سامان خوازی سەرلەبەری دەوڵەت دەگرێتەوە، چونکە لە گرد کردنەوەی سامان و کڕینی پلەو پایەو نازناوی شەرەفمەندیدا، هاووڵاتیانی دی پەیڕەوی سەکردەکانیان دەکەن. کاتێک توانا و شیان لە دەوڵەتدا ریزی پێشەوە ناگرن، ئەو دەوڵەتە بە واتایەکی دروست دەوڵەتێکی ئەرستۆکراتی نییە.

وا باوە دیموکراتیەت لە ئاکامی شۆڕشێکدا بەدی دێت کە دژ بە حکوومەتی دەوڵەمەندان (بولتوکراتی)دا بەرپا دەکرێت، ئالوودە بوون بە قازانج و پارە پەیدا کردن لە نێو چینی دەسەڵاتداردا، وا دەکات ژمارەی کەم بێتەوە، ئەم کارەش جەماوەر بەهێز دەکات و لە ئاکامدا دەتوانێ دەسەڵاتداران لا بدات و حکوومەتێکی دیموکرات دابمەزرێنێ.

ئەم حوکمەی هەژاران هەندێ سوودی هەیە، بەوەی خەڵکی هەرچەندە وەك تاکە کەس لە خەڵکی خودان زانین و پسپۆڕایەتی، کەم تواناترن لە حوکم و دەسەڵاتدارێتیدا، بەڵام وەك گرووپێك چاکتر و کاراترن لەوەی وەك تاکە کەسن. سەرباری ئەوە لەوانەیە کەسێك داوەریی هونەرمەندان بکات کە لە هونەر ناگات، بەڵام چاکتر لەوەی هونەرمەندان خۆبەخۆ داوەریی یەکدی بکەن، هەروەك چۆن خاوەنی خانوو یان ئەوەی تێیدا دەژی، راستتر لەوەی کە دروستی کردووە بڕیار دەرهەق بە خانووەکە دەدات.

میوانیش چاکتر لە چێشتلێنەر دەتوانێ حوکم دەرهەق بە داوەتییەکە بدات، زۆرینەش لە کەمینە کەمتر ئامادەی گەندەڵییە، کە وەك ئاوی زۆر وایەو لە ئاوی کەم، کەمتر پیس و شێلوو دەبێت. تاکە کەس لەوانەیە رق دایبگرێت و سۆز بیتەنێتەوە، بەم جۆرەش رای چەوت دەبێت و بڕیاری سەرچیغ دەڕوات. هاوکات زەحمەتە گریمانەی ئەوە بکرێت کە ژمارەیەکی زۆری خەڵك سۆز دایان بگرێت و لە یەك کاتدا هەموویان هەڵە بکەن.

وێڕای ئەوە دیموکراتیەت وەك گرووپێك لە پایەو ریزدا لە خوار ئەرستۆکراتیەتەوەیە، چونکە پشت بە گریمانەیەکی درۆی یەکسانی دەبەستێت. بەوەی لەسەر بنەمای ئەو بیرۆکەیە رۆنراوە، کە ئەوانەی لە مافێکدا یەکسان بوون (بۆ نموونە مافی یەکسان بوون هەمبەر بە یاسا) ئەوە لە گشت مافەکاندا یەکسان دەبن. مادام خەڵکی لە ئازادیدا یەکسانن، بۆیە لە هەموو شتێکدا داوای یەکسانی دەکەن. ئاکامیش وا دەکەوێتەوە کە شیان و توانا دەبنە قۆچی قوربانیی ژمارە، لەبەر



ئەوە جەماوەر بە ئاسانی تەفرە دەدرێت و مەیل گۆڕە، بۆیە تووشی فێڵ و سەختەکاری دەبێت. کەواتە پێویستە هەڵبژاردن تەنیا پەیوەست بە ئاقڵەکان بێت. ئەوەی پێویستە بۆمان بریتییە لە تێکەڵەیەکی دیموکراتیەت و ئەرستۆکراتیەت.

حکوومەتی دەستووری ئەم یەکگرتنە شادەی نێوان دیموکراتیەت و ئەرستۆکراتیەت دەخاتەڕوو، ئەویش هەرگیز چاکترین حکوومەتێك نییە کە دەکرێ مەزەندە بکرێت، چونکە چاکترین حکوومەت، حکوومەتی ئەرستۆکراتی خوێندەوارانە، بەڵام حکوومەتی دەستووری چاکترین حکوومەتێکە کە دەشێ دابمەزرێت. دەبێ بە دوای چاکترین دەستووردا بگەڕێین بۆ زۆربەی دەوڵەتەکان و، بە دوای چاکترین ژیاندا بگەڕێین بۆ زۆربەی خەڵك، هەروەها نابێ بیر لە چاکەخوازییەك بکەینەوە کە سەرووی ئاستی توانای کەسانی ئاسایی بێت، دیسان نابێ بیر لە دەوڵەتێکی نموونەیی بکەینەوە، کە تا ئێستا هەر لە دنیای ئاوات و خەیاڵدایە. بەڵکو دەبێ بیر لە ژیانێك بکەینەوە کە زۆرینەی گەل بتوانێ تێیدا بەشدار بێت، هەروەها بیر لە شێوە حکوومەتێك بکەینەوە، کە بە شێوەیەکی گشتی دەوڵەتان بتوانن پێی بگەن. پێویستە بنەمایەك بکەینە گریمانە کە دەکرێ بە گشتی پیادە بکرێت، بەوەی ئەو بەشەی ئارەزوو دەکات حکوومەت بمێنێتەوە، بەهێزتر بێت لەو بەشەی کە ئارەزوو ناکات بمێنێتەوە، ئەو هێزەش تەنیا لە زۆریی ژمارەدا نییە، هەروەها بە تەنیا لە سامان و موڵکداریدا نییەو، بە تەنیا لە توانای سەربازی یان سیاسیشدا نییە، بەڵکو لە تێکڕای ئەواندایە، بەم جۆرە بەیاخەوە رەچاوی ئازادیو، سامان و، رۆشنبیری و، خانەدانیی رەچەڵەك و لەدایك بوون و، هەروەها زۆریی ژمارەمان کردووە. ئێستاش چۆن بتوانین زۆرینەی هەرە زۆر بەدەست بهێنین بۆ پشتگیری کردن لە حکوومەتی دەستوورییمان؟ لەوانەیە ئەم شتە چاکتر لە چینی ناوەڕاستدا بەدەست بێت. ئا لێرەدا دووبارە دەگەڕێینەوە سەر ناوەندی زێڕین، حکوومەتی دەستوورییش ناوەندی نێوان دیموکراتیەتو ئەرستۆکراتیەت. گەر هاتوو رێی هەموو پلەو پایەیەکی دەوڵەت لە بەردەم هەمووواندا کرابێتەوە، ئەوکات دیموکراتیەت لە دەوڵەتەکەماندا بەرکەماڵ دەبێت. خۆ گەر هاتوو دەرگای پلەو پایە داخراو، تەنیا بۆ ئەوانە بکرێتەوە کە قۆناغێکی درێژی فێرکردنیان بڕیوە، ئەوکات ئەرستۆکراتیەت بەرکەماڵ دەبێت. لە هەر لایەکەوە لە کێشە سیاسییە هەمیشەییەکانمان نزیك بینەوە، دەگەینە هەمان ئەنجام، ئەویش پێویستە نەتەوە خۆی ئارمانج و مەبەستەکانی دیاری بکات کە هەوڵی بەدی هێنانیان دەدات، بە مەرجێ شارەزایان هۆکارەکانی گەیشتن بە ئارمانجو مەبەستەکان دەست نیشان بکەن و پیادەشی بکەن، هەروەها پێویستە هەڵبژاردن بە شێوەیەکی دیموکراتیی فراوان بکرێت، هەروەها پێویستە پلەو پایەکان بۆ چاکترین ئەو کەسانە گڕ بدرێن کە چاکترین ئامادەییان تێدایە، کە هەر ئەوانن خودان توانا و زانست.

**٤- ئەرستۆ زانای مێژووی سروشتی:**

گەر لێرەدا ئێمە بەو کتێبەی دەست پێ بکەین کە دەربارەی فیزیا دایناوە، بە ڕاستی تووشی بێ ئومێدیمان دەکات، چونکە ئەو کتێبە بچووکە لە ڕاستیدا تەنیا کتێبێکە دەربارەی میتافیزیکە، شی کردنەوەیەکی تەمومژاوییە دەربارەی ماددە و جوولەو بۆشایی و زەمان و ناکۆتایی و هۆو شتی دی. یەکێ لە برگە گرنگەکانی ئەم کتێبە هێرش کردنەکەیەتی بۆ سەر دیموکریتس، کە لەو باوەڕەدا بوو هەموو شتەکان لە ئەتۆم پێکهاتوون، لە نێوان ئەو ئەتۆمانەشدا بۆشایی هەیە، کەچی ئەرستۆ هەبوونی بۆشایی ڕەت دەکاتەوەو دەڵێ: لە سروشتدا بۆشایی نییە، چونکە هەموو شتەکان لە بۆشاییدا بە خێراییەکی یەکسان دەکەونە خوارێ، مادام شتێکی وا ئەستەمە ببێ، بەم جۆرە ئەو بۆشاییەی کراوەتە گریمانە، بەرەو ئەوە دەچێت، کە هیچ شتێکی تێدا نەبێت. وا باو بوو لە لای ئەم فەیلەسووفە، سەرەتای ئاخاوتنی لە هەر بابەتێکی کە مەبەستی لێکۆڵینەوەی بوو بێت، وەسفێکی پوخت و مێژوویی بابەتەکە بوو، هەر شتێکیش پێشتر لە بارەی بابەتەکەوە گوترا بێت، ئەو ڕەت کردنەوەیەکی خۆی دەخستە پاڵ. فرەنسیس بیکۆن دەربارەی ئەرستۆ گوتوویەتی: بە ڕێچکەی عوسمانییەکاندا ڕۆیشتووە، کە ناتوانێ دەسەڵاتی خۆی بپارێزێ تەنیا مەگەر هەموو براکانی بکوژێت. وێڕای ئەوە ئێمە زۆر قەرزداری ئەرستۆو شێوازەکەی ئەوەین لە بەدرۆ هێنانەوەی گوتەی کەسانی دی، کە زانینێکی زۆرمان دەربارەی هزری یۆنانیی بەر لە سوکرات دەداتێ.

لەبەر ئەو هۆیانەی پێشتر باسمان کردن، گەردووناسیی ئەرستۆ زۆر کەم لە پێشینانی ئەو پێشکەوتووترە، ئەو قسەیەی فیتاگۆرس ڕەت دەکاتەوە کە خۆر چەق و ناوەندی سیستەمی گەردوونیمانە، وای بە لاوە چاك بووە کە ئەم شەرەفە بە زەوی ڕەوا ببینێ، بەڵام ئەو نامیلکەیەی دەربارەی دیاردەکانی کەشناسی نووسیویەتی، پڕە لە سەرنجی جوان و دەگمەن، تەنانەت ئاگرو ڕووناکی لە ڕامانەکانییەوە پرشنگ دەدەن. ئەو دەڵێ: جیهان لە بازنەیەکدا دەخولێتەوە، هەتاهەتایە خۆر ئاوی دەریا دەکاتە هەڵم، ئاوی ڕووبارو کانیاوەکان وشك دەکات، لە دواییشدا زەریای پان و بەرین دەکاتە شاخ و بەردی ڕووت. پاش ئەوە ئەو شێ و تەڕێتییەی بەرز بووەتەوە، کۆ دەبێتەوەو دەبێتە هەورو دادەکاتە باران و جارێکی دی ڕووبار و دەریاکان پڕ ئاو دەکاتەوە، لە هەموو شوێنێکدا زۆر کارایانە گۆڕان بەرقەرارەو ئێمە درکی پێ ناکەین. نیل و قورو لیتەی هەزاران ساڵ نیشتەوە بووی ئەو ڕووبارە، میسریان هێنایە بەرهەم. لێرەدا دەریا وشکایی بە بنەوە دەکات و، پەیتا پەیتا وشکایی نقومی نێو دەریا دەبێت. کیشوەرو دەریای نوێ پەیدا دەبن.



سەراپای ڕوخساری جیهان جار بەجار بەپێی کشان و وێك هاتنەوە، دەگۆڕێت و لە گەشە کردن و لەبەریەك هەڵوەشانەوەیەکی بەردەوام دایە، لەوانەیە ئەم گۆڕانە کتوپڕ ڕووبدات، کە بنەما جیۆلۆجی و ماددییەکانی ژیار تەفر و توونا دەکات و تەنانەت ژیانیش ناهێڵێ. کارەساتەکان جار دوای جار زەوییان ڕووتاندووەتەوەو دووبارە مرۆڤیان بەرەو ئەوەڵین بەرایی بردووەتەوە، لە نموونەی شارستانیەتی سیسکۆس پاشا کە زۆر جار گەیشتووەتە ترۆپك و پاشان بەرەو ژیانێکی دڕاندانەو کەس بەکەس نەبوو گەڕاوەتەوە، ئینجا لە گەشتێکی نوێدا بەرەو سەرکەوتن و پێشکەوتن دەچێتەوە. بە هۆی ئەو دووبارە بوونەوە هەتاهەتاییەی سەرهەڵدانی ژیار دوای ژیار، بە هەمان داهێنان و دۆزینەوەکان، بە هەمان سەردەمە تاریکەکانی کە بە ئاستەم پەرەسەندنی ڕۆشنبیری و ئابوورییان بەخۆوە دیوە، جارێکی دی بە هەمان شێوە پەیدا بوونی فێربوون و زانست و هونەر. بێگومان هەندێ لە ئەفسانەو بیرو باوەڕی پڕوپووچی میللی، دابونەریتێکی پەنهان و شاراوەن، لە سەردەمی شارستانیەتە بەراییەو لەناوچووەکانی ڕابردوودا باو بوون و بە ئێمە گەیشتوون. بەم جۆرە بەسەرهاتی مرۆڤ لە بازنەیەکی ترسناکدا دەخولێتەوە، چونکە تا ئێستا ئەو زەوییەی نەهێناوەتە ژێر ڕکێف کە لە سەریدا دەژی.

**٥- بنەچەی زیندەوەرناسی:**

کاتێك ئەرستۆ بە باخچەی ئاژەڵانەکەیدا دەسووڕایەوە، گەیشتە ئەو بڕوایە کە دەکرێ ئەو هەمەچەشنییەی لە ژیاندا هەیە لە زنجیرەیەکی نەپساوەدا ڕێك بخرێت، کە هەر ئەڵقەیەکی هێندە جیاواز نەبێت لەوەی تەنیشتی. لە هەموو ئاستەکاندا، چ لە کۆشك و تەلار، یان جۆری ژیان، یان زاوزێ، یان پەروەردە، یان هەست و شعوور، لە سیستەمە ئۆرگانییەکاندا پلەدارییەکی وردو بەرەو بالایی چوونێك هەیە، لە نزمترینەوە بەرەو باڵاترین. لە پلەکانی خوارەوەی ئەو پەیژەیەدا زەحمەتە مردوو لە زیندوو جودا بکەینەوە. سروشت وای کردووە قۆناغی گۆڕان لە حاڵەتی مردەییەوە بۆ حاڵەتی زیندەیی بە شێوەیەك بێت، کە سنووری نێوانیان نادیارو جێ گومان بێت. لەوانەیە پلەیەکی ژیان تەنانەت لە بێگیانی نائۆرگانیشدا هەبێت. زۆر چەشنیش هەن کە بە دڵنیاییەوە ناتوانین نە ناوی ڕووەك و نە گیانداری لێ بنێین. هەروەها لەبەر زێدە وێکچوونیان، ئەستەمە بتوانین جۆرو چەشنی ئەو سیستەمە ئۆرگانیانەی خوارەوە دیاری بکەین، بەم جۆرە بەردەوام بوونی پلەداری و ڕیزبەندو جیاوازی لە هەر سیستەمێکی ژیاندا جێی بایەخ پێدانە، وەك ئەو جیاوازییەی لە فەرمان و فۆرمدایە. لە نێو ئەو فرەیی و پیتە سەرسوڕهێنەرەی لە پێکهاتەکاندا هەیە، دەگەینە ئەو باوەڕەی

هەندێ لە شتەکان وەستاون. ژیان بەردەوام بەرەو هێزو ئالۆزی پەرەی سەندووە. هۆش و زیرەکی هاوبەند لەگەڵ ئالۆز بوونی پێکهاتەو جمینی جۆردا بەرەو پێش چووە، پێ بەپێ لە کاردا پسپۆڕایەتی زیاد دەکات و، چڕبوونەوەو وردبوونەوەیەکی بەردەوامیش لە کۆنترۆڵ و دیسپلینی فەرمانەکاندا دێتە دی، ژیانیش پێ بەپێ ئەقڵ و کۆئەندامێکی دەماری بۆ خۆی هێنایە بەرهەم، ئەقڵیش گورج و گۆڵ کەوتە خۆ بۆ زاڵ بوون بەسەر ژینگەی دەوروبەری خۆیدا.

ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە، کە سەرەڕای ئەو پلەداری و وێکچوونەی لەبەر چاوی ئەرستۆدا خۆیان نواندووە، کەچی بە تیۆریی پەرەسەندن نەگەیشت، تیۆریی ئەمبادکلیس -یشی رەت کردەوە کە دەڵێ مانەوە بۆ ئەو ئەندام و لەشانەیە کە شیاوترن. ئەنکساگۆراس -یش وای بۆ چوو، کە مرۆڤ ئەوکاتە زیرەك بوو کە دەستی لە کاری دەستیدا بەکار هێنا نەك لە جوولە. ئەرستۆ باوەڕێکی پێچەوانەی هەبوو بەوەی کە مرۆڤ بۆیە دەستەکانی بەکار هێنا چونکە زیرەکیی پەیدا کرد. لە راستیدا ئەرستۆ گەلێ هەڵەی کردووە، ئەمەش شتێکی چاوەڕوان کراوە لە کەسێك کە زیندەوەرناسیی داهێناوە. ئەو باوەڕی وا بوو کە لە زاوزێدا ئەندامی نێرینە تەنیا کۆرپەڵە زیندوو دەکاتەوەو بەهێزی دەکات، ئەوەی بە بیردا نەهاتووە (ئێستا ئێمە بە تاقیکردنەوەو لە رێی زاوزێ و سکبوونی خۆبەخۆی بێ پێتاندنی نێرەوە دەزانین) کە کاری بنەڕەتیی شلەی ناوکی پتر بەپیت هێنانی منداڵدان نییە، هێندەی کە سیفەتە بۆماوەکانی باوك بە کۆرپەڵە دەگەیەنێت، بەم جۆرە رێ بە نەوەکان دەدرێت هەمەرەنگییەکی چڕو ئاوێتەیەکی نوێی دابیاب بن. لەبەر ئەوەی لە رۆژگاری ئەودا توێکاری کردنی مرۆڤ باو نەبوو، بۆیە لە دیاری کردنی ئەرکە فسیۆلۆژییەکاندا کەوتە هەڵەوە، نەشیتوانی خوێنبەرو خوێنهێنەر لە یەکدی جودا بکاتەوە، لەو باوەڕەدا بوو کە مێشك ئەندامێکە بۆ سارد کردنەوەی خوێن، واشی دەزانی کە کەللەسەری پیاو لە هی ژن زیاتر لۆچی تێدایەو، ژن لە هەر لایەکی سنگیدا تەنیا هەشت پەراسووی هەیەو، ددانەکانیشی لە هی پیاو کەمترن، (وا دیارە پەیوەندیی ئەو بە ژنانەوە دوور بووە لە شەڕو گاز لێدان) وێڕای ئەوە پتر لە هەر گریکییەکی پێش خۆی و پاش خۆی پێشکەوتنی لە زیندەوەرناسیدا بەدەست هێنا. خەیاڵی وا بووە کە باڵندەو خشۆکەکان لە پێکهاتەو ئەندامدا لە یەکترەوە نزیکن و، مەیموونیش لە شێوەدا ناوەندە لە نێوان ئاژەڵ و مرۆڤدا. جارێکیشیان دلێرانە رایگەیاند کە مرۆڤ سەر بە گرووپێك گیاندارانی شیردەرە، ئاماژە بەوەش دەکات کە بە زەحمەت گیانی شیرەخۆرەیەك لە گیانی ئاژەڵێك جودا دەکرێتەوە، هەروەها بە زۆری خواردن و خۆراك تەرز و شێوازی ژیان دیاری دەکات، هەندێ لە درندەکانیش کەوین و پێکەوە دەژین، هەندێکیشیان بە تاك و تەنیایی دەژین،



چونکە بە چاکترین شێوەیەك دەژین بۆ بەدەست هێنانی ئەو خۆراکەی کە هەڵی دەبژێرن. هەروەها مەزندەی یاسای (فون بایر)ی کرد، کە سیفەتە گشتییەکانی تۆخم (وەك چاوو ددان) لە لەشی زیندووەدا بەر لە سیفەتە تایبەتییەکانی جۆرەکەی (وەك شێوەی پێکهاتەی ددانەکانی) پەیدا دەبن، هەروەها بەر لەوانەی تایبەت بە تاکێکن (وەك دواین رەنگی چاو). هەروەها بەر لە دوو هەزار ساڵ مەزەندەی گشتاندنەکەی سپنسەری کرد، کە هەرچەندی جۆر یان تاك پتر پەرەسەندوو یان تایبەتمەند بێت ئەوەندە نەوەی کەم دەبێت. چەندین تێبینیی دەربارەی گیانداران تۆمار کرد کە بە شێوەیەکی کاتی هەندێ لە زیندەوەرناسان رەتیان کردەوە، بەڵام لێکۆڵینەوە تازەکان سەلماندیان، وەك ئەو ماسییانەی هێلانە دروست دەکەن و ماسیی قرش یان سەگلاو کە شانازی بە سۆزی دروستی خۆی دەکات.

دواین شت ئەوەیە کە ئەرستۆ کۆرپەڵەناسیی هێنایە کایەوە. نووسیویەتی کە ئەو کەسەی لە سەرەتاوە یان لە کاتی لەدایك بوونەوە گەشە کردن و گەورە بوونی شتەکان دەبینێ، هەر ئەو چاکترین رای لە بارەیانەوە دەبێت. ئەبکرات چاوگی نۆژداری و مەزنترین پزیشکی گریك نموونەیەکی چاکی شێوازی ئەزموونگەرانەی خستە روو، بەوەی لە قۆناغە جیاجیاکانی نانەوەدا هێلکەی مریشك بشکێندرێ، ئاکامەکانی ئەم ئەزموون و لێکۆڵینەوەیەی لە نامیلکەی (دەربارەی بنەچەی منداڵ)دا پیادە کرد، ئەرستۆش بە رێی ئەبکراتدا رۆیشت و چەند ئەزموونێکی کردو بە هۆیانەوە توانیی باسی گەشە کردنی جووجکە بکات، کە تا ئەمڕۆش بووەتە مایەی رێزو سەرسوڕمانی کۆرپەڵەناسان. هەر دەبێ چەند ئەزموونێکی دەگمەنی زایندەیی یان بۆماوەیی کرد بێت، ئەو تیۆرییەشی رەت کردەوە کە دەڵێ رەگەزی منداڵ بەپێی ئەو گونە دەبێت کە شلەی ناوکی رەوانە دەکات، لەوەشدا پشتی بە حاڵەتێك بەست کە باوکەکە تاکە گونی راستی بەسترا بووەوەو کاری نەدەکرد، وێڕای ئەوە منداڵەکانی لە هەردوو رەگەز بوون، هەروەها هەندێ گرفتی تازەی بۆماوەیی وروژاند، ژنێکی سپی پێست شووی بە پیاوێکی رەش پێست کرد، کۆمەڵە منداڵێکی بوو هەر هەموویان سپی بوون، بەڵام لە نەوەی ئەواندا رەش پێست پەیدا بوو، ئەرستۆ دەپرسێ؛ لە نەوەی ناوەڕاستدا رەشییەکە لە کوێ خۆی حەشاردا بوو؟ لە نێوان ئەم پرسیارە زیرەکەو ئەزموونەکانی گریگۆر مەندڵ (١٨٢٢-١٨٨٢) تەنیا یەك هەنگاو هەیە.
هەر کاتێك کەسێك بزانێ چۆن پرسیار بکات، ئەوە نیوەی وەڵامەکەشی زانیوە. وێڕای ئەو هەڵانەی کە ئەم کارە بایۆلۆژییانە دەشێونن، گەورەترین بەڵگەنامەیەکی زانستی پێك دەهێنن کە تاکە مرۆڤێك هەر بە تەنیا خۆی داینیاون.

### ٦- میتافیزیك و سروشتی خودا:

میتافیزیکی ئەرستۆ لە زیندەوەرناسییەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە، لە جیهاندا هەموو شتێك پاڵنەرێکی ناوخۆ دەیجوولێنێ بۆ ئەوەی ببێتە شتێکی گەورەتر لەوەی کە هەبوو. هەموو شتێك هەردوو ئەو وێنە یان ئەو راستییەیە کە لە شتێکەوە پەیدا بووە، کە هەر خۆی ماددەی پێکهێنەری ئەوە، ئەویش بۆی هەیە لە شوێنی خۆیەوە ببێتە مادە بۆ وێنەیەکی گەورەتر، کە لەوەوە پەیدا دەبێت. بەم جۆرە پیاو ئەو وێنەیەیە کە منداڵ ماددەکەی بوو، منداڵیش ئەو وێنەیەیە کە کۆرپەڵە (ئاوڵەمە) ماددەکەی بوو. کۆرپەڵەش وێنەیەو هێلکۆکەش ماددەکەی. بەم جۆرە بەرەو دوا دەگەڕێینەوە تا بە شێوازێکی نادیار دەگەینە ماددەیەك کە بە هیچ جۆرێك وێنەی نییە، بەڵام ئەو ماددەیە بەبێ وێنە نابێتە هیچ شتێك، چونکە هەموو شتێك وێنەیەکە. مادە بە واتا فراوانەکەی، واتە توانای بەرجەستە بوونی وێنە. وێنە هەر خۆی راستەقینەیە، راستەقینەی بێ کەموکورتی مادە. مادە پڕ دەکاتەوەو وێنەش بینا دەکات، وێنە تەنیا فۆرم نییە بەڵکو هێزی فۆرمدەرە.

هەروەها پێویستییەکی ناخەو هۆکارێکە ماددەی رووت دەشێلێ و دەیکاتە فۆرم و خواستی تایبەت. بەدی هێنانی توانا بە هێزی ماددەیە. بڕی ئەو هێزە شاراوەیە کە لە هەر شتێکدا هەیە، بۆ ئەوەی کار بکات و ببێت و بێتە دی. سروشت بریتییە لە داگیر کردنی مادە لە لایەن وێنەوەو پاشان پلەداری و پێشکەوتنی بەردەوام و سەرکەوتنی ژیانە.

لە جیهاندا هەموو شتێك لە پێناو بەدی هێنانی شتێکی دیاری کراو، بە شێوەیەکی سروشتی دەجوولێت. لە نێو گشت ئەو هۆکارانەی رووداوێك دەقەومێنن، دوایین هۆکار کە مەبەستەکە دیاری دەکات، لە هەموو هۆکارەکانی دی کاریگەرو گرنگتر دەبێت. هەڵەو چەوتییەکانی سروشت ئاکامی هێزی درێژە کێشانی بەرگری کردنی ماددەییە دژ بە هێزی مەبەستگەرای دروست کردن. پەرەسەندن کارێکی لابەلاو رێکەوت نییە، هەموو شتێك لە ناخدا رابەرێکی هەیە کە سەبارەت بە سروشت و پێکهاتەکەی رێنمایی دەکات. هێلکەی مریشك چارەنووسی ئەوەیە ببێتە جووچکە نەك مراوی، دەنکە بەڕوویەکیش دەبێتە دار بەڕوو نەك دار سەروو. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە چاودێرییەکی دەرەکیانەی خوداوەند هەیەو بویەر و دروست کردن رێك دەخات. بە لای ئەرستۆوە ئەم سیستەم و نەخشەیە کارێکی زادەی ناخە و لە جۆر و فەرمانی شتەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو باوەڕی وایە کە چاودێریی خوداوەندانە بە تەواوی لەگەڵ کردەی هۆکارە سروشتییەکاندا دەگونجێت.



وێڕای ئەوە خودا هەر هەیە. لەگەڵ ئەوەی کە لەوانەیە ئەو خودا سادەیە نەبێت لە وێنەی ئەو مرۆڤەی کە ئەقڵی ساویلکەو ساوا کێشاویەتی. ئەرستۆ ئەم گرفتەش هاوبەند لەگەڵ گرفتێکی کۆندا چارەسەر دەکات، کە بەندە بە ناچاری بوونی جوولە. ئەو دەپرسێت؛ جوولە چۆن دەست پێ دەکات؟ ئەو ئەوە قبووڵ ناکات کە دەکرێ جووڵە بێ کۆتایی بێت، هەروەك سەبارەت بە مادە بۆچوونێکی وای هەبوو. لەوانەیە مادە ئەبەدی بێت، چونکە توانای بەردەوام و هەمیشەییە بۆ وێنەکانی ئایندە، بەڵام ئەم کردە فراوانەی جوولەو گەلاڵە بوون، کەی و چۆن دەستی پێ کرد؟ کە لە دیماهیدا گەردوونی فراوانی پڕ کرد لە فۆرم و شێوەی بێ کۆتایی. ئەرستۆ دەڵێ: گەر بمانەوێ لە زڤڕینێکی بێ کۆتاییدا نقوم نەبین، هەر دەبێ جوولە سەرچاوەیەکی هەبێت، کە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو هەتاهەتایی گرفتەکانمان لە پاش خۆ بەجێ بهێڵین. دەبێ بڕوا بوون بە خودا بەهێز بکەین، بزوێنەری مەزن، بەڵام ئەو خۆی، خۆی ناجووڵێ، ئەو بوونەوەرێکی مەعنەوییە نەك ماددی، نەبینراوە، بێ شوێنەو نە نێرەو نە مێ، نە دەگۆڕێ و نە کاری لێ دەکرێت، تەواو و ئەبەدییە، خودا دنیا داناهێنێ بەڵکو دەیبزوێنێ، نەك وەك هێزێکی میکانیکی جیهان دەجوولێنێ، بەڵکو وەك بزوێنەرێکی سەراپای گشت کردەکانی جیهانە. هەر چۆن خۆشەویست دڵدارەکەی دەبزوێنێ، خوداش بەم جۆرە دنیا دەجوولێنێ. ئەو دوایین هۆی سروشت و، ئامانج و هێزی پاڵنەری شتەکانە، ئەو وێنەی جیهانەو بنەمای ژیانیەتی و، کۆی هێز و ئاوێتە بوونی ئۆرگانی و، ئامانجی گەشە کردنی خۆڕسکانەیەتی.

ئەو جموجۆڵێکی بێگەردو سەربەخۆیە، رەنگە هێزی پەنهانی فیزیای نوێ و فەلسەفەش بێت، ئەو کەسێك نییە، بەڵکو هێزێکی راکێشەری موگناتیسییە.

لەگەڵ ئەوەدا ئەرستۆ بەو هاودژییەی کە لە لای ئەودا باوە، خودا بەو جۆرە وێنا دەکات کە رۆحێکەو درك بە خۆی دەکات، یان چاکترە بڵێین وەك رۆحێکی نادیارو ناڕوون وێنای دەکات. چونکە لە روانگەی ئەرستۆوە خودا هەرگیز هیچ شتێك ناکات، هەروەها نە ئارەزوو، نە ئیرادەو نە ئامانجێکی هەیە. ئەو وزەیەکی رووتە بە رادەیەك کە هەرگیز کار ناکات و، ئەو بێ نوقسانەو لە کەماڵێکی رەهادایە، بۆیە لە توانایدا نییە کە ئارەزووی هیچ شتێك بکات، بۆیە ئەو هیچ شتێك ناکات، تەنیا کارێکی بیرکردنەوەیە لە گەوهەری شتەکان. لەبەر ئەوەی هەر خۆی گەوهەری هەموو شتەکانە و وێنەی هەموو وێنەکانە. کەواتە تەنیا کاری بیرکردنەوەیە لە خۆی. ئای کە ئەو خودایەی ئەرستۆ باوەڕی پێیەتی چ خودایەکی هەژارە، ئەو پاشایەکە و هیچ ناکات، پاشایەکی بە ناوە نەك بە کردار. سەیر نییە کە بەریتانییەکان ئەرستۆیان خۆش دەوێت، چونکە

خوداكەی ئەو وێنەیەكی كتومتی پاشاكەی ئەوانە، یاخود وێنەیەكی كتومتی ئەرستۆیە. ئەم فەیلەسووفەمان زۆر ئالوودەی رامان و بیر بوو، بە رادەیەك لە پێناوی ئەو رامانەدا تێگەی خۆی هەمبەر بە خودا كردە قوربانی. خوداكەی لە جۆرێكە خەیاڵی تێدا نییە، دوور لە ململانێی نێوان شتەكان، ئەو لە بورجێكی عاجدا گۆشەگیرە.

### ٧- دەروونناسی و ماهیەتی هونەر:

دەروونناسیی ئەرستۆ تێكەڵ بە نادیاری و ڕاڕایی و هەڵبەز و دابەز دەبێت، گەلێ بڕگەی زۆر سەرنج ڕاكێشی تێدایە، وەك ئەوەی دووپاتی تواناو دەسەڵاتی دابونەریت دەكاتەوە، بۆ یەكەمین جاریش بە سروشتی دووەمی ناوزەد دەكات، هەر لەوێدا وەسفێكی سنووورداری یاساكانی كۆمەڵایەتی بەدی دەكرێت، هەرچەندە پەرەشی نەسەندووە. بەڵام ئازاد بوونی ئیرادەو نەمریی ڕۆح وەك دوو پرسی بنچینەیی فەلسەفەو دەروونناسی لە پەراوێزی گومان و نادیاریدا مانەوە. هەندێ جار ئەرستۆ وەك كەسێكی ناچارگەر (جەبری) قسەی كردووە. ئەو دەڵێ ئێمە ناتوانین ڕاستەوخۆ ئەوەمان بوێ كە ببێتە  پێچەوانەی ئەوەی كە هەین، وێڕای ئەوە درێژە بە گفتوگۆكەی دەدات دژ بە ناچارگەری و دەڵێ، ئێمە دەتوانین ئایندەی خۆمان هەڵبژێرین، بە دەست نیشان كردنی ئەو ژینگەیەی كە پێمان دەگەیەنێت. بەم جۆرە ئێمە ئازادین، بە واتای هەر خۆمان ڕەوشت و دابونەریتەكانمان گەڵاڵە دەكەین بەپێی هەڵبژاردنی برادەرو كتێب و كارو كەیف و سەفاكانمان. ئەو پێشبینیی وەڵامی گەرماوگەرمی ناچارگەرانی نەكردووە، كە ئەم كاروبارە هەڵبژێردراوە لاوەكیانە، خۆبەخۆ ئاكارو نەریتی پێشینانمان بڕیاری داون، كە لە دوماهیدا ئاكامی ژینگەو بۆماوەن و هیچ هەڵبژاردنێكی ئێمەی تێدا نییە. ئەو دووپاتی دەكاتەوە كە هەمیشە پەنا بردنمان بۆ ستایش و لۆمە كردن بەڵگەی پەیوەست بوونێكی ئەخلاقی و ئیرادەیەكی ئازادانەیە، دركیشی بەوە نەكردووە، كە ناچارگەرێك بە هەمان ئەم پێشەكیانەوە بە ئاكامێكی تەواو پێچەوانە دەگات، هەروەها ستایش كردن و لۆمە كردن بۆی هەیە بەشێك بن لەو فاكتەرانەی بڕیاری كارو بەرنامەی داهاتوو دەدەن. تێزی ئەرستۆ دەربارەی ڕۆح بە پێناسەیەكی دڵگیر، دەست پێ دەكات، كە ڕۆح بنەمای تەواو چالاكی هەر تەنێكی زیندووە، هەروەها كۆی هێز و ئاوێتە بوونەكانیەتی. ڕۆح لە ڕووەكدا بریتییە لە هێزێكی خۆرەو زایەند، لە ئاژەڵیشدا هێزێكی هەستیار و بزوێنەرە، لە مرۆڤیشدا هێزی ئەقڵ و بیركردنەوەیە، ڕۆح وەك كۆمەڵە هێزێكی لەش، بەبێ ئەو ژیانی نییە، بە واتە بە نەمانی لەش ئەویش نامێنێ. ڕۆح و لەش وەك مۆم و فۆرمەكەی وان، تەنیا لە هزردا لە



یەكدی جودا دەبنەوەو لە ڕاستیدا ئەوان تەنیا یەك شتن. ڕۆحی تایبەتمەندو خاوەن كەسێتی، تەنیا لە لەشی خۆیدا دەتوانێ بژی، وێڕای ئەوە ڕۆح ماددە نییە وەك ئەوەی دیموكریتس دەیویست، هەروەها یەك پارچە لەناو ناچێت. بەشێكی لە هێزی ئەقڵدار، لە مرۆڤەكاندا دەستەمۆ یان خۆ بەدەستەوەدەرە، كە بە یادەوەریی مرۆڤەوە بەندە، ئەم بەشە لەگەڵ مردنی لەشدا كە یادەوەری هەڵگرتووە، ئەویش دەمرێت. بەڵام (ئەقڵی كارا) سەربەخۆیە، كە پوختە هێزی هزرەو لەناو ناچێت. ئەقڵی كارا تەنیا ڕەگەزێكی گشتییەو، لە یەك بە یەكی ڕەگەزەكانی مرۆڤ جودا دەبێتەوە. كەسایەتیی بە سۆزو ویست و ئارەزووە گۆڕاوو دەم و دەمییەكانی، شتێكی نەمر نییە، بەڵكو ئەقڵە لە فۆرمی ڕووت و پوختە و ناكەسێتیدا نەمرە.

بە كورتی ئەرستۆ ڕۆح (نەفس) تێك و پێك دەشكێنێ و نەمری بە عەقڵ دەبەخشێت، بە ڕاستی هەندێ جار مرۆڤ ناچارە سەرسام بێت كە ئایا ئەمەیە شێوازی میتافیزیكی دەربارەی ڕۆح، بەوەی دەبینین ئەرستۆ كێكەكە دەخوات و دەشی هێڵێتەوە، كاتێك ڕۆح تێك و پێك دەشكێنێ و لەناوی دەبات، هاوكات بەشێكی دەهێڵێتەوە كە عەقڵ یان بیرۆكەی ڕووتەو، دەڵێ ئەمیان نەمرە، لەوانەشە ئەم كارە هۆكارێكی دەگمەن بێت كە ئەرستۆ بۆ ڕزگار كردنی خۆی، پەنای بۆ بردبێت، نەبادا ئەو گرووپەی لە ئەسینادا دژ بە مەكدۆنییەكان بوون، حوكمی بە ژەهر كوشتنی لەسەر بدەن، گەر ئەرستۆ بە ئاشكرا بیگوتبایە ڕۆحیش لەناو دەچێت.

لە بوارێكی دیكەدا، كە سەلامەت و بێ مەترسییە لە چەشنی بواری سایكۆلۆژی، ڕەسەنانەتر دەنووسێت، ئەو داهێنەری بیردۆزی جوانی و هونەرە، ئەو دەڵێ: داهێنانی هونەری لە خولیاو پاڵنەری پێكهێنەرەوە یان لە مەیلی گوزارە كردنی سۆز ئامێزەوە سەرچاوە دەگرێت. فۆرمی هونەر هەوڵێكە بۆ لاسایی كردنەوەی ڕاستەقینە، كە ئاوێنەی سروشتە، مرۆڤیش چێژو لەزەت لە لاسایی كردنەوە وەردەگرێت، ئەم شتە وەك دەردەكەوێت لە لای گیاندارانی خوارووەدا بەدی ناكرێت، وێڕای ئەوە ئامانجی هونەر ئەوە نییە دیمەنی ڕواڵەتی شتەكان بخاتە ڕوو، بەڵكو بایەخی ناوەوەیان نمایش دەكات، چونكە ڕاستەقینەش لە نێو ئەو بایەخەی ناوەوەدایە نەك لە زۆر لەخۆ كردن و سەرو بچمی دەرەكیدا.

باڵاترین هونەر ئەوەیە كە كار لە عەقڵ و هەست دەكات (ئەو وەكو سەمفۆنیایەكە نەك هەر بە هارمۆنیاو دابەش كردنەكەی كارمان لێ دەكات، بەڵكو بە پێكهاتەو پەرەسەندنەكەشی دەمانهەژێنێ)، ئەم شادییەی عەقڵ بەرزترین شێوەی شادییە كە مرۆڤ دەتوانێ پێی بگات. ئەوەش هەیە كاری هونەر هەر دەبێ فۆرم بكاتە مەبەست. لە سەرووی هەموو شتێكیشدا

یەکێتی دێت، کە بڕبڕە پشتی پێکهاتەو چەقی فۆرمە، یەکێتیی کار دەبێ لە ڕۆمان یان لە دەقی شانۆییدا بەدی بێت، بەوەی نابێ پیلانی نزم و شەرمەندانەیان تێدا بێت، یان ڕووداوی نائاسایی، بە جۆرێك کاری هونەر دەبێ پاك کردنەوەو ڕوون و بێگەردی بێت، چونکە ئەو ورووژانانەی لە ئاکامی پاڵەپەستۆو سەرکوتی کۆمەڵایەتییەوە لە ناخماندا پەنگ دەخۆنەوەو، سازو ئامادە دەبن بۆ تەقینەوە لە شێوەی کاری تێکدەرانەی ناکۆمەڵایەتی، کاتێك بە جۆش و خرۆشی ناسکی شانۆ چاك و ڕێك دەخرێنەوە، لە ڕێی ترس و بەزەییەوە کە هەستەکان پاك و پاراو دەکاتەوە. ئەرستۆ هەندێ ڕووکاری شانۆی تراژیدیی لە بیر چووە (بۆ نموونە بەیەکدا هەڵپژانی باوەڕو کارەکتەرەکان)، لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیارێکی خستە نێو تیۆری پاك بوونەوەوە، کە بە درێژایی زەمان ڕۆڵی دەبێت لە تێگەیشتن لە هێزی هونەر، کە بە زۆری لە نادیاریدا نقوم دەبێت، ئەمەش گەواهییەکی گەشە بۆ تواناو دەسەڵاتی ئەو لە بەسەرکردنەوەی هەموو بوارێکی هزرو جوان کردنی هەر شتێکی کە بیری ئەو خۆی لێ دابێت.

### ٤- ڕەخنە:

چی لە بارەی ئەم فەلسەفەیە بڵێین؟ لەوانەیە شتێکی مایەی شادیی تێدا نەبینین، زۆر زەحمەتە بە ئەرستۆ سەرگەرم بیت، چونکە ئەو هەر خۆشی سەرگەرمی هیچ شتێك نەبوو، گەر داوای گریانم لێ دەکەیت، وا پێویست دەکات یەکەم جار تۆ بگریت. هاوکات نە شێوازو نە نموونەکانی مایەی سەرسوڕمان و ئەندێشە نین. سەرگەرمییەکەی ئەفلاتوون بۆ چاکسازی و ئەو خۆشەویستییە گڕگرتووەی بەرامبەر بە مرۆڤایەتی هەیەتی، کە وای لێ کرد خۆی بە قوربانی هاووڵاتیانی بکات، لە ئەرستۆدا بەدی ناکرێت، هەروەها زات و ڕەسەنایەتیی ئەفلاتوونی مامۆستای و خەیاڵی بەرزی ئەو مامۆستایەی تێدا بەدی ناکەین، لەگەڵ ئەوەشدا، پاش خوێندنەوەی ئەفلاتوون، هیچ شتێك هێندەی ئەرستۆی هێمن و گومانی، سوودمان پێ ناگەیەنێت.

با ناتەباییمان لەگەڵ ئەودا چڕ بکەینەوە، ئەوەی کە وا دەکات لێی پەست بین یەکەمین شت پێداگرتنیەتی لەسەر لۆژیك، ئەو لەو باوەڕەدایە کە پێوانە ڕێی دروستی مرۆڤە بۆ بیرکردنەوەیەکی دروست، لەگەڵ ئەوەی پێوانە تەنیا هۆیەکەو بیرکردنەوەی خۆی بەسەردا دەسەپێنێ بۆ متمانە پێ هێنانی عەقڵی کەسانی دی، گریمانەی ئەوەش دەکات هزر بە بەراییەکان و گەڕان بە دوای ئەنجامەکانی دەست پێ دەکات. کەچی لە ڕاستیدا هزر بە گریمانەی ئەنجام و



گەڕان بە دوای ئەو بەراییانەی پاساوی دەدەن، دەست پێ دەکات و، گەڕان بە دوایدا بە شێوازێکی چاکتر، ئەویش بە سەرنجدان لە ڕووداوگەلی دیاری کراو لە چەند ئەزموونێکی جیاجیادا، وێڕای ئەوە نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە دوو هەزار ساڵ مێژوو تەنیا لۆژیکی لاوەکیانەی ئەرستۆی گۆڕی، کە (ئۆکام و، بیکۆن و، ویل و، میل) و سەدانی دی، تەنیا چەند پەڵەیەکی بچووکیان لە خۆری ئەرستۆدا دۆزییەوە، ئەو بە داهێنانی ئەم سیستەمە تازەیەی هزرو بیرو، دیاری کردنی بێ ئەم لاو ئەو لای هێڵە پێویستەکانی، هەردەم وەك یەکێ لە کارە مەزن و نەمرەکانی عەقڵی مرۆڤایەتی دەمێنێتەوە.

بۆ جاری دووەم بۆمان دەردەکەوێت، دوورکەوتنەوەی ئەرستۆ لە ئەزموون و تاقی کردنەوەو بیروڕای زانستی، وای کرد زانستەکەی لە بواری سروشتدا ببێتە یەك پارچە تێبینی و سەرنجی بێزەوەر، کە بە زەحمەت هەرس دەکرێن، لە کۆکردنەوەو ڕێکخستنی زانیاریدا کارامە بوو، لە هەموو بوارێکدا بە جوانی پۆلێنکاریی دەکردو پێڕستیشی بۆ دادەنان. کاتێك کەوتە نێو میتافیزیکی ئەفلاتوونییەوەو پێیەوە خەریك بوو، پێ بەپێ لەگەڵ ئەو تواناو ئارەزووانەی خۆیدا لە تێبینی کردن دەڕۆیشت. ئەمەش وای لێ دەکرد بە دنیای هەموو زانستێکدا گەشت بکات‌و، تووشی پێشەکیی پان و بەرینی دەکرد. ئا لێرەدا بوو نەنگییە گەورەکەی یۆنان، کە سیستەم‌و دیاری کردن و پەندو باری چەسپاوی نەبوو، ئازادانە گەشتی بە گۆڕەپانێکی نادیاردا کرد، هەر لە خۆڕاش بەرەو بیردۆزو دەرەنجامەکان چووە، بەم جۆرە فەلسەفەی یۆنان لە شەققەی باڵ داو بەسەر بەرزاییگەلێکدا بازی داوە، کە جارێکی دی کەس پێی ناگاتەوە، کەچی زانستی یۆنان وەپاشی داوە. ئەو مەترسییەی لەم سەردەمەدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ڕێك پێچەوانەی ئەوە، چونکە زانیاریی بەدەست هاتوو، چەشنی گڕو پشکۆی گڕکانی فیزۆڤ لە هەموو لایەکەوە بە سەرماندا دەبارێت، مەترسی لەوەدایە لێشاوی ڕاستیی نارێك و پەرش و بڵاوی بەدەست هاتوو بمان خنکێنێ، عەقڵیشمان پەرش بڵاوە لە ئاکامی زۆر بوونی زانست و لقەکانیان، کە گەڕەلاوژەو هەڵڵاو فەرتەنەی ناوەتەوە، چونکە زۆر پێویستی بە هزرێکی ڕێك و فەلسەفەیەکی یەکێتی بەخش هەیە.

ئاکارناسیی ئەرستۆش بەشێکە لە لۆژیکەکەی، ژیانی نموونەییش بە لای ئەوەوە چوون پێوانەکەیەتی، پوختەی کتێبێکمان دەربارەی لیاقەت و سەنگینی دەخاتە بەردەم کە نابێتە هاندەرمان بۆ چاکسازی و پوختەکاری. یەکێ لە ڕەخنەگرانی دێرین دەربارەی ئەو گوتوویەتی: کەسێکی میانڕەوەو لە میانڕەویدا زێدەڕۆیی کردووە. بۆی هەیە کەسێکی توندڕەویش (ئاکار) لە

لای ئەرستۆدا پەسن بکات، کە لە کۆکردنەوەی پڕوپووچییەکانی رەوشتدا ژمارەیەکی پێوانەی بەدەست هێناوە. سیاسەتمەدارێکی بەریتانی لەوانەیە بەم جۆرە دڵی خۆی بداتەوە، کە ئینگلیزەکان پیشەکی و لە سەردەمی لاویدا، لە تاوانەکانی کۆلۆنیالیی سەردەمی پیری و سالآنی پێگەیشتنی خۆیان گەردن ئازادییان خواستووە، چونکە لە هەردوو زانکۆی ئیکسفۆردو کەمبردجدا. ناچار دەکران یەك بە یەکی پەیڤەکانی ئاکارناسیی ئەرستۆ بخوێنن. (ماتسو ئەرنۆڵد) پێمان رادەگەیەنێت، کاتی خۆی مامۆستاکان لە ئیکسفۆرددا وایان دانا بوو کە کتێبی (ئاکاری بڕیاردە) لە هەڵەو لادان بەدوورە. ئەم کتێبەی ئاکار عەقڵیەتی چینی دەسەڵاتداری بەریتانیای پێکەوە ناوە، لەوانەشە بەرەو بەجێ گەیاندنی گەلێ کاری مەزن و جوامێرانەش پاڵی پێوە نابێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە توانایەکی سەخت و ساردیشی پێ بەخشیوە. ئاخۆ ئەنجام چۆن دەبوو، گەر پیاوانی گەورەترین ئیمپراتۆریەتەکان بە شەوق و سۆزی پیرۆزو ئارەزووی بنیاتنەرانە پەروەردە بکرانایە؟ کە لە کتێبی (کۆماری ئەفلاتوون)دا رەنگیان داوەتەوە.

سەرباری ئەوە ئەرستۆ یۆنانی نەبوو، کەسایەتیی ئەو بەر لەوەی بێتە ئەسینا، خەمڵی و دروست بوو، هیچ شتێکیش لەودا نییە کە مۆرکی پەلەکاریی ئەسینای پێ ببەخشێت، یان ئەو ئەزموونە هزرییانەی ئەسینا کە وای لەم شارە کرد لەو ململانێ سیاسییەدا نوشوشت بێنێت و رێی بۆ ئەوە خۆش کرد بچێتە بن دەستی ئەسکەندەر، کە لە پێناو یەکێتیی یۆناندا کاری دەکرد. ئەرستۆ زۆر بە تەواوی لەو فەرمانانە گەیشت کە لە پەرستگای (دەلفی)دا نووسرا بوونو داوایان دەکرد مرۆڤ خۆی لە زێدەڕۆیی لا بدات. زۆر پێداگیریی کرد کە سێوی زێدەڕۆیی پاك بکات بەو رادەیەی هیچی لێ بەجێ نەهێشت. ئەو زۆر لە هەڵلاو بێ سەروبەری دەترسا بە رادەیەك لە کۆیلایەتی و بەندایەتی ترسانی لەبیر بردەوە، بەو رادەیەش لە گۆڕان دەترسا کە نەگۆڕانی واتە وەستان و مردنی بە لاوە چاکتر بوو. هەروەها هەڵقولآن و بەردەوام بوونی تێدا نەبوو، کە خەسڵەتی هرکلیتس بوو. ئەوەشی لەبیر چوو کە کۆمۆنیزمی ئەفلاتوون تەنیا کەمینە دەگرێتەوە، ئەو کەمینەیەش لە تەماح و خۆویستی بەدوورە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە لادانەوە دەگاتە هەمان ئاکامی ئەفلاتوون، کاتێك لاگیری لەوە دەکات سامان و موڵکی تایبەت بە هاوبەشی و سۆسیالانە بەکار بهێندرێت، ئەو ئەوەی بەدی نەکرد (ئەستەمیش بوو لەو رۆژگارەدا شتێکی وا بەدی بکات) کە دەست گرتنی تاکە کەس بەسەر هۆیەکانی بەرهەم هێناندا، هاندەرێکی گەشەپێدانە بە تایبەتی لەو رۆژگارەدا کە هۆیەکانی بەرهەم هێنان سادە بوون و هەموو مرۆڤێك دەتوانێ بیانکڕێت، پتر ئاڵۆز بوونی ئەو هۆیانەو گران بوونیان دەبێتە مایەی قۆرخ کردن و



گردبوونەوەیەکی ترسناکی هێزو موڵکداری، پاشان جیاوازی و ناکۆکیی گەورەی لێ دەکەوێتەوەو کۆمەڵ پچڕپچڕ دەکات و لەبەر یەکی هەڵدەشوێنێ.

بەڵام پاش ئەو رەخنەگرتنە لە ئەرستۆ کە پێویستیش بوو، فەلسەفەکەی ئەو وەك شازترین سیستەمی هزر دەمێنێتەوەو لە هووانیش کاریگەرترە، کە عەقڵی تەنیا یەك کەسیش دایناوە. لەوە بە گومانین کە هزرەوەرو بیریارێکی دی هەبێت، کە بەم رێژە فراوان و زۆرە بەشداری لە رۆشنبیر کردن و بەرچاو رووناك کردنەوەی جیهاندا کرد بێت. هەموو نەوەکان سوودیان لە ئەرستۆ وەرگرتووەو، لەسەر شانی ئەو راوەستاون بۆ ئەوەی راستی ببینن. رۆشنبیرییە مەزنەکەی ئەسکەندەرییە لە نووسینەکانی ئەوەوە سەرچاوەی گرتووە، ئیلهام و زانینی زۆری خۆشی لە فەلسەفەکەی ئەوەوە هەڵهێنجاوە، لۆژیکەکەشی رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە گەڵاڵە بوونی بیرمەندانی سەدەکانی وەحشەتگەریی ناوەڕاست و رۆشنبیر کردن و پوختە کردن و رێکخستن و داتاشینیان لە شێوەی بیرۆکەی رێك و یەکگرتوودا.

مەسیحیانی نەستووری لە سەدەی پێنجەمی زایینیدا بەرهەمەکانی دیکەی ئەرستۆیان وەرگێڕایە سەر زمانی سریانی و، لە سەدەی دەیەمی زایینیشدا ئەو بەرهەمانەیان کردە عەرەبی. لە دەوروبەری ساڵی ١٢٢٥شدا کرانە زمانی لاتینی، بەم جۆرە فەلسەفەی لاهووت لە بەرایی روون و رەوانییەوە کە لە (ئەبلارد) سەری هەڵدا لەسەر دەستی تۆمای ئەکوینی بەرەو کۆتایی چوو. خاچداران چەندین دانەی کتێبەکانی ئەرستۆیان بە زمانی یۆنانی لەگەڵ خۆیاندا گێڕایەوە کە گەلێ وردو دروستتر بوون، زانایانی یۆنان لە شاری کوستەنتینییەوە گەنجینەی زیاتری هزرو بیری ئەرستۆیان پێ بوو، کە هاوکات لەگەڵ ئابلۆوقەدانی شارەکە لە لایەن تورکەکانەوە لە ساڵی ١٤٥٣دا هەڵاتن. سەبارەت بە فەلسەفەی ئەوروپا، کتێبەکانی ئەرستۆ هەر چەشنی ئینجیل بوون بۆ ئایین، واش تەماشای دەقەکانیان دەکرا کە دوورن لە هەڵەو سەهوو، چارەسەریشن بۆ هەموو گرفتێك. لە ساڵی ١٢٣١دا گریگۆری نۆیەم لێژنەیەکی پێك هێنا بۆ پوختە کردن و بژاردە کردنی ئەو دەقانە. لە ساڵی ١٢٦٠یشدا لە هەموو قوتابخانەیەکی مەسیحیدا ئەرستۆ کرایە پرۆگرامی خوێندن. کۆمەڵەکانی سەر بە کڵێسەکانیش سزای گومڕاییان دەرهەق بەو کەسانە بڕیار دا، کە لە بیروڕاکانی ئەو لایان دەدا. شوسیریش گوشاد بوونی ئەو قوتابییەی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە بیست کتێبی ئەرستۆی کڕیوە. لە ئەڵقە بەراییەکانی کتێبی دۆزەخدا، دانتی دەڵێ (لەوێدا ئەرستۆم لە ناوەندی خانەوادەی فەلسەفەدا دیت، کە هەمووان بە رێزو گەورەییەوە لێیان دەڕوانی

و دەورەیان دا بوو، هەر لەوێدا ئەفلاتوون و سوکراتیشم دیت کە لە هەمووان نزیکتر لە نزیکییەوە دانیشت بوون).

ئەم چەند دێڕە ئاماژە بەو شکۆمەندییە دەکەن کە بە درێژایی هەزار ساڵ دەورەی ئەرستۆی دابوو. هەر واش مایەوە تا ئامێرو ئامرازی تازەی زانست و، ئەزموونی کەڵەکە بوو، ئەزموون و تێبینیی بەربڵاو بوونە مایەی گەشە کردنی زانست و، وایان لە (توکام و، رامووس و، رۆجەرو، فرانسیس بیکۆن) کرد، چەکی وایان بکەوێتە دەست کە بەرگرییان بەرامبەردا نەدەکراو بوونە مایەی نەمانی کاریگەریی ئەرستۆو زاڵ بوونەکەی. عەقڵێکی دی نییە چەشنی ئەرستۆ کە لە ماوەیەکی هێندە درێژدا کۆنترۆڵی عەقڵی مرۆڤانی کرد بێت.

### ٥- دوایین رۆژگاری ژیان و مەرگی:

ژیان لە بەردەمی فەیلەسووفمان بەرەو ئالۆزییەکی زۆر چوو، ناکۆکی کەوتە نێوان ئەو و ئەسکەندەر، چونکە بەرامبەر بە لە سێدارەدانی کالینیتیس (خوشکەزای ئەرستۆ) کە ئەسکەندەر پەرستیی قبووڵ نەکرد، چونکە ئەسکەندەر خوداوەندایەتیی خۆی بەسەر گەلدا سەپاند، ئەرستۆ نارەزایی دەربڕی، ئەسکەندەر بەو جۆرە وەڵامی ئەو نارەزاییەی دەربڕی کە سڵ لە لەسێدارەدانی فەیلەسووفانیش ناکاتەوە، ئەم شتەش لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدایە. لە هەمان کاتدا ئەرستۆ لە نێو ئەسینابییەکاندا سەرقاڵی داکۆکی کردن بوو لە ئەسکەندەر، هاوبەندیی یۆنانییانی خستە سەرووی هەستی نیشتمانی بۆ تەنیا شارێك، لەو بڕوایەشدا بوو بە نەمانی ناکۆکی و کۆتایی هاتنی سەروەری و سەربەخۆیی هەر شارێك بە جیا، دەبێتە مایەی گەشە کردنی زانست و رۆشنبیری. ئەوەی دواتر (گۆتێ) لە ناپلیۆندا بەدیی کرد، ئەو لە ئەسکەندەردا بەدیی دەکرد، لەودا یەکبوونی فەلسەفیانەی ئەو جیهانەی بەدی کرد، کە پڕە لە بێزاری و بێ سەروبەری. ئەسینابییانی تینووی ئازادی لە ئەرستۆ پەست بوون، پەستییەکەیان بەو پەیکەرەش زیاتر بوو، کە ئەسکەندەر لە ناو جەرگەی ئەو شارە نەیارەدا بۆ ئەرستۆی دروست کرد. لە نێو ئەو پەشێوییەشدا هەستێکی دی بەرامبەر بە ئەرستۆ دامان دەگرێت، کە بە تەواوەتی لەوەی فەلسەفە ئاکارناسییەکەی پێمانی گەیاندووە، جیایە. ئێمە مرۆڤێکی هێمن و کەللە سارد نابینین، بەڵکو جەنگاوەرێکی ئازاد لە ناوەڕاستی دوژمنانێکدا دەبینین، کە لە هەموو لایەکەوە دەورەیان داوە، درێژە بە کارەکانی دەدات، لە نێویشیاندا شاگردانی ئەفلاتوون لە ئەکادیمیەدا، هەروەها



جەماوەری تووڕە کە رەوانبێژیی دیمستین هاری کرد بوون، پیلانگێڕییان کردو داوای دوور خستنەوە یان مەرگی ئەویان دەکرد.

دوای ئەوە کتوپڕ ئەسکەندەر کۆچی دوایی کردو، شادی و خۆشیی نیشتمانی ئەسینای تەنییەوە، کودەتایەکی بەرپا کردو پارتی دەسەڵاتداری مەکدۆنی تێدا چوو، ئەسینابییانیش سەربەخۆییان راگەیاند، (ئەنتیبتر)ی جێگری ئەسکەندەرو برادەری نزیکی ئەرستۆ بەرەو ئەسینای راپەڕیو چوو، زۆربەی مەکدۆنیانیش هەڵاتن، (یورمیدون)ی گەورەی پیاوانی ئایین شکاتێکی دژ بە ئەرستۆ نووسی، بەوە تاوانباری کرد کە گوتوویەتی نوێژو قوربانی کاری بێ سوودن. ئەرستۆ کاتێك هەستی بەوە کرد کە لەوانەیە بەرەو دوا چارەنووسی بچێت، بە دادگایی کردنی لە نێو جەماوەرێکی دوژمنکارانەتر لەوەی سوکراتی کوشت. زۆر بە دانایی شاری جێهێشت و گوتی ؛ ئەو فرسەتە نادات ئەسینا کە گوناهێکی دی دژ بە فەلسەفە بکات. هیچ ترسنۆکییەکیش لەم کارەیدا نییە، هەمیشە لە ئەسینادا وا بووە، تاوانبار لە نێوان دوور خستنەوەو دادگایی کردندا سەرپشك کراوە. هەر کە گەیشتە (چالسیس)یش نەخۆش کەوت، ئەوەش دەگوترێت کە لەبەر ئەوەی رەوشەکە بە دژی ئەودا کەوت، خۆی بە ژەهر کوشت. بەهەر حاڵ، نەخۆشییەکەی کوشندە بوو، پاش چەند مانگێکی کەم لە بەجێ هێشتنی ئەسینا، لە ساڵی (٣٢٢ پ.ز) لە تەمەنی ٦٢ ساڵیدا بە تەنیایی کۆچی دوایی کرد.

لە هەمان ساڵدا (دیمیستین)یش کە دوژمنی باوەکوشتەی ئەسکەندەر بوو، هەر لە تەمەنی ٦٢ ساڵیدا ژەهری خوارد، لە دوازدە مانگدا ئەسینا مەزنترین دەسەڵاتداری و مەزنترین دوانەرو مەزنترین فەیلەسووفی خۆی لەدەست داو، شکۆی یۆنان هاوکات لەگەڵ گزنگی بەیانی رۆم، ئاوا بوو، بەڵام مەزنیی رۆما مەزنایەتیی هێز بوو نەك پرشنگی هزرو بیر. پاشان مەزنایەتیی رۆماش رەش رابوو، ئەوروپا کەوتە نێو تاریکییەکی درێژەوە کە هەزار ساڵی خایاند، جیهان لە چاوەڕوانیی سەر لەنوێ ژیانەوەی فەلسەفەدا بوو.

# بەشی سێیەم

# فرانسیس بیکۆن

## ١- لە ئەرستۆوە تا سەردەمی ڕێنیسانسی زانست:

کاتێك شاری ئەسپارتە لە کۆتایی سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین ئابلۆوقەی شاری ئەسینای دا و شکستی پێ دا، دەسەڵاتی سیاسی لە ئەسینای چاوگی فەلسەفە و هونەری یۆناندا نەماو، بووە مایەی داکەوتنی چالاکی و سەربەخۆیی عەقڵی ئەسینایی. بە لە سێدارەدانی سوکرات لە ساڵی (٣٩٩ ب.ز) ڕۆحی ئەسیناش لەگەڵ ئەودا مرد، پاش ئەوەی وچانێکی کورتی لە لای ئەفلاتوونی قوتابییە خۆ بە شت زانەکەی ئەو دا.

لە ساڵی (٣٨٨ ب.ز) فیلیپی مەکدۆنی شکستی بە ئەسینابیان هێنا، سێ ساڵ دواتریش ئەسکەندەر مەزنە شاری تیبەی سووتاند. زاڵ بوونی ئەرستۆی مەکدۆنی بەسەر فەلسەفەی یۆناندا، ملکەچ بوونی سیاسییانەی یۆنان بۆ گەلانی ئازاو نەوجەوانی باکوور دەخاتەڕوو، مردنی ئەسکەندەریش لە (٣٢٣ ب.ز) ئەو لەبەریەك هەڵوەشانەی یۆنانی خێراتر کرد. ئەسکەندەر وێڕای هەموو هەوڵەکانی ئەرستۆ بۆ ڕۆشنبیر کردنی، هەر بە دڕندەیی مایەوە، بەڵام وێڕای ئەو دڕندەییەی خۆی، فێری ئەوە بوو بە گەورەییەوە تەماشای ڕۆشنبیریی یۆنان بکات و ڕێزی بگرێت، پاش ئەو سەرکەوتنانەی سوپاکەی بەدەستی هێنان، لە خولیای ئەوەدا بوو ئەو ڕۆشنبیرییە لە ڕۆژهەڵاتدا بڵاو بکاتەوە. پێشکەوتنی بازرگانیی یۆنان و، زۆر بوونی ناوەندە بازرگانییەکانی یۆنان لە سەرانسەری ئاسیای بچووکدا، زەمینەیەکی ئابووریی هێنایە کایەوە بۆ یەکگرتنی ئەم دەڤەرە وەك بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی هیلینی. ئەسکەندەریش لەو باوەڕەدا بوو کە هەر لەو ناوەندە یۆنانییانەی کاڵای یۆنانی دەردەچێت، هزرو بیریش لە گزنگ دەدات. بەڵام لەم بۆچوونەیدا لە گرنگیی هێزی بەردەوام بوون و بەرگریی عەقڵی ڕۆژهەڵاتییانەی کەم کردەوە. هەروەها گەوهەرو قووڵیی شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی فەرامۆش کرد. ئەم شتانە تەنیا وەهمێکی گەنجانە بوون، چونکە زەحمەتە شارستانیەتێکی پێنەگەیشتوو، کە هێشتا پێی نەچەقاندووەو لەنگەری نەگرتووە، بەسەر شارستانیەتێکی ڕۆژهەڵاتدا بسەپێندرێت، کە لەو فراوانترو لە زۆربەی داب و ڕەسمە سەنگینەکانیشدا گەلێ لەو ڕەسەنترە. لە ساتەکانی ئەوپەڕی سەرکەوتنیدا، ڕۆحی ڕۆژهەڵاتییانە ئەسکەندەری بەزاندو (سەرەڕای ژمارەیەك ژنی دی) کچی دارای شای فارسەکانی گواستەوەو تاج و پۆشاکی ڕەسمیی فارسی بۆ دەوڵەت بڕیار دا. هەروەها بیرۆکەی مافی پیرۆزی پاشایانی وەك بیرۆکەیەکی ڕۆژهەڵاتی بۆ ئەورووپا هێنا، لە کۆتاییشدا کتوپڕ لە نێو یۆنانییاندا بە شێوازێکی شکۆمەند ڕۆژهەڵاتییانە



خۆی وەك خوداوەند ڕاگەیاند. لەمەدا یۆنان گاڵتەی پێ کردو پاشان مرد. پاش ئاودانی جەستەی ماندووی یۆنان بەم ڕۆحە ڕۆژهەڵاتییە، سرووتی ئایینی و ئایینەکانی ڕۆژهەڵات، بە هەمان ئەو ڕێگاوبانەی ئەو گەنجە ڕزگارکەرە کردنییەوە، بەرەو یۆنان لێشاویان هات. لە بەردەم شەپۆلی بیروباوەڕی ڕۆژهەڵاتییانەدا، هەموو بەربەستە گەندەڵەکان هەرەسیان هێنا، لێشاوی ئەو شەپۆلە بەرەو خاکی ئەورووپا تەکانی دا، کە هێشتا هزرو بیر تێیدا لە قۆناغی لاویدا بوو. ئایینی پەنهان و پڕوپووچەکانیش پتر بڵاوبوونەوەو پێشتریش لە دڵ و دەروونی هیلینیانی هەرە هەژاردا ڕەگ و ڕیشەی داکوتا بوو، بە هەموو شوێنێکیشدا بڵاوبوونەوە، ڕۆحی خۆ بەدەستەوەدان و بێ چرکەی ڕۆژهەڵاتی، خاکێکی گونجاوو بەپیتی لە یۆنانی بێ هیواو پووکاوەدا بەدی کرد. فەلسەفەی داڵانیزم یان زینۆنیزم، کە لە دەوروبەری ساڵی (٣١٠ ب.ز) زینۆنی بازرگانی فینیقی بۆ ئەسینای هێنا تەنیا ڕوویەکی ئەو دزە کردنە فراوانەی ڕۆژهەڵات بوو بۆ نێو یۆنان، ڕێبازی داڵانیزم و ئەبیکۆریزم خۆ بەدەستەوەدان و قبووڵ کردنی تێکشکان بوون، هەوڵێك بوون بۆ لەبیرچوونەوەی تێکشکان لە باوەشی لەزەت و شادیدا، هەروەها چەند تیۆرییەك بوون دەربارەی گەیشتنی مرۆڤ بە شادی سەرباری زەبوونییەکانی بەندایەتی و ملکەچ بوون، هەر ڕێك وەك چۆن فەلسەفە داڵانیزمە ڕۆژهەڵاتییە ڕەشبینەکەی شۆپەنهوەرو، فەلسەفەی ئەبیکۆریزمی بێ ئومێدی ڕینان لە سەدەی نۆزدەهەمدا، بوونە دروشمەکانی شۆڕشی پەرتەوازەو فەرەنسای تێکشکاو.

ئەم دژبەرییە ئاساییەی تیۆری ئاکار شتێکی تازە نەبوو لە لای یۆنانییان، ئەم شتە لە لای فەیلەسووفی خەمبار و، فەیلەسووفی دەم بە خەندە (دیموکریتس)یشدا دەبینین، هەروەها دابەش بوونی شاگردانی سوکرات، سەگگەراییان کە گاڵتەیان بە جیهان دەکردو باوەڕیان بە چاك بوونی مرۆڤ نەبوو، یان قۆریناییان کە بە سەرکردایەتیی ئەنتستینس و ئەریستبووس پێیان وا بوو ئامانجی ژیان چێژو خۆشییە، قوتابخانەی یەکەم ستایشی وەستان و بێ چرکەیی کرد، دووەمیشیان ستایشی بەختەوەریی کرد. لەگەڵ ئەوەشدا فەلسەفەی ئەم دوو قوتابخانەیە بۆ هزری یۆنان نامۆ بوون و ئەسینا پەیڕەوی نەکردن. بەڵام کاتێك یۆنان دیتی کیرونیا خڵتانی خوێن دەبێت و تیبەش دەبێتە خۆڵەمێش، گوێی بۆ ڕێنماییەکانی دیۆجینسی سەگگەرا ڕاگرت. کاتێکیش لە شکۆمەندی جودا بووەوە، بۆ قبووڵ کردنی ڕێنماییەکانی زینۆن و ئەبیکۆر، سازو ئامادە بوو.

زینۆن فەلسەفە بێگیانەکەی لەسەر ناچارگەراییەك ڕۆناوە، کریسبۆس کە یەکێکە لە دالآنیزمانی پاشین، لە کردەی جیاکردنەوەی ئەو فەلسەفەیە لە ناچارگەرایی ڕۆژهەلأت، زەحمەتییەکی بەدی کرد. زینۆن کە باوەڕی بە سیستەمی کۆیلایەتی نەبوو، کاتێك لەسەر خەتایەك لە کۆیلەیەك دەدا، کۆیلەکە تکای کرد سووکتر لێی بدات، چونکە فەلسەفەکەی ئەو دەڵێ کە ئەم خەتایە ناچارەو لە کردنیدا سەرپشك نەبووە، زینۆنیشدا بەرسڤی دایەوە، کە ئەویش بە ناچاری لێی دەدات و لەمەدا سەرپشك نییە. هەروەك چۆن شۆپەنهوور وای بۆ چوو کە کارێکی بێ هوودەیە ئیرادەی تاك دژ بە ئیرادەی گشتی بوەستێت، دالآنیزمەکانیش لەو بڕوایەدا بوون، بایەخ نەدانی فەلسەفی تەنیا ڕوانینێکی شیاوە بۆ ژیان، کە تێیدا ململانێ لە پێناو ئیدارە کردن و گوزەراندا بە شکستێکی بێ دەرەتان دەگات. جا گەر سەرکەوتن مەحاڵ بوو، پێویستە بە کەم بزاندرێ. کرۆکی ئاشتی لەوەدایە دەسکەوتەکانمان لەگەڵ خواست و ئارەزووەکاندا یەکسان نەکەین، بەڵکو خواست و ئارەزووەکانمان بە ڕادەی ئەو شتانەی وەدەستیان دەهێنین، کەم بکەینەوە. سنیکای ڕۆمانی کە لە (ساڵی ٦٥ ز)دا کۆچی دوایی کردووە، وەك دالآنیزمێك گوتوویەتی، گەر ئەوەی هەتە بەشت ناکات، ئەو کات گەر هەموو دونیا موڵکی تۆ بێت، هەر هەژار و داماوی.

ئەم باوەڕە بە گوێی ئاسماندا چریکاندی و داوای باوەڕێکی پێچەوانەی خۆی کرد. هەرچەندە ئەبیکۆر چەشنی زینۆن لە ژیانیدا کەسێکی دالآنیزم بوو، بەڵام هەر خۆی ئەو باوەڕە پێچەوانەیەی خستەڕوو. ئەبیکۆر باخچەیەکی کڕی و هەر خۆی دەیکێڵاو دایدەچاند، قوتابخانەکەشی هەر لەوێدا دروست کرد، لەگەڵ قوتابییەکانیدا ژیانێکی خۆش و پڕ لە ڕەزامەندیی هەر لە باخچەکەیدا بەسەر برد. بەدەم ڕۆیشتن و کارکردنەوە فێری دەکردن.. بۆ خۆی لەگەڵ هەموو خەڵکدا کەسێکی ڕۆح سووك و بەسۆزو مەشرەب خۆش بوو، گوتوویەتی: هیچ شتێك لەوە جوامێرانەتر نییە کە مرۆڤ خۆی لەگەڵ فەلسەفەدا بگونجێنێ و بەسەر خۆیدا پیادەی بکات. لەو باوەڕەشدا بوو، کە مەحاڵە هەست و خرۆشانەکان بمرن، لەزەتیش (مەرج نییە تەنیا لەزەتی بەرهەست بێت)، تەنیا ئامانجێکی درك پێکراوی کارو ژیانە. سروشتیش لەخۆڕا هەموو تەنێکی زیندوو بەرەو ئەوە دەبات، کە چاکەی خۆی بخاتە سەرووی هەموو چاکەیەکی دی، شکۆیەکی زیاتر دەداتە شادییەکانی بیرو پتر لە شادییەکانی دیکەی هەست، سەبارەت بەو لەزەتانەی دەروون دەورووژێنن و ناڕەحەتی دەکەن، هۆشداری دەدات، بە جۆرێك



ئەو لەزەتانە هێمن و ئارام و بێ زیان بن. لە کۆتاییشدا داوا دەکات بەدوای لەزەتێکدا نەگەڕێین کە واتایەکی باوی هەیە، بەڵکو لە ئارامی و هاوسەنگیی عەقڵ و ئۆقرە گرتن و سرەوتی ئەودا، پەیدۆزی لەزەت بکەین.

لە (ساڵی ١٤٦ ب. ز)دا کاتێك ڕۆمەکان هێلینیایان تالآن کرد، ئەو قوتابخانە فەلسەفیانەیان بەدی کرد کە گۆڕەپانی فەلسەفەیان لە نێو خۆیاندا دابەش کرد بوو. لەبەر ئەوەی ڕۆمەکان هێندە کات و وەختیان نەبوو یان توانای ڕامان و بیرکردنەوەیان نەبوو، ئەم بیرو ڕا فەلسەفیانەیان لەگەڵ کۆمەڵێك دەسکەوت و تالآنیدا بەرەو ڕۆما هێنایەوە. گەورە نووسەرانیان ڕوویان کردە شێوازەکانی دالآنیزم، بەم جۆرە فەلسەفەی باو لە ڕۆما فەلسەفەیەکی یەکجار نزیك بوو لە فەلسەفەی زینۆنی دالآنیزم، جا ئەم فەلسەفەیە چ لە لای مەرقس ئۆرلیۆسی ئیمپراتۆر بێت، یان ئەبکتاتۆسی کۆیلە، تەنانەت، کۆیتۆسیش بە شێوازێکی دالآنیزمانە باسی ئەبیکۆریزمی دەکرد، ئینجیلە مرومۆچەکەشی دەربارەی لەزەت بە خۆکوشتن کۆتایی پێ هێنا... شیعری جوامێرانەش دەربارەی سروشتی شتان بە ڕێچکەی ئەبیکۆردا دەڕوات، کە لە ستایشێکی سستدا نەفرەت لە لەزەت دەکات، لەگەڵ یۆلیۆس قەیسەرو بۆمپیدا هاوچەرخ بوو، لە ڕەوشێکی پڕ لە ترس و بێ سەروبەریدا ژیا. خامەی لەرزۆك و تووڕەی هەمیشە داوای نوێژ کردنی دەکرد لە پێناو ئاشتی و ئارامیدا. یەکێك بەم جۆرە پەسنی دەکات، کە کەسێکی بە سام و سڵەمینەوە بوو، ترسی ئایینیش مۆرکێکی ڕەشی قەترانیی بە ژیانی لاوێتیی ئەو بەخشی. لەوە ماندوو نەدەبوو کە بەردەوام بە خوێنەرانی ڕابگەیەنێت، کە دۆزەخ نییە تەنیا لێرەدا نەبێت، خوداوەندیش نییە بێ لەو خوداوەندە چاکەکارانەی لە باخچەکەی ئەبیکۆر لە نێو هەوردان، کە دەست لە ژیانی مرۆڤ وەرنادەن. بە تیۆرییەکی دژواری ماددی، دژبەری لە بڵاو بوونەوەی بیرۆکەی بەهەشت و دۆزەخ لە نێو خەڵکی ڕۆما دەکات، دەشڵێ ڕۆح و ئەقڵ لەگەڵ جەستەدا گەشە دەکەن و هاوبەند لەگەڵ ئەودا نەشونما دەکەن، لەگەڵ ئەوەیشدا ئازار دایان دەگرێت و بە نەخۆش کەوتنی ئەو، ئەوانیش نەخۆش دەکەون، بە نەمانی ئەو، ئەوانیش نامێنن. بێ لە ئەتۆم و بۆشایی و یاسا هیچ شتێکی دی نامێنێ، یاسای پەرەسەندن و لەناوچوون، یاسای یاساکانە لە هەموو شوێنێکدا. هیچ شتێك نامێنێ و هەموو شتەکان لەناو دەچن.

بە پێکەوە نووسانی پارچەی بچووك شتەکان گەشە دەکەن تا ئەو رادەیەی دەیانناسین و ناویان لێ دەنێین، ئینجا وردە وردە بەرەو لەناوچوون دەچن، تا وایان لێ دێت ئەو شتانە نابن کە دەماننناسین و ئاشنایان بووین.

گێتی لە ئەتۆم پێك هاتووە، بە هێواشی یان بە خێرایی دادەڕژێت، خۆرو ئەستێرە شێوەو سیستەمی جێگیر بوونیان دەبینم، تەنانەت ئەوان و سیستەمەکانیشیان بە هێواشی بەرەو بزاوتی هەمیشەییان دەگەڕێنەوە.

تۆ ئەی زەوی بە خۆت و ئیمپراتۆریەتەکانتەوە دەڕۆیت، دەریاو، وشکاییت دەڕوات، تۆش سەعات دوای سەعات چەشنی ئەو دەڕۆیت.

هیچ شتێك نامێنێ

دەریاکانت لە نێو تەمێکی چڕدان

دەڕۆن و لەناو دەچن.

ئەم لمەی بەر رووناکیی مانگیش شوێنەکەی خۆی جێ دەهێڵێ، دەریای دیکە دێت و جێی دەگرێتەوە، بە داسی سپی گەلێ کەنداوی دی دروێنە دەکات.

ئەو، بنەچەی جۆرەکان و لەناوچوونیان دەخاتە سەر پەرەسەندن و لەناوچوونی گەردوون و دەڵێ: گەلێ دڕندەی شێوە سەیرو سەمەرە لەسەر زەوی پەیدا بوون و هەوڵی زیاد بوون و زاوزێیان دا، ئەو دڕندانە لە دەست و پێ و دەموچاودا سەیرو سەمەرە بوون، هەندێکیان بێ پێ بوون و هەندێکیان بێ دەست، هەندێکیان بێ دەم و هەندێکی دیکەیان بێ چاو بوون.. زەوی ئەم جۆرە دڕندانەی هێنایە بەرهەم بەڵام بێ سوود، چونکە سروشت گەورە بوون و زۆر بوونی ئەوانی راگرت و نەیانتوانی بگەن بە کامی تەمەن، خۆراکیان نەدۆزییەوە، یان جووت بوونیان بۆ نەڕەخسا، گەلێ توخم و جۆری زیندووش مردن و نەیانتوانی زاوزێ و زیاد بکەن و بەردەوام بن، چونکە هەموو ئەو جۆرانەی دەیانبینین، هەناسەی ژیانیان تێدایە... هەر لە سەرەتاوە ئازایەتی یان تیژڕەوی یان فێڵ، پاراستنی و جۆرەکەی هێشتنەوە..

هەرچی ئەو جۆرانەی دیکەیە کە سروشت لەو پەسن و سیفەتانەی بێ بەش کردوون، ئەوە دەبنە نێچیرو خۆراکی جۆرەکانی دی تا بە یەکجار سروشت لە بەینیان دەبات.

گەلانیش هەر بە چەشنی تاکە کەسان بە هێواشی گەشە دەکەن و لە دواییشدا هەر لەناو دەچن. هەندێ گەل هەیە زیاد دەکات، هەشە کەم دەکات و نامێنێ. لە ماوەیەکی کەمدا



توخمی زیندوو دەگۆڕێت و، هەر زووش ژیان لە بەرەو رووی ململانێ و مردندا، کە هیچ دەرەتانێکی تێدا نییە، جێ دەهێڵێت، هیچ دانایییەکیش نییە بێ لە هێمنی و ساردیی فەلسەفەو، روانین بۆ شتەکان بە ئەقڵێکی هێمن و دڵنیا.

لێرەدا ونبوونی شادییە دێرینەکەی سەردەمی بتپەرستی بە ژیان، زۆر بە روونی بۆمان دەردەکەوێت، کە رۆحێکی بیانی سەنتوورێکی تێکشکاو دەژەنێ. جا گەر ئەوە رۆحی مریدانی ئەبیکۆر بێت، ئاخۆ هیچ رۆحێك لە دالآنیزمانی وەك ئۆرلیۆسی ئیمپراتۆر یان ئەبکتاتۆسی کۆیلەدا بەرجەستە بووە؟ هیچ شتێك لە مێژووی وێژەدا هێندەی (نامەکانی) کۆیلە دڵ ناگوشن، گەر بێتوو (رامانەکان)ی ئیمپراتۆر لەو تێنەپەڕێنن.

(داوا مەکە شتەکان وەك کە هەڵیان دەبژێریت بکەونەوە، بەڵکو بەپێی بڕەودان و هاتنە کایەیان هەڵیان ببژێرە، بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی بژیت).

چیرۆکێك هەیە بۆمان دەگێڕێتەوە کە گەورەی ئەبکتاتۆس (هەروەك گوتمان ئەو بەندەو کۆیلە بوو)، زۆر دلڕەقانە رەفتاری لەگەڵدا دەکرد، جارێکیان هەر بۆ خۆشی قاچی بادەدا، ئەبکتاتۆس بە گەورەکەی خۆی گوت؛ گەر درێژە بە بادانی قاچم بدەیت دەیشکێنی. ئەمەی بە نەرمی گوت، بەڵام گەورەکەی هەر بای دا تا قاچی شکاند، ئا لەو کاتەشدا ئەبکتاتۆس بە نەرمی و بە جوانی گوتی؛ پێم نەگوتی دەیشکێنی؟ وێڕای ئەوە جوامێرییەکی پەنهان و دیاری کراو لەم فەلسەفەیەدا هەست پێ دەکەین، هەروەك ئازایەتیی ئاشتی پارێزانەی هەندێ لە دەستەفسکییانەدا هەیە، هەرگیز مەڵێ من شتێکم لە دەست داوە، بەڵکو بڵێ وەدەستم هێناوەتەوە، گەر منداڵەکەت مرد ئەوە گەڕاوەتەوە، گەر هاوسەرەکەشت مرد ئەوە گەڕاوەتەوە، گەر زەوی و زارەکەتیان لێ سەندی، ئایا دەگەڕێتەوە؟ لەم دەستەواژانەوە هەست دەکەین لە ئایینی مەسیحی و شەهیدانی دلێری نزیك دەبینەوە. ئایا ئاکاری مەسیحی داوای پێ لەخۆ نانی نەکردووە؟ ئایا بەرزە ئاکاری سیاسیی مەسیحی داوای برایەتیی خەڵکی نەکردووە؟ هەروەها فەلسەفەی حەشرو نەشری مەسیحی دەربارەی سووتان و هەڵپڕووکانی یەکجارەکیی سەرلەبەری جیهان، ئایا لە بیری دالآنیزمەوە وەرنەگیرا بوو؟

رۆحی یۆنانییانەی رۆمانی لە ئەبکتاتۆسدا بت پەرستایەتییەکەی خۆی لەدەست داو، بۆ ئایینێکی نوێ سازو ئامادە کرا. (رامانەکان)ی ئۆرلیۆسیش تەنیا یەك هەنگاو لە باوەڕی مەسیح و رێنماییەکانییەوە دوورن.

لە هەمان کاتدا رابردووی مێژوویی دەتوایەوە بەرەو شێوەو دیمەنی نوێ دەگۆڕا. لە خوێندنەوەی هەندێ بڕگەی دیاری لیوکریتسدا هەست بەو گۆڕانە دەکەین، کە باس لە خراپ بوونی کشتوکاڵ لە دەوڵەتی رۆماندا دەکات و دەیخاتە پاڵ وشك بوونی زەوی و بێ سەقا بوونی. هەرچی بێت هۆیەکە، دارایی و سامانی رۆما گۆڕا بە هەژاری، سیستەم و رێکییەکەشی گۆڕا بە بێ سەروبەری، هێزو شکۆمەندیشی گۆڕا بە وەستان و وێرانی، شارەکانیش پاشەکشەیان کرد بۆ ئاوایی بچووك و دوورە دەست، رێوبانەکانیش پەکیان کەوت و چی دی بۆ بازرگانی دەستیان نەدەدا، کە پێشتر قافڵەو کاروان چەشنی مێش هەنگ دەنگیان تێدا دەدایەوە. خێڵە توندوتیژەکانی جەرمەن ساڵ دوای ساڵ لە سنوورەکانەوە وەژوور دەکەوتن، شارستانیەت و رۆشنبیریی بت پەرستییش لە ئاست سرووتە ئایینییەکانی رۆژهەڵات خۆی بە دەستەوە دا، بە بێ ئەوەی درکی پێ بکرێت ئیمپراتۆریەت گۆڕا بە پاپایی.

ئیمپراتۆرەکان لە سەدەکانی بەرایی دروست بوونی کڵێسەدا، پشتوانییەکی زۆریان لێ کرد، کڵێسەش وردە وردە دەسەڵاتی پاشا و ئیمپراتۆرانی هەڵمژی، لە رووی ژمارەو دارایی و دەسەڵاتەوە زۆر گەشەی کرد. لە دەوروبەری سەدەی سێزدەهەمدا، کڵێسە بووە خاوەنی یەك لەسەر سێی خاکی ئەوروپا، گەنجینەکانیشی بە خێرو بەخششی هەژارو دەوڵەمەندان پڕ بوون.

بە درێژایی نزیکەی هەزار ساڵ توانیی لە سایەی تەلیسمی دەستوورو باوەڕی یەکێتی بەخشی خۆیدا، زۆربەی گەلانی کیشوەری ئەوروپا یەك بخات. جیهان جۆرە رێکخراوێکی وای لە رووی بەربڵاوی و سەلامەتییەوە نە بەدی کردووەو نە بەدیش دەکات. ئەم یەکێتییە پێویستی بە باوەڕێکی هاوبەش هەبوو، کە ئۆرگانیزەی باوەڕهێنان بێت بە میتافیزیك و سەرووی فاکتەرەکانی گۆڕان و داخوران بێت لەگەڵ زەماندا. کڵێسە باوەڕێکی دیاری کراو و چێوەبەندی خستەڕوو، کە بیری تازە راچەنیوی ئەوروپای لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئابڵۆوقە دا، ئەم باوەڕە، هەروەك چۆن قاوغ دەورەی گیانلەبەرێکی بچووکی دەریایی دەدات، ئەویش دەورەی ئەقڵ و بیری ئەوروپای دا.

فەلسەفەی سکولاتی لە نێو ئەو قاوغە بەرتەسکەدا لە باوەڕو ئیمانەوە بەرەو عەقڵ جمی و دووبارە لە بازنەیەکی هیوا بەزێن و هیمەت شکێندا بەرەو دوا گەڕایەوە، بە گریمانەی سەلماو کە ناکرێ رەخنەی لێ بگیرێت و، بەرەنجامگەلێك کە پیشەکی سەپێندراو و رێك خراون، لە سەدەی سێزدەهەمدا جیهانی مەسیحیی، بەوەی عەرەب و جوو لە فەلسەفەی ئەرستۆ وەریانگێڕا بوو،



کەوتە خۆو بێدار بووەوە. بەڵام دەسەڵاتی کڵێسە بە پشتیوانیی تۆمای ئەکوینی و هی دیکە، کە فەلسەفەی ئەرستۆیان بۆ دەکردە فەلسەفەیەکی ئیلاهی و گونجاو بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، هەر بەهێزو توانا بوو بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری خۆی. ئاکامی ئەم شتەش دانایی نەبوو بەڵکو فێڵ و فەرەج و زگرەشی بوو، چونکە وریایی مرۆڤ و گەڕان، هەروەك فرانسیس بیکۆن دەڵێ، وای لێ دەکەن بەپێی بابەت و پێکهاتەکەی دەست بە لێکۆڵینەوە بکات و بەم جۆرە دەبێتە فریادڕەس. بەڵام کاتێك هەر بە دەوری خۆیدا کار دەکات، هەروەك چۆن جاڵجاڵۆکە تەونی ماڵی خۆی دەچنێ، ئەوکات کارەکەی نابووت و نابەکام دەبێت و بە دەوری بازنەیەکی پێچاوپێچدا دەخولێتەوە، رایەڵێکی زانستیش دەچنێ لەبەر جوانیی دەزووەکان و رێکیی دروست کردنیان جێی رێز دەبن، بەڵام رایەڵێکی بێ کاکڵ و بێ سوودە.

پاش هەزار ساڵ کێڵان و بژار و جووتیاری، زەوییەکە ژیایەوەو جارێکی دی گەشەی کردو بووژایەوە، بەرهەم زیادی کردو بەروبووم زۆر بوو، لە ئاکامیشدا بازرگانی پەرەی سەند. دووبارە بازرگانی لەسەر رێگاوبانەکانیدا شاری مەزنی دروست کرد، لە نێو ئەو شارانەشدا خەڵك هاوکاریی یەکدییان کرد بۆ ئاودانی رۆشنبیری و سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی ژیار. خاچداران رێی بەرەو رۆژهەڵاتیان کردەوە، لەگەڵ گەڕانەوەشیاندا گەلێ پاپیپلان (تەرەف)و بیدعەی ئایینیان هێنا کە زوهدو کولەمەرگی و باوەڕیان نەهێشت. بە نرخێکی زۆر هەرزانیش کاغەزیان لە میسرەوە هاورد، بۆ ئەوەی لە نووسیندا جێی پێستەی تەنك و گرانبەها بگرێتەوە، کە وای کرد بوو قەشەو راهیبان لەبەر گرانیی نرخی ئەو پێستانە، زانست و فێربوون قۆرخ بکەن.

چاپیش پەیدا بوو، کە ماوەیەکی درێژ بوو چاوەڕوانی پەیدا بوونەکەی دەکراو، تێچووی کەمی دەویست و لە هەموو شوێنێکدا بڵاو بووەوە. دەریاوانەکان کە بە قیبلەنما پشت ئەستوور بوون، لە پەڕینەوەی دەریا تاریکەکاندا ئازایەتی و سەرچڵییان نواندو، بێ ئاگایی خەڵکیان دەربارەی زەوی بەزاند، چاودێرو گەردووناسانیش کە بە دووربین و روانگە پشت ئەستوور بوون، لەو دیوی سنووری بیروباوەڕی ئایینیدا سەرچڵییان کردو، بێ ئاگایی مرۆڤیان لە بواری گەردووناسی و ئاودا بەزاند. لێرەو لەوێ لە زانکۆو دێرو شوێنە پەنهانەکانی تەنیاییدا، خەڵك وازی لە کێشەو بەربەرەکانی هێنا، لێکۆڵینەوەش بەرەو ئەوە چوو لە رێی سیمیاوەکانزای کەم بەها بکاتە زێڕ، سیمیاش گۆڕا بە کیمیا، پیاوانیش وازیان لە نجوومگری هێناو دلێرانە رێی

خۆیان بەرەو ئەستێرەناسی گرتەبەر، ئەفسانەکانی قسەکەر بە زمانی گیاندارانیش بوو بە زیندەوەرناسی.

وریابوونەوە بە ڕۆجەر بیکۆن کە لە ساڵی ١٢٩٤دا کۆچی دوایی کردووە، دەستی پێ کردو، لە لیۆناردۆدا (١٤٥٢-١٥١٩) گەشەی کردو گەورە بوو، بە کۆپەر نیکۆس (١٤٧٣-١٥٤٣)و گالیلۆ (١٥٦٤-١٦٤٣)و لێکۆڵینەوەکانی گلبرت (١٥٤٤-١٦٠٣) لە بواری موگناتیس و کارەباو لێکۆڵینەوەکانی فاسیلیوس (١٥١٤-١٥٦٤) لە بواری توێکارناسی (ئەنەتۆمی)و لێکۆڵینەوەکانی هارڤی (١٥٧٨-١٦٥٧) لە بواری سووڕی خوێندا، گەیشتە ترۆپك. هەر کە زانین گەشەی کرد، ترس بێ هێز بوو، بیرکردنەوەی خەڵك لە بواری پەرستنی نادیاردا کز بوو، پتر بەو ئاراستەیەدا چوو کە زاڵ بێت بەسەر ئەو نادیارەدا، هەموو زاتێکی چالاکیش بە متمانەیەکی نوێوە هەستایە سەر پێ و سنوورەکان تێك شکان، بەرامبەر بەوەی مرۆڤ لە توانایدایە بیکات، سنوورو بەربەستێك نەما. گەمی و کەشتییەکان بە جیهاندا کەوتنە گەڕان، لە بڕین و بەزاندنی سنوورەکاندا زێدەڕۆیی و زێدەچوونیان تێپەڕاند. بەم جۆرە ئەو سنوورەی زێدەڕۆیی و زێدەچوونیان تێپەڕاند کە پەندێکی کۆن باسی دەکات، گوایە کەشتییەك پاش ئەوەی گەیشتووەتە تەنگەبەری جەبەل تاریق لە دەریای سپیی ناوەڕاست و گەڕاوەتەوە، دەستەواژەی (نە زێدەڕۆیی و نە کەمڕۆیی)ی لەسەر نووسراوە.

سەردەمی هیواو توندوتیژی و ساغ کردنەوە بوو، بۆ بەراییەکان و پڕۆژەی هەمەچەشنەی نوێ لە گشت بوارێکدا. سەردەمێك بوو چاوەڕوانی دەنگێك بوو بانگی بکات و، ڕۆحێکی شیکارانە کە ڕۆحی جوان بکات و هیمەتی بخاتە بەر.

فرانسیس بیکۆن وەك گەورەترین عەقڵی چاخی نوێ هەستایە سەر پێ و ئەو زەنگەی لێ دا، کە ئەقڵ و زیرەکییەکانی کۆکردەوە، ڕاشیگەیاند کە ئەوروپا کەوتە سەردەمێکی نوێوە.

## ٢- ژیانی سیاسییانەی فرانسیس بیکۆن:

بیکۆن لە ٢٢ی یانایەری ساڵی ١٥٦١دا لە ماڵی یورك لە شاری لەندەن لەدایك بووە، هەر لەو ماڵەدا بەڕێز نیکۆلاس بیکۆنی باوکیشی ژیانی بەسەر دەبرد، کە لە یەکەمین بیست ساڵی حوکمڕانێتیی خاتوو (ئەلیزابیس)شادا پاسەوانی مۆری مەزنی پاشایەتی بوو. نووسەری ناسراوی ئینگلیز ماکولی دەڵێ: ناوبانگی کوڕەکە ناوداریی باوکی شاردەوە، لە کاتێکدا



ئەویش کەسێکی ئاسایی نەبوو، چونکە بلیمەتی لووتکەیەکەو خانەوادە لە ڕێی بەهرەکانەوە پێی دەگات. ترۆپکی ئەو بەهرانە لە فرانسیس بیکۆندا هاتە دی، کە بە ترۆپکی شکۆمەندیی فەلسەفەو سیاسەت گەیشت. دایکیشی خاتوو (ئان کوکی)ی ژنخوشکی سێر (ولیام سیڵ)ی لۆردی بورگلی و خەزنەداری ئەلیزابیس شایە، کە بە تواناترین و بە دەسەڵاتترین پیاوی ئینگلتەرا بوو. باپیری (باوکی دایکی) مامۆستای یەکەمی شا واردی شەشەم بوو، خاتوو ئان کوکی بۆ خۆشی مامۆستای لاهووت و زانای چەند زمانێك بوو، خۆی کردە مامۆستای کوڕەکەی و، کاتێکی زۆریشی بۆ فێرکردن و ڕۆشنبیر کردنی ئەو خەرج دەکرد، بەڵام هەر سەردەمی ئەلیزابیس شا بۆ خۆی پەروەردەکاری ڕاستەقینەو مامۆستای سەرەکیی مەزنایەتیی بیکۆن بوو. سەردەمی ئەلیزابیس مەزنترین سەردەم بوو لە مەزنترین دەوڵەتی نێو دەوڵەتە هاوچەرخەکاندا. دۆزینەوەی ئەمریکا بازرگانیی لە دەریای ناوەڕاستەوە گواستەوە بۆ زەریای ئەتڵەسی، بەم جۆرە پێگەی گەلانی ئەتڵەنتی وەك ئیسپانیا و فەرەنسا و هۆڵەندا و ئینگلتەرا بەرز بووەوەو، سەروەریی بازرگانی و داراییان گرتە دەست کە پێشتر لە دەستی ئیتالیادا بوو، بەوەی نیوەی وڵاتانی ئەوروپا لە بەندەرەکانی ئەو وڵاتەوە بازرگانییان لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا دەکرد. بەم گۆڕانە ڕێنیسانس و بووژانەوە لە فلۆرەنساو ڕۆما و ڤینیسیا و میلانۆوە گوازرایەوە بۆ مەدریدو پاریس و ئەمستردام و لەندەن. پاش تێکوپێك شکاندنی گەلەکەشتیی جەنگیی ئیسپانیا لە ساڵی ١٥٨٨دا، بازرگانێتیی ئینگلیز هەموو دەریاکانی تەنییەوە، پیشەسازیی ناوخۆش لە سەرجەم شارەکانیدا گەشایەوە، دەریاوانانیشی لە ڕێی دەریاوە بە هەموو جیهاندا سووڕانەوەو کەشتیوانانیشی ئەمریکایان خستە بن دەستی خۆیان. ئەدەبیش تێیدا گەشەی کرد لە نموونەی شیعری سپنسەرو پەخشانی سیدنی، شانۆکەشی بە دەقەکانی شکسپیرو مارلۆو بن جۆنسون و، سەدان خاوەن قەڵەمی تیژ شەکایەوە. لە جۆرە کات و وڵاتێکی وادا مرۆڤێك نییە نەگاتە سەرکەوتن و گەشە کردن، گەر تۆو و توێشووی پێ بێت. لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا، بیکۆن نێردرایە کۆلیژی سیانە لە زانکۆی کامبردج و سێ ساڵی تێدا مایەوە، پاشان سەبارەت بە ناڕازی بوون و تووڕە بوونی لە دەقی کتێبەکان و شێوازی فێرکردنەکەی، کۆلیژەکەی جێ هێشت. بیروڕای وا گیرسایەوە کە فەلسەفە بۆ خاکێکی بەپیتتر بگوازرێتەوە، بە جۆرێك لە مشتومڕو بەربەرەکانی و دیالۆگی سکولاتییەوە بیکاتە باشکاری و ئازادیخوازی و زیاد کردنی خێروبێری مرۆڤ. هەرچەندە نەوجەوانێکی شازدە ساڵی بوو، کارێکی خرایە بەردەم لەگەڵ

باڵیۆزی ئینگلیز لە پاریس، پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر لەو کارەو ئەرکەکانی، قبووڵی کرد. لە پێشەکیی کتێبەکەی (راڤەی سروشت)دا دەربارەی ئەم بڕیارەی خۆی قسەی کردووە، کە لە فەلسەفەوە بەرەو سیاسەتی بردووە، هەر دەبێ ئەم بڕگە گرنگەی نێو کتێبەکەش باس بکەین.

باوەڕم وا بوو کە بۆ خزمەت کردنی خەڵك لەدایك بووم، بایەخی بەرژەوەندیی گشتیم زانی بۆیە بڕیارم دا لە خزمەتی ئەرك و مافی گشتیدا بم، کە دەبێ هەمووان تێیدا یەکسان بن، هەروەك چۆن لە هەناسەدانی هەواو بەدەست خستنی ئاودا یەکسانن، هەر لەبەر ئەوە پرسیاری ئەوەم لە خۆم کرد، کە ئاخۆ چ شتێك چاکترین سوود بە خەڵك دەگەیەنێت؟ یاخود ئەو ئەرکانە چین کە سروشت منی بۆ بەجێ گەیاندنیان ئامادە کردووە؟ یاخود ئەو ئەرکانە چین کە لەگەڵ تواناکانی مندا دەگونجێن؟ پاش گەڕان و لێکۆڵینەوە، کارێکی شایستەتر لە دۆزینەوەی هونەرو داهێنراوەکانم نەدیت، بۆ ئەوەی لە ڕێی پەرەپێدانی ئەوانەوە ژیانی مرۆڤ پێش بخرێت.

گەر بۆ هەر مرۆڤێك رەخسا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، کاری هەرە بەرزو باڵا ئەوە نییە داهێنراوێکی دیاری کراو، باوەکو هەرچەندی سوودبەخشیش بێت، بخاتە ڕوو، بەڵکو کاری باڵا ئەوەیە هەسارەیەکی شەوقدار لە سروشتدا رووناك بکەیتەوە، کە لەگەڵ یەکەمین گزنگدا هەندێ رووناکی بخاتە سەر سنووری ئێستای دۆزراوەکانی مرۆڤایەتی، هەرچەندی کە زیاتریش هەڵکشێ، کەلەن و کەنار و گۆشەکانی نێو تاریکی ئاشکرا بکات، وا دێتە بەرچاو کە دۆزەرەوەیەکی وا شایستەی ئەوەیە پێی بگوترێت سازندەی راستەقینەی شانشینایەتیی مرۆڤ بەسەر گەردووندا و پاڵەوانی ئازادیی مرۆڤایەتییەو، تێك شکێنەری ئەو کۆت و بەندەن کە مرۆڤ دەکەنە کۆیلە. سەرباری ئەوە توانای گەڕان بە دوای راستیدا لە خۆمدا بەدی دەکەم، هەروەها خاوەن ئەقڵێکی خولاوەی ئەوتۆم کە بشێ بۆ گەڕان بە دوای ئەو مەبەستە مەزنە، مەبەستم درك کردنە بە شتانی وێك چوو، لە هەمان کاتدا ئەقڵم لە تەرکیز کردنێکی جێگیردایە بۆ بەدی کردنی لایەنی جیاوازی، ئارەزووی لێکۆڵینەوەو توانای دواخستنی بڕیارو را، بە پشت بەستن بە سەبرو رامان و بیرکردنەوە، لە خۆمدا بەدی دەکەم. هەروەها بە پارێزەوە ئەرێ گوتن و، ئامادەگی بۆ راست کردنەوەی بۆچوونە چەوتەکان و رێك خستنەوەی بیروڕاکانم بە ماندوو بوون و گومان و دوودڵییەوە. نە پەرۆشییەکم تێدا بوو بۆ شتی نوێ و نە رێزگرتنێکی کوێرانە بۆ شتی کۆن، یان رقی زۆر بۆ هەر جۆرە گوتن و فاڵگەریی هەرزەگۆیی،



بۆیە لەبەر هەر هەموو ئەم هۆیانە، جۆرە پەیوەندی و خزمایەتییەکم لە پێکهاتەی خۆم و خولیاکانمدا بەدی کرد، کە بە راستەقینەمەوە گرێ دەدەن.

بەڵام لەدایك بوون و پەروەردەو رۆشنبیریم تێکڕا بەرەو سیاسەتیان بردم نەك فەلسەفە، هەروەك دەردەکەوێت هەر لە منداڵیمەوە بە سیاسەت گۆش کرا بووم، کەوا هەستم دەکرد کە ئەرکم بەرامبەر بە وڵاتەکەم داوای خواستی تایبەتیم لێ دەکات، دواتر هیوای ئەوەم خواست لە سایەی ئەو پۆستە شەرافەتمەندەی لە دەوڵەتدا بەدەستم هێنا بوو، بتوانم پشتیوان و یارمەتی لە کارەکانمدا دەستەبەر بکەم بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکەی بۆم بڕیار دراوە. بەم ئامانجانەوە، رووم کردە سیاسەت.

بەڵام لە پڕ ساڵی **١٥٧٩** باوکی کۆچی دوایی کرد، کە دەیویست خانوویەکی بۆ پێکەوە بنێ کە لە دوارۆژدا فریای بکەوێت، کەچی مەرگ ئەو و ویستەکەی لە یەکدی دابڕی، زۆر بە پەلە ئەو سیاسەتمەدارە لاوە بۆ لەندەن بانگ کرا، بۆ ئەوەی لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا خۆی بە هەژاری و هەتیوی ببینێ، ئەو بە ژیانی پڕ لە نازو نیعمەتی ئەو زەمانە راهاتبوو، زەحمەتییەکی زۆری لە ڕێی خۆڕاهێنان لەگەڵ ژیانی سادەو ساکاردا بەدی کرد کە بەسەریدا هات. بە کاری یاساوە خەریك بوو، هاوکات زۆر بە گەرمی رووی لە خزمانی دەسەڵاتداری خۆی نا بۆ ئەوەی لە پۆستێکی سیاسیدا دایبمەزرێنن تا لە ترس و هەڕەشەی نەبوونی رزگاری بێت، بەڵام نامە یەك لە دوای یەکەکانی، وێڕای شێوازی سەنگین و توانای نووسەرەکەیان، هیچ ئاکامێکیان لێ نەکەوتەوە. لەوانەشە هۆی بەجێ نەهێنانی خواستەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە هیچی لە توانای خۆی کەم نەکردووەتەوەو خۆی بە شایستەی ئەو پۆستە زانیوە، کە وای کردووە خزمەکەی (دایکی لۆرد بێرگلی) نەتوانێ وەڵامێکی پڕ بە ویستی ئەو نامانە بداتەوە، یان لەوانەیە لە نامەکانیدا زێدەڕۆیی کرد بێت لە سەلماندنی دڵسۆزیی خۆی بەرامبەر بە لۆرد چ لە رابردوو یان لە ئێستا و ئایندەدا، چونکە لە سیاسەتدا، هەر بە چەشنی ئەڤین، بێ سوودە کەسێك یەك پارچە خۆی پێشکەش بە خۆشەویستەکەی بکات، بەڵکو دەبێ هەموو کات هەر خۆی پێشکەش بکات، نەك ئەوەندەی هەیە لە کاتێ لە کاتەکاندا پێشکەشی بکات، تکاش درێژە بە چاکە دەدات.

لە دواییدا بێ ئەوەی هیچ کەسێك بەرزی بکاتەوە، بیکۆن بەرەو ژوور چوو، بەڵام هەر هەنگاوێك چەندین ساڵی تەمەنی دەبرد. لە ساڵی **١٥٨٣**دا بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرا،

دەنگدەرانی خۆشیان ویست و، جار دوای جار هەڵیان دەبژاردەوە، کەسێکی قسە ڕەوان بوو، ڕستەی پوخت و دارِشتنی ڕێك و ڕوون و گەشەداری لە گفتوگۆدا بەکار دەهێنا، دواندەرێکی دەم ئاگرین بوو. بن جۆنسون لە بارەیەوە گوتوویەتی: مرۆڤێك نابینین بە چەشنی ئەو قسەی قنج و ڕاست و قورس بێت یان لەو کەمتر ناپۆخڵ و پووچ بێت، گوێگرانیشی هەر کاتێك بکۆکینایە یان ڕوویان وەرسووڕاندبا ئەوە بێگومان شتێکیان لەدەست دەدا. لە هەر شوێنێکدا قسەی بکردایە، گوێی لێ دەگیراو وەڵامیش دەدرایەوە، سۆزی گوێگرانی بە چەشنێك بە لای خۆیدا ڕادەکێشا، کە کەسێك نەبوو هاوشانی بێت، لە وتارداندا زۆر کاریگەر بوو، بە ڕادەیەك خەڵك دەست لەسەر دڵان بوون بۆ کاتی تەواو کردنی وتارەکەی، دواندەرێکی دەم ئاگرین و جێ ئیرەیی بوو.

یەکێ لە برادەرانی، دارا و خاوەن دەسەڵاتی زۆر و دەست کراوە بوو لەگەڵ بیکۆندا، ئەویش (ئیرل ئەسیکس)بوو، کە ئەلیزابیس شا لە ئەڤینەکەیدا بەرامبەری نوشوستی هێنا، بۆیە خۆشەویستییەکەی گۆڕا بە ڕق و کینە. لە ساڵی **١٥٩٥**دا ئەسیکس خانوویەکی جوانی لە تویگنهام پێشکەش بە بیکۆن کرد، چونکە نەیتوانی پۆستێکی سیاسیی بۆ دەستەبەر بکات. دیارییەکی گەورە بوو، گریمانەی ئەوەی لێ دەکرێت کە بە درێژایی ژیان لایەنگیری و بەرمنەتی لە لای بیکۆن دروست بکات، کەچی شتێکی وا دروست نەبوو. پاش چەند ساڵێك ئەسیکس پیلانێکی بۆ لادانی ئەلیزابیس شا ڕێك خست، بۆ ئەوەی بیخاتە بەندیخانەو، جێنشینەکەشی بۆ سەر تەخت هەڵبژێرێت. بیکۆن نامە لە دوو نامەی بۆ خێرەومەندەکەی دەنووسی، بەرامبەر بەو خیانەتەی لە شا کرا، نارەزایی دەربڕی، کاتێکیش ئەسیکس بە سووربوونەوە درێژەی بە پیلانەکە دا، بیکۆن گەفی لێ کرد کە لایەنگیری بۆ شا دەخاتە سەرووی ئەو پیاوەتییەی ئەو کردوویەتی. ئەسیکس هەوڵەکەی داو، سەرنەکەوت و، دەسگیر کرا، بیکۆن لە جیاتیی ئەسیکسی هاوەڵی داوای بەخشینی لە ئەلیزابیس شا کرد، تا لە کۆتاییدا شا داوای لێ کرد باسی هەر شتێك دەکات با بیکات تەنیا ئەسیکس نەبێت. کاتێك ئەسکیس بە شێوەیەکی کاتی ئازاد کرا، کەوتە کۆکردنەوەی هێزی چەکدار و بەرەو لەندەن کشا، هەوڵی ورووژاندنی دانیشتووانەکەی داو، بەرەو شۆڕش هانی دان. ئا لەم کاتەدا بیکۆن بە تووڕەییەکی زۆرەوە دژی وەستا، لە هەمان کاتیشدا وەك ئەندامێکی دەستەی دادوەری داندرا، کاتێك دووبارە ئەسیکس



گیراو بە تۆمەتی خیانەت دادگایی کرا، بیکۆن بەشدارییەکی کارای لە دانیشتنەکەی دادگادا هەبوو دژ بەو برادەرە نزیکەی خۆی کە چاکەی لەگەڵدا کرد بوو.

دادگا بڕیاری مەرگی ئەسیکسی دا، بەشداری کردنی بیکۆن لەو دادوەرییەدا تا ماوەیەك خەڵکی لێ تەکاندەوە. لەو کاتەوە کەوتە نێو ژیانێکەوە کە دوژمنان دەورەیان داوە، چاوەڕوانی هەلێك بوون بۆ ئەوەی تووشی بکەن و لەناوی بەرن. بەڵام تەماحی بێ سنووری هیچ کاتێکی وچانی بۆ نەهێشتەوە، هەرگیزیش نە ڕازی دەبوو نە قەناعەتیشی هەبوو، هەر بە دەست بڵاوی و بە فیڕۆدەری مایەوە، خەرجییەکانی لە داهاتی پتر بوون، خۆدەرخستن بە لای ئەوەوە بەشێك بوو لە سیاسەت، کاتێك لە تەمەنی چل و پێنج ساڵیشدا ژنی هێنا، بەشێکی زۆری ئەو مارەییەی وا باوە بووکێ پێشکەشی بکات، لە ئاهەنگی ژن هێنانەکەدا خەرجی کرد. لە ساڵی **١٥٩٨**دا بەهۆی ئەوەی نەیتوانی قەرزەکانی بداتەوە، دەسگیر کرا، وێڕای ئەوە لە بەرەو پێش چوون بەردەوام بوو، بەهرەو توانا و زانینی زۆری وایان کرد، هەردەم ئەندامێکی بەهاداری پێکهاتەی هەر لیژنەیەکی گرنگ بێت.
وردە وردە پۆستە باڵاکانی بە ڕوودا کرایەوە، لە ساڵی **١٦٠٦**دا کرایە بریکاری داواکاری گشتی، لە ساڵی **١٦١٣**شدا کرایە داواکاری گشتی، لە ساڵی **١٦١٨**شدا لە تەمەنی پەنجاو حەوت ساڵیدا پۆستی سەرۆك وەزیرانی وەرگرت.

## ٣- وتارەکان:

سەرکەوتنی بیکۆن بەرەو بەرزترین پۆستەکانی دەوڵەت لەوەدا بوو، خەونی ئەفلاتوون لە بارەی پاشای فەیلەسووفەوە بەدی بهێنێت، چونکە سەرکەوتنی پێ بەپێی بەرەو دەسەڵاتی سیاسی وای لێ کرد، لووتکەی فەلسەفە بگرێتە دەست. لەوەدایە بڕوا نەکەین کە ئەم هەموو بەرهەمە ئەدەبییە زۆرو، زانین و ئاگاداربوونە فراوانەی مۆرکی ژیانی ئەم پیاوە بوو، بەرهەمی ئەو و لە ئاکامی ڕابواردن و کات بەسەربردنی ژیانێکی بە جۆش و شێواوی سیاسی بێت. نەیتوانی ئەو بڕیارە بدات کە ئاخۆ ژیانی بیرو پڕ لە ڕامانی بە لاوە پەسندە، یان ژیانی کارای سیاسییانە. ئەو بەو ئاواتەوە بوو هەم فەیلەسووف بێت و هەم سیاسی.

لەگەڵ ئەوەشدا بە گومان بوو کە ئەم ڕەوتە جووت لایەنەی فەلسەفەو سیاسەت پێکەوە، لە گەیشتن بە خواستەکانی بەدوای دەخەن و لە گەیشتن بە ئامانجەکانی کەم دەکەنەوە. دەربارەی

ئەم پێکەوە کۆکردنەوەی سیاسەت و فەلسەفە نووسیویەتی و دەڵێ (زۆر زەحمەتە بڕیار بدەین کە ئاخۆ کۆکردنەوەی رامان و بیرکردنەوە لەگەڵ ژیانی گەرم و کارا، یان خۆ بەستنەوەیەکی تەواو بە ژیانی هزرو رامان، عەقڵ بێ هێز دەکات و زۆر بە دوای دەخات).

وای هەست کرد خوێندن خۆبەخۆ ئامانج یان داناییەك نییە، زانینیش گەر لەگەڵ کاردا هاوبەند نەبێت، لەوە زیاتر نییە کە رەونەق و غرووریکی تەڵخی زانستییە، ئەو دەڵێ (تۆ کە کاتێکی درێژ لە خوێندنی تیۆریدا خەرج دەکەیت، ئەمە جۆرێکە لە تەمبەڵی و تەوەزەلی، پۆز لێدانیش بەم شتە زۆر لەخۆ کردن و خۆ دەرخستنە، گەر لە حوکمدانیشدا هەمیشە پشت بە خوێندنی تیۆریی یاساکان ببەستیت، ئەمەش جۆرێکە لە گومڕایی و کاری مەیلکارانەی زانایان... کارگوزاران خوێندن بە کەم دەزانن و خەڵکی سادەش بە گەورەی دەزانن و دانایانیش بەکاری دەهێنن. چونکە ئەوانەی فێرە خوێندنی تیۆری دەبن، فێری شێوازە کردارییەکەی بەکارهێنانی نابن، چونکە خوێندنی تیۆری فێرە هۆکاری بەکار هێنانیت ناکات، بەوەی لە بنەڕەتدا تیۆرییە. لە دەرەوەی خوێندنی تیۆریدا پەندێك هەیەو لەویش چاکترە، پەندێکە بە تێبینی کردن دێتە دەست).

لەم تانە لێدانەی بیکۆن دەرهەق بە خوێندنی تیۆری، سنوورێك بۆ فەلسەفەی سکولاتی دادەنێت، بایەخێکیش دەداتە ئەزموون و ئەنجام کە مۆرکی فەلسەفەی ئینگلیزە و، لە پراگماتیزمدا گەیشتە ترۆپك، یان (رێبازی کردارەکی)، ئەو رێبازەیە کە دەڵێ؛ بایەخی بیرو بڕواکان لە ئاکامی کردارییاندایە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە بیکۆن رووی لە کتێب و رامان و بیرکردنەوە وەرگێڕا بێت، ئەو دەنووسێت و لە چەند پەیڤێکیدا سوکراتمان وەبیر دێنێتەوە (ناتوانم بێ فەلسەفە بژیم)، بەم قسەیەش پەسنی خۆی دەکات؛ هەر بە تەبیعەت من پیاوێکم پتر لە هەر شتێك بۆ ئەدەب دەگونجێم، بەڵام ویستی قەدەر وا بوو لە رێچکەی بلیمەتایەتیی خۆی دووری بخاتەوەو، بەرەو ژیانی کارای سیاسی راپێچی بکات. لەوە دەچێ (ستایشی زانین) یەکەمین بڵاوکراوەی بێت، لەم نامەیەدا سەرگەرمییەکەی بۆ فەلسەفە ناچارمان دەکات، هەندێکی لێرەدا بگوازینەوە.

(لێرەدا ستایشم پێشکەش بە خودی ئەقڵ دەکەم، ئەقڵ هەر مرۆڤە، زانینیش هەر ئەقڵە، مرۆڤ هەر ئەوەیە کە دەیزانێت. ئایا خۆشییەکانی سۆزو ئەڤین لە خۆشییەکانی هەست بەهێزتر نین؟ ئایا خۆشییەکانی ئەقڵ لە خۆشییەکانی ئەڤین مەزنتر نین؟ ئایا دروست نییە کە ئێمە لە



خۆشیی گەڕان بە دوای راستیدا تێر نابین؟ هەر تەنیا زانینیش عەقڵ لە هەموو جۆرە ورووژان و شڵەژانێك پاك دەکاتەوە. چەندین شت هەن و ئێمە بوونەکەی ئەوانمان بە خەیاڵدا نایەت؟ چەندین شتیش پتر لە بەهاو رێزی خۆی لە لایەن ئێمەوە رێزیان لێ دەندرێت؟ ئەم گۆڕانکاری و خەیاڵاتەی چ سوودێکیان نییە، ئەم بیروڕاو بەهاو بیرۆکە بێ هێزانەی، کە دەبنە هەوری ئەو هەڵانەی دەبنە رەشەبای ورووژان و شڵەژان، ئایا بەختەوەرییەك هەیە چەشنی بەختەوەریی رزگارکردنی ئەقڵی مرۆڤ لە بێ سەروبەریی شتەکان و شڵەژانیان؟ کە ئەوەی بۆ دەرەخسێت رێز لە سیستەمی سروشت و هەڵەی خەڵکی بنێ، ئایا نابێ ئاوڕ بە لای سامانی سروشتدا بدەینەوە هەروەك ئاوڕ لە جوانییەکەی دەدەینەوە؟ ئایا راستەقینە نەزۆك و بێ بەرە؟ ئایا لە تواناماندا نییە کاڵای بەهادار بەرهەم بهێنین و کاڵاگەلێکی بێ کۆتاییش بە ژیانی مرۆڤ ببەخشین؟).

جوانترین وتارە ئەدەبییەکانی وای پیشان دەدەن، کە هێشتا لە نێوان هەردوو ئەڤیندارەکەیدا دابەش بووە، ئەڤینی سیاسەت و ئەڤینی فەلسەفە. لە (وتاری شەرەف و ناوبانگ)دا دەبینین هەموو پلەکانی شەرافەتمەندی دەداتە کاری مەزنی سیاسی و سەربازی و، هیچ شتێك ناداتە ئەدەب و فەلسەفە. بەڵام لە وتاری (راستەقینە)دا دەنووسێت، گەڕان بە دوای راستەقینەدا خۆشەویستن و ئاشق بوونیەتی، ناسینی راستەقینەش سوپاس کردن و ستایش کردنیەتی، باوەڕ هێنان بە راستەقینە، چێژ وەرگرتنە لێی، کە بۆ خووەکانی مرۆڤ فەرماندەی چاکەیە. لە کتێبەکاندا قسە لەگەڵ دانایاندا دەکەین، لە کارەکانیشدا قسە لەگەڵ دەبەنگاندا دەکەین، ئەمە ئەگەر بزانین کتێبەکانمان هەڵبژێرین؛ هەندێ کتێب هەیە تام دەکرێت، هەندێکی قووت دەدرێت، هەندێکیشی دەجاورێت. هەر هەموو ئەم کتێبانەش بێگومان تەنیا یەك تکی زۆر بچووکن لە تاڤگەو دەریاکانی مەرەکەب، کە هەموو رۆژێ جیهان خۆی تێدا دەشوات و نقومیش دەبێت.

وتارەکان بێ ئەم لا و ئەو لا لە نێو ئەو کتێبە کەمانەدان کە شایانی جوین و هەرس کردنن، زۆر دەگمەن رێك دەکەوێت بڕە گۆشتێکی زۆر لە نێو قاپێکی وا بچووکدا سوور بکرێتەوەو ترشو خوێ و بەهاراتی پێدا بکرێت. بیکۆن کەیفی بە فرە گوتن و درێژدادڕی لە راڤەدا نایەت، بە چاوێکی سووکیشەوە دەیڕوانییە بە فیڕۆدانی قسە، سامانێکی زۆری لە دەستەواژەیەکی بچووکدا دەخستەڕوو، هەریەك لەو وتارانە لە یەك یان دوو لاپەڕەدا کارامەیی

و زرنگییەکی گوشراومان دەخاتە بەردەم، کە زادەی بیری مامۆستایەکی پڕ توانایە هەمبەر بە پرسێکی گەورەو گرنگی نێو پرسەکانی ژیان.

ئەستەمە بتوانین شێوازی لە بابەتی یان بابەتی لە شێوازی بە چاکتر بزانین، چونکە زمانی پەخشانی بە ئاستێك جوانە، کە شان لە شانی شکۆمەندیی شیعر لە زمانی شکسپیر دەدات، شێوازیشی پتەو و پوختە کراوە. لە راستیشدا هەندێك لەو کورتییەی لە شێوازەکەیدا هەیە، بۆ ئەو پەیڕەو کردنە زیرەکانەیەی شێوازو رستەسازیی لاتینی دەگەڕێتەوە. بەڵام سامانی مەجازو پەندی پێشینان لە شێوازەکەیدا، سیفەتێکە لە سیفەتەکانی سەردەمی ئەلیزابیس شا کە دەوڵەمەندیی ئەدەب دەخاتەڕوو. لە مێژووی وێژەی ئینگلیزیدا کەسێك بەدی ناکەین کە لەو زیاتر فرە بەرهەم و کۆکەرەوەی پەیڤی سەنگین و بەراوردکار بێت. زێدەڕۆیی ئەو لە جوان کردنی وشە و رازاندنەوەی، یەکێکە لە کێماسییەکانی شێوازی بیکۆن. خوازەو درکەو لێك چواندنەکان کە کۆتاییان نایەت، وەك قامچی دادەبارێنە سەر دەمارەکانمان و لە دوماهیشدا گریان تێ بەردەدەن و شەکەتیان دەکەن. وتارەکان وەك خۆراکی قورس وان، گەر بە یەك جار بڕێکی زۆری لێ بخۆین، ئەستەمە بتوانین هەرسی بکەین، بەڵام گەر لە هەر کاتێکدا چوار تا پێنجی لێ بخوێنینەوە، ئەوە دەبێتە نایابترین خۆراکی هزر لە زمانی ئینگلیزیدا. لەم داناییە پوختە کراوەدا چ شتێك پوختە بکەین؟ لەوانەیە مەزنترین گۆڕان و سەرەتایەك بێت و، مەزنترین هەڵگەڕانەوەش بێت لە پۆشاکی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست، ئایا بە ئاشکرا قبووڵ کردنی ئاکاری ئەبیکۆری، ئەو فەلسەفەیەی دەڵێ ؛ بەکار مەهێنە بۆ ئەوەی ئارەزووت نەبزوێت، ئارەزووش مەکە بۆ ئەوەی نەتۆقی، نیشانەی ئەقڵێکی سست و شەرمن و ترسنۆکە! لە راستیشدا زۆربەی باوەڕو بنەماکانی فەیلەسووفان جێی متمانە نین، هێندە بۆ خەڵك پێداگری دەکەن پتر لەوەی سروشتی شتەکان پێی بوێت، مەترسییەکان، مەرگ بەو شتانەی دژ بەو دەیانخاتەڕوو، گەلێ زیاتر دەکات، بە تایبەتی ژیانی مرۆڤ دەکاتە خۆ ئامادە کردنێك بۆ مردن و هەوڵێکە بۆ رێکخستنی. کاتێك بەرەڤانی کردن دژ بە دوژمن بێ کۆتا بێت، ئەوە هیچ دەرەتانێکی لە بەردەمدا نابێت جگە لەوەی بە نهێنی پەیدا بێت. هیچ شتێك هێندەی ئەو خەفە کردنەی دالاّنیزمەکان بەسەر ئارەزووەکانیدا دەهێنن، زیانبەخش نییە بۆ تەندروستی، چونکە چ بەهایەك لە ژیانێکی دوورو درێژدا هەیە، کە خەفە کردنی هەستەکان و سڕبوونیان بیکاتە مەرگێکی پێش وەختە؟ سەرباری ئەوە، ئەمە فەلسەفەیەکی مەحاڵە، چونکە غەریزە تا



سەر نابەسترێتەوە، چونکە تەبیعەت (پێکهاتەی شتان) هەمیشە پەنهانە، لەوانەیە بەسەریدا زاڵ بین، بەڵام زۆر بە دەگمەن ریشەکێش دەکرێن. هێزیش وا لە تەبیعەت دەکات لە گەڕانەوەیدا گەلێ توندوتیژتر بێت، باوەڕو بنەماو ئاخاوتن وا لە تەبیعەت دەکەن، هێندە نەوسن و بە تەوژم نەبێت، تەنیا دابونەریت دەیگۆڕێت یان ملکەچی دەکات... بەڵام نابێ مرۆڤێك زۆر لە سەرکەوتنی بەسەر تەبیعەتدا، دڵنیا بێت، چونکە لەوانەیە ماوەیەکی درێژ تەبیعەت خەوی لێ بکەوێت، بەڵام لەگەڵ بۆن و ئیغرا کردندا، بێدار دەبێتەوە، هەروەك بەسەرهاتی پاکیزەی ئەلسوب، کە لە پشیلەیەکەوە بووە ئافرەت و بە گران و سەنگینی لە خوارەوەی سفرەکەدا دانیشت تا مشکێك بە بەردەمیدا گوزەری کرد. بۆیە پێویستە مرۆڤ یەکبین لە بزوێنەر یان بۆنە خۆی دوور بخاتەوە، یان خۆی بخاتە نێویان تا کەمتر بکەوێتە بەر کاریگەرییان.

لە راستیدا بیکۆن باوەڕی وا بوو، کە پێویستە لەش لەگەڵ زێدەڕۆیی و توندڕەویدا مەشق و راهێنانی پێ بکرێت، هەروەها لەگەڵ خەفە کردن و خامۆش کردنیشدا رابهێندرێت، نەبادا دەرفەتێکی رەهابوون و بێ توانایی لە خەفە کردن لەناوی ببات.

(بەم جۆرە کەسێکی کە راهات بێت ئەو جۆرە خۆراکانە بخوات کە زۆر بە ئاسانی هەرس دەکرێن، کاتێك بە ناچاری یان بە لە بیرچوونەوە خووەکەی لەبیر دەچێت، هەست بە ناڕەحەتی و بە زەحمەت کەوتنی هەرس دەکات)، (لەگەڵ ئەوەشدا هەمەڕەنگی لە خۆشییەکاندا چاکترە لە زێدەڕۆیی کردن تێیاندا) چونکە (لە گەنجیدا هێزی تەبیعەت بە گەلێ حاڵەتی زێدەڕۆیی و توندڕەویدا رەت دەبێت، کە تا مردن بە مرۆڤەوە دەنووسێت. کاتێك مرۆڤ کامڵ دەبێت باجی سەردەمی گەنجی دەداتەوە. باخچە تەنیا رێگای تەندروستییەکی پاشایانەیە). ئەو لەگەڵ نووسەری گەشتی دروست بوون و داهێنان لە تەوراتدا رێك دەکەوێت (لە بەرایییدا خوداوەندی نازدار باخچەیەکی رواند)، هەروەها لەگەڵ ڤۆلتێریشدا کە دەڵێ، پێویستە گۆڕەپانی پشتەوەی ماڵەکانمان دابچێنین.

فەلسەفەی وتارە ئاکارناسییەکانی بیکۆن پتر بە لای میکیاڤیللیزمدا دەچن نەك مەسیحیەت. (ئێمە قەرزداری چاکەی میکیاڤیللی و نووسەرانی لە نموونەی ئەوین، کە روون و رەوان بێ پەردەو پێچ و پەنا، ئەوەی خەڵك دەیکات رایانگەیاند نەك ئەوەی پێویستە بیکەن، چونکە گەر پێشتر شارەزای تەبیعەتی بەشەر نەبیت، مەحاڵە بتوانی دانایی مارو بێگەردیی کۆتر پێکەوە کۆ بکەیتەوە. چونکە بێ ئەم کارە، چاکە دوور لە پاسەوان و پاراستن، لەبەر

هەرەشەدا دەبێت، پەندێکی ئیتالییش هەیە دەڵێ، ئەو گەڵێ چاکە بە رادەیەك بۆ هیچ شتێك دەست نادات. بیکۆن قسەو کرداری پێکەوە دەگونجێنێ، ئەو پێشنیاری تێکەڵەیەکی زیرەکانە دەکات لە نێوان ئەمانەت و فیتنەگێڕیدا، وەك تێکەڵ کردنی کانزاکان کە کانزایەکی پاکترو نەرمتر دەکاتە کانزایەکی قایمتر، کە دەتوانێ ماوەیەکی درێژتر بمێنێتەوە. ئەو ژیانێکی هەمەرەنگ و بێ کەموکوڕیی دەوێت... زانینیش ئەقڵ فراوان دەکات یان قووڵ و بەهێزو ناسکی دەکات. ئەو بە تەنیا رێز لە ژیانی پڕ لە هزرو رامان ناگرێت و بە ژیانێکی باڵای نازانێت، لەمەشدا وەك (گۆتە) وایە، کە بە چاوێکی سووك دەڕوانێتە زانینێك کە کاری بە دوادا نایەت، (پێویستە خەڵك تێبگات، لە شانۆی ژیاندا تەنیا فریشتەو خوداوەندەکان تەماشاکەرن). ئایینەکەشی رێك هەروەك ئایینی پاشایە، هەرچەندە پتر لە جارێك بە ئیلحاد تۆمەتبار کرا. رەوتی فەلسەفەکەشی بە تەواوی رەوتێکی دنیایی و عەقڵی بوو. بەرامبەر بە تۆمەتبار کردنی بە ئیلحاد، بە رەوانی و دڵسۆزی داکۆکیی لە خۆی کردو گوتی (لەوانەیە بڕوا بە هەموو ئەو چیرۆك و ئەفسانانە نەکەم کە لە کتێبە ئایینییەکاندا هاتوون، بەڵام ناکرێ بڕوا بە بوونی عەقڵێکی تەگبیرکەر نەکەم بۆ ئەم جیهانە. کەمێك فەلسەفە عەقڵی مرۆڤ بەرەو ئیلحاد دەبات، بەڵام قووڵ بوونەوە تێیدا عەقڵی خەڵکی بە ئیمان دەگەیەنێت، چونکە عەقڵی مرۆڤ کاتێك لە هۆیە لاوەکی و پەرش و بڵاوەکان ورد دەبێتەوە، لە ئاستی ئەواندا دەوەستێت و تێیان ناپەڕێنێ، بەڵام کاتێك لە یەکێتی و رێزبەند بوونی ئەوان دەڕوانێت و، لە پەیوەندیی نێوان یەك بە یەکیان ورد دەبێتەوە، دەگاتە ئەو بڕوایەی کە چاودێرییەکی خوداوەندانە لە ئارادایە. کەم بایەخدان بە ئایین بۆ فرە مەزهەبی و ئەو دابەش بوونانەی ئایین دەگەڕێتەوە کە دەمارگیری دروست دەکەن، دابەش بوونی ئایینیش ئیلحادی لێ دەکەوێتەوە). بایەخی بیکۆن لە بواری ئایین و ئاکاردا کەمترە لە بواری سایکۆلۆژیدا. ئەو شیکارێکە راستگۆیانە رێنمایی تەبیعەتی مرۆڤایەتی دەکات، تیرەکانی ئاراستەی هەموو دڵێك دەکات. لە نووسینەکانیدا رەسەنایەتییەکی شادی هێن هەیە، کە ئەگەر لە کۆنترین و پڕوپووچترین بابەتیش بدوێت (مرۆڤ لە یەکەم رۆژی ژن هێنانیدا بە بیرو بۆچوون حەوت ساڵ گەورە دەبێت). ئەم شتەی لە نامەیەکیدا بۆ لۆرد بێرگلی گوتووە.

(زۆر جار دەبینین خراپترین مێرد چاکترین ژن دەهێنن)، وا دیارە زۆر بە فراوانی بیکۆن رووی کردووەتە کارەکانی و هیچ کاتێکی ژیانیشی بۆ ئەڤین نەهێشتووەتەوە، یان ئەوەتا



هەرگیز بە گەرمی هەستی پێ نەکردووە. دەشڵێ (کارێکی سەیرە کە دەبینین ئەو زێدەڕۆییە لە سۆزدا دەکرێت)، چونکە کەسێك نابینین کە شانازی بە خۆیەوە بکات و بە ئاستی نزمی ئەڤین رازی بێت.. لەوانەیە لە نێو تێکڕای مرۆڤە مەزن و گرانقەدرەکاندا کەسێك نەبینینەوە کە شێتانە کەوتبێتە داوی ئەڤینەوە، کە ئەمەش ئەوە روون دەکاتەوە، زاتە مەزن و کارە مەزنەکان لە سۆزی بێ هێزی ئەڤین دوور دەکەونەوە.

ئەو پتر رێز لە برادەرایەتی دەنێ تا ئەڤین، لەگەڵ ئەوەی گومان دەخاتە سەر برادەرایەتیش (لە جیهاندا برادەرایەتی دەگمەنە، نەخاسمە لە نێوان نەیاران و کەسانی یەکساندا).

لە وتارەکیدا (دەربارەی گەنجی و پیری) دەڵێ: (لاوان لە داهێناندا بە توانانترن تا حوکمڕانی، بۆ کار بەجێ گەیاندن شیاوترن تا راوێژ، هەروەها بۆ پرۆژەی تازەی کارە باوەکانیش دەشێن، ئەزموون و شارەزایی لەو شتانەی لە دەوروبەردان بەکار هێنانیان ئاسان دەکات، بەڵام شتە تازەکان چەوت بەکار دەهێنن. لە هەڵسووڕاندن و راپەڕاندنی کارەکاندا، لاوان بەرگەی پتر لە توانای خۆیان دەگرن، پتر حەز لە جووڵە دەکەن نەك هێمنی، بێ ئەوەی بیر لە هۆکارو پلەکان بکەنەوە، پەلەیانە بگەنە ئەنجامەکان، زۆر بەبێ تامی پەیڕەوی هەندێ بنەماو بۆچوونی کەم دەکەن، کە بارودۆخ بۆی رەخساندوون، زووش پەشیمان دەبنەوە، زۆر بە دەگمەن کارێك بە کۆتا دەگەیەنن، بە سەرکەوتنی مام ناوەندیش رازی دەبن. بۆیە وا چاکە هەردوو لایەنیان وەگەڕ بخرێن... چونکە لەوانەیە چاکەکانیان کەموکوڕییەکانیان پڕ بکاتەوە).

بیروڕای سیاسییانەی بیکۆن هەروەك لەو وتارانەدا دەردەکەوێت کە نووسیونی بیروڕای وشكو کۆنەپارێزن، ئەمەش کارێکی ئاساییە لە لای کەسێك کە بە تەمای پۆستی گەورەی سیاسی بێت و لە سەردەمێکی رەقەکاری و کۆنەپارێزدا بژیت، چونکە توندڕەوی لە بیروڕای سیاسیدا لە جۆرە هەلومەرجێکی وادا، واتە لە دەست دانی خواستە سیاسییەکان. بیکۆن لەگەڵ حکوومەتێکی بەهێزی ناوەندیدایە، پاشایەتیش بە لای ئەوەوە چاکترین جۆری حکوومەتە. ئەو دەڵێ سێ جۆرە کار لە حکوومەتدا هەیە، سازدان و ئامادە کردن، هەڤپەیڤین و پشکنین و کەماڵ (یان جێبەجێ کردن)، گەر بە دوای خێراییشدا دەگەڕێیت، ناوەند کە هەڤپەیڤین و پشکنینە، بۆ زۆرینەی گەل بەجێ بهێڵە، هەرچی سازدان و ئامادە کردنە، کە قۆناغی یەکەمە، هەروەها کەماڵ کە دوایین قۆناغە، دەبێ بخرێتە بەردەستی کەمینە. لە ئارەزووی سەربازییانەشیدا بێ پەردە بوو، لە پێشکەوتن و گەشە کردنی پیشەسازییش داخراو

بوو، چونکه خەڵك تێك دەدەن و لە جەنگیان دوور دەخەنەوە. بۆ ئاشتیی درێژخایەنیش شینی دەگێڕا، چونکە گیانی جەنگاوەرێتی لە خەڵکیدا خامۆش دەکات. بەڵام وێڕای ئەوە درکی بە گرنگیی کەرەستەی خاو دەکرد. جارێکیان سۆلۆن بە قاروونی (داراترین دەوڵەمەندی ئەو سەردەمە کاتێك زێڕەکەی پیشان دا) گوت: گەورەم گەر کەسێك هات و لە تۆ زیاتر ئاسنی پێ بوو، ئەوە دەست بەسەر زێڕەکەتدا دەگرێت، (ئەمەش بایەخی قسە کردن لە پیشەسازیی جەنگ دەگەیەنێت)، بیکۆنیش هەروەك چۆن ئەرستۆ پێش ئەو کردی، هەندێ ڕێنمایی بۆ دوورکەوتنەوە لە شۆڕش دەخاتەڕوو، دەڵێ: باشترین شێواز بۆ دوورکەوتنەوە لە شۆڕش و فەرتەنە، ئەوەیە هۆیەکانی شۆڕش ریشەکێش بکرێن، چونکە نازانین کەی چەخماخەی گڕ لێ دەدات و ئاگر لە سووتەمەنی بەردەدات؟ هەروەها کارێکی بێ سوودە بە دڵڕەقییەکی زۆرەوە ئازادییەکان (وەك ئازادیی ئاخاوتن) سەرکوت بکەیت لە پێناو نەهێشتنی پەشێوی، چونکە بە کەم زانین و فەرامۆش کردنی، زۆر جار چاکترە لە ڕێکخستن و کۆنترۆڵ کردنی، هەوڵی ڕاگرتنیشی، خەرج کردنی هەموو تەمەنی دەوێ. گەوهەری شۆڕش دابەشی سەر دوو جۆر دەبێت، زێدەڕۆیی لە هەژاری و زێدەڕۆیی لە سامان... هۆیەکانی شۆڕشیش ئەمانەن: بیدعەی ئایینی، باج، گۆڕینی یاساو دابونەریت، تێك شکاندنی ماف و مووچە، زۆرداری لە ئاستێکی بەربڵاودا، وەپێش خستنی کەسانی ناموستەهەق، بیانییان، برسێتی و سەربازانی ئیزندراو. ئا لەم کاتانەدا گێرشێوێنی گەشە دەکات و فیتنە پەرە دەستێنێ، هەر خراپییەکی بەرامبەر بە خەڵکی بکرێت، پتر بەرەو یەکگرتن و یەك خستنی ئامانجەکانیان دەبات. ئاساییە هەموو سەرکردەیەك هەوڵ دەدات ناکۆکی و دووبەرەکی بخاتە ریزی دوژمنانییەوەو دۆستانی یەك بخات. نانەوەی دووبەرەکی لە نێو کەسانی دژبەری دەوڵەت و، پەرت و بڵاو کردنەوەیان و دوورخستنەوەیان لە دەسەڵات، یان بە لای کەمەوە متمانەیان پێ نەکرێت، بە گشتی کاری خراپ نین. بەڵام ڕەوشێکی کلۆڵانە دەبێت گەر دووبەرەکی و پەرت و بڵاوی بکەوێتە نێو چینی دەسەڵاتدارەوە، هاوکات ئۆپۆزیسیۆن بە یەك ئامانجی ڕووبەڕووی ئەو چینە دەبێتەوە. چاکترین شێواز بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری شۆڕش، دابەش کردنی عادیلانەی سامان و داراییە (پارە وەك پەیین وایە، گەر پەرت و بڵاو نەکرێتەوە سوودی نابێت). بەڵام ئەوە نە سۆسیالیزمە و نە دیموکراتیەت، بیکۆن متمانە بە گەل ناکات کە لە ڕۆژگاری ئەودا لە خوێندن بێ بەش کرا بوو، لە ڕوانگەی ئەوەوە نزمترین جۆری ریاو مەرایی کردن ئەوەیە، مەرایی و مامەحەمەیی بۆ گەل



بکرێت. فۆکیۆن ئامانجی پێکا کاتێك جەماوەر وەك بە چاك زانینی قسەکانی، چەپڵەی بۆ لێ دا، بە زمانی خۆشی گوتی: چ هەڵەیەکم کرد؟ وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی جەماوەر تەنیا چەپڵە بۆ کەموکوڕی دەکوتێت. یەکەمین شتێك کە بیکۆن دەیەوێت کۆمەڵێکی بچووکی کشتیارانە کە هیچ زەوییەکیان نییە، هەروەها حکوومەتێکی ئەرستۆکراتی دەوێت کە پاشایەکی فەیلەسووف لەسەر تەختەکەی بێت، چونکە تەنیا حکوومەتێکمان نەدیوە کە خەڵکی خوێندەوار بەڕێوەی ببات و نوشوستیی هێنا بێت، یان بە واتایەکی ڕوونتر هەموو ئەو حکوومەتانەی فەیلەسووفی خوێندەوار حوکمڕانییان تێدا کردووە هەر سەرکەوتوو بوون، کە لە نێویاندا ناوی سنیکاو ئەنتۆنیۆس و بیویس و ئەرلیوسی هێناوە، بۆی هەیە ئومێدو خواستی ئەوەی هەبوو بێت، کە نەوەکانی داهاتوو ناوی ئەویش بخەنە سەر ئەو ناوانە.

## ٤- بینای تازەو مەزن:

بەبێ ئەوەی ئاگای لێ بێت، لە نێو سەرکەوتنەکاندا دڵی لەگەڵ فەلسەفەدا بوو. لە منداڵیدا فەلسەفە شیردەری بوو، لە پۆستەکانیشدا هاودەمی بوو، لە ڕۆژانی بەندیخانەو بێ بەش بوونیشدا، بۆی بووبووە ئارامی و سەبووری. دادو بێدادی بوو بۆ ئەو بەدناوییەی بەپێی بۆچوونی ئەو، فەلسەفەی گرتووەتەوە، لەمەشدا لۆمەی فەلسەفەی لاهووتی کرد. خەڵکی دەگونجێ سووکایەتی بە ڕاستەقینە بکەن، بە هۆی ئەو گفتوگۆیانەی لە بارەیەوە وروژێندران، هەروەها بە هۆی بە هەڵە دانانی ئەوانەی لەگەڵیاندا کۆك نین. زانستەکان... وشك و برینگ دیارن گەر شتێکیان نەخرێتە پاڵ کە شایستە بە ڕەگەزی مرۆڤ بن... تا ئێستاش سیستەمی قوتابخانەکان سیستەمێکە بۆ دەرچوواندنی زانایان و مامۆستایان، نەك داهێنەران.

ئەوەی تا ئێستا لە زانستەکاندا بەدی هاتووە لەوە زیاتر نییە کە گێژەنێکەو بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، زریانێکی سەرنج ڕاکێشەو لەو شوێنەی هەڵدەکات، هەمیشە هەر لەوێشدا دەنیشێتەوە و کۆتایی دێت. بیکۆن بە درێژایی ژیان و لە ڕۆژگاری سەرکەوتنی سیاسییدا، بیری لە سەر لە نوێ دروست کردن و نوێ کردنەوەی فەلسەفە دەکردەوە. نیەتی ئەوەشی هێنا کە هەموو لێکۆڵینەوەکانی لە دەوری ئەم ئەرکە چڕ بکاتەوە. ئەو لە بەراییدا لە (پلانی کار)دا پێمان ڕادەگەیەنێت، کە هەندێ پێشەکی لە نامیلکەی بچووکدا دەنووسێت، تێیاندا هۆیەکانی وەستانی فەلسەفە بە هۆی وازهێنان لە شێوازە کۆنەکان، ڕاڤە دەکات، لە پێناو

سەرەتایەکی نوێ، پێشنیارەکان پوختە دەکات. دووەم هەوڵێك دەدات بۆ دانانی پۆلێنێکی نوێ بۆ زانستەکان، کە ماددەکانی خۆی دەخاتە سەریان، هەروەها ئەو گیروگرفتانەشی خستەڕوو کە لە هەر بوارێکدا بە راڤە کردن یان چارەسەر کردنیان نەگەیشت.

سێیەم باسی شێوازە تازەکەی خۆی دەکات لە راڤە کردنی سروشتدا. چوارەم دەست لە زانستە راستەقینەکانی سروشت وەردەدات و لە دیاردەکانی سروشتیش دەکۆڵێتەوە. پێنجەم پەیژەی ئەقڵ ئاشکرا دەکات، کە نووسەرانی پێشوو لە رێی بەرەو راستییەکاندا، پێیدا سەرکەوتن، ئەو راستیانەی فۆرمی ئێستایان لە سەدەکانی ناوەڕاست وەردەگرت. شەشەم دەبینین پێشبینیی گەیشتنی خۆی بە هەندێ ئەنجامی زانستی دەکرد، کە لە سایەی بەکار هێنانی شێوازەکەی خۆی، لەوە دڵنیا بوو پێیان دەگات. دوایین شت وێنای ئەو شارە چاك (یان چاکە شار- المدنيه **الفاضلة**)ی دەکرد، کە بۆ بەختیاریی مرۆڤ لە خەیاڵی خۆیدا وێنەی کێشا بوو، کە تێیدا ئەو چرۆ زانستییانە گوڵ دەکەن، کە ئومێدی ئەوەی دەخواست ئەو پێغەمبەری شارەکە بێت، کە تێکڕا ئەو بینا تازەو مەزنەی فەلسەفەیان پێك دەهێنا. پرۆژەیەکی مەزن بوو، بێ لە ئەرستۆ هیچ نموونەیەکی هاوتای نییە لە مێژووی هزرو بیردا. لە هەموو فەلسەفەیەکی دی بەوە جیا دەکرایەوە، کە پتر رووی لە لایەنی کردار بوو نەك لایەنی تیۆری، بەوەی پشتی بە بەرهەمێکی تایبەت و یەکگرتوو دەبەست، پتر لەوەی پشت بە هاوگونجانی هزرو رامان ببەستێت. زانین هێزە نەك گفتوگۆو جوانکاری، هەروەها بیرۆکەیەك نییە هەر دامێنگیری بین.. بەڵکو کارێکە هەر دەبێ بیکەین، ئێستاش من کار بۆ دانانی بناغەیەك دەکەم، ئەو بناغەیە بۆ رێباز و بڕوایەك نییە، بەڵکو بۆ سوود و هێزە. لێرەدا بۆ یەکەمین جارە گوێمان لە دەنگ و ئاوازێکی نوێی زانستێکی نوێ دەبێت.

**١- پێشکەوتنی زانست:**

گەر مرۆڤ ویستی کار بە ئاکام بگەیەنێت، پێویستە زانینی لەبەر دەستدا بێت، بە جۆرێك دەبێ زاناو شارەزا بێت. چونکە ناتوانین سروشت کۆنترۆڵ بکەین تا یاساکانی نەخەینە بەر لێکۆڵینەوە، بۆیە لێ بگەڕێ با یاسای سروشت فێر بین، ئەوکات بە سەریدا دەبینە دەسەڵاتدارو حوکمڕان. چونکە بە نابەڵەدیمان دەبینە بەندەو کۆیلەی ئەو. زانست رێی ژیانێکی شادو پڕ لە چاکەیە، بەڵام ئەو رێیەی دەمانگەیەنێتە ژیانێکی شاد رێیەکی ئاسان نییە. رێیەکی



پێچاوپێچو تاریك و خوارو خێچە، بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، لە رێڕەو و پێچاوپێچی بێ سوودا ون بووە، بەرەو رووناکی ناچێ بەڵکو بەرەو پەشێوی. لێ بگەڕێ ئێستا با دەست بە لێکۆڵینەوە لە زانستەکاندا بکەین، ئاماژەش بە بوارە تایبەتمەندەکانی بکەین، هەر یەکەشیان لە شوێنی دیاری کراوی خۆیاندا دابنێین و، لە نەنگی و پێویستی و تواناکانیان بپرسین، ئاماژە بەو گرفتە تازانەش بکەین کە چاوەڕوانی ئەوەن تیشکی رووناکییان بگاتێ، هەروەها بە گشتی دەبێ رەگی ئەو زانستانە لە تەی کردنی زەوی و بزواندنیدا، بدۆزینەوە.

ئەمەیە ئەو ئەرکەی بیکۆن لە (پێشکەوتنی مەعریفە)دا خۆی بۆ تەرخان کرد، ئەو دەڵێ: (مەبەستە پەی بە مەعریفە ببەم و، سەرنجی ئەو بەشانەشی بدەم کە فەرامۆش و دوورە پەرێز کراون و مرۆڤ پشتگوێی خستوون و رێك و پوختەی نەکردوون، هەروەها هەوڵ دەدەم بە نەخشەو پلانێکی راستگۆییانەوە کار بۆ ئەوە بکەم، کە گوڕوتین بەو کەسانە ببەخشم کە لە کەرتی تایبەت و کەرتی گشتیدا کار دەکەن، هەروەها چاك کردنی ئەو لایەنانەی چۆڵ و بەجێ هێشتراون)، وەك ئەوەی زەوی بژار دەکات و لە گژوگیای زیانبەخش پاکی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بۆ کێڵان و چاندن ئامادەی بکات و، پاشان بۆ راست کردنەوەی رێگاو، دابەش کردنی کێڵگەکان بەسەر کرێکاراندا. پلانەکەی پلانێکی بە جەرگ و پڕ لە هیوا بوو، بەڵام ئەو هەر لە تەمەنی چل و سێساڵیدا بوو و سەبارەت بە فەلسەفە لە تەمەنێکی بچووکدا بوو، کە بڕستی بەسەر ئەوەدا نەدەشکا پلان بۆ کاری وا مەزن دابنێ. لە ساڵی **١٥٩٢**دا نامەیەکی بۆ لۆرد بێرکلی نووسی و تێیدا گوتبووی (ئەو بە هەموو جۆرە زانینێك ئاشنا بووە)، ئەو بەم قسەیەی مەبەستی نەبوو کە خۆی بۆ دانانی ئەنسکلۆپیدیایەکی بەریتانی ئامادە کردووە، بەڵام ئاماژە بە کارەکەی دەکات کە دەسەڵاتی ئەوەی دەداتێ بچێتە نێو هەر بوارێکەوە، وەك رەخنەگرو هەماهەنگکار بۆ هەموو زانستێك، سەبارەت بە ئەرکی نوێ کردنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا. مەزنیی ئامانجەکەی سام و گەورەییەکی بە شێوازەکەی داوەو، هەندێ جاریش دەیگەیەنێتە ترۆپکی پەخشانی ئینگلیزی.

بۆیە دەبینین لەو مەیدانە فراوانەی شەڕدا، کە گەڕان و لێکۆڵینەوەی مرۆڤایەتی لە نێو ئاستەنگی سروشتی و نەزانینی مرۆڤانەدا ململانێیەتی، ئەو گەشت و جموجۆڵ دەکات، چاکسازی دەکات و لە هەموو بوارێکیشدا رووناکی دەبەخشێت. ئومێدێکی گەورەش دەخاتە ئەستۆی فیزیۆلۆژیاو پزیشکی، شکۆش دەداتە پاڵ پزیشکی و توانای ئەم زانستە لە بواری

ڕێکخستن و بە ئامێرێکی دەچوێنێ، کە نایاب دروست کراوەو ئاوازی نایابی هەیە، بەڵام دژبەری دەنوێنێ بەرامبەر بە نەرمی نواندنی پزیشکانی هاوچەرخ لە ئەزموونی پزیشکیداو، ئارەزووی ئەوان بۆ چارەسەر کردنی هەموو نەخۆشییەك بە هەمان ڕاچێتە، کە هەردەم ئازاربڕە، هەروەها پشت بەستنی فراوانی ئەوان بە تەنیا ئەزموونی پەرتەوازەی تاکە کەسان، وا پێویستە لە سەریان پەرە بە تاقیکردنەوەو ئەزموونەکانیان بدەن و، بە نوێکاری ڕووناکی بەردەنە سەر لەشی مرۆڤ، لە ڕێی توێ کردنی تەرمەکان، گەر پێویستیشی کرد جەستەی گیاندارانی زیندووش بۆ مەبەستی زانستی توێ بکەن. لە سەرووی هەموو شتێکیشەوە دانانی تۆمارێك دەربارەی ئەزموون و ئەنجامەکانیان، کە زۆر بە ئاسانی دەکرێ بەکار بهێندرێن. بیکۆن باوەڕی وا بوو، ڕێ بە پزیشکان بدرێت مردن ئاسان بکەن و پەلەی پێ بکەن، لەو حاڵەتانەی ژیانی نەخۆشەکە هەر تەنیا چەند ڕۆژێکی کەمی مابێت و، لەو چەند ڕۆژە کەمەشدا جۆرەها ئازار و ئەشکەنجەی بەسەردا بێت. پزیشکانیش هان دەدات لە هونەری درێژ کردنەوەی ژیانی مرۆڤدا، لێکۆڵینەوەی فراوان بکەن، (ئەمە بەشێکی نوێیە) لە پزیشکیداو نەبوونیشی کەموکورتییە، هەرچەندە لە هەمووان جوامێرانەترو پیرۆزترە، چونکە گەر لوا ژیانی مرۆڤ درێژ بکرێت، ئەو کات هەموو زانستی پزیشکی دەستکورت نامێنێتەوە لە ئاست پێشکەش کردنی چارەسەر، پزیشکانیش هەر بۆ کاتی پێویست خەڵات ناکرێن. بەڵکو لەسەر ئەو بنەمایە خەڵات دەکرێن کە بەخشێنەری مەزنترین بەختەوەریی سەر زەوین. لەوانەیە نارەزایی هەندێ لە مریدانی فەیلەسووفی ئەڵمان شۆبنهاوەرمان بەرگوێ بکەوێت دژ بەم گوتەیەی دەڵێ: درێژ کردنی ژیان خەڵات و بەرات و خۆشییە، چونکە ئەوان هاندەری پێچەوانەی ئەوەن و، ستایشی ئەو هەڵوێستەی پزیشکان دەکەن، کە بە زووترین کات کۆتایی بە نەخۆشییەکانمان دەهێنن. کەچی بیکۆن سەرەڕای جارس بوون و دوودڵی و ژن هێنانیشی، گومانی لەوەدا نەبوو کە ژیان نایاب و جوان و مایەی بایەخ پێدانە.

لە دەروونناسیشدا ئەو (ڕەفتارکار)ەو داوا دەکات لێکۆڵینەوەی ورد دەربارەی هۆ و ئاکامی هەر کردارێکی مرۆڤانە بکرێت، لە فەرهەنگی پەیڤی زانستیدا، دەخوازێ وشەی (ڕێکەوت) نەمێنێ. پەیڤی ڕێکەوت ناوی شتێکە کە نییە، ئەوەی لە گەردووندا بەر ڕێکەوت دەکەوێت، لە لای مرۆڤدا بەر ئیرادە دەکەوێت، لێرەدا جیهانێك بەرەو ڕوومان دەبێتەوە کە واتادارە، هەروەها بەرەنگار بوونەوەی جەنگ لە دێڕێکی بچووکدا. بنەمای سکولاتی دەربارەی ئازاد



بوونی ئیرادەی وەلا ناو، لەو گریمانە هەمەکییەی (ئیرادە) لە عەقڵ جیا دەکاتەوە، چاوپۆشیی کرد، گەلێ پێشەکی هەیە بیکۆن پەیڕەوی نەکردووە، ئەمەش تەنیا حاڵەتێك نییە کە یەك کتێبی لە ڕستەیەکدا داناوەو، پاشان بە خۆشی و شادییەوە درێژە بە ڕۆیشتنەکەی دەدات.

بۆ جاری دووەم دەبینین لە چەند وشەیەکی کەمدا زانستێکی نوێی داهێناوە، دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، ئەو دەڵێ (فەیلەسووفان دەبێ بە دوای هێزو وزەی عورف و، دابونەریت و، فێرکردن و، پەندو لاسایی کردنەوەو دانوستاندن و، شەریکایەتی و، برادەرایەتی و، ستایش و سەرکۆنە کردن و، ئامۆژگاری و، هاندان و، گەف و، ناوبانگ و، یاساکان و ، کتێب و، خوێندنەوەو تا ئەوانی دیکەش، بکەوێت)، چونکە ئەم شتانە کار لە ئاکاری خەڵك دەکەن و عەقڵ گەلاڵە دەکەن و دەیخەنە ژێر بارەوە. ئەم پەیڤە کورتانەی بیکۆن گوتوونی، تا ڕادەیەك زۆر بە ناوەڕۆکی ئەو کتێبانە دەچن کە زانایانی لە نموونەی تاردو لیپۆن دایانناون، هەروەها ولاس و دورکهایم لە دەروونناسیی نوێدا. هیچ شتێك لە سەرووی زانستەوە نییەو هیچ شتێکیش لە خواروی ئەوەوە نییە، هەر دەبێ سیحرو پێشبینی، خەون و، ئاڵوگۆڕ کردنی هەست و گفتوگۆی تلبایی و دیاردەی ڕۆحی و عەقڵییش، هەموو بخرێنە بەر پشکنینێکی وردی زانستییەوە (چونکە نازانین لە چ حاڵەتێکداو تا چ ڕادەیەك، ئەو کاریگەرییانەی دەدرێنە پاڵی ئەفسوون و خورافەوە، لە تەك هۆکارە سروشتییەکاندا بەشدار دەبن.)، وێڕای لاگیری کردنی لە زانستەکانی سروشت، دەبینین هەستی بە سیحر و تەلیسمی ئەو شتانەش کردووە، هیچ شتێك نییە پەیوەندیی بە مرۆڤەوە هەبێت و بە لای ئەوەوە سەیر بێت. کێ هەیە زانستێکی نوێ یان ڕاستییەکی نوێ بزانێ، کە لەوانەیە لەو لێکۆڵینەوانەوە دەربچێت، هەروەك چۆن کیمیا لە سیمیا کەوتەوە. دەکرێ سیمیا لەگەڵ ئەو پیاوەدا بەراورد بکرێت کە بە کوڕەکانی گوت، کە هەندێ زێڕی بۆ بەجێ هێشتوون و لە نێو ڕەزی مێوەکەیاندایە، بەڵام کە گەڕان زێڕیان نەدۆزییەوە، بەڵکو لەگەڵ هەڵکەندنی زەوییەکەدا قوڕی سەر کۆتەرەی دارمێوەکانیان لاداو بەرهەمێکی زۆری ترێیان دەستکەوت. بەم جۆرە ئەو ئەرك و گەڕانەی لە هەوڵی بەدەست هێنان زێڕ لە کانزاکانی دی (سیمیا) درا (واتە لە سیمیادا درا)، یارمەتیدەر بوو بۆ گەیشتن بە داهێنانی بەسوود و ئەزموونی بنیاتنەرانە.

لە کتێبی هەشتەمی بیکۆندا زانستێکی دی دەست بە نەشونما کردن دەکات، ئەویش زانستی سەرکەوتن لە ژیانە. بیکۆن لەو کاتەدا کە لەوپەڕی سەرکەوتندا بوو بەر لە لەدەسەڵات

کەوتنی، هەندێ ئاماژەی سەرەتاییمان دەربارەی چۆنیەتی بەرەو پێش چوون و سەرکەوتنی لە ژیاندا، پێشکەش دەکات. لە سەرکەوتنیشدا، زانین یەکەمین خواستە، زانین دەربارەی خۆمان و کەسانی دی.

ئەو کەسانەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەین، دەبێ زانیاریمان دەربارەی خوو و ڕەوشت و بیروڕاو ئارەزووەکانیان و، دابونەریت و ئاکاریان و، ئەو یارمەتی و کۆمەك و بیمانەی بە شێوەیەکی فراوان پشتی پێ دەبەستن، هەبێت. هەروەها دەربارەی لە کوێوە هێزو دەسەڵاتیان بەدەست هێناوە، کەموکوڕی و بێ هێزییان و، دەبێ برادەران و پارت و سیخوڕانیان، ئەوانەی پشتیان پێ دەبەستن، دوژمنانیان، ئەو کەسانەی حەسوودییان پێ دەبەن و ئەوانەی کێبڕکێیان لەگەڵدا دەکەن، کاتەکانیان و ڕێی پەیوەندی کردن لەگەڵیان و چوونە لاشیان، بزانین و بناسین...
بەڵام زامنترین ڕێ و چاکترین کلیل بۆ کردنەوەی عەقڵی ئەوانی دی لەوەدایە، تەبیعەت و خوویان یان ئامانج و پلانەکانیان بخەینە بەر لێکۆڵینەوەو پشکنین و لە بێژنگ دان... لە تەبیعەتیانەوە دەتوانین بە شێوازێکی چاکتر حوکم بەسەر سادەترین و بێهێزترین کەسدا بدەین، بەڵام ئەوانەی گەلێ زۆرزانترو وریاترو نائاشکران، بەپێی پلانەکانیان حوکمیان بەسەردا دەدەین.
بەڵام کورتترین شێواز بۆ هەموو ئەم دەرەنجامگیری و پرسگەرییە، پشت بە سێ شتی دیاری کراو دەبەستێت:

١- پەیدا کردنی ژمارەیەکی زۆر لە برادەران..

٢- لە ئازادیی قسە کردن و بێدەنگیدا دەبێ وریایی و میانڕەوی پەیڕەو بکرێت...

٣- لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ شتێك هێندەی ئەوە زیانبەخش نییە بۆ مرۆڤ، کە لە کاتی پێشکەش کردنی خۆی و دابین کردنی مافیدا، زێدەڕۆیی لە نەرمی و چاکەدا بکات، کە تووشی ئەزیەت و لۆمەی دەکات، ڕاستتر ئەوەیە هەندێ جار بڕێ گڕ ئاراستە بکات، کە پێوەدانەکەی لە شیرینی هەنگوین کەمتر نییە.

بە لای بیکۆنەوە برادەران هۆیەکن بۆ دەسەڵات و هێز، لە ڕوانگەیەکدا لەگەڵ مەکیاڤیللی هاوبەشە، کە لە بەراییدا مرۆڤ دەیداتە پاڵ سەردەمی ڕێنیسانس، تا بیر لەو برادەرایەتییە جوان و بێگەردو زۆرانەی مایکل ئەنجیلۆو، مۆنتانی و، سێر فیلیپ سیدنی دەکاتەوە... کە لەوانەیە گەر بیکۆن وەك کەسێکی کردەنی بێنینە بەرچاو، یارمەتیمان بدات لە ڕاڤە کردنی ئەو هۆیانەی بوونە مایەی کەوتنی لە دەسەڵات. هەروەك چۆن بیروڕای هاوچەشنی ئەمان



یارمەتیمان دەدات لە ڕاڤە کردنی کەوتنی ناپلیۆن، چونکە زۆر بە دەگمەن برادەران لە پەیوەندییان لەگەڵ ئەودا، فەلسەفەیەکی باڵاتر لەوەی ئەو بە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی لەگەڵ ئەواندا ئاشکرای دەکات، پیادە دەکەن. لێرەدا بیکۆن، بیاس وەك یەکێ لە حەوت داناکەی یۆنانی دێرین بە گەواهی دێنێتەوە (برادەرەکەت وەها خۆش بوێ وەك ئەوەی خەریکە دەبێتە دوژمنت، هەروەها دوژمنیشت وەك ئەوەی خەریکە دەبێتە برادەرت)، (زۆربەی ئامانج و بیرۆکەکانت تەنانەت بە برادەرەکەشت ڕامەگەیەنە، لە ئاخاوتنیشدا بپرسە پتر لەوەی دەدوێیت، کە قسەش دەکەیت، زانیاری و شتی ڕوون بڵێ پتر لەوەی بیروباوەڕ بڵێیت. عیزەت نەفسی بە ئاشکرایی مایەی پێشکەوتنن، خۆ بەزل زانینیش پتر هەڵەیەکە لە ڕەوشت و ئاکار تا سیاسەت). ئالێرەدا مرۆڤ ناپلیۆنی وەبیر دێتەوە، بیکۆن وەك ناپلیۆن لە ناخدا کەسێکی سادە بوو، لە ڕواڵەتیشدا خۆ دەرخستن و شانازی بەخۆوە کردنی دەنواندو، لە خۆی دەگۆڕا، چونکە باوەڕی وا بوو ئەم شتانە بۆ ناوبانگی گشتی پێویستن.

بەم جۆرە دەبینین بیکۆن وەردو بەیار دەبڕێت و بیروڕاکانی لە وەردی هەموو زانستێکدا تۆو دەدات. لە دوماهیی گەڕانەکەیدا دەگاتە ئەوەی، هەر خۆبەخۆی زانست بەس نییە، بەڵکو دەبێ لە دەرەوەی زانستدا سیستەم و هێزێك بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی زانستەکان ڕێك بخات و بەرەو ئامانجێك ئاراستەیان بکات. هۆیەکی بەهێز هەیە کە بووە مایەی زانستەکان زۆر پێش نەکەون، ئەویش مەحاڵە ئەم پێشکەوتنە بە ڕێیەکی ڕاستدا بڕوات، بەر لەوەی ئامانجەکە دیاری بکرێت و لە شوێنی دروستی خۆیدا دابندرێت، ئەوەی زانستی سەردەم پێویستیان پێیەتی فەلسەفەیە، شی کردنەوەی ڕێکاری زانستی و ڕێکخستنی ئامانج و ئەنجامە زانستییەکانە، هەر زانستێکیش بێ ئەم شتە، ئەتك و بێ کاکڵ دەبێت. هەروەك چۆن لە شوێنێکی نزم یان تەختەوە ناتوانین بە تەواوی دیمەنی شار ببینین، بە هەمان شێوە مەحاڵە کە لە ئاستی زانستدا ڕاوەستین و بێ ئەوەی بچینە شوێنێکی بەرزتر، بتوانین بەشە دوورو قووڵەکانی هەر زانستێك بدۆزینەوە، هەمیشەش نارەزایی دەنواند بەرامبەر تەماشا کردنی ڕاستییەکان بە دابڕاوی و لە دەرەوەی پێکهاتەو پەیوەندییەکانی ئەو ڕاستییەو، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی یەکگرتوویی سروشت بکرێت، وەك ئەو کەسەی مۆمێکی بچووکی بە دەستەوە بێت و لە گۆشەو کەلەبەری ژوورێکدا بخولێتەوە کە چراخانە.

لە دوماهیدا بیکۆن سۆز و خۆشەویستیی بە لای فەلسەفەدا چوو پتر لە زانست، چونکە هەر تەنیا فەلسەفە دەتوانێ ئاشتییەکی سەنگین، کە زادەی تێگەیشتن بێت، تەنانەت بە ژیانێکی خامۆش و شێواویش ببەخشێت، زانین ترسی مەرگ دەڕەوێنێتەوە یان سووکی دەکات و بەخت دەنوێنێ. بیکۆن چەند بەیتە شیعرێکی شاعیری لاتین ڤرجیل بە گەواهی دێنێتەوە:

(بەختەوەرە ئەو مرۆڤەی هۆی شتەکانی زانی و، هەموو جۆرە ترسێك و، قەدەری سەرسەخت کە نەرم نابێت و، غەڵبەغەڵبی خەباتی گڕی تەماحی نایە ژێر پێ)، لەوانەیە چاکترین بەروبوومی فەلسەفە ئەوە بێت، کە لە ڕێی ئەوەوە وانەکانی پەیدا کردنی سامان و دارایی لێ فێر نابین، کە ژینگەی پیشەسازی زۆر بە گەرمی دەیورووژێنێ و سنوور و کۆتاییەکی بۆ نییە. لە بەراییدا فەلسەفە بەرەو گەڕان بە دوای پێداویستەکانی ئەقڵدا ئاراستەمان دەکات، ئەوەی دەشمێنێ یان پەیدا نابێت یان زۆر پێویستمان پێی نابێت. کەمێك دانایی شادییەکی هەمیشەییە. حکوومەتەکانیش ڕێك هەروەك زانست، لەبەر بێ فەلسەفەیی ڕووبەڕووی گرفتی زۆر دەبنەوە. هاوبەندی و پەیوەندیی نێوان فەلسەفەو زانست، هەمان هاوبەندی و پەیوەندیی کارگێڕایەتیی دەوڵەتە بە سیاسەتەوە. جموجووڵ و بزاوت، زانینی بێ کەموکوڕی و شتانی بەرچاوی بۆ دەکاتە دیاری، دژ بە لێکۆڵینەوەی تاکە کەسی کە ئامانجێکی نییە، وەك چۆن گەڕان بە دوای زانین و زانیاریدا، کە لە خواستەکانی خەڵك و ژیانی ڕاستەقینە دابڕا، بووە زانستی لاهووت. بە هەمان شێوە هەوڵدان لە بواری سیاسەتدا کاتێك لە زانست و فەلسەفە دابڕا، بووە شێتییەکی کوشندە. کارێکی هەڵەیە لە تیمار کردن و چارەسەر کردنی جەستەماندا، متمانە بەو فاڵگرانە بکەین کە خۆیان بە پزیشك دەزانن، یان ئەوانەی بە ئەزموون کاری پزیشکایەتییان کردووە، کە پشت بە خوێندنێکی کەم دەبەستن، بەڵام هۆیەکانی نەخۆشی یان پێکهاتەی جەستەی نەخۆش یان مەترسیی ڕووداوەکان، یان شێوازی دروستی چارەسەر نازانن. بۆیە بە هەمان شێوە کارێکی مەترسیدارە گەر سیاسەتمەدارانی تەڵەکەباز کاروباری دەوڵەت هەڵسووڕێنن، لەسەر ئەو بنەمایەی گوایە ئەزموون و شارەزاییان لە بواری حوکمڕانیدا هەیە. تەنیا مەگەر ئەوانە کاتێك تێکەڵ بە کەسانێك دەبن کە نقومی زانستن، هەقە ئەو بوارەیان بدرێتێ... لەوانەیە ئەوانەی دەڵێن پێویستە فەیلەسووف حوکمی دەوڵەت بکات، بە لایەنگیری و تەرەفگیری تۆمەتبار بکرێن، (تا فەیلەسووفان نەبن بە پاشاو پاشاکانیش نەبن بە فەیلەسووف)، وێڕای ئەوە ئەزموونەکان سەلماندوویانە، چاکترین جۆری



حکوومەت ئەوەیە کە لە سەردەمی میرانی داناو هۆشمەندو خوێندەواردا دامەزراوە. بیکۆن ئەو ئیمپراتۆرە مەزنانەمان وەبیر دێنێتەوە، کە پاش دومیتسیان و پێش کومۆداسی ئیمپراتۆرانی ڕۆم، لە ڕۆمادا حوکمڕان بوون. بەم جۆرە دەبینین بیکۆن وەك ئەفلاتوون و وەك ئێمە هەموان، فەلسەفە مەزن دەکات و، بە ڕزگارکەر و نەجاتدەری مرۆڤی دادەنێت. بەڵام ڕوونتر لە ئەفلاتوون درکی بە پێویستیی هەبوونی پسپۆران لە بواری زانست و پسپۆری لە بواری سەربازیدا لە نێو سوپاو سەربازاندا کردووە. تەنیا عەقڵێك و تەنانەت خودی بیکۆنیش، ناتوانێ هەموو کارێك بەڕێوە ببات و هەموو زانستێك بزانێت، باوەکو لەسەر لووتکەی چیای ئۆلۆمپیشەوە بڕوانێت. بیکۆن درکی بەوە کرد، کە پێویستیی بە یارمەتیدان هەیە، لە پرۆژەکەشیدا هەستی بە تاك و تەنیایی کرد، کە هیچ کەسێکی لە تەکدا نییە یارمەتیی بدات.

جارێکیان لە برادەرێکی خۆی پرسی، کە ئاخۆ کێن ئەو برادەرانەی کاری لەگەڵدا دەکەن، پاشان گوتی، سەبارەت بە من ئەوە لە تەنیاییەکی تەواودام. ئەو خەون بە گەلە زانایەکەوە دەبینێت، کە بەپێی پسپۆڕایەتی دابەش کراون و هاوکاری و تێکەڵیی بەردەوامیش کۆیان دەکاتەوە. هەروەها بیر لە ڕێکخراوێکی گەورەش دەکاتەوە کە ئامانجەکەیان یەك بخات. دەبێ زانست لە ڕێکخراوێکدا سیستماتیك بکرێت، دەبێ ئەو ڕێکخراوە نێونەتەوەیی بێت و سنووری دەوڵەتانیش ڕێی لێ نەگرێت، بەوەی ئەوروپا دەکاتە یەکەیەکی سەرانسەری ڕۆشنبیری. بیکۆن سەرنجی ئەوەشی داوە، هەست و پەیوەندیی نێوان کۆلیژ و زانکۆکانی سەرانسەری ئەوروپاو ئینگلتەرا سست و کزە، داوا لە هەموو ئەو زانکۆیانە دەکات، بابەت و باسەکان لە نێو خۆیاندا دابەش و دیاری بکەن، لە لێکۆڵینەوەو بڵاوکردنەوەشدا هاوکاریی یەکدی بکەن. ئەم زانکۆیانە بەم پەیوەندی و هاوکارییە شایانی یارمەتیدان و پشتیوانیی شاهانە دەبن، کە وایان لێ دەکات ببنە زانکۆی نموونەیی و پشت بە فێرکردنێکی یەکسان ببەستن کە هەموو جیهان بتەنێتەوە. بیکۆن تێبینیی ئەوەشی کردووە، کە پاداشتی کەم بۆ موحازەری گشتی، جا چ لە زانستدا بێت یان لە هونەر، تەرخان دەکرێت. وای هەست کردووە ئەم شتە هەر بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی حکوومەت خۆی ئەرکە گەورەکانی فێرکردن لە ئەستۆ دەگرێت.

(پەندی نەوە دێرینەکان سکاڵای ئەوەی هەبوو، کە حکوومەتەکان بە دانانی یاساکانەوە خەریك بوون و کاروباری فێرکردنیان بە هەند وەرنەگرتووە)، خەونی مەزنی ئەویش لە

دەستگرتن بەسەر زانستدا بەرجەستە دەبێت، بۆ ئەوەی نهێنییەکانی سروشتی پێ ئاشکرا بکرێت و هێز و توانای مرۆڤی پێ زیاد بکرێت.

بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم ئامانجە دەبینین پەنا بۆ شا جیمسی یەکەم دەبات، بۆ ئەوەی بە جۆرەها چەشنە مەرایی کە شا حەزی بە بیستن و گوتنیان دەکرد، بتوانێ بیهێنێتە رایێ، جیمس زانایەك بوو پتر شانازیی بە قەڵەمەکەییەوە دەکرد نەك شمشێرو عەساکەی. چاوەڕوانی وەدی هاتنی شتێکی دەکرد لەسەر دەستی ئەو پاشا زاناو دانایە، کاتێك پێی دەگوت؛ کە ئەو پلانانەی ئەو دایناون لە راستیدا ئەرکی شاهانەن، ئەستەمە لەسەر دەستی تاکە کەسێکدا بێنە دی، هەر هەوڵێکی تاکە کەسییش بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پلانانە، هەر بە چەشنی پەیکەرێك وایە کە لە دووڕیانێکدا داندرا بێت و بە پەنجە ئاماژە بە رێیەکە دەکات و کەچی ناتوانێ پێی پێدا بنێت و پێیدا بڕوات. ئەم پرۆژانە کە پاشا سەرپەرشتییان دەکات پێویستیان بە پارەو خەرجی دەبێت. گەر نامانەوێ لە زانینی شتی گرنگ بێبەش بین و ئاگاداری ئەم شتانە بین، دەبێ میری و حکوومەت بە پارەو دارایی پشتیوانی لەو زانایانە بکەن، کە بە دوای ئاشکرا کردنی نهێنییەکانی سروشت و شتە شاراوەکانیدا وێڵن، هەروەك چۆن بە پارەو دارایی پشتیوانی لە سیخوڕو پیاوان و نوێنەرانیان دەکەن بۆ بەدەست هێنانی زانیاری. گەر ئەسکەندەر بڕە پارەیەکی زۆری خستە بەردەستی ئەرستۆ بۆ ئەوەی لە راوچییانی ئاژەڵ و باڵندەو ماسی و شتی دیکەی خەرج بکات، ئەوانەی نهێنییەکانی سروشت ئاشکرا دەکەن و پەیدۆزی لایەنە شاراوەکانی دەکەن، پتر مستەهەقی کۆمەك و پشتیوانیی داراین.

بەم دەستگیرۆییە شاهانەیە، پرۆژە مەزن و تازەکەی بیکۆن لە چەند ساڵێکی کەمدا دێتە دی، کە بەبێ ئەویش چەند نەوەیەکی دەوێت..

ئەو شتە نوێیەی لە بیکۆندا هەیەو مایەی شاگەشکە بوونە، متمانەی گەورەی ئەوە بە داگیر کردنی سروشت لە لایەن مرۆڤەوە، ئەو دەڵێ (من هەموو شتێك دەکەمە بارمتەی سەرکەوتنی هونەر بەسەر سروشتدا)، بەڵام ئەم هەموو هیوایە لەبەر چی؟ ئایا بە درێژایی ئەو دوو هەزار ساڵەی رابردوو خەڵك بە دوای راستیدا نەگەڕان و رێوبانی زانستیان تەی نەکرد؟ مرۆڤ ئێستا چ هیوای بە سەرکەوتنێکی گەورە بێت، لە کاتێکدا بە درێژایی ئەو ماوە دوورو درێژەی رابردوو تەنیا سەرکەوتنێکی مام ناوەندیی بەدەست هێناوە؟ بیکۆن ئەم شتە دەسەلمێنێ، بەڵام دەشڵێ؛ لەوانەیە هۆی بەدەست نەهێنانی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە ئەوە



بێت، کە لە پشکنیندا شێوازی هەڵەو بێ سوود پەیڕەو کراوە. بەم جۆرە رێ بەدێییان نەکردو کارو کۆششەکانیان بووە ئاردی ناو دڕك. لە شێوازی بیرو لێکۆڵینەوەماندا، هەروەها لە سیستەمی زانست و لۆژیکماندا، پێویستمان بە شۆڕشێك هەیە، ئێمە پێویستمان بە لۆژیکی نوێ و چاکتر لە لۆژێکی ئەرستۆ هەیە؛ کە لەگەڵ ئەم جیهانە فراوانترەی ئێمەدا بگونجێت. بەم جۆرە بیکۆن کتێبە هەرە مەزنەکەی خۆیمان پێشکەش دەکات.

## ٢- پشکنینی نوێ:

دوورترین رەخنەگرێك کە رەخنەی لە بیکۆن گرت بێت دەڵێ؛ مەزنترین شتێ کە بیکۆن دایناببێت، یەکەمین کتێبیەتی دەربارەی پشکنینی نوێ، کە ژیانێکی نوێی بە لۆژیك بەخشی و هیچ مرۆڤێکی دی تێیدا هاوشانی نابێت، بەوەی ئەنجامگیری (الاستنتاج)ی کردە ئەزموون و داگیر کردن. گەر مرۆڤ ویستی لۆژیك بخوێنێ، دەبێ لەم کتێبەوە دەست پێ بکات. (ئەم بەشەی فەلسەفەی مرۆڤانە لەگەڵ سەلیقەی زۆر کەسدا ناگونجێت، کە لە روانگەی ئەوانەوە تەنیا تەڵەو داوێکی پڕ لە دەستی دەستی و بەدکارییە... بەڵام گەر بمانەوێ شتەکان بەپێی بەهاو بایەخی راستەقینەی خۆیان دابنێین، ئەوکات زانستە عەقڵییەکان و لە نێویاندا لۆژیك دەبنە کلیلی زانستەکان). بیکۆن دەڵێ ماوەیەکی درێژ فەلسەفە لە وشکیی دا، چونکە پێویستی بە رێکارێکی نوێیە بۆ پیتاندنی. هەروەها هەڵەی گەورەی فەیلەسووفانی گریك (یۆنان) لەوەدا بوو، کاتێکی زۆریان لە بوارەکانی تیۆریدا بە خەرج داوەو، کاتێکی کەمیش لە تێبینی کردن و پشکنینی زانستیدا، بەڵام هزر دەبێ یارمەتیدەر بێت بۆ تێبینی کردن نەك بەدیلی ئەو. بیکۆن بەرامبەر بە هەرچی میتافیزیکێکی کە فەیلەسووفان خستبوویانە ڕوو، بەرهەڵستیی دەکرد. ئەو دەڵێ؛ مرۆڤ وەك راڤەکاری سروشت بە رادەی ئەوەی تێبینییەکانی لە بارەی سیستەمی سروشتەوە بواری دەدەن، کار دەکات و درك بە شتان دەکات، لەوەش زیاتر نە دەزانێ و نە دەتوانێ. لەم رووەوە ئەوانی بەر لە سوکرات لە راستییەوە نزیکتر بوون لەوانەی دوای ئەو هاتن. دیموکریتس لووتێکی هەبوو بۆنی راستییەکانی پێ دەکرد، پتر لەوەی چاوێکی تیژی هەبێت و لە هەوران بڕوانێت. جا سەیر نییە کە لە سەردەمی ئەرستۆوە فەلسەفە هێندە پێش نەکەوێت، چونکە هەمان رێکارەکانی ئەستۆی پەیڕەو کرد لە پشکنین و پێشکەوتن بەسەر ئەوەی ئەرستۆ پێی گەیشت و لەبەر رۆشنایی بیروڕاکانی ئەرستۆ بەدی هات بوو، واتە وا بیر

بکەینەوە کە بە خواستنی رووناکییەك لەو دەتوانین ئەو رووناکییە زیاتر بکەین لەوەی لە چاوگە رەسەنەکەدا هەیەو لە بنەڕەتدا ئێمە پرشنگی رووناکیمان لەو وەرگرتووە. بە دەستەواژەیەکی روونتر، ئەوەیە ئێمە وەکو کەسێك واین کە هەوڵ بدات بە پشت بەستن بە رووناکییەك، ئەو رووناکییە زیاتر بکات. ئێستاش دوای دوو هەزار ساڵ لە تێکشکاندن و وردکردنی لۆژیك بەو ئامێرەی ئەرستۆ دایهێنا، فەلسەفە بە چەشنێك بە دەمدا کەوت کە رێزی هەمووانی لەدەست دا. پێویستە هەموو تیۆرییەکانی سەدە ناوەنجییەکان و دیالۆگ و دیالیکتیك و ئەو بیردۆزانەی پێویستیان بە سەلماندن هەیە، تێکڕا دوور دوور تووڕیان هەڵدەین و لە بیریان بکەین. فەلسەفە بۆ ئەوەی خۆی نوێ بکاتەوە، پێویستە سەر لەنوێ بە قەڵەمێکی نوێ و تەختەیەکی پاك و عەقڵێکی پاك و شۆردراو، دەست پێ بکاتەوە.

بەم جۆرە یەکەمین هەنگاو پاك کردنەوە و پاقژ کردنی عەقڵە، کە چەشنی منداڵان بچووك دەبینەوە و لە بیری رووت و مجەڕڕەد دەشۆرێنەوە و، عەقڵمان لە بۆچوونەکانی پێشتر و بیروڕای تەرەفگیر دەشۆرینەوە. دەبێ وەهمەکانی عەقڵ تێك بشکێنین. پەیڤی وەهم وەك بیکۆن بەکاری دەهێنێ (لەوەدا دەنوێت، کە ئەوەی لە پەرستنی وێنەو پەیکەر و بە پیرۆز زانینیان لە لایەن پرۆتستانیەت رەت دەکرێتەوە، چاوەڕوان دەکرێت) ئەو وێنەیەیە کە لە زەیندا دەربارەی راستەقینە وێنا دەبێت، واتە بیرۆکەی هەڵە دەربارەی شت، هەڵەن لە نێو عەقڵماندا.

گەڕان بە دوای چاوگەکانی ئەو هەڵانەو چارەسەر کردنیان، یەکەمین گرفتی لۆژیکە، بیکۆن ئێستا بەرەو شی کردنەوەیەکی بەناوبانگی ئەو هەڵانە دێتە پێش. کۆندیلاك دەڵێ: کەس لە بیکۆن زیاتر لە هەڵەکانی مرۆڤ نەگەیشتووە، ئەو هەڵانەش ئەمانەن:

یەکەم، وەهمەکانی خێڵ، سەبارەت بە تێکڕای مرۆڤایەتی ئەمانە وەهمی ئاسایین، چونکە مرۆڤ بە ناهەق وای زانیوە (پرۆتاگۆراس مرۆڤی بە پێوەری هەموو شتەکان داناوە) ئەو ستاندەری شتانە، کە پێچەوانەکەی راستە، چونکە درك کردنی عەقڵییانە و هەستییانەی مرۆڤ لە وێناکردنی خۆیەتی نەك وێنا کردنی گەردوون. عەقڵی مرۆڤ وەك ئاوێنەیەکی نارێك وایە، کە خەسڵەتی خۆی بەسەر شتاندا دەشکێنێتەوە و، دەیان شێوێنێ و وایان لێ دەکات دزێو خۆیان بنوێنن. بیرو بۆچوونەکانمان وێنەگەلێکن دەربارەی خۆمان پتر لەوەی وێنەگەلی شتان بن. جۆری تێگەیشتنی تایبەتمەندی مرۆڤانە، لە نێو شتاندا پلەیەکی ئەوتۆی سیستەم لە نێو شتاندا دەسەپێنێ، گەورەتر لەوەی کە تێیاندا بەدیی دەکات.. لێرەوە بە هەڵەدا دەچین کە



گوایە خولگەی هەموو هەسارەکان بازنەی رێکن. لە هەڵەکانی دیکەی عەقڵ ئەوەیە کە گەر بڕوای بە رایەك کرد، جا ئەو بڕوایە بە خۆدانە دەست و ئیمانێکی گشتی بەدی هات بێت، یان لە پێناو چێژو لەزەتێکی ئەو رایەدا بێت، دەبینین هەموو شتێکی دی ناچار دەکات بۆ پشتیوانی کردن و سەلماندنی ئەو رایەی خۆی، وێڕای هەبوونی گەلێ بەڵگەی یەکلاکەرەوەی ناکۆك لەگەڵ رایەکەی ئەودا، کە بە روونی نادروستیی رایەکەی ئەو دەسەلمێنن. کەچی ئەو یان سەرنجیان ناداتێ یان بە کەمیان دەزانێت، یان بە زبری و لاگیرییەکی زیانبەخشانە، رەتیان دەکاتەوەو لەناویان دەبات، لەبری ئەوەی واز لەو رایە بهێنێ کە یەکەمین جار بڕوای پێ کرد. نموونەش بۆ هەوڵی خەڵکی لە پێناو ناچار کردنی کەسانی دی بۆ قبووڵ کردنی راکانیان و، ناچار کردنیان کە وەك ئەوان بیر بکەنەوە، ئەو چیرۆکەیە کە بیکۆن بۆمانی دەگێڕێتەوە: پیاوێك چووە پەرستگایەك و کۆمەڵێك تابلۆی زۆری بۆ نمایش کرا، کە ئەوانەی لە خنکان رزگاریان بوو بوو، پاش ئەوەی لە نێو دەریادا گەمییەکەیان تێك شکا، نمایشیان کرد بوو، ئەوان نەزری خۆیان بەم جۆرە بەجێ گەیاند. پاش ئەوەی بە چاوی خۆی بینیی، داوای لێ کرا دان بە هێزی خوداوەندو سوودی نەزردا بنێ.. وا بەرسڤی دایەوە: بەڵام کوانێ تابلۆی ئەوانەی خنکان و لە نێو دەریادا مردن، هەرچەندە باوەڕدار بوون و نەزرو نزاشیان کرد؟ هەموو ئەفسانەو شتە پڕوپووچەکان چون یەکن، جا چ زادەی نجوومگری، یان خەون، یان کۆتر، یان هەڵۆو شتی لەم چەشنە بن.

مرۆڤ پاش ئەوەی بەپێی ویستی خۆی لە بڕیاردانی مەسەلەکە دەبێتەوە، دەبینین پەنا بۆ ئەزموون دەبات و، ئەویش ملکەچ دەکات و لەگەڵ رای خۆیدا جووتی دەکات و، وەك دیلێك لە کاروانێکدا دەیڕەتێنێ. بە کورتی عەقڵی مرۆڤ وەك تیشکێك نییە، بەڵکو دەکەوێتە بەر کاری ویست و ئارەزووەکان.

لەم رووەوە بیکۆن رێنماییەکی زێڕینمان پێشکەش دەکات، بۆ ئەوەی هەر قوتابییەکی سروشتناس وەك رێسایەك پەیڕەوی بکات، ئەویش ئەوەیە هەر شتێکی عەقڵی گلی دایەوەو باوەڕی پێ کرد، ئەو بیخاتە بەر گومانەوە. بۆ ئەوەی هێمنی و بێگەردیی عەقڵ بپارێزین، بایەخێکی زیاتر لە کاتی بەسەرکردنەوەی ئەم پرسیارانەدا بنوێنین. ناشبێ رێ بە عەقڵ بدرێت لە پرس و باسی دیاری کراوەوە باز بدات و هەڵفڕێ بەرەو شتی بەدیهی و دوورو گشتی و گشتگیر... نابێ باڵ بە عەقڵ ببەخشین، چاکتر ئەوەیە بە سەنگ و شتی قورس بیبەستینەوەو، لە

بازدان و هەڵفڕین دووری بخەینەوە. لەوانەیە خەیاڵ و مەزەندە دژوارترین دوژمنی عەقڵ بن، لەگەڵ ئەوەی تەنیا دەبێ بخرێنە بەر ئەزموون و تاقیکردنەوە.

دووەمین گرووپی هەڵەکانی عەقڵ کە بیکۆن بە (وەهمەکانی ئەشکەوت) ناوزدەی کردوون، ئەو هەڵانەن کە تایبەتن بە تاکە کەسی مرۆڤ، (چونکە هەموو مرۆڤێك ئەشکەوتێکی تایبەت بە خۆی هەیە، رووناکییەکانی سروشت لار دەکاتەوە و رەنگیان دەگۆڕێت)، ئەم ئەشکەوتەش تەبیعەتی ئەوە، هەروەکو سروشت پێکی هێناوە، هەروەها میزاج یان باری جەستەو عەقڵی. بۆ نموونە هەندێ عەقڵ مەیلی شیتەڵ کردنی هەیەو، لایەنەکانی جیاوازی و ناتەبایی شتەکان لە هەر کوێیەکدا دەبن، بەدییان دەکات، هەندێ عەقڵیش هەر بە تەبیعەت لێکدانکارە، بە لای دروست کردن و لێکداندا دەچێت و، لایەنەکانی وێکچوونی شتان بەدی دەکات. زاناو نیگارکێشان سەر بەگرووپی یەکەمن، فەیلەسوف و شاعیرانیش سەر بە گرووپی دووەمن. گەلێ ئەقڵ بە لای ئەوەدا دەچن رێز لە هەموو شتێکی کۆن بگرن، هەندێکیش سەرگەرمانە هەموو شتێکی نوێ لە ئامێز دەگرن، زۆر کەمیش دەتوانن لە ئاستی میانڕەوی و ناوەڕاستدا بمێننەوە، ئەو شتە راستانە لە ناو نادەن کە پێشینان دایان هێناون و، بە چاوێکی سووکیش ناڕواننە داهێنراوە تازەو بەسوودەکان، چونکە راستەقینە لایەنگیری و خۆمانە خۆمانە ناناسێ.

سێیەمین گرووپی هەڵەکانی عەقڵ وەهمەکانی بازاڕە، کە لە ئاکامی بازرگانی و گردبوونەوەی خەڵك لەگەڵ یەکدا دروست دەبن. چونکە خەڵکی بە زمان یەکدی دەدوێنن، کە بە گوێرەی هۆشمەندیی خەڵکی بازاڕ عەوامی خەڵك، وشەو پەیڤەکانی بەسەر خەڵکدا سەپێندراون، کە لە ئاکامی خراپ گەڵاڵە بوونی ئەو پەیڤانەو نەگونجانیان، زۆر بە توندی عەقڵ و هۆشمەندی دوا دەخات. فەیلەسوفان دەربارەی ئەو هۆیەی نابێتە بەرهۆ یان ئەو بزوێنەری نابزوێت قسە دەکەن، بەڵام ئایا مەبەست لەم رستەو دەستەواژانە، شاردنەوەی بێ ئاگایی حەیابەرانەو بێ پەردەی ئەوان نییە؟ لەوانەشە نیشانەیەك بێت بۆ ویژدانێکی بەدکارانەی ناخی ئەوان. هەموو عەقڵێکی ئەمین و بێگەرد دەزانێ کە مەحاڵە بەرهۆیەکی بێ هۆ یان بزواوێکی بێ بزوێنەر هەبێت. لەوانەیە مەزنترین بینای تازەی فەلسەفە ئا ئەمە بێت، واتە راگرتنی درۆ بێت لە نێویدا.

دوایین گرووپی هەڵەکانی عەقڵ، ئەو وەهمانەیە کە لە رێی تیۆری و تێزە جۆربەجۆرەکانی فەیلەسوفان و، یاساکانی پەیوەست بە بەڵگەو گەواهیی هەڵەوە پێمان گەیشتوون، کە بیکۆن بە وەهمەکانی شانۆ ناوزەدی کردوون. هەر هەموو ئەو سیستەمە فەلسەفییانەی ماوە نا ماوە لە



رێی فەیلەسووفانەوە پێمان دەگەن، تەنیا دەقی شانۆیین و جیهانێك نمایش دەکەن، کە خودی فەیلەسووفان بە شێوازی دەقی شانۆیی دایانهێناون... لەوانەشە هەمان ئەو شتانەی لە شانۆنامەی شاعیراندا بەدییان دەکەیت، لە دەقەکانی ئەو شانۆییە فەلسەفییەشدا بەدییان بکەیت، ئەو چیرۆکانەی بۆ شانۆ داهێنراون، لە چیرۆکە راستەقینەکانی مێژوو پتەوترو گونجاوترو بەتام و چێژترن. جیهان بەو جۆرەی ئەفلاتوون باسی دەکات جیهانێکە هەر ئەفلاتوون پێکەوەی ناوە، پتر ئەفلاتوون وێنا دەکات تا خودی جیهان.

مادام تا ئێستاش هەر ئەم وەهمانە بە شەقەی باڵ بەرەو هەوامان دەبەن، ئەوە لە رێی گەیشتن بە راستەقینە هەنگاو نانێین، ئێمە پێویستمان بە شێوازی تازەیە بۆ بیرکردنەوە، هەروەها هۆکاری نوێشمان پێویستە بۆ تێگەیشتن و هۆشمەندی. هەروەك چۆن بەر لەوەی قیبلەنما بدۆزینەوە، مەحاڵ بوو ئەمریکاو دەڤەرەکانی هیندی رۆژاوا بدۆزینەوە، سەیر نییە کە دۆزینەوەکانی هونەر زۆر بەرەو پێش نەچن، کە هونەری داهێنان و دۆزینەوەی زانستەکانیش نادیار بن، لە زەمانێکی وەك رۆژگاری ئەمڕۆ کە دۆزراوە ماددی و جوگرافییەکانی جیهان فراوان بوونێکی زۆریان بەخۆوە دیوە، نەنگە کە جیهانی هزرو هۆشمەندی بە داخراوی لە نێو سنووری تەسکی دۆزراوە کۆنەکاندا بمێنێتەوە.

لە دوماهیشدا ئاستەنگ و زەحمەتییەکانمان بەرەنجامی ئەو بیرو باوەڕو بۆچوونانەیە کە وەك بەربەستێك وان لە رێی گەیشتنمان بە راستەقینە. ئێمە ناگەینە راستییەکی نوێ، چونکە هەندێ مەسەلە یان رای رێز لێ گیراو وەك مەسەلەیەکی سەلمێنراو، کە جێی مشتومڕ نین، قبووڵ دەکەین، لە کاتێکدا ئەو مەسەلەو رایانە هی ئەوەن بخرێنە بەر پرسیارو بە هەڵەدا بکەون. ئێمە ئەو مەسەلە سەلمێندراوانە وەك خاڵی بەرایی بەکار دەهێنین لە پشکنینداو، هەرگیز بیر لەوە ناکەینەوە، ئەم مەسەلە سەلمێندراوانە بخەینە بەر پشکنین و تێبینی و ئەزموونەوە، چونکە مرۆڤ کە لە یەقینەوە دەست پێ بکات لە گوماندا دەگاتە کۆتایی، بەڵام کاتێ قایل دەبێت لە گومانەوە دەست پێ بکات ئەوە لە یەقیندا دەگاتە کۆتایی. ئا لێرەدا سەرنجێك هەیە کە مۆرکی فەلسەفەی نوێیە، هەروەها بەشێکە لە راگەیاندنی سەربەخۆیی خۆی، تەنانەت دیکارتیش باس لە پێویستیی (شێوازەکانی گومان) دەکات، کە پێویستە بۆ ئەوەی بیر بە ئاراستەیەکی سەلامەتدا بڕوات. جا بیکۆن دەست بە پێشکەش کردنی خەسڵەتەکانی رێکاری پشکنین و بەدواداگەڕانی زانستی دەکات، کە مایەی رێز و ستایشە. (ئا لەوێدا ئەو ئەزموونە بچووکەی گەر وەك ئەوەی

که بۆمان دێت حیسابی بۆ بکەین، ئەوکات پێی دەگوترێت نمایشێکی (ئەزموونکارانە)، گەر لێشی بکۆڵینەوە دەبێتە ئەزموون... رێکاری ئەزموونی راستەقینە یەکەمین جار مۆمەکە دادەگیرسێندرێت (گریمانە)، پاشان بە یارمەتیی مۆمەکە رێیەکە دەردەکەوێت (رێکخستن و تازە کردنەوەی ئەزموونەکە)، ئینجا بە کارامەیی و رێکی لە یەك کاتدا دەست بە ئەزموونی رێکخراوو ئەزموونی ئەزبەر کراو دەکرێت، لەوانە بەئاکام هێنانی سەرەتاکان، لەم سەرەتایانەی کە دادەندرێن بۆ جاری دووەم ئەزموون و تاقیکردنەوەی نوێ دەکرێت). لێرەداو هەروەك لە بڕگەیەکی دیکەشدا، باس لە ئەنجامی ئەزموون و تاقیکردنەوە سەرەتاییەکان دەکات، وەك بەروبوومی یەکەم بۆ رێنمایی کردنمان بەرەو لێکۆڵینەوەی دی، دان پێدا نانێك ئاشکرایە بۆ پێویست بوونی گریمانەو ئەزموون و بەرئاکام، کە هەندێ لە رەخنەگرانی بیکۆن گریمانەی ئەوە دەکەن، کە بە تەواوی فەرامۆشی کردوون. لەبری کتێب و دابونەریتەکان دەبێ روو بکەینە سروشت و، بیخەینە بەر لێپرسینەوەو ناچاریشی بکەین، تەنانەت دژ بە خۆشی گەواهی بدات، تا دەتوانین ملکەچی خواستەکانمانی بکەین و لە رێی مەبەستەکانی خۆماندا بەکاری بهێنین. دەبێ لە هەموو لایەکەوە دەست بە کۆکردنەوەی (مێژوویەکی سروشتی) بۆ جیهان بکەین، کە بە یەکگرتوویی زانایانی هەموو ئەوروپا پێکییەوە بنێن. دەبێ بەرخوێندنەوە (استقراء)مان هەبێت، ئەم بەرخوێندنەوەیە ناکاتە ژماردن و ئامارێکی سادەی هەر هەموو ئەو زانیارییانە، چونکە ئەم شتە نە کۆتایی دێتو نە سوودێکی هەیە، لە دەسەڵاتی هیچ بابەتێکی کۆکراوەدا نییە زانستێك بێنێتە بەرهەم، (کە رێك وەك راوکەرێك وایە کە لە دەشتێکی کاکی بەکاکیدا راوی نێچیرێك بکات)، دەبێ گۆڕەپانەکەمان بەرتەسك و بەرژێندار بکەین بۆ ئەوەی نێچیرەکەمان راو بکەین. هەروەها هۆکاری بەرخوێندنەوە دەبێ رێکارێکی تەکنیکیش بگرێتەوە بۆ لێك جیاکردنەوەی رێکخستنی زانیارییەکان و لادانی هەر گریمانەیەکی کە تێیاندا بێت. بەم جۆرە بە لادان و نەهێشتنی هەر شتێکی کە پەیوەندیی بەو دیاردەیەوە نەبێت، کە خستوومانەتە بەر لێکۆڵینەوە، ئەو کات تەنیا یەکێکیان بۆمان دەمێنێتەوە. لەوانەیە بە سوودترین شتی ئەم رێکارە تەکنیکییە (سفری زیاترو کەمتر) بێت، کە نموونەی جووت سیفەت یان جووت حاڵەتی دەگرێتەوە، پێکڕا لە زیادو کەمی دەدەن، هەروەکو گریمانە دەکرێت لە یەك کاتدا پەیوەندییەکی هۆکاربەندی لە نێوان دیاردە گۆڕاوەکانی سروشتدا بدۆزێتەوە. بەم جۆرە کاتێك بیکۆن دەربارەی گەرمی دەپرسێت، لە کۆمەڵە فاکتەرێك دەگەڕێ، کە لەگەڵ زیاد بوونی گەرما زیاد دەکەن و لەگەڵ کەم بوونیشی کەم



دەکەن، پاش لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژ، پەیوەندییەکی دروستی لە نێوان ئاگرو جوولەدا دۆزییەوە، بەو ئاکامەش گەیشت کە گەرمی وێنەیەکی جوولەیە، یان بە دەستەواژەیەکی روونتر، جوولە هۆیەکە بۆ گەرمی. ئەم ئاکامەی بیکۆن پێی گەیشت دەربارەی هۆی گەرمی، یەکێکە لە شتە کەم و تایبەتەکانی لە بواری زانستە سروشتییەکان.

بەڵام کۆکردنەوەی زانیاری و شی کردنەوەیان، بەرەو ئەوەمان دەبات کە بیکۆن ناوی ناوە (وێنە)ی ئەو دیاردە سروشتییەی لە پێکهاتەی نادیارو، گەوهەری ناوەوەی دەکۆڵینەوە. تێزی وێنە لە لای بیکۆن تا رادەیەکی زۆر بە تێزی نموونەکان دەچێت لە لای ئەفلاتوون: میتافیزیکی زانست، کاتێك باسی وێنە دەکەین مەبەستمان شتێکی دی نییە بێ لەو یاساو رێساو رێکخستنانەی کاری سادەو ساکار، کە هەموو سروشتێکی سادە رێك دەخات و پێکییەوە دەنێت... بۆیە وێنەی گەرمی و وێنەی رووناکی لەوە زیاتر نین کە یاسای گەرمی یان یاسای رووناکین.

(سپینۆزاش هیمەتێکی هاوشێوەی ئەمەی درکاندووە؛ یاسای بازنە خودی گەوهەرەکەیەتی). چونکە وێڕای ئەوەی لە سروشتدا تەنی تاك تاك هەیە، کە بەپێی یاساگەلی تایبەت کارلێکی تاکانەی روون دەنوێنن، وێڕای ئەوە لە هەر لقێکی زانست و زانیندا، دەبینین ئەم یاسایانە و گەڕان بە دوایاندا دۆزینەوەو پەرەپێدانیان، هەر لە رێی روانین و کارەوە بەدی دێن، لە رێی کاروباری تیۆری و کردارییەوە، جیا کردنەوەی هەر تاکێك هیچ سوودێك بەدەستەوە نادات. ئەو زانینەی کارێك ناهێنێتە بەرهەم، زانینێکی تەڵخ و بێ خوێنەو شایانی بایەخ پێدانی خەڵك نییە. ئێمە تێدەکۆشین تا وێنەی شتەکان فێربین، نەك تەنیا هەر لەبەر خودی وێنەکان، بەڵام ئێمە لە سایەی ناسینی وێنەکان (یاساکان)دا، لەوانەیە بتوانین بەپێی ئارەزووەکانمان، لە نوێ شتەکان دروست بکەینەوە.

بەم جۆرە بیرکاری دەخوێنین بۆ ئەوەی بڕو بارستایی و قەبارەی پێ بژمێرین و پردی پێ دروست بکەین، دەروونناسییش دەخوێنین بۆ ئەوەی رێ بەدێیی بکەین و لە چەم و جەنگەڵی کۆمەڵ رزگارمان بێت. گەر زانست توانیی بە دروستی و رەوانی وێنەی شتانمان بۆ بدۆزێتەوە، ئەوسا جیهان دەبێتە ماتریاڵێکی خاو بۆ دامەزراندنی چاکەشار (المدینە **الفاضلة**)، کە نیەتی دامەزراندنی لە ئارادایە.

**٣- چاكەشاری زانست:**

بەو ڕێكارەی بیكۆن ڕاڤەی كرد زانست پوختە بكرێت و بگەیەندرێتە پلەی كەماڵ و، سیستەمی كۆمەڵایەتییش پوختە بكرێت، بە دانانی زانست لە ژێر دەسەڵات و كۆنترۆڵی خۆمان، دەگەینە ئامانجی بەدی هێنانی چاكەشاری نموونەیی، كە هەزاران ساڵە مرۆڤ چاوی تێ بڕیوەو هیواكانی پێدا هەڵواسیوە. ئەمەیە شێوەی ئەو جیهانەی بیكۆن لە كتێبە كورتەكەیدا بۆمانی وەسف كردووە، كە ناوی (ئەتلەنتسی نوێ) بوو، دوایین بەرهەمی ئەوەو دوو ساڵ بەر لە كۆچی دوایی بڵاوی كردەوە، كە نووسەرێكی ئینگلیز لە بارەییەوە دەڵێ (مەزنترین خزمەتێكە كە بیكۆن پێشكەش بە زانستی كرد). ئا لەم كتێبەدا بیكۆن وێنەی كۆمەڵگایەكمان بۆ دەكێشێ، كە لە دوماهیدا زانست شوێنی شایستەی خۆی تێدا بەدەست هێناوە وەك گەورەی شتان. ئەم چاكە شارەی بیكۆن پەسنی كردووە، شارێكی شاهانەی نێو خەیاڵە، سروشی بە گەلێ لەو زانایانە بەخشی، كە لە پێناو گەیشتن بە زانین و داهێنان و، قەڵاچۆ كردنی نەزانی و نەخۆشی، خەباتیان دەكردو وەك ئامانجێكی ئەوان بوو بەدرێژایی سێ سەدە. ئا لێرەدا لەم چەند لاپەڕە كەمەدا، لە ئاست ڕاستیی بیكۆن و (وێنەكەی) و یاسای بوون و ژیانی و، خواستی ڕۆحیی دەوەستین.

لە (تیماوس)دا ئەفلاتوون باسی ئەفسانەی ئەتلەنتسی دێرینی كردووە، ئەو كیشوەری لە دەریاكانی ڕۆژئاوادا نقووم بووە. بیكۆن و كەسانی دیكەش، ئەمریكای نوێیان بە ئەتلەنتسی دێرین و نقوم بوو چواند، كە كۆلۆمبس و كابووت دۆزییانەوە. كیشوەری مەزن نقوم نەبوو، بەڵكو لەبەر بێ جەرگیی خەڵك لە بڕینی دەریاكان نقوم بوو. كیشوەری دێرینی ئەتلەنتس ئێستا ناسراوە (ئەمریكا)، گەلێكی توندوتیژیشی تێدا دەژیت كە بە دانیشتووانی ئەو چاكە شارە ناچن كە بیكۆن وێنای كردووە. ئەتلەنتسی نوێ وا هاتە پێش چاو، دوورگەیەكە لە نێو زەریای دووری هێمندا، كە بێ لە ماجیلان و درێك كەسێكی لێ نەپەڕیوەتەوە. دوورگەیەك بە ئەندازەی پێویست لە ئەورووپاو زانینەوە دوورە، بۆ ئەوەی ڕووبەرێكی فراوان و بەرین بۆ وێنا كردنی چاكەشاری نموونەیی بەدەستەوە بدات.

چیرۆكەكە بە كارامەییەكی مەزن و بە سادەیی دەست پێ دەكات. بە نیازی چین و ژاپۆن لە (پیرۆ)وە ملمان لە دەریا ناو ڕێی دەریای باشوورمان گرتەبەر، بێ چركەییەكی دوورو درێژ باڵی بە سەرماندا كێشا، چەند هەفتەیەك گەمییەكان بە ئارامی بە ڕووی ئاوی زەریاوە لەنگەریان گرت، زەریایەكی بێ سنوورو گەمییەكانیش هەر چەشنی وردە پنتی سەر ئاوێنە. لەوەدا بوو زەخیرەی



سەرچاڵان نەمێنێ، هەر ئەوكات بایەكی توند هەڵی كرد، بێ پەرەوا گەمییەكانی بەرەو باكوور پاڵ دا، هەر بەرەو باكوور و باكوور تا بە قووڵایی دەریایەكی بێ كۆتاییدا چووین. كەوتینە كەم كردنەوەی ژەمە نانەكانمان، نەخۆشییش كەوتە نێو دەریاوانەكان، لە دوماهیشدا كە دەریاوانان خۆیان بە دەستی مەرگەوە دا، شتێكیان بینی، خەریك بوو باوەڕ بە چاویان نەكەن، دوورگەیەكی جوان لە ئاسۆوە دیار بوو. كاتێك گەمییەكان لە كەنار نزیك بوونەوە، خەڵكی بە درندە بوویان نەدیت، بەڵكو خەڵكیان بینی سادەو پاك و بەرگی جوانیان لەبەردا بوو، زۆر بە ڕوونییش پێشكەوتن و زیرەكییان پێوە دیاربوو.

ڕێیان بە دەریاوانەكاندا دابەزنە سەر كەنار، ئەوەشیان پێ ڕاگەیاندن كە حكوومەتی دوورگەكە ڕێ بە بیانییان نادات بمێننەوە، بەڵام لەبەر نەخۆشیی دەریاوانان، ڕێ بەوان دەدرێت، تا ئەو كاتەی چاك دەبنەوەو دووبارە شیفایان دێت، هەر هەموویان لەوێدا بمێننەوە.

لەو چەند هەفتەیەی عیلاج و پشوودان، ڕۆژ دوای ڕۆژ نهێنییەكانی ئەو گراڤەیان دەدۆزییەوە. یەكێ لە دانیشتووانی گراڤەكە پێی گوتن، كە بەر لە هەزارو نۆ سەد ساڵ كەسێك حكومڕانیی ئەوێی كردووە، كە تا ئێستا یادی ئەو لە دڵی ئەواندا زیندووەو مایەی خۆشەویستی و پیرۆزییە.. ناوی سلێمان بوو، ئێمە بە یاسادانەری یاساكانی وڵاتی دادەنێین، دڵێكی گەورەی هەبوو، ژیانیشی لە پێناو بەختەوەریی گەل و وڵاتەكەیدا بەخت كرد. لە نێو تێكڕای كارە مەزنەكانی، كە لە هەر هەموویان بەرزترو پایەدارترە، دامەزراندنی پەیمانگایەك بوو، كە ناومان لێ ناوە (ماڵی سلێمان)، كە بە بڕوای ئێمە مەزنترین و جوامێرانەترین دەزگایەكی سەر زەوییەو گەوهەری ئەم شانشینەشە.

پاش ئەوە هێندە بە ڕەوانی پەسنی (ماڵی سلێمان) دەكات، كە نووسەری ناوداری ئینگلیز و توندترین كەسێك كە بیكۆنی دابێتە بەر ڕەخنە (ماكولی)ی ناچار كردووە دانی پێدا بنێت و بڵێت (بڕگەیەك نابینینەوە كە لەو بڕگەیەی بیكۆن تێیدا پەسنی ماڵی سلێمان دەكات، قووڵترو دانایانەترو دیارتر بێت).

ماڵی سلێمان لە ئەتلەنتسی نوێدا هەر چەشنی پەرلەمانە لە لەندەن، هەروەها بارەگای حكوومەتی دوورگەكەیە. بەڵام ئەو ماڵە سیاسەتمەداری خۆ بەزل زان و هەڵبژێردراوی تێدا نییە، هەروەك كارلیل دەڵێ زۆربڵێیی و دووڕوویشی تێدا نییە، هەروەها نە پارت و نە كۆبوونەوەی سیاسی و، نە هەڵبژاردنی بەرایی و، نە كۆنگرەو نە هێرشی سیاسی و، نە نیشانەی پارتایەتی و،

نه بەلاڤۆك و چاپەمەنییەك، کە بەسەر دەنگدەراندا دابەش دەکرێت و، نه سەروتاری رۆژنامەو، نه قسەو لێدوانی سیاسی و، نە درۆو نە هەڵبژاردنی تێدایە. بیرۆکەی وەرگرتن و پڕکردنەوەی پۆستەکان بەم هۆکارە جەرگبڕانە، هەرگیز دانیشتووانی گراڤی ئەتڵەنتس بیریان لێ نەکردووەتەوە. بەڵام ڕێی گەیشتن بە لووتکەی ناوبانگی زانستی، لە بەردەم هەمووانـدا کراوەتەوە. ئەوانەی بە حوکمی بەهرەو تواناکانیان ڕێگاکە دەبڕن، لە ئەنجوومەنەکانی دەوڵەتدا دادەنیشن. ئەمە حکوومەتی گەلە بەسەر گەلەوەو، دەستەی هەڵبژاردەی گەلیش بەڕێوەی دەبات. حکوومەتێکە کاروبارەکانی لە لایەن تەکنیکاران و، کیمیاگەران و، ئابووریناسان و، کۆمەڵناسان و، دەروونناسان و، فەیلەسووفانەوە بەڕێوە دەچێت.

لە راستیدا حکوومەتێك لە ئەتڵەنتسی نوێدا نییە، چونکە ئەو دەسەڵاتدارانە بە زاڵ کردنی دەسەڵاتیان بەسەر سروشت و، پتر کۆنترۆڵ کردنییەوە، پتر خەریکن تا حوکمڕانی کردنی گەل، (مەبەست لە دەزگاکەمان درك کردنە بە هۆکار و جوولەی نادیاری شتەکان، هەروەها فراوان کردنی رووبەری ئیمپراتۆریەتی مرۆڤانە، بۆ ئەوەی کار لە هەر شتێکدا بکەین کە دەکرێ)، ئەم رستەیە کلیلی بیکۆن و کتێبەکەیەتی. دەسەڵاتداران بە لێکۆڵینەوە لە ئەستێرەکان و، زۆر چاك سوود وەرگرتن لە تاڤگەکان لە بواری پیشەسازی و پەرەپێدانی هەڵم و گازەکان بۆ چارەسەر کردنی هەمەجۆر نەخۆشی و، ئەنجامدانی ئەزموون لەسەر ئاژەڵان بۆ ئەوەی زانیاریمان لە نەشتەرگەریدا زیاد بکات و، بۆ ئەوەی جۆری تازەی رووەك و گیاندارمان بە لێکدان و دووڕەگی و چەند رەگی، دەست بکەوێت و، گەلێ شتی دیکەی لەم جۆرەوە خەریکین. خەریکە لە فڕیندا لاسایی باڵندەش بکەینەوە و، لە فڕین لە نێو هەوادا بگەینە ئاستێکی شایستە، هەروەها بەلەم و کەشتیمان هەیە کە بە ژێر ئاودا دەڕۆن، لە وڵاتیشدا بازرگانییەکی دەرەکیمان هەیە، بەڵام لە جۆرێکی نائاسایی، چونکە گراڤەکە بەرهەمی هەیەو ئەوەی دەیهێنێتە بەرهەم بەکاریشی دەبات. لە پێناو دابین کردنی بازاڕی دەرەکیشدا جەنگ بەرپا ناکات، بازرگانیی ئێمە نە لە پێناوی زێڕ یان زیو یان خشڵەو، نە بۆ ئاوریشم و، نە بۆ بەهارات و نە بۆ هیچ جۆرە کەرەستەو کاڵایەکی دیکەیە، بەڵکو تەنیا بۆ ئەو شتەیە کە یەکەمین جار خودا دایهێنا کە زانستە، بۆ ئەوەی پێشکەوتن و زانین لە هەموو گۆشەو کەنارێکی جیهان بەدەست بهێنین. بازرگانانی زانست ئەندامی ماڵی سلێمانن، هەر دوازدە ساڵ جارێك دەنێردرێنە دەرەوە بۆ ئەوەی لە نێو گەلانی بیانیدا لە هەر وڵاتێك لە وڵاتانی دنیای ژیارداردا بژین و زمانی ئەو گەلان فێر بن، زانست و



پیشەسازی و ئەدەبی ئەو گەلانە بخوێنن، لە کۆتایی دوازدە ساڵەکەشدا دەگەڕێنەوە، راپۆرت دەربارەی دیتن و لێکۆڵینەوەکانیان پێشکەش بە سەرکردەکانی ماڵی سلێمان دەکەن. هاوکات دەستەیەکی دیکەی نوێ لە زانایانی ئاگادار جێی ئەوان دەگرنەوە لە هەندەراندا. بەم جۆرە چاکترین شتی ئەم جیهانە دێتە نێو ئەتڵەنتسی نوێوە.

وێڕای چڕی و کورتیی پەسنەکە، ئێمە جارێکی دی پوختەی هەرە چاکە شارێکی تێدا دەبینین کە فەیلەسووفان دایان نابێت. پیاوانی داناو هۆشمەند، میانڕەوانەو ئاشتییانە رێنمایی گەلەکەیان دەکەن، بە راستی خەونی هەر هزرەوەرو بیرمەندێك ئەوەیە کە سیاسەتکاران بە زانایان بگۆڕێت. ئەم ئاواتە پاش ئەو هەموو بەرجەستە کردنە، بۆچی وەك خەونێك ماوەتەوە، هۆیەکەی ئەوەیە بیرمەند رۆشنبیرێکی خاوەن خەونی فراوانە، هەوڵی ئەوەش نادات بێتە مەیدانی کارەوە، بۆ ئەوەی بیروڕاکانی بەرجەستە بکات و لە دنیای راستەقینەدا نمایشیان بکات، چونکە خواستی رۆحی بەرتەنگ و ئالوودەی موڵك و دارایی، بۆی نووسراوە هەتا هەتایە بەسەر ئاواتە ناسك و جوان و پوختە کراوەکانی فەیلەسووف و پیاوچاکاندا زاڵ بێت، یان ئەوەتا هێشتا زانست هێندە پەرەی نەسەندووەو نەگەیشتووەتە ئاستی پێگەیشتن و هێزی هۆشمەندانە؟ تەنیا ئا لەم رۆژانەدا سروشتناس و کیمیاگەرو تەکنیکاران بەوە گەیشتن، گەر دەزگاکانی زانست رۆڵێکیان لە پیشەسازی و جەنگدا هەبێت، ئەوە ئەوانیش لە بواری کۆمەڵایەتیدا پێگەی بنچینەییان دەبێت. ئاماژە بەو کاتەش دەکات کە تێیدا ئەوان لە سایەی رێکخستنی خۆیانەوە بتوانن جیهان بکەنە پشتیوانی خۆیان و رازی بێت بەو بانگەشەیەی، کە ئەوانە سەرکردایەتیی تێدا بکەن. لەوانەیە هێشتا زانست شایستەی ئەوە نەبێت حوکمڕانێتیی جیهان بکات، لەوانەشە پاش ماوەیەکی کورت بگاتە ئەو ئاست و شایستەییە.

## ٥- رەخنە:

جا ئایا ئێستا فەلسەفەی بیکۆن هی ئەوەیە رێزی بگرین؟ ئایا شتێکی تازەی تێدا هەیە؟ نووسەری بەناوبانگی ئینگلیز ماکوولی لای وایە، ئەو خوێندنەوەیەی بیکۆن باسی دەکات، بابەتێکی زۆر کۆنە، شایانی ئەو هەموو بایەخ پێدان و پێگەیە نییە. ئەو شێوازی خوێندنەوەو پێشبینییەی ئەو باسی دەکات، لەوەتای دنیا دنیایە هەموو مرۆڤێك لە بەیانییەوە تا ئێوارە دەیکات. ئەو کەسەی دەڵێ گۆشت خواردن لەگەڵ تەندروستیی ئەودا ناگونجێ، چونکە پاش

خواردنی گۆشت تووشی نەخۆشی هاتووە، هەر کاتێ لە خواردنی گۆشتیش دوور بکەوێتەوە هەست بە چاك بوونی باری تەندروستیی خۆی دەکات، هەروەها هەرچەندی گۆشتی زیاتر بخوات هەست دەکات تەندروستیی خراپتر دەبێت، بە کەمتر خواردنی گۆشتیش نەخۆشییەکەی سووکتر دەبێت. ئەو کەسە بەبێ ئەوەی هەست بکات، هەموو ئەو شتانە دەکات، کە بیکۆن بە خوێندنەوە پێی گەیشتووە. هەڵبەت زۆر بە دەگمەن ئەو کەسە یان کەسێکی دی پەنا دەباتە بەر ئەم شێوازە، ئەویش پەیڕەو کردنی شێوازی کەم و زۆر بە وردی. بەڵکو پتر ئەو کەسە لە خواردنی گۆشت بەردەوام دەبێت. سەرەڕای ئێش و ئازاری گەدەی. باوەکو ئەو کەسە لە چاودێری کردنی تەندروستیی خۆی هۆشیار و عاقڵمەندیش بێت، بیکۆن لەوە بێ بەش ناکات کە شێوازێکی گرنگی هەیە، چونکە لۆژیك ئەوەیە ئەزموونی دانایان ڕێك بخات. ئەرکی سیستەمیش لەوە زیاتر نییە، کە هونەری کەمینە بکاتە زانست تا گشت لایەك بیخوێنن.

بەڵام، ئایا ئەم شێوازی خوێندنەوەیە لە دانان و داهێنانی بیکۆنە؟ ئایا ئەو شێوازەی سوکرات پەیڕەوی کرد خوێندنەوە نەبوو؟ ئایا شێوازی بایۆلۆژییانەی ئەستۆش شێوازێکی خوێندنەوانە نەبوو؟ ئایا ڕۆجەر بیکۆنیش بانگەشەی بۆ هەمان ئەم شێوازی خوێندنەوەیە نەکردو پەیڕەوی نەکرد کە فرەنسیس بیکۆن بانگەشەی بۆ کرد؟ ئایا گالیلۆ شێوازێکی چاکتری پێناسە نەکرد کە زانست بۆ گەیشتن بە راستی بەکاری هێنا؟ ئەم شتە سەبارەت بە ڕۆجەر بیکۆن راستە، سەبارەت بە گالیلۆ کەمتر راستە، تەنانەت سەبارەت بە ئەرستۆش کەمتر راستە، کەمتری کەمتریش سەبارەت بە سوکرات. گالیلۆ پتر دەربارەی ئامانجی زانست دواوە نەك شێوازەکەی. لە بەردەم لایەنگرانیدا ئامانجی هاوکێشە یان شێوازی بیرکارانە و چەندانەی گشت ئەزموون و پەیوەندییەکەی بەرز پیشان داوە. ئەرستۆ ئەو کاتە پەنای بردووەتە بەر خوێندنەوە کە هیچ شتێکی لە بەردەمی خۆیدا نەدیوە تا بیکات، هەروەها لەو کاتانەی ماددە بە دەم ئارەزووی ئەوەوە نەهاتووە بۆ بە دەستەوەدانی ئەنجامی تایبەت بە پشت بەستن بە گریمانەی گشتی و مەزن.

بیکۆن نەیگوتووە کە لەم شێوازەیدا تاك و تەنیایە، بەڵکو ئەو چەشنی شکسپیر دەستی گەیشتبێتە هەر شتێ، زۆر بە بەرزییەوە هەڵیگرتووە، جوانی و ڕەونەقیشی پێ بەخشیوە. هەر مرۆڤە و ژێدەری خۆی هەیە، وەك چۆن هەر جەستەیە و خۆراکی خۆی هەیە. شتی تایبەتی ئەویش ئەو شێوازەیە کە ژێدەرەکانی پێ هەرس دەکات و دەیانکاتە گۆشت و خوێن.



وەك روللی دەڵێ، بیکۆن گاڵتەی بە تێبینی و سەرنجی خەڵکانی دی نەکردووە، لە هەموو مۆمێکەوە چرای خۆی دادەگیرساند، هەروەها باسی چاکەی خەڵکانی دیکەی بەسەر خۆیەوە کردووە. ئەو ئاماژە بە شێوازی سوودبەخشی ئەبوکرات دەکات، بەم جۆرە یەکسەر بەرەو رووی کانیی راستەقینەی لۆژیکی خوێندنەوانەمان دەکات لە نێو گریکدا. لە بارەی ئەفلاتوونیشەوە دەڵێ، لەبارەی پرسیار کردن لە ڕێی شێوازی خوێندنەوەوە نموونەیەکی باش بەدەستەوە دەدات. جارێکی دی دەپرسینەوە، ئایا شێوازی ئیستقرایانەی بیکۆن دروستە؟ ئایا چاکترین ئەو هۆکارانەیە کە زانست بەکاری هێنان؟ وەڵام نەخێر زانست پەنای بۆ کۆکردنەوەی زانیاری (مێژووی سروشت) بە شێوازی ئاڵۆزی بیکۆن نەبرد. زانست بە شێوازی هەرە ئاسان کە گریمانە و ئیستیدلالە پاشان ئەزموون، گەیشتە چاکترین ئەنجام. بەم جۆرە داروین لە کاتی خوێندنەوەی وتاری مالتووس دەربارەی دانیشتوان، درکی بە بیرۆکەی پیادە کردنی گریمانەی مالتووس بەسەر گشت تەنێکی زیندوودا کرد، واتە زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان گەلێ خێراترە لە زیاد بوونی خۆراك. داروین ئەنجامێکی چاوەڕوان کراوی لەم گریمانەیەوە ئەنجامگیر کرد. گوشاری خەڵك لە پێناوی نان و خۆراك دەبێتە مایەی دروست بوونی ململانێیەك لە پێناو مانەوەدا، کە تێیدا مانەوە بۆ چاکترە. هەر جۆرێکیش نەوە بە نەوە دەگۆڕێ بۆ ئەوەی چاکتر لەگەڵ ژینگەی خۆیدا بگونجێ. (پاش ئەوەی داروین بە گریمانە و (ئیستیدلال) سنووری ئەو گرفتەی دیاری کرد، کە رووبەڕووی دەبێتەوە و بواری تێبینی و سەرنجی خۆی دیاری کرد) ئیدی رووی کردە رووی گەشی سروشت. بە درێژایی بیست ساڵ پشکنینێکی ئیستقرایانە و لەسەرخۆییانەی سروشتی کرد. وەك چۆن ئینشتاین گریمانەی تیشك لە شێوەی هێڵی چەماوە نەك راستە هێڵدا گوزەر دەکاتی، لە نیووتن وەرگرت. هەر لەمەوە گەیشتە ئەوەی کە ئەو ئەستێرەیەی (بەپێی تیۆریی راستە هێڵ) لە شوێنێکی دیاری کراوی ئاسماندایە، لە راستیدا شوێنەکەی هەندێ لەولاتر دایە. ئەزموونێکی کردو سەرنجی لێ دا بۆ ئەوەی ئاکامەکەی بپشکنێ. هەر لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە گریمانە کردن و وێنا کردن کارێکی گەورەترە لەوەی بیکۆن بۆی چوو. هەروەها شێوازی زانستییانەش زۆر لە شێوازەکەی ئەو روون و فراوانترە. بیکۆن مەزەندەی دەکرد واز لە شێوازەکەی بهێندرێ، چونکە کار کردن لە زانستدا بە شێوازێکی زانستی، دەبێتە مایەی دۆزینەوەی هۆکاری چاکتر لە شێوازەکەی ئەو بۆ لێکۆڵینەوە، ئەو لە کاتی پشوودان و دوورکەوتنەوەی لە کاروباری سیاسەت ئەو شێوازەی دۆزی بووەوە، جارێکیان گوتبووی: ئەم شتانە چەندین نەوەیان دەوێ تا پێدەگەن و

دەشێن بۆ بەکار هێنان. تەنانەت ئەوانەی بیکۆنیشیان خۆش دەوێ و پێی سەرسامن، ناتوانن ئەوە نەسەلمێنن، کە ئەو لە کاتێکدا خەریکی دانانی یاسای زانست بوو، لە بەدواداچوونی ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانەی سەردەمی خۆی سەرکەوتوو نەبوو. رازی نەبوو بیروڕاکانی کۆبەرنیك بەکار بهێنێ، هەروەها کیبەلرو چوبراهیی فەرامۆش کرد، بەهای (گلبەرت)ی بە کەم زانی و لەوە دەچێ لە هارڤی بێئاگا بوو بێت. لە راستیدا ئەو قسە کردنی پێ لە لێکۆڵینەوە خۆشتر بوو، یان رەنگە کاتی ئەوەی نەبوو بێت لێکۆڵینەوەی قورس و پڕ لە ماندوو بوون بکات. لە کاتی مردنیشیدا بەرهەمی فەلسەفی و زانستیی خۆی بە پەرش و بلاوی جێ هێشت، کە ناڕێك و لەگەڵ یەکدا نەگونجاون، هەروەها پڕن لە دووبارە کردنەوە و ناکۆکی و خواست و پێشەکی.

هونەر فراوانە و کاتیش تیژ تێپەڕە، ئا ئەمە کارەساتی گشت کەسێکی گەورەیە. گەورەیی و لە هەمان کاتدا بەهێزیی بیکۆن لەوەدایە کە شەیدای تەنیایی بوو. ئەو حەزی دەکرد باڵی بلیمەتییانەی خۆی بەسەر دەیان زانستدا هەڵدات. ئارەزووی وا بوو وەك ئەفلاتوون بێت (پیاوێکی خاوەن بلیمەتییەکی بەرز بوو، لە بان گردێکی بەرزەوە دەیڕوانییە هەموو شتەکان). لە بن باری ئەو هەموو ئەرکەی گرتییە ئەستۆی خۆی، بیکۆن هەرەسی هێنا، چونکە زۆری گرتە ئەستۆی خۆی، بۆیە سەرنەکەوت. نەیتوانی بچێتە نێو خاکی ئومێدی زانستەوە، بەڵام هەروەك کوللی دەڵێ: توانیی بگاتە سەر سنوورەکەی و هەر لە دوورەوە ئاماژەی بە سیما جوانەکانی کرد. بەرهەمی فەلسەفییانەی ئەو هەرچەندە ئێستا زۆر کەم دەخوێندرێتەوە، (ئەو عەقڵانەی بزواند کە دنیایان هێنایە جوولە). خۆی کردە دەنگی رەوانی گەشبینی و راڤەکاری سەردەمی رێنیسانس. کەسێکی وەك ئەو نابینینەوە کە هێزی بیرمەندانی بزواند بێت. بە راستی شا جیمس پێشنیارەکانی ئەوی رەت کردەوە کە دەربارەی یارمەتیدانی زانست بوون. لە بارەی کتێبە تازەکەیەوە کە دەربارەی پشکنینی تازەیە گوتی: وەك ئاشتیی خوداوەندە کە بەسەر گشت عەقڵێکدا زاڵە. بەڵام لە ساڵی ١٦٦٢دا مەزنە پیاوی دی کۆمەڵگای شاهانەیان دامەزراند، کە بووە مەزنترین کۆمەڵگەی زانایان لە جیهاندا. بیکۆنیشیان کردە نموونەی ئیلهام بەخشی خۆیان. هەروەها خوازیار بوون کە ئەم رێکخراوی لێکۆڵینەوەی ئینگلیزە رێ بۆ کۆمەڵەیەکی فراوانتری ئەوروپی خۆش بکات، هەروەك ئەوەی بیکۆن لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەربارەی پێشکەوتنی زانست هاندەری بوو. کاتێکیش خاوەن عەقڵە مەزنەکان لە سەردەمی رۆشنگەریی فەرەنسادا ئەرکی دانانی پرۆژەیەکی مەزن و پرشنگداری هزریان گرتە ئەستۆ، کە کتێبی ئەنسکلۆپیدیا بوو،



پێشکەش بە فەرەنسیس بیکۆنیان کرد. دیدرۆ گوتی: ئەگەر ئێمە لە دانانیدا سەرکەوتوو بین، بێگومان زۆر قەرزاری بیکۆن دەبین، کە لە کاتێکدا لە زانست و هونەر نەبوو، ئەو پلانی فەرهەنگێکی جیهانیی داڕشت دەربارەی زانست و هونەر. ئەم بلیمەتە بێ وێنەیە دەربارەی ئەو شتانەی نووسی کە پێویستە فێریان بین، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ئەستەم بوو مێژوو بۆ شتانی ناسراو دابنێی.

دالیمبێرت بیکۆنی بە مەزنترین و رەوانترین و شارەزاترین فەیلەسووف ناوزەد کرد. کۆنگرەش بەرهەمەکانی بیکۆنی لەسەر ئەرکی دەوڵەت بلاو کردەوە. گشت رەوت و کارێکی هزری لە بەریتانیا بەپێی فەلسەفەی بیکۆن بەڕێوە چوو. بۆ تێگەیشتن لە جیهانی میلێ شێوازێکی دیموکریتیسی و میکانیکیی خستەڕوو. کە ئیلهامی خاڵی دەسپێکی بە (هۆبز)ی سکرتێری بەخشی، بۆ ئەوەی رێبازی ماددیی خۆی بەدی بکات. هەروەها شێوازی (ئیستیقرا)یانەی ئەو ئیلهامی دەروونناسیی ئەزموونگەریی بە جۆن لووك بەخشی، کە پەیوەست بە تێبینی و لە لاهووت و میتافیزیك ئازاد بوو.

بیکۆن دەنگی گشت ئەوروپاییەکان بوو کە کێشوەری ئەوروپایان لە جەنگەڵێکەوە کردە خاکی گەنجینەی هونەر و زانست و کردیانە سەنتەری جیهان. بیکۆن گوتی: خودا رۆحی پێ بەخشیوین کە یەکسانە بە گشت جیهان. هەموو شتێك لەبن دەسەڵات و توانای مرۆڤدایە. زەمان گەنجە. چەند سەدەیەك ساڵمان پێ بدەن، بەم جۆرە زاڵ دەبین و هەموو شتێکیش سەر لەنوێ دروست دەکەینەوە. بە لای کەمەوە فێری مەزنترین و جوامێرانەترین وانەی ژیان دەبین، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ شەڕی برای مرۆڤی نەکات، بەڵکو دەبێ شەڕ بە تەنیا دژی ئەو کۆسپ و ئاستەنگانە بکات، کە رێ لە سەرکەوتنی مرۆڤ بەسەر سروشتدا دەگرن. بیکۆن لە یەکێ لە برگە هەرە نازدارەکانی نووسینەکانیدا دەڵێ سێ جۆرە مرۆڤ هەیە. یەکەمیان ئەمانەن کە چاویان لەوەیە دەسەڵات و توانای خۆیان بەسەر وڵاتەکەیاندا زاڵ بکەن، کە جۆرێکی کەم و هیچ و پووچە، دووەمیان ئەمانەن کە هەوڵ دەدەن دەسەڵاتی وڵات بەسەر گەلانی دیکەدا بسەپێنن. ئەمانە لە جۆری یەکەم سەربەرزترن، بەڵام لە تەماح و چاوچنۆکیدا هیچیان لەوان کەمتر نییە. خۆ ئەگەر مرۆڤێك بێت و هەوڵ بدات دەسەڵاتی توخمی مرۆڤ بەسەر گەردووندا زاڵ بکات، ئەوە بێگومان خواستی ئەو مەزنتر و جوامێرانەترە لە دوو جۆرەکەی دی. ئەم خواستانەی کە گەرەکیانە بەسەر رۆحی مرۆڤدا زاڵ بن، چارەنووسی ئەویان پارچەپارچە کرد و ئەویشیان وردو خاش کرد.

## ٦- کۆتایی:

مرۆڤ سێ جۆرن، خزمەتکاری پاشا یان دەوڵەتن، خزمەتکاری ناوبانگن، خزمەتکاری کارن، هەرسێ جۆریشیان نە لە کارو نە لە کات و نە لە کەسایەتیدا ئازاد نین.. بە کۆشش و هەوڵ و ماندوو بوون سەرکەوتن دێتەدی، بە ئازاریش خەڵکی سپاردە گەورەتر دەبن. بە هیچ و پووچییش خەڵکی پایەو شەرەف بەدەست دێنن. وەستاویش هەر لە شوێنی خۆیدا دەخولێتەوە، پاشەکشە کردنیش شەرم و رووخانە.

(گۆتە) دەڵێ کەموکوڕیی مرۆڤ لە سەردەمەکەیەوە دێت، مەزنی و پیاوەتیشی لە خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم قسەیە زوڵم و هێرش بردنە بۆ سەر رۆحی سەردەم، بەڵام سەبارەت بە هەلومەرجی بیکۆن هەق و رەوایە. دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە ئاکاری باوی نێو کۆشکی شاهانەی ئەلیزابیس، (ئابووت) دەڵێ بە هەموو کەسایەتییە دیارەکان لە ژن و پیاو لێوان لێو بوون لە فەلسەفەی ماکیاڤیللی، هەروەك چۆن (رۆجراشام) لە چەند شیعرێکی خراپدا شازی رەوشتی نێو دەرباری شاژن دەخاتەڕوو، کە فێڵ و درۆ و دووڕوویی و مەرایی چوار شتی پێویستن بۆ گەیشتن بە ناز و نیعمەت، خۆ ئەگەر لەم چوار پەیڤە بێ بەش بوویت، وا چاکە برای باش بەرەو ماڵی خۆت بگەڕێیتەوە.

لەو سەردەمەدا دادوەر دیاریی لەو کەسانە وەردەگرت کە داوا و سکاڵایان لە دادگاکاندا بوو، ئەمەش نەریتێکی باوی سەردەمەکە بوو. بیکۆنیش لەم رووەوە لە نەریتی سەردەمەکەی لای نەدا بوو. واش پێدەچێ پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ شاژندا هەبوو بێت. ساڵی ١٦١٨ش کرایە بارۆنی فیرۆلام، لە ١٦٢١یشدا کرایە فیکۆنت سانت ئەلبانز. هەروەها بۆ ماوەی سێ ساڵ پۆستی راوێژکاری گرتە دەست کە مەزنترین پۆستی دەوڵەت بوو. پاش ئەوە کتوپڕ لێدرا، کە خاوەن سکاڵایەکی دۆڕاو بەوە تۆمەتباری کرد، گوایە سەبارەت بە یەکلا کردنەوەی کێشەیەکی بەرتیل لێ وەرگرتووە. بە ڕاستی شتێکی نائاسایی بوو، بیکۆن دەرکی بەوە کرد کە ئەگەر دوژمنان بیقۆزنەوە ئەمە واتە رووخانی، پێویستە لە ماڵدا گۆشەگیر بێت، چاوەڕوانی گۆڕانەکانی کرد. کاتێك بیستی کە گشت دوژمنانی داوای دەست لە کار کێشانەوەی دەکەن، بەرامبەر بە شا دانی بە تاوانەکەیدا نا. جیمس شا لە بن گوشاری پەرلەمانی سەرکەوتوودا ناچار بوو رەوانەی بەندیخانەی بکات، بەڵام هەر دوو رۆژ دواتر ئازادی کرد. پاشا لەو سزا داراییە قورسەی سەری خۆش بوو، وا دیارە شکۆی تێك و پێك نەشکا بوو. بەڵکو دەیگوت (دادپەروەرترین دادوەری



ئینگلتەرا بووم لەم پەنجا ساڵەی دواییدا).

دوایین پێنج ساڵی تەمەنی خۆی لە ماڵێدا بە ئارامی بەسەر برد، هەژارییەك تەنگی پێ هەڵدەچنی کە پێی رانەهاتبوو، بەڵام فەرامۆشیی بە خوێندنەوە و بەدواداچوونێکی چالاکانەی فەلسەفە دەهات. لەو پێنج ساڵەدا مەزنترین بەرهەمی لاتینییانەی خۆی نووسی، چاپێکی تازەی وتارەکانی بڵاو کردەوە، ئەویش پاش ئەوەی شتی تازەی خستە سەر، لەوانە مێژووی هینریی حەوتەم. گلەیی لە بەختی خۆی کرد هەر زوو لە سیاسەت دوور نەکەوتەوەو هەموو کاتی خۆی بۆ ئەدەب و زانست تەرخان بکات، تا دوایین چرکەی ژیانی هەر کاری دەکرد، لە مەیدانی شەڕی کاریشدا کۆچی دوایی کرد. لە وتارەکەیدا (دەربارەی مردن) ئاواتی خۆی خستەڕوو، کە دوور لە ئازارو نەخۆشی بمرێ. خوداش ئەم ئاواتەی ئەوی هێنایە دی. لە مانگی ئاداری ١٦٢٦دا، کاتێك لە لەندەنەوە بەرەو های گێت دەچوو، بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ گۆشتێك بخرێتە نێو بەفرەوە دەبێ تا چەند خۆی رابگرێت و تێك نەچێت؟ بڕیاری دا تاقیکردنەوەیەکی خێرا بکات. لە بەردەمی ماڵێکدا وەستاو مریشکێکی کڕی، سەری بڕی و لە نێو بەفردا شاردییەوە. هەر لەو کاتەدا هەستی بە سەرماو لەرزێکی بەتین کرد، هەستی کرد هێزی تێدا نەماوە، ئەوەشی لە خۆیدا رانەبینی بگەڕێتەوە. داوای کرد بیبەنە ماڵی لۆرد ئەرۆندل کە لەو شوێنەدا نزیك بوو. لە جێدا کەوت، بەڵام لە ژیان دانەبڕا. بە شادمانییەوە نووسیی، ئەزموونەکە ئەگەر سەرکەوتوو بوو، ئەمەش دوایین رستەیەکی ئاخاوتنی بوو. پەتای ژیانی گەرم و گوڕ و پڕ لە گۆڕانی ئەو، جەستەی شەکەتی ئەوی سمی و ئێستا کوژایەوە، چی دی توانای بەرەنگار بوونەوەی ئەو نەخۆشییەی نەما کە هێدی هێدی دڵی تەنییەوە. لە نۆی نیسانی ١٦٢٦ لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

لە وەسیەتنامەکەیدا ئەم وشە پڕ لە شانازییانەی نووسی:

(رۆحی خۆم بە خوداو جەستەشم بە نادیاری و ناوشیم بە نەوەکانی داهاتوو و نەتەوەی بیانی دەسپێرم)... نەوە و نەتەوەکانیش سپاردەکەیان قبووڵ کرد.

# بەشی چوارەم

# سپیـــــنـــۆزا

## ١- ژیننامەی:

### ١- پەراگەندە کردنی جوو:

بەسەرهاتی جوو هەر لە رۆژی پەراگەندە کردنیانەوە، لایەنێکی مێژووی ئەوروپایە. سالّی ٧٠ی (ب.ز) کاتێك رۆم دەستیان بەسەر قودسدا گرت، ئەوانیان دەربەدەر کرد. کە لە ئاکامی کۆچ و بازرگانی بەسەر گشت کیشوەر و گەلاندا پەرش و بلاّو بوونەوە، لە لایەن ئایینەکانی دیکەوە رووبەڕووی چەوسانەوە هاتن. سیستەمی دەرەبەگایەتی رێی مولّکداریی زەوی و زاری لێ گرتن، سەندیکای پیشەییش رێی پیشەسازیی لێ گرتن.

چەند سەدەیەك بەر لەوەی رۆم دەست بەسەر قودسدا بگرن، جوو بە هەموو حکوومەتێکی جیهاندا پەرش و بلاّو بوونەوە. لە سوور و سەیدا و بەندەری دیکەوە بەرەو هەندەران کۆچیان کرد، لە هەموو شوێنێکی دەریای سپیی ناوەڕاستدا بلاّو بوونەوە، گەیشتنە ئەسینا، ئەسکەندەرییە، قرتاجەننە، رۆما، مارسیلیا و خاکی دووری ئیسپانیا. پاش خاپوورکردنی پەرستگە، کۆچیان فراوانتر بوو. لە دوماهیدا ئەم کۆچڕەوە فراوانە دوو ئاراستەی وەرگرت. یەکێکیان لە دانووب و راینەوە بەرەو پۆڵەندا و رووسیا. دووەمیش بەرەو ئیسپانیا و پورتوگال کە لە ٧١١ی زایینیدا لەژێر دەسەلاّتی موسڵماناندا بوو. لە ئەورووپای ناوەڕاستدا جوو روویان کردە کاری بازرگانی و بانکداری، لە نیمچە دورگەی ئیسپانیاشدا زانستی عەرەبییان لە بیرکاری و پزیشکی و فەلسەفەدا چنییەوە. لە قوتابخانەی شارە مەزنەکانی ئیسپانیاشدا هەر بە رۆشنبیریی تایبەتی خۆیان گەشەیان بە خۆیان دا. ئا لەو شوێنەدا لە سەدەی دوازدە و سێزدەدا جوو رۆڵی بالاّیان هەبوو لە گواستنەوەی شارستانییەتە کۆنەکانی رۆژهەلاّت بۆ ئەورووپای رۆژئاوادا. ئالێرەدا لە قورتوبە مووسای قورتوبی (١١٣٥-١٢٠٤) مەزنترین پزیشکی سەردەمی خۆی بوو، پەراوێزی خۆی لەسەر تەورات بەناوی (رابەری سەرگەردان) نووسی. لە بەرشلۆنەشدا حەسدای کوڕی شەبرووت بیروڕای ئایینیی خۆی راگەیاند. کە تەواوی ئایینی جووی هەژاند.

لە ئیسپانیا جوو گەشەیان کرد و سامانیان کۆکردەوە، تا ئەو کاتەی فردیناند بە یەکجاری موسڵمانانی لە ولاّت دەرکرد. ئا لێرەدا جوو ئەو ئازادییەیان لەدەست دا کە لە سایەی دەسەلاّتی نەرم و پڕ لە لێبوردەیی موسڵماناندا هەیان بوو، دیوانی تەفتیش ئابلّووقەی دان،



چاودێریی کردن لەوەی تەعمید و رێوڕەسمی مەسیحی پەیڕەو بکەن، یان دوورخستنەوە و سڕکردنی سامان و داراییان. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە کلّێسە دژایەتیی جووی دەکرد، پاپاکان بەردەوام دژ بە کاری دڕندانەی دیوانی تەفتیش ناڕەزاییان دەردەبڕی، بەلاّم شای ئیسپانیا دەیویست سامان و دارایی خۆی بە زەوت کردنی سامانی جووی بێگانە زیاتر بکات. هەر لەو ساڵەی کۆلۆمبس ئەمریکای دۆزییەوە، فردیناندیش جووی دۆزییەوە.

زۆربەی هەرە زۆری جوو لایەنی هەرە زەحمەتیان هەلّبژارد، بە دوای شوێنێکدا گەڕان کە پەنای بۆ ببەن. هەندێکیان بە گەمی و کەشتی کەوتنە رێ و ویستیان بچنە جەنواو هەندێ بەندەری دیکەی ئیتالیا، بەلاّم رێیان پێ نەدرا. دووبارە لە دەریایان دا بەرەو کەناری ئەفریقا، زۆربەشیان لەو پێناوەدا کوژران بۆ ئەوەی خشلّی نێو زگیان دەربکەن، چونکە وا بلاّو بووەوە گوایە بەر لەوەی ئیسپانیا جێ بهێلّن، قووتیان داوە. ژمارەیەکی کەمیان لە ڤینیسیادا پێشوازی کران، هەندێکیشیان پشتیوانیی داراییان لە گەشتەکەی کۆلۆمبس کرد، بە ئومێدی ئەوەی ئەو کەشتیوانە مەزنە ولاّتێکی تازەیان بۆ بدۆزێتەوە.

ژمارەیەکی زۆریان بە گەرمی بەرەو باکووری زەریای ئەتلّەسی لە نێوانی ئینگلتەرای نەیارو فەرەنسای نەیاردا گوزەریان کرد، تا لە دوماهیدا لە هۆلّەندا کەمێ پێشوازییان لێ کرا. لە نێو ئەوانەی کە لە هۆلّەندا گیرسانەوە، خانەوادەیەکی پورتوگالی بوو بە ناوی سپینۆزا.

دوای ئەوە ئیسپانیا رووی لە داڕووخان کرد، هۆلّەنداش کەوتە هات و بەراتەوە. جوو لە ساڵی ١٥٩٨دا یەکەمین کەنیشتەیان لە ئەمستردام دروست کرد. دوای حەفتاو پێنج ساڵی دی کەنیشتەیەکی دیکەیان دروست کرد، دراوسێی مەسیحی لە دروست کردنیدا هاوکارییان کردن. ئیدی جوو هەستیان بە شادی کرد، بەلاّم لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمدا بارودۆخ شلّەژاو مشتومڕ لە نێو کەنیشتەی جوودا گەرم بوو، کاتێك (ئۆریال کۆستا) کەوتە بەر ئەو گومانەی رێنیسانسی هێنایە ئاراوە و کاری لە جوو کرد و نامیلکەیەکی نووسی و هێرشێکی زۆر توندی بردە سەر باوەڕ بوون بە رۆژی قیامەت. کەنیشت ناچاری کرد لە قسەکانی پەشیمان بێتەوە نەبادا ببێتە مایەی پەست بوونی ئەو ولاّتەی پێشوازیی لێ کردن و رێزی لێنان. پەشیمان بوونەوە لە قسەکان ئەوە دەگەیەنێ، کە نووسەری لووت بەرز لە بەردەمی کەنیشتەدا رابکشێ و جەماعەتی نوێژکەران بۆ ریسوا کردن بەسەر جەستەیدا گوزەر بکەن. ئۆریال رووی کردە ماڵ و ناڕەزایی نامەیەکی زۆر توندی نووسی، چەوسێنەرانی مەحکووم کردو خۆی دایە بەر گوللە.

ئەم کارە لە ساڵی ١٦٤٠دا قەوما، کاتێك کە بارووخ سپینۆزا مەزنترین جووی سەردەمی نوێ و مەزنترین فەیلەسووفی سەردەمی نوێ لە تەمەنی هەشت ساڵیدا بوو، قوتابییەکی نازدارو خۆشەویست بوو لە کەنیشتەدا.

### ٢- ڕۆشنبیریی سپینۆزا:

ئەو پەراگەندەییەی جوو ئەقڵ و هۆشی سپینۆزای داگیر کرد بوو، وای لێ کرد بوو ببێتە جوویەکی ساغ، هەرچەندە لە کەنیشتەش بێ بەری کرا. هەروەها وێڕای ئەوەی باوکی بازرگانێکی سەرکەوتوو بوو، ئەو لاوە هیچ ئارەزوویەکی بازرگانیی نەبوو، وای پێ چاکتر بوو کاتی خۆی لە نێو کەنیشتەی جوواندا بەسەر ببات، بۆ ئەوەی بە خوێندنەوەی ئایین و مێژووی نەتەوەکەیەوە خەریك بێت، لە خوێندنیشدا توانایەکی بێ وێنەی نواند کە سەرنجی مەزنانی جووی بە لای خۆیدا ڕاکێشاو، وای لێ کردن هیوایەکی زۆری دوارۆژیان پێ بێت، بەو ئومێدەی پرشنگی ڕووناکییەك بە نێو نەتەوەکەیدا پەخش بکات. زۆریشی نەبرد لە خوێندنەوەی تەوراتەوە بەرەو ڕاڤەکارییەکانی تەلمود (کۆمەڵە یاساو ڕێساو نەریتی جووە) چوو، لەوانیشەوە بەرەو خوێندنەوەی نووسینەکانی ئیبن مەیموون و لیڤی بن جیرسون و ئیبن عەزراو حەسدای بن شەبرووت چوو. ئالوودە بوونی بە خوێندنەوە بەرەو فەلسەفەی سۆفیگەرییانەی ئیبن جوبریل و، فەلسەفەی ئاڵۆزی سۆفیگەرییانەی مووسای قورتوبیی برد. لەوەشدا کەوتە بن کاریگەریی بۆچوونی مووسای قورتوبی سەبارەت بە یەکبوونی خوداو گەردوون، هەروەها بە بیروڕاکانی بن جیرسۆنیش ئاشنا بوو کە دەیگوت جیهان بێ بڕانەوەیە، هەروەها حەسدای کە باوەڕی وا بوو، کە گەردوونی ماتریاڵ جەستەی خوداوەندە. هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی ئیبن مەیموونیشی خوێندەوە دەربارەی ئەو تیۆرییەی ئیبن ڕوشد، کە نەمری پەیوەست نییە بە کەسان، بەڵام لە کتێبێکی (ڕابەری سەرگەردان)دا پتر سەرگەردانیی دیت نەك ڕێنمایی و ڕابەری، چونکە حاخامی هەرە مەزن پتر پرسیاری تێدا ورووژاندووە نەك وەڵام. کارامەترین پارێزەرانی ئایین سەرسەختترین دوژمنی ئەون، چونکە بیروڕای ئەوان گومان دەنێتەوە و عەقڵ وەئاگا دێنێ. ئەگەر ئەمە سەبارەت بە نووسینەکانی بن مەیموون ڕاست بن. سەبارەت بە نووسینەکانی بن عزرا ڕاستترن، کە گرفتەکانی ئایینی جوو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر ورووژێندراون. هەندێ جاریش لەسەر بنەمای بە ئەستەم کەوتنی وەڵام، پشتگوێ دەخران، هەرچەندە سپینۆزا لە خوێندنەوە و ڕاماندا بە قووڵدا دەچوو، یەقین زیاتر و زیاتر لە دەروونیدا دەسڕایەوە و دەگۆڕا و دەبووە گومان و دوودڵی. ئارەزووی ئاشنا بوون پاڵی پێوە نا بۆ



زانینی هەرچی بیرمەندانی جیهانی مەسیحی لە بارەی مەسەلە مەزنەکانی وەك خودا و چارەنووسی مرۆڤ نووسیویانە، لە لای زانایەکی هۆڵەندی کە ناوی (دی ئاندی) بوو کەوتە خوێندنی زمانی لاتینی، بەم جۆرە چووە بوارێکی فراوانتری ئەزموون و زانینەوە. مامۆستای تازەی بیری ئیلحادو (**هرطقة**)ی تێدا بوو، هەروەها ڕەخنەکاری یاساو حکوومەتەکان بوو، سەرچڵی و یاری کردن بە ئاگر پاڵی پێوە نا کە کتێبخانە جێ بهێڵێ و بەشداری لە پیلانێکدا بکات دژی شای فەرەنسا، کە سەرەنجام لە ساڵی ١٦٧٤ حوکمی بە خنکان لە سێدارەدانی درا. ئەو مامۆستایە کچێکی جوانی هەبوو لە خوێندنی زمانی لاتینیدا سەرکەوت و دڵی سپینۆزاشی داگیر کرد و بووە ئەڤینداری ئەو. ئەم کەشە گەش و ڕەونەقدارە جێکەوتی جوانی خستە نێو دڵی سپینۆزاوە، بەڵام ئەم خانمە جوانە هێندەی نەبرد وازی لە سپینۆزا هێناو مەیلی ئەوی بەردا، کاتێك پیاوێکی دیکەی ناسی و دیاریی بە نرخی بە سەردا باراند. گومانی تێدا نییە ئا لەو کاتەوە ئیدی سپینۆزا بووە فەیلەسووف.

بە هەرحاڵ بەسەر زمانی لاتینیدا زاڵ بوو، زۆر چاك فێری بوو. هەر بە هۆی ئەو زمانەوە چووە نێو کولتووری کۆن و سەدەی ناوەڕاستی ئەورووپاوە. لەوە دەچێ سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆی خوێندبێت، بەڵام فەیلەسووفانی مەزنی ئەتۆمیی وەك دیموکریتس و ئەبیکۆر و لیۆکریتسی بە لاوە پەسندتر بوون. هەروەها دالآنییەکان (ڕەواقییەکان) بە جۆرێك کاریان لێ کرد کە ناسڕێتەوە. هەروەها فەیلەسووفانی سکوولاتیشی خوێند و نەك هەر زاراوەناسیی هونەریی لێ خواستن، بەڵکو شێوازی ئەندازەییان لە پیشاندانی بەرایی و پێناس و مەسەلە و سەلماندن و پەراوێز و ئەنجامیشی لێ خواستن. هەروەها فەلسەفەی (برۆنۆ)شی خوێند، ئەو شۆڕشگێڕە مەزنەی وڵات بە وڵات گەڕاو لە بیرو باوەڕێکەوە بەرەو بیرو باوەڕێکی دی دەچوو. هەمیشە لەو دەرگایەشەوە کە پێیدا وەژوور کەوتبوو، بە سەرسوڕمان و لێگەڕانەوە لێی دەردەچوو، برۆنۆ دادگای تەفتیش حوکمی مەرگی بێ خوێن ڕشتنی دا، واتە هەر بە زیندوویی بسووتێندرێ. چ سامانێکی هزر و بیروڕا لە لای ئەو فەیلەسووفە شۆڕشگێڕ و ئیتالییەدا هەبوو؟ یەکەمیان بیرۆکەی مەزنی یەکبوونی بوون، هەموو ڕاستی لە ڕەگەزدا یەکە، لە هۆما یەکە، لە بنچینەشدا هەر یەکە. خوداو ئەم ڕاستییە یەك شتن. برۆنۆ بڕوای وا بوو کە عەقڵ و مادده یەك شتن، هەر زەڕڕەیەکی ڕاستی بریتییە لە ڕەگەزێکی ماددی و ڕەگەزێکی ڕۆحیی پێکەوە گرێدراو. هەر بۆیە بابەتی فەلسەفە درك کردنە بە یەکبوون سەرباری فرە بوون لە دەرکەوتندا، عەقڵیش لە ماددە دایە و ماددەش لە عەقڵدایە. هەروەها دۆزینەوەی ئەو پێکهاتەیەی کە دژ و هاودژەکان تێیدا

بەرامبەر دەبن و ئاوێتەی یەك دەبن. هەروەها بەرز بوونەوە بەرەو لووتکەی زانین لە بارەی یەکێتیی هەمەکی، کە لە ڕووی هزرەوە یەکسان دەبێ بە خۆشەویستیی خودا. هەریەك لەم رایانە کاریان لە بیرکردنەوەی سپینۆزا کرد.

لە دواییدا سپینۆزا زۆر بە توندی کەوتە بن کاریگەریی فەلسەفەی دیکارت دانەری دابی خۆیی و ئایدیالی (هەروەك چۆن بیکۆن دانەری دابی بابەتی و واقیعی بوو) لە فەلسەفەی نوێدا. وەپێش کەوتنی هۆش بیرۆکەی ناوەندییە لە لای دیکارت، هەروەها بە لای دیکارتەوە، عەقڵ زۆر خێراو راستەوخۆ زیاتر لە هەر شتێکی دیکە خۆی دەناسێ، هەروەها دنیای دەرەکی تەنیا لە ڕێی کار تێ کردنی ئەو دنیایە لە عەقڵ دەناسرێ ئەویش بە درك پێکردنی هەستی. جا بە گوێرەی ئەوە دەبێ هەموو فەلسەفە بە عەقڵی تاکە کەس و خودی ئەوەوە دەست پێ بکات، یەکەمین گفتوگۆی فەلسەفییش لە چەند پەیڤێکەوە دەست پێ دەکات (من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم) رەنگە شتێ لە تاکڕەوایەتیی سەردەمی ڕێنیسانس لەم سەرەتایەدا هەبێت، بەڵام ئەم لایەنەی فەلسەفەی دیکارت لە لای سپینۆزا جێی بایەخ نەبوو. ئەو نەیدەویست لە سارای لۆژیك و زانیندا سەرگەردان بێت، ئەوەی لە دیکارتدا بە لای ئەوەوە گرنگ بوو، ئەو بۆچوونەی بوو کە بوونی بەسەر دوو رەگەزدا دابەش دەکرد. رەگەزێکی پێکەوە گونجاو کە هەموو شێوەکانی ماددە لە ئامێز دەگرێت، رەگەزێکی دیکەی گونجاویش کە هەموو شێوەکانی عەقڵ لە ئامێز دەگرێت. دابەش کردنی بوون بەسەر دوو رەگەزی لە یەکدی جودا، جۆرە بەرهەڵستی کردنێك بەرامبەر بە هەستی یەکخوازانەی سپینۆزا، ئەم شتە کاری لە بیرکردنەوەی ئەویش کرد. لەو شتانەی کە بە لای سپینۆزاوە لە دیکارتدا مایەی بایەخە، هەموو گەردوونی، بەدەر لە خوداو نەفس، بە یاساکانی بیرکاری و میکانیك راڤە دەکرد. ئەمەش بیرۆکەیەکەو لە لیۆناردۆ و گالیلۆوە سەرچاوەی گرتووە و رەنگە رەنگدانەوەی پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئامێرو پیشەسازی بوو بێت لە شارەکانی ئیتالیا. دیکارت گوتوویەتی خودا یەکەمین پاڵی بە جیهانەوە نا (رێك ئەوەی گوت کە بەر لە دوو هەزار ئەنکساگۆراس گوتبووی)، هەموو دیاردەیەکی دیکەی گەردوونی و جیۆلۆجی و گشت پرۆسەیەکی ناعەقڵی و گشت گەشە کردن و پەرەسەندنێك، دەکرێ لە توخمێکی گونجاوەوە راڤە بکرێت کە لە سەرەتادا پەرت و بڵاو بوون.. هەموو جووڵەی گشت زیندەوەرێك و تەنانەت هەموو جووڵەی جەستەی مرۆڤیش، جووڵەی میکانیکین. هەموو جیهان و گشت تەنێك بریتییە لە ئامێرێك، بەڵام لە دەرەوەی جیهاندا خوداوەندێك دەبینین، وەك چۆن لە نێو جەستەدا رۆح هەیە. جا لێرەدا دیکارت وەستا.



### ٣- بێ بەش کردنی لە کەنیشتەی جوو:

ئا ئەمانە بوون ئەو بەراییە عەقڵییانەی کە سپینۆزا بیرۆکە و بیروڕاکانی خۆی لێ هەڵهێنجان. ئا ئەمەیە سپینۆزای لاو کە ئارام دێتە بەرچاو، بەڵام لە ناخدا یەك پارچە کەف و کوڵ و کۆڤان بوو، کە لە ساڵی ١٦٥٦دا بە تۆمەتی کفر و بێ دینی بانگهێشتی بەردەم گەورە پیاوانی کەنیشتەی جوو کرا. لێیان پرسی ئەرێ راستە دەڵێن تۆ بە برادەرانی خۆت گوتووە، خودا جەستەیەکە و جیهان ماددەیە، فریشتەش وڕێنەیە، رۆحیش رەنگە هەر تەنیا ژیان بێت، تەوراتی دێرینیش هیچی لە بارەی مردنەوە نەگوتووە؟

ئێمە نازانین چۆنی وەڵام دایەوە، تەنیا دەزانین کە بەڵێنی مووچەیەکی ساڵانەیان پێ دا بە مەرجێ رازی بێت و لایەنگری لە کەنیشتە و ئایینی جوو بکات، بە هەموو ئەو کردە رەش و توندانەی لە ڕێوڕەسمی ئایینی عیبریدا هەیە. لە کاتی خوێندنەوەی نەفرەتنامەکەدا دەنگی بووقێکی گەورەی دەهاتە بەرگوێ کە جار ناجارێ ریتمی ماتەمیانەی لێ دەردەچوو. لە سەرەتای ئاهەنگی بانگهێشتەکەدا ڕووناکی زۆر بە شەوق و گەش بوو، دواتر لەگەڵ درێژەدانی ئاهەنگەکەدا، یەك یەك چراکان خامۆش دەبوون، تا دوایین چرا خامۆش بوو، وەك ئاماژەیەك بە کوژانەوەی ژیانی رۆحی لە کەسی نەفرەت لێکراو، پاش ئەوە پیاوانی کەنیشتە کەوتنە نێو تاریکاییەکی ئەنگوستەچاودا.

(ڤان فلووتین) بە شێوازی نەفرەت لێ کردن لە کەنیشتەی ئاشنا کردین. سەرکردەکانی ئەنجوومەنی میللیی جوو رایدەگەیەنن؛ پاش ئەوەی بە تەواوی و دروستی بیروڕاکانی باروخ سپینۆزا و کردە چەپەڵەکانی ئەویان بۆ روون بووەوە، هەروەها پاش ئەوەی بە هەموو شێوەو جۆرەها بەڵێن هەوڵیان دا لە سەرلێشێواوی و سەرپێچی بیگەڕێننەوە، لە هێنانەوەی بۆ سەر رێ و دوورخستنەوەی لە بیروڕاکانی، سەرنەکەوتن، ئەویش هەر سوور بوو لەو سەرپێچی و سەر لێ شێواوییەدا. هەروەها رۆژانە گەلێ شاهێد دەربارەی لە دین وەرگەڕان و ئەو قسە نابەجێیانەی ئاشکرا دەربارەی ئایین دەیانکات هەبوون. هەروەها شێوازی پڕوپووچی بڵاو بوونەوەی ئەو لە دین وەرگەڕان و قسە نابەجێیانە لە دەرەوەدا. هەروەها گەلێ کەسی خاوەن پلە و بەتوانا لە بەردەمی باروخ سپینۆزا شاهێدی لەسەر ئەم شتە دەدەن و، سەبارەت بەو تۆمەتانەی باسمان کردن پەنجە دەخەنە چاوییەوە. کێشەکەش خرایە بەردەم و بەرچاوی سەرکردەکانی ئەنجوومەنی میللی. بە رەزامەندیی ئەندامانی ئەنجوومەنی بڕیار درا نەفرەت لە سپینۆزا بکرێت و لێی بێ بەری بن و لە ریزی گەلی ئیسرائیلی دەربکەین. هەر لەم کاتەوە لێی

بێ بەرین و ئەم نەفرەتانەشی لێ بێت: بە بڕیاری فریشتە و قدیسان نەفرەت و حاشا لە باروخ سپینۆزا دەکەین و نزاباران و بێ بەریی دەکەین. بە رەزامەندیی گشت عێڵی پیرۆز و لە حوزووری ئەو کتێبە پیرۆزانەی شەش سەد و سێزدە یاسایان تێدا نووسراوە، نەفرەتی لێ دەکەین و گشت نەفرەتی نێو سفری شەریعەتی بەسەردا بباریێ. شەو و رۆژ، لە خەو و لە بەیاندا بەر نەفرەت و غەزەب بکەوێت، لە رۆیشتن و گەڕانەوەیدا، لە دەرچوون و هاتنەوەیدا، هەر نەفرەتی لێ بێت. لە خوداش دەپاڕێینەوە هەرگیز نەیخاتە بەر عەفووی خۆی. هەروەها هەمیش غەزەب و تووڕەیی خۆشی بەسەردا بپارێنێ، هەموو ئەو نەفرەتانەی لە سفری شەریعەشدا هاتوون، بیانخاتە ئەستۆی ئەو. لە خودا دەپاڕێینەوە، ئێوەی خوداپەرست رزگار و سەرفراز بکات. هەروەها کەس بە تەنیا قسەیەکیش نەیدوێنێ، بە نووسینیش مەچن بە لایدا، با کەسیش نە یارمەتیی بدات و نە چاکەی لەگەڵدا بکات. کەسیش لە ماڵێکدا لەگەڵی نەژی. کەسیش هێندەی چوار گەز لێی نزیك نەبێتەوە، کەسیش شتێ نەخوێنێتەوە، کە بە قەڵەمی ئەو نووسرا بێت یان بە زمانی ئەودا هاتبێت.

## ٤- مەرگ و تەنیاییەکەی:

سپینۆزا بە دلێری و هێمنی پێشوازیی لە بڕیاری بێبەری کردنی لە لایەن کەنیشتەوە کرد و گوتی: بۆ هیچ شتێك ناچاری نەکردووم، رێی هیچ کارێکیشی لێم نەگرتووە. ئەم قسەیەی ئەو لە راستیدا فیکەیەك بوو لە تاریکیدا، ئەو قوتابییە لاوە خۆی تەنیا و بێ دەرەتان دۆزییەوە. هیچ شتێك هێندەی تەنیایی سامناك نییە، بە تایبەتی دابڕینی مرۆڤ لە توخمەکەی خۆی. ماوەیەکی کەم بەر لە بێ بەری کردنی سپینۆزا شانی دایە بەر لەدەست دانی ئیمان و بیروباوەڕی ئایینی خۆی. بەم جۆرە لە ماوەیەکی کورتدا دوو زەبری دوا بەدوای یەکی خوارد، وەك ئەوە لە نەشتەرگەرییەکدا هەرچی لە زەینی مرۆڤێکدا بێت ریشەکێشی بکەین، زۆر برینی خوێناوی لە دوای خۆی جێ دەهێڵێ. هەولێشی نەدا بچێتە سەر ئایینێکی دی، ژیانی بە تەنیایی بەسەر برد، باوکی کە مەزەندەی دەکرد کوڕەکەی لە زانستەکانی عیبریدا ناوبانگ پەیدا بکات، لە ماڵ دەریکرد. ویستی فێڵی لێ بکات و ئەو بەشە کەمەی میرات کە لە باوکییەوە بۆی جێ مابوو، بۆ خۆی ببات، برادەرانی پشتیان تێکرد. جا سەیر نییە کە هیچ جۆرە ئارەزوویەکی کەیف و خۆشیی تێدا بەدی ناکەین، بە تایبەتی کە جار ناجارێ بە ئازار و ژانەوە پارێزەرانی ئایین و یاسای وەبیر دێتەوەو بەم جۆرە باسیان دەکات: ئەمانە کە دەیانەوێ



بەدوای هۆکاری موعجیزەدا بگەڕێن و، وەك فەیلەسووف دەیانەوێ لە دیاردەکانی سروشت بگەن، کە وەك دەبەنگ نین کە تەنیا بە سەرسوڕمانەوە سەرنج بدەن، هەر زوو بە کافرو بێ دین لە قەڵەمیان دەدەن. هاوکات خەڵکی رەشۆکی بەرز دەکەنەوە کە دژایەتیی فەلسەفە دەکەن، ئەوان وای بۆ دەچن کە خەڵکی رەشۆکی هێندە تواناو زانستیان هەیە، کە رازەکانی سروشت و خوداوەندی پێ راڤە بکەن. ئەوانەی تەپکە بۆ فەلسەفە و پیاوانی دەنێنەوە، لەوە حاڵین کە دەرخستنی راستی و راونانی نەزانی، دەبێتە مایەی لادانی پەردەی نەزانی لەسەر عەقڵ و دڵی خەڵکی، نەزانی تەنیا چەکی دەستی ئەوانە بۆ پاراستنی هەژموون و دەسەڵاتی خۆیان.

لە شەوێکدا کە سپینۆزا بە شەقامێکدا دەڕۆیشت. سەگبابێکی بە دین کە دەیوست بە تاوان و کوشتنی ئەو، بەدینیی خۆی بسەلمێنێ، پەلاماری داو خەنجەرێکی لێ دا. سپینۆزا بە پەلە ئاوڕی دایەوە و هەر زوو بەدەم چۆڕاوگەی خوێنی برینێکی بچکۆلەی ملییەوە گورگە لۆقە هەڵات. دوای ئەو رووداوە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ژیانی فەیلەسووف لە مەترسیدایە، زۆر کەمن ئەو شوێنە ئەمینانەی کە مرۆڤ بتوانێ خۆی تێیاندا بە ئارامییەوە بۆ فەلسەفە تەرخان بکات. لە شەقامێکی دوور لە ئەمستردام ژوورێکی ئارام و هێمنی  لە ماڵێکدا بەکرێ گرت، رەنگە لەو کاتەشدا ناوی خۆی لە باروخەوە بۆ بندکت گۆڕی بێت. ئەو ماڵباتەی کە لەگەڵیاندا دەژیا لەسەر جۆرە مەزبێکی  مەسیحی بوون، کە دژ بە بیرۆکەی تەعمیدی منداڵان بوون و تا رادەیەکیش ئامادە بوون لە مسقۆفی و لە دین لادان بگەن. ئەو ماڵباتە سەرو سیمای خەمبارانەی ئەویان خۆش دەویست (ئەوانەی تووشی چەوسانەوە دەبن و لە ئاکامی جیاوازیی مەزەبیان لە زۆرینەی گەل، ئازاری بێ بەش بوون دەچێژن، زۆر نەرم و سەنگین دەبن یان گەلێ زبرو شەڕانی). ئەو ماڵباتە بە رووی پڕ لە خۆشییەوە لەگەڵی دەژیان، جار نا جارێکیش کە شەوچەرەی لەگەڵ دەگرتن، زۆر خۆشحاڵ دەبوون، قەننەی دەکێشاو چەپاندن و نائارامیی دڵ و دەروونیان، بە قسە دەڕەواندەوە. لە سەرەتادا لە قوتابخانەی ڤان ئاندی بە دەرس گوتنەوە بە منداڵان، بژێوی ژیانی پەیدا دەکرد. پاشان کاری لووس کردنی هاوێنەی بلووری دەکرد، وەك ئەوەی ئارەزووی کار کردنی هەبوو لە ماددەی سەخت و زەحمەت. کاتێ لە نێو قەومی جوودا بوو، بە تیۆری فێرە بازرگانی بوو، چونکە شەریعەتی جوو لەسەر هەر قوتابییەك فەرز دەکات کە کارێکی دەستی بکات، چونکە هەر بە خوێندن و فێربوونی شەریفانە ناتوانن ژیان دابین بکەن. وەك جۆن جمالییێل دەڵێ: کار شکۆی مرۆڤ دەپارێزێ، هەر خوێندەوارێکیش نەتوانێ بازرگانی یان پیشەیەك فێر بێت، پەراگەندە دەبێت یان ناچار فێرە فڕوفێڵ دەبێت..

دوای پێنج ساڵ، خاوەنی ئەو خانووەی سپینۆزا تێیدا دەژیا، ماڵی بۆ رینسبرگ گواستەوە کە لە نزیکی لیدنە، ئەویش لەگەڵیاندا چوو. ئەو ماڵ و خانووە تا ئەم کاتەش هەر ماوە، ئەو شەقامەی ئەو ماڵەشی تێدایە بە ناوی سپینۆزاوە کراوە. ئەو ساڵانە ساڵانی ژیانی ساکار و هزری مەزن بوون. زۆر جار دوو رۆژ و سێ رۆژ هەر لە ژوورەکەیدا دەمایەوە و کەسی نەدەبینی، خواردنێکی ساکاری دەخوارد، کە خاوەن ماڵەکە بۆیان ئامادە دەکرد. کاری لووس کردنی هاوێنەی بلوور، نەمرو نەژی دەیژیاند. هێندەی عەشقی دانایی بوو هێندە باکی بە سەرکەوتنی کردارییانە نەبوو. کۆلیرۆس کە ئاگاداری ژیانی سپینۆزا بوو لەو ماڵەدا، بە پشت بەستن بەو راپۆرتانەی ئاشنای سپینۆزا بوون، کورتەیەکی دەربارەی ژیانی سپینۆزا نووسی و دەڵێ: هەر سێ مانگ جارێ خەرجیی خۆی کۆ دەکردەوە بۆ ئەوەی نە زیاتر و نە کەمتر لە توانای ساڵانەی خۆی خەرج ناکات و هەر بە قەد بەڕەکەی خۆی پێ راکێشێ. هەندێ جار بە ماڵەکەشی دەگوت، کە ئەو وەکو مار وایە و کلکی دەگەیەنێتەوە دەمی و بازنەیەك دروست دەکات، ئاماژەی بەوە کردووە، لە کۆتایی ساڵدا هیچی بۆ نامێنێتەوە. ئەو بەو ژیانە ساکارەی خۆی زۆر گۆشاد بوو. لە وەڵامی پیاوێکدا کە بە رێنماییەوە پێی گوتبوو متمانە بە ئایین و وەحی بکات لە بری عەقڵ و بیرکردنەوە، گوتی (هەرچەندە برێ جار نادروستیی ئەو ئەنجامانەم بۆ دەردەکەوێت کە عەقڵ و بیرکردنەوەی ئاساییانەی خۆم پێیان دەگات، بەڵام ئەوە زیاتر ورە و بڕوام پێ دەبەخشێ، چونکە من بە بیرکردنەوە و کۆکردنەوەی زانیاری دڵشادم، کاتی خۆم بە حەسرەت و خەم بەسەر نابەم، بەڵکو لە ئاستی خۆشی و خۆشنوویدا بەسەری دەبەم). یەکێ لە دانا مەزنەکانیش گوتوویەتی (ئەگەر ناپلیۆنیش وەکو سپینۆزا زرنگ و زیرەك بووایە، بە چەشنی ئەو ژیانی نێو باڵەخانەیەکی بە لاوە پەسند دەبوو کە وەکو ئەویش چوار کتێبی تێدا بنووسیبا).

لە پاڵ ئەو وێنانەی دەربارەی سپینۆزا پێمان گەیشتوون، رێنماییەکی دی دەخەینەڕوو کە کۆلیرۆس باسی دەکات. ئەو فەیلەسووفە خڕەیەکی بەژن مام ناوەندی بوو، روویەکی گەش و کراوەی هەبوو، مەیلەو گەنم رەنگ بوو، پرچی رەش و لوول بوو، برۆکانی رەش و درێژ بوون، هەر کەسێکی تەماشای بکردایە، لەوە دەگەیشت کە لە بنەچەی ماڵباتێکی جووی پورتوگالە. بایەخی بە جلوبەرگ نەدەدا، رۆژێکیان ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەران سەردانی کرد، دیتی رۆبێکی شڕی لە بەردایە، لەو بارەیەوە سەرزەنشتی کرد و بەرگی پوختەی خستە بەردەمی،



سپینۆزا وەڵامی دایەوە: بەرگی پۆشتە پیاو گەورە ناکات، گوتیشی؛ ناشێ شتی کەم بەها بە توێکڵی بەهادار بپێچینەوە.

لەو پێنج ساڵەی سپینۆزا لە رینسبێرگدا ژیا، نامیلکەیەکی دەربارەی باش کردنی عەقڵ نووسی. هەروەها کتێبێك بە ناوی (ئاکار بە پشتگیریی ئەندازەیی) کە لە ساڵی ١٦٦٥دا تەواوی کرد. بە درێژایی دە ساڵ هەوڵی بڵاو کردنەوەی نەدا. لە ساڵی ١٦٦٨دا ئەدریان کویر باغ بیروڕای هاوچەشنی بیروڕاکانی سپینۆزای بڵاوکردەوە و لەسەر ئەوە بە دە ساڵ زیندانی حوکم درا، کە دوای بەسەر چوونی هەژدە مانگ کۆچی دوایی کرد. ساڵی ١٦٧٥ سپینۆزا چووە ئەمستردام و لە سەلامەتیی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی دڵنیا بوو، بەڵام لە بڵاو کردنەوەی پاشگەز بووەوە. چونکە لە وڵاتدا پڕوپاگەندەیەك بڵاو بووەوە، کە گوایە کتێبێك بڵاو دەکاتەوە تێیدا بەڵگەی نەبوونی خودا دەخاتەڕوو، هەروەك لە نامەیەکدا بۆ ئۆڵدنبێرگی هاوڕێی نووسیویەتی. هەر لەو نامەیەدا دەڵێ، بە داخەوە ژمارەیەکی زۆری خەڵك باوەڕیان بەم پڕوپاگەندەیە کرد، هەندێ لە پیاوانی ئایینیش دەرفەتەکەیان قۆستەوە (رەنگە هەر خۆیان سەرچاوەی پڕوپاگەندەکە بن) بۆ ئەوەی سکاڵایەکی دژ بە من بدەنە میرو دادوەران. کاتێك لە چەند دۆستێکەوە ئاماژەی ئەمەم پێ درا کە چ جۆرە داوێکیان بۆم ناوەتەوە و پیاوانی ئایینیش لە هەموو شوێنێکدا سێرەیان لێ گرتووم و دەیانەوێ تێبکەوم، بڕیارم دا بڵاو کردنەوەی کتێبەکە بۆ کاتێکی دی دوا بخەم.

کتێبی ئاکار تا دوای مەرگی سپینۆزا لە ١٦٧٧ بڵاونەکرایەوە، هەروەها نامەیەکی بچووکیش دەربارەی سیاسەت کە لە نووسینەوە نەبوو بووەوە. گشت ئەو کتێبانە بە زمانی لاتینی نووسرا بوون، کە زمانی زانست و فەلسەفە بوو لە ئەورووپای سەدەی حەڤدەهەمدا. ڤان فلوتین لە ساڵی ١٨٥٢دا کورتە نامەیەکی ئەوی دۆزییەوە کە بە زمانی هۆڵەندی دەربارەی (خوداو مرۆڤ) نووسی بووی. وەك دەردەکەوێ رەنگە مەبەستی بوو بێت وەك بەراییەك بێت بۆ کتێبی ئاکار. ئەو کتێبانەی سپینۆزا لە ژیانی خۆیدا بڵاوی کردنەوە ئەمانەن (بنەماکانی فەلسەفەی دیکارتی) و (نامەیەکی تایبەت بە ئایین و دەوڵەت)، هەردووکیان لە ساڵی ١٦٧٠ لە یەك کاتدا بڵاو بوونەوە و یەکسەر چوونە نێو لیستی رەشەوە، یان لیستی ئەو کتێبانەی کە پێویستە ئاوەگڵ بکرێن و حکوومەتیش فرۆشتنی قەدەغە کردن. ئەمەش پاڵنەرێك بوو کە بۆ تەفرەدانی سانسۆر بە ناونیشانی جیاجیا بڵاو بکرێنەوە. جارێك بە ناونیشانی نامەیەکی پزیشکی بڵاوکرانەوە، جارێکیش بە ناوی چیرۆکێکی مێژوویی. دەیان کتێبیش بۆ بەرپەچ

دانەوەیان داندران. یەکێك بەناوی (گەورەترین بێبڕاوی خراپەکار و تاوانبار کە لەسەر گۆی زەوی پەیدا بووە). یەکێکی دیکەش بەم جۆرە پەسنی کرد (بە راستی گەنجینەیەکی فرە سوودی هەمیشەییە). هەرچیشی لە بارەوە گوترا، تەنیا ئەو دوایین رستەیە خۆی راگرت و مایەوە. سەرباری ئەمانە سپینۆزا گەلێ نامەشی پێگەیشت کە خاوەنەکانیان هەوڵیان دەدا رێی چاکەو چاکەسازیی پیشان بدەن، لە نێویاندا نامەیەك بوو کە لە قوتابییەکی خۆیەوە کە ناوی ئەلبێرت بێرج بوو، کە چووە سەر ئایینزای کاتولیکی.

تۆ دەڵێی دواجار گەیشتییە فەلسەفەی دروست و راست. چۆن زانیت کە فەلسەفەکەی تۆ چاکترین فەلسەفەیە لە نێو ئەوەی کۆن و نوێدا؟ بێ لەو فەلسەفانەی لە ئایندەدا پەیدا دەبن. ئایا تۆ هەموو فەلسەفەی کۆن و نوێت بەسەر کردووەتەوە، کە لێرە و لە هیندستان و گشت شوێنێکی جیهان دەخوێندرێ؟ ئەگەر دیالێکتانە بیسەلمێنین کە بەسەرت کردوونەتەوە و لێشیان ورد بوویتەوە، بەچی دەزانی کە چاترینیانت هەڵبژاردووە؟... چۆن زات دەکەیت خۆت لە سەرووی پیاوانی ئایین و پێغەمبەر و پەیامهێن و شەهیدان و زانا و باوکانی کڵێسە دابنێیی؟ تۆ مرۆڤێکی کلۆڵ و کرمێکی سەر ئەرزی، کە تۆ تەرم و خۆراکی مشك و مار و کرمی، چۆن دەتوانی بە کفر و کەللەڕەقی رووبەڕووی داناییەکی نەمر ببیتەوە؟ چ بناغەیەکە تۆ ئەو بنەما نزم و کەمانە و سەرشێت و بەر نەفرەت کەوتووەی بانگی بۆ رادەدێری و بانگەشەی بۆ دەکەیت؟ چ غرورێکی ئەهریمەنانە فووت تێ دەکات و پاڵت پێوە دەنێ دەرهەق بە نهێنییەکانی گەردوون بڕیار بدەیت، کە خەڵکی کاتولیك دەڵێن لە سەرووی عەقڵ و ئیدارکەوەیە؟

سپینۆزا بەم جۆرە بەرسڤی دایەوە: تۆ کە لات وایە بەم دواییە چاکترین ئایین و باشترین مامۆستات دۆزیوەتەوە، بڕواو ئیمانی خۆت پێ سپاردوون، چۆن زانیت ئەوان چاکترین کەسن کە ئایینیان فێرە خەڵك کردووە و لەم کاتە و لە ئایندەشدا هەر خەڵك فێر دەکەن؟ ئایا هەموو ئایینەکان بە کۆن و تازەیانەوەت بەسەر کردەوە، کە لێرەو لە هیندستان و لە هەموو شوێنێکدا بە خەڵك رادەگەیەندرێ. با بڵێین تۆ هەموویانت بەسەر کردەوە. کێ بە تۆی گوتووە کە چاکترینیانت هەڵبژاردووە؟ لێرەوە بە روونی بۆمان دەردەکەوێت، کە فەیلەسووف دەتوانێ -کاتێ پێویست بوو- توند بێت، بەڵام هەموو ئەو نامانەی بۆ سپینۆزا دەهاتن، بەم جۆرە ناخۆش و دڵ گوشەر نەبوون. گەلێ نامەشی لە پیاوگەلێك پێگەیشت کە خاوەن پێگەو رۆشنبیرییەکی بەرز بوون. لە دیارترینی ئەو پیاوانە ناوی هینری ئۆلدینبێرگ سکرتێری



کۆمەڵگای مەلیکی لە ئینگلتەرا، فوون چیرنهاوس کە دۆزەرەوەیەکی لاوی ئەڵمانی بوو، هەروەها زانای هۆڵەندی هویجنیزو، لیپنتزی فەیلەسووف کە لە ساڵی ١٦٧٦دا سەردانی کرد و پزیشکێکی دانیشتووی لاهای بە ناوی لویس مایرد، سیمون دی فری کە بازرگانێکی دەوڵەمەندی ئەمستردام بوو، کە بەڕادەیەك سەرسامی سپینۆزا بوو، لێی پاڕایەوە کە هەزار جونەیهی وەك دیاری لێ قبووڵ بکات، بەڵام سپینۆزا هێنایە قەناعەت کە سامانەکەی بۆ براکەی خۆی جێ بهێڵێ نەك ئەو. کاتێك ئەو بازرگانە کۆچی دوایی کرد، لە وەسیەتەکەیدا گوتبووی: ساڵانە دوو سەدو پەنجا جونەیە لە سامانی ئەو بدرێتە سپینۆزا.

بۆ جاری دووەم سپینۆزا ویستی ئەو بڕە پارەیە رەت بکاتەوە و گوتی: سروشت بە کەم قایلە، منیش بە کەم قایل دەبم، بەڵام پاشان ناچاریان کرد ساڵانە سەد و پەنجا جونەیە قبووڵ بکات. برادەرێکی دیکەی کە جان دیویت گەورە دادوەری کۆماری هۆڵەندا، مووچەیەکی ساڵانەی بۆ بڕییەوە، کە دەوڵەت ساڵانە بڕی پەنجا جونەیهی بداتێ. دواجار شا لویسی چواردەهەم بەڵێنی بڕە پارەیەکی پێ دا بە مەرجێ دووەمین کتێبی خۆی پێشکەش بەو بکات. سپینۆزا زۆر بە ناسکی و رەوانییەوە ئەو شتەشی رەت کردەوە.

بۆ ئەوەی شادی بخاتە نێو دڵی دۆستانی خۆی و ئەو کەسانەی نامەیان دەنارد. لە ساڵی ١٦٦٥دا چووە نۆرمبێرگ لە نزیك شاری لاهای. لە ساڵی ١٦٧٠ش چووە لاهای. لەم ساڵانەی دوایی دۆستایەتی و خۆشەویستیی لەگەڵ جان دیویت گەورە دادوەری کۆماری هۆڵەندا زۆر پەرەی سەند. کاتێك هێرشبەران جان دویت و براکەیان کوشت بە بیانووی ئەوەی بەرپرس بوو لە بەزینی هێزەکانی هۆڵەندا لە ساڵی ١٦٧٢ بەرامبەر بە فەرەنسییەکان، سپینۆزا کە ئەو رووداوە جەرگبڕەی بیست فرمێسکی بۆ برادەرە بە قوربانی چووەکەی باراند. پاش ماوەیەکی کورت میر دی کوندی فەرماندەی سوپای فەرەنسا بۆ بارەگای سەرکردایەتیی خۆی بانگهێشتی کرد، بۆ ئەوەی ئەو مووچە شاهانەیەی پێشکەش بکات کە شای فەرەنسا بۆی بڕی بووەوە، هەروەها بۆ ئەوەی هەندێ لەو کەسانەی پێ بناسێنێ کە پێی سەرسامن. سپینۆزا هیچ لەمپەرێکی لە بەردەم چوونەکەی خۆیدا نەدیت، نەخاسمە کە ئەو خۆی بە هاوولاتییەکی ئەورووپی دادەنا نەك نەتەوەیی. لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ لاهای، هەواڵی ئەم سەردانەی لە نێو گەلدا بڵاوبووەوە، تووڕەیی و بێزاری لە نێو خەڵکدا سەری هەڵدا. خاوەن ئەوماڵەی سپینۆزا تێیدا دەژیا، ترسی ئەوەی لێ نیشت هێرش بکەنە سەر ماڵەکەی، سپینۆزا هێوری کردەوە و پێی گوت: لە ئاست هەموو گومانێکی کە بە خاینم بزانن، من دەتوانم پاکانە بکەم... خۆ

ئەگەر کەمترین ئامادەییان تێدا بوو بۆ نارەحەت کردنی جەنابتان، یاخود لە بەردەمی ماڵەکەتدا گردبوونەوە و کردیانە هەراو هوریا، من دێمە خوارێ و دەچمە نێویان، تەنانەت ئەگەر چارەنووسم بە چەشنی هاوڕێی کلۆڵم دیویت کوشتن بێت. کەچی کاتێ خەڵکەکە زانییان سپینۆزا تەنیا فەیلەسووفێکی بێ زەڕو زیانە، تووڕەییان دامرکایەوە و لە هات و هاوار کەوتن.

ژیانی سپینۆزا بەو چەشنە نییە کە لە بارەی دەگێڕنەوە، کە گوایە لە هەژاری و گۆشەگیریدا ژیاوە، وەك چۆن ئەو وردە رووداوانەمان لە بارەیەوە بیست. ئەو داهاتێکی دڵنیاکەری هەبوو، هەروەها برادەری خاوەن دەسەڵات بوو، بڕێ بایەخی بە رووداوە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی دا، هەر بە هۆی سیاسەتەوە ژیانی خۆی خستە بەر مەترسییەوە، کە لەوەدا بوو سەری لەسەر دانێ. سەرباری ئەوەی کەنیشتە بێ بەریی کرد. کەچی گەردن ئازادانە ژیانی خۆی بردە سەر. هەروەها مایەی رێز بوو لە لای کەسانی هاوزەمانی خۆی، ئەوەش لەو هەموو پایە و خەڵات و بەراتەدا دەردەکەوت کە بۆی دەخرانە روو. لە ساڵی **١٦٧٣**دا کورسیی پرۆفیسۆری فەلسەفەی لە زانکۆی هایدلبێرگ پێ درا، وێڕای ئەوە گەورەترین رێز و نوازشیشی لەگەڵدا بوو، بەڵێنی ئەوەشی پێ درا، کە لە پیشاندانی بیروڕای فەلسەفەییانەی خۆیدا ئەوپەڕی ئازاد بێت. سپینۆزا بۆ وەرگرتنی ئەو پێگەیە داوای لێبوردنی کرد، ژیانی هزر و ئارامیی بەلاوە چاکتر بوو.

ساڵی **١٦٧٧** دوایین وەرزی ژیانی بوو. ئەو ئێستا لە تەمەنی چل و چوار ساڵیدایە، بەڵام دۆستانی هەستیان کرد کە ساڵانێکی دیاری کراوی لە تەمەندا ماوە. لە دایك و باوکەوە نەخۆشیی سیلی بۆ مابووەوە، هەروەها ژیانی پڕ لە ئابلۆوقەدان، ئەو کەشە پڕ لە تەپ و تۆزەی تێیدا دەژیاش، کاری لە تەندروستیی کرد. پەیتا پەیتا هەستی دەکرد بە زەحمەت هەناسەی پێ دەدرێ. ساڵ بە ساڵیش نەخۆشی، سیپەلکی دەکۆڵی. ئەویش خۆی بۆ ئەو دوماهییە زووە ئامادە کرد، تەنیا ترسی لەو کتێبە بوو کە نەیتوانی تا لە ژیاندایە بڵاوی بکاتەوە. کە نەبادا پاش مەرگی بفەوتێ. ئەو کتێبەی (ئاکار)ی خستە نێو چەکمەچەی دۆلابێکی بچووکەوە و چەکمەچەکەی کلیل دا. کلیلەکەی دایە خاوەن ماڵەکە و داوای لێ کرد پاش مردن کلیل و دۆلابە بچووکەکە، بۆ بڵاوکەرەوە بنێرێتە ئەمستردام.

رۆژی یەك شەممە بیستی فیبرایەر، پاش ئەوەی سپینۆزا ئەوەی پێ راگەیاندن، کە نەخۆشییەکەی هێندە ئازاری نادات، ئەو خێزانەی کە ئەو لەگەڵیان دەژیا بەرەو کڵێسە بەڕێ کەوتن و مایەری پزیشك بە تەنیا لەگەڵی مایەوە. کاتێك خێزانەکە گەڕانەوە، دیتیان جەنابی



فەیلەسووف بەسەر دەستی پزیشکدا کەوتووە و رۆحی لەبەردا نەماوە. گەلێ کەس بۆی گریا. خەڵکی نەدار لەبەر هەست ناسکی و خەڵکی زاناش لەبەر دانایی گەلێکیان خۆش ویست. فەیلەسووف و دادوەران لە پاڵ گەلدا تا دوایین ئارامگە کەوتنە شوێنی. پیاوانی سەر بە هەموو ئایین و ئایینزایەك لە دەوری گۆڕەکەیدا کۆبوونەوە.

## ٢- نامەکەی دەربارەی ئایین و دەوڵەت:

با ئێستا بەپێی نووسینیان، بە هەر چوار کتێبەکەی سپینۆزادا بچینەوە. رەنگە ئەو نامەیەی دەربارەی ئایین و دەوڵەت نووسیویەتی بۆ ئەمڕۆی ئێمە کەمتر چێژ و لەزەت ببەخشێ. هۆیەکەشی ئەو درێژەدانەیەتی لە بواری بەڵگە هێنانەوە بۆ گۆشەنیگای خۆی. بەم جۆرە نووسینەکەی ناڕوونی و نادیاریی لەدەست دا کە دوو خەسڵەتن چینی رۆشنبیران پاڵ پێوە دەنێن بەرخورد و لێکۆڵینەوە بکەن. ئەم شتە لەگەڵ ڤۆلتێریشدا رووی دا، وەك لەگەڵ سپینۆزا لە نامەکەیدا دەربارەی ئایین و دەوڵەت رووی دا.

بنەمای سەرەکیی ئەو کتێبە بریتییە لەوەی زمانی تەورات مەجاز و خوازە (خواستن) بەسەریدا زاڵە، ئەم مەجاز و خوازەیەش کارێکی بەرجەستە و ویستراوە، هەر ئەوە نییە تەنیا مەیلی رۆژهەڵاتییانە بە ئاراستەی ئەدەبی بەرزو جوان پیشاندانی پەیڤ و ئارایشت دانی و، زێدەڕۆیی کردن لە وەسف و گوزارەدا بخاتەڕوو، بەڵکو پەیامهێن و پێغەمبەران لە بانگهێشت کردنی خەڵك بۆ بیروباوەڕو رێنماییەکانیان پەنایان بردووەتە بەر ورووژاندنی خەیاڵ، ناچاریش بوون خۆیان بەپێی هزرو ئارەزووی گەل بگونجێنن.

هەر کتێبێکی ئاسمانی کە نووسرابێتەوە، یەکەم جار بۆ بانگهێشت کردنی گەلێك نووسراوە، دووەم بۆ بانگهێشت کردنی گشت گەلانی دنیا. بەم پێودانگە دەبێ ئەوەی لەو کتێبانەدا دێت، چەندی بلوێ لەگەڵ عەقڵی خەڵکەکەدا بگونجێ. کتێبی ئاسمانی شت بە هۆکاری لاوەکیی خۆی راڤە ناکات، بەڵکو بە چیرۆك دەیخاتەڕوو، کە بە شێوازێکی بەهێز و پڕ لە تەوژم دای دەدا تا کار لە خەڵك بکات و بەرەو باوەڕهێنان و خوداپەرستن و زاهیدییان ببات، بە تایبەتیش چینی نەزان و نەخوێندەوار. کتێبی ئاسمانی مەبەستی نییە عەقڵ بدوێنێ و بیگەیەنێتە قەناعەت، بەڵکو هەوڵ دەدات خەیاڵ کێش بکات و کۆنترۆڵی بکات. هەر لەبەر ئەوەشە زۆر باسی موعجیزە دەکات و شێوەکانی بوونی خودا زۆر دووپات دەکاتەوە.

خەڵکی باوەڕیان وایە کە توانا و میهری خودا پتر لە رووداوی خاریق و نائاساییدا دەردەکەوێت، کە ناکۆکە لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی ئەوان دەربارەی سروشت پەیدایان کردووە. واش مەزەندە دەکەن خودا وەستاوە و هیچ کارێك ناکات، چونکە سروشت بە رێسای باوی خۆی کار دەکات. هەروەها پێچەوانەی ئەو رەوشەش بە راست دەزانن، کە لە کاتێکدا خودا کار دەکات، هەموو هێز و هۆکار و جمەیەکی سروشت لەکار دەکەوێت و رەق رادەوەستن. بەم جۆرە ئەوان مەزەندەی دوو هێزی لە یەکدی جودا دەکەن، هێزی خوداو هێزی سروشت (ئا لێرەدا بیرۆکە بنچینەییەکی فەلسەفەی سپینۆزا خۆی دەنوێنێ، ئەویش ئەوەیە کە خودا و بەڕێوەچوونی سروشت یەك شتن).

خەڵکی بە لای ئەو بڕوایەشدا دەچن، کە خودا لە پێناوی ئەوان سیستەمی رووداوەکانی سروشت تێك دەشکێنێ. هەر بەم جۆرە جوو درێژ بوونی رۆژ بە موعجیزە دەزانن. بۆ ئەوەی کار لە خەڵکی دی (لەوانەشە بۆ کار کردن لە خۆیان) تا بێنە سەر ئەو بڕوایەی ئەوان گەلی هەڵبژاردەی خودان. بەیاننامەی وردو سەنگین سەرنجی خەڵك راناکێشێ و هەستیان نابزوێنێ. چونکە هێندەی موعجیزە خەیاڵ و هەست و سۆزی خەڵك نابزوێنێ، کە بەرەو بڕواو ئیمان و خوداپەرستییان ببات. ئەگەر مووسا بە قەومەکەی بگوتبایە کە بای رۆژهەڵات دەریای سووری بۆ دادڕین، ئەو قسەیەی هیچ کارێکی لە عەقڵی ئەوان نەدەکرد. هەر لەبەر ئەمەشە کە پەیامهێن پەنای بردووەتە بەر گێڕانەوەی چیرۆکی پڕ لە موعجیزە، هەروەها پەند و چیرۆکی وا کە لەگەڵ هۆش و ئیدراکی گەلدا بگونجێن.

کاریگەریی گەورە و فراوانی پەیامهێن و پێغەمبەران لەسەر خەڵکی کە بەراورد ناکرێ لەگەڵ کاریگەریی فەیلەسووف و زانایان، بۆ ئەو شێوازی ئاخاوتنە پڕ لە سیحرەی خاوەنی ئایینەکان لە پەیامهێن و پێغەمبەران، دەگەڕێتەوە، ئەویش بە حوکمی جۆری پەیامی ژیان و هورووژم و گەرم و گوڕیی سۆزیان. سپینۆزا دەڵێ: ئەگەر تەورات لەسەر ئەم بنەمایە راڤە بکەین، هیچ شتێکی تێدا بەدی ناکەین، کە لەگەڵ عەقڵدا ناکۆك بێت. خۆ ئەگەر بە دەق راڤەی بکەین، ئەوکات دەبینین لە نێو هەڵە و شتی مەحاڵ و ناکۆکدا نقوم بووە، وەك ئەو پێنج سفرەی مووسا هێناونی. هەرچی راڤەی فەلسەفییانەیە، لە پشت تەمی شیعر و رەوانبێژیدا هزرو بیری قووڵی سەرکردە و بیرمەندانمان بۆ ئاشکرا دەکات، هەروەها کاریگەریی گەورە و فراوانی تەوراتیش لە خەڵك دەخاتەڕوو. هەردوو راڤەکەش شوێن و کاری دیاری کراوی خۆیان هەیە. خەڵکی هەمیشە داوای ئایینێك دەکەن، کە خەیاڵ وروووژێنەر بێت و باس لە رووداوی



خاریق بکات. خۆ ئەگەر ئەو ئایینە پەکی کەوت، ئەوان ئایینێکی دی دادەهێنن و لە جێی ئەوی دادەنێن. کەچی فەیلەسووف دەزانێ کە خودا و سروشت یەك شتن، بەپێی زەروورەت و بەپێی یاسایەکی نەگۆڕ و چەسپاو، کار دەکەن. بێگومان ئەو یاسا مەزنەش بە پیرۆز دەزانێ. دەشزانێ کە لە کتێبە ئاسمانییەکاندا خودا بە یاسادانەر یان میر، هەروەها بە میهرەبان و دادپەروەر و تا دوایین خەسڵەتی دی، وەسف کراوە. هەموو ئەمەش لەو پێناوەدا کە لەگەڵ عەقڵ و هۆشی خەڵك و زانیاریی پڕ لە کەموکورتیی ئەوان بگونجێ، کە نەگەیشتووەتە کەماڵ.

سپینۆزا تەورات و ئینجیل لە یەکدی جیا ناکاتەوە، وەك یەك ئایین تەماشای هەردوو ئایینی یەهوود و مەسیحی دەکات، ئیدی لەو کاتەدا رق و ناتەبایی لە دڵی خەڵکیدا نامێنێ. راڤەی فەلسەفییانە گەوهەری هەردوو باوەڕەکە دەبینێ کە لە ململانێدان. ئەو دەڵێ: بە ڕاستی سەرسام دەبووم کاتێ دەمبینی ئەو کەسانەی خۆیان بە رێنماییەکانی ئایینی مەسیحی هەڵدەکێشا، بە تایبەت بە ئەڤین و بەختەوەری و ئاشتی و میانڕەوی و چاکە کردن دەرهەق بە هەموو خەڵك، کەچی بە رق و کینەیەکی تفت و تاڵەوە شەڕیان لەگەڵ یەکدا دەکرد، ئەو رق و کینەیەش بووە پێوەرێك بۆ بیروباوەڕی ئەوان لە بری ئەو بەها بەرزانەی بانگەشەیان بۆ دەکردنو دەیانخستنەڕوو.

جوو بە رادەیەکی زۆر لە ئاکامی ئەو رق و کینەیەی مەسیحییان دەیاننواند، توانییان خۆ رابگرن و بمێنن، چەوسانەوە ئەوانی بەرەو یەکگرتن و یەکێتی برد تا بتوانن توخمی خۆیان بپارێزن. خۆ ئەگەر ئەو چەوسانەوەیە نەبووایە، رەنگ بوو هەر بە ژن و ژنخوازی و تێکەڵی ئاوێتەی گەلانی ئەورووپا ببوونایە، لە نێو زۆرینەی دەوروبەریاندا قووت دەدران. هیچ هۆیەك نییە رێ لە فەلسەفەی یەهوودی و فەلسەفەی مەسیحی بگرێت، کە دەربارەی بیروباوەڕێك بە رێککەوتن بگەن، کە رێی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و هاوکارییان بۆ خۆش بکات، نەخاسمە دوای نەهێشتنی ئەو جیاوازی و ناکۆکییانەی واتایەکیان نییە.

سپینۆزا لەو بڕوایە دایە کە بۆ گەیشتن بە کەماڵ و لە یەکدی گەیشتن، یەکەمین هەنگاو لە یەك گەیشتنی هاوبەشە دەربارەی حەزرەتی مەسیح و وەلاوەنانی بیروباوەڕی مەحاڵ. جا ئەوسا جوو درك بەوە دەکەن کە مەسیح مەزنترین و جوامێرترین پێغەمبەرە. سپینۆزا دان بە خوداوەند کردنی مەسیحیدا نانێ و لە ریزی مرۆڤی دادەنێت، ئەو مرۆڤە نەك خوداوەند. (پەندی نەمری خودا.. لە هەموو شتێکدا خۆی دەنوێنێ، بە تایبەتیش لە عەقڵی مرۆڤدا، بە شێوەیەکی تایبەتیتر لە هەموو خەڵك، لە یەسووعی مەسیحیدا خۆی دەنوێنێ. ئەو مەسیحی تەنیا بۆ فێرکردنی جوو نەناردووە، بەڵکو بۆ فێرکردنی گشت خەڵك نێردراوە). لەبەر ئەوە خۆی

گونجاند بە جۆرێك كە لەگەڵ تێگەیشتن و ئیدراكی خەڵكدا بگونجێ.. زۆربەی رێنماییەكانی لە شێوەی چیرۆكدا داناوە، بۆ روون كردنەوەی رێنماییەكانی پەنای بردووەتە بەر نموونەی سادەو ساكار تا لەگەڵ عەقڵی خەڵكیدا بگونجێ. بە لای ئەوەوە، ئاكاری مەسیحی هەمیشە لێوالێوە لە دانایی. بە گەورەیی تەماشاكردنی مەسیح وا لە مرۆڤ دەكات، عەقڵ خودای خۆش بوێت.

گەر كەسایەتیی جوامێرانەی مەسیح ئەو لەمپەرانەی بیروباوەڕی لە كۆڵ بكرێتەوە كە تەنیا مایەی كێشە و ململانێن، ئەو كەسایەتییە دەتوانێ هەموو خەڵك بە لای خۆیدا رابكێشێ. جیهانیش كە مەیدانی شەڕی خۆكوژانە، شەڕی شمشێر و قەڵەم پارچە پارچەی كردووە، رەنگە یەكێتیی ئایینی تێدا بەدی بێت و لە دوا جاریشدا ئەگەری برایەتیی تێدا بەرقەرار بێت.

## ٣- چاك كردنی عەقڵ:

سپینۆزا لەم كتێبەی بە دیباجەیەك دەستی پێ كردووە، كە گەوهەرە لە ئەدەبیاتی فەلسەفەدا، پێشمان دەڵێ لەبەر چی هەموو شتێكی كردە قوربانی فەلسەفە:

پاش ئەوەی ئەزموون فێری كردم كە هەموو ئەو شتانەی لە ژیانی ئاساییدا روو دەدەن بۆش و بەتاڵن، دیتم كە هەموو ئەو شتانەی لێیان دەترسم یان لێم دەترسن، هیچ چاكە و خراپەیەكیان لەخۆ نەگرتووە، تەنیا بە رادەی ئەوەی كار لە عەقڵم دەكەن. ئیدی لە دواییدا نیەتم هێنا دەست بە گەڕان بكەم بە دوای ئەوەی، ئەگەر شتێك هەبێت كە رەنگە بە راستی چاك بێت و توانای گەیاندنی چاكییەكی خۆی هەبێت، هەروەها دەشێ كار لە عەقڵ بكات بەو رادەیەی پێویستی بە هیچ شتێكی دیكە نەمێنێ. ئاشكرا دەیڵێم بڕیارم دا بگەڕێم كە ئاخۆ لە توانامدایە دەسەڵاتی دۆزینەوەی ئەو بڕستە لە خۆمدا هەبێت، كە بگەمە شادییەكی بەرزی هەمیشەیی. بینم سوودێكی زۆر لە شەرەف و دەوڵەمەندیدا هەیە، ئەگەر بشمەوێ بە بایەخەوە دوای بابەتێكی دی بكەوم، ئەوانم لەدەست دەچێت.. هەرچەندی بەشت لە شەرەف و ساماندا زیاد بێت، بەختەوەرییەكەت زیاتر دەبێت و بەپێی ئەوە شەوق و زەوقی زیاتر داتدەگرێ بۆ هێشتا زیاتر كردنیان. بەڵام ئەگەر لە كۆكردنەوەی سامان و بەدەست هێنانی شەرەفدا سەرنەكەوتین و بێ ئومێد بووین، ئەم شتە گەورەترین ئازاری دەروونمان دەدات. لە ناوبانگیشدا ئەم كەموكورییە گەورەیە دێتە پێش. ئەگەر بە دوای ناوبانگدا گەڕاین، دەبێ ژیانمان بە جۆرێك بێت كە خۆشی و رەزامەندی بە خەڵكی ببەخشێ، لەو شتانەش دوور بكەینەوە كە رقیان لێیەتی. هەر بە دوای ئەو شتانەدا بگەڕێین كە شادی دەبەخشێتە دەروونیان... بەڵام كە خۆشەویستی ئاراستەی شتێكی نەمر بكەین، بەختەوەرییەكی بێگەرد بە



عەقڵمان دەبەخشێ كە هیچ ئازارێكی نییە.. مەزنترین چاكەیەكیش لە ناسینی یەكگرتنی نێوان عەقڵ و تەواوی سروشت دایە.. عەقڵیش هەرچەندی زیاتر بزانێ، زیاتر لە هێزی خۆی و لە سیستەمی سروشت دەگات. هەرچەندی زیاتر لە هێزی خۆی بگات، زیاتر دەتوانێ ژیانی خۆی ئاراستە بكات و یاساو رێسا بۆ خۆی دابنێ. هەرچەندی زیاتر لە سیستەمی سروشت بگات، زیاتر و ئاسانتر دەتوانێ خۆی لە شتی بێ سوود رزگار بكات.

كەواتە بە تەنیا زانستە مایەی هێز و ئازادی. تەنیا بەختەوەرییەكی هەمیشەییش لەزەتی تێگەیشتن و گەڕانە بە دوای زانیندا. لە هەمان كاتدا فەیلەسووف دەبێ خۆی بە مرۆڤ و هاوولاتی بزانێ، لە كاتی گەڕانیدا بە دوای راستی و هەوڵی لەو پێناوەدا، دەبێ ژیانی ئەو لە چ جۆرێكدا بێت؟ ئا لێرەدا سپینۆزا رێسایەكی سادەی هەڵسوكەوتمان بۆ دادەنێ كە بە بڕوای ئێمە بە تەواوی لەگەڵ هەڵسوكەوتی ئەودا جووت دەبێت.

١- بە شێوازێك قسە بكات كە خەڵك تێی بگات، دەبێ هەموو ئەو شتانەشیان بۆ بكات كە نابنە رێگر لە بەردەم وەدی هاتنی ئامانجەكانی.
٢- كەڵك تەنیا لەو شتانە وەربگرێت كە بۆ تەندروستی پێویستن.
٣- لە دواییشدا هەر هێندەی بۆ ژیان و تەندروستی پێویستە، با بە دوای ساماندا بگەڕێ، هەروەها ملكەچی ئەو داب و نەریتانەش بێت كە ناكۆك نین لەگەڵ ئەوەی كە ئەو بە دوایەوە وێڵە.

بەڵام لە ئامادە كردنی جۆرە لێكۆڵینەوەیەكی وا، سپینۆزا خۆی لە بەرەو رووی ئەم گرفتەدا دەبینێتەوە، ئەویش ئەوەیە چۆن بزانم زانینی من زانینی راستەقینەیە؟ ئایا دەكرێ متمانە بەو هەست پێكراوانە بكەم كە هەستەكانم بۆم دەگوازنەوە؟ دەكرێ پشت بە عەقڵ ببەستم سەبارەت بەو ئەنجامانەی لەو هەست پێكراوانەوە پێیان دەگات، كە لە هەستەوە سەرچاوەیان گرتووە؟ ئایا پێویست نییە كە هەرچی لە توانامانداییە بیكەین بۆ چاك كردنیان؟ بەر لە هەر شتێ، پێویستە بیر لە كارێك بكەینەوە كە عەقڵ چاك و پاك بكاتەوە. دەبێ جۆرەكانی زانینیش لە یەكدی جودا بكەینەوە، تەنیا دەبێ متمانە بە چاكترینیان بكەین، یەكەم زانین بە هەواڵ و پڕوپاگەندە پێمان دەگات، وەك ئەوەی رۆژی لەدایك بوونم دەزانم، دووەمیش ئەوەیە كە لە ئەزموونی نادیارەوە دێت، وەك ئەوەی پزیشك دەرمانێك بناسێ كە بۆ چارەسەری نەخۆشێكی بڕیار دابێت. ئەم پزیشكە بە ئەزموونی زانستیی یەكلاكەرەوە چەسپاو ئەو دەرمانەی نەدۆزیوەتەوە. سێیەم جۆری زانین ئەوەی بە (ئیستیدلال)ی خێرا یان بە بیركردنەوە پێی دەگەین. وەك ئەوەی بە بیركردنەوە بگەمە ئەوەی خۆر قەبارەی گەورەیە، ئەویش كاتێ دەبینم هەموو شتێك لەگەڵ دووركەوتنەوەی لە حوكمی چاو،

بچووك دەبێتەوە، ئەم جۆرە زانینە لە دوو جۆرەكەی دی باڵاترە، وێڕای ئەوە بە ئەزموونی راستەوخۆ قابیلی رەت كردنەوە و بەدرۆ هێنانەوەیە. سەدان ساڵیشە زانست دەیویست بەم جۆرە زانینە رێی خۆی بەرەو گەردوون ببڕێ، كە ئێستا زانایانی سروشت پەسندی ناكەن. بۆیە باڵاترین جۆری زانین جۆری چوارەمە كە بە (ئیستیدلال)ی خێرا و درك پێ كردنی راستەوخۆ دێتە دی، وەك ئەوەی بزانین لەم هاوكێشەیەدا (٢: ٤=٣: س) ئەوەی لادراوە ژمارە (٦)ە، وەك چۆن دەزانین گشت لە بەش گەورەترە. سپینۆزا لەو بڕوایەدا بوو، ئەوانەی لە بیركاریدا بلیمەتن، هەر بەم شێوازە (بەدیهی)یە زۆر شت لە بارەی ئیقلیدسەوە دەزانن، بە داخ و حەسرەتەوە دان بەوەدا دەنێت، كە ئەو شتانەی بەم جۆرە زانیونی گەلێ كەمن.

لە ئاكاردا سپینۆزا هەردوو جۆری یەكەمی زانین دەكاتە یەك جۆر، پێشی دەڵێ: زانینی (بەدیهی)، چونكە هەر لە جێوەو بە حوكمی پەیوەندیی هەمیشەییانەوە درك بە شتان دەكرێت. بەم رستەیە پێناسەیەكی فەلسەفە دەخاتەڕوو، ئەو هەوڵ دەدا لە پشتەوەی شت و رووداوەوە بگاتە یاساو پەیوەندییە هەمیشەییەكان، بەم جۆرە (سیستەمی كاتی) كە دنیای شت و رووداوەو، (سیستەمی هەمیشەیی) كە دنیای ئەو یاساو رێسایانەیە كە شت و رووداو دەبزوێنێ. لە یەكدی جیاشیان دەكاتەوە.

دەبا بە وردی لەو یەكدی جیاكردنەوەیە بكۆڵینەوە، وەك ئەوەی سپینۆزا بۆمانی دەخاتەڕوو. (جێی باسە لێرەدا بڵێم، من لە ریزبەندی هۆكار و بوونی راستەقینەوە ناتوانم لە ریزبەندی تاك تاكی شتی گۆڕاو بگەم، بەڵام لە راستیدا لە ریزبەندی شتی چەسپاوی هەمیشەییەوە بەو ئامانجە دەگەم، چونكە بەهۆی بێ هێزیی مرۆڤەوە، مەحاڵە بتوانین لەگەڵ ریزبەندی تاك تاكی شتی گۆڕاودا بڕۆین، نەك هەر لەبەر ئەوەی لە ژمارە نایەن، بەڵام لەبەر فرەیی دۆخ و رەوشی لە تەنیا شتێكدا، كە رەنگە هەر دۆخ و رەوشێك هۆكاری بوونی ئەو شتە بێت. چونكە هەبوونی شتی دیاری كراو، لە راستیدا پەیوەندیی بە ماهیەتییەوە نییە و راستییەكی هەمیشەییش نییە. بە هەرحاڵ پێویستمان بەوە نییە ریزبەندی تاك تاكی شتی گۆڕاو بزانین، چونكە ماهیەتیان دەكرێ تەنیا لە شتی چەسپاو و هەمیشەییدا بێت، هەروەها لەو یاسایانەی وەك یاسای راستەقینەی خۆیان لە نێو شتاندا تۆماركراون، كە هەر بەپێی ئەوان تاك تاكی شتان پێك دێن و دروست دەبن. ئەم تاك تاكی شتی گۆڕاوانە بە زەروورەت پشت بەو شتە چەسپاوانە دەبەستن، كە بەدەر لەوان ناتوانن هەبن و نایەنە ئیدارك كردن).



**٤- ئاكار:**

كتێبی ئاكار بە شازترین و بەهادارترین كتێبێك دادەندرێ كە فەلسەفەی نوێ هێناویەتییە بەرهەم. سپینۆزا ئەم كتێبەی لە فۆرمێكی ئەندازەیی داناوە بۆ ئەوەی بیروڕاكانی بە سادەیی روون بكاتەوە، بەڵام ئەنجامەكە بە پێچەوانەی ویستی ئەو كەوتەوە، زۆر چڕو ناڕوون هاتە بەرهەم، هەر دێڕێكی (تەلموود)ێك راڤەو پەراوێزی دەوێ.

سكولاریستەكان بیروڕای خۆیان بەم جۆرە خستەڕوو، وێڕای ئەوەی بە رادەی سپیۆزاش چڕ نەیانخستەڕوو، ئەنجامی خەملێندراوی خۆیان یارمەتیدەریان بوو بۆ روون كردنەوەكەی خۆیان. دیكارت وای بۆ چوو كە فەلسەفە مكوم و مەحكەم نابێت تا لە فۆرمی بیركارانەدا گوزارە لە خۆی نەكات. لەگەڵ ئەوەشدا دامێنگیری نموونەی باڵای خۆی نەبوو، بەڵام سپینۆزا عەقڵی مەشق كردووی بیركارانەی كردووەتە مەرجێكی بنەڕەتی بۆ گشت لێكۆڵینەوەیەكی وردی زانستی، ئەوەی كۆبەرنیك و كیبلەرو گالیلۆ پێی گەیشتن، كاری لەویش كرد. بەم جۆرە سەبارەت بە عەقڵی فرە ئاسانكاری ئێمە، ئەنجامەكە لە هەردوو ئاستی پرس و فۆرمدا زەحمەتە و ئەزیەت بەخش دەبێت. بەوەش دڵی خۆمان دەدەینەوە، ئەم فەلسەفە ئەندازەییە وەلا دەنێین، وەك یارییەكی شەترەنج، كە لە بیرۆكەی دروست كراو پێكهات بێت و شەن و كەوی (بەدیهی)و پێناسەو بەڵگە و پرسان دەكەین، رێك وەك ئەوەی لە گەمەی شەترەنج دەست بۆ پاشاو فیل و ئەسپ و سەرباز دەبەین. یەكەیەكی لۆژیكی بوو، سپینۆزا بۆ راونانی تەنیاییەكی خۆی دایهێنا.

سیستەم دژ بە پێكهاتەی عەقڵی ئێمەیە، ئێمە وامان بە لاوە چاكە كە وێڵی دوای هێڵی تەفرەدەری وەهم بین، فەلسەفەش لە خەون بهۆنینەوە. سپینۆزا ئارەزوویەكی كەللە رەقانەی هەبوو بۆ گۆڕینی بێ سەروبەریی جیهان بە سیستەم و یەكبوون. پتر برسێتیی خەڵكی باكوور بۆ گەڕان بە دوای راستیدای تێدا بوو تا تەماحی باشوور بۆ گەڕان بە دوای جوانیدا. لە روانگەی سپینۆزاوە هونەرمەند ئەندازیارێكی عەیار (٢١)ە، سیستەمێكی بیر و بۆچوون لە فۆرم و بۆتەیەكی تەواو گونجاودا دروست دەكات.

قوتابییەكی ئەمڕۆ جارێكی دی هەست بە گرێ و گۆڵ و ناڕەحەتی دەكات لە ئاست ئەو زاراوانەی سپینۆزا بەكاری هێناون. لەبەر ئەوەی زمانی لاتینیی لە نووسینی كتێبەكەدا بەكارهێناوە، ناچار بوو بیری تازەی خۆی لە بۆتەی دەستەواژە و زاراوەی سكولارو سەدەی ناوەنجیدا دەرببڕێ، چونكە لەو سەردەمەدا زمانێكی دیكەی فەلسەفە نەبوو كە خەڵك تێی

بگات. ئەو پەیڤی گەوهەری بەکارهێناوە و ئێمە پەیڤی راستیی لە جێدا دادەنێین، ئیدی بۆ پەیڤ و زاراوەی دیکەش هەر بەم شێوەیە.

به کورتی، تەنیا خوێندنەوەی سپینۆزا بەس نییە بەڵکو دەبێ لێی بکۆڵدرێتەوە، وەك لە ئیقلیدس دەکۆڵێتەوە بە هەمان شێوە دەبێ لەویش بکۆڵێتەوە، تا درك بەوە بکەیت کە لە دوو سەد لاپەڕەی چڕدا بیروڕای سەراپای ژیانی بە شێوازێکی دالآنیزمانە (رەواقی) نووسیوە، هەموو شتێك دەبێ و نابێیەکی هەیە (لازم و غیر لازم). واش بیر مەکەوە کە بە خوێندنەوەیەکی بە پەلە پەی بە ناخ و دڵی دەبەین. لە مێژووی فەلسەفەدا کتێبێك نابینین کە خوێنەر تەنیا بە تێپەڕاندنی چەند دێڕێکی کەم زەرەرێك دەکات، وەك ئەوەی لەم کتێبەدا هەستی پێ دەکرێت. هەر بەشێکی پشت بە بەشەکانی پێشوو دەبەستێت، رەنگە هەندێ مەسەلەی روونیش تووشی گۆڕان بێن، ئەوانەی ئاماژە دەدەن کە پێویستیان بەوە نییە ببنە بنەمایەك بۆ پەرەسەندنێکی بە سەنگی لۆژیکی. هەروەها ناتوانی لە هیچ فەسڵێکی گرنگ بگەیت، بەبێ ئەوەی کتێبەکەت خوێندبێتەوە و بیر و سەرنجی خۆت تێدا خەرج کرد بێت.

سپینۆزاش لەوە حاڵی بوو کە خەڵك بە زەحمەت لە کتێبەکەی دەگەن، ئەو لە بەشی دووەمی کتێبەکەیدا دەڵێ (بێگومان لێرەدا خوێنەر دەشڵەژێ، هەندێ شتی دێتەوە بیرو سەرەنجام بەرەو راوەستان دەچێت، لەبەر ئەوە تکای لێ دەکەم کە بە ئارامییەوە بەرەو پێش بچێت، با بەر لە خوێندنەوەی سەرلەبەری کتێبەکە. بڕیار بەسەر ئەو شتانەدا نەدات). یەکبین کتێبەکە مەخوێنەوە، هەر جارەی کەمێکی بخوێنەوە، پاش ئەوەی لە خوێندنەوەی دەبیتەوە، وا دابنێ، ئیدی خەریکی تێی دەگەیت. ئینجا هەندێ بەدواداچوون بخوێنەوە وەك بەدواداچوونی بولووك بەسەر سپینۆزا، یان لێکۆڵینەوەکەی مارتینی لەسەر سپینۆزا. یان چاکتر وایە هەردووکیان بخوێنیتەوە، ئینجا دووەم کتێبی ئاکار بخوێنەوە، ئەوسا بۆت دەردەکەوێ کە کتێبێکی نوێ دەخوێنیتەوە. کاتێ بۆ دووەم جار کتێبەکە دەخوێنیتەوە، ئەوسا بە درێژایی ژیانت عاشقی فەلسەفە دەبیت. فەرموون لەگەڵ گرنگترین ئەو شتانەی لەو کتێبەدا هاتوون.

### ١- سروشت و خودا:

لە شێوازی سپینۆزادا سێ پەیڤ یان سێ زاراوەی بنچینەیی دەبینین، یەکەم جەوهەر مەبەست راستیی چەسپاوی بنچینەیی و پێکهاتە و یاساکانی جیهانە، دووەم سیفەت



رووکارێکە لە رووکارەکانی جەوهەر یان راستیی بەکۆتا نەهاتوو. وەك فراوانی یان بیر، سێیەم لابەلا (دەرکەوت) کە ئەمەش شتێکی دیاری کراوە، یان فۆرم یا بویەر یان بیرۆکەیەکە.

پەیڤی دووەم کە سیفەتە، لەبەر ئەوەی سادەیە، بە شێوەیەکی کاتی دەیخەینە لاوە. لابەلاش، وەك گوتمان هەر شتێ یان تاکە بویەرێك یان هەر فۆرمێك یان وێنەیەکی دیاری کراوی بەسەرچووە. تۆ بە خۆت و جەستە و هزرو توخم و جۆر و هەسارە و ئەستێرەکانتەوە، هەر هەمووتان دەرکەوتن (لابەلان). ئەمانە هەر هەموویان وێنەو فۆرم و شێوەگەلی راستییەکی نەمر و چەسپاو و هەمیشەیین، ئەو راستییە نەگۆڕە و کەوتووەتە پاش و پێشی ئەو شتە لابەلایانەوە.

ئەو راستییەی لە پشت ئەو شتانەوەیە دەبێ چی بێت؟ سپینۆزا ناوی ناوە جەوهەر. هەروەك چۆن بنەچەی وشەکە ئاماژەی پێ دەکات. واتە ئەو لای ژوور و کرۆکی گرتووە. بە درێژایی هەشت نەوە مشتومڕ لەسەر راستیی ئەو پەیڤە درێژەی کێشا. بۆیە نابێ بێ ئومێد بین کاتێ لە یەك برگەی کتێبەکەماندا نەماتوانی ئەم پرسە یەکلا بکەینەوە. بەڵام تاکە هەڵەیەکیش هەیە نابێ تێی بکەوین، ئەویش ئەوەیە کە پەیڤی گەوهەر بەو شێوەیەی سپینۆزا بەکاری هێناوە، مەبەست ئەو ماددەیە نییە کە شتی لێ پێك دێت، وەك چۆن دار ماددەیەکە کورسیی لێ پێك دێت. جا ئێستا ئەگەر بەراورد بکەین لەوەی کە جیهانی دابەش کردووەتە سەر جەوهەر و دیاردە، لە کتێبی چاکسازیی عەقڵیشدا جیهان دابەش دەکاتە سەر سیفەتێکی هەمیشەیی یاساکان و پەیوەندیی نەگۆڕ لە لایەك و، سیستەمی کاتیی شتانی بەسەرچوو لە لایەکی دیکەوە. ئەم بەراورد کردنە بەرەو ئەنجامێکمان دەبات، کە سپینۆزا مەبەستی لێرەدا لە جەوهەرەوە نزیکە لەوەی کە لەو لا بە سیستەمی هەمیشەیی ناوی بردووە.

با ئەوە وەك یەك توخم دابنێین لە پەیڤی جەوهەردا، بەم جۆرە ئەو ئاماژە بە پێکهاتەی خودی بوون دەکات، کە لە ژێر گشت شت و بوویەراندا شاراوە و پەنهانە، کە کاکڵەی جیهان پێك دەهێنێت.

بەڵام سپینۆزا جەوهەر بە سروشت و خودا دەچوێنێ. ئەو سروشت یان گەردوون لە دوو رووکاردا دەبینێ، لە لایەك کاراو پڕ جموجۆڵ و ئەفرێنەرە، لە لایەکی دیکەشەوە شڵەژاوو ئەفرێندراوە.. رووکارە شڵەژاوەکەی ماددەیە کە شتەکانی نێو سروشت وەك چەم و جەنگەڵ، ئاوو هەوا، چیا و مێرگ و دەیان هەزار شتی دەرەکی دەگرێتەوە. ئەم سروشتە هەر هەمووی بەرهەمی لایەنی کاراو ئەفرێنەرە. جا ئەوسا لە گەردووندا هێزێکی ئەفرێنەر دەبێت کە شتان

دروست دەكات و ئەو ناوی ناوە (جەوهەر كە خودایە)، هەروەها شتی ئەفرێندراویش هەن كە دەركەوت یان جیهانە.

لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە كە سپینۆزا گەردوون دابەشی سەر جەوهەر و دەركەوت دەكات، كۆن و هاتووە ئاراوە، یان خودا و دنیای بەرهەست. هەرچی جەوهەر یان خوداوەندە، ئەوە راستییەكە و هیچ ماددەیەكی تێدا نییە، بە پێچەوانەی دنیای شتان. رەنگە ئەم بڕگەیە لە روون كردنەوەی بیرۆكەكەی سپینۆزادا یارمەتیمان بدات (من وەها وێنای خودا و سروشت دەكەم كە بە تەواوی لەگەڵ ئەو وێنەیەی مەسیحییانی سەردەمی پاشین بەردەوام وێنای دەكەن جودایە، چونكە من باوەڕم وایە خودا خۆی بنچینەیە نەك كتوپڕ، هەر خوداش هۆی هەموو شتێكە. من دەڵێم، هەموو شتێك سەرچاوەكەی لە خوداوەیە، هەموو شتێك، ژیان و جوولەی هەموو شتێك لە خودادایە. لەمەدا من لەگەڵ پۆلس پێغەمبەردا كۆكم، رەنگە لەگەڵ هەریەك لە فەیلەسووفانی دێرینیشدا كۆك بم، هەرچەندە شێوازەكەی من لەگەڵ هی ئەوان جودایە. رەنگە زاتی ئەوەش بكەم و بڵێم، كە رای من هەمان رای عیبرانییانی دێرینە. بە هەر حاڵ ئەوانە بە سەهوودا چوون كە دەڵێن، مەبەستی من ئەوە بووە كە پیشانی بدەم كە خودا و سروشت یەك شتن. ئەوانەی وا دەڵێن، وا لە پەیڤی سروشت گەیشتوون كە قەبارەیەكی دیاری كراوی ماددەی بەرجەستەیە، ئەوە مەبەستی من نییە).

لە نامەكەیدا دەربارەی ئایین و دەوڵەت، بۆ جاری دووەم دەنووسێ (من مەبەستم لە یارمەتیی خودا، سیستەمی چەسپاوی سروشتە كە ناگۆڕێ، یان زنجیرەی رووداوەكانی سروشت). یاسا گشتییەكانی سروشت و فەرمانە نەمرەكانی خودا یەك شتن. هەموو شتێكیش لە خەسڵەتی بێ كۆتایی خوداوەندەوە سەرچاوە دەگرێت، وەك چون خەسڵەتی سێگۆشە وایە، كە هەر سێ گۆشەكەی یەكسانە بە دوو گۆشەی وەستاو. خوداش سەبارەت بە جیهان، وەك یاسای فەرمانگەیە سەبارەت بە گشت فەرمانبەرەكان. خودا هەر خۆی ریزبەندی هۆیە، كە بە پەنهان لە پشت هەموو شتێكدایە، هەر خۆشی ستوونی راگرتنی جیهان و هەڵسووڕانی گەردوونە. ئەم گەردوونەی كە لە یەكەیەكی پێكەوە بەندی دەركەوت و شتان پێكهاتووە سەبارەت بە خودا، وەكو پردێكە سەبارەت بە نەخشەسازی و دروست كردن و پێكەوە بەستنی و، ئەو یاسا بیركاریو میكانیكییانەیە كە بنەمای دروست كردنی ئەون. ئەمانە جەوهەری پردەكە و رێسای بنچینەیی دروست بوونی ئەون، بەدەر لەوان پردەكە خۆی ناگرێت و دادەڕمێ. گەردوونیش بە بنەما و یاسای دروست بوونییەوە بەندە و خۆی راگرتووە، هێزی یەزدان پشتیوانیی لێ كردووە،



وەك چۆن پردێك لە دروست كردن و نەخشەسازیدا، بەو یاسایانەی بیركاری و میكانیك، كە بوونەتە مایەی دروست كردنی، پشتیوانیی لێ كراوە.

ئیرادەی خودا و یاساكانی سروشت دوو ناوی یەك راستین، ئەو راستییەش ئەوەی بەدوادا دێت، كە هەموو ئەو رووداوانەی لە گەردووندا روو دەدەن. ئاكامی میكانیكیی یاسا چەسپاوەكانی سروشتن، نەك كەف و كوڵی دەسەڵاتدارێكی رەهای سەر ئەستێرەكان. ئەم میكانیزمەش هەر بەند نییە بە ماددە و جەستەوە وەك ئەوەی دیكارت بۆی چوو، بە لای سپینۆزاوە خوداو عەقڵیش دەگرێتەوە.

گەردوون (ناچارە)یە، چونكە مەبەست و ئامانجێكی نییە. جیهانێكی ناچارەو بێ دەرفەت و دەرەتان ملی رێگایەكی گرتووە. لەبەر ئەوەی ئێمە لە پێناو مەبەستی هۆشیارانە و زیندوودا كار دەكەین، هەر بۆیە وا گریمانە دەكەین كە هەموو لایەن و رووداوێكیش جۆرە مەبەستێكی لەم چەشنەیان هەیە. چونكە خۆمان بەشەرین، بۆیە گریمانەی ئەوە دەكەین گشت رووداوێك لە مرۆڤدا دەگاتە دوماهی. هەروەها بە شێوازێكیش داندراون كە بەدەم خواستی ئەوەوە بێن. ئەم شتە وەك گەلێ شتی دی، وەهمێكە لە بیركردنەوەمان. رەگی مەزنترین هەڵەكانی فەلسەفە بۆ قوت كردنەوەی مەبەستی بەشەرییانە و شت و پێوەرانە دەگەڕێتەوە، كە بە لامانەوە پەسندن بۆ بەڕێوەچوونی گەردوون. هەر لێرەوە پرسی خراپە سەری هەڵدا، ئێمە خەبات دەكەین كە ناخراپییەكانی ژیان و چاكەی خودا پێكەوە بگونجێنین، ئەو پەندمان لە بیر چووەتەوە كە خودا بە ئەییووبی راگەیاند، خودا لە سەرووی چاكەو خراپەی ئێمەوەیە. چاكەو خراپەش رێژەیین، بە زۆری بە مەیل و مەبەستی مرۆڤەوە بەندن.

كاتێ هەر شتێ لە سروشتدا پووچ و بێ كەڵك، یان نادیار و خراپ دێتە بەرچاومان، ئەوە لەبەر ئەوەیە چونكە تەنیا زانینێكی كەممان دەربارەی شتان هەیە، لە ئاست سیستەمی تاك و یەكگرتووی سروشتدا، نەزانین، لەبەر ئەوەشە كە دەمانەوێ شت بەپێی بۆچوون و بیركردنەوەی ئێمە بەڕێوە بچێت. وێڕای كە ئەوەی عەقڵی ئێمە بە خراپ و بەدی دادەنێ، سەبارەت بە سیستەمی سروشت و یاسا سەراپاگیر و هەمەكییەكانی نە خراپەو نە بەد، ئەو شتە سەبارەت بە یاساكانی سروشتی جیاو تایبەتی ئێمە وان. خۆ هەردوو پەیڤی چاكە و خراپە خۆبەخۆ ئاماژە بە هیچ شتێكی ئەرێنی ناكەن.. چونكە تەنیا شتێك دەكرێ لە یەك لە كاتدا چاك و خراپیش بێت، یان نە ئەمیانە و نە ئەویشیان، وەك مۆسیقا بە نموونە كە بۆ یەكێك دڵی گوشرا

بێت چاکە، بۆ یەکێکی دیکەش کە شینی ئازیزێکی دەکات خراپە، سەبارەت بە مردووش نە چاکەو نە خراپ.

چاکە و خراپە دوو بەهان و راستیی نەمر دانیان پێدا ناهێنێت. راستەقینەش ئەوەیە کە جیهان وەك سروشتی تەواو و بێ کۆتایی وێنا دەکات، نەك تەنیا بەها بەرز و دیاری کراوەکانی مرۆڤ. وەك چۆن چاکە و خراپە دوو بەهای ئیعتیبارین، بە هەمان شێوە جوانی و ناشیرینی دوو شتی ئیعتیبارین و نیشانەیەك نین بۆ هیچ راستییەکی چەسپاو (من نە جوانی یان ناشیرینی و نە سیستەم و نە پەشێوی نادەمە پاڵ سروشت، شتیش بەپێی درکی ئێمە و وێنا کردنی ئێمە بە جوان یان ناشیرین، رێك یان نارێك باس دەکرێ. ئەگەر ئەو جوولەیەی لە رێی چاوەوە دەگاتە کۆئەندامی هەستمان مایەی خۆشی و تەندروستی بوو بۆمان، پێی دەگوترێ جوان، بە پێچەوانەش پێی دەگوترێ ناشیرین). لەم بڕگانەدا سپینۆزا ئەفلاتوونی تێپەڕاند کە لەو باوەڕەدا بوو، بیروڕای ئەو سەبارەت بە هونەر و جوانی، دەبێ یاسای ئەفراندن و شەریعەتی هەمیشەیی خودا بێت.

ئایا خودا کەسێکە؟ مرۆڤ وەك چۆن خۆی ئاخنییە نێو دیدگای بەرامبەر بە هەقیقەتی جاویدانی لە ئاستی چاکە و خراپە و جوانی و ناشیرینییەوە، بە هەمان شێوە لە گۆشەنیگایەکی مردووی بێ پەردەوە لە خودای روانی. سپینۆزا زۆر بە توندی ئەم جۆرە روانینە رەت دەکاتەوە، ئەوەش رەت دەکاتەوە کە خودا بە شێوەیەك لە شێوەکان بەرجەستە بێت. ئاماژەش بە بیروباوەڕی باوی نێو خەڵك دەکات کە خودا لە شێوەی نێر نەك مێ وێنا دەکەن، زۆر ئازایانەش ئەو وێنەیەی خودا رەت دەکاتەوە، کە بە نێرێك وێنای دەکات و رەنگدانەوەی ملکەچ بوونی ژنە بۆ پیاو لەسەر گۆی زەوی. لە وەڵامی کەسێکدا رەخنەی ئەوەی لێ گرتووە کە خودای بە نادیاری وێنا کردووە، سپینۆزا دەڵێ: (کاتێ دەڵێین من نکوولّی لەوە دەکەم کە خودا چاو و گوێ و ویست و شتی دیکەی هەبێت، تۆ نازانی چ خوداوەندێکە خودای من، وا بزانم تۆ وا تێگەیشتووی کە هیچ خودایەك هێندەی ئەو خودایە مەزن نییە کە ئەو سیفاتانەی هەیە، ئەمەش مایەی سەرسوڕمانی من نییە، چونکە من لەو بڕوایەدام گەر سێگۆشە بێتە زمان، بە هەمان شێوە دەڵێ: خودا لە شێوەی سێگۆشەدایە، بازنەش دەڵێ خودا لە پێکهاتەی بەرزی خۆیدا بازنەییە، بەم جۆرە هەموو شتێك سیفەتی خۆی دەداتە پاڵ خودا).

لە دوماهیشدا نە عەقڵ و نە ئیرادە بەو واتا ئاساییەی خۆیان کە سیفەتی مرۆڤن و دەدرێنە پاڵ خودا، لەگەڵ سروشتی خودادا یەك ناگرنەوە. ئیرادەی خودا بریتییە لەکۆی هەموو هۆ و هەموو یاساکان. عەقڵی خودا بەو جۆرەی سپینۆزا تێی



دەگات، هەموو هێزە عەقڵییەکانی پەرت و بڵاوی نێو گشت شوێن و کاتێکە، ئەو هۆشیاری و ئیدارەکە پەرت و بڵاوەیە کە ژیان بە جیهان دەبەخشێ. هەموو شتێك بە ئەندازەیەك زیندووە، عەقڵ و ژیان رووکارێکی هەر هەموو شتێکن کە دەیزانین و دەیناسین، وەك چۆن تەن یان بەرجەستە بوونی ماددە رووکارەکەی دیکەیە. ئەم دووانە، عەقڵ و تەن، دوو رووکار یان دوو سیفەتن کە بە هۆیانەوە درك بە کاری جەوهەر یان خودا دەکەین. بەم جۆرە دەشێ بڵێین خودا، کە ئەو هەقیقەتە ئەزەلییەی لە پشت دەرکەوتنی شتانەوەیە، عەقڵ و جەستەی هەیە. نە عەقڵ بە تەنیاو نە جەستەش بە تەنیا خودا نین، بەڵکو پرۆسێسی عەقڵ و پرۆسێسی ئەتۆمی، کە مێژووی جووت لایەنی جیهان پێك دەهێنن، لەگەڵ هۆ و یاساکانیان دەبنە خودا.

## ٢- ماددە و عەقڵ:

عەقڵ چییە، ئەدی ماددە؟ ئایا عەقڵ ماددەیە، وەك چۆن هەندێ کەسی بیر تەسك بۆی دەچن، یان تەن بە تەنیا بیرۆکەیەکە، وەك چۆن هەندێ لە کەسانی خەیاڵی بۆی دەچن؟ ئایا پرۆسێسی عەقڵی هۆیە یان دەرەنجامی پرۆسێسی مێشکە؟ یان هەردووکیان سەربەخۆن و هیچیان پەیوەندییان بەوی دیکەیانەوە نییە و، وەك مالبرانچ باسی کرد، بە دوو هێڵی تەریبدا دەڕۆن!

سپینۆزا لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێ، عەقڵ ماددە نییە، ماددە هزر نییە، پرۆسێسی مێشکیش هۆکار نییە، هەروەها نە دەرەنجام و نە ئاکامیشە، ئەو دوو پرۆسێسەش تەریب و سەربەخۆ نین، لە بنەڕەتدا نە دوو پرۆسێس هەیە و نە دوو بوون هەیە، بەڵکو یەك پرۆسێس هەیە کە لە ناوەوەڕا هزرە، لە دەرەوەشدا جموجۆڵە. ئیدی یەك بوونە، لە ناوەوەڕا بە عەقڵ و لە دەرەوەشڕا بە ماددە دەیبینین، کەچی لە راستیدا تێکەڵەیەکی ئاوێتەبووی هەردووکیانە. عەقڵو جەستە کار لە یەکدی ناکەن، چونکە دوو شت نین بەڵکو یەك شتن، جەستە ناتوانێ عەقڵ ناچاری بیرکردنەوە بکات، عەقڵیش ناتوانێ جەستە ناچار بکات کە لە جمین یان لە وەستاندا بێت یان لە دۆخێکی دیکەدا بێت. هۆکارەکەشی زۆر سادەیە کە بریتییە لە (حوکمی عەقڵ و مەیل و ئارەزووی جەستە تەنیا یەك شتن. هەموو گێتی بەم شێوازە دوولایە یەکی گرتووە. لە هەر شوێنێکدا کارێکی ماددیت بینی، ئەوە تەنیا یەك لای پرۆسێسی راستەقینەیە، کە هەردوو لاکەی بەدی ناکرێت، تەنیا بە روانینێکی هەمەلایەنە نەبێت، کە دەتوانێ درك بە پرۆسێسی شاراوەی عەقڵ بکات لە پشت دیاردە ماددییەکەوە. پرۆسێسی ناوخۆی عەقڵی لە هەر قۆناغێکدا، بەندە بە پرۆسێسی دەرەکیی ماددییانەوە. سیستەمی بیرۆکەکان و هاوبەندییەکەی

هەر هەمان سیستەمی شتەکان و هاوبەندییەکەیانە. بەم جۆرە رەگەزی هزر و رەگەزی مادده یەك شتن، جارێك وەکو هزر خۆی دەنوێنێ و جارێکیش وەکو پانتایی).

سپینۆزا پاش ئەوەی جیاوازیی نێوان جەستە و عەقڵی سڕییەوە، هەردووکیان وەك هەقیقەتێکی دوولایی لە قەڵەم دا، دەبینین روو دەکاتە کەم کردنەوەی جیاوازیی نێوان عەقڵ و ئیرادە، دەشڵێ هەردووکیان یەك هەقیقەتن، هەموو جیاوازیی نێوانیشیان لە پلەدایە نەك لە جۆر، چونکە لە نێو عەقڵدا نە سامانێك و نە شتی جۆربەجۆر هەیە، کە پێیان بگوترێ عەقڵ و ئیرادە یان خەیاڵ یان بیرگە، چونکە عەقڵ بریکارێکی فرۆشتەنی نییە کە بازرگانی بە بیرۆکەوە بکات، بەڵکو هەر خۆی زنجیرە و ریزبەندی بیرۆکەکانە. پەیڤی عەقڵیش تەنیا وشەیەکی کورتو رووتەو زنجیرەی بیرۆکەکانی پێ ناوزەد دەکەین، وەك چۆن بە زنجیرەی کارو ویست دەڵێین ئیرادە. عەقڵ و ئیرادەش لەگەڵ ئەم بیرۆکە یان ئەو بیرۆکە و فلاّنە ئارەزوودا هاوبەندە، وەك سیفەتی شاخ لەم شاخ و ئەو شاخدا. ئیدی ئیرادە و عەقڵ یەك شتی دیاری کراون. ویستیش بیرۆکەیەکە و زۆر لە نێو هەستدا ماوەتەوە، پاشان بووەتە کردار، هەموو بیرۆکەیەکیش دەبێتە کردار، ئەوە ئەگەر بیرۆکەیەکی بەرهەڵست دوای نەخات. بیرۆکە هەر بۆ خۆی قۆناغی یەکەمە لە کردەیەکی یەکگرتووی ئۆرگانی کە کاری دەرەکی تەواوی دەکات.

سپینۆزا لەو بڕوایەدایە کە ئەوەی پێی دەگوترێ ئیرادە، لە راستیدا غەریزە یان ئارەزووە، کە هەر هەمووشیان لە پێناو مانەوەی تاکدان. ئەوەی بە زۆری پێی دەگوترێ ئیرادە، وەك هێزی تەوژمدەر کە بڕیار دەدات بیرۆکە لە هەستدا بەردەوام بێت، دەبێ پێی بگوترێ ئارەزوو، کە جەوهەری مرۆڤە. ئارەزوو بریتییە لە مەیل و غەریزەیەك کە هەستی پێ دەکەین، بەڵام غەریزە هەمیشە بە گوێرەی ئارەزووی هۆشیارانە کار ناکات، بەڵکو ئەرکی پەنهان بۆ پاراستنی مانەوە لە پشت غەریزەوەیە. سپینۆزا ئەم ئەرکە لە پێناو پاراستنی مانەوەدا بە دروستی لە هەموو بەرەی مرۆڤدا دەبینێ، وەك چۆن شۆبنهاوەر و نیچە ئیرادەی ژیان یان ئیرادەی هێز لە هەموو شوێنێکدا دەبینن. لەم بارەیەوە بە دەگمەن فەیلەسووفان ناکۆك دەبن، هەموو چالاکییەکی مرۆڤ هەرچەندی هەمەجۆر بێت، لە ئارەزووی پاراستنی مانەوەوە سەرچاوە دەگرێت. هەموو شتێك هەوڵ دەدات بوونی خۆی بپارێزێ، ئەم هەوڵەی لە پێناو پاراستنی مانەوەیدا جەوهەری هەقیقەتە. ئەو هێزەش کە مانەوەی شت دەپارێزێ، ستوون و جەوهەری بوونی شتەکەیە، هەر غەریزەیەکیش پلانێکە و سروشت گەشەی پێ داوە لە پێناو پاراستنی تاکە کەس. شادی و ئازاریش بریتین لە رازی کردنی غەریزە یان پەکخستنی، شادی و ئازار هۆیەك نین بۆ ئارەزووەکانمان بەڵکو ئاکامی ئەوانن. ئێمە



حەز بە شت ناکەین بە خاتری ئەوەی شادیمان پێ دەبەخشێ، بەڵکو شادیمان پێ دەبەخشێ چونکە ئارەزووی دەکەین و هیچ چارەیەکیشمان لە هەمبەریدا نییە.

ئەم رەوشەش ئەوەی لێ دەکەوێتە کە مرۆڤ ئیرادەی ئازادی نەبێت، چونکە زەروورەتی مانەوە بڕیاری غەریزە دەدات، غەریزش ئارەزوو بڕیار دەدات، ئارەزووش هزر و کار بڕیار دەدات. بڕیارەکانی عەقڵیش تەنیا ئارەزوون، لە نێو عەقڵیشدا ئیرادەیەکی رەها یان ئازاد نییە. هۆیەکیش عەقڵ کۆنترۆڵ دەکات کە ویستی ئەم شتەی هەبێت یان ئەوی دی. ئەم هۆیەش بەرحوکمی هۆیەکی دیکەیە، ئەمیش بەرحوکمی هۆیەکی دیکەیە و بەم جۆرە تا بێ کۆتایی. خەڵکی وا تێدەگەن کە ئازادن چونکە درك بە ویست و ئارەزووی خۆیان دەکەن، بەڵام لەو هۆیانە بێ ئاگان کە بەرەو ویست و ئارەزوو پاڵیان پێوە دەنێ. سپینۆزا هەست کردن بە ئیرادەی ئازاد لەگەڵ بەردێکدا بەراورد دەکات، کە بەرەو ئاسمان هەڵ دراوە. ئەو بەردە ئەگەر بڕێ هەستی هەبایە، لە کاتی هەڵدان و رۆیشتنی بە حەوادا، وای مەزەندە دەکرد کە خۆی بڕیاری رێڕەوی رۆیشتنەکەی دەدات، هەروەها شوێن و کەوتنەکەی لەسەر زەوییش دیاری دەکات!

لەبەر ئەوەی کار و کردەوەی مرۆڤیش بەپێی یاساگەلی چەسپاو لە چەشنی یاساکانی ئەندازە بەڕێوە دەچێ، بۆیە دەبێ لە فۆرمێکی ئەندازە و بە شێوازی بیرکارانە لە دەروونناسی بکۆڵینەوە. لەم بارەیەوە سپینۆزا دەڵێ (لە بارەی بەرەی مرۆڤەوە دەست بە نووسین دەکەم، وەك ئەوەی دەربارەی هێڵ و رووبەر و تەنی بێگیانەوە بنووسم). (پەرۆشی ئەوەش بووم کە گاڵتە ناکەم یان گازاندە یان نەفرەت یان رقم لە کاری مرۆڤ بێتەوە، بەڵکو دەمەوێ لێی حاڵی بم. بۆیە بەو چاوە سەیری سۆزم کرد.. نەك وەك ئەوەی شتی خراپ و چەپەڵ لە تەبیعەتی مرۆڤدا، بەڵکو بەو سیفەتەی سۆز خەسڵەتێکی هاوبەندی ئەو تەبیعەتەیە، وەك چۆن گەرمی و ساردی و رەشەباو هەورە تریشقە و شتی دی، کە هاوبەندی کەشن). ئەم داد و بێ لایەنییە لە لێکۆڵینەوەدا، لێکۆڵینەوەکانی سپینۆزای دەربارەی تەبیعەتی مرۆڤ گەیاندە ئاستێکی بەرز، زانای دەروونناس فرۆید لە بارەیەوە دەڵێ: (پوختەترین لێکۆڵینەوەیەکە کە تا ئێستا فەیلەسووفێکی ئەخلاقی کردبێتی). (تین)یش لە ستایش کردنی شی کردنەوەی (بیلی)دا لەو ستایشە چاکتری بەدی نەکرد، کە لەگەڵ سپینۆزادا بەراوردی بکات. یوهانس میلەریش لە بارەی مژاری غەریزە و سۆزەوە نووسیویەتی: (سەبارەت بە پەیوەندیی سۆزی جیاجیا لەگەڵ یەکدیدا، سەرباری حاڵەتی ئەرکەکەی، مەحاڵە بتوانین لێکۆڵینەوەیەکی لەوەی سپینۆزا پوختەتر پێشکەش بکەین، کە زۆر سەرکەوتووە و شان لە شانی نادرێ).

### ٣- عەقڵ و ئاکار:

لە کۆتاییشدا ئاکار دەچێتە نێو تەنیا سێ فۆرمەوە، واتە ئاکاری بەرز و ژیانی ئەخلاقی سێ شێوەیان هەیە. یەکەمیان ئەوەیە کە بوودا و مەسیح بانگەشەیان بۆ کرد. کە میهر و نەرمی و خۆشەویستی پەسند دەکات و داوای یەکسانی دەکات لە نێو خەڵکدا، خراپەش بە چاکە وەڵام دەداتەوە، ئەڤینیش بە چاکە دەزانێ، لە سیاسەتیشدا بە لای دیموکراتیەتی رەهادا دەچێت. دووەمیان ئەوەیە کە مەکیاڤیللی و نیچە بانگەشەیان بۆ کرد، چاکە لە نێرایەتی و توندوتیژیدا دەبێت و داوای نایەکسانی دەکات لە نێو خەڵکیدا، بە جەنگ و دەسەڵات و داگیر کردندا هەڵدەڵێ. سێیەمیشیان ئاکاری سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆیە، کە متمانەیان بەوە نییە بە دروستی و تەواوی دوو جۆرە ئاکارەکەی رابردوو پیادە بکرێن. سێیەمین جۆری ئاکار پێی وایە تەنیا عەقڵی پێگەیشتووی رۆشنبیری دەتوانێ بەپێی هەلومەرجی جۆربەجۆر بڕیار بدات، کە کەنگێ پێویستە ئەڤین بڵاو بێتەوە و کەی پێویستە هێز بڕیاردەر بێت. بەم جۆرە چاکە لە روانگەی سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆوە هەر عەقڵە، ئەم فەیلەسووفانە داوای سیستەمێکی حوکمڕانی دەکەن، کە ئەرستۆکراتیەت و دیموکراتیەت لە حکوومەتدا کۆ بکاتەوە.

ئا ئەمەیە سێ شێوەکەی ئاکاری بەرز و نموونەیی وەك ئەوەی بوودا و مەسیح و مەکیاڤیللی و نیچە و سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆ دەیبینن. چاکە لە یەکەمیاندا ئەڤینە، لە دووەمیشیان هێزەو لە سێیەمیشیاندا عەقڵە.

لەم لاشەوە سپینۆزا دێت و بە جمینێکی نەست ئامێز گونجان لە نێو ئەم شێوە فەلسەفییە دژو جودا جودایەدا دەخولقێنێ و لە یەکەیەکی گونجاودا گەڵاڵەیان دەکات، ئیدی سیستەمێکی ئاکارمان پێشکەش دەکات، باڵاترین سیستەمە کە هزری نوێ پێی گەیشت بێت.

سپینۆزا توێژینەوە بەوە دەست پێ دەکات کە بەختەوەری دەکاتە ئامانجی ئاکار، زۆر بە ساکارییش بەختەوەری پێناسە دەکات کە هەبوونی لەزەت و نەمانی ئازارە. ئێ خۆ لەزەت و ئازار دوو شتی رێژەیین نەك رەها. دوو حاڵەتی دیاری کراو نین بەڵکو راگوزەرن. (لەزەت گۆڕانە لە دۆخێکی کەم کەماڵەوە بۆ دۆخێکی فرە کەماڵ لە لای مرۆڤ). لەزەت لێرەدا لە ئاکامی زیاد بوونی هێزی مرۆڤەوە پەیدا دەبێت.

(ئازاریش گۆڕانی مرۆڤە لە دۆخێکی فرە کەماڵەوە بەرەو کەم کەماڵی، دەشڵێم گۆڕان چونکە لەزەت خۆبەخۆ کەماڵ نییە، ئەگەر مرۆڤێك بە کەماڵی لەدایك ببێت، ئەوکات هیچ هەستی بە لەزەت نەدەکرد، پێچەوانەی ئەمەش کارەکە روونتر دەکاتەوە). هەموو هەست و سۆزێك گۆڕان و



گوزەر کردنە بەرەو کەماڵ و هێز، یان گۆڕان و دابەزینە لە کەماڵ و هێزەوە. گشت هەست و سۆزێك گوزەرو جمینە بەرەو هێز و کەماڵ یان هاتنە خوارێیە لەوانەوە. سپینۆزا دەڵێ: (من وا لە سۆز گەیشتووم کە دۆخی جەستەیە و هێزی کار تێیدا زیاد و کەم دەکات، کە یارمەتیدەرە یان رێگرە لە بەردەم ئەم هێزەدا، هاوکات وای تێ دەگەم، ئەو بیرۆکانەیە کە یاوەری ئەو دۆخانەن). (ئەم تیۆریی سۆزە دەدرێتە پاڵ جیمس و لانج، بەڵام سپینۆزا لێرەدا وردتر لەو دوو زانایەی دەروون دایڕشتەوە، هەروەها زۆر لەگەڵ ئەوەی پرۆفیسۆر کانون پێی گەیشت رێك دەکەوێت). سۆز و هەست خۆبەخۆ نە چاکەو نە خراپەن، بەڵام بە رێژەی ئەوەی هێزی ئێمە زیاد و کەم دەکەن، چاك یان خراپن. (منیش مەبەستم لە هێز و چاکە یەك شتە)، چونکە چاکە هێزی کار کردنە، ئەو جۆرێکە لە توانست، (هەرچەندی توانای مرۆڤ لە پاراستنی مانەوەی خۆی و گەڕان بە دوای شتی سوودمەند بە خۆی زیاد بکات، ئەوەندە چاکەی زیاد دەکات).

سپینۆزا داوا لە مرۆڤ ناکات قوربانی بە خۆی بدات لە پێناو بەرژەوەندیی خەڵکی دی، ئەو لە سروشت نەرم و نیانترە. خۆپەرستییش بەلای سپینۆزاوە ئاکامێکی پەیوەست بە غەریزەی باڵایە، غەریزەی پاراستنی خود. (مرۆڤ شتێکی بەسوود فەرامۆش ناکات، تەنیا مەگەر لە پێناو دەسکەوتی لەو باشتر نەبێت). ئەمەش لە روانگەی سپینۆزاوە زۆر ماقووڵە. (ئەگەر عەقڵ داوای شتێك نەکات کە لەگەڵ سروشتدا ناکۆك بێت، کەواتە پێویستە هەموو مرۆڤێك خۆی خۆش بوێ و بەدوای شتێکی بەسوودا بگەڕێ بۆ خۆی، هەوڵیش بۆ هەموو شتێك بدات کە لە راستیدا بەرەو حاڵەتێکی مەزنتری کەماڵی ببات. هەموو مرۆڤێکیش هەرچەندی بۆی لوا دەبێ هەوڵی پاراستنی مانەوەی خۆی بدات). بەم جۆرە سپینۆزا ئاکاری خۆی لەسەر خۆشەویستیی خەڵکانی دی و تەبیعەتی چاکەخوازانەی مرۆڤ رۆ نانێت، وەك چاکەخوازانی دیکەی ئایدیالیست، هەروەها لەسە خۆپەرستی و تەبیعەتی خراپەکارانەی مرۆڤیشی رۆ نانێت. بە چەشنی خۆپارێزانی سەگگەرا، بەڵکو لەسەر ئەوەی رۆ دەنێت کە بە خۆپەرستییەکی ناچاری و بە پاساوی دادەنێت. ئەو سیستەمی ئاکارەی بانگەشەی خەڵك دەکات بۆ بێهێزی و مرۆڤ وا فێر دەکات کە بێ هێز بێت، ئەوە سیستەمێکی بێ بەهایە و مایەی بایەخ پێدان نییە، بنەمای چاکە بریتییە لە کۆششی مرۆڤ بۆ پاراستنی مانەوەی خۆی، بەختەوەریی مرۆڤیش لەوەدایە کە هێزی پاراستنی بوونی خۆی هەبێت.

سپینۆزاش وەك نیچە باوەڕی بە خاکەڕایی نییە. لە روانگەی ئەوەوە خاکەڕایی دووڕوویی و ماستاوچێتیی کەسێکە کە مەبەستێکی هەیە، یان شەرم و سڵەمینەوەی هەیە، ئەمەش

خەسڵەتی عەبد و بەندەیە، نیشانەی بێ توانایی و لاوازییە. کەچی تێکڕای چاکە لە ڕوانگەی سپینۆزاوە لە هێز و تواناوە سەرچاوە دەگرێ. جا بەپێی ئەوە پەشیمانی یان سەرزەنشت کردنی ویژدان کەمییە نەك چاکە. پەشیمانی و داخ هەڵکێشان مەینەتیی مرۆڤ چەند پات دەکات و پتر بێهێزی دەکات. سپینۆزا بە چەشنی نیچەی فەیلەسووفی ئەڵمان کات لە شکاندن و زەم کردنی خاکەڕاییدا بە فیڕۆ نادات، چونکە خاکەڕایی شتێکی دەگمەنە لە نێو خەڵکدا، ئەمە قسەی شیشرۆنە کە گەورەترین دواندەر و فەیلەسووفی ڕۆمانە، تەنانەت ئەو فەیلەسووفانەی لە ستایش کردنی خاکەڕاییدا کتێب دادەنێن، سوورن لەسەر ئەوەی ناوی خۆیان لەسەر کتێبەکەدا بنووسن، وەك ئارەزوویەك بۆ پیشاندانی نامەیان و ریکلام کردن بۆ خۆیان. سپینۆزا بە ئەندازەی ئەوەی ڕقی لە خاکەڕاییە، دەبینین ڕێز لە میانڕەوی دەگرێت و پێیدا هەڵدەدات، ڕەخنە لە خۆ بەزل زانین و خۆ فش کردنەوەش دەگرێت، کە لە بارتەقایدا کار کردن نەبێت. خۆ فش کردنەوە و پۆز لێدان مایەی ئازار و زیانە، ڕاڕایی و ناڕەحەتی بە خەڵك دەگەیەنێت. کەسی خۆ بەزل زان باس لە کارە مەزنەکانی خۆی دەکات و کاری خراپیش دەداتە پاڵ کەسانی دی، لە کۆڕێکدا کە خەڵکی لە خۆی پلە کەمتری لێ بێت، هەست بە خۆشی دەکات، کە درود بۆ کەماڵی ئەو دەنێرن و ستایشی کاری دەکەن، ئینجا دەرفەتی لێ دەقۆزنەوە تا دەبێتە قوربانیی دەستی ئەوانەی ستایشی دەکەن و بخووری ستایش و پێدا هەڵدان پتر لە خەڵکی دی لەبەر دەست و پێیدا دەسووتێن. لە نێو خەڵکیدا کەس هێندەی خۆ بەزل زان و شا بەخۆ هاتوو تەفرە بە مەرایی و ستایش و مامە حەمەیی ناخوات.

تا ئەم ئاستە دەبینین ئاغای فەیلەسووفمان ئاکاری سپارتیمان دەخاتە بەردەم یان بە قسەیەکی ڕوونتر، ئەو ئاکارەی شاری سپارتە پەیڕەوی دەکرد. لە چەند بڕگەیەکی دیکەدا دەنگ و ئاوازی کز دەکات. سەرسوڕمان دەیگرێ لە ئاست ئەو هەموو ئیرەیی و ڕق و کینەیەی خەڵك بەرامبەر بە یەکدی هەیانە کە بە چاوی کەم لە یەکدی دەڕوانن و یەکتر بچووك دەکەنەوە. هیچ چارەسەرێك بۆ نەخۆشیی کۆمەڵایەتیمان بەدی ناکات بەدەر لە ڕیشەکێش کردنی ئەو مەیل و هەستە بەد و خراپانە و نموونەی ئەوان. ئەو لەو بڕوایەدایە کە ڕزگار بوون لەو مەیلە چرووك و چەپڵانە کارێکی سووك و بەردەستە. بۆ نموونە دەکرێ ئەڤین زاڵ بکەین بەسەر ڕقدا پتر لەوەی ڕق بە ڕقێ بکەین، چونکە ڕق بە ڕقێ پتر تاو دەستێنێ، بەڵام ئەو کەسەی ڕقی لە کەسێك دەبێتەوە و هەست بکات بەرامبەرەکەی خۆشی دەوێ، دەکەوێتە داوی سۆزی دژ بە یەك، سۆزی ئەڤین و ڕق، لەبەر ئەوەی ئەڤین (هەروەکو سپینۆزا بە گەشبینییەکی



زۆرەوە بۆی دەچێت) هەوڵ دەدات ئەڤین بەرهەم بێنێ. بۆیە ڕقی ئەو کەسە دەتوێتەوە و گۆڕی خۆی لەدەست دەدات. ڕق دان پێدا نانە، ترس و کەموکوڕیمان هەیە، ئێمە ڕقمان لە دوژمنێك نابێتەوە کە باوەڕمان وایە دەتوانین بیشکێنین. ئەو کەسەی بە شادی و چێژ و متمانەوە خەبات لە پێناوی ئەو مەبەستە دەکات، دەشتوانێ بە یەکسانی بەرەنگاری پیاوێك یان چەند پیاوێك ببێتەوە، بە دەگمەنیش پێویستی بە ئەمەش دەبێت، ئەوانەی کە ئەو لێیان دەباتەوە، بە خۆشیو نەوازشەوە خۆیان بە دەستییەوە دەدەن. سەرکەوتن بەسەر عەقڵەکاندا بە چەك و توندوتیژی نابێت، بەڵکو بە خۆشەویستی و هیمەت بەرزی دەبێت.

وێڕای ئەو مەیلە مەسیحییانەیە بەرەو ئەڤین، ئاکاری سپینۆزا لە جەوهەردا یۆنانییە نەك مەسیحی. چونکە (وای دادەنێ کە هەوڵی تێگەیشتن یەکەمین بنەماو تاکە بنەمای چاکەیە). لەمەشدا بە تەواوی هاوڕای سوکراتە کە وای بۆ دەچوو زانین چاکەیە. لە هەموو لایەکەوە هۆکاری دەرەکی تەنگمان پێ هەڵدەچنێ. وەکو شەپۆلێك لە جمینداین کە کەوتبێتە بەر ڕەشەبایەکی هار و هیچ شتێك دەربارەی چارەنووسی خۆمان نازانین. مرۆڤیش کە مەرەخەسی سۆز بوو، تەنیا یەك لایەنی ڕەوشەکە دەبینێ. تەنیا بە هزر و بیر مرۆڤ دەتوانێ لە هەموو لایەکەوە ڕەوشی خۆی ببینێ. سۆز بیرۆکەیەکی نوقسانە، سۆزی غەریزی هێزی مەزنی پاڵنەرە، بەڵام بۆ ڕابەریمان مایەی مەترسییە، چونکە هەر غەریزەیەك بەدوای تێرکردنی مەیل و ئارەزووی خۆیدا وێڵە، هێندە باکی بە تێکڕای بەرژەوەندیی کەسەکەوە نییە. خەڵکی بە هۆی زێدەڕۆییان لە تەماح و حەزکردنیان لە ململانێ یان چێژ و لەزەت، تووشی وێرانی هاتن، تا بوونە بەندەی ئەو غەریزانەی بە سەریاندا زاڵن. ئەو سۆزانە هەموو ڕۆژێك پەلامارمان دەدەن، پەیوەندییان بە بەشێکی جەستەمانەوە هەیە، کە پتر لە بەشەکانی دیکەی جەستە دەکەونە بەر کاریگەرییان. سۆز توندڕەوە و ڕێ لە بیرکردنەوەی عەقڵ دەگرێت، تەنیا لە یەك شت نەبێت، توانای بیرکردنەوەی لە شتانی دی لەدەست دەدات. ئەو سۆزانەی لە چێژ یان ئازارێکەوە سەرچاوە دەگرن کە پەیوەندییان بە بەشێك یان چەند بەشێکی دیاری کراوی جەستەوە هەیە، هیچ سوودێکیان بۆ مرۆڤ نییە.

هەر هەموو ئەمە جیاوازیی نێوان عەقڵ و سۆزە کە فەلسەفەی کۆن خستییەڕوو، بەڵام لایەنێکی گرنگ دەخاتە سەر ئەوەی سوکرات و دالانیزمەکان (ڕەواقی). ئەو دەزانێ سۆز کە لە عەقڵ دادەبڕێ کوێرە، عەقڵیش بەبێ سۆز مردووە. سۆزیش کپ و بەرپەرچ نادرێتەوە تەنیا مەگەر بە سۆزێکی پێچەوانە و لەو بەهێزتر نەبێت. جا لە جیاتی شەڕی نەزۆکی عەقڵ دژ بە

سۆز و هەوڵی ئەو بۆ کپ کردن و کۆنترۆڵ کردنی، کە شەڕێکە بە سەرکەوتنی سۆز کۆتایی دێت، چونکە رەسەن و دێرین و چەسپاوترە، سپینۆزا وای بە چاك دەزانێ، بەو سۆزانەی عەقڵ پشتیوانییان دەکات، شەڕی ئەو سۆزانە بکەین کە چەپەڵن و عەقڵ لە پشتییانەوە نییە. بەم جۆرە عەقڵ و سۆز هاوکاریی یەکدی دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجی بەرمەبەست. سپینۆزا دەڵێ بیرۆکە نابێ لە گەرمیی ئارەزوو بێبەش بێت، وەك چۆن نابێ ئارەزوو لە تیشکی بیرۆکە بێبەش بێت. چونکە سۆز کاتێ لە زەیندا بیرۆکەیەکی روون و رەوانی لە بارەوە گەلاڵە دەبێت، بە سۆزی نامێنێەوە. بە واتایەکی دی، هەرچەندی عەقڵ بتوانێ هەرچی سۆزێکی کە هەیە بیانکاتە بیرۆکە، ئەوەندە بەهێز دەبێت و لەوە دەردەچێت کە سۆزی سەرکێش کاری لێ بکات. ئارەزووی مرۆڤ گەر لە بیرۆکەیەکی نادیارو کەموکورتەوە سەرچاوەی گرت، ئەوە سۆزە، بەڵام گەر لە بیرۆکەیەکی روون و پوختەوە سەرچاوەی گرت، ئەو چاکەیەکی پەسندە. هەر شتێکی مرۆڤ دەیکات و پشت بە بنەمای عەقڵ و بیرکردنەوە دەبەستێت نەك هەست و سۆز، ئەوە کارێکی چاکە. کەواتە بە رای سپینۆزا هیچ چاکەیەك نییە بەدەر لە عەقڵ. هەموو ئارەزوویەك کە لە بیرۆکەی نادروست و نەگونجاوەوە بێت ئەوە تەنیا سۆزە، ئەو سۆزە دەبێتە چاکە کاتێك لە بیرۆکەی دروستەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئاکار لە لای سپینۆزا لەگەڵ بیرۆکەی ئەو دەربارەی میتافیزیك هاوشانی یەك دەڕۆن، وەك چۆن عەقڵ لە میتافیزیکدا هەوڵ دەدات درك بەو یاسایە بکات کە خۆی لە پشت ئەو شتە بەشکییانەدا حەشار داوە، کە هەستیان پێ دەکرێت، جا لێرەدا ئەو بڕیار دەدات کە عەقڵ دەبێ یاسایەك دابڕێژێ کە ئارەزووە ناکۆکەکانی مرۆڤ رێك بخات. دوای ئەوە مرۆڤ دەتوانێ ئاکار و هەڵسوکەوتێك بکات کە لەگەڵ ئەوەی عەقڵ پێمانی دەڵێ، کۆك بێت، یارمەتیشمان دەدات، کە بە روانینێکی فراوانەوە سەیری هەڵوێستە جۆربەجۆرەکان بکەین، دواجار بە یارمەتیی خەیاڵ بە دوورترین ئامانجمان دەگەیەنێت. بە عەقڵ و خەیاڵ پێکەوە مرۆڤ دەتوانێ پێشبینی بکات کە رەنگە چی روو بدات. بەم جۆرە دەتوانێ دوارۆژی خۆی کۆنترۆڵ بکات و خۆی لە گەلێ کۆت و بەند ئازاد بکات.

هەر تەنیا بەمە مرۆڤ دەتوانێ ئازادیی خۆی دابین بکات، چونکە ئازادی بریتییە لە زاڵ بوون و کارا بوونی عەقڵ، هەروەها رزگار بوون لە کۆت و بەندی سۆزی کوێرانە، کە لەبەر رۆشنایی عەقڵدا نین. مرۆڤ ئازاد نابێت تەنیا مەگەر بەو ئەندازەیەی کە زاناو عاقڵە. بۆ ئەوەی مرۆڤێکی بێ کەموکوڕی بیت، نابێ لە سیستەمی کۆمەڵ و کۆت و بەندەکانی ئازاد بیت،



چونکە بەرزیی مرۆڤ لەوەدایە، کە لە زاڵ بوونی غەریزەکانی خۆی رزگار بێت، تەنیا بەمە مرۆڤی دانا دێتە دی. کەسایەتیی مرۆڤی دانا لە روانگەی سپینۆزاوە جیاوازە لە کەسایەتیی پاڵەوانی ئەرستۆکرات کە ئەرستۆ باسی دەکات. لە خوار ئەو مرۆڤە باڵاو نموونەییەشەوەیە کە نیچە باسی کردووە، بەڵام هێمن و هێورترە و لە رووی عەقڵیشەوە هاوسەنگترە.

لە روانگەی سپینۆزاوە دانا ئەو کەسەیە کە لە سایەی عەقڵی خۆیدا پیاوێکی چاکە. پیاوگەلێکن لەبەر رۆشنایی عەقڵدا بە دوای ویست و شتی بە سوود بۆ خۆیان و بۆ خەڵکی دی دەگەڕێن. بەوەی تۆ مرۆڤێکی مەزنی ئەوە ناگەیەنێ کە تۆ لە سەرووی مرۆڤایەتییەوەی و بەسەر خەڵکانی دیکەدا زاڵ بیت، بەڵکو دەبێ لە سەرووی ئارەزووەکانەوە بیت و هەر خۆت جڵەوی خۆت بگریتە دەست. مرۆڤ جڵەوی خۆی بگرێتە دەست، ئەوە گەورەترین ئازادییە کە داوای دەکات. ئەمە ئازادییەکی جوامێرانەترە لەوەی خەڵك پێی دەڵێن ئیرادەی ئازاد، چونکە ئیرادە ئازاد نییە، رەنگە ئیرادە هەر نەبێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە مرۆڤ گریمانەی ئەوە بکات، کە مادام ئیرادەی ئازادی نییە، کەواتە بەرامبەر بە هەڵسوکەوت و ئاکار و بینا کردنی ژیانی خۆی لە رووی ئاکارەوە، بەرپرس نییە.

باوەڕ هێنانمان بە بێ بژێری (الجبر) ژیانی ئەخلاقیمان چاك دەکات و فێرمان دەکات رقمان لە کەس نەبێتەوە یان گاڵتە بە کەس نەکەین و لە کەسیش تووڕە نەبین، خەڵکیش بێ تاوانن لەو گوناهانەی دەیکەین. دەبێ لە سزادانی خراپەکارانیشدا میهرەبان بین، چونکە درك بە کردەوەکانیان ناکەن. بێبژێری تینی ئەوەمان دەداتێ کە لە ئاست ئەشك و زەحمەتییەکانی ژیان خۆڕاگر بین، چونکە دێتەوە بیرمان کە هەموو شتێك بە پێی یاسا هەمیشەییەکانی خودا بەڕێوە دەچێت. خۆ رەنگە فێری ئەوەش بین کە بە عەقڵ خودامان خۆش بوێ، هەروەها بە شادییەوە یاساکانی سروشت قبووڵ بکەین. ئەو مرۆڤەی دەبینێ شتەکان بە پێی یاساکانی خودا بەڕێوە دەچن، پەست نابێت و بۆڵە بۆڵ ناکات، وێڕای ئەوەی رەنگە بەرەنگارییش بکات. لەبەر ئەوەی دەبینێ کە شتەکان بە پێی سیستەمێکی هەمیشەیی و دیاری کراو بەڕێوە دەچن، ئیدی مرۆڤ لە چێژو لەزەتی سۆزی ناجێگیرەوە، بەرەو بێگەردیی هزرو رامانی بەرز هەڵدەکشێ، کە هەموو شتەکان وەك بەش بەشی سیستەم و گەشە کردنێکی نەمر و هەمیشەیی وان. فێری پێکەنینیش دەبێت بە رووی هەر کارێکی حەتمی کە هیچ مەفەڕ و دەرەتانێك نییە بۆ خۆ لادان لێی. ئەو وانە دێرینەش فێر دەبێت کە خودا کەسێکی راڕا نییە کە بە کاروباری بەندەکانییەوە سەرقاڵ بێت. بەڵکو ئەو چەسپاو و تەگبیرکاری سیستەمی گەردوونە. ئەفلاتوون هەمان ئەم تێزەی بە

چەند پەیڤێکی جوان گوتووە کە دەڵێ: ئەوەی عەقڵ و هزری بخاتە سەر هەقیقەتی بوون و گەردوون، کاتی ئەوەی نامێنێ لە کاروباری پووچی خەڵك بڕوانێ، یاخود بکەوێتە سەر کەڵکەڵە یان بە رق و دوژمنایەتی بەربێنیان لێ بگرێت. چونکە چاوانی ئەو هەمیشە لە بنەمای جێگیرو چەسپاو دەڕوانن. هەر لەم بارەوە نیچە دەڵێ (ئەو پێویستە زیانم پێ ناگەیەنێ، چونکە ئەڤینی قەدەر کرۆکی تەبیعەتمە). ئەم فەلسەفە بێبژێرە فێرمان دەکات زۆر بیر لە مردن نەکەینەوە، چونکە مرۆڤی ئازاد کەمترین بیرکردنەوەی لە مردنە، دانایی ئەویش لەوەدایە بیر لە ژیان دەکاتەوە نەك مردن. هەروەها هەستی خۆویستی و خۆپەرستیمان کەم دەکاتەوە، رەنگە بەرەو خۆ بەدەستەوەدان و ملکەچی و پەنا بە خودابییمان ببات، کە لە لای خەڵکی رۆژهەڵاتدا باون. وێڕای ئەمە، بنەمایەکە فرە پێویستە بۆ هێز و دانایی.

## ٤- ئایین و نەمری:

سپینۆزا لە فەلسەفەکەیدا داوا دەکات تەنانەت جیهانیشمان خۆش بوێت. کە ئەو تەنیا و گۆشەگیر تێیدا ژیا. بەوەی باوەڕی وا بوو دنیا یاسایەکی پەنهان و جێگیر دەیڕوێنێ، ماوەیەك باری سووك بوو، بەڵام رۆحی ئایینییانەی ئەو دنیای کردە شتێکی زۆر خۆشەویست لە لای ئەو. ئەو هەوڵی دا ئارەزووە تایبەتەکانی خۆی تێکەڵ بە سیستەمی گشتیی شتان بکات و ببێتە بەشێك لە سروشتی دانەبڕاو. لەو بارەیەوە دەڵێ (مەزنترین چاکە ئەوەیە یەکێتیی نێوان عەقڵ و تەواوی سروشتدا بناسی). لە راستیشدا جیابوونەوەی یەك بە یەکمان تەنیا وەهمە. ئێمە بەشێکین لە تەوژمی یاساو هۆکاری مەزن، بەشێکین لە خودا، ئێمە شێوەیەکین لە بوونێکی بالاتر لە خۆمان، ئەو دەمێنێ و کۆتایی نایەت کەچی ئێمە لەناو دەچین، جەستەی ئێمە خانەیەکە لە جەستەی جۆردا، جۆرەکەشمان شتێکی کاتی و کتوپڕە لە سەربردەی ژیاندا، عەقڵیشمان رووناکییەکی پچڕپچڕە لە تیشکێکی هەمیشەیی. لەبەر ئەوەی مرۆڤ بەشێکە لە گشت، کەواتە نەمرە چونکە عەقڵی مرۆڤ هەمووی لەگەڵ نەمانی جەستەدا لەناو ناچێت، بەڵکو بەشێك لە عەقڵی مرۆڤ دەمێنێ، ئەم بەشە نەمرەش درك بە شتان دەکات. هەرچەندە زیاتر درك بە شتان بکەین، ئەوەندە زیاتر بیرۆکەکانمان هەمیشەیی دەبن. ئا لێرەدا سپینۆزا زیاد لە پێویست، نادیار خۆی دەنوێنێ. لەگەڵ ئەوەی ململانێیەکی بێ کۆتایی لە نێوان راڤەکار و شیکارانی هزری ئەودا هەیە، کەچی تا ئێستا زمانی ئەو بە شێوازی جیاجیا بۆ عەقڵی جیاجیا دەدوێ.

ئا لێرەدا راڤەکاران راڤەی جیاجیایان هەیە بۆ واتای بەکار هێنانی پەیڤی نەمری. هەندێکیان دەڵێن ئەو مەبەستی ناوبانگ و یاد کردنە، بەوەی جوانترین شتی ژیان و



بیرکردنەوەمان دەبێتە یادگارێکی نەمر بە درێژایی ساڵ و زەمان. هەندێکی دیکەشیان وای بۆ دەچن کە کاتێ سپینۆزا باسی نەمری دەکات، مەبەستی نەمرییەکی تاکە کەسییە. وێڕای ئەوە ئەو ئەزەل و مانەوە لە یەکدی جیا دەکاتەوەو دەڵێ (ئەگەر سەرنج بدەینە رای باوی نێو خەڵك، دەبینین درك بە هەمیشەیی عەقڵی خۆیان دەکەن، بەڵام مانەوە و هەتاهەتایی تێکەڵ بە یەکدی دەکەن، ئەمەش دەدەنە پاڵ خەیاڵ یان بیرگە و، باوەڕیان وایە پاش مردنیش هەر دەمێنێ). ئیدی سپینۆزاش وەك ئەرستۆ، هەرچەندە باسی نەمری دەکات، مانەوەی بیرگەی کەسان رەت دەکاتەوە. (عەقڵ ئەگەر لە جەستە دابڕێ، نە وێنا دەکات و نە شتی وەبیر دێتەوە).

باوەڕی بە سزاو پاداشتی قیامەت نییە و دەڵێ (ئەوانەی پێیان وایە چاکە بریتییە لە سەرکۆنە کردنی نەفس و چاوەڕوانی ئەوەن بە ئەندازەی سەرکۆنە کردنی نەفسی خۆیان خودا پاداشتیان بداتەوە، لەو بڕوایەشدان هەرچەندی زیاتر نەفس سەرکوت و سەرکۆنە بکەن پاداشتیان لە لای خودا زیاد دەکات، ئەمانە زۆر لەوەوە دوورن کە بە دروستی لە چاکە بگەن، چونکە چاکە و خوداپەرستی خۆ بەخۆ بەختەوەری و گەورەترین ئازادین). ناز و نیعمەت پاداشتی چاکە نییە، چونکە خودی چاکە نازو نیعمەت و بەختەوەرییە.

بەم جۆرە کتێبی ئاکار دوماهیی دێت. زۆر بە دەگمەن کتێبێك دەبینی ئەوەندە زۆر هزر و بیری تێدا بێت، ئەوەندە زۆر پێداگوتنی وروژاندن بێت، کە تا ئێستاش مەیدانی شەڕێکی سەختە بۆ راڤەی جۆربەجۆر. رەنگە ئەوەندە میتافیزیکەی تێیدایە هەڵە بێت، هەروەها ئەوەی لە بارەی دەروونناسییەوە گوتوویەتی کەموکوڕ بێت، ئەو لاهووتەی تێیدایە ناڕوون بێت، بەڵام مرۆڤ ناتوانێ لە ئاست جەوهەرو قووڵی و رۆحی کتێبەکەدا بە رێز و پێزانینەوە نەوەستێ. لە دوایین بڕگەی ئەو کتێبەدا، پرشنگی سپینۆزامان بە رەوانبێژییەکی ئاسان و بێ تەکلیف پێ دەگات.

(بەم جۆرە هەموو ئەو شتەم تەواو کرد کە دەمویست دەربارەی دەسەڵاتی عەقڵ بەسەر سۆزەوە بیڵێم، یان دەربارەی ئازادیی عەقڵ، کە بە روونی لە پێشکەوتنی مرۆڤی عاقڵ و سەرکەوتنی بەسەر نەزاندا دیارە، کە نەزان تەنیا ملکەچی ئارەزووە و هەرگیز بە تەنیا جارێکیش هەست بە وچانی عەقڵ و قەناعەتی راستەقینە ناکات. دەژی بەڵام نە خۆی و نە خودا و نە شتان دەناسێ. هەرچی عاقڵە زۆر کەم نەفس دەجووڵێنێ، بوونی خۆی و خودا و شتان دەناسێ. عەقڵی ئاسوودەیە و لە ئارامی و رەزامەندییەکی هەمیشەییدا دەژی. هەرچەندە زەحمەتیش بێت، دەکرێ پەی بەو رێیە ببرێ بۆ گەیشتن بەوەی روونم کردەوە. ئیدی ئاشکرایە بۆچی زەحمەتە، چونکە بوونی دەگمەنە، هەر هەموو شتێکی مەزن و نایاب ئەستەم و دەگمەنە).

## ٥- پەیامی سیاسی:

تەنیا ئەو پەیامە سیاسییەمان لە بەردەمدا ماوە کە سپینۆزا لە دواین ساڵانی پێگەیشتنی خۆیدا نووسیی. کەچی بەر لەوەی تەواوی بکات مەرگ لە پرتاو رفاندی. بەڵام وێڕای ئەوەی کورتە، پڕ هزر و بیرۆکەیە، مرۆڤ لەوە زیاتری لە دەست نایە کە هەست بە زەرەرێکی مەزن بکات کە لەوپەڕی پێگەیشتنی هزر و بیردا، ئەو فەیلەسووفە مەرگ بردییەوە. سپینۆزا کە برادەری (دیویت)ی کۆمارخواز بوو. فەلسەفەیەکی سیاسیی ئەوتۆی بۆ دانا کە گوزارشتی لە هیوای ئازادیخواز و دیموکراتخوازانی ئەو کاتەی هۆڵەندا دەکرد، ئەمە بووە چاوگێکی بنچینەیی بۆ خشتەی بیرۆکەکان کە لە رۆسۆ و شۆڕشی فەرەنسادا گەیشتنە ترۆپك. سپینۆزا فەلسەفەی سیاسیی خۆی دارشت کە پشتگیریی لە دیموکراتیەت دەکرد. هاوکات هۆبز بە شکۆوە باسی پاشایەتیی رەهای دەکرد لە ئینگلتەرا، هەروەها نارەزایی دەرهەق بە شۆڕشی گەلی ئینگلیز دژ بە پاشاکەیان دەردەبڕی، بە هەمان ئەو ئەندازەیە میلتون داکۆکیی لە گەل دەکرد.

سپینۆزا لەو باوەڕەدا بوو فەلسەفەی سیاسی لە جیاکردنەوەی سیستەمی سروشتی و سیستەمی ئەخلاقییەوە سەرچاوە دەگرێت، یان بە وتەیەکی روونتر، لە جیاوازیی نێوان ژیانی سەرەتایی مرۆڤ بەر لە رێکخستنی کۆمەڵگا و ژیانی ئەو دوای رێکخستنی کۆمەڵگا. ئەو لای وا بوو خەڵك بەر لە پەیدا بوونی کۆمەڵگا لە بێ سەروبەرییەکی دوور لە یاساو رێکخستنی کۆمەڵایەتیدا دەژیان. تێگەیشتنێکیان دەربارەی راست و هەڵە، یان داد و زوڵم نەبوو، هێز لە لای ئەوان هەق بوو.

ئیدی لەو حاڵەتە ئاساییەوە ژیانی مرۆڤ بەر لە رێکخستنی کۆمەڵگا، شتێك نەبوو ناوی چاکە یان خراپە بێت، چونکە هەر مرۆڤێك لەو حاڵەتە ئاساییەدا تەنیا تەماشای بەرژەوەندیی خۆی دەکات، بەدەر لە خۆی، بەرامبەر هیچ کەسی دیکە خۆی بە بەرپرسی نەزانیوە. کەسیش دەسەڵاتێکی یاسایی بە سەرییەوە نەبووە، بۆیە ئەستەم بوو لەو حاڵەتە ئاساییەدا درك بە واتای چاکە (فەزیلە) بکرێت، چونکە واتای چاکە نایەتە بەر ئیدراك و وێناکردنەوە، تەنیا لە حاڵەتی ژیانی مەدەنیدا نەبێت، کە بە رەزامەندیی گشتی و کۆی راکان بڕیار دەدرێ چاکە چییە و خراپە کامەیە، هەر تاکە کەسێکیش ئیدی بەرامبەر بە دەوڵەت بەرپرسیار دەبێت.

یاساو رێسای سروشت رێ لە ئارەزووی مرۆڤ ناگرێت و لە ململانێی نێو خەڵك بەرهەڵستی ناکات، هەروەها خیانەت و رق و تووڕەیی و هەر شتێکی دیکە، کە نەفس ئارەزووی بکات، قەدەغە ناکات. دەشتوانین هەست بە یاسای سروشت بکەین، یان روونتر بڵێین؛ یاسای جەنگەڵ یان حاڵەتی بێ یاسایی رەها لە هەڵسوکەوتی دەوڵەتان لەگەڵ یەکدیدا. لە نێو ئەو دەوڵەتانەدا



خۆشویستنی خەڵکی دی بوونی نییە، چونکە یاساو ئەخلاق تەنیا لە سایەی رژێمێکدا دەبێت کە رێککەوتنی لە بارەوە هەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەسەڵاتێکی هاوبەش و دان پێدانراو هەیە.

مافەکانی ئێستای دەوڵەت مافەکانی رابردووی تاکە کەسن، هێز و ماف سەبارەت بەوان یەك شتن. هەر دەوڵەتێکیش هەوڵ بۆ بەدەست هێنانی سوود و بەرژەوەندیی خۆی دەدات بە چاوپۆشین لەوەی کە ئاخۆ ئەو سوودو بەرژەوەندە مافی ئەوە یان نا، یاخود لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەوانی دیکەدا ناکۆکە. دەوڵەت گەر بتوانێ دەست بەسەر هەرێمێك یان وڵاتێکدا بگرێت، ئەوە بە مافی خۆی دەزانێ. ئەوەی لە بارەی دەوڵەتەوە گوتمان، جۆرەکانی گیاندارانیش دەگرێتەوە، کە نە سیستەمێك کۆیان دەکاتەوەو نە یاسایەك هەیە پێوەی پابەند بن، بەهێزیان بێهێزیان دەخوات و هەرچی بیەوێ پێی دەکات.

بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵك پێویستیان بە یەکدی دەبێت، بۆیە ئاڵوگۆڕ کردنی یارمەتی لە نێوانیاندا پێویست بوو. ئەمەش وای کرد حاڵەتە ئاساییەکە، کە تێیدا هێز زاڵ دەبوو، بگۆڕێ بە ژیانی کۆمەڵگای رێکوپێك، تێیدا ماف و یاسا برەویان دەبێت، چونکە ژیانی تەنیایی و دوور لە کۆمەڵ، ترس لە لای خەڵك دروست دەکات، هەروەها ئەو مرۆڤەی تەنیاو گۆشەگیر دەژی، توانای تەواوی نییە بۆ پاراستنی خۆی و دەستەبەر کردنی پێداویستەکانی ژیان. ئەمەش وایکرد مرۆڤ روو لە دامەزراندنی کۆمەڵگای رێکوپێك بکات بۆ ئەوەی خۆی لەو مەترسییانە بپارێزێ کە بەرەو رووی دەبنەوە. چونکە هێزی تاکە کەس بایی ئەوە نییە رووبەڕووی ئەو مەترسییانە ببێتەوە. کەواتە خەڵك هەر دەبێ کۆمەڵگا دابمەزرێنن و یارمەتیی یەکدی بدەن. خەڵك لە خۆڕا ئامادە نین سیستەمی کۆمەڵایەتی قبووڵ بکەن، بەڵام مەترسی ناچاری کردن بەکۆمەڵ بژین. کۆمەڵگاش گەشە بەمەیل و ئارەزووی کۆمەڵایەتی دەدات. خەڵکی بە کۆمەڵخواز لەدایك نابن، دەبێ بۆ ئەم مەبەستە بخرێنە بەر مەشق و شیاندن.

مەیلی تاکڕەوی لە لای زۆربەی خەڵکدا هەیە، لە نێو دڵیاندا رەگاژۆیە، لە دەروونیشیاندا شۆڕشێکی دژ بە یاساو عورف و دابونەریت هەیە، غەریزەی کۆمەڵایەتی لە غەریزەی تاکە کەس بێ هێزتر و پاشکەوتووترە، پێویستیشی بە بەهێز کردن و پشتگیری کردن هەیە. مرۆڤیش (هەروەك رۆسۆ بۆی دەچێت) لە خۆڕا باش نییە.

ئێمە ئەو کەسەمان خۆش دەوێ کە لە شێوەدا وەك ئێمەیە، هەست بە میهر و بەزەیی دەکەین نەك هەر تەنیا بەرامبەر بەوەی خۆشمان دەوێ، بەڵکو بەرامبەر بەوەی بە ئێمەش دەچێ. ئا لێرەدا رێسای سۆز و پاشان پلەیەك لە ویژدان دروست دەبێت. بەهەر حاڵ ویژدان خۆڕسك نییە

بەڵکو وەردەگیرێ، بە جیاوایی خاك و شوێن ئەویش دەگۆڕێ، سپاردەیەکە لە عەقڵی گەشە کردووی تاکە کەسدا. هەر بە ویژدانیش کۆمەڵگا دۆست و هاوپەیمان پەیدا دەکات دژ بە خۆپەرستیی سروشتییانەی تاك، کە دوژمنی هەموو کۆمەڵگایەکە.
ئیدی مرۆڤ پلە بە پلە دەستی لەو هێز و دەسەڵاتە تاکە کەسییەی خۆی هەڵگرت کە لە ژیانی سەرەتایی سروشتییانەدا هەی بوو، لە پێناو دەسەڵاتی یاساییانەی کۆمەڵ کە لە کۆمەڵگایەکی رێکوپێکدا بەرقەرارە.

تا ئێستاش هەر هێز هەقە، بەڵام تێکڕای هێزی کۆمەڵ هێزی تاکە کەسی سنووردار کرد، بەوەی بەکار هێنانی ئەو هێزە دەبێ لەگەڵ ئازادیی کەسانی دیکەی کۆمەڵگادا کۆك بێت. تاکە کەس دەستی لە بەشێکی هێز و دەسەڵاتی ئاسایی خۆی هەڵگرت و بۆ کۆمەڵی رێکوپێکی جێ هێشت، ئەویش لە پاداشتی ئەوەی ئەو دەسەڵات و هێزەی کە بۆی ماوەتەوە فراوان بکرێت. بۆ نموونە وازمان لە مافی تووڕەیی و توندوتیژی هێنا بۆ ئەوەی کە خۆمان لە مەترسیی کاری توندوتیژی ئەوانی دی بپارێزین. بە رستەیەکی روونتر، ئێمە وازمان لە توندوتیژی هێنا بەرامبەر بە واز هێنانی کەسانی دی لە توندوتیژی. یاسا پێویستە چونکە خەڵك لە بن کۆنترۆڵی سۆز و ئارەزوودان. ئەگەر هەموو خەڵك بەر حوکمی عەقڵ بوونایە، ئەوسا کۆمەڵ پێویستی بە یاسا نەدەبوو. یاسای بێ کەموکوڕی بۆ کەسەکان هەر بە چەشنی عەقڵی بێ کەموکوڕە سەبارەت بە سۆز، ئەوساش ئەرکی یاسا بریتی دەبێ لە هەماهەنگی کردن لە نێوان ئەو هێزانەی لە کۆمەڵدا لە بەربەرەکانیدان. بۆ ئەوەی لە وێرانی بیپارێزن و دەسەلاتی کۆمەڵ زیاد بکەن. وەك چۆن سپینۆزا لە (میتافیزیك)دا وای بۆ چوو، کە عەقڵ بینای درك پێ کردنی سیستەمی نێوان شتەکانە. وەك چۆن لە (ئاکار)یشدا وای بۆ چوو کە عەقڵ بریتییە لە بەرقەرار کردنی سیستەم لە نێوان ئارەزووەکاندا، لە سیاسەتیشدا بەرقەرار کردنی سیستەم لە نێوان خەڵکیدا. دەوڵەتی بێ کەموکوڕ نابێ سنوورێك بۆ هێزی هاووڵاتیانی دابنێ، تەنیا لەو کاتەدا نەبێ کە ئەو هێزە زیان و زەرەر بە کەسانی کۆمەڵگا بگەیەنێت. نابێ دەوڵەت ئازادییەك لە هاووڵاتیان زەوت بکات تەنیا مەگەر ئازادییەکی فراوانتریان لە جێی ئەودا بداتێ.

دوایین مەبەستی دەوڵەت ئەوە نییە بەسەر خەڵکدا زاڵ بێت یان بە ترس و تۆقاندن سەرکوتیان بکات، بەڵکو مەبەست لە دەوڵەت ئەوەیە هەموو مرۆڤێك لە ترس و تۆقاندن ئازاد بکات، بۆ ئەوەی لە کەشێکی تەواو ئارام و ئاسایشدا بژی. لەگەڵ دراوسێکانیشدا بە برایەتی بژی، نە زیانیان لێ بدات نە زیانی لێ بدەن.



من دووبارەی دەکەمەوە کە مەبەست لە دەوڵەت ئەوە نییە خەڵك بکاتە دڕندە و ئامێری بێدەنگ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە لە رووی چوستی و هۆشەوە توانای ئەوەیان بداتێ کە بەو ئارامی و دڵنیاییەوە کار بکەن. هەروەها بۆ ژیانێك رێنماییان بکات کە ئازادیی بیر و عەقڵی تێدا فەراهەمە، بۆ ئەوەی هێز و وزەی خۆیان لە رق و غەدر و تووڕەییدا پەرت نەکەن، کەسیش زوڵم لە کەسی دیکە نەکات. بەم جۆرە مەبەستی دەوڵەت لە راستیدا بریتییە لە ئازادی.

ئازادی ئامانجی دەوڵەتە، چونکە کاری دەوڵەت ئەوەیە گەشەکردن و پەرەپێدان بەرەو پێش ببات، گەشە پێدانیش پەیوەستە بە تواناو دەستەبەر بوونی ئازادی، گەر یاسا گەشە کردنی تاساند و ئازادیی خنکاند، ئیدی خەڵك چی بکات؟ هەروەها ئەگەر دەوڵەت بەرەو ئەوە چوو بەرژەوەندیی چینی دەسەڵاتدار و خۆسەپاندن بەسەر گەل و دادۆشینی ئەوی سەپاند، هەروەها دەسەڵاتداران هەوڵیان دا کورسی و پۆستەکانیان قۆرغ بکەن و رێ بە کەسانی دی نەدەن بگەنە دەسەڵات، ئیدی خەڵك چی بکات؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا سپینۆزا دەڵێ، هەر دەبێ بە قسەی یاسا بکرێت باوەکو ناهەق و زاڵمانەش بێت مادام حکوومەت رێی بە ئازادی قسە کردنو ناڕەزایی دەربڕین لە خەڵك ناگرێت بۆ ئەوەی بە ئاشتییانە بتوانن رەوشەکە بگۆڕن. قسە و ناڕەزایی دەربڕین و رەخنەی ئازاد، لە دوماهیدا دەبێتە مایەی گۆڕینی رەوشی گەندەڵ بە شێوەیەکی ئاشتییانە. سپینۆزا دان بە هەندێ خراپەی بەرەنجامی ئەم جۆرە ئازادییەدا دەنێت، بەڵام دەڵێ، لە چارەسەر کردنی هەر کێشەیەکدا هەرچەندی داناش بین، ناتوانین خۆمان لە خراپە بپارێزین، خەڵکیش لە هەڵە بە دوور نین. ئەو یاسایانەی رێ لە ئازادیی قسە و بیر و رەخنە دەگرن، تێکڕای یاساکانی دەوڵەت دەڕووخێنن، چونکە خەڵکی هێندە خۆیان بەرامبەر بەو یاسایانە ناگرن کە بۆیان نییە بیاندەنە بەر رەخنە. هەرچەندە دەوڵەت زیاتر بەرەو رووی ئازادیی قسە کردن ببێتەوەو تەپەسەری بکات، بارتەقای ئەوە گەل لە بەرەنگاری کردنی ئەو حکوومەتە کەللەڕەقتر دەبێت. تەماحکار و پارەپەرست بەرەنگاری ئەو جۆرە یاسایانە نابنەوە، بەڵکو ئەوانە بەرەنگاریان دەبنەوە کە رۆشنبیری و ئاکار و جوامێری هانیان دەدات، ئازادی پەرست بن. خەڵکی بە گشتی وا راهاتوون کە حەوسەڵەی ئەوەیان نییە لە سەرکوت کردنی ئەو بیر و بڕوایانەی پێیان وایە هەقن، بێ دەنگ بن. ئۆقرەی ئەوەش ناگرن، کە شەڕی دژ بەم بیرو بڕوایانە بکرێ و بە تاوانی دژ بە یاسا دابندرێن. جا ئەوسا خەڵکی لە یاساکان بێزار دەبن و بەرەنگار بوونەوەی حکوومەت بە شەرم و نەنگی نازانن بەڵکو بە شەرەفێکی گەورەی دادەنێن.
دواتر سپینۆزا بە چەشنی هاووڵاتییەکی چاك و دەستوورخوازی ئەمریکی دەگاتە ئەو ئاکامەی

بلێ (گەر تەنیا کار بکەینە بنەمای دادگایی کردن و دەست تێوەردانی یاساو، ڕێمان بە ئازادیی ڕەخنە و قسە کردن دا، ئیدی ئەوسا هیچ پاساوێك بۆ شۆڕش ناهێڵینەوە).

هەرچەندی سانسۆری دەوڵەت بەسەر عەقڵەوە کەم بێت، دەوڵەت و هاوولاتی چاك و خاستر دەبن. سپینۆزا لە کاتێکدا دان بە زەروورەتی دەوڵەتدا دەنێت، هاوکات متمانەشی پێ ناکات. دەشزانێ کە حوکمڕانی بەدبیە و تەنانەت خەڵکی چاکیش دەکاتە بەدکار. بە چاوی ڕەزاشەوە ناڕوانێتە درێژ بوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە جەستە و کاری خەڵکەوە بەرەو بیر و دەروونیان، چونکە ئەم شتە دەبێتە مایەی ڕاوەستان و مەرگی کۆمەڵ. بۆیە دەبینین ئەو دژی زاڵ بوونی دەوڵەتە بەسەر پەروەردە و فێرکردندا، بە تایبەتی لە زانکۆدا. ئەو دەزگا زانستییە گشتییەی دەوڵەت مەسرەفی دەکێشێ، مەبەستی ئەوە نییە گەشە بە توانای ئاسایی خەڵك بدات بەڵکو کۆت و بەندی دەکات. گەر ڕێ بە هەموو مرۆڤێك بدرێ لەسەر ئەرك و بڕیاری خۆی بچێتە بەر خوێندن، ئەوسا زانست و هونەر پتر لە پەیمانگای ئازادی زانستیدا پێش دەکەوێت. ئەدی چۆن بگەینە حاڵەتێکی ناوەند لە نێوان زانکۆی حکوومەتی و زانکۆی تایبەت، ئەمە گرفتێك بوو سپینۆزا نەیتوانی چارەسەری بکات. خواستی ئەو، هەروەك ئاماژەی پێ دەکرد، جۆرە فێرکردنێکی بالا بوو لە چەشنی ئەو فێرکردنەی لە یۆناندا گەشەی کرد، پشت بە پەیمانگا نابەستێت بەڵکو بە کەسان، وەك مامۆستایانی سۆفستی کە شار بە شار دەگەڕان، فێرکردنی ئەوان ئازاد و دوور لە دەسەڵاتی گشتی یان تایبەتی بوو.

گەر خەڵکی بە ئازادی شاد بن، ئیدی بە لایانەوە گرفت نییە چ جۆرە حکوومەتێك بەڕێوەیان دەبات، چ دیموکراتی بێت یان ئەرستۆکراتی یان شانشینی یان هی دی. لێرەشدا سپینۆزا حکوومەتی دیموکراتیی بە لاوە چاکترە. هەر جۆرە حکوومەتێکیش بێت مەبەست دەپێکێ، مادام دەخوازێ تاکە کەس وا پەروەردە بکات، کە مافی گشتیی کۆمەڵ بخاتە سەرووی مافی خۆیەوە، ئەمەش ئەرکی شەرعناس و داڕێژەرانی یاسایە. سپینۆزا بەم جۆرە حکوومەتی شاهانە پەسند دەکات، کە بە توانایە بەڵام زاڵم و توتالیتار و تاکڕەوە. ئەو دژی ئەوەیە کە دەسەڵات لە دەستی تەنیا پیاوێکدا بێت و دەڵێ خەڵکی وای بۆ دەچن کە هەموو دەسەڵات بدرێتە دەستی تاکە پیاوێك، دەبێتە مایەی ئاشتی و چەسپاندنی ئاسایش و یەکڕیزی لە دەوڵەتدا، دەوڵەتێك نابینین بە چەشنی دەوڵەتی تورك کە تەنیا پیاوێك حوکمی دەکرد و، لە ماوەیەکی زۆر دوورو درێژدا ڕووبەڕووی هیچ گۆڕان و ڕووداوی گرنگ نەهات، کە باری ئاشتی و ئارامیی تێك بدات. لە لایەکی دیکەشەوە هیچ دەوڵەتێك لەوە کەم تەمەنتر و پر لە ئاشووب و یاخی بوون نابینییەوە لە دەوڵەتانی میللی یان دیموکرات. بەڵام ئەگەر بە بەندایەتی و وەحشیەتو ملکەچی بگوترێ



ئاشتی، هیچ شتێك لەو ئاشتییە کلۆڵانەتر نییە بۆ خەڵك، ململانێی نێوان باوك و فرزەند زۆر لە ململانێی نێوان ئاغا و بەندەکەی توند و سەختترە. وێڕای ئەوە لە بەرژەوەندیی خێزاندا نییە، کە مافی باوك لە هەڵسووڕاندن و ڕێنمایی کردنی خێزانەوە ببێتە خاوەنداری و بە چەشنی بەندە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕۆڵەکانی بکات. بەم جۆرە روون دەبێتەوە کە دانانی گشت دەسەڵات لە دەستی تەنیا پیاوێك، مایەی کۆیلایەتییە نەك ئاشتی.

سەرباری ئەوەی گوتی، سپینۆزا وتەیەك دەربارەی دیبلۆماسیەتی نهێنی دەڵێ.

ئەوانەی تینووی دەسەڵاتی ڕەهان بە دەمیانەوە گرتووە و دەڵێن: بەرژەوەندیی دەوڵەت دەخوازێ کاروباری لە هەلومەرجێکی نهێنی و ئەوپەڕی بێدەنگیدا بەڕێوە بچێت، ئەویش لە پەرۆشیی پاراستنی سەلامەتیی دەوڵەت، هەروەها بۆ ئەوەی ڕێ لە دزە کردنی هەواڵ و باسەکانی بەرەو دوژمن بگیرێت. ئەم بێدەنگییە ئەستەمە لە دەوڵەتێکی دیموکراتیدا بێتە دی، کە گەل لە کار و بەرنامەکەی ئاگادار دەکاتەوە. ئەم جۆرە وتانە کە بەرژەوەندیی گەل دەکەنە پەردەیەك بۆ شاردنەوەی مەبەستەکان، بە غەیری زیاتر چەوساندنەوەی گەل هیچی دیکەیان لێ ناکەوێتەوە. دوژمن بە هەواڵی دەوڵەت بزانێ گەلێ چاکترە لە شاردنەوەی نهێنیی دەسەڵاتداری ملهوڕ لە گەلەکەی. ئەوانەی بە نهێنی کاروباری گەل هەڵدەسووڕێنن، بە ڕەهایی گەل دەخەنە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆیانەوە. وەك چۆن لە سەردەمی شەڕدا دژ بە دوژمن پیلان دەگێڕن، لە سەردەمی ئاشتیشدا دژ بە هاوولاتیانیان پیلان دەگێڕن.

دیموکراتیەت چاکترین جۆری حکوومەتە، چونکە دەسەڵاتی حکوومەتی دیموکرات کاروباری خەڵك دەگرێتەوە نەك هۆش و بیرکردنەوەیان، لەبەر ئەوەی خەڵکی لە بیرکردنەوەدا جۆربەجۆرن ئیدی دەنگی زۆرینە دەبێتە یاسا. سیستەمی سەربازیی ئەم دەوڵەتە دەبێ لەسەر بنەمای خزمەتی گشتیی سەربازی ڕۆ بنرێت. بنگەی دارایی ئەم دەوڵەتە باجی تاك تاکە. خەوشی دیموکراتیەت لەوەدایە کە بەرەو ئەوە دەچێت، دەسەڵات بداتە دەستی چینی ڕەشۆکی. تەنیا ڕێگایەکیش بۆ خۆپاراستن لەم بێ تواناییەی دیموکراتیەت، پۆستەکانی دەوڵەت بە تەنیا بۆ شارەزا و لێزان و پسپۆڕ و بەهرەداران بێت، چونکە بەهرە لە زۆربیی خەڵکدا نییە. ڕەنگە گەل خاو و خلیچ و گێلترین کەس بۆ مەزنترین پۆستی دەوڵەت هەڵبژێرێ، ئەویش لەبەر شتێ نا تەنیا لەبەر توانای ئەو کەسە لە مەرایی کردن بۆ گەل و پێداهەڵدانی. جەماوەریش لە مەیل و ئارەزووەدا ناجێگیرە و هەردەم لەسەر سووك و سەودایەکە، ئەم ناجێگیرییەی تەبیعەتی جەماوەر، کەسانی خاوەن بەهرەو شارەزایی بەرەو بێ ئومێدی دەبات، چونکە جەماوەر بەر حوکمی مەیل و سۆزە نەك عەقڵ و هۆش. بەم جۆرە حکوومەتی دیموکرات دەکەوێتە دەستی فالچی و جادووکەر و

دوورووەوە، ئەوانەی بە مەیل و ئارەزووی گەل دەکەن، ئەمەش بەهرەدارو بە توانا و خەڵکی زیرەك بێزار دەکات، دووریان دەخاتەوە لەوەی خۆیان بۆ هەڵبژاردنێك کاندید بکەن، کە ئەوان دەخاتە خوار خانەی کەسانێکەوە کە لە رووی تواناو شارەزایی و زیرەکییەوە لە خوار خۆیانەوەن. هەرچەندە خاوەن بەهرەو تواناکان کەمینەشن، بەڵام درەنگ و زوو دژ بەم سیستەمە رادەپەڕن. (ئا لێرەدا بە بۆچوونی من دیموکراتیەت دەگۆڕێ بە ئەرستۆکراتیەت. لە دوا جاریشدا ئەرستۆکراتیەت دەگۆڕێ بە پاشایەتی..) خەڵکیش لە دوماهیدا دەسەڵاتی ملهوڕێکیان بە لاوە پەسندتر دەبێت لە بێ سەروبەری. یەکسان بوونی خەڵك لە دەسەڵاتدا ئەستەمە بێتە دی و دوورە لە چەسپین، چونکە خەڵك هەر لە خۆڕا نایەکسانن. ئەوەی لە نێو خەڵکی نایەکساندا بە دوای یەکسانیدا دەگەڕێ، کەسێکی وێڵی دوای مەحاڵە. دیموکراتیەت دەبێ ئەم گرفتە ترسناکە چارەسەر بکات کە بەرەو رووی دەبێتەوە، ئەویش مافی خۆ کاندید کردن تەنیا بەوانە بدات، کە خاوەنی بەهرەو تواناو زانست و شارەزایین، دەنگدەرانیش لە هەڵبژاردنی یەکێك لەوانە سەرپشك بکرێن. بەم جۆرە دەرگای پۆستی مەزنی دەوڵەتمان بە ڕووی فاڵچی و دووڕوو و نەزان و پارەدار و هی دیکەدا داخست.

کێ دەزانێ ئاخۆ سپینۆزا گەر تەمەن درێژتر بووایە و لە نووسینی ئەو نامە سیاسییە ببووایەتەوە، چ ڕۆشناییەکی بلیمەتانەی دەخستە سەر گرفتە هاوچەرخەکانی سیاسەت؟ تەنانەت ئەو نامە سیاسییەی گەیشتە دەستمان، یەکەمین رەشنووسی بیرۆکەکانی بوو. لە کاتی نووسینی بەشێك دەربارەی دیموکراتیەت، مەرگ راپێچی دا.

## ٦- کاریگەریی سپینۆزا:

سپینۆزا هەوڵی نەدا رێبازێك دابنێ، بەڵێ ئەو رێبازێکی دانەنا، لەگەڵ ئەوەشدا بیرو بۆچوونەکانی لە پاش خۆی خزانە نێو فەلسەفەوە، لە لای نەوەکانی پاش مەرگی خۆی، ناوی ئەو مایەی رق و ناحەزی بوو. لیسینج پێمان دەڵێ: خەڵکی بە ریسوایی ناوی سپینۆزایان دەبرد وەك ئەوەی سەگێکی تۆپیو بێت. هەر لیسینجیش ناو و ناوبانگی زیندوو کردەوە. لە قسە و گفتوگۆی بەناوبانگی ساڵی ١٧٨٠یاندا، رەخنەگری گەورە جاکووبیی سەرسام کرد، کاتێ کە پێی گوت کە لە ساڵانی پێگەیشتنیدا بە رادەیەکی زۆر کەوتە بن کاریگەریی سپینۆزاوە، بۆشی دووپات کردەوە کە فەلسەفەیەك نییە بێ لە فەلسەفەی سپینۆزا. پاش چەند ساڵێکی کەم نووسینەکانی هیردر دەربارەی سپینۆزا بوونە مایەی بایەخ و سەرنجی مامۆستایانی ئازادی لاهووت و ئاوڕیان لە کتێبی (ئاکار)ەکەی دایەوە، شلایەخاری سەرکردەشیان دەربارەی سپینۆزا نووسیی، کە



کەسێکی پیرۆزی بێبەش و بێزراو بوو. نوفالیس شاعیری کاتولیکیش بە (خوداوەندی سەرخۆشکەری خەڵك) ناوزەدی کرد.

لە هەمان کاتدا جاکووبی پاڵی بە گۆتەوە نا بایەخ بە سپینۆزا بدات، کە دوای ئەوەی بۆ یەکەمین جار کتێبی (ئاکار)ی خوێندەوە گوتی: ڕۆحی ئەو شەیدای فەلسەفە بوو، دواتریش شیعرو پەخشانیش دەروونی تەنییەوە و کاری لە بیرکردنەوە و رێڕەوی ژیانیشی کرد. بە لێکدانی فەلسەفەی سپینۆزاو فەلسەفەی کانت دەربارەی زانین و لۆژیك، فیخت و شیلنج و هیگل هەر یەکەیان لە گۆشەنیگا و روانینی خۆیانەوە، بە یەکبوونی بوون (وحدە الوجود) گەیشتن. هەروەها شۆبنهاوەرو نیچە و برگسۆنیش، کەوتنە بن کاریگەریی ئەو. هیگل بەرهەڵستیی فەلسەفەی سپینۆزای کرد و لە بارەیەوە گوتی، کە وشکەو تەڕایەتیی ژیانی تێدا نییە، بەڵام بە ئەمانەتەوە دانی بەوەدا نا، کە ئەوەی دەیەوێ ببێتە فەیلەسووف، دەبێ یەکەم جار سپینۆزا بخوێنێتەوە.

لە کاتی شۆڕشدا کاریگەریی سپینۆزا لە ئینگلتەرا بەرز بووەوە، کۆلیردج و ویردسورن کەوتنە بن کاریگەریی ئەو، چیلیش لە نامەی ئایین و دەوڵەت شتی وەرگرت و کەوتە وەرگێڕانی. بیرۆنیش بەڵێنی پێ دا پێشەکییەکی بۆ بنووسێ، هەندێ بەشی ئەو وەرگێڕانە کەوتنە دەستی میدلتون، کە بە بەرهەمی شیلیی لە قەڵەم داو ناوی نان (تێڕامانی قوتابییەکی قوتابخانە). ئەلیووتیش (ئاکار)ی وەرگێڕا بەڵام بڵاوی نەکردەوە. رەنگە سبنسەریش بە حوکمی برادەرایەتی لەگەڵ خاتوونی نووسەر ئەلیووتدا، دەقی ئەو وەرگێڕانەی دی بێت و کەوتبێتە بن کاریگەریی. لە دووەمین سەدەی دوای سپینۆزا، بۆ دروست کردنی پەیکەرێك بۆ ئەو لە لاهای، کۆمەك کۆکرایەوە، لە هەموو لایەکی دنیای ڕۆشنبیرییەوە کۆمەك داباری. ساڵی ١٨٨٢یش لە کاتی پەردە لادان لەسەر پەیکەرەکەی، ئەرنیست رینان وتەیەکی خوێندەوە کە ئەمە کۆتاییەکەی بوو (وەی لەو کەسەی بە بەردەمی ئەم پەیکەرەدا تێپەڕ دەبێت و سووکایەتی و نەفرەت لەم بەڕێزو فەیلەسووفە بیرمەندە دەکات، ئەو کەسە سزای کەمیی خۆی وەردەگرێت، وەك چۆن هەموو ئەو کەسە کەمانەی ناتوانن وێنای خودا بکەن، سزا دەدرێن. ئەم پیاوە لە پشت پەیکەرە بەردینەکەیەوە رێی هات و بەرات پیشانی هەموو خەڵکی دەدات. هەر بەو چەشنەی خۆی بەو رێیە شاد بوو. نەوەکان بە دوای یەکدا دێن و گەشتیاری زیرەك و ڕۆشنبیریش کە بە ئێرەدا گوزەر دەکات، لە دڵی خۆیدا دەڵێ، رەنگە راستگۆترین بەدی کردنی خودا، ئا لێرەدا بەدی هاتبێت).

# بەشی پێنجەم

# ڤۆلتێر و سەردەمی رۆشنگەریی فەرەنسا

**١- پاريس:**

له ساڵی ١٧٤٢دا ڤۆلتێر له پاریس مەشقی به خاتوو دومیشێلی ئەکتەر دەکرد بۆ ئەوەی له نواندندا بگاته ترۆپکی خەمباری، ئەویش له کاتێکدا که خاتوو دومیشێل له پرۆڤەی دواندندا بوو بۆ بەشداری کردن له رۆمانی (میرۆب)، ئیدی سکالای کردو گوتی: دەبێ شەیتان بچێته ناخییەوه بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو سۆزه بخاتەڕوو که داوای لێ دەکرێ بەرجەستەی بکات. ڤۆلتێر بەرسڤی دایەوه، که ئەوەی ئەو دەیڵێ راستەو بۆ ئەوەی له هەر جۆرێکی هونەردا سەرکەوتن بەدەست بهێنی، دەبێ شەیتان بچێته ناختەوه. رەخنەگرو دوژمنانیشی دانیان بەوەدا نا، که شەیتان له ناخی ئەودا خۆی مەڵاس داوه، دیستر به ڤۆلتێری دەگوت، ئەو پیاوەی دۆزەخ، گشت ئاگر و هێزەکەی خۆی خستووەته دەستەکانییەوه.

ڤۆلتێر ناشیرین و ناقۆڵا، لووت بەرز، بەخۆ ناز، چەپەڵ و زمان رەوان، گوندە، هەندێ جاریش فاسق و غەددار بوو. ئەو پیاوێك بوو هەڵەکانی سەردەم و زەمان و شوێنی خۆی تێدا بوو، وێڕای ئەوه هەندێ جار دەگۆڕاو دەبووه کەسێکی ناسك و به سەنگ، هەقانی، سەخی و دەستبڵاو له خەرج کردنی دارایی و چالاکیی خۆی له رێی یارمەتیدانی برادەرانی و تێك شکاندنی دوژمنانی. دەشیتوانی به نووکه قەڵەمێك دوژمنەکەی بکوژێ. ئا ئەمەیه ڤۆلتێر، پیاوه هاودژەکه.

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو سیفەتانه به چاك و خراپیانەوه، سیفەتی لاوەکین و نیشانه نین به راستیی کەسایەتیی ڤۆلتێر، چونکه شتی سەرنج راکێش و ئەندێشه بەخشی ئەو، عەقڵی به پیت و درەوشەداریەتی، که نه چك دەکات و نه ماندوو دەبێت. به درێژایی ژیانی خۆی نەوەد و نۆ کتێبی نووسی، هەر لاپەڕەیەکی ئەو کتێبانه پرتەوی سوودو دانایی دەدەنەوه، هەرچەنده له بابەتێکەوه بەرەو بابەتێکی دی به دەوری جیهاندا دەشسوورێنەوه. کەسێکی ئازادو زۆرزان و ئاگادارو له رووگۆ بوو. (کالای من گوتنی ئەوەیه که باوەڕم پێیەتی). هەرچی ئەویش بیری لێ کردەوه. هەمیشه بەهادار بوو، قسەشی زۆر بەرز و به وەج بوو، که ئەمڕۆش بەرهەمەکانی ناخوێنینەوه، لەبەر ئەوەیه که ئەو گەنگەشه و شەڕه لاهووتییانەی ئەو له پێناوی ئێمەدا کردنی، زەمان و سەردەمیان بەسەرچووه، ئێستا بۆ ئێمه باو نین و مایەی بایەخ پێدانیش نین. رەنگه ئێمه بەرەو گۆڕەپانی دیکەی جەنگ چووبین، رەنج و خولیامان پتر بەرەو ئابووریی ژیانی دنیایه نەك ژیانی قیامەت، سەرکەوتنی بێ وێنەی ڤۆلتێر بەسەر دەسەڵاتی قەشە و بیروباوەڕی



پڕوپووچ، کۆتاییان بەو کێشانه هێنا که له سەردەمی ئەودا گەرموگوڕ بوون. بەشێکی زۆری ناوبانگیشی بۆ توانای ئەو له قسەکردن که هاوشانی نەبوو، دەگەڕێتەوه، چونکه پەیڤی نووسراو دەمێنێ، هەرچی ئاخاوتنه دەڕوات و نامێنێ، ئەوەی بۆ ئێمەش ماوەتەوه، بەشێکی زۆر له گۆشتەکەی و، بەشێکی زۆر کەم له ئاگری رۆحی بەرزەفڕی ئەوه. هەر چۆنێکی بێ، له روانگەی زەمانەوه نارێك دێته بەرچاومان. ئاخۆ چ رۆحێکی هەبوو، زیرەك و روون و له رووگۆ بوو، تووڕەیی دەکرده گاڵته و ئاگری دەکرده رووناکی، ئافەریدەیەك بوو له گڕ و با، له هەموو خەڵکیش تووڕه و تڕۆتر بوو. رەنگه له رووی جموجۆڵ و چالاکییەوه مەزنترین بیریار بێت به درێژایی مێژوو.

هیچ قسەیەك لەوەدا نییه که بەرهەمی فیکریی ئەو مەزنترین بەرهەمی ئەو سەردەمه بوو، هیچ بیریارێك نییه له فراوانیی بەرهەم، زۆریی کتێب و، چەند پات کردنەوەی کاتی کار کردنی شان له شانی بدات. ئەو گوتوویەتی ژیانی کارنەکەر پووچه، بێ له تەمبەڵ هەموو خەڵکی چاکن. سکرتێرەکەی له بارەیەوه گوتوویەتی، له هیچ شتێکدا قرچۆك نەبوو تەنیا له کات نەبێت. ڤۆلتێر خۆی دەڵێ: (هەرچەندی زیاتر دەچمه نێو عومرەوه زیاتر هەست به زەرووڕەتی کار دەکەم، کار بووه لەزەتی هەره مەزنی من و جێی وەهمەکانی ژیانی گرتەوه، ئەگەر ویستت له گوناهی خۆکوشتن بەدوور بیت، کارێك بۆ خۆت بدۆزەرەوه). رەنگه بەلای بیرۆکەی خۆکوشتندا چووبێت و ئەو بیرۆکەیه بەرۆکی گرتبێت، چونکه هەموو ژیانی خۆی له کار کردندا خەرج کرد، به ژیانی خۆی تێکڕای ژیانی سەردەمەکەی پڕ کردەوه. سەردەمی ئەو مەزنترین سەردەمی ئەورووپا بوو، هەر خۆی جەوهەرو رۆحی سەردەمەکەی بوو. ڤیکتۆر هۆگۆ گوتوویەتی، ناوی ڤۆلتێر وەسفی تێکڕای سەدەی هەژدەهەم دەکات. ئیتالیا خاوەنی رێنیسانس بوو، ئەڵمانیاش خاوەنی چاکسازی بوو، بەڵام فەرەنسا ڤۆلتێری هەبوو. ئەو بۆ وڵاتەکەی له جێی رێنیسانس و چاکسازی بوو، نیوەی شۆڕشەکەشی بوو. گومانی مونتانی و سوعبەتچییەتیی ربلییێی له خۆدا کۆ کرد بووەوه. توندتر و کاراتر له لووتەر و ئاراموس و کلفن، شەڕی گەندەڵی و شتی پڕوپووچی کرد. له دروست کردنی بارووتدا هاوکار بوو، که وای کرد میرابۆ و ماراو دانتون و روبیسبیر رژێمی کۆنی فەرەنسا هەڵتەکێنن. لامارتین دەڵێ: ئەگەر به گوێرەی کار پیاو هەڵسەنگێندرێ، ئەو کات ڤۆلتێر بێ سێ‌و دوو مەزنترین نووسەره له ئەورووپای نوێدا.. خودا هەشتاو سێ ساڵ تەمەنی پێ بەخشی، بۆ ئەوەی بتوانێ زەمانی

گەندەڵی شی بکاتەوە. ئەو کاتی هەبوو شەڕی کات بکات، لە کاتی کەوتنیشدا هەر سەرکەوتوو بوو.

نووسەرێك نابینین هێندەی ڤۆلتێر لە ژیانی خۆیدا خاوەن دەسەڵات بێت. وێڕای دوورخستنەوەو بەند کردن و دەست گرتنی کڵێسە و دەوڵەت بەسەر نزیکەی گشت کتێبەکانیدا، ئەو بە جورئەت و هێزەوە رێی خۆی بڕی تا راستی رابگەیەنێت، تا ئەوەی پاشا و ئیمپراتۆر و پاپاکان داوایان کرد رەزامەندیی ئەو بەدەست بێنن، تەخت لە بەردەمیدا هاتە لەرزین، نیوەی جیهانیش گوێی رادێرا بۆ ئەوەی پەیڤێکی ئەو ببیستێ. سەردەمی ئەو سەردەمێك بوو کە هەموو شتێك بانگەشەی پەیدا بوونی شتێکی وێرانکەری دەکرد. نیچە گوتی، شێرانی لێو بە خەندە هەر دەبێ بێن، ڤۆلتێریش هات و ملهوڕانی بەجەفەنگی زەلیل کرد. ئەو و ژان ژاك رۆسۆ رۆڵێکی گەورەیان هەبوو لەو گۆڕانە سیاسی و ئابوورییە گەورەیەی، دەسەڵاتی سیستەمی دەرەبەگی ئەرستۆکراتی گۆڕی بە دەسەڵاتی چینی ناوەند. چینی راچەنیوی وڵات کاتێك بەرامبەر یاساکانی وڵات یان دابونەریتەکەی نیگەران دەبێت و بە دوای رێی دەرباز بوونێکدا دەگەڕێ، ئیدی بانگەشە بۆ گەڕانەوە بەرەو ژیانی سروشت و بەرایی دەکات و بەمەش شەڕی یاسا دەکات. بانگەشە بۆ ژیانێك دەکات کە تێیدا مرۆڤ ئازاد و بەرەڵڵا بوو، نە یاسا کۆت و بەندی دەکرد و نە ژیار باری گران دەکرد، هەروەها شەڕی دابونەریتی کۆنەپارێزی بە بانگەشەیەك دەکرد، کە داوای رزگار بوون لەو دابونەریتانە و پشت بەستن بە عەقڵ و بیرکردنەوەی دەکرد. بەم جۆرە چینی بورژوای دەوڵەمەند پشتگیریی لە شێوازی عەقڵانەی ڤۆلتێر و شێوازی سروشتییانەی رۆسۆ کرد. یەکەمیان داوای کرد خۆمان لە شتی پڕوپووچ و دابونەریتی بێ کەڵك رزگار بکەین، دووەمیشیان هێرشی کردە سەر یاسا و ژیار و داوای کرد بەرەو سروشت بگەڕێینەوە. زۆر پێویست بوو کە کۆتو بەندی دابونەریت و رێوڕەسم و عورفی کۆن بشکێنین. لە پێناو وەگەڕخستنی هەست و بیر، بۆ ئەوەی عەقڵ بەرەو ئەزموون و گۆڕاندا بکرێتەوە وەك سەرەتایەك بۆ شۆڕشی فەرەنسا. نە ڤۆلتێرو نە رۆسۆ هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشەکە نەبوون، رەنگە ئەوان و شۆڕش بەرەنجامی ئەو هێزانە بن کە لە ژێر چەتری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی فەرەنسا لە جۆشدا بوون و شەپۆلیان دەدا. ئەوان گڕ و رووناکیی ئاگری گڕکانی هەڵایساو بوون. فەلسەفە سەبارەت بە مێژوو هەر بە چەشنی عەقڵە سەبارەت بە سۆز،



لە هەردوو حاڵەتەکەشدا، درك بە نەستە کردەیەك دەکەین کە لە ژێرەوە بڕیاری هەستە بیرۆکەی هۆشیار دەدات لە بانەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە راست کردنەوەی ئارەزووی فەیلەسووف لە زێدەڕۆیی کردن لە پیشاندانی رۆڵی فەلسەفە، نابێ زۆر پێ دانەگرین و دوور نەڕۆین. لویسی شازدەهەم پاش ئەوەی ئاکامی کردەوەکانی ڤۆلتێر و رۆسۆی دیت، لە بەندیخانەوە گوتی: ئەم دوو پیاوە فەرەنسایان وێران کرد. ئەو مەبەستی رووخانی خۆی و رژێمی پاشایەتی بوو لە فەرەنسا. ناپلیۆنیش گوتی: ئەگەر بنەماڵەی پاشایەتی قەڵەمی کۆنترۆڵ بکردایە و نووسینی سانسۆر بکردایە، دەیتوانی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. پەیدا بوونی تۆپ رژێمی دەرەبەگایەتیی لەناو برد، قەڵەم و مەرەکەبیش سیستەمی تازەی کۆمەڵایەتیی لەناو دەبات. ڤۆلتێریش گوتی: کتێب حوکمی جیهان دەکات، یان بە لای کەمەوە حوکمی ئەو گەلانە دەکات کە خاوەن زمانێکی نووسراون، گەلانی دیکەش گرنگ نین. هیچ شتێك هێندەی فێرکردن کۆیلایەتی لەناو نابات، ڤۆلتێریش بۆ رزگار کردنی فەرەنسا هاتە پێش. هەر کاتێ گەل بۆ تەنیا جارێك بیری کردەوە، ئیدی مەحاڵە ئۆقرە بگرێت، بە پەیدا بوونی ڤۆلتێریش، بیر لە فەرەنسا گەشەی کرد.

ساڵی ١٦٩٤ ڤۆلتێر لە پاریس لەدایك بوو، باوکی دادنووسێکی سەرکەوتوو بوو، دایکیشی خاوەن تەبیعەتێکی ئەرستۆکراتی بوو. رەنگە لە بلیمەتی و هەڵچوون و تووڕەییدا قەرزداری باوکی بێت و، لە زیرەکی و سەرەڕۆییشدا قەرزداری دایکی بێت. لە زێقەت و زەحمەتیدا هاتە دنیاو، لەگەڵ لەدایك بوونیدا دایکی مرد، ساوایەکی لاواز و مردۆخ بوو، بۆیە نەخۆشیارەکە ناچار بوو بڵێ لە رۆژێ زیاتر نامێنێ، نەخێر ئەو یەك تۆز هەڵە بوو، چونکە هەشتاو چوار ساڵ ژیا. ئێرماندی برا گەورەی لە بەخێو کردندا سەرپەشتیی دەکرد، کە ئایدیالیستو خوداناس بوو، بەڵام بە لای بێ دینیدا شکایەوە و لە سێدارە درا. باوکیان هەمیشە دەیگوت، خودا دوو کوڕی شێتی داوەتێ، یەکیان شێتی شیعرە و ئەوی دیکەشیان شێتی پەخشان. لە راستیشدا ڤۆلتێر وەك چۆن سووك و ئاسان ناوی خۆی دەنووسی، بە هەمان شێوە شیعریشی دەهۆنییەوە. ئەمەش وای لە باوکی کرد، کە کەسێکی کردارەکی بوو، باوەڕیشی بە شتی تیۆری نەبوو، قەناعەت بێنێ کە کوڕەکەی بۆ هیچ شتێ دەست نادات و هیچ خێرێکی بە ناوچەوانەوە نییە. بەڵام خانمی بەناوبانگ نینو دی ئونکل کە لە کەناری ئەو شارەدا دەژیا کە باوکی ڤۆلتێر دوای لەدایك بوونی ئەو، گەڕایەوە نێوی، نیشانەی زرنگی و مەزنایەتیی لەو کوڕەدا بەدی کرد، پاش

مەرگیشی دوو هەزار فرەنکی بۆ کتێب کڕین بۆ جێ هێشت، کە یەکەمین سەرچاوەی ڕۆشنبیریی ئەو بوو. سەرۆکی دێری گومان فێرە نوێژی کرد، یەسیووعییانیش فێرە دیالۆگیان کرد، کە سەرەنجام بەرەو گومانی برد. دیالۆگ هونەری سەلماندنی هەموو شتێکە، کە هەردەم بەبێ بڕوایی بەرامبەر بە هەموو شتێك کۆتایی دێت. ڤۆلتێر لە گفتوگۆدا بێ هاوتا بوو. لە کاتێکدا منداڵان هەموو خەریکی گەمە بوون، ئەو لەگەڵ زانایاندا بۆ توێژینەوە لە لاهووت دەمایەوە، لەو کاتەشدا لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا بوو. هەر کە کاتی کار و کاسبی کردن هات، پێی داگرت کە وێژە بکاتە پیشە، بەمەش باوکی بێ ئومێد کرد. باوکی پێی گوت (وێژە پیشەیەکە خاوەنەکەی دەکاتە بار بەسەر کۆمەڵگاوە و قورساییەك دەخاتە سەر کەسوکاری و لە برساش دەمرێ)، بەڵام ڤۆلتێر هەر رووی کردە وێژە.

شەوانە دوای ئەوەی گەشتێکی بە شاردا دەکرد و تێکەڵ بە خۆشی و یانەکان دەبوو، ئینجا دەهاتەوە، کە باوکی ناچار کرد بینێرێتە لای خزمێکیان لە شارێکی دی. ئەو خزمەیان گیرۆدەی زیرەکی و خۆش مەشرەبییەکەی بوو، بواری پێ دا بە کەیفی خۆی شەو بەسەر ببات. لە دوماهیدا باوکی، ئەوی لەگەڵ باڵیۆزی فەرەنسا رەوانەی لاهای کرد، پێشی گوت کە زۆر توند چاودێریی ئەو کوڕە شڕوشێتەی بکات، لەوێدا هەر زوو کەوتە داوی ئەوینی خانمێکی بچکۆلانەوە، ئیدی بە مەیەوە ژووانی لەگەڵدا دەبەست، چەندین نامەی خۆشەویستیی بۆ نارد، هەموو نامەیەکیشی بە (بۆ هەتا هەتایە خۆشم دەوێی) کۆتایی پێ دەهێنا. هەر زوو ئەو ژووان و دیدارانە ئاشکرا بوون و رەوانەی وڵاتی خۆی کرایەوە، بۆ چەندین هەفتە هەر یادی ئەو خانمە وردیلەیەی دەکردەوە.

لە ساڵی ١٧١٥دا شانازیی بەوەوە دەکرد کە تەمەنی گەیبوەتە بیست و یەك ساڵ، هاوکات لەگەڵ مردنی لویسی چواردەهەم بەرەو پاریس چوو. لویسی بچکۆلانەش کە تەختی وڵاتی بە میرات بۆ مایەوە، لەبەر تەمەن بچووکی نەیتوانی دەسەڵات و کۆنترڵ بگرێتە دەست. جڵەوی دەسەڵات لە دەستی ئەو ترازاو کەوتە دەستی سەروەسیەتی ئەو. ئا لەو کاتانەدا چەندین خۆپیشاندان پاریسی پایتەختی ئەوسای جیهانی گرتەوە، ڤۆلتێر تێیاندا بەشدار بوو، ناوبانگی پەیدا کرد و ناوی درەوشایەوە. کاتێ سەروەسیەتی تەختی پاشایەتی لەبەر هۆکاری ئابووری نیوەی ئەسپەکانی تەویلەی پاشایەتیی فرۆشت، ڤۆلتێر ئاماژەی پێ دا و گوتی: چاکتر وا بوو نیوەی کەرانی نێو دەرباری پاشایەتی بەرەڵڵا بکرابانایە. پاشان ئەو گرفت و زەحمەتییانەی لە



پاریسدا هەبوون، هەموو ئاڵانە سەر و کۆڵی ئەو، لەبەر بەدبەختی دوو چامە شیعری ڤۆلتێر گەیشتنە دەستی سەروەسیەتی تەختی پاشایەتی، کە تێیاندا ڤۆلتێر سەروەسیەت بە هەوڵی داگیر کردنی تەخت تۆمەتبار دەکات. سەروەسیەت شێت و شبر بوو، ڕۆژێکیان لە باخچەدا چاوی بە ڤۆلتێر کەوت و پێی گوت (بەڕێز، شەرت بێ شتێکت پێ پیشان بدەم کە بە درێژایی ژیان نەتبینی بێ). ئەو شتە چییە؟ (نێو بەندیخانەی پاستێل). بۆ ڕۆژی دواتر، لە شازدەی ئاداری ١٧١٧دا ڤۆلتێر پاستێلی دیت.

لەبەر هۆگەلێك کە ئێمە نایزانین، نازناوی ڤۆلتێری لە خۆی نا، چونکە ناوی راستەقینەی ئەو فرەنسوا ئاریتە. رووی کردە شیعر و بووە شاعیر. بەر لەوەی یازدە مانگی بەند کردن تەواو بکات، چیرۆکێکی درێژی شیعریی نووسی کە جێی بایەخە و لە بارەی هینری ئافارەوەیە. دوای ئەوەی سەروەسیەت بۆی دەرکەوت، کە رەنگە ڤۆلتێر بێ گوناه بێت، ئازادی کرد و مووچەشی بۆ بڕییەوە. دوای ئەوە ڤۆلتێر نامەیەکی بۆ سەروەسیەت نووسی و سوپاسی ئەو بایەخدانەی کرد، کە بە گوزەرانی ئەوی داوە و داواشی لێ کرد بواری ئەوەی بدات هەر بۆ خۆی بایەخ بە شوێنی نیشتەجێ بوون و حەوانەوەی خۆی بدات.

لەم کاتەدا بە ناچاری لە بەندیخانەوە رووی کردە شانۆ، لە ساڵی ١٧١٨دا ڕۆمانی تراژیدیی (تراژیدیای ئۆدیب)ی بەرهەم هێنا، کە لە پاریسدا ژمارەی پێوانەیی بەدەست هێنا و بێ پسانەوە چل و پێنج شەو نمایش کرا. پیرە باوکی بۆ سەرزەنشت کردنی هات، لە گۆشەیەکی هۆڵەکەدا دانیشت، هەوڵی دەدا شادیی خۆی بە بۆڵەبۆڵ و نارەزایی دەربڕێ، دەم نا دەم دەیگوت، هەی نەگریس، هەی پڕوپووچ، بەڵام پاش نمایش کردنی ڕۆمانەکە، کە فۆنتنێلی شاعیری دیت، تێر تێر ستایشی کرد.

ئەم ڕۆمانە چوار هەزار فرەنکی پاك قازانجی بوو، بە داناییەك کە لە وێژەوانان چاوەڕوان ناکرێت، بەکاری هێنا. لە ساڵی ١٧٢٩ هەموو بلیتەکانی بەریکانەیەکی حکوومیی کڕی، کە بۆ پرۆژەیەکی چەوتە پلانی حکوومەت تەرخان کرا بوو، بەم جۆرە پارەیەکی زۆری دەسکەوت، بەڵام پاش ئەوەی دەوڵەمەند بوو، لە جاران بەخشندەو دەست کراوەتر بوو، لە هەموو پیاسەیەکی ئێواراندا کۆمەڵێك پیشەکار دەوریان دەدا، سوودێکی زۆری لە لێهاتوویی خۆی لە هەردوو بواری دارایی و قەڵەم وەرگرت، چونکە دووەمین ڕۆمانی سەرنەکەوت، ڤۆلتێر هەستی بە نوشوستییەکی تەواو کرد. بەرامبەر بە رای گشتی زۆر هەستەوەر بوو، ئیرەیی بە گیانداراندا

دەبرد کە نازانن خەڵك چییان پێ دەڵێن. قەدەر وای کرد کە ئازاری نوشوست هێنانی زیاتر بکات، نەخۆشیی مێکوتەی گرت. بە خواردنەوەی سەد و بیست پیاڵە ئاوی لیمۆ و گەڵێ داودەرمان چارەسەری خۆی کرد. دوای چاك بوونەوەی و سەرکەوتنی بەسەر تارمایی مەرگدا، دیتی چیرۆکە شیعری (هینرییێت) کردوویەتی بە مرۆڤێکی ناودار. لە هەموو شوێنێك خەڵك بە جوانی و شایستەییەوە پێشوازییان لێ دەکرد. چینی ئەرستۆکرات گرتیانە باوەش و کردیانە مەزنترین و درەوشاوەترین رۆشنبیری جیهان، هەروەها شای قسانێ کە تۆزی ناشکێ، هەروەها میراتگری مەزنترین رۆشنبیریو شارستانیەت لە ئەوروپا. بۆ ماوەی هەشتساڵ لەبەر خۆری دیوەخانی ئەرستۆکراتەکان و گەورەکاندا خۆی گەرم کردەوە. ئیدی دوای ئەوە بەخت پشتی تێ کرد. هەندێ لە کەسانی چینی ئەرستۆکرات ئەوەیان لەبیر نەچوو کە بێ لە بلیمەتییەکەی، ڤۆلتێر شتێکی دیکەی نییە کە شەرەفی دانیشتنی بداتێ لەگەڵ ئەوان، بێ لە زرنگی خاوەنی هیچ نازناوێکی دی نییە، لەم نێوانو جیاوازییەی ئەو خۆش نەبوون. رۆژێکیان دوای نان خواردن لە یەکێ لە چێشتخانە چاکەکان، ڤۆلتێر بە روونبێژی و رەوانبێژییە باو و پڕ جورئەتەکەی خۆی بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەك کەوتە قسە کردن. لەوێدا دی رۆهانی ئەرستۆکرات هاتەگۆو پرسیی: ئەم لاوە کێیە کە بە دەنگی بەرز قسە دەکات؟ ڤۆلتێر هەر زوو وەڵامی دایەوە: گەورەم، ئەوەی قسە دەکات نازناوێکی گەورەی نییە، بەڵام هەر بە ناوی خۆی ڕێزی خەڵكی بەدەست هێناوە. وەڵامدانەوەی ئەرستۆکراتێك کارێك نەبوو لێ خۆشبوون هەڵبگرێ. ئەو لۆردە هەندێ سەگی سەگبابی نارد بە شەو ڤۆلتێر دارکاری بکەن، داوای لێ کردن لە سەری نەدەن و گوتی رەنگە رۆژێ لە رۆژان سەری شتێکی گەورە و مەزن ببەخشێ. رۆژی دواتر ڤۆلتێر بە سەری پێچراو و شەلەشەل لەسەر تەختەی شانۆ دەرکەوتو چووە بەرامبەر ئەو بانیژەیەی لۆرد رۆهان لێی دانیشت بوو، داوای لێ کرد بۆ شەڕە شمشێر بۆی بێتە مەیدان. دوای ئەوە بەرەو ماڵی خۆی چووەوە، بە درێژایی ئەو رۆژە هەر خەریکی مەشقی شەڕە شمشێر بوو وەك خۆ ئامادە کردنێك بۆ رۆژی شەڕە شمشێرەکە، بەڵام لۆردی جوامێر ئامادە نەبوو لەسەر دەستی لاوێکی بلیمەت رۆحی خۆی بەرەو ئاسمان رەوانە بکات. پەنای بردە بەر مامی کە وەزیری پۆلیس بوو، بۆ ئەوەی بیپارێزێ. ڤۆلتێر گیراو دووبارە رەوانەی ماڵە کۆنەکەی بەندیخانەی پاستێل کرا. یەکسەر ئازاد کرا بەو مەرجەی وەك دوورخراوێك بچێتە ئینگلتەرا. ملی بۆ ئەو فەرمانە کەچ کرد، بەڵام دوای ئەوەی کە لە ژێر چاودێریدا گەیشتە



دۆڤەر، بە پەنامەکیو لە ڕێی کەناڵەوە گەڕایەوە بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی بکاتەوە. هەڕەشەی ئەوەی لێ کرا کە هاتنەوەکەی ئاشکرا دەکرێت، لەوەشدا بوو بۆ سێیەمین جار بگیرێ، سواری پاپۆڕ بوو بەرەو ئینگلتەرا، ئیدی بۆ ماوەی سێ ساڵ لەوێدا مایەوە.

## ٢- نامە دەربارەی ئینگلیز:

بە سەبر و ئازایەتییەوە کەوتە خوێندنی زمانی ئینگلیزی، هێندەی نەبرد و لە ساڵێکدا زۆر چاك تێیدا بەڵەد بوو. شاکاری ئەو سەردەمەی ئەدەبی ئینگلیزیی خوێندەوە. لۆرد بۆلینج برووك بە پیاوانی زانست و ئەدەبی ناساند، یەك بە دوای یەك لەگەڵیاندا لە سەر سفرە دانیشت، تەنانەت لەگەڵ دین سویفتی گاڵتەجارِو بە پەناوپێچ، ڤۆلتێر خۆی بە ئەسڵ و فەسڵەوە هەڵنەدا، ئەسڵ و فەسڵیشی لە کەس داوا نەکرد، کاتێ کۆنجریف گوتی: رۆمانەکەی هەر خودی خۆین و پڕوپووچن، ئارەزووی ئەوەشی پیشان دا کە خەڵك بە خوا پێداوی بزانن نەك بوێژ، ڤۆلتێر زۆر بە توندی وەڵامی دایەوە و گوتی: ئەگەر تۆ تەنیا خوا پێداوێکی رووسوور بوویتایە وەك خوا پێداوانی دی، هەرگیز سەردانم نەدەکردی.

ئەو ئازادییەی بۆ نووسەرانی ئینگلیز فەراهەم کرا بوو، ئەوی سەرسام کرد، بولینج برووك و بۆب و ئەدیسۆن و سویفت، هەرچییەکیان ویست لە کەشێکی تەواو ئازاددا نووسییان.

ئا لێرەدا گەلێك هەیە کە خاوەن رای تایبەتی خۆیەتی، گەلێکە ئایینی خۆی خستەبەر چاکسازی و پاشای خۆی لە سێدارە داوە و پاشایەکی دیکەی هاوردووە، ئەنجوومەنێکی نوێنەرانی ئەوتۆشی دامەزراندووە، کە لە هەموو دەسەڵاتدارێکی ئەوروپا بەهێزترە. بەندیخانەی پاستێل لێرەدا نییە، ئا لێرەدا سی مەزهەبی ئایین هەیە، بێ ئەوەی تەنیا قەشەیەکیان هەبێت. ئا لێرەدا ئازاترین مەزهەب لە نێو هەموویاندا، مەزهەبی هەڤاڵانە (کویکەر) کە بە ئاکاری مەسیحییانەی خۆیان جیهانی مەسیحییان سەرسام کرد.

لە ئینگلتەرەدا چالاکیی سەرکێشانەی عەقڵی، لە جۆشدا بوو، ناوی بیکۆن هێشتا لە ئاسۆدا لە شەقەی باڵی دەدا، شێوازی بەر خوێندنەوانەی ئەو لە هەموو شوێنێکدا سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا. هۆبز (١٥٨٨-١٦٧٩) پەرەی بە پرتەوی گومان دا کە خەسڵەتی سەردەمی ڕێنیسانس و خەسڵەتی رۆحی کرداریانەی بیکۆنی مامۆستای بوو، ئەو گومانەی گەیاندە پلەی ماتریالیستێکی تەواو و ئاشکرا، کە ئەگەر لە فەرەنسا بووایە، ئەوی بە تۆمەتی کوفر و

بێدینی دەگەیاندە پەتی سێدارە. هەروەها لوك (١٦٣٢-١٧٠٤) توێژینەوەیەکی سایکۆلۆژیی ئامادە کرد (وتارێك دەربارەی عەقڵی مرۆیی ١٦٨٩)، بێ ئەوەی راو گریمانەکانی پشت بە موعجیزە ببەستن. هەروەها کولینز و تندال و هی دیکەش، کە باوەڕیان بەبێ هاوتایی خودا بوو، بەڵام وەحی و سیستەمی ئایینیان رەت دەکردەوە، ئیمانی خۆشیان بە خودا دووپات کردەوە. هەر لەو کاتەدا نیوتن کۆچی دوایی کرد و ڤۆلتێر ئامادەی بە خاك سپاردنەکەی بوو، ئەو رێز و شکۆ نەتەوەییەی لەو کەسایەتییە ئینگلیزەی کە سەر بە چینی ناوەند بوو نرا، هەمیشە وێردی سەر زمانی ئەو بوو.

گرووپێك ئەم پرسیارەیان کرد، ئاخۆ مەزنترین پیاوی جیهان کێیە؟ ئایا قەیسەرە یان ناپلیۆن یان کرۆمویل؟ یەکێکیان گوتی نیوتنە. ئەم راست دەکات، چونکە ئەو بە هێزی هەقیقەت عەقڵی ئێمەی کۆنترۆڵ کرد، نەك وەك ئەوانەی بە زەبر و زەنگ بە کۆیلەیان کرد. ئێمە بە رێزەوە قەرزداری ئەوین، ڤۆلتێر بووە قوتابییەکی زیرەك بۆ بیروڕاکانی نیوتن، دواتر بووە یەکەمین پاڵەوانی گێڕانەوەی بیروڕاکانی نیوتن.

مرۆڤ لە ئاست هەرچی زوو هەرس کردنی ئەدەبیات و زانست و فەلسەفەی ئینگلیز لە لایەن ڤۆلتێرەوە سەری سوڕ دەمێنێ. هەموو ئەو جۆرە توخمانەی زانینی کۆکردەوە و بە ئاگر و رۆحی فەرەنسابیانەوە دایڕشتنەوە و هەموویان کردە زێڕی خالیس بە روونبێژی و رەوانبێژییەکی فەرەنسی. سەرنجەکانی خۆی دەربارەی ئینگلتەرا لە شێوەی چەند نامەیەکدا دەربارەی ئینگلیز نووسییەوە و بەسەر برادەرانیدا پەخشی کردن. زاتی ئەوەی نەکرد چاپیان بکات، چونکە دەیزانی سانسۆری پاشایەتی لێی خۆش نادەهات، چونکە ئەو نامانە ئازادیی سیاسی و سەربەخۆیی هزری نێو ئینگلتەرای لەگەڵ ملهوڕی و کۆیلایەتیی نێو فەرەنسای خستبووە بەراورد. هەروەها هێرشیان دەکردە سەر چینی تەوەزەلی ئەرستۆکرات لە فەرەنسا، سەرباری پیاوانی ئایین کە بە کۆکردنەوەی دەییەك و سەدەقە و کۆمەك، گەلیان دەرووتاندەوە، هەروەها بەندیخانەی پاستێل وەڵامی هەر پرسیار و هەر گومانێك بوو. ئەو نامانە چینی ناوەندی فەرەنسایان هان دا کە هەستێتە سەر پێ و لە دەوڵەتدا جێی خۆی بگرێت. بە هەمان چەشنی چینی ناوەند لە ئینگلیتەرا. ئەو نامانەی ڤۆلتێر بەبێ ئەوەی ئەو مەبەستی بوو بێت، قیرەی یەکەمین قەڵەڕەش بوون لە شۆڕشی فەرەنسا.



## ٣- رۆمانەکان:

لەگەڵ ئەوەشدا و بەبێ ئاگا لەو قەلەڕەشە، لە ساڵی ١٧٢٩دا سەروەسیەتی تەختی فەرەنسا نامەیەکی بۆ ڤۆلتێر نارد و رێی دا بگەڕێتەوە فەرەنسا. ئیدی ئەم جارەش ڤۆلتێر بۆ پێنج ساڵی دی هاتەوە نێو ژیانی پاریس کە شەرابی ئەو شارە بە دەمارەکانیدا دەسووڕایەوە و رۆحی ئەم شارە تێکەڵ بە قەڵەمەکەی بوو بوو. تا ئەو کاتەی ئەو نامانە کەوتنە دەستی وەشانوانێکی نەگریس، کە بەبێ ئاگاداریی ڤۆلتێر ناردنی بۆ چاپ و بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو فرۆشتنی. پەرلەمان بڕیارێکی دەرکرد کە بە ئاشکرا ئەو کتێبە بسووتێندرێ. واش لە قەڵەم بدرێ کە دژ بە ئایین و رەوشت و رێزگرتنی دەوڵەتە. ئیدی ڤۆلتێر درکی بەوە کرد کەوا جارێکی دی روو لە بەندیخانەی پاستێل دەکاتەوە. خاسە فەیلەسووف وەك بەرزەکەی بانان لەگەڵ ژنێکی خاوەن مێرد بە دزییەوە هەڵات.

خاتوو مارکیز دی شاتیلێ لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا بوو، کە بە داخەوە ڤۆلتێر لە تەمەنی چل ساڵیدا بوو. ئەو خاتوونە ژنێکی دیار بوو، لە سەر دەستی گەورە بیرکاریناسان زانستی بیرکاریی خوێند بوو، لە نووسینێکی زانستیدا بنەماکانی نیوتنی راڤە کرد بوو، لە کێبڕکێیەکدا کە ئەکادیمیای فەرەنسا خەڵاتێکی سەبارەت بە وتارێك دەربارەی خەسڵەتی ئاگر پێشکەشی دەکرد، ئەو خاتوونە لە ڤۆلتێر زیاتر رێزی لێ گیرا. بە کورتی ژنێك بوو مەزنەدەی ئەوەی لێ نەدەکرا رەدووی پیاوێکی بێگانە بکەوێت، بەڵام مارکیزی مێردی کەسێکی زۆر دەبەنگ بوو، بە پێچەوانەی ڤۆلتێر کە سەرنجراکێش و مەشرەب خۆش بوو. ئەو لە هەموو لایەکەوە خۆشەویست بوو، ئەو خاتوونە بە جوانترین خشڵی فەرەنسا ناوی دەبرد. ئەویش بەرامبەر بەو خۆشەویستییە، شەیداییەکی زۆری دەنواند، هەر لە رێی ئەوو ژمارەیەکی زۆر لە ژنان، ئەو رایەی خۆی گەلاڵە کرد، کە لە رووی عەقڵەوە ژنی فەرەنسی لەگەڵ پیاودا یەکسانە. مارکیز بە خۆی و هاوەڵانییەوە زۆر لە ژنەکەیەوە دوور بوو، کە لە دەستی بیرکاریی ژنەکەی هەڵدەهات و پەنای بۆ ئەوان دەبرد. دژ بەو هەڵسوکەوتە تازەیەش نەوەستا، چونکە ئاکاری ئەو سەردەمە، بواری بە ژن دەدا لە پاڵ مێردەکەیدا دۆستێك راگرێت، بە مەرجێك ئەو دۆستایەتی و خۆشەویستییە بێ رێزیی تێدا نەبێت بۆ خەڵکی، نەخاسمە کە ژنە نەك هەر خۆشەویستێك بەڵکو بیلمەتێکی هەڵبژارد بێت، ئیدی هەموو جیهان لێی خۆش دەبێت. ئەم ئاسانکارییە

لەوەوە سەرچاوەی گرت، کە پیر و کەنەفتی دەوڵەمەند روویان لە خواستنی کچانی ناسك و جاحێڵ کرد، ئەمانیش لە خەڵەفان و پیری وەڕس بوون و بە برسێتییەوە روویان کردە ئەڤین.

ڤۆلتێر و خاتوو مارکیز کاتی خۆیان لە کۆشکی (سیری)دا بە ماچ و مووچ و ئەڤین بە فیڕۆ نەدا، بەڵکو بە درێژایی رۆژگار هەر خەریکی کار و خوێندن و لێکۆڵینەوە بوون. ڤۆلتێر لابوورێکی گرانبەهای ئامادە بۆ سروشتناسی دامەزراند. ئەو جووتە خۆشەویستە سالآنێك تێیدا لە شەڕی لێکۆڵینەوە و شی کردنەوەدا بوون. پێشوازییان لە گەلێ میوان دەکرد. ئەو میوانانە بە درێژایی رۆژگار هەر خۆیان خزمەتی خۆیان دەکرد تا سەعات نۆی شەو. دوای نانی ئێوارە ئیدی باس دەهاتە سەر شانۆ و کاروباری ئەم هونەرە، یان ڤۆلتێر دەکەوتە خوێندنەوەی دەقی یەکێ لە چیرۆکەکانی بۆ میوانانی. ئەو کۆشکە لە (سیری) لە ماوەیەکی کورتدا بووە پاریسی عەقڵی فەرەنسا. رۆڵەی هەردوو چینی ئەرستۆکرات و بورژواش دەچوونە زیارەتی ئەو شوێنە تا بین بنێنە مەی و دانایی ڤۆلتێرەوە، هەروەها ببینن کە شانۆییەکانی خۆی نمایش دەکرد. بەوەش دڵشاد بوو کە بووەتە چەقی ئەم جیهانە گەش و گەندەڵە، هەموو شتێکی بە گاڵتە گرت بوو، دروشمی ئەوە بوو پێبکەنیت و خەڵك بێنیتە پێکەنین، خاتوو کاترین ئیمپراتۆری رووسیا ناوی نا (خوداوەندی شادی)، ڤۆلتێر دەیگوت: ئەگەر سروشت برێ گەمە و گاڵتە و خوێن سووکیی پێ نەبەخشینایە، دەبووینە کلۆڵترین ئافەرەیدەیەکی سەر رووی زەوی، گەر گەمە و گاڵتە بە یەکدی کردن نەبووایە، زۆرینەمان هەر خۆ بەخۆ خۆمان دەخنکاند. داد بۆ ئەو فەیلەسووفانەی پێناکەنن، سوور بوون و سەنگینی لە روانگەی منەوە هەروەکو نەخۆشی وایە، خۆشی ئەوەیە هەندێ جار وەك شێت وا بین.

ئا لەم کاتەدا کەوتە نووسینی رۆمانە خۆشی بەخش و شادی هێنەکانی، کەندید، راستگۆ، میکرومیجاس، لانجینو، لۆمۆندکۆم ئەلفا.. هتد.

ئەم رۆمانانە روونتر لە هەر شتێکی دیکەی نێو هەر نەوەد و نۆ کتێبەکەی، رۆحی ڤۆلتێریان خستەڕوو. ئەمانە رۆمان نەبوون بەڵکو شتی تازە بوون، بیروڕا دەبنە پاڵەوان، سەگبابیش دەبێتە خورافە، رووداویش بیرۆکەیە، هەندێکیان لە چەند بەشێکی کەم کەم پێك دێن، وەك لانجینو (کە بریتییە لە رۆسۆ بەرامبەر بە ژۆن ژاك)، خەڵکی هیندستان بوو، لەگەڵ گەڕیدەی پێشەنگ هاتە فەرەنسا، یەکەمین گرفتێ کە رووبەڕووی بووەوە گۆڕانی بوو بەرەو ئایینی مەسیحی. سەرپەرشتیاری دێرێك وانەیەك ئینجلی دایێ و ئەو هیندستانییە زۆری



خۆش ویست، خۆشی نەك هەر بۆ تەعمید بردە پێش، بەڵکو بۆ پاقژ بوونەوەش. دەشیگوت: من لەم کتێبەی خرایە بەر دەستم تەنیا کەسێکم نەدیت کە خۆی پاقژ نەکردبێتەوە، زۆر روونە کە قوربانییەك بۆ نەریتی عیبرانی بکەم، ئەم شتە هەرچەندە زووتر بێت چاکتر دەبێت. لە خۆ پاقژ کردنەوە نەبووەوە و رووبەڕووی گرفتی دان پێدا نان هات، ئیدی دەپرسێ لە چ شوێنێکی ئینجیلدا خودا فەرمانی پێ داوین دانی پێدا بنێین؟ رێنمایی دەکەن برگەیەك لە نامەیەکی سانت جیمس بخوێنێتەوە کە دەڵێ (لە بەردەمی کەسانی دی دان بە هەڵەکانی خۆتدا بنێ)، بەڵام دوایی دانی بە گوناهەکانیدا هێنا، دەستی بردو قەشەکەی لە کورسیی دان پێدانان راکێشا و لە جێی خۆی داناو داوای لێ کرد، ئەویش دان بە هەڵەکانی خۆیدا بنێ و پێی گوت: وەرە ئەی برادەر، گوتراوە کە بەرامبەر بە یەك دان بە هەڵەکانماندا بنێین، من لە بەردەمی تۆدا دانم بە هەڵەکانی خۆمدا نا، تۆش ئا لێرەدا نابزووی تا لە بەردەمی مندا دان بە هەڵەکاندا نەنێیت. پاش ئەوە کابرای هیندستانی کەوتە داوی ئەوینی خاتوو سانت ئیفیس، بەڵام پێی گوترا ناتوانێ بیخوازێ چونکە لە کاتی خۆ تەعمید کردنیدا، ئەو رۆڵی دایکە خوداوەندانی هەبوو. ئیدی لەم کاتەدا سەبارەت بەم چارەنووسەی هەڵشاخا، هەڕەشەی ئەوەشی کرد، کە پاشەکشە لە تەعمید دەکات، دوای ئەوەی رێی پێ درا بیگوازێتەوە، لە ئاست هەڵسوکەوتی هاوسەرگیریی سەرسام بوو، کە پێویست دەکات تۆمارکەر و قەشە و شایەد و گرێبەند و خاو کردنەوە.. هەبێت، گوتیشی: ئەم هەموو هێنان و بردنە نیشانەی فێڵبازی و ساختەبازیتانە، ئەگەر نا چ پێویست بەو هەموو مەرج و خۆپارێزییە هەیە. بەم جۆرە سەربردەکە لە رووداوێکەوە بەرەو یەکی دی دەچێت، لە شانۆدا دژبەرایەتیی خستە نێوان مەسیحیەتی بەرایی و کڵێسایەتی. ئا لەم رۆمانەدا مرۆڤ داد لە دەست دەدات کە خەسڵەتی جیهانە، هەروەها نەرمی و لێبوردەییش لەدەست دەدات کە خەسڵەتی فەیلەسووفە، بەڵام ڤۆلتێر شەڕی دژ بە خورافەی دەست پێ کرد، لە شەڕیشدا داوای داد و مروەت و نەمری ناکرێت، تەنیا مەگەر لە دوژمنانمان.

هەرچی رۆمانی میکرومیجاسە، ئەوە لاسایی کردنەوەی سویفتی نووسەری ئینگلیزە، بەڵام خەسڵەتی ئەوەی تێدایە کە وێنای گەردوون دەکات. کەسێکی دانیشتووی ئەستێرەیەکی حەوتەوانەی گەورە سەردانی زەویی کرد، درێژییەکەی پێنج هەزار پێیە، ئەم درێژییە کە لەگەڵ درێژیی هاوولاتییەکی ئەو ئەستێرە گەورەیەدا دەگونجێ. هەر بە رێی خۆیدا لەو گەردوونە

پیاوێکی دانیشتووی زوحەلی هەڵگرت، ئەم خەم دایگرت چونکە بەژنی هەر تەنیا چەند هەزار پێیەك بوو. کاتێ هەردووکیان بەسەر ئاوی دەریای سپیی ناوەڕاستدا دەڕۆیشتن، زلەی یەکەم هەردوو پاژنەی پێی بە ئاوی دەریاکە تەڕ کرد. لە هاوڕێیەکەی خەڵکی زوحەلی پرسی کە ئاخۆ خەڵکی زوحەل چەند هەستیان هەیە؟ بەرسڤی دایەوە (حەفتا و دوو هەستمان هەیە). ئەدی چەند ساڵ دەژین؟ زۆر بە داخەوە ئێمە چەندساڵێکی کەم دەژین، ژمارەیەکی زۆر کەم لە خەڵکی جیهانی ئێمە تەمەنیان لە یازدە هەزار ساڵ تێپەڕ دەکات، بەم جۆرە دەبینین هەر هەست ناکەین کە لەدایك بووین و مردن بەرۆکمان دەگرێت، ژیانمان لە تەنیا خاڵێك درێژتر نییە، مانەوەشمان تەنیا یەك چرکەیە، جیهانی ئێمەش تەنیا گەردیلەیەکە، بەوەدا راناگەین کە شتێکی کەم فێر بین، کاتێك دەزانین مەرگ بەرۆکمان دەگرێت، ئەویش بەر لەوەی سوود لە ئەزموونەکانمان وەربگرین. لەو کاتەی لە دەریاکەدا وەستا بوون، وەك چۆن مرۆڤ مێشێکی بچووك بە دەستی بەرز دەکاتەوە، ئەوان پاپۆڕێکیان بەرز کردەوە، زلەی یەکەم کە خەڵکی حەوتەوانەی گەورە بوو، پاپۆڕەکەی لەسەر تینۆکی پەنجەکەڵەی خۆی دانا، شڵەژان و نائارامییەکی گەورەی لە نێو کەسانی نێو پاپۆڕەکەدا نایەوە. قەشەی نێو پاپۆڕەکە کەوتە نزاو پاڕانەوە، کەشتیوانانیش کەوتنە دووعاو دروود گوتن، فەیلەسووفانیش کەوتنە راڤە کردنی ئەم رووداوە، کە پێچەوانەی یاسای راکێشانە. وەك هەورێکی تاریك ئەو کەسەی لە حەوتەوانەی گەورەوە هاتبوو، خۆی چەماندەوە و پێی گوتن: ئێوە ئەی وردیلەی زیرەکینە، هەی گەردیلەی زیرەك، خودا ویستی زانست و هێزی خۆی لە ئێوەدا بنوێنێ، بێگومان شادیتان لەسەر گۆی زەوی، بە دوورکەوتنەوە لە مادده، بێگەردو نایابە، بۆیە پێویستە ژیانتان لە شادی و بەختەوەری و هزر و راماندا بەسەر ببەن، هەر ئەمانەش خۆشیی راستەقینەی رۆحن، بنەمای راستەقینەی بەختەوەری دۆزرایەوە، بەڵام بێگومان لێرەدا جێگیرە.

دارایییەکی زۆرمان لەبەر دەستدایە، ئەمە وەڵامی یەکێ لە فەیلەسووفەکانی سەر پشتی پاپۆڕەکە بوو، درێژەی دایێ و گوتی: گەلێ تاوان دەکەین... دەبێ بشزانی کە دە هەزار کەس لە توخمی ئێمە هەن، کە تەپلە لە سەرن و ژمارەیەکی بارتەقای خۆیان قرچ و پڕ دەکەن، کە مەندیل لە سەرن، یان بە لای کەمەوە دەکوژن و دەشکوژرێن. هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە ئا ئەمەیە رەوشی باوی هەر هەموو شوێنێکی سەر زەوی. زلەی خەڵکی حەوتەوانەی گەورە قیژاندی (کافری بەد مەزەبن)، گوتیشی (ئەوەمان بە زەیندا دێت، دوو سێ هەنگاو بهاوم و



هەر هەموو ئەو بکوژە لووت بەرزانە پان بکەمەوە). فەیلەسووفەکە بەرسڤی دایەوە (خۆت نارەحەت مەکە، ئەوان سەرگەرمی یەکدی پان کردنەوەن، پاش دە ساڵی دی، یەك لە سەدی ئەم کلۆڵانە نامێنن، جگە لەوە، نابێ ئەمانە سزا بدرێن، بەڵکو سزای ئەو دڕندە تەمبەڵ و پاڵ کەوتووانە بدرێ کە هەر لە کۆشکەکانیانەوە فەرمانی کوشتنی ملیۆنان کەس دەدەن، پاشان سەبارەت بە سەرکەوتنیان سوپاسی خودا دەکەن).

چیرۆکی کەندیدی لێ دەربچێت کە لە دوایین رۆژگاری ژیانی خۆیدا نووسیی، راستگۆ باشترین چیرۆکی ڤۆلتێرە. راستگۆ فەیلەسووف و دانایەکی بابل بوو.. هێندەی لە میتافیزیك دەزانی کە کەس بەر لەوی هێندەی لێ نەزانیوە، واتە یان کەم زاندراوە یان هەر هیچ. لە دڵ پیسیدا وای بۆ دەچوو کە دڵداری سەمیرەیە. هەر لە داکۆکی کردن لەو چاوی چەپی بریندار بوو. پەیکێکی رەوانەی شاری مەمفیس کرد بۆ هێنانی پزیشکە مەزنەکەی میسر هێرمیس، کە بە کۆڵێ دەست و پێوەند و یاوەر و خزمەتکارەوە هات. راستگۆی دیت و رایگەیاند: ئەم نەخۆشە چاوی لەدەست دەدات، تەنانەت رۆژ و سەعاتی ئەو رووداوە کوشندەیەشی پێشبینی کرد. گوتی (ئەگەر چاوی راستی بایە دەمتوانی بە ئاسانی چارەسەری بکەم، بەڵام برینی چاوی چەپ چارەسەر ناکرێت). تێکڕای بابلییەکان بۆ گرفت و چارەنووسی راستگۆ گریان، بە رێزیشەوە لە تواناو زانینی فراوانی پزیشکەکەی میسریان روانی، بەڵام دوای دوو رۆژ هەر لە خۆڕا چاوی راستگۆ کێمی دەرداو چاك بووەوە. پزیشکەکەی میسر کتێبێکی نووسی و تێیدا سەلماندی کە چاوی راستگۆ هی چاك بوونەوە نەبوو، بەڵام راستگۆ کتێبەکەی نەخوێندەوە.

راستگۆ بە پڕتاو رۆیشت بۆ لای سەمیرە، ئەوەی بەر گوێ کەوت کە سەمیرە دوای ئەوەی گوێی لە راپۆرتی پزیشکە میسرییەکە بوو، شووی بە پیاوێکی دی کرد، گوتبووشی ناتوانێ بەسەر ئەو نارەحەتی و بێزارییەدا زاڵ بێت، کە ئەگەر شوو بە پیاوێکی یەك چاو بکات. دوای ئەوە راستگۆ ژنە جووتیارێکی هێنا، ئومێدی ئەوەی خواست ئەو خەسڵەتە باشانەی تێدا ببینێتەوە کە لە سەمیرەی خانمی دەربارەدا نەیدیتنەوە. بۆ ئەوەی لە دڵسۆزیی ژنەکەی دڵنیا بێت، لەگەڵ برادەرێکیدا رێککەوت، کە راستگۆ خۆی بمرێنێ، دوای یەك سەعات لە مەرگی ئەو، برادەرەکەی هەستی خۆشەویستی بۆ ژنەکەی بنوێنێ. بەم جۆرە مردنی راستگۆ راگەیاندراو، لە نێو تابووتدا راکشا، برادەرەش یەکەم سەرەخۆشیی لە بێوەژنەکەی کرد، دووەم پیرۆزبایی لێ کرد، دواتر داوای لێ کرد یەکسەر بیخوازێ. ژنە هەندێ بەرگریی کرد، نارەزاییشی دەربڕی، لە

دوایيدا رازی بوو، ئيدی راستگۆ له تابووت هاته دەرو بەرەو جەنگەڵ هەڵهات، بۆ ئەوەی دڵی خۆی بە جوانیی سروشت بداتەوە.

دوای ئەوەی لە داناییدا گەییە لووتکە، پاشا کردییە وەزیری خۆی. راستگۆ هات و پێشکەوتن و ئاشتی و دادی لە دەوڵەتدا بەدیهێنا، بەڵام شاژن کەوتە داوی ئەوینی ئەوەوە، شا هەستی پێ کردو نیگەرانی دایگرت. سەرنجی دا پێڵاوی شاژن شینە و هی راستگۆش هەر شینە، هەروەها شاڵی ئەو زەردە و کڵاوەکەی ئەمیش هەر زەرد، بڕیاری دا هەردووکیان پێکەوە ژەهر خوارد بکات. شاژن درکی بەو پیلانە کرد، نامەیەکی کورتی بۆ راستگۆ نووسی (هەڵێ، تو بی ئەو ئەڤینەی نێوانمان و ئەو شاڵە زەردەی نێوانمان هەڵێ)، جارێکی دی راستگۆ هەڵاتە نێو جەنگەڵ. ئیدی هەر بۆ خۆی وێنەی بەرەی مرۆڤی وەك لە راستەقینەدا چۆنە دەکێشا، کە چەشنی کۆمەڵە زیندیزارێك کە بە درەختێکی بچووکەوەن و یەکدی قووت دەدەن. ئەم وێنە راستەقینەیەی بەرەی مرۆڤ ئەو لێقەوماوییەی لە بیر بردەوە، وای لێ کرد هەست بە پووچیی بوونی خۆی و بوونی بابل بکات. ئیدی رۆحی ئازادانەی وێڵی دنیای بێ سنوور بوو. رۆحی لە هەست دابڕا و کەوتە دنیای بیرکردنەوە و رامان لە سیستەمی نەگۆڕی گەردوون، بەڵام دواتر کە بە هۆش خۆی هاتەوە، لە چارەنووسی شاژن ترسا، رەنگە لەبەر ئەو مرد بێت یان خۆی کوشتبێت، ئیدی لێرەدا عەقڵ لە کەللەیدا نەما و دنیا لەبەر چاوی رەش بوو.

لە رێی گەڕانەوەیدا بەرەو بابل، دیتی وا پیاوێك زۆر زاڵمانە ژنێك داركاری دەکات، راستگۆ بەدەم فیزاح و فیغانییەوە چوو، هەوڵی دا رزگاری بکات و لەگەڵ پیاوەدا بووە شەڕیان. دواجار بۆ ئەوەی خۆی رزگار بکات، زۆر بە توندی لە پیاوەکەی داو کوشتی، ئینجا رووی کردە خانمەکەو پێی گوت: خاتوونی بەڕێز دەتەوێ چی دیکەت بۆ بکەم؟ (خوا لەناو دەمت دا هەی سەگ! تۆ خۆشەویستی منت کوشت. ئای ئەگەر دەمتوانی دەبوو دڵت لەت لەت بکەم).

راستگۆ گیراو لە بازاڕی کۆیلەدا فرۆشرا، گەورە پیاوێك ئەوی کڕی، راستگۆ ئاغای خۆی فێرە فەلسەفە کرد، ئیدی بووە رازگرو راوێژکاری ئەو. داوای لێ کرد ئەو یاسایە رەت بکرێتەوە کە بڕیار دەدات بێوەژن لەگەڵ مێردەکەی بنێژرێ. یاسایەکی دیکەی لە جێدا بڕیار بدرێت، کە بێوەژن بەر لە شەهید کردن و شاردنەوە، یەك کاتژمێر ژیان لەگەڵ پیاوێکی سەر و سیما جوان بەسەر ببات. کاتێك لە شاندێکدا رەوانەی لای پاشای سەرەندیب کرا، پاشای فێرکرد کە



چاکترین وەزیری خۆی لە باشترین سەماکەری وڵات هەڵبژێرێ. بەر لەوەی بانگی سەماکەران بکرێت، ئەو رێڕەوەی دەچووە سەر هۆڵی سەما کردنەکەی پڕ کرد لە هەرچی دوڕ و گەوهەرو مەرجانی گرانبەهایە، داوای کرد هەر کاندیدێك بە تەنیا و بەبێ چاودێری لەو رێڕەوە بەرەو هۆڵی سەما بێت. کاتێك هەموو هاتنە ژوورەوە، داوای لێ کردن سەما بکەن، هەرگیز رووی نەدا بوو، کە سەماکەران سەمایەکی لەوە سارد و سڕ و خاو و خلیچتریان کرد بێت، وەك ئەوەی لەو رۆژەدا کردیان. سەریان شۆڕ و پشتیان چەماوە و دەست بە گیرفانی قورسی پڕ لە دزیارییەوە. بەم جۆرە چیرۆکەکە درێژە دەکێشێ. ئا لێرەوە دەکرێ بە شەوانی ڤۆلتێر لە (سیری)دا ئاشنا بین.

## ٤- پوتسدام و فریدریك:

ئەوانەی نەیانتوانی بە دیداری شاد بن. لە دوورەوە نامەیان بۆ نارد. لە ساڵی **١٧٣٦**دا لەگەڵ فریدریکی مەزن کە ئەوسا میر بوو، نامەیان بۆ یەکدی دەنارد. بەر لەوەی گەورە بێت و پێی بڵێن (فریدریکی مەزن)، یەکەمین نامەی فریدریك هەر چەشنی نامەی منداڵێك بوو بۆ پاشایەك. درێژداڕی لە نامەکەدا بیرۆکەی ئەوەمان لە لا گەڵاڵە دەکات، کە ڤۆلتێر چ ناوبانگێکی پەیدا کرد بوو. لەو نامەیەدا فریدریك ئاماژەی داوە، کە ڤۆلتێر مەزنترین پیاوە لە فەرەنسا، هەر ئەویش مایەی شانازییە بۆ زمانی فەرەنسی... گوتیشی مایەی سەربەرزییە بۆ من کە لە سەردەمی پیاوێکی مەزندا لەدایك بووم، ئەو پیاوە گەلێ کاری نایابی کردووە... هەموو کەسێك ناتوانێ عەقڵ بهێنێتە خەندە. فریدریك بیرمەندێکی ئازاد بوو، بەو چەشنەی لە رەعیەی دەڕوانی، لە بیر و باوەڕیشی وەها دەڕوانی. ڤۆلتێر هیوایەکی زۆری پێ بوو کە کاتێ بچێتە سەر تەخت رێنیسانسی هزر بەرپا بکات. رەنگە ویستبێتی هەمان ئەو رۆڵەی هەبێت کە ئەفلاتوون لەگەڵ دێونیسیوسدا هەی بوو. کاتێ فریدریك رەخنەی لەو مەرایی و ستایشە گرت کە لە وەڵامی نامەیەکی ڤۆلتێردا هاتبوو، ڤۆلتێر لە بەرسڤدا گوتی (ئەو میرەی بەرهەڵستی مەرایی دەکات، هەر بە چەشنی ئەو پاپایە دەگمەنە، کە بەرهەڵستی لە مەعسووم بوون لە هەڵە دەکات). فریدریك دانەی کتێبێکی خۆی بۆ نارد کە تێیدا رەخنەی لە ماکیاڤیللی گرتووە و زۆر بە جوانی لە بارەی خراپە و ماڵوێرانیی شەڕو ئەرکی پاشا لە

پاراستنی ئاشتی دواوە. ڤۆلتێر لە خۆشیی ئەو رۆحە ئاشتیخواز و شاهانەیە دەستی بە گریان کرد.

هەر لە پاش چەند مانگێك فریدریك چووە سەر تەخت و سیلیزیای داگیرکرد، بە درێژایی تەمەنی یەك نەوە، ئەوروپای نقومی خوێن کرد.

لە ساڵی ١٧٤٥دا کاکی شاعیر و خاتوو مارکیزی بیرکاریناس روویان کردە پاریس، خۆی بۆ ئەندامیەتی ئەکادیمیای فەرەنسا کاندید کرد، بۆ ئەوەی بەم دەسکەوتە بگات کە هیچ پێویستیش نەبوو، ناوی لە خۆی نا پیاوچاکی کاتولیك، مەرایی لەبەر ژمارەیەك لە یەسیووعیبیانی خاوەن دەسەڵات و شکۆ کرد، بێ ماندوو بوون و جارِسی، گەلێ درۆشی کرد. بە گشتی کارو کردارێکی کرد کە هەر یەك لە ئێمەش لە حاڵەتی ئەودا دەیکەین. لەم هەوڵە نوشوستی هێنا، بەڵام دوای ساڵێك ئەو پۆستەی بەدەست هێنا. وتارێکی دا کە نایابترین وتارە لە مێژووی ئەدەبی فەرەنسیدا. ماوەیەك لە پاریسدا مایەوە، لە دیوەخانێکەوە دەچووە نێو دیوەخانێکی دی، رۆمان دوای رۆمانی دەنووسی، هەر لە ئۆدیبەوە لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا تا ئەوین لە تەمەنی هەشتا و سێ ساڵیدا. زنجیرەیەکی دوورو درێژ لە رۆمانی خەماویی نووسی، هەندێکیان نوشوستیان هێنا و زۆربەشیان سەرکەوتن. لە ساڵی **١٧٣٠**دا برۆتۆس و لە ساڵی **١٧٣٢**دا ئەریفیل وەك دوو رۆمان نوشوستیان هێنا.. هەڤاڵانی هانیان دا واز لە رۆمانی خەماوی بێنێ، بەڵام هەر لەو ساڵەدا رۆمانی زیری هێنایە بەرهەم و گەورەترین سەرکەوتنی بە نسیب بوو، پاشان رۆمانی دیکەی نووسی، محەمەد لە ساڵی ١٧٤١، میرۆب لە ساڵی **١٧٤٣**، سەمیرەمیس لە ١٧٤٨، ترانکرید لە ١٧٦٠دا.

لە یەك کاتدا خەندە و کلۆڵی تێکەڵ بە ژیانی تایبەتی ئەو بوون. پاش پازدە ساڵ خۆشەویستییەکەی بەرامبەر بە مەدام دو شاتلێ لە کزیی دا، مشتومڕی نێوانیان کەم بووەوە، لە ساڵی ١٧٤٨دا خاتوو مارکیز کەوتە داوی ئەڤینی مارکیز دی سانت لامبێرت، کە گەنجێکی جوان بوو. ڤۆلتێر کە هەستی بەو خۆشەویستییە کرد، گڕی گرت، بەڵام هەر کە سانت لامبێرت داوای لێبوردنی لێ کرد، ڤۆلتێر لێی خۆش بوو، بەرەکەتی خۆشی پێ بەخشی. ئا لەم کاتەدا گەیشتە ترۆپکی ژیانی، لە دوورەوە تارمایی مەرگی بەدی کرد و گوتی: ئا ئەمەیە ژن، من خاتوو مارکیزم لە ریشیلیۆی مێردی رفاند، سانت لامبێرتیش لە منی رفاندەوە. ئا ئەمەیە سیستەمی شتان، سەرکەوتن سەرکەوتنێکی دی دەبەزێنێ، دنیا بەم



جۆرەیە و جیهانیش بەم شێوەیە رێ دەکات. دەربارەی سێیەم سەرکەوتن، شیعری جوانی نووسی، تێیدا دەڵێ:

سانت لامبێرت هەموو شتێ بۆ تۆ
گوڵ گەشە دەکات
هەموو دڕکەکەی بۆ من و گشت گوڵی بۆ تۆ

لە ساڵی ١٧٤٩دا مەرگ بەسەر منداڵەوە مەدام دوشاتلێی بردەوە، قەدەریش وای کرد کە مێردەکەی و هەردوو عاشقەکەی سانت لامبێرت و ڤۆلتێر بەبێ ئەوەی ورتەیەکی گلەو گازاندەشیان لە دەمەوە بێت، بەشداریی ناشتنەکەیان کرد، ئەم زەرەرە هاوبەشە، ئەوانی کردە دۆستی یەکدی.

ڤۆلتێر هەوڵی دا بێبەش بوونی خۆی بە لەدەست دانی ئەو خانمە بە کار لە بیر خۆی بباتەوە، ماوەیەك خۆی بە نووسین لە بارەی لویسی چواردەهەمەوە خەریك کرد. شتێك کە ئەوی لەو بێ ئومێدییە رزگار کرد، دووبارە بانگهێشت کردنەوەی بوو لە لایەن فریدریکی مەزن، کە بچێتە دەربارەی پاشایەتی لە پوتسدام. سێ هەزار فرەنکیش لەگەڵ بانگهێشتنامەکەدا هاوپێچ کرا بوو وەك خەرجیی هاتن، کە نەدەکرا فەرامۆش بکرێت و رەت بکرێتەوە. لە ساڵی ١٧٥٠دا ڤۆلتێر رێی بەرلینی گرتەبەر. بە تەرخان کردنی لاباڵێکی پوخت لە کۆشکی فریدریك، دڵنەوایی و سوکنایی هات، هەروەها بە یەکسان لەگەڵ بەهێزترین پاشای ئەو سەردەمە پەسند کرا. نامەکانی سەرەتا پڕ بوون لە مزگێنی و رەزامەندی. لە بیست و چواری یۆلیۆدا لە نامەیەکدا بۆ ئەرجنتال بەم جۆرە وەسفی پوتسدام دەکات (١٥٠ هەزار سەرباز.. ئۆپرا، رۆمانی بێ تام، فەلسەفە، شیعر، شکۆ، پۆز، خێر و بەرەکەت، هونەر، بووق، کەمانچە، کۆڕی ئەفلاتوونی، کۆمەڵ و ئازادی، کێ باوەڕ بەمانە دەکات؟ وێڕای ئەوە، ئەمە راستییەکەیە). بەر لە چەند ساڵێك نووسی بووی، چ ژیانێکی جوان و پڕ لە کەیفە، کاتێ سێ یان چوار کەسی بەهرەدار بە هێمنی و بێ ئیرەیی لەگەڵ یەکدیدا بژین، چێژ لە هونەری یەکدی وەردەگرن و قسەیان لە بارەوە دەکەن، هەروەها لەبەر رۆشنایی بیروڕای یەکدیدا هەڵسوکەوت دەکەن. بە خەیاڵ وام هێنایە پێش چاوی خۆم، کە من لەم بەهەشتە بچووکەدا دەژیم، ئەوەتا ئێستا وا تێیدا دەژیم.

ڤۆلتێر خۆی لەوە بەدوور دەگرت کە لە ئاهەنگی رەسمیدا خـواردن بخوات، توانـای ئـەوەی نەبوو ژەنەراڵی ورگنی سەربازی چواردەوری بگرن. شوێنێکی تایبەتی بۆ خۆی گرِ دابوو لەسـەر ئەو خوانە تایبەتەی فریدریك، کە هەڵبژاردەیەکی بچووك و نایاب لە پیاوانی زانـست و هـزر و ئەدەب، کە برادەر و دۆستی خۆی بوون، بۆ ئەو خوانە بانگهێشت دەکران. فریـدریك مـەزنترین میری سەردەمی خۆی بوو، چاوی لەوە بوو ببێتە شاعیر و فەیلەسـووف. ئاخـاوتن لـەو ئێـوارە کۆڕانە بە زۆری بە زمانی فەرەنسی بوو، ڤۆلتێر هەوڵی دا زمانی ئـەڵمانی فێـر بێـت، پاشـان وازی لێ هێنا. یەکێ لەوانەی گوێی لەو ئاخاوتنانە بووە کە لەو شەوارانەدا دەگوترا، دەڵێ لـە چاکترین کتێبی جیهان چێژدارترن. باسی هەموو شتێکیان دەکرد، بیرورِا و بۆچوونی خۆیـان بـە سادەیی دەخستەڕوو. زیرەکیی فریدریك هاوشانی زیرەکیی ڤۆلتێر بوو، کەسیش بێ لـە ڤـۆلتێر نەیدەتوانی بەرسڤی بداتەوە. بەرسڤی ئەویش هەمیشە جوان و رەوان و لێزانانە بوو. ڤۆلتێر لـە بارەی ئەو ئاخاوتنانەوە بە خۆشحاڵییەوە نووسیویەتی (لێـرەدا مـرۆڤ ئازایانـە و ئازادانـە بـیر دەکاتەوە، فریدریك بە دەستێ دەبڕێ و بە دەستەکەی دی تیمار دەکات... هیچ شتێك نارِەحەتم ناکات، پاش زریانێکی پـەنجا ساڵی، ئێـستا بەنـدەرێکم دۆزیوەتـەوە لەنگـەری تێـدا بگـرم، پاراستنی پاشا و ئاخاوتنی فەیلەسووفم تێـدا بـەدی کـرد، هـەموو سـیحری مـرۆڤ لـە تـەنیا پیاوێکدا کۆبووەتەوە، بە درێژایی شازدە ساڵ دڵنەوایی خەم و پەژارەی دامەوەو لـە دوژمنـانمی پاراست، ئەگەر مرۆڤ بۆی هەبێت لە شتێك دڵنیا بێت، ئەوە من بەرامبەر بـە فریـدریك شـای برووسیا دڵنیام). لە نۆڤەمبەری ئەو ساڵەدا ڤۆلتێر ویستی باری دارایی خۆی باش بکات. بەوە سامانی خۆی لە سـەنەدی سەکـسۆنیدا بخاتەگـەڕ، هەرچـەندە شـا فریـدریك رێـی بـەم جـۆرە بەگەڕخستنە نەدەدا. بەهای ئەو سەنەدانە بەرز بووەوە و ڤۆلتێر قـازانجی کـرد، بـەڵام هیرشـی بریکاری هەوڵی دا گوشاری بخاتە سەرو هەرِەشەی بلاوکردنەوەی ئەو بۆندەی لـێ کـرد، ڤـۆلتێر پەلاماری داو ملی بادا و بە عەردیدا دا، (فریدریك بەم رووداوەی زانـی و گـەلێ پەسـت بـوو) گوتیشی (هێشتا بۆ ساڵێکی دیکەش من پێویستیم پێـی مـاوە)، بـە لامتریـی گـوت (مـرۆڤ پرتەقاڵ دەگوشێ و دواتر توێکڵەکەی فرێ دەدا). رەنگە لامتریش بە لایەوە مەبەست بوو بێت، کە رکابەرانی لە کۆڵ بێتەوە، بۆیە ئەوەی فریدریك گـوتی بـە ڤـۆلتێری راگەیانـد. ئاهـەنگ و ئاخاوتنی شەوانە بەردەوام بوون، بەڵام ئەم توێکڵی پرتەقاڵە خەوی ڤۆلتێری زرِاند.. بە هەرحاڵ ئەو ئارەزووی دەکرد بەرەو وڵاتی خۆی بگەڕێتەوە. لـە سـاڵی ١٧٩٢ دەرفـەتی گونجـاو هاتـە



پێش، کاتێ فریدریك گەورە زانای بیرکاریی فەرەنسا مێبیرتـویس و ژمارەیـەك زانـای دیکـەی فەرەنسای بانگهێشت کرد، بۆ ئەوەی لە پەیوەندییەکی راستەوخۆدا لەگەڵ پیاوانی رۆشـنگەری فەرەنسا، هەوڵی بزواندنی عەقڵی ئەڵمانی بدات. لە بارەی راڤەی نیووتنەوە، ئەو بیرکاریناسەی فەرەنـساو یـەکێ لـە زانایـانی یـاوەری، ناکۆکییـان کەوتـە نێوانـەوە، فریـدریك چـووە نێـو گفتوگۆیەکەو لایەنی مێبیرتویسی گرت، هەرچی ڤۆلتێر بوو، کە خەسڵەتی جورئـەتی هـەبوو، پتر لەوەی حەز بە کار بێت، بووە لایەنگری زانا فەرەنسییەکەی دی، کە ناوی کوینج بوو. هـەر بەم بۆنەیەوە لە نامەیەکدا بۆ مەدام دینیس نووسـی بـووی: لـە بەدبـەختیی مـن ئەوەیـە کـە نووسەرم و لە بەرەی دژ بە پاشادام، من لە جیاتی قاشووی شاهانە، قەڵـەم شـك دەبـەم. لـە هەمان کاتدا فریدریك لـە نامەیـەکدا بـۆ خوشـکی نووسـی بـووی (ئەهریمـەن لـەم بوێژانـەی دەوروبەرمدا خۆی مەڵاس داوە، هیچ کارێکیان نییە، بەهرەشیان تەنیا لە بواری کۆمەڵایەتیـدا هەیە).

هەر لەم کاتانەدا ڤۆلتێر کتێبی (دکتۆر ئاکاکیا)ی نووسـی، کـە تێیـدا تانـەو تەشـەر لـە مێبیرتویسی بیرکاریناس دەگرێت، کە بۆ فریدریکی خوێندەوە. ئەو شـەوەی هـەر بـە پێکـەنین بەسەر برد، بەڵام داوای لە ڤۆلتێر کرد چاپی نەکات. ڤۆلتێر وای پیشان دا کە گوێ لە قسەکەی دەگرێت، بەڵام لە راستیدا کتێبەکەی بۆ چاپ نارد بوو، چونکە نووسەر ناتوانێ رشتەی قەڵەم و گەوهەری بیری خۆی بکوژێت. کاتێ کتێبەکە بڵاو بووەوە، فریدریك زۆر پەست و تـوورِە بـوو، ڤۆلتێریش لە ترسی ئاگری ئەو توورِە بوونە هەڵات.

نوێنەرانی پاشا لە شاری فرانکفۆرت، هەرچەندە شارەکەش لە دەرەوەی دەسـەڵاتی پاشـادا بوو، رایانگرت و گرتیان. رێیان نەدا دەربچێت تا هەنـدێ لـەو شـیعرانەی پاشـا ، کـە لەگـەڵ وڵاتێکی شارستاندا ناگونجێن، نەداتەوە دەستیان. ئـەوەی کـە دۆخەکـەی ئـاڵۆزتر کـرد، ئـەو شیعرانەی لە سندووقێکدا دانا بوو، کە لە رێ لێی بزر بووبـوو. بـۆ مـاوەی چـەند هەفتەیـەك ڤۆلتێر هەر دەستبەسەر بوو تا سندووقەکە دۆزرایەوە. کتێب فرۆشێك کە هەندێ قەرزی لە لای ڤۆلتێر بوو، ئەوەی بـە دەرفـەتێکی بـاش زانـی کـە داوای قەرزەکـەی بکاتـەوە و ئـەوەی لـە نێوانیاندایە پاکتاوی بکەن. ڤۆلتێریش کە لەوپەرِی توورِەییدا بوو، لەوە زیاتری نەکرد کە یـەك مستی بە پەنا گوێیدا کێشا. سکرتێرەکەی ڤۆلتێر کۆلینی، بەم جۆرە دڵـی کتێـب فرۆشـەکەی دایەوە: بەرِێز تۆ لە مەزنترین پیاوی ئەم جیهانە مستێ بەر گوێت کەوتووە.

پاش ئەوەی ئازاد کراو لەوەدا بوو بچێتە نێو سنووری فەرەنساوە، پەیامێکی پێ گەیشت کە ڕێی چوونە فەرەنسای نەدەدا بەوەی ئیدی ئەو نەفی کراوە. ڤۆلتێری پیرو راونراو سەری سوڕما نەیزانی کێوە بچێت. بڕێ جار بۆ لای ئەوە دەچوو، کە بەرەو پنسلڤانیا بچێت، مانگی ئاداری ١٧٥٤ی هەر بە گەڕان بە دوای شوێنێکدا بەسەر برد، کە بتوانێ خۆی و خەمەکانی تێدا بشارێتەوە. لە کەناری ژنێفدا کۆنە خانوویەکی کڕی و ناوی نا بەهەشت، کە دوور لە دەسەڵاتدارانی ستەمکاری پاریس و بەرلین دەبیاراست. بە ڕێکخستنی باخچەکەی و بایەخدان بە تەندروستیی خۆیەوە سەرقاڵ بوو. کاتێ ژیان بە قۆناغی پیر و کەنەفتی گەیشت، چووە نێو مەزنترین و باڵاترین بەرهەمی بیری خۆیەوە.

## ٥- وتاری ئاکار:

چی وای لێ کردن لە تاراوگە تازەکەیدا دووبارە نەفیی بکەنەوە؟ چونکە مەزنترین بەرهەمی خۆی لە رووی جورئەت و خواست و بەها و دەوڵەمەندییەوە لە بەرلیندا بڵاو کردەوە. ئەم کتێبەش بەم ناونیشانە بوو (وتارێك لە بارەی رەوشت و رۆحی گەلان لە رۆژگاری شارلمانەوە تا لویسی سێزدەهەم). سەرەتای نووسینەکەی بۆ مەدام شاتلێ دەست پێ کرد، بەڵام لە نووسینی وەستا، چونکە نەبووە مایەی رەزامەندیی مەدام و بە کەونە ساڵنامەیەکی دانا (بە لای ژنێکی وەکو منەوە کە لە گەڕەکێکدا دەژیم، کەی گرنگە بزانم ئەنگل نەوەی هاکوونە لە سوید و عوسمانیش کوڕی ئەرولتوغرولە؟ من بە شەوقەوە مێژووی گریك و رۆمانم خوێندووەتەوە، ئەو مێژووە وێنەگەلێکی ئەوتۆی خستە بەر نیگام کە بۆ من سەرنج راکێش بوون، بەڵام نەمتوانیوە لە بارەی دەوڵەتانی تازەمان هیچ کتێبێکی دوورو درێژی مێژوویی تەواو بکەم. رەنگە لە بێ سەروبەری بەو لاوە هیچ شتێکی دیکەیان تێدا نەبینم..گێڕانەوەی چەندین رووداوی وردن بەبێ ئەوەی پەیوەندییان بە یەکەوە هەبێت یان ئاکامێکیان هەبێت، هەزاران شەڕ کە هیچ ئەنجامێکیان نەبوو، حەزیش بە خوێندنەوەیەك ناکەم کە بێ سوود عەقڵ بشڵەژێنێ)

ڤۆلتێر قسەکەی سەلماند و دەڵێ (مێژوو وێنەیەکە دەربارەی تاوان و کارەسات)، بەڵام هیوای خۆی بە مەدام شاتلێ راگەیاند، کە بتوانێ لە پیادە کردنی فەلسەفە بەسەر مێژوودا بگاتە چارەسەرێك، هەروەها لە پەنای بە دوای یەکدا هاتنی رووداوی سیاسی، بتوانێ بە شوێن مێژووی عەقڵی مرۆییدا بڕوات، گوتیشی نابێ بێ لە فەیلەسوف کەسی دیکە مێژوو بنووسێ.



ئەفسانە مێژووی سەرجەم گەلانی شێواندووە، تا ئەو کاتەی فەلسەفە هاتە پێش بۆ ئەوەی رۆشنبیری و بەرچاوی روونی بداتە مرۆڤ. فەلسەفەش پاش ئەوەی ڕێی خۆی بە نێو تاریکیدا بڕی و گەیشتە جێ، دیتی لە ئاکامی هەڵەی هەزاران ساڵ، عەقڵی مرۆڤ کوێر بووە و ئەستەمە ڕێنمایی بکرێت و ڕێی پێشان بدرێ. فەلسەفە بە بەڵگەوە بۆی دەرکەوت، کە گەلێ راستی و ڕێوڕەسم و شوێنەوار درۆن نەك راستی. ڤۆلتێر بەم قسەیە کۆتایی پێ دێنێ و دەڵێ: مێژوو لەوە زیاتر نییە کە کۆمەڵێ فڕوفێڵ و فیشاڵە، کە تێیدا یاری بە مردووان دەکەین بۆ ئەوەی رابردوو بەو جۆرە لێ بکەین کە لەگەڵ ئارەزووەکانی ئایندەماندا بگونجێ.

ڤۆلتێر وەك کرێکارێك لە نێو کانێکدا کەوتە کار کردن بۆ ئەوەی لە نێو رووباری درۆ و دەلەسەدا، رەگی راستەقینەی مێژووی دروستی جیهان بدۆزێتەوە. بەڵام دوای ساڵێك رووی کردە لێکۆڵینەوەی ئامادەکارانەی بەرایانە، لەوانە، مێژووی رووسیا، مێژووی چارلزی دوازدەهەم، سەردەمی لویسی چواردەهەم، سەردەمی لویسی سێزدەهەم. کاتێ باوکە دانیالی یەسووعی دەستی بە نووسینی مێژووی فەرەنسا کرد، لە کتێبخانەی شاهانە لە پاریس نزیکەی هەزار و دوو سەد بەرگە دەستنووس و بەڵگەنامەیان خستە بەر دەستی، دوای ئەوەی یەك سەعات سەرنجی دانێ، هەموویانی بۆ باوکە تۆرنیمین، کە مامۆستایەکی رابردووی ڤۆلتێر بوو، گێڕایەوە و گوتی، هەموو ئەو دەستنووس و بەڵگەنامانە کۆنە کاغەزی بێ بەهان و لە نووسینەکەیدا پێویستی پێیان نابێت. هەرچی ڤۆلتێر بوو بە پێچەوانەوە، هەر شتێکی دەربارەی بابەتەکەی دەکەوتە بەر دەستی دەیخوێندەوە، لە نێو سەدان بەرگە کتێب و بیرەوەریدا نقووم بوو، سەدان نامەشی بۆ ئەو کەسانەی لە ژیاندا مابوون و لە رووداوە بە ناوبانگەکاندا بەشدار بوون. لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەردەوام بوو تا بەرهەمەکەی بە چاپ گەیاند و لە هەموو چاپێکدا شتی نوێی دەخستە سەر.

هەڵبەت کۆکردنەوەی زانیاری تەنیا کارێکی بەرایی بوو، بۆ هەڵبژاردن و ڕێکخستن پێویستی بە ڕێوشوێنی تازە بوو. تەنیا راستییەکان بەس نین، تەنانەت ئەگەر ئەو راستییانە بارتەقای ئەرکەکەشی بن و بە دەگمەن شتی وا روو دەدات، چونکە راستییەکان لەوە زیاتر نین کە راستین (ئەو وردەکارییانەی شتێك بە دەستەوە نادەن سەبارەت بە مێژوو، هەروەکو کەلوپەل وان سەبارەت بە سوپا، دەبێ بە چاوێکی فراوانتر سەیری شتەکان بکەین، چونکە عەقڵی مرۆڤ زۆر بچووکە و لە نێو وردەکاریدا نقوم دەبێت، دەبێ شیکاران راستییەکان کۆ بکەنەوە و لە

شێوەی فەرهەنگێکی مێژووی ڕێك بخرێن، کە بۆ کەسێکی بە دوای ڕاستییەکاندا دەگەڕێ، هەروەکو چۆن لە فەرهەنگدا پەیڤ و زاراوە دەدۆزێتەوە، بەم جۆرە ڕاستی بدۆزێتەوە).

ڤۆلتێر بە دوای شێوازێکی یەکگرتوودا دەگەڕا کە دیرۆکی تێکڕای مێژووی ژیار لە ئەورووپا بە یەك تاکە دەزوو بە دەوردا بدووریێت. هاتە قەناعەتیش کە ئەو دەزووە مێژووی شارستانیەتە. بڕیاریشی دا لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکەیدا باسی پاشاکان نەکات، بەڵکو باس لە بزووتنەوە و هێزی جەماوەر بکات، هەروەها باسی دەوڵەتان نەکات بەڵکو باسی تۆخمی مرۆڤ بکات و بە لای شەڕو ئاشووبدا نەچێت، بەڵکو باس لە ڕەوت و گەشە کردنی ئاوەزی مرۆڤ بکات (شەڕ و شۆڕش لە پرۆژەکەی ئەودا شتی لاوەکی بوون، هەروەها سوپا و لەشکرو سەرکەوتن و بەزین و ڕزگار کردنی شاران و ئازاد کردنەوەیان. باسگەلێکن لە هەموو کتێبێکی مێژوودا هەن... هونەرو پێشکەوتنی عەقڵی مرۆڤ لە مێژوو داماڵە، ئیدی شتێکی تێدا نابینیتەوە). (نامەوێ مێژوویەك لە بارەی شەڕەکانەوە بنووسم بەڵکو لە بارەی کۆمەڵگاکانەوە دەنووسم، دەمەوێ چۆنیەتی ژیانی خەڵك لە نێو خێزان و بنەماڵەکانیاندا بخەمەڕوو، هەروەها ئەو هونەرانە چی بوون کە ئەوان پوختەیان کردن و گەشەیان پێ دان. بابەتی من مێژووی عەقڵی مرۆڤە نەك تەنیا ڕووتە، نمایش کردنێکی وردی ڕاستییە جوانەکان، بایەخێکی ئەوتۆ بە مێژووی لۆرد و دەسەڵاتداران نادەم.. بەڵام دەمەوێ بەو هەنگاوانە ئاشنابم کە خەڵکی لە سەردەمی وەحشیگەرییەوە بەرەو ژیار ناویانە). ڕێ نەدانی ڤۆلتێر بەوەی پاشاکان بچنە نێو لێکۆڵینەوە مێژووییەکەییەوە، بەشێك بوو لەو شۆڕشە دیموکراتیانەی لە دوماهیدا ئەوانی لە دەسەڵات دوورخستەوە. نامەکەی لە بارەی ئاکارەوە، بە بێبەش کردنی بنەماکەی بۆربۆن لە دەسەڵاتی فەرەنسا دەست پێ کرد.

بەم جۆرە یەکەمین فەلسەفەی لە بارەی مێژووەوە هێنایە بەرهەم، یەکەمین هەوڵی پوخت بۆ بە پیرۆز کردنی ئەو ڕێڕەوە ئاساییانەی گەشە کردنی عەقڵی ئەورووپا پێیاندا تێپەڕ بووە. شتێکی چاوەڕوان کراوە کە ئەو جۆرە ڕاڤانەی تێدا پشت گوێ بخات، کە لەسەر بنەمای موعجیزە و دیاردەی ڕیزپەڕی سروشتی ڕۆنراون. مێژوو تا لاهووتی لێ دوور نەخەینەوە، لە سەر پێ ڕاناوەستێت. کتێبەکەی ڤۆلتێر هەروەك (بوکل) دەڵێ بناغەی زانستی مێژووی هاوچەرخی دانا. بێگومان ژیبۆن و نیپوور و بوکل و ژرووت، گەلێ قەرزداری ئەون. لەم بوارەدا هەر خۆی یەکەمین کەس بوو کە ئەو زانستەی دۆزییەوە، کەسیش شان لە شانی نادات.



بەڵام بۆچی مەزنترین کتێبی ئەو بووە هۆی نەفی کردنی؟ چونکە بە گوتنی ڕاستی هەموو کەسێکی سەغڵەت کرد. بە تایبەتی پیاوانی ئایینی بەو بۆچوونە پەست کرد کە دواتر ژیبۆن پەرەی پێ دا. ئەو بۆچوونە دەڵێ هێرشی ئایینی مەسیحی بۆ سەر ئایینی بتپەرستی لە ڕۆما و گۆڕان ئەو دەوڵەتە لە بت پەرستییەوە بۆ مەسیحییەت وای کرد ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە ناوەوەڕا داتەپێ، ڕێگاشی بۆ ئەوە خۆش کرد وەك نێچیرێکی ئاسانی بکەوێتە دەستی بەربەرییان. ئەوەی زیاتر پیاوانی ئایینی پەست کرد، کە بۆشاییەکی زۆری لە کتێبەکەیدا بۆ خاکی ژووان و وڵاتی مەسیحی جێ نەهێشتووە، هەروەها لە بارەی چین و هیندستان و ئێران و ئایینەکانیانەوە، دادوەرانە نەینووسیوە. ئەم کتێبە جیهانێکی نوێ و فراوانی دۆزییەوە، هەروەها بە شێوەیەکی ڕێژەی بووە هۆی وشك هەڵاتنی بیروباوەڕ. شا بڕیاری دا ڕێ بەو هاووڵاتییە فەرەنسییە نەدرێتەوە بێتەوە نێو خاکی وڵات، چونکە زاتی ئەوەی کردووە کە یەکەم خۆی وەك مرۆڤ و دووەم وەك فەرەنسی داناوە، ئیدی بۆی نییە پێ بنێتەوە سەر خاکی فەرەنسا.

## ٦- فێرنی - کەندید:

ئەو کەلاوەیەی کە کڕی بووی،ماڵێکی کاتی بوو تا ئەوەی خانوویەك پەیدا دەکات و تێیدا دەگیرسێتەوە. لە ساڵی ١٧٥٨دا ئەو خانووەی لە فێرنیدا دۆزییەوە، لە نێو سنووری سویسراو نزیك بە سنووری فەرەنسا، کە دوور لە حکوومەتی فەرەنسا هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکات، هەروەها گەر حکوومەتی سویسراش تەنگی پێ هەڵچنی، لە پەناگەیەکی فەرەنساوە نزیك بێت. ئەم خانووە تازەیە سنوورێکی بۆ گەڕان و بێ ئۆقرەیی ئەو لێرەو لەوێ دانا. ئۆقرە نەگرتن و گەڕانی ئەو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی، نیشانەی باری مۆڵەقی دەروونی ئەو بوو، هەروەها نیشانەی ترسی ئەو بوو لە ڕاوەدوونان.

ئەو ئێستا لە تەمەنی شەست و چوار ساڵیدایە، یەکەمین جاریشە لە خانوویەکدا دەژی کە موڵکی خۆیەتی. ئەمە بڕگەیەکە لە کۆتایی چیرۆکی (گەشتەکانی سکارمینتادو) کە خۆی نووسیویەتی و بەسەر خۆیدا پیادە دەبێت. (دوای ئەوەی چ جوانییەکی جیهان هەبوو دیتم، بڕیارم دا ئیدی لە داوڕۆژدا هیچ شتێکی دی نەبینم بە غەیری ماڵەکەی خۆم. ژنێکم هێنا. هێندەی نەبرد و گومانم لە دڵسۆزییەکەی کرد، بەڵام وێڕای ئەو گومانەش، تا ئێستا هەر وای دەبینم کە ئەمە خۆشترین حاڵەتی ژیانە). ئەو ئێستا بێ ژنە، بەڵام کچە برازایەکی لەگەڵیدا

دەژی، بۆ کەسێکی بلیمەتیش ئەوها باشترە. هەرگیز گوێمان لەوە نەبووە کە ئارەزووی گەڕانەوەی هەبوو بێت بۆ پاریس.. گومانی تێدا نییە کە ئەم تاراوگەیە تەمەن درێژی کرد.

لە نێو باخچەکەیدا بەختەوەر بوو، داری میوەجاتی دەڕواند و مەزەندەی ئەوەی نەدەکرد تا ئەو لە ژیاندایە گوڵ بکەن و بەر بگرن. کەسێك کە پێی سەرسام بوو، ئەو کەسە کاتێ ستایشی ئەو کارەی کرد کە ڤۆلتێر بۆ نەوەکان کرد بووی، لە وەڵامدا گوتی (بەڵێ، چوار هەزار داری رواندووە). بەرامبەر بە هەموو مرۆڤێك قسەی خۆشی دەکرد، بەڵام کە تووڕە بکرایە، قسەی زبر و لە شووژن تیژتری دەکرد. رۆژێکیان لە میوانێکی خۆی پرسی کە ئاخۆ کێ ئەوی رەوانەی لای ئەم کردووە. میوان بەرسڤی دایەوە (کاك هیللەر منی رەوانە کردووە). ڤۆلتێر گوتی: (ئەو پیاوێکی مەزن و شاعیرێکی مەزن و زانایەکی مەزن و فەیلەسووفێکی مەزن و بلیمەتێکی جیهانییە). میوان گوتی: گەورەم ئەوەی تۆ دەیڵێی گەورەترین رێزە لەو پیاوە، بەڵام ئەوهای تۆ رێزی لێ دەگریت ئەو رێزت لێ ناگرێت. ئیدی ڤۆلتێر گوتی: (ئای، رەنگە هەردووکمان هەڵە بین).

لەو کاتەدا (فێرنی) بووە پایتەختی جیهانی رۆشنبیری. هەر لەوێدا هەموو زانا یان دەسەڵاتی رۆشنبیری سەریان لێدا یان نامەیان بۆ نارد. هەروەها راهیبانێك کە گومان کەوتە دڵیانەوە و ئەرستۆکراتی ئازاد و خانمانی رۆشنبیر سەریان لێدا، ژیبۆن و بوزویل لە ئینگیلتەراوە هاتنە خزمەتی، هەروەها شۆڕشگێڕانی سەردەمی رۆشنگەری و گەلێ کەسانی دی.
ئەم لێشاوی میوانە ڤۆلتێری هیلاك کرد و خەرجییەکی زۆری کەوتە سەر. بەم جۆرە گازاندەی خۆی دەردەبڕی کە دەیگوت؛ من بوومەتە بەڕێوەبەری هوتێلێك بۆ سەرانسەری ئەوروپا، دەشیگوت (خودایە لە برادەرانم بمپارێزە و، هەر خۆم، خۆم لە دوژمنانم دەپارێزم).

سەرباری ئەو میواندارییە پێ پسانەوەیە، لێشاوێك نامەشی بۆ دەهات کە پێشتر جیهان بە خۆیەوە نەدی بوو. لە هەموو کون و قوژبنێکەوە نامەی بۆ دەهات، لە خەڵکانێك کە هەمەجۆر و لە پۆستی جیاجیادا بوون. شارەوانی شارێکی ئەڵمانیا بۆی نووسی بوو (بە متمانەوە لە بارەی بوون و نەبوونی خوداوە لێی پرسی بوو) داواشی لێ کرد بوو بە پۆست وەڵامی بۆ بنێرێتەوە. گۆستافی سێیەم شای سوید بە شانازییەوە لەو باوەڕەدا بوو کە ڤۆلتێر ئاماژەی بە وڵاتەکەی داوە، لە نامەیەکدا بۆی نووسی، ئەمە مەزنترین هاندانە بۆ ئەوان بۆ ئەوەی هیمەتیان لەوێدا وەگەڕ بخەن. کریستیانی حەوتەم شای دانیمارك داوای لێبوردنی کرد، چونکە یەکسەر هەموو چاکسازییەکی نەکردووە. خاتوو کاترینی دووەم شای رووسیا دیاریی جوانی بۆ



نارد و بەردەوام نامەی بۆ دەنارد، تکاشی کرد بە درێژدادڕ و لاملی نەزانێت. تەنانەت فریدریکیش دوای یەك ساڵ بێدەنگی، دووبارە نامەی بۆ نارد و گوتی:

هەڵەی گەورەت لە تەك مندا کرد، لە هەر هەموویان خۆش بووم و دەمەوێ لە بیریان بکەم. ئەگەر شەیدای بلیمەتییە جوامێرانەکەت نەبوومایە، تۆ نەتدەوانی بە پەڕو باڵەوە خۆت دەرباز بکەیت... حەز دەکەی گوێت لە شتی خۆش بێت، زۆر چاکە، هەندێ راستیت پێ رادەگەیەنم، من وەك گەورەترین بلیمەتێك دەتبینم کە نەوەکان بەدییان هێنا بێت. رێز لە شیعرەکانت دەگرم و پەخشانەکانتم خۆش دەوێ.. هەرگیز بەر لە تۆ نووسەرێك پەیدا نەبووە کە هێندەی تۆ سەنگین و زیرەك و سەلیقەدار و رەوان بێت. قسەت سیحرە، تۆ دەزانی چۆن لە یەك کاتدا خۆشی بخەیتە
دڵی خەڵك و فێریشیان بکەیت. تۆ بە ڕەهایی مەزنترین دڵبەرێکی کە من ناسی بێتم، گەر بتەوێ دەتوانی ئەڤین و خۆشەویستیی خەڵك ببزوێنی. هێندە بەهرەی عەقڵت هەیە، کە دەتوانی خراپە بەرامبەر بە دۆستانت بکەیت، هاوکات لێبوردنی ئەوانیش مسۆگەر دەکەیت. بە کورتی تۆ بێ کەموکورتی گەر مرۆڤ نەبوویتایە.

کێ چاوەڕوانی ئەوە بوو کە ئەم مرۆڤە رووخۆشە ببێتە سەرچاوەی رەشبینی؟ لە سەردەمی گەنجێتیدا کاتێ لاوێکی دەنگ خۆش بوو، سەردانی هۆڵەکانی پاریس دەکرد و هەرچەندە چوو بووە بەندیخانەی پاستیلیشەوە بەڵام لایەنە گەشەکەی ژیانی دەدیت. وێڕای ئەوە لەو رۆژگارە پڕ لە بەرەڵڵایەشدا دژ بەو گەشبینییە نائاساییە تەقییەوە کە لیبنتز خستییە روو. لاوێکی سەرگەرم کە بە نووسین هێرشی کردە سەری و لایەنگریی لیبنتزی کرد کە دەڵێ: ئەم جیهانە چاکترین جیهانێکە کە بەدی بێت. ڤۆلتێر بۆی نووسی: خۆشحاڵم گەورەم کە گوێم لێیە تۆ کتێبێکت دژ بە من نووسیوە، ئەمەش شەرافەتمەندم دەکات.. کاتێ بە شیعر یان بە پەخشان روونت کردەوە، کە بۆچی گەلێ کەس لەم جیهانەی لە هەموو جیهانەکان چاکترە کۆتایی بە ژیانیان دەهێنن. من زۆر سوپاست دەکەم و چاوەڕوانی گەنگەشە و دیالۆگی تۆم. هەروەها شیعر و زەم و جنێوەکانت. لە قووڵایی دڵمەوە بۆت دووپات دەکەمەوە. ئێمە هەردووکمان هیچ لە بارەی پرسەکەوە نازانین.

چەوسانەوەو بێ ئومێدی بڕوای ئەویان بە ژیان ونجڕونجڕ کرد، ئەزموونەکانی لە بەرلین و فرانکفۆرتیش گەرم و گوڕییەکەی نەهێشت، بڕواو گەرم و گوڕییەکەی پتر تێك شکا، کاتێ لە

نۆڤەمبەری ١٧٥٥دا هەواڵی بوومەلەرزەیەکی ترسناك گەیشت، کە لە شاری لشبۆنەی داوەو سێ هەزار کەسی لە دانیشتووانی کوشتووە. ئەم بوومەلەرزەیە لە ڕۆژی قەشەدا قەوما، کڵێسەکان پڕ بوون لە نوێژکەران. ڤۆلتێر گەلێ نارەحەت بوو، لە تووڕەییدا ئاگری لێ دەبووەوە کاتێ بیستی کە پیاوانی ئایین لە فەرەنسا گوتیان، ئەم کارەساتەی بەسەر دانیشتووانی لشبۆنەدا هات، سزایەك بوو بۆ ئەو گوناح و تاوانانەی کە کردوویانن. ڤۆلتێر تەقییەوە و شیعرێکی کاریگەری هۆنییەوە کە زۆر بە توندی گوزارشتی لەم گرفتە دێرینە کرد.

من بەشێکی بچووکی گشتی گەورەم
بەڵێ، هەموو زیندەوەران مەحکوومی ژیانن
هەموو گیانداران بە هەمان ئەو یاسایە لەدایك بوون
ئەوان وەك من ئازار دەچێژن و وەك منیش دەمرن
هەڵۆ پەلاماری نێچیری ترساوی دەدات
بە چڕنووکی خوێناویی خۆی پەلی لەرزیوی دەگرێت
هەموو شتێك تا ماوەیەك لەبەر چاوی ئەودا ئاساییە
هەڵۆ زۆر پیس سەقەر پارچەپارچە دەکات
مرۆڤیش تیرێ لە هەڵۆ دەگرێ دەیکوژێت
مرۆڤیش لە تەپ و تۆزی شەڕدا دەکوژرێت
خوێنی ئەویش تێکەڵ بە خوێنی هەڤاڵانی کوژراوی دەبێت
ئەویش دەبێتە خۆراکی قەل و داڵ
بەم جۆرە هەموو شتێ لەم جیهانەدا دەناڵێنێ و ئازار دەکێشێ
هەموو بۆ ئازار و مەرگ لەدایك بووین
لە سەرووی ئەم هەرایە تەڵخەدا تۆ دەڵێی
لە پێناوی هەمووان خراپە پەرۆکی تەنیا کەسێك دەگرێت
خێرو بێر چییە؟ کاتێ بە دەنگێکی فانی هاوار دەکەیت کە هەموو شتێکی جوان شینی بۆ دەکات
گەردوون دژ بە تۆیە و دژ بە دڵی تۆیە



سەد جاریش وەهمی عەقڵی تۆ بە درۆ دەخاتەوە
ئایا رای ئەو عەقڵە فراوانە چییە؟
بێ دەنگ بن، کتێبی قەدەر بە رووماندا داخراوە
مرۆڤ لە گەڕاندا نامۆیە و نازانێ لە کوێوە دێت و بۆ کوێ دەچێت؟
چەند گەردیلەیەکی ئازار چەشتووین لەسەر بالینگانی قورین و مەرگ قووتمان دەدات، گاڵتەی قەدەری بوونمان ئاوێتە بە هەتاهەتای بووە و هەرگیز خۆمان نابینین و خۆمان ناناسین.
ئەم جیهانە شانۆی شکۆ و هەڵەیە، پڕ لە شێتی نەخۆشە کە باسی بەختەوەری دەکەن.
جارێکیان بەریتمێکی کەمتر خەمبارانە، گۆرانیم چڕی کە شادیی درەوشاوە حاڵەتی گشتییە، بەڵام زەمان گۆڕاوە. پیری فێری کردم کە لە شکستی خەڵکدا بەشدار بم و لە نێو قووڵایی تاریکیدا بە دوای رووناکی بگەڕێم، ناتوانم مەینەت نەکێشم و حەسرەت ناکێشم و بۆڵەبۆڵ ناکەم.

دوای چەند مانگێك شەڕی حەوت ساڵە دەستی پێ کرد، ڤۆلتێر ئەو شەڕەی بەشێتی و خۆکوشتن و وێران کردنی ئەوروپا دانا، ئەوجا چ فەرەنسا یان بەریتانیا، چەند دۆنم زەوییەکیان لە خاکی بەستەڵەکی کەنەدا دەست بکەوێت. ژان ژاك رۆسۆ وەڵامی ئەو شیعرەی ڤۆلتێری دایەوە دەربارەی لشبۆنە، رۆسۆ ئەو کارەساتەی خەڵکی لشبۆنەی گرتەوە خستییە ئەستۆی خەڵك، کە دەڵێ: گەر لە دەرەوەی شاراندا لە کێڵگەکاندا بژین، ژمارەی قوربانییەکان نەدەگەیشتە ئەو رادە بەرزە. ئەگەر لە ژێر ئاسماندا بژیابایین نەك لە نێو ماڵاندا، ئەوە خانوومان بە سەردا نەدەڕووخا. ئەو پێشوازییە میللییەی لە وتارەکەی رۆسۆ کرا، مایەی سەرسوڕمان بوو بۆ ڤۆلتێر، بەوەش زۆر پەست بوو کە لە لایەن ئەو سەرچڵەوە ناوی لە لیتە وەردرا، ئیدی لوولەی چەکی تەشەری ترسناکی خۆی کردە رۆسۆ، کە هیچ مرۆڤێك لەم بارەیەوە نەیتوانیوە شان لە شانی بدات. لە ساڵی ١٧٥١دا بە سێ رۆژ کتێبی کەندیدی نووسی:

نووسەرێك بەدی ناکەین کە بە شادی و سنگ فراوانییەوە، چەشنی ئەوەی ڤۆلتێر لەم چیرۆکەدا کردوویەتی، باس لە رەشبینی بکات، مرۆڤێکیش بەدی ناکەین کە لە قووڵایی دڵەوە پێبکەنێت، وێڕای ئەوەی دەزانێت کە ئەم جیهانە ئازار و ژانە. زۆر دەگمەنە چیرۆك ببینین کە بەم جۆرە هونەرە سادە و لە دەست نەهاتوو بێت. ئەو زۆر بە خێرایی چیرۆکەکەی نووسی، بەڵام

وەك ئەناتۆل فرانس دەڵێ: قەڵەم لە دەستی ڤۆلتێردا دەڕوات و پێدەکەنێ، رەنگە جوانترین چیرۆکیش بێت لە تێکڕای وێژەدا.

کەندید هەروەك ناوەکەی ئاشکرای دەکات، لاوێکی سادە و ئەمینە، هەروەها کوڕی بارۆنێکی مەزن و قوتابیی بانجلووسی زانا بوو.

بانجلووس مامۆستای میتافیزیك و لاهووت و گەردوون بوو... گوتووشیەتی: لە توانادایە کە بیسەلمێنین کە هەموو شتێك لە پێناو چاکترین مەبەستا هاتووەتە دی. بڕوانە لووت بۆ راگرتنی چاویلکە دروست بووە... قاچیش بەو جۆرەن کە گۆرەوی بگرنە خۆ، بەردیش بۆ دروست کردنی کۆشك و تەلار... بەرازیش بۆ ئەوەیە کە بە درێژاییساڵ گۆشتەکەی بخۆین. جا بەپێی ئەوە، ئەوانەی دووپاتی دەکەنەوە کە هەمووی چاکە، قسەیەکی پووچ دەکەن،، ئەرك وا بوو، بڵێین هەمووی بەرەو چاکترە.

لە کاتێکدا مامۆستا بانجلووس قسەی دەکرد، سەربازانی سوپای هەنگاریا هێرشیان کردە سەر کۆشکەکە و کەندیدیان دەسگیرکرد و بە سەربازی بردیان، ئیدی فێریان کرد چۆن بە لای راست و چەپدا وەرسووڕێ، چۆن تفەنگ راکێشێت و پاشان بیگێڕێتەوە شوێنی خۆی، چۆن ئامادە بێت و تەقە بکات و بڕوات... لە رۆژێکی دڵگیری بەهاردا بڕیاریدا پیاسەیەك بکات، ئیدی بەرەو پێش کەوتە رێ. لەو بڕوایەشدا بوو کە خەڵك و گیاندارانیش مافی خۆیانە وەك حەز دەکەن لاقی خۆیان بەکار بهێنن، دوو فرسەنگی بڕی، چوار سەربازی پاڵەوان گەیشتنە لای کە درێژیی هەر یەکەیان شەش پێ بوو. قۆڵبەستیان کرد و بردیانە بەندیخانە، سەرپشکیان لەوەی هەر سەربازێکی نێو ژوورەکە سی و شەش جەڵدەی لێ بدات یان ئەوەتا دوو گوللە بە تەپڵی سەرییەوە بنێن، بێهوودە هەوڵیدا بیانهێنێتە سەر باوەڕهێنان بە ئازادیی ئیرادەی مرۆڤ، ئەو دەیەوێ نە ئەم و، نە ئەوی دی هەڵبژێرێ، ناچار بە هەڵبژاردن کرا، ئیدی پشت بەو بەخشندەییەی خودا کە پێی دەڵێن ئازادی، بڕیاری دا سی و شەش جەڵدەی لێ بدرێ. دوو جار بەرگەی ئەو جەڵدە لێدانەی گرت.

کەندید هەڵات و لە ڕێی دەریاوە خۆی گەیاندە لشبۆنە، لەسەر کەشتییەکەدا چاوی بە مامۆستا بانجلووس کەوت، کە دەربارەی کوشتنی بارۆن و هاوسەرەکەی و خاپوور کردنی کۆشکەکەی قسەی بۆ کرد. بەم قسەیەش کۆتایی بە ئاخاوتنەکەی هێنا، لە هەموو ئەم شتەدا دەرەتانێك نییە، چونکە بەڵایەکی بەسەر هەندێکدا دێت بۆ چاکەی گشت و هەموانە.



هەرچەندی بەڵای تایبەتی هەندێ کەس زیاد بکات، ئەوە بە سوودی گشت و هەموانە. رێك لەو کاتەدا گەیشتە لشبۆنە کە بوومەلەرزەکەی تێدا قەوما. دوای تەواو بوونی بوومەلەرزەکە، کەوتنە گێڕانەوەی ئەو ئەزیەت و مەترسییانەی تووشیان هات. پیرەژنێك بۆی دووپات دەکردنەوە، کە نەهامەتییەکانی ئەوان بەراورد ناکرێت لەگەڵ نەهامەتییەکانی ئەو، پێی گوتن، سەد جار ویستوومە خۆم بکوژم، بەڵام ژیانم خۆش دەویستەوە، رەنگە ئەم دژبەرییە مایەی پێکەنینە، یەکێ بێ لە سیفەتە کوشندەکانمان. جا ئایا شتێك هەیە لەوە پڕوپووچتر بێت کە ئارەزووی ئەوەی بێت ئەرکێکی بەردەوام بگریتە ئەستۆ، کە لە توانای مرۆڤدایە هەر کاتێ بیەوێ، لە کۆڵ خۆی بکاتەوە؟ یان بە رستەیەکی روونتر، هەموو خەڵکی ژیانی کەشتیوان بە چاکتر لە ژیانی گەورەی دادوەران دەزانن، بەڵام من لەو باوەڕەدام کە جیاوازییەکە پووچە و هی ئەوە نییە خۆمانی پێوە ماندوو بکەین.

کەندید لە دەست دادگاکانی پشکنین بەرەو پاراگوای هەڵات، لەوێشدا باوکانی یەسووعی خاوەنی هەموو شتێکن و گەل خاوەنی هیچ شتێك نییە. دەچێتە کۆلۆنێکی هۆڵەندی، کۆیلەیەکی رەش پێست بە یەك دەست و تاکە لاقێکەوە دەبینی، هەروەها بە شڕە پەڕۆیەك جەستەی خۆی داپۆشیوە، کۆیلەکە سکاڵای خۆی پێ راگەیاند و گوتی: کاتێ لە کێڵگەی قامیشی شەکردا کار دەکەین و پەنجەیەکمان بەر ئاشی قامیشەکە دەکەوێت، دەستمان دەبڕنەوە، کە هەوڵی راکردنیش دەدەین لاقمان دەبڕنەوە... ئا ئەمەیە نرخی ئەو شەکرەی لە ئەوروپا دەیخۆن. کەندید زێڕێکی زۆری دیتەوە کە کەس لە ناوەوە نەیدۆزی بووەوە، گەڕایەوە بۆ کەنار و گەمییەکی بە کرێ گرت تا بۆ فەرەنسای بگوازێتەوە. گەمیوان بە زێڕەکەوە ملی لە دەریا ناو کەندیدی لە کەناری دەریاکە جێ هێشت بۆ ئەوەی بکەوێتە دنیای فەلسەفە و بیرکردنەوە. بەو زێڕە کەمەی کە لە لای خۆی مابوو، کەندید بلیتی کەشتییەکی کڕی کە بەرەو باردۆ دەچوو، لەگەڵ پیرە زانایەکیش کەوتە ئاخاوتن کە ناوی مارتین بوو.

کەندید هاتەگۆ و گوتی: لەو بڕوایەدای کە خەڵك هەمیشە یەکتریان کوشتووە وەك ئەوەی ئەمڕۆ دەیکەن، هەروەها بەردەوام درۆزن، فێڵباز، خاین، سپڵەی سفرەدڕ، رێگر، کەر، دز، دەبەنگ، تەماحکار، سەرخۆش، قرچۆك، بە ئیرەیی، چاوبرسی، خوێنڕێژ، قسە هەڵبەست، فاسق، توندڕەو، شێت و دووڕوو بوون؟

مارتین بەرسڤی دایەوە: لەو بڕوایەدای هەمیشە هەڵۆ کۆتری راو کردووە وەك بینیت؟

کەندید گوتی: بێگومان.

مارتین گوتی: دەچاکە، ئەگەر هەڵۆ تەبیعەتی خۆی نەگۆڕی بێت، بۆ خەیاڵ دەکەی خەڵك تەبیعەتی خۆیان بگۆڕن؟

کەندید گوتی: ئەریٚ.. جیاوازییەکی فراوان لە ئازاد بوونی ئیرادەدا هەیە. لەم کاتەشدا گەیشتنە باردۆ.

ئێمە ناتوانین بەردەوام بین لە بەدواداچوونی سەرکێشییەکانی دیکەی کەندید، کە بریتین لە لاقرتێی سادە بەرامبەر بە لاهووتی سەدەکانی ناوەند و گەشبینییەکەی لیبنتز. دوای ئەوەی کەندید لەسەر دەستی زەلامگەلێکی زۆر تووشی جۆرەها گرفت و ناڕەحەتی هاتەوە، لە تورکیا نیشتەجیٚ بوو و بوو بە جووتیار. چیرۆکەکەش بە دوایین دیالۆگێکی نێوان مامۆستاو قوتابی کۆتایی دێت.

هەندیٚ جار بانجلووس بە کەندیدی دەگوت:

ڕووداوەکانی ئەم جیهانە کە چاکترین جیهانێکە، بە یەکدییەوە بەندن، چونکە ئەگەر لە کۆشکی مەزن دەرنەکرایتایە.. ئەگەر دادگاکانی پشکنین راویان نەنایتایە، ئەگەر گەشتی ئەمریکات نەکردایە.. ئەگەر هەموو زێڕەکەت لەدەست نەدایە، تۆ نەتدەتوانی ئا لێرەدا ئەم نارنجە چاك و فستقەی حەلەب بخۆی.

کەندید گوتی: هەر هەموو ئەمە باشە، بەڵام لیٚ بگەڕیٚ با باخچەکەمان داچێنین.

## ٧- ئەنسكلۆپیدیا و فەرهەنگی فەلسەفە:

ئەو پێشوازییە گەرمەی کە لە کتێبی پڕ جورئەتی (کەندید) کرا، بیرۆکەیەکمان دەربارەی ڕۆحی سەردەمەکە و شارستانیەتی مەزنی سەردەمی لویسی چواردەهەم دەداتیٚ. خەڵکی فێرکرد بەرووی بیروباوەڕ و دابونەریتدا پێبکەنن. نوشوست هێنانی چاکسازیی ئایینی بەوەی درِ بە خاکی فەرەنسا بدات، ڕێیەکی ناوەڕاستی لە نێوان کوفر و ئیمان یان هەڵە و ناهەڵەدا لە بەردەم فەرەنسییاندا نەهێشتەوە. لەو کاتەی لە ئەڵمانیاو ئینگیلتەرا هزر خاترجەم بوو لە جموجۆڵێدا لەسەر هێڵەکانی پەرەسەندنی ئایین، عەقڵی فەرەنسی لە بڕوای بەتینەوە کە بووە مایەی قەتڵوعام کردنی پرۆتستانت، بەرەو دوژمنایەتیی سارد و سڕ بازی دەدا، ئیدی لە سایەی ئەم کەشەدا لامترو هلفیتۆس و هولباخ و دیدرۆ لە ئایینی باب و باپیرانیان



هەڵگەڕانەوە. دەبا سەرنجیٚ لەو کەشە هزرییە بدەین کە لە دوایین ماوەدا ڤۆلتێر تێیدا ژیاو جووڵایەوە.

لامتر (١٧٠٩-١٧٥١) پزیشك لە سوپادا. لەبەر ئەوەی کتێبێکی بە ناوی (مێژووی سروشتیی نەفس) کارەکەی لەدەستدا. بە هۆی نامیلکەیەکەوە کە ناوی نابوو (مرۆڤ ئامێرە)، لە فەرەنسا دەرکراو پەنای بردە بەر شا فریدریك، کە بیرمەندێکی باڵا بوو، بڕیاریش وا بوو بە دوایین ڕۆشنبیریی پاریس ئاشنا بێت. لامتر باسی لە بیرۆکەی میکانیزم کرد کە دیکارتی سەڵمی و دەستبەرداری بوو، وەك چۆن منداڵێك پەنجەی بچزیٚ و لە ئاگر دوور بکەوێتەوە. زۆر ئازایانە لامتر ڕایگەیاند کە هەموو دنیا بە مرۆڤیشەوە بریتییە لە ئامێر، نەفسیش ماددەیە، ماددەش لە نەفس پێکهاتووە، بەڵام هەر چۆنێك بێت و لە هەر ڕەوشێکدا بن، کار لە یەکدی دەکەن، پێکەوە گەشە دەکەن و پێکەوە دەفەوتێن، بە شێوەیەك گومانێك ناهێڵنەوە، کە بە زەرووڕەت چون یەکن و پشت بە یەکدی دەبەستن. ئەگەر نەفس هەر بە تەنیا ڕۆح بێت، چۆن هەڵچوون دەتوانیٚ جەستە گەرم بکاتەوە، یان تای جەستە چۆن دەتوانیٚ پرۆسەی بیرکردنەوە شێلوو بکات؟ هەموو جەستەیەکی زیندوو لە میانی کاری دەستەوایی نێوان جەستە و ژینگە، لە نوتفەیەکی بنەڕەتییەوە گەشەی کردووە. گەر دەپرسن بۆچی ئاژەڵ عەقڵی هەیە و ڕووەك نییەتی، هۆیەکەی ئەوەیە ئاژەڵ بۆ پەیدا کردنی خۆراك لە جمیندایە، هەرچی ڕووەکە پشت بەوە دەبەستێت کە هەر لە جێوە بۆی دێت. مرۆڤیش چونکە خاوەنی فراوانترین جووڵە و مەزنترین ئارەزووە، بۆیە مەزنترین عەقڵ و زیرەکیشی هەیە. ئەو زیندەوارانەی بیٚ ئارەزوون، زیندەوەری بیٚ ئاوەز و عەقڵن. وێڕای ئەوە، لامتری بە هۆی ئەو بیروڕایانەیەوە نەفی کرا، هلفیتۆس (١٧١٥-١٧٧١) لە نووسینی کتێبەکەیدا دەربارەی ئادەمیزاد، پەنای بردە بەر بیروڕاکانی لامتری وەك بناغەیەك بۆ نووسینەکەی، دواتر بووە یەکیٚ لە هەرە دەوڵەمەندەکانی فەرەنسا، مەقامی شەرەف و پۆستی بەرزیشی بەدەست هێنا. لە لای هلفیتۆس ئاکاری ئیلحاد بەدی دەکەین، وەك چۆن لە لای لامتری میتافیزیکی ئیلحادمان بەدی کرد. ئەو دەڵیٚ هەموو کارێك ملکەچی خۆویستییە واتە خۆپەرستی، تەنانەت پاڵەوانیش بە دوای ئەو هەستە دەکەوێت، کە لەگەڵ لەزەتی گەورە و خۆبەخۆیدا هاوبەندە. چاکەخوازییش خۆپەرستییە بە عەینەکێکەوە، ویژدانیش دەنگی خودا نییە بەڵکو ترسە لە پۆلیس. ئەو خڵت و خاشەی بەسەر دەروونی گەشە کردوومانددا دادەباریٚ و لە ناخماندا جێگیر دەبێت، لێشاوێکی حەرام و قەدەغەیە کە لە باوك و

مامۆستا و رۆژنامە و کتێبەوە سەرچاوەی گرتووە. ئاکار نابێ لەسەر ئایین و لاهووت رۆبنرێ، بەڵکو دەبێ پشت بە کۆمەڵناسی ببەستێ، هەروەها پێداویستی هەردەم گۆڕاوی کۆمەڵ، دەبێ بڕیار بدات چی چاکە نەك سرووشتی نەگۆڕ و چەسپاوی بیروباوەڕ.

مەزنترین کەسایەتیی ئەم گرووپە دەنیس دیدرۆیە (١٧١٣-١٧٨٤)، کە بیروڕای خۆی لە نووسینی جۆربەجۆر و بەرهەمی قەڵەمەکەیدا خستەڕوو. بارۆن هولباخ (١٧٢٣-١٧٨٩) کە هۆڵەکەی، ناوەندی چالاکیی دیدرۆ و گرووپەکەی بوو، لە کتێبی (سیستەمی سروشت)دا دەڵێ: گەر بۆ بەرایی بگەڕێینەوە، دەبینین بە هۆی ترس و نەزانییەوە، خوداوەند لە دەروونی خەڵکدا جێگیر بووە، یان روونتر بڵێین ترس و نەزانی لە نێو خەڵکدا سەرچاوەی وێنا کردنی خوداوەندە لە لای ئەوان. وەهم و خەیاڵ و دڵگەرمی و فێڵیش جوانی کردووە یان شێواندوویەتی، بێهێزییش پەرستن، تەسدیق و خۆداتە دەست و نیەت پاکی پاراستیان، عورفیش رێزی دەگرێت و شکۆی پێ دەدات دەسەڵاتی ملهوڕیش پشتگیریی دەکات، بۆ ئەوەی گێلی و دەست بە چاوەوە گرتنی خەڵك بۆ سوودی خۆی بەکار بهێنێ. دیدرۆ دەڵێ: باوەڕهێنان بە خودا هاوبەندە لەگەڵ خۆدانە دەست دەسەڵاتی رەهاو تاکڕەو، هەردووکیان پێکەوە لەسەر پێ دەوەستن و پێکەوەش دەڕووخێن، هەرگیز خەڵك ئازاد نابن، تا دوایین پاشا بە ریخۆڵەی دوایین قەشە لە سێدارە نەدرێ، تا ئاسمانیش وێران نەبێت، زەوی بە هۆش خۆی نایەتەوە. رەنگە ماتریالیزم ئاسانکارییەکی گەورە بێت بۆ جیهان، رەنگە هەموو جۆرە ماددەیەکیش بە غەریزە زیندوو بێت، مەحاڵە یەکێتیی هۆش و هەستی ماددە و جووڵە کەم بکرێتەوە، ماتریالیزم چەکێکی کاریگەرە دژ بە کڵێسە، دەبێ هەر پەنای بۆ ببەین تا شتێکی لەو چاکتر دەدۆزینەوە. لە هەمان کاتدا دەبێ مرۆڤ کار لە پێناوی بڵاو کردنەوەی زانین و هاندانی پیشەسازی بکات، چونکە پیشەسازی ئاشتی بەدی دەهێنێت، زانینیش ئاکارێکی تازە و ئاسایی بەدی دەهێنێت.

ئا ئەمەیە ئەو بیروڕایانەی دیدرۆ و دلامبرتی بیرکاریزان هەوڵیاندا تۆویان بدەن و لە نێو ئەو ئەنسکلۆپیدیا گەورەیەدا بڵاویان بکەنەوە کە لە (ساڵانی (١٧٥٢-١٧٧٢)دا بەش بەش بڵاویان کردەوە. کڵێسە بەشەکانی هەوەڵی راگرت، کاتێ بەرهەڵستی زیادی کرد، برادەرانی دیدرۆ پشتیان بەردا، بەڵام زۆر چالاکانە و بە هیمەتەوە درێژەی بە کارەکەی داو تووڕە بوون و پەستی زیاتر دنەی دەدا و دەیگوت (من هیچ شتێك لەو زیاتر بە خەوش و مایەی شەرم نازانم کە پیاوانی ئایین سەرگەرمانە دژی عەقڵن، ئەوەی گوێشیان لێ بگرێت دەگاتە ئەوەی کە خەڵك



ناتوانن بچنە نێو دڵی مەسیحەوە، تەنها مەگەر وەك چۆن مێگەلی چوارپێ خۆی بە تەویلەکەیدا دەکات). هەروەك (بین) دەڵێ ئەو سەردەمە سەردەمی عەقڵ بوو، ئەو پیاوانە هەرگیز گومانیان نەبوو کە ئیدی عەقڵ دوایین ئەزموونی مرۆڤە بۆ ناسینی هەموو جۆرەکانی راستی و چاکی. ئەوان گوتیان رێ بە عەقڵ بدەن با ئازاد و سەرفراز بێت، بۆ ئەوەی لە چەند نەوەیەکی کەمدا بتوانێ ژیانێکی چاك و نموونەیی بنیات بنێت. دیدرۆ ئەوەی بە زەیندا نەهات کە ئەو ژان ژاك رۆسۆ تووڕە و ئارەزووبازەی بە بیریارانی پاریسی ناساندن، لە عەقڵ یان دڵی خۆیدا، تۆوی شۆڕشی دژ بە شکۆدار کردنی عەقڵی هەڵگرتووە. ئەو شۆڕشەی بیروڕا روونەکانی (ئەمانۆیل کانت) داردەست و پشتیوانی بوو، کە هێندەی نەبرد دەستی بەسەر هەموو قەڵاکانی فەلسەفەدا گرت.

ئەو مولحیدانەی کە هاوکار بوون لە دانانی ئەو ئەنسکلۆپیدیایەی ناومان برد، کارێکی ئاسایی بوو هەموویان لە دەوری ڤۆلتێردا کۆببنەوە، کە بایەخی بە هەر هەموو شتێك دەدا و دەستی لە هەموو شەڕێکدا هەبوو. بەوە دڵشاد بوون کە بە سەرکردەی خۆیان دادەنا، وێڕای ئەوەی بیروڕاکانیان پێویستی بە هەندێ پوختەکاری و رێکخستن هەبوو، بەڵام ڤۆلتێر ئەو بخوورەی بە دەوری ئەودا دایان گیرساند و ئەو عەترەی بەسەر سەری ئەویاندا کرد، رەتی نەکردەوە. داوایان لێ کرد بە وتار بەشداری لەو پرۆژە مەزنەی ئەواندا بکات. بە ئاسانی و دەست کراوەییەوە بە دەنگییانەوە چوو، کە شاگەشکەی شادی و خۆشیی کردن. کاتێ لە نووسینی وتارەکانی ئەوان بووەوە، ئەنسکلۆپیدیایەکی تایبەت بە خۆی بە ناوی فەرهەنگی فەلسەفە دەرکرد، کە بە جورئەتێکی بێ وێنەوە بابەت دوای بابەتی بەپێی ئەلف و بێ باس کرد. لە هەر بابەتێکیشدا بەشێکی زانین و دانایی خۆی، کە بێ کۆتاو لەبن نەهاتوو بوو، دەخستەڕوو. بیهێنە بەر چاوت تەنیا پیاوێك دەربارەی هەر هەموو شتێك دەنووسێ و ئەنسکلۆپیدیایەکی زانستی دێنێتە بەرهەم، کە بە نایابترین و مەزنترین بەرهەمی ئەو دادەندرێ و لە پاڵ رۆمانەکانی زۆرترین خوێنەری هەیە. هەر وتارێکی لە کورتی و روونی و زیرەکیدا نموونەیە، رەنگە هەندێ کەس لە نووسینی کتێبێکدا درێژدادڕی بکەن، بەڵام ڤۆلتێر لەو سەد کتێبەی کە دایناون، پوخت و چڕە. ئا لێرەدا بە لای کەمەوە ڤۆلتێر دەیسەلمێنێ کە فەیلەسووفە. ئەو بە چەشنی بیکۆن و دیکارت و لوك و هەموو فەیلەسووفانی نوێ، بە گومان دەست پێ دەکات، دەشڵێ (رابەرو نموونەیەکی باڵام بۆ خۆم کردە پێشەنگ کە قەشە تۆما

دیدیمۆسە، کە هەمیشە سوور بوو لەسەر ئەوەی بە دەستی خۆی شت بپشکنێ و تاقی بکاتەوە). سوپاسی بایلیش دەکات کە فێرە گومانی کرد، هەموو سیستەمێکیش رەت دەکاتەوە (گومانیش دەبات کە سەرۆکی هەموو رێبازێکی فەلسەفی بە جۆرێك لە جۆرەکان تەڵەکەبازە). دەشڵێ: هەرچەندی زیاتر برۆم، ئەوەندە زیاتر قەناعەتم بەو بیرۆکەیە دێت، کە میتافیزیك سەبارەت بە فەیلەسووفان هەروەك چیرۆکە سەبارەت بە ئافرەتان. تەنیا تەڵەکەبازو فاڵچی لەسەر یەقینن. ئێمە لە بارەی یەکەمین هۆوە نازانین، لە راستیشدا پێناسەکردنی خودا و فریشتە و عەقڵ، زێدەرۆیی و ریزپەڕییە. بە هەمان شێوە زێدەڕۆییە، کە وا بزانین لە تواناماندایە بە وردی بزانین خودا بۆ جیهانی ئەفراند، لە کاتێکدا ئێمە نازانین بۆچی بە ئیرادەی خۆمان دەستی خۆمان دەجوولێنین. گومان حاڵەتێکی پەسند و گونجاو نییە، بەڵام یەقینیش حاڵەتێکی پووچ و گاڵتەجاڕانەیە. من نازانم چۆن هاتمە دنیا، چۆن دروست بووم، چۆن لەدایك بووم؟ من بە درێژایی بیست و پێنج ساڵ، هەرگیز نازانم هۆی چی بوو لەوەی دیتم و بیستم و هەستم پێ کرد.. من ئەوەم دیت کە پێی دەڵێن ماددە، جا چ لە قەبارەی ئەستێرەیەکی کاکێشان بێت یان بچووکتر لە گەردیلەیەك کە بە میکرۆسکۆپ دەبیندرێ، راستیی ئەو ماددەیەش نازانم چییە؟

لە بارەی چیرۆکی (ئەو کاهین و چاکە براهمییەوە) دەدوێ کە ئاواتی بوو (هەرگیز لەدایك نەبووایە).

پرسیارم لێ کرد: بۆ وا؟

بەرسڤی دایەوە: (چونکە چل ساڵم بە خوێندن و بە فێرۆدانی کات بەسەر برد... تێیدا لەو بڕوایەدا بووم من پێکهاتەیەکم لە ماددە، بەڵام نەمتوانی قەناعەت بە خۆم بهێنم سەبارەت بەو راستییەی هزر و بیر دێنێتە بەرهەم. هەروەها من بە تەواوی نەزان و بێ ئاگام لەوەی ئاخۆ بیرکردنەوەم توانایەکی ساکارە بە چەشنی توانای رۆیشتن و هەرس کردنم، یان کە بە سەر و مێشك بیر دەکەمەوە، دەبێ بە هەمان شێوازی ئەوە بێت کە شتێ بە دەستمەوە دەگرم... من زۆر قسە دەکەم، کە زۆریش قسەم کرد بەرامبەر بە قسەکانم شەرم دامدەگرێت و تورەتور دەکەم).

هەمان رۆژ قسەم لەگەڵ پیرەژنێکدا کرد کە لە تەنیشت ئەو پیاوچاکە براهمییەدا دەژیا، لێم پرسی کە ئاخۆ خەمبار و نیگەران نییە لەوەی نازانێ چۆن دروست بووە؟ ئەو تەنانەت لە پرسیارەکەشم نەگەیشت. دوای ئەوە گوتی: ئەو بیر لەو شتانە ناکاتەوە کە ئەو پیاوچاکە



براهمییە خۆی پێوە سەرگەردان کردووە، ئەو بۆ چرکەیەکیش بیری لێیان نەکردووەتەوە. ئەو لە قووڵایی دڵەوە بڕوای وایە کە خواوەندی هیندۆس دەگۆڕێ، گوتیشی کە کەمێ ئاوی لە رووباری پیرۆز هێناوە تا دەسنوێژی پێ هەڵبگرێت، لەو بڕوایەشدایە کە ئەو بەختەوەرترین ئافرەتە.

دوای ئەوەی کەوتمە بەر کاریگەریی ئەو ئافرەتە هەژارە، گەڕامەوە لای فەیلەسووفەکەم و پێم گوت: شەرم ناکەیت هێندە خۆت کلۆڵ و داماو کردووە، کەچی ژنێك هەر تەنیا چل گەز لە تۆوە دوورە، بیر لە هیچ شتێك ناکاتەوە و لە ژیانی خۆی رازییە؟ بەم جۆرە بەرسڤی دامەوە (تۆ لەسەر هەقی، هەزار جار بە خۆمم گوتووە کە ئەگەر کەسێکی نەزان بوومایە وەکو ئەو پیرەژنەی دراوسێم، کەسێکی بەختەوەر دەبووم، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە بەختەوەرییەم ناوێ و ئارەزووی ناکەم).

وەڵامی ئەو براهمییە پتر لە هەر شتێکی دیکەی رابردوو، کاریگەرییەکی مەزنی لە دەروونم کرد. فەلسەفە ئەگەر بە گومانێکی تەواویش وەك گومانەکەی مۆنتانیش کۆتایی بێت. بێگومان جوامێرانەترین شتە لە مرۆڤدا و مەزنترین ئەزموونێکە بۆ ئەو. با قەناعەت بە پێشکەوتنێکی میانڕەوی زانین بکەین، لە جیاتی ئەوەی لە وەهمی درۆزنانەی خۆمانەوە سیستەمی تازە بهۆنینەوە.

نابێ بڵێین با دەست بە داهێنانی رێسا بکەین، بەم جۆرەش رەنگە بتوانین هەموو شتێك راڤە بکەین، بەڵکو دەبێ بڵێین: با بە تەواوی ماددە شی بکەینەوە، دوای ئەوە هەوڵبدەین بە پارێزییەکی زۆرترەوە، کە ئایا لەگەڵ هیچ رێسایەکدا دەگونجێ.. بیکۆن ئەو رێگایەی پیشان داین کە دەبێ زانست پێیدا بڕوات.. بەڵام دیکارت هاتو ئەوەی کردی پێچەوانەی ئەوە بوو کە دەبوو بیکات، ئەو لە جیاتی ئەوەی لە سروشت بکۆڵێتەوە، کەوتە پەرستنی.. دەبێ ئێمە بژمێرین و بکێشین و بپێوین و سەرنج بدەین، ئەمەیە فەلسەفەی سروشت، هەرچی دەشمێنێ وەهم و خەیاڵە.

## ٨- شوورەیی لەناو بەرن

رەنگە ئەگەر هەلومەرجی دواین ساڵانی تەمەنی هەلومەرجی ئاسایی بوونایە، ڤۆلتێر لەو دواین ساڵانەدا لە گومانی فەلسەفییانەوە بەرەو مشتومڕ و گفتوگۆی پڕ ئەرك و زەحمەت نەچووبایە. ئەو بازنە ئەرستۆکراتیانەی ئەو جووڵاندنی بە دیدی ئەو رازی بوون، کە دەڵێ هیچ پاڵنەرێك لە ئارادا نییە بۆ گفتوگۆ، تەنانەت لە بارەی زەحمەتییەکانی ئیمان و بڕواشەوە،

قەشەکان بە روویدا پێکەنین. چ رووداوێك بوون کە ئەویان لەسەر رێڕەوی گاڵتە کردن بە رێبازی نەزانیزمەوە گۆڕی بەرەو دوژمنێکی سەرسەختی پیاوانی ئایین، کە ئامادەی هیچ نەرمی نواندنێك نەبوو بەرامبەریان، ئیدی شەڕێکی بێ ئامانی دەرهەق بە پیاوانی ئایین دەست پێ کرد.

شاری تۆلۆز هێندە لە شاری فێرنییەوە دوور نەبوو کە ڤۆلتێری تێدا دەژیا، ئەوکات تۆلۆز حەوتەمین شاری فەرەنسا بوو، پیاوانی ئایینی سەر بە رێبازی کاتولیکی لە سەردەمی ڤۆلتێردا دەسەڵاتێکی رەهایان لەو شارەدا هەبوو، لە تۆلۆزدا رێ بە هیچ پرۆتستانتییەك نەدەدرا کە پارێزەر بێت یان پزیشك، دەرمانساز بێت یان بەقاڵ، یان کتێب فرۆش یان کرێکاری چاپخانەیەك بێت. کاتولیکەکان رێیان نەدا پەنا بۆ هیچ خزمەتکار یان نووسەرێکی پرۆتستانت ببرێ، لە ساڵی ١٧٤٨دا ئافرەتێك بە سێ هەزار فرەنك سزا درا، چونکە پەنای بردە بەر مامانێکی پرۆتستانت.

لەو سەردەمەدا پیاوێکی پرۆتستانت کە ناوی جان کالاس بوو لە تۆلۆزدا دەژیا. کچێکی هاتە سەر رێبازی کاتولیك، کوڕێکیشی هەبوو، وەك بزانین هەر لەبەر ئەوەی نەیتوانی کارێك پەیدا بکات، خۆی خنکاند. لە تۆلۆزدا یاسا وا بوو کە ئەو کەسەی خۆی دەکوژێ تەرمەکەی بە رووتی و لەسەر دەم لە بان چەند شەپکە دارێك دادەندرا و بە کۆڵانەکانی شاردا دەیانگێڕا، پاشان بە قەنارە هەڵدەواسرا. باوکەکەشی بۆ ئەوەی ئەم بەڵایەی لەکۆڵ بێتەوە، داوای لە خزم و برادەرانی کرد، شایەدی بدەن کە کوڕەکەی بە شێوەیەکی ئاسایی مردووە و خۆی نەکوشتووە. لە ئاکامی ئەمەشدا پڕوپاگەندەیەك بڵاو بووەوە، کە گوایە باوکی لەسەر ئەوەی کوڕەکەی نەبێتە کاتولیك، کوشتوویەتی. ئیدی بابەکە گیرا و خرایە بەر ئازار و ئەشکەنجەو هێندەی نەبرد لە ژێر ئەشکەنجەدا لە ساڵی ١٧٦١ گیانی لەدەست داو خێزانەکەی پەرێشان بوون و لە ترسی گرتن و راوەدوونان پەنایان بۆ فێرنی هێنا و داوای کۆمەکیان لە ڤۆلتێر کرد. ڤۆلتێر لە ماڵی خۆیدا پێشوازیی کردن و دڵی دانەوە، بەسەرهاتی راوەدوونان و پەیدۆز کردنیان مایەی سەرسوڕمان و بێزاریی ئەو بوون.

هەر لەو کاتەدا هەواڵی مردنی ئەلیزابیت سیرفینس گەیشت، دووبارە پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاو بووەوە، کە لە رێدا بوو واز لە پرۆتستانتی بهێنێ و ببێتە کاتولیك، کەچی هەر لەو رێیەدا فڕێیان دایە نێو بیرەوە. لە ئاکامی ئەو پڕوپاگەندەیە لە ساڵی ١٧٦٥دا لاوێکی تەمەن شازدە ساڵان گیرا، ئەو لاوە بچووکە ناوی لابار بوو، بە تۆمەتی شێواندنی خاچێك کە وێنەی



مەسیحی لەسەردا بووە، گیرا و ئازارێکی زۆر درا و دانی بە تاوانەکەیدا ناو ملیان پەڕاند، لە نێو هوتاف کێشان و چەپڵەڕێزانی جەماوەردا، جەستەیان هەڵدایە نێو ئاگر، کە دانەیەك لە کتێبی فەرهەنگی فەلسەفە لە دانانی ڤۆلتێریشی لەگەڵدا سووتا، ئەو کاتە لابار لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرت بوو.

ئا لێرەدا و بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا، ڤۆلتێر پشت لە گاڵتەجاڕی دەکات، کە لامبێرت پەستی و بێزاریی خۆی بەرامبەر بە دەوڵەت و کڵێسە و گەل دەربڕی، راشیگەیاند کە گاڵتە بە هەر هەموو شتێ دەکات، ڤۆلتێر بەرسڤی دایەوە و گوتی: ئێستا کاتی گاڵتە و جەفەنگ نییە، گاڵتە و وریایی لەگەڵ کوشت و کوشتاردا ناگونجێن.. ئایا ئەم وڵاتە نیشتمانی فەلسەفەو بەختەوەرییە؟ نەخێر، ئەمە وڵاتی کوشت و کوشتارە.. ئەوەی لەم کاتەدا بەسەر ڤۆلتێردا هات، هەمان ئەو شتە بوو کە لە مەسەلەی دریفۆس بەسەر ئەمیل زۆلاو ئەناتۆل فرانسدا هات، ئەم جەور و زوڵمە وروژاندنی، لە کتێب نووس و نامەنووسەوە کردییە کارگوزاریش، فەلسەفەی خستە لاوەو خۆی بۆ شەڕ ئامادە کرد، یان دروستتر، فەلسەفەکەی کردە هێزێکی پاڵنەرو توندوتیژیی بێ بەزەیی. خەندەش لە روویدا تۆرا، هەروەك دەڵێ (لەو کاتەدا دوور لە دەسەڵاتی خۆم هەرچی پێکەنین بوو لە دەستم دا، سرەوت لە دەروونم بڕا بوو وەك ئەوەی تاوانێکم کردبێت). ئا لێرەدا دروشمی بەناوبانگی (نەنگی لەناو بەرن)ی بەرز کردەوە، رۆحی فەرەنساشی دژ بە جەوری کڵێسە بزواند. ئاگری هزرو بیری دەردا، کە رەهبەنەی لە فەرەنسا تێك و پێك شکاند و یارمەتیدەر بوو لە وەرگەڕانی تاج و تەخت. لە بانگەوازێکدا داوای لە برادەر و لایەنگرانی کرد، خۆیان بۆ شەڕ ئامادە بکەن (یەك بگرن و دەمارگرژی و نەگریسان تێك بشکێنن، لێدوانی تەفرەدەر و سەفستەی شەرمهێن و دیرۆکی درۆزن لەناو بەرن،.. رێ مەدەن زانست ملکەچی نەزانی بێت، نەوەی نوێ لە ئەقڵ و ئازادیدا خۆی بە قەرزدارمان دەزانێ).

لەم قەیرانەدا کڵێسە هەوڵیدا ویژدانی بکڕێت، پێگە و کڵاوی کاردیناڵی پێشکەش کرا وەك هەوڵێك بۆ گەیشتن بە سوڵح و یەکلا کردنەوەی کێشەکە، وەك ئەوەی پۆستی کاردینالێکی زمان بەستەی ئەو زەمانە، مایەی بایەخی کەسێك بێت، کە هاوشانێکی نەبوو لە سەرکردایەتی کردنی هزر لە جیهاندا. ڤۆلتێر ئەو پێگەیەی قبووڵ نەکرد، ناردنی ئەو نامانەشی راگرت کە بە ناوی (نەنگی لەناو بەرن) بڵاوی دەکردنەوە، کەوتە بڵاو کردنەوەی نامەیەکی دەربارەی لێبوورنی ئایینی، گوتیشی ئەو هێندە بایەخ بە بیروباوەڕ نادات، ئەگەر پیاوانی ئایین

هەر خەریکی خوداپەرستی بن و لەگەڵ ئەو کەسانەشدا لێبوردە بن کە لە رووی مەزهەبەوە لەوان جودان، بەڵام هەڵوێست و دەمارگیریی ئەوان کە لە ئینجیلدا نییە، سەرچاوەی ململانێی خوێناوییە لە مێژووی مەسیحییەتدا (ئەو مرۆڤەی پێم دەڵێ بڕوا بێنە بەوەی من بڕوام پێیەتی ئەگینا خودا سزات دەدات، پێشم دەڵێ ئێستا باوەڕ بەوە بێنە کە من بڕوام پێیەتی ئەگەرنا تیرۆرت دەکەم). دەمارگیرییەکی پەیوەست بە نەزانی و پڕوپووچی لە هەموو زەمانێکدا بنەمای دەرد و بەڵا بووە، ئاشتییەکی هەمیشەییش بەدی نایەت، تا خەڵکی لەگەڵ یەکدا لێبوردە نەبن، هەروەها تا هەر یەکەیان فێری ئەوە نەبێت، کە لەگەڵ ئەوانەدا لێبوردە بێت، کە لە باری فەلسەفە و سیاسەت و ئایینەوە لەگەڵ ئەودا جودان. لەناو بردنی دەسەڵاتی کەهەنووت کە لە زەمینەی ئەودا رەگ و ریشە دەمارگیری دەژی، یەکەمین هەنگاوە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی تەندروست.

پاش پەیامەکەی لە بارەی لێبوردنی ئایینییەوە. ڤۆلتێر لێشاوێك بڵاوکراوەی دەرکرد دەربارەی مێژوو، دیالۆگ و پەیڕەوی ئایینی لە شێوەی پرسیارو وەڵامی ئاسان، لێدوانی پڕ لە تان و تەشەر و داشۆرین و سەرزەنشت و وەعز و شیعر و سەربردە و چیرۆك و بەدواداچوون و وتاری هەمەچەشن، کە بە ناوی خۆی و سەدان نازناوەوە بڵاوی کردنەوە. بە بڕوای من ئەمە مەزنترین هەڵمەتی فراوانی پڕوپاگەندە بوو کە تەنیا پیاوێك دەیکرد. فەلسەفە هەرگیز بەم روون و رەوانی و گەرموگوڕییەوە بانگەشەی نەکردووە. ڤۆلتێر شێوازێکی هێندە ناسکی بەکار هێنا، بە رادەیەك مرۆڤ هەستی نەدەکرد کەوا فەلسەفە دەنووسێ. بە میانڕەوییەکی زۆرەوە لە بارەی خۆیەوە گوتی بە ئەندازەی پێویست بە روون و رەوانی بیروڕای خۆم دەردەبڕم. من هەروەك کانیاوێکی بچووك و روون وام، کە لەبەر تەنکی بنم دەبینی. ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەران بەرهەمەکانی ئەویان دەخوێندەوە، تەنانەت پیاوانی ئایینیش بڵاوکراوەکانی ئەویان دەخوێندنەوە. کە هەندێکیان بە سێ سەد هەزار دانە بڵاوکرانەوە و هەر هەمووشیان، وێڕای ئەوەی خوێنەران هێندە ئێستا نەبوون، فرۆشران. لە مێژووی ئەدەبدا هەرگیز هاوچەشنی نییە. ئەو دەیگوت سەردەمی کتێبی گەورە بەسەر چووە. بەم جۆرە نامە بچووکەکانی هەر بە چەشنی سەرباز دوابەدوای یەك هەفتە دوای هەفتە و مانگ بە مانگ بە هیمەتێکی دوور لە ماندوو بوون بەڕێ دەکرد، کە بە فراوانی هزر و بیرۆکەکانی و بە بیروڕای بەپیتی و چالاکیی



حەفتا ساڵەی خۆی، جیهانی سەرسام کرد بوو. هلفیتۆس گوتی: ڤۆلتێر رووباری ربیکۆنی بڕی و گەیشتە دەروازەکانی رۆما.

رەخنەی زۆر توندی خستەڕوو دەربارەی راست و دروستیی ئینجیل و متمانە کردن پێی. بەشێکی زۆری نووسینەکانی لە سپینۆزا و مەزهەبی باوەڕهێنان بە خودای تاك و تەنیاو رەت کردنەوەی وەحی و سیستەمی ئایینی کە مەزهەبێکی ئینگلیزییە، هەڵهێنجا، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی بیرۆکەکانی لە فەرهەنگی رەخنەگرانەی بایل (١٦٤٧-١٧٠٦) وەرگرت، کە بە قەڵەمەکەی خۆی ئەو بیرۆکانەی کردە ئاگر و رووناکی. ناونیشانی یەکێ لە نامەکان (پرسیارەکانی زاباتا) بوو، کە بۆ رەهبانیەت پاڵێورا بوو. زاباتا بە سادەیی دەپرسێ (چۆن فتوا بدەین و بیسەلمێنین کە جوو ئەوانەی ئێمە سەدانیان لێ دەسووتێنین بە درێژایی چوار هەزار ساڵ گەلی هەڵبژاردەی خودا بوون؟ درێژە بە پرسیارەکانی دەدات، کە ناکۆکی لە گێڕانەوە و زنجیرەی مێژووی بەسەرهاتەکانی تەورات پیشان دەدات).

(وەك هەمیشە روو دەدات، کاتێك دوو ئەنجومەن نەفرەت لە یەکدی دەکەن. کام لەو دوو ئەنجومەنە لە هەڵە بە دەرن) کاتێك زاباتا لە بەدەست هێنانی هەر وەڵامێك نوشوستی هێنا، ئیدی بە شێوەیەکی زۆر سادە و ساکار کەوتە بانگەشە کردن بۆ خوداپەرستی، باوکی هاوبەش، پاداشتدەر، سزادەر، لێبوردنی بە خەڵکی راگەیاند، راستییەکانیشی لە درۆکان پاك کردەوە، ئایینیشی لە دەمارگیری جودا کردەوە، بانگەشەی بۆ چاکە کرد و بە چاکە کاری کرد. کەسێکی خۆش مەشرەف و میانڕەو و ناسك بوو، لە ساڵی چاکەدا لە ١٦٣١دا سووتێندرا.

ڤۆلتێر بۆمانی روون دەکاتەوە، کە چۆن گشت گەلانی دێرین بڕوایان بە ئەفسانە و پڕوپووچ هەبووە، دەشگاتە ئەو ئاکامەی بڵێ: ئەم ئەفسانە و پڕوپووچانەش لە لایەن قەشە و کاهینەکانەوە داهێنراون و هەڵبەستراون. (یەکەمین کاهین یەکەمین فێڵباز بوو کە بەرامبەر بە یەکەمین گەمژەیە). بە هەرحاڵ ڤۆلتێر خودی ئایینی نەدایە پاڵ کاهین و قەشەکان، بەڵام زانستی لاهووتی دایە پاڵ ئەوان، ئەو ناکۆکییە سادانەی لە زانستی لاهووتدا هەن، بوونە هۆی هەموو ململانێیەکی تاڵ و شەڕی جۆراوجۆری ئایینی، نەك خەڵکی سادە و رەشۆکی... ئەوانەی بوونە مایەی ئەو ناکۆکییە کوشندە و تڕۆیەی سەرچاوەی ترس و شۆکێکی دژوار بوون... ئەو کاهینانەن کە بە ئیسراحەت و تەوەزەلی لەسەر بەری رەنج و ماندوو بوونی ئێوە دەژین، لەسەر رەنج و لە ئاکامی کلۆلیی ئێوە دەوڵەمەند دەبن، لە پەیدا کردنی خەڵکی بە

کریێ گیراو و کڕینی کۆیلەدا، ململانێ دەکەن و دەمارگرژییەکی چەپەڵتان پیشان دەدەن، بۆ ئەوەی بە سەرتاندا زاڵ بن و بتانخەنە ژێر رکێفی خۆیان، ئەفسانە و پڕوپووچ لە نێوتاندا بڵاو دەکەنەوە، نەك بۆ ئەوەی لە خودا بترسن بەڵکو بۆ ئەوەی سڵ لەوان بکەنەوە و لێیان بترسن.

وێڕای ئەوە بە گوێرەی ئەم شتانە نابێ گریمانەی ئەوە بکەین کە ڤۆلتێر پیاوێکی بێ دین بوو. ئەو لە بنج و بنەوانەوە ئیلحادی رەت کردەوە، تەنانەت هەندێ لە مولحیدان کە لە نووسینی ئەو ئەنسکلۆپیدیایەی باسمان کرد بەشدار بوون، دژ بەو هەڵوێستیان نواند. ئەویش لە کتێبی فەیلەسووفی نەزاندا دەڵێ: بیروڕاکانی سپینۆزای خوێندووەتەوە دەربارەی یەکبوونی گەردوون و بە خوداوەند کردنی، بەڵام لەسەر ئەو بنەمایەی کە بیروڕای ئیلحادین پشتی تێ کردوون.

بۆ دیدرۆی نووسیوە و دەڵێ: دانی پێدا دەنێم کە بۆ ساندرسۆنی ناسەلمێنم کە ئینکاری بوونی خودای کرد، چونکە ئەو بە کوێری لەدایك بووە. رەنگە من هەڵە بم، بەڵام ئەگەر من لە جێی ئەو بوومایە، دانم بە هەبوونی عەقڵێکی گەورەدا دەنا، کە بەرامبەر بە لەدەست دانی بینین قەرەبوویەکی گەورەی کردوومەتەوە، وەك عەقڵ و ئیدراك و رامان و پەیوەندیی سەیری نێوان هەموو شتەکان. من زۆر تالووکەی دیتن و قسە کردنی تۆم کە تۆش هەر چۆنێك بیت. تۆ بەشێکی گرنگی لەو گشتە مەزنەی من تێی ناگەم.

ئاماژەش بە هولباخ دەکات کە خودی ناونیشانی کتێبەکەی (سیستەمی سروشت) نیشانەی عەقڵێکی رێك و پیرۆزە، کە خودایە. لە لایەکی دیکەشەوە زۆر بە توندی موعجیزە و کاریگەریی نوێژ رەت دەکاتەوە.

(من بەرامبەر بە دێرێکی راهیبان وەستا بووم، کاتێك خوشکە فووسی بە خوشکە کونفیتی گرت: لە بن ناز و چاودێریی خودادام، تۆ دەزانی من چۆلەکەکەم زۆر خۆش دەوێت، لەوەدا بوو بمرێ ئەگەر من نۆ جار نوێژی پاکیزەم بۆ نەکردایە و داوای شیفام بۆ نەکرایە).

زانایەکی میتافیزیك لێی هاتە وەڵام و گوتی (خوشکی بەڕێزە، هیچ شتێك لە نوێژی پاکیزە چاکتر نییە، بە تایبەت کە کچێك لە دەوروبەری پاریسدا بە زمانی لاتینی دەیکات، بەڵام ناتوانم بڕوا بهێنم بەوەی کە خودا هێندە بە چۆلەکەکەی تۆوە هیلاك و سەرقاڵ بێت، هەرچەندە چۆلەکەیەکی جوانیشە، تکاش دەکەم تۆ بڕوا بهێنی بەوەی کە خودا کاری دیکەی بە دەستەوەیە کە بیکات... خوشکە فووسی بەرسڤی دایەوە: گەورەم لە قسەکانتدا بۆنی کوفر و



ئیلحاد دەکەم، ئەو باوکەی قسەکانی تۆی پێ رادەگەیەنم دەگاتە ئەو ئاکامەی تۆ بڕوات بە خودا نییە).

زانای میتافیزیکیش گوتی (خوشکی بەڕێز من بڕوام بە توانا و دەسەڵاتێکی گشتیی خوداوەند هەیە. هەر لە ئەزەلیشەوە یاسایەکی دانا کە هەموو شت و زیندەوەرێك هەڵدەسووڕێنێ، هەروەك پەیوەندی نێوان تیشك و خۆر، بەڵام باوەڕم بە تواناو دەسەڵاتێکی تایبەتی خوداوەند نییە، کە لەبەر خاتری چۆلەکەکەی تۆ سیستەمی گەردوون بگۆڕی).

ڤۆلتێر وای دەبینێ کە بەخت بڕیاردەری هەموو شتێکە لە ژیانی زیندەوەراندا، نوێژی راستەقینەش ئەوە نییە داوا بکەیت یاسای سروشت تێك بشکێ، بەڵکو لەوەدایە یاسای سروشت قبووڵ بکەیت لەسەر بنەمای ئەوەی ویستی چەسپاوی خوداوەندە و ناگۆڕێ. بە هەمان شێوە نکوولّی لە ئیرادەی ئازاد دەکات، سەبارەت بە رۆحیش کەسێکی نازانیزمە (لائەدری)، دەشڵێ خوێندنەوەی چوار هەزار کتێب دەربارەی میتافیزیك، نامانگەیەنێتە ئەوەی بزانین رۆح چییە. حەزی دەکرد بڕوای بە نەمری یان ژیانی پاش مەرگ هەبێت، بە تایبەت لە تەمەنی پیریدا، بەڵام دیتی کارێکی سەختە.

(کەس بیر لەوە ناکاتەوە نەمری بە کێچێك بدات، ئەدی کەواتە چۆن دەکرێ فیل یان مەیموون یان نۆکەرەکەی من، رۆحێکی نەمری هەبێت؟ ئەدی ئەو کۆرپەڵەیەی لە منداڵدانی دایکیدا دەمرێ، کاتێ زیندوو دەبێتەوە، ئایا هەر بە کۆرپەڵەیی یان وەك منداڵێك یان وك پیاوێك زیندوو دەبێتەوە؟ بۆ ئەوەی دووبارە زیندوو بیتەوە، کە هەمان ئەو کەسەش بیت کە پێشتر بووی، دەبێ بیرگەت بە تەواوی ساغ و سەلامەت و ئامادە بێت، چونکە هەر بیرگە کەسایەتیت پێ دەبەخشێ، خۆ ئەگەر بیرگەت لە دەستدا، چۆن دەکرێ هەمان کەسەکەی جاران بیت؟ خەڵکی ستایشی خۆیان دەکەن لە سۆنگەی ئەوەوە کە نەمری و ئەزەل هەر لە خۆیاندا هەیە؟.. رەنگە ئەمە لەبەر ئەوە بێت کە زێدە مەغروور و زیاد لە پێویست شانازی بە خۆیانەوە دەکەن. من بڕوای تەواوم وایە کە ئەگەر تاوس توانای قسە کردنی هەبووایە، دەنگی هەڵدەبڕی و شانازیی بە رۆحی خۆیەوە دەکرد و دەیگوت وا لە نێو کلکی جوان و سەرنج راکێشی دایە).

لە نووسینە بەراییەکانیدا دەربارەی ئاکار، ئەوەی رەت دەکردەوە کە باوەڕ هێنان بە ئەزل و نەمری پێویستە بۆ پاڵپشتی کردنی ئاکارو بەهێز کردنی و دەیگوت: عیبرییانی دێرین ئاکاریان

نەبوو، وێڕای ئەوە باوەڕیان بە ئەزل و بەوەی ئەوان (گەلی هەڵبژاردەی خودان) هەبوو، سپینۆزاش وێڕای ئەوەی کەسێکی مولحید بوو، بەڵام نموونەی ئاکار و ڕەوشتیش بوو.

ڤۆلتێر لە دوایین رۆژگاری ژیانیدا رای گۆڕی. ئیدی کەوتە سەر بڕوای ئەوەی، باوەڕ هێنان بە خودا بەهایەکی گەورەی ئەخلاقیی نییە، ئەگەر هاوشان نەبێت لەگەڵ بڕوا بوون بە نەمری و پاداشت و سزا. رەنگە باوەڕ هێنان بە پاداشت و سزا دوو کاری پێویست بن بۆ تێکڕای گەل، وەك پێویست بوونی خودایەکی بەخشندەو سزادەر. کاتێك بایل لێی پرسی: ئایا دەکرێ کۆمەڵگایەکی مولحید بەردەوام بێت؟ ڤۆلتێر بەرسڤی دایەوە (بەڵێ، ئەگەر تێکڕای کەسانی ئەو کۆمەڵگایە فەیلەسووف بن، بەڵام بە دەگمەن هەموو خەڵکی دەبنە فەیلەسووف. هەر وڵاتێکیش بۆ ئەوەی چاك بێت. هەر دەبێ ئایینی هەبێت. دەمەوێ هاوسەرەکەم و بەرگدرووەکەم و پارێزەرکەشم باوەڕیان بە خودا هەبێت، بەم جۆرە کەمتر دزی و فێڵم لێ دەکەن، ئەگەر خودا نەشبێت، دەبێ خودایەك دابهێنین.من ئێستا پتر بایەخ بە ژیان و بەختەوەری دەدەم لەوەی بە راستیی بدەم).

دژ بە دۆستانی مولحیدی زۆر بە ناسکی بەرەڤانیی لە خۆی کرد، لە وتارێکیدا دەربارەی خودا لە فەرهەنگی فەلسەفەدا، قسە ئاراستەی هولباخ دەکات و دەڵێ: (هەر تۆ گوتت کە باوەڕ هێنان بە خودا.. یارمەتیی هەندێ کەسی دا کە لە تاوان دوور بکەونەوە، من ئەوەندەم بەسە، جا کە ئەم بڕوایە رێی لە دە کوشتن و دە فیتنەگێڕی گرت، وام لێ دەکات پێداگیر بم لەوەی هەموو خەڵك بڕوایان بەو ئایینە بێت. هەر خۆت دەڵێی ئایین بووە هۆی کارەساتی بێ شومار، چاکتر وا بوو بتگوتایە ئەو پڕوپووچانەی هاتوونەتە نێو ئایین و زاڵن بەسەر جیهانی پەرتەوازەماندا. ئەم ئەفسانە و پڕوپووچوانە سەرسەختترین دوژمنی ئێمەن، رێی ئەوەمان لێ دەگرن کە خوداپەرستییەکی راستەقینەو شایان بە خودا بکەین. دەبا رقمان لە خێو و ئەو پڕوپووچانە ببێتەوە، کە خرانە نێو ئایینەوە و ئایینیان شێواند. ئەوانەی شەڕی دژ بە پڕووپووچ دەکەن، خەڵکی چاکەکارن لە نێو توخمی مرۆڤدا. ئەم پڕوپووچانەش هەژدیهایەکن و لە باوەشی ئایینداں، بەبێ ئەوەی دایکە بریندار بکەین، دەبێ سەری ئەو هەژدیهایە پان بکەینەوە).

لێك هەڵوارینی ئایین و پڕوپووچ بە لای ڤۆلتێرەوە کارێکی بنگەییە، گەلێ سیفەتی بەرز و مەزن دەخاتە پاڵ مەسیح، کە لاپەڕەکانی جۆش و حاڵ گرتنی پیرۆز شان لە شانی ئەو سیفەتانە نادەن. لە نێو دانایاندا بەو جۆرە مەسیح وێنا دەکات، کە بەرامبەر بەو تاوانانەی بە



ناوی ئەوەوە کراون دەستی بە گریان کردووە. لە دواییشدا ڤۆلتێر کڵێسەیەکی دروست کرد و لە بارەی کڵێسەکەوە گوتی: تەنیا کڵێسەیەکە کە لە ئەوروپا بۆ خوداپەرستی دروست کرا بێت. لە وتاری (باوەڕدار بە خودا) بە نوێژێکی پڕ لە شکۆوە روو دەکاتە خودا و دەبینین ئیدی بە روونی ئیمانی خۆی رادەگەیەنێت.

(ئیماندار کەسێکە باوەڕی بە خودایەکی بەهێز و چاك هەیە کە هەموو گیاندار و بێگانێکی دروستکردووە، بێ دڵڕەقی سزای هەموو تاوانێك دەدات، بە چاکەش پاداشتی هەموو کارێکی چاك و بە فەڕ دەداتەوە. ئەو ناچێتە پاڵ هیچ کام لەو مەزهەبە جۆربەجۆر و دژ بە یەکانە. ئایینی خودا دێرینترین و فراوانترین ئایینە، چونکە بە سادەیی خوداپەرستی کەوتە پێش هەر سیستەمێکی ئەم جیهانە. ئەو بە زمانێك دەدوێت هەموو خەڵك لێی حاڵی دەبێت، کەچی خەڵکی لە نێو یەکدا لە یەکدی ناگەن. دۆستی دانایانە. ئایینیش لە لای ئەو، ئەو بیر و رایان نییە کە لە میتافیزیکدا هاتووە، هەروەها رواڵەتی پڕوپووچیش نییە، بەڵکو دادو خوداپەرستییە. هەر کار و کردەوەیەکی چاك خوداپەرستییە، خۆدانە دەستی خوداش شەرعیەتی یەزدانە، فریای داماو دەکەوێت و بە هانای موحتاجەوە دەچێت و مەزڵووم دەپارێزێت).

## ٩- ڤۆلتێر و رۆسۆ:

ڤۆلتێر بە خەباتی دژ بەملهوڕیی کاهین و پیاوانی ئایینەوە بە رادەیەك مەشغووڵ بوو، کە لە دوایین ساڵانی تەمەنیدا لە شەڕی دژ بە جەور و گەندەڵیی سیاسی خۆی کێشایەوە، دەشڵێ (سیاسەت کاری من نییە هەمیشە خۆم بۆ ئەوە تەرخان کردووە کە توانای بێ ئەرزشی خۆم لەو پێناوەدا بەخت بکەم، کە خەڵکی کەمتر کەللەپووت و زیاتر شەرافەتمەند بن). بەوەش ئاشنا بوو کە فەلسەفەی سیاسی بە چ ئاڵۆزییەك دەگات. (بە ڕاستی بە دەست ئەوانەوە ماندوو بووم کە لە تەلارە بەرزەکانیانەوە حوکمی دەوڵەت دەکەن. ئەو یاسادانەرانەی حوکمی جیهان دەکەن و چێژ لە رێکخستنی گەردوون وەردەگرن و ناتوانن حوکمی هاوسەر یان خێزانەکانیان بکەن. ئەستەمە هەموو ئەو شتانە یەکلا بکەیتەوە لە ڕێی دانانی شێوازێکی سادە و گشتی، یان بە دابەش کردنی هەموو خەڵکی بەسەر دەبەنگ و نۆکەران لە لایەك، ئاغاو دەسەڵاتدارانیش لە لایەکی دی. راستی ناوێك نییە بخرێتە پاڵ پارتێکەوە).

ڤۆلتێر لەبەر ئەوەی دەوڵەمەند بوو، لە هەڵوێستدا بە پارێز بوو، چونکە هیچ شتێك هێندەی برسێتی پاڵە بە مرۆڤەوە نانێت کە هەڵوێستی سیاسیی خۆی بگۆڕێت. چارەسەر کردنی باری کۆمەڵایەتی بە لای ئەوەوە بەندە بە زیاد کردنی ژمارەی خاوەن موڵکەکان، چونکە موڵك کەسایەتی بە مرۆڤ دەبەخشێت و شکۆی زیاتری دەداتێ. ئالوودە بوون بە موڵکایەتی لایەنی واتاو هێزی مرۆڤ بەرەو ژوور دەبات، گومانیشی تێدا نییە کەسێك خاوەنی ریزە فرۆشگایەك بێت، چاکتر لە لاتێکی هەژار، منداڵەکانی پەروەردە دەکات.

ڤۆلتێر لایەنگری هیچ جۆرە حکوومەتێك نەبوو، بەڵام لە رووی تیۆرییەوە بە لای سیستەمی کۆماریدا دەچوو، نەنگیی ئەو سیستەمەشی دەزانی کە رێ بە فرەبەرەکی دەدات، کە ئەگەر شەڕی ناوخۆی لێ نەکەوێتەوە، ئەوە یەکێتیی گەل تێك دەشکێنێ. لە روانگەی ئەوەوە، سیستەمی کۆماری لەگەڵ دەوڵەتی بچووکدا دەگونجێ کە سنوورێکی جوگرافی دەیپارێزی و سامانیش گەندەڵی نەکردووە، بە شێوەیەکی گشتیش لەو بڕوایەدا بوو، کە خەڵکی شایستەی ئەوە نین خۆبەخۆ حوکمی خۆیان بکەن. کۆمارەکان زوو لەناو دەچن، یەکەمین پێکهاتەی کۆمەڵیش کە لە یەکگرتنی خێزانەکانەوە دروست دەبێت. هیندە سوورەکانی ئەمریکا لە کۆماری خێڵەکیدا دەژیان. ئەفریقاش تا ئێستا پڕە لەو کۆمارە دیموکراتانە. جیاکاری و جیاوازی لە باری ئابووری، ئیدی سنوورێك بۆ ئەو کۆمارانە دادەنێ. جیاکاریی ئابووری هەمیشە لەگەڵ پەرەسەندندا هاوبەندە. ئەو دەپرسێ کامیان چاکترە، حکوومەتی پاشایەتی یان حکوومەتی کۆماری؟ دەشڵێ چوار هەزار ساڵە ئەم پرسیارە دەکرێ، ئەگەر ئەم پرسیارە لە دەوڵەمەندان بکەیت، لە بەرسڤدا دەڵێن کە حکوومەتی ئەرستۆکراتیان بەلاوە چاکترە، ئەگەر لە خەڵکی رەشکۆیش بپرسیت، دەبینی دیموکراتییەتیان بە لاوە پەسندە، تەنیا پاشاکانیش حوکمی پاشایەتییان بە لاوە چاکە. کەوا بێ هۆی چییە زۆربەی گەلان پاشا حوکمیان دەکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەو جرجانە بخوازە کە پێشنیاریان کرد زەنگوڵە بخرێتە ملی پشیلەوە. کاتێ پەیامنێرێك پێی گوت، حکوومەتی پاشایەتی چاکترین جۆری حکوومەتە، بەرسڤی دایەوە: بەو مەرجەی مارکۆس ئۆرالیۆس (شای فەیلەسووف) پاشاکەی بێت، چونکە بۆ هەژارێك جیاوازییەکە چییە کە ئەگەر شێر بیخوات یان سەد جرج دەمی تێژەنن.

هەروەها بایەخی بە نەتەوەکان نەدەدا بە چەشنی گەڕیدەی سەر سەفەر، کە بە زۆری گوێ ناداتە هەستی نیشتمانی بە واتای باوی ئەم پەیڤە. نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری بە لای



ڤۆلتێرەوە ئەوەیە، کە مرۆڤ رقی لە هەموو وڵاتان ببێتەوە تەنیا وڵاتەکەی خۆی نەبێت. ئەگەر مرۆڤ خێر و خۆشی و هات و پێشکەوتنی ویست، بەڵام نەك لەسەر حیسابی وڵاتانی دی، ئەوە بێگومان نیشتمانپەروەرێکی عاقڵ و هاووڵاتییەکی جیهانییە. وەك ئەورووپاییەکی چاك، ستایشی ئەدەبی ئینگلیزیی کرد و بە برووسیایدا هەڵدا، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە فەرەنسا لەگەڵ هەردوو دەوڵەتەکەدا لە شەڕدا بوو. مادام هەموو دەوڵەتێك شەڕ پیشەیەتی، ئیدی مەودایەکی فراوانمان لە بەردەمدا نییە بۆ پەسند کردنیان بەسەر یەکدیدا.

پتر لە هەر شتێ، ڤۆلتێر رقی لە شەڕ دەبووەوە (شەڕ دایکی تاوان و گەورەترین خراپەیە، هەموو دەوڵەتێکیش هەوڵ دەدات پۆشاکی دادپەروەری بەسەر تاوانەکەیدا بدات. کوشتن حەرامەو لە کاتی ئاشتیدا هەموو جۆرەکانی کوشتن سزایان لەسەرە، بەڵام کە فوو بە کەڕەنایدا کراو شەڕ راگەیاندرا، ئیدی لە کوشتنی هەزاران مەپرسە). وێنەیەکی ترسناکی دەربارەی مرۆڤ هەیە، لە کۆتایی وتارێکدا کە لە بارەی مرۆڤەوەیە لە فەرهەنگی فەلسەفەکەیدا دەڵێ: (مرۆڤ پێویستی بە بیست ساڵە تا لە کۆرپەڵەیەکی نێو زگی دایکییەوە دەبێتە ئاژەڵێك لە منداڵیداو، پاشان دەبێتە لاو کە ئیدی دەگاتە قۆناغی پێگەیشتن و کامڵ بوون، پێویستی بە سێ هەزار ساڵیش دەبێ بۆ ئەوەی بەشێکی پێکهاتەی خۆی ئاشکرا بکات، هەروەها پێویستی بە سەراپای ئەزەل هەیە تا هەندێ لە بارەی خۆیەوە دەزانێ. کەچی تەنیا یەك دەقیقە بەسە بۆ کوشتنی).

ئایا ڤۆلتێر شۆڕش بە چارەسەر دەزانێت بۆ گرفتەکانی وڵات؟ نەخێر. ئەو یەکەم: متمانەی بە گەل نییە (کاتێ حوکم و دەسەڵات دەکەوێتە دەستی گەلەوە، هەموو شتێك لە دەست دەچێت). زۆربەی هەرە زۆری خەڵك زۆر سەرقاڵن و بە کاری خۆیانەوە خەریکن، کاتی ئەوەشیان نییە درك بە هەقیقەت بکەن یان لە کاروباری دەوڵەت بگەن، تا دەگاتە رادەی گۆڕان و هەقیقەت دەکاتە هەڵە. مێژووی گەلانیش لەوە زیاتر نییە کە خورافەیەك دەخاتە شوێنی خورافەیەکی دی. (کاتێ جڵەوی کار دەکەوێتە دەستی هەڵەیەکی کۆنەوە، ئیدی سیاسەت وەك پاروویەکی نێو دەمی خەڵکی، دەیقۆزێتەوە، تا خورافەیەکی دیکە دێت و ئەم هەڵەیە تێك دەشکێنێ، سیاسەت سوود لە هەڵەی دووەمیش وەردەگرێت وەك چۆن لە هەڵەی یەکەمی وەرگرت). ئیدی بەم جۆرە تێکە و فڕکە. نایەکسانی لە نێو خەڵکیدا کارێکی بێ دەرەتانە، هەروەها بنەمایەکە لە بنەماکانی کۆمەڵ. تا پیاوان پیاو بن و ژیان تێکۆشان بێت، زەحمەتە کۆتایی بە نایەکسانی لە نێو خەڵکیدا بێت. (ئەوانەی بانگەشەی یەکسانی دەکەن لە نێو

خەڵکیدا، ڕاست دەڵێین گەر مەبەستیان لەم یەکسانییەی نێوان خەڵك، ئازادی و دەرفەت و موڵکایەتیی شتان و پاراستنی یاسا بێت، لەگەڵ ئەوەشدا یەکسانی لە هەموو شتەکان سروشتیتر و لە هەمان کاتدا لە هەمووشیان خەیاڵیتر و وەهمە. یەکسانی سروشتییە ئەگەر هەر پەیوەست بێت بە مافەکان. ناسروشتیشە ئەگەر هەوڵتدا لە باری حوکم و دەسەڵات و موڵك و پێداویستییەوە خەڵك یەکسان بکەیت. گشت هاووڵاتیان لە هێزدا یەکسان نین، بەڵام دەکرێ لە ئازادیدا یەکسانیان بکەیت، ئەم یەکسانییە لە ئازادیدا گەلی ئینگلیز بەدەستی هێنا.. بەوەی تۆ ئازادی، واتە تۆ ملکەچی هیچ شتێك نیت تەنیا یاسا نەبێت).

ئەمە پەیامی ئازادیخوازانەی هەر لە تورگۆ و کوندورسی و میرابۆو هی دیکەوە لە لایەنگرانی ڤۆلتێر کە هەوڵیان دا شۆڕشێکی ئازادیخوازانە بەرپا بکەن، بەڵام ئەم شۆڕشە مەزلوومانی ڕازی نەکرد، کە ئەوان ئەوەندە داوای ئازادییان نەکرد هێندەی داوای یەکسانییان کرد. ئەوان یەکسانییان دەویست تا ئەگەر لەسەر حیسابی ئازادییش بێت. ژان ژاك ڕۆسۆ دەنگی تێکرای گەل بوو، لەبەر ئەوەی بەرامبەر بە جیاوازیی چینایەتی کە لە هەموو قۆناغێکدا بەرۆکی دەگرت، هەستەوەر بوو. بۆیە داوای یەکسانی و لابردنی جیاوازییەکانی دەکرد. کاتێك شۆڕش کەوتە دەستی لایەنگرانی ماراو ڕۆبسبیرەوە، ڕۆڵی یەکسانی هاتە پێش و ئازادییش ڕەوانەی لای جەللاد کرا بۆ پەڕاندنی ملی.

ڤۆلتێر لە توانای یاسادانەران بە گومان بوو، کە لە وەحیی وەهم و خەیاڵی خۆیانەوە هەوڵی دروست کردنی تەلارێکی نوێدا بوون بۆ جیهان. کۆمەڵگاش لە ڕوانگەی ئەوەوە بریتییە لە گەشەسەندن و کات، کاتێ گەل داب و نەریت و ڕابردووی خۆی لە دەرگاوە تووڕ هەڵدەداتە دەرەوە، ئەوە لە پەنجەرەوە خۆیان بە ژووردا دەکەنەوە. گرفتەکەش لەوەدایە چۆن بتوانین بە وردی جۆری ئەو گۆڕانە بخەینەڕوو، کە یارمەتیمان دەدات لە کەم کردنەوەی زوڵم و کلۆڵی لەو جیهانەی کە بەراستی تێیدا دەژین. ڕاستیی کچی عەقڵ خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی کاتێك لویسی شازدەهەم چووە سەر تەختی فەرەنسا.

پێشبینیی چاکسازیی مەزنی دەکرد کە لەسەر دەستی ئەو بەدی دێت، عەقڵ بەرسڤی دایەوەو گوتی: (کچەکەم، باش دەزانی منیش وەکو تۆ و زیاتریش ئارەزووی ئەو چاکسازییانە دەکەم، بەڵام هەموو ئەمانە پێویستیان بەکات و بیرکردنەوە هەیە، من هەمیشە بەختیار دەبم، کاتێ هەندێ چاکسازیم دەست دەکەوێت. کە ماوەیەکی زۆر ئارەزووم دەکرد). لەگەڵ ئەوەشدا



کاتێ تۆرگۆ دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت، ڤۆلتێر خۆشحاڵ بوو، نووسیشی (ئێمە تا بینە قاقامان کەوتووینەتە سەردەمی زێڕینەوە). ئێستا ئەو چاکسازییانە بەدی هاتن کە ماوەیەکی دوورو درێژ بانگەشەی بۆ دەکردن، وەك سیستەمی سوێندخۆران و نەهێشتنی دەبییەك و هەڵگرتنی هەموو جۆرە باجێك لەسەر هەژاران و گەلێکی دی. هەر ئەویش نەبوو کە نامە بە ناوبانگەکەی نووسی؟

(هەموو شتێکی کە دەیبینم هەواڵی تۆوی شۆڕشێك دەدات، کە هیچ دەرەتانێك نییە لەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان بەرپا دەبێت، منیش بە بینینی ئەو شۆڕشە شاد نابم. فەرەنسی هەمیشە بە درەنگەوە دێن، بەڵام لە کۆتاییدا هەر دێن، ڕووناکیش لە دراوسێوە بۆ دراوسێ دەچێت، لە یەکەمین دەرفەتدا تەقینەوەیەکی گەورەی شۆڕشگێڕی دەقەومێ، خرۆشانێکی گەورەشی بەدوادا دێت، خەنی لە لاوان کە شتی زۆر جوان و نایاب دەبینن).

لەگەڵ ئەوەشدا لە بەسەرهاتی چاوەڕوان کراوی خۆی هیچ توێژینەوەیەکی نەکرد. ئەو هەرگیز لە بەکار هێنانی دەستەواژەی (تەقینەوەیەکی شۆڕشگێڕی) مەبەستی ئەوە نەبوو، کە فەرەنسا بە سەرگەرمییەکی زۆرەوە بەرەو فەلسەفەی ژان ژاك ڕۆسۆ دەچێت، کە هەر لە ژنێڤەوە تا پاریس بە چیرۆکی سۆز ئامێز و بڵاوکراوەی شۆڕشگێڕی خەڵکی دەهێنایە جۆش. وا دەردەکەوت کە ڕۆحی ئاڵۆزی فەرەنسا لە نێوان ئەو دوو مرۆڤە فەرەنسابیەدا دابەش بوو بێت، وێڕای جیاوازیی گەورە و فراوانی نێوان هەردووکیان. نیچە وەك ئێمە بۆی دەچین بەم جۆرە پەسنی ڤۆلتێر دەکات (پێی سووك و زیرەکی و ئاگر و شکۆ و لۆژیکی بەهێز)، ئێستاش ڕۆسۆ لە پاڵ ڤۆلتێردا دادەنێین و دەڵێین: پیاوێکە گەرمی و مەیل و خەیاڵی بەرز و کزی لێ دەتکێ، وەك باسکالیش ڕایگەیاند: کە دڵی جۆرە بیرکردنەوەیەکی هەیە عەقڵ هەرگیز تێی ناگات.

ئێمە دووبارە ململانێی دێرینی نێوان عەقڵ و ئارەزوو لەم دوو مرۆڤەدا دەبینینەوە، ڤۆلتێر هەمیشە بڕوای بە عەقڵ هەبوو (ئێمە دەتوانین بە قەڵەم و گوتار خەڵك بەرەو ڕۆشنبیری و چاکسازی ببەین). کەچی ڕۆسۆ زۆر کەم باوەڕی بە عەقڵ هەبوو، کاری دەویست و لە مەترسیی گێژەدە کردنی وڵات بە شۆڕشێکەوە، نەدەسڵەمییەوە، بۆ یەکگرتنی توخمە کۆمەڵایەتییەکان کە هەراو فەرتەنە لێکی ترازاندن، پشتی بە هەستی برایەتی بەست و هەوڵی ڕیشەکێش کردنیدا بە کۆنەکانی دا. با یاساکان لە کۆڵ خۆمان بکەینەوە، پاش ئەوە خەڵکی بە حوکمی یەکسانی و دادپەروەری شاد دەبن. کاتێ ڕۆسۆ نامەیەکی دەربارەی بنەچەی نایەکسانی نارد و تێیدا هێرشی

کردە سەر ژیار و ئەدەبیات و زانست، داوای گەڕانەوەی کرد بۆ ئەو ژیانە سروشتییەی جاران مرۆڤ تێیدا دەژیا، وەك ئەوەی لە ژیانی خەڵکی وەحشی و گیانداراندا دەیبینین، ڕۆسۆ بەرسڤی دایەوە (بەڕێزم، کتێبە تازەکەتم بەدەست گەیشت... کەس ئەم هەوڵەی نەداوە، کە تۆ گەرەکتە بمانکەیتە وەحشی و ئاژەڵ و دڕندە). لە درێژەدان بە ڕەوتی وەحشیگەری کە ژان ژاك ڕۆسۆ لە کتێبی (گرێبەندی کۆمەڵایەتی)دا بە هەمان ئاراستە کاری دەکرد، ڤۆلتێر خەم دایگرت. لەم بارەیەوە بۆ مەدام بوردی دەنووسێت و دەڵێ: (دەبینی ئێستا ڕۆسۆ بە فەیلەسووف دەچێت بەو جۆرەی مەیموون بە مرۆڤ دەچێت).

لەگەڵ ئەوەشدا ڤۆلتێر هێرشی کردە سەر دەسەڵاتدارانی سویسرا کاتێ کتێبەکەی ڕۆسۆیان کۆکردەوە و سووتاندیان، وەك پابەند بوونێك بە بنەمای ناسراوی خۆی کە دەڵێ (من لە یەك وشەیەکیشدا لەوەی گوتووتە لەگەڵدا کۆك نیم، بەڵام تا مردن داکۆکی لە مافی ئاخاوتن و ئازادیی ڕادەربڕین و بیر دەربڕینی تۆ دەکەم). کاتێ ڕۆسۆ لە دەست سەدان دوژمن هەڵات، کە ڕاوەدوویان دەناو دەیانویست دەستدرێژیی لێ بکەن، ڤۆلتێر داوەتنامەیەکی ئاشکراو پیاوانەی بۆ نارد تا بێت لەگەڵ ئەودا بژیت.

ڤۆلتێر لەو بڕوایەدا بوو، کە ئەوەی ڕۆسۆ دەربارەی وەلاتانی ژیار و شارستانیەت و زانست دەیلێ، لە وڕێنەیەکی پڕوپووچی منداڵانە بەو لاوە چی دی نییە، ژیانی مرۆڤیش لە سایەی ژیاردا گەلێ لە ژیانی لە سایەی وەحشیەگەریدا چاکترە، ئەوەش وەبیر ڕۆسۆ دێنێتەوە کە مرۆڤ هەر لە خۆڕسکدا دڕندە و کەڵبەدارە، کۆمەڵگای ژیارداریش واتە بەستنەوەی ئەو دڕندەیە و قۆڵبەست کردنی بە کۆت و زنجیرو کاڵکردنەوەی وەحشیگەرییەکەی، سەرباری ئەوەی لە کۆمەڵگای ڕێکوپێکدا بواری پەرەپێدانی عەقڵ و بیرکردنەوە دەڕەخسێ، لەگەڵ ئەوەشدا کۆکە، کە (ئەو حکوومەتەی بوار بە دەستەیەکی خەڵکی دەدات کە بڵێن باج پێویستە هەر ئەو کەسانە بیدەن، کە کار دەکەن، هەرچی ئێمەین ئەوە باج نادەین چونکە کار ناکەین، جۆرە حکوومەتێکی وا لە حکوومەتی ئەفریقاییانی باشووری ئەفریقا چاکتر نییە).

پاریس جێ و ڕێی ئەوتۆی هەیە، کە تەنانەت لە گەرمەی گەندەڵی و داتەپینیشیدا، شایانی ئەوەیە خۆمان بکەینە قوربانی، ڤۆلتێر چیرۆکی ئەو فریشتەیەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە بابەکی بۆ شاری پیرسیپۆلیس نارد بۆ ئەوەی لە ڕەوشی شارەکە بڕوانێت و ڕاپۆرتێکی لە بارەیەوە بۆ بەرز بکاتەوە، کە ئایا ڕەوشی ئەو شارە ئەوە دەخوازێت کە خاپوور بکرێت و لەناو بدرێت؟ بابەك چووە



شارەکە و تێیدا گەڕا، لە ئاست بڵاو بوونەوەی فیسق و فەساد لە شارەکەدا تاسە بردییەوە، بەڵام دوای ئەوەی ماوەیەك لە شارەکەدا مایەوە، خۆشەویستیی خەڵکی شار چوو بە دڵیا، کە هەست ناسك و خۆش مەشرەف و دەست کراوە بوون، لەگەڵ ئەوەی فیتەگێڕی و زەم و زەمکاری و مەیل گۆڕی و ناهەقیشیان لە نێودا بڵاوبووبووەوە، ترسا لەوەی فریشتەکە سزای شارەکە بدات و لە بەرز کردنەوەی ڕاپۆرتەکەی دەربارەی شار سڵەمییەوە. لە دوماهیدا ڕاپۆرتەکەی دەربارەی ئەو شارە پێشکەش کرد، بەوەی فەرمانی بە چاکترین پەیکەرسازیدا، کە لە تێکەڵەی کانزاو خۆڵ و گەوهەرو بەرد پەیکەرێك دروست بکات، پەیکەرەکەی برد بۆ لای فریشتەکە و گوتی (لەو بڕوایەدام ئەم پەیکەرە ناشکێنی، بە بیانووی ئەوەی سەرلەبەر لە زێڕ و گەوهەر دروست نەکراوە). فریشتە لە وێران کردنی شارەکە پەشیمان بووەوە، بڕیاریشیدا واز لە جیهان بهێنێ بە ڕێی خۆیدا بڕوات. لە کۆتاییدا کاتێ یەکێکمان هەوڵ دەدات ڕێساکانی کۆمەڵ بگۆڕێت بەبێ ئەوەی هەوڵی گۆڕینی تەبیعەتی خەڵکی بدات، ئیدی ئەو تەبیعەتە نەگۆڕە هەر زوو ژیان وەبەر ئەو ڕێسایانەدا دەکاتەوە کە گۆڕدراون.

لێرەدا دەکەوینە نێو بازنە کۆنەکەوە، خەڵکی ڕێسا دادەڕێژن، ڕێساش خەڵکی دروستدەکات. کەواتە چۆن دەکرێ گۆڕان بخرێتە نێو ئەو بازنەیەوە؟ ڤۆلتێرو ئازادیخوازان لەو بڕوایەدان، گۆڕان لە ڕێی فێرکردن و ڕۆشنبیری پێ بەپێ بە هۆکاری ئاشتیانە دێتە دی. ڕۆسۆ و توندڕەوانیش باوەڕیان وا بوو، کە ئەو بازنەیە ناشکێ تەنیا مەگەر بە کاری سۆزئامێز و غەریزی نەبێت، کە ڕێسای کۆن لەناو دەبەن و، ڕێساو سیستەمی تازە لە جێی ئەو دادەمەزرێنن، کە تێیاندا ئازادی و یەکسانی و برایەتی قەڵەمڕەون. ڕەنگە ڕاستی بە لای هەردوو ئۆردووی لێك دابڕاوەوە بێت، بەوەی غەریزە سیستەم تێك دەشکێنێ، بەڵام هەر عەقڵ بە تەنیا دەتوانێ سیستەمی تازە دابمەزرێنێ.

## ١٠- کۆتایی:

لەو کاتەی پیرە فەیلەسووفی لێو بە خەندە خەریکی کێڵان و چاندنی زەویی دەوروپشتی ڤیلاکە بوو، دەیگوت (جووتیاری و چاندن باشترین کارێکە لەسەر زەویدا بیکەین). هیوای دەخواست تەمەنی درێژ بێت بۆ تەواو کردنی ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە. خودا هیواکەی هێنایە دی و تەمەنی درێژ کرد تا گەیشتە هەشتاو سێ ساڵی. کەسێکی میوان دۆست و دەست کراوە و چاوتێر بوو، پیاوەتی و چاوتێرییەکەی بێ سنوور بوو. لە هەموو لایەکەوە خەڵکی بە

نیازی دانایی ئەوو پرس و راو قەڵەمەکەی، روویان تێ دەکرد. بایەخی بەو هەژارانەدا کە تۆمەتی بەد کردارییان درا بووە پاڵ، لە لای دەسەڵاتیش هەوڵی دەدا بەخشین و لێبوردنیان بۆ بەدەست بهێنێ، پاشان هەوڵی دەدا لە کاری سەربەرزانەدا دایان بمەزرێنێ. لە هەمان کاتدا درێژەی بە چاودێری و رێنمایی کردنیان دەدا. رۆژێکیان دوو لاوی بچووك لە بەردەمیدا بە چۆکدا هاتن و سەبارەت بە دزینی هەندێ لە سەروەتەکەی داوای لێبوردنیان دەکرد، ئەویش داچەمییەوە و دەستی گرتن و هەڵیستاندنەوە، هەردووکیانی بەخشی و پێیگوتن: بە چۆکدا هاتن و سوجدە بردن تەنیا بۆ خودایە، ناشبێ بۆ هیچ کەسێك سوجدە ببەن بە غەیری خودا.

لە ساڵی ١٧٧٠دا برادەرو لایەنگرانی بۆ دروست کردنی پەیکەرێکی نیو جەستەیی کەوتنە کۆکردنەوەی کۆمەك، رێش بە دەوڵەمەندان نەدرا کە لە یەك فلس زیاتر بدەن، چونکە هەزاران کەس ویستیان لەو شەرافەتمەندییە گەورەیەدا بەشدار بن. کاتێك شا فریدریکی گەورە پرسیی کە ئاخۆ بە چ برە پارەیەك لەم بۆنەیەدا بێتە پێشەوە: پێیان گوت کە بە ناو و نازناو و پارچەیەکی تاجەکەی با بێتە پێشەوە.

ئێستا ڤۆلتێر لە تەمەنی هەشتاو سێ ساڵیدایە، سۆز و ئارەزووی دیتنی پاریس بەر لە مەرگی لە کەللەی داوە پزیشك رێنمایی کرد کە بۆ گەشتێکی ئاوا پڕ لە زەحمەت سەرکێشی نەکات. زۆر ژیاو گەلێکی کرد، رەنگە هەستی بەوە کرد بێت کە ئیدی مافی خۆیەتی، پاش دابڕان و دوورخستنەوەیەکی درێژ، لە پاریسدا سەر بنێتەوە. کەوتە رێ و میل بە میل خاکی فەرەنسای تەی دەکرد. هەر کە تریشقەکەی گەیشتە پاریس، یەکسەر چووە لای دارژنتال برادەری سەردەمی لاوێتیی خۆی و گوتی: (گاڵتەم بە مەرگ کردو بۆ دیتنی تۆ هاتم). رۆژی دووەم ژوورەکە پڕ بوو لە میوان و ژمارەیان گەیشتە نزیکەی سێ سەد کەس، بە چەشنی پاشایەك بەخێریان هێنا، ئەم کارەش دڵی شا لویسی شازدەهەمی خواردەوە. بنیامین فرانکلین فەیلەسووف و سیاسەتمەداری ئەمریکاش لە نێو ئەو میوانانەدا بوو کە بۆ سەردانی هاتبوون، کە کوڕەزاکەشی لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو بۆ ئەوەی فەڕو بەرەکەتی ڤۆلتێر بەدەست بهێنێ، ئەویش دەستی سست و لاوازی خۆی بەسەر منداڵەکەدا هێناو داوای لێ کرد ژیانی خۆی بۆ (خوداو ئازادی) تەرخان بکات.

لەم کاتەدا نەخۆشی لێ سەخت کرد بە رادەی بانگ کردنی قەشە بۆ ئەوەی گوێ لە دان پێدانانەکەی بگرێت. ڤۆلتێر لێی پرسی، کە کێ ئەوی رەوانە کردووە؟ ئەویش گوتی کە خودا



ئەوی رەوانە کردووە. ڤۆلتێر داوای لێ کرد دۆسیەی راسپاردنەکەی پێشکەش بکات، قەشە بەبێ ئەوەی بە دەسکەوتەکەی بگات لێیدا رۆیشت. ڤۆلتێر داوای کرد قەشەیەکی دیکە بێت. قەشەی دووەم رازی نەبوو غوفران بۆ ڤۆلتێر بخوێنێ تا پێشەکی ڤۆلتێر ئیمزای ئەوە نەکات، کە دانی پێدا دەنێت کە باوەڕێکی پتەوی بە مەزهەبی کاتولیك هەیە. ڤۆلتێر بەرامبەر بەم داوایە یەکجار پەست و تووڕە بوو، لە جیاتی ئەوە، بەیاننامەیەکی نووسی و دایە دەست واگنەری سکرتێری، تێیدا گوت بووی (لەسەر خوداپەرستی و خۆشەویستی برادەران و، رق لە دوژمنان و، بێزاری لەو خورافە و ئەفسانانەی هاتوونەتە نێو ئایین دەمرم). لە بیست و هەشتی فیبرایەری ساڵی ١٧٧٨دا ئەم بەیاننامەیەی ئیمزا کرد.

سەرباری نەخۆشی و خراپیی باری تەندروستی، بە تریشقەکەی بەرەو ئاکادیمیای فەرەنسا کەوتە رێ، جەماوەرێکی زۆر لەسەر رێیدا وەستان و بە قەد تریشقەکەدا هەڵدەگڕان و هەر یەکەیان پارچەیەکی لەو عەبا بەهادارەی کە کاترین شاژنی رووسیا پێشکەشی کرد بوو، لێ دەکردەوە و بۆ یادگار هەڵیان دەگرت. ئەو پێشوازییە مەزنەی جەماوەر لە ڤۆلتێریان کرد، مەزنترین رووداوی مێژوویی ئەو سەدەیە بوو. هیچ کەسێك لەو پێشوازییە مەزنەدا شانی لە شانی نەدەدا. لە ئەکادیمیادا راوەستا و وتەیەکی پڕ لە حەماسەتی گەنجانەی دا. تێیدا پێشنیاری کرد فەرهەنگی فەرەنسی بژاردە بکرێت. لە هەمان کاتیشدا سوور بوو لەسەر ئەوەی ئامادەی نمایشی یەکێ لە رۆمانەکانی بێت کە لەو کاتەدا لە یەکێ لە شانۆکاندا پێشکەش دەکرا. وێڕای ئەوەی پزیشکانی رێنماییان کرد کە نەچێ. رۆمانەکە هیچ نەبوو، خەڵك بەرامبەر بە بێهێزیی رۆمانەکە سەرسام نەبوون، بەڵکو بەرامبەر بەوە سەرسام بوون کە ڤۆلتێر لە تەمەنی هەشتاو سێ ساڵیدایە و رۆمان دەنووسێ. بەرامبەر بە هەر رستەیەکی ئەکتەرەکان، یەك دنیا چەپڵەیان دەکوتا و هوتافیان دەکێشا، وەك دەربڕینی رێز و گەورەیی بۆ دانەری رۆمانەکە.

ئێوارەی ئەو رۆژە کاتێك شای رەوانگۆ و رەوانبێژی بەرەو ماڵ گەڕایەوە، لە مەرگ نزیك دەبووەوە، هەستی بە هیلاکی و ماندوو بوونێکی زۆر کرد. هەستی بە کۆتایی هاتنی ئەو چالاکییە سەیر و بزاڤە پڕ لە جۆش و نەسرەوتەی خۆی کرد، کە سروشت زیاد لە هەر کەسێکی دی بە ئەوی بەخشی بوو. کە دیتی ژیان لێی دوور دەکەوێتەوە، کەوتە کۆشش، بەڵام مەرگی

مرۆڤ بەزێن توانیی تێکی بشکێنێ و لە سیی مانگی مایۆ لە ساڵی ١٧٧٨دا کۆچی دوایی کرد.

دەسەڵات رازی نەبوو لە گۆڕستانێکی مەسیحیدا لە پاریس بنێژرێ، برادەرانی خستیانە نێو تریشقەیەکەوە، وایان پیشاندا کە نەمردووە و لە پاریسیان بردە دەر، قەشەیەکیشیان دۆزییەوە تێدەگەیشت کە حوکمی ئایینی دژ بە بلیمەتان ناوەستێ، ئیدی لە خاکێکی پیرۆزدا ناشتیان. لە ساڵی ١٧٩١دا کۆمەڵەی نیشتمانی، پاش سەرکەوتنی شۆڕش دامەزرا، لویسی شازدەهەمی ناچار کرد روفاتی ڤۆلتێر بگوازرێتەوە بۆ گۆڕستانی مەزنانی نەتەوە. لە کاتی گواستنەوەی روفاتەکەشیدا بە نێو شاری پاریسدا، کە سوپایەکی سەد هەزار کەسی لە ژن و پیاو ئەرکی پاسەوانییان گرتە ئەستۆ، لەم بەر و لەو بەری ئەو شەقامەی تەرمەکەی پێدا تێپەڕیش، نزیکەی شەش سەد هەزار کەس رێزیان بەست. لەسەر ئەو تریشقەیەی روفاتەکەی هەڵگرت بوو، ئەم پەیڤانە نووسرا بوون:

(ڤۆلتێر گوڕو تینێکی مەزنی دایە عەقڵ، ئێمەشی بۆ ئازادی ساز و ئامادە کرد).

لەسەر گۆڕەکەشی ئەم سێ پەیڤە نووسران:
ڤۆلتێر لێرەدا راکشاوە.